# خوێندنەوە و هەڵسەنگاندن
# بۆ چەند دەقێکی شانۆیی و ئەدەبی

**سەباح هورمز**

وەرگێڕانی
عوبێد مەجید



www.mukiryani.com

# خوێندنەوە و هەڵسەنگاندن
# بۆ چەند دەقێکی شانۆیی و ئەدەبی



www.mukiryani.com

www.mukiryani.com

# خوێندنەوە و هەڵسەنگاندن
# بۆ چەند دەقێکی شانۆیی و ئەدەبی

سەباح هورمز

وەرگێڕانی
عوبێد مەجید



www.mukiryani.com

**خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە**

**• خوێندنەوەو هەڵسەنگاندن بۆ چەند دەقێکی شانۆیی و ئەدەبی**

• نووسینی: سەباح هۆرمز

• وەرگێڕانی: عوبێد مەجید

• نەخشەسازی ناوەوە: گۆران جەمال رواندزی

• بەرگ: رێمان

• نرخ: (٣٠٠٠) دینار

• چاپی یەکەم : ٢٠١٥

• تیراژ: ٥٠٠ دانە

• چاپخانە: چاپخانەی موکریانی (هەولێر)

• لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردن: ( ١٧) لەساڵی (٢٠١٥)ی پێدراوە

**زنجیرەی کتێب (٩٢٧)**

**ماڵپەر:** www.mukiryani.com

**ئیمەیل:** info@mukiryani.com



www.mukiryani.com

# ناوەرۆك


سەرەتایەکی کورت بۆ ناساندنی ئەو کتێبە ........................................ ٧

**بەشی یەکەم:** نمایشە شانۆییەکانی کوردی لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمەوە....... ٩

شانۆگەریی یەهودییەکەی ماڵتە لە نێوان میکیاڤیلییەت و نمایشی باشدا ... .......... .. ١١

کردار و بیانۆکان لە شانۆگەری سورمەخان.......................... ١٨

دەرەختی دارتوو ................................................ ٢٥

دادگاییکردنی جەماوەر لە شانۆگەریی (سالێری و مۆزارت).............. ٢٧

نمایش لە گەشتی حەسەندا ........................................ ٣١

شاعیرییەتی شوێن و ڕوونی ڕووداو لە شانۆگەریی (لە چاوەڕوانی سیامەند) دا .......... ٣٤

شانۆگەری قەرەج لە نێوان دوو بۆچووندا.......................... ٤١

لە بارەی نمایشی فیستیڤاڵەکانی نەوەدەکان.......................... ٤٥

ڕۆژانەکانی برایان لە نێوان ڕەمز و دەستەواژەی خەیاڵاویدا .............. ٥٨

ئاهەنگسازی لە زەمبیل فرۆش لە نێوان کردار و پاساودانەکانی...و ناسەردەمیبوون....... ٦٧

شانۆگەریی (بەرەو خۆر) نێزیك لە بازنەی تەباشیرە قۆقازییەکە... دوور لە برێشت......... ٧٨

شانۆگەری کێ لەوێیە لە نێوان کورتکاری و شاعیرییەتی شوێندا.............. ٨٦

فیلمی (پەڕینەوە لە غوبار) لە نێوان نمایشی ڕەمەکیانە و سەرزەنشتکردنی............ ٩٢

هەڵوەستەیەکی ڕەخنەئامێز ........................................ ٩٨

**بەشی دووەم:** مایش لە شانۆی سریانی ............................ ١١١

کێ دەتوانێ شانۆی عەنکاوە لە قوڕگی شووشە دەربێنیت؟.............. ١١٣

کردارە بێ پاساوەکان و تێکەڵکردنی دروستکراو لە شانۆگەری (ئازاری سەهرا) .......... ١٢٠

ئایا شانۆگەری ((ڕەشەبا)) لە تێپەڕاندنی چارەنووس بە نێو نادیارییدا ................ ١٢٨

یەکەمین گوناه لە نێوان تواناداریی سنووردار و تێکشاندنی پێشبینییەکانی وەرگر ........ ١٣٣

**بەشی سێیەم:** تەکنیك لە شانۆگەرییە درێژەکانی چیخۆفدا .............. ١٣٩

ساردیی ڕووداو لە شانۆگەریی خاڵە فانیا .............................. ١٤١

باری دەروونی کەسێتییەکان لە شانۆگەری نەورەسدا .................... ١٥٤




www.mukiryani.com

دواهەمین هەنسکی سارد لە شانۆگەریی سێ خوشکەکە ............................ ١٦٢
شانۆگەری بێستانی دارگێلاس و شێوازی فێڵبازانەی چیخۆف .......................... ١٧٥
بەشی چوارەم: هەڵسەنگاندنی چەند دەقێکی ئەدەبی عەرەبی و جیهانی................ ١٨٥
دەقی شانۆیی و بەکارهێنانی ڕەمز و هێماکان لە شانۆگەریی (پاسەوان)................ ١٨٧
یاخی بوون و نادیاریی لە چیرۆکی (پەناگە)دا...................................... ١٩٢
ڕۆمانی (دوا فریشتەکە) و میتا ـ ڕیالیزمی سیحری ................................. ١٩٥
بەکارهێنانی ئەفسانە لە ڕۆمانی شلۆمۆی کوردی ................................... ١٩٩
ڕۆمانی باڵەخانەی یەعقوبیان و سینەما ............................................ ٢١١
بونیاتنانی کەسێتی لە ڕۆمانی ((تویکڵی باینجان)) هەڵوێست لە سیستەمی ............ ٢٢٠
وەسفکردنی شوێن و شێوازی ڕیالیزمی گاڵتەجاڕی لە ڕۆمانی (بابا سارتەر) ............ ٢٢٥
ژیاننامە و نەهێشتنی جیاوازییەکان لە ڕۆمانەکانی عەبدولستار ناسردا ............... ٢٣٠



www.mukiryani.com

# سەرەتایەکی کورت بۆ ناساندنی ئەو کتێبە

ئەم کتێبە لە بنچینەدا لە کۆمەڵێك گوتاری ڕەخنەیی لە بارەی نمایشی شانۆیی و خوێنەوەی چەندان دەقی ئەدەبیّ و شانۆیی دروست بووە کە هەندێکیان لە کتێبی (المسرح الکوردی) بە زمانی عەربی بلاّوکراوەتەوە و هەندێکیشیان لە ڕۆژنامە عەرەبیو ماڵپەڕەکان هەر بە زمانی عەرەبی بلاّوکرانەتەوە، بەشێکیشیان بۆ یەکەم جارە دەکەونە بەردەستی خوێنەران.

بابەتەکانی ئەو کتێبە بە پێی تایبەتمەندی بۆ چەند بەشێك پۆلێن کراوە:

بەشی یەکەمی تایبەتە بە نمایش و شانۆی کوردی لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوو تاك ئێستاکە.

بەشیی دووەمی شانۆی سریانی.

بەشی سێیەم تایبەتە بە هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی چەند دەقێکی شانۆیی نووسەرە جیهانییەکان.

بەشی چوارەمیش خوێندنەوەی چەندقێکی ئەدەبی (ڕۆمان) عێراقی و عەرەبی و جیهانی لەخۆ دەگرێت.

وەك ئاشکرایە و هەموو لایەك دەیزانین کە هەردوو بواری ئەودەب و هونەری کوردی بەدەست نەبوونی ڕەخنەی جددی و ڕەخنەگری ڕاستەقینەوە دەناڵێنن، لەو هەموو بەرهەمە زۆرەی دەکەوێتە بازاڕەوە کەس بۆی ڕوون نییە داخوا کامەیان کارێکی یا دەقێکی باشە و دەچێتە خانەی داهێنانەوە و کامەی کارێکی لاوازە و بە داهێنراو حسێب ناکرێت، ئیدی لە ئەنجامدا چاك و خراپ تێکەڵ بە یەکدی بووینە و چاوەڕێی قەڵەمی تایبەتمەندێکی ئەکادیمی ژیر و بە ویژدان دەکەن گوڵبژێریان بکات و هەریەکەیان بۆ شوێنی سروشتیی خۆی پۆلێن بکات.

نووسینەکانی (سەباح هۆرمز)، وەك ڕەخنەگرێك لە بواری نمایش و دەقی شانۆیی و ئەدەبی بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە بەشێکن لەو هەولاّنە کە ئومێد دەکرێت وەك سەرچاوەیەکی زانستی لە بواری ڕەخنە و لێکۆڵینەوە سوودیان لیّ وەر بگیرێت، لیّ مەخابن هەرچەندە نووسەر خەمخۆر و



www.mukiryani.com

شارەزایەکی گەورەی شانۆی کوردی و ئەدەبە و لێهاتووانە لە چل ساڵی ڕابردوودا لەو بوارەدا کاری کردووە، بەلاّم زمانی قەڵەمەکەی عەرەبی بووە و هەر ئەو کەسانە دەیناسن و نووسینەکانی دەخوێننەوە کە بە زمانی عەرەبیش دەخوێننەوە بە تایبەتی ئەو ڕۆشنبیرانەی هاوتەمەنی ئەون. بەلاّم وەك دەزانین نەوەکانی دوای ڕاپەڕین کە زۆربەیان جگە لە زمانی کوردی بە هیچ زمانێکی تر ناتوانن بخوێننەوە، ناتوانن سوود لەو کتێب و گوتارانە وەربگرن کە بە زمانی عەرەبی لەسەر نمایش و دەقی شانۆیی و ئەدەبی دەنووسرێن.

ڕاستییەکەی ئەم کتێبە جگە لە بایەخدارانی ئەدەب و شانۆ، ئەو کەسانەش دەتوانن سوودی لێ ببینن کە لە پەیمانگا و کۆلێژەکان خوێندکارن و دەتوانن وەك سەرچاوەیەکی بە پێز و پڕ لە زانیاری بگەڕێنەوە سەری، هەتا ئەوانەیش کە خەریکی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی زانستی و بەدەستهێنانی بڕوانامەی ئەکادیمین لەو بوارانەدا.

نووسەر زۆر بە دیقەت و زانستیانە ئەو ڕێبازە هونەری و قوتابخانە ئەدەبیانەی نیشانداوە کە دەقەکان پێڕەوییان لێ کردووە. هەروەها دیوی ناوەوەی دەقەکان و مەبەستە شاراوەکانی ئەو دەقانەی خستۆتە ڕوو و هەوڵی داوە بە زمانێکی ئەکادیمی خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنیان بۆ بکات.

سەبارەت بە نمایشە شانۆییەکانیش زۆر بە وردی سەرنجی داوەتە جولەی ئەکتەرەکان و ئەو ئامرازانەی بۆ نمایشەکە خراونەتە کار. هەر شتێکی نەشاز و نائاسایی هەست پێ کردبێت تۆماری کردووە و لایەنە گەش و جوانەکانی نیشانداوە. لە زۆر جێگەدا ئاماژە بۆ لێهاتوویی ئەکتەرەکان دەکات کە داخوا لە چ ئاستێکدا کاری نواندنیان ئەنجام داوە و بە خوێنەریان دەناسێنێت.

لێرەدا هەڵسەنگاندن و ڕادەی سوودگەیاندنی ئەو کتێبە بۆ خوێنەران جێدێڵم و ئومێدەوارم کەلێنێك لە کتێبخانەی کوردی پڕ بکاتەوە.

وەرگێڕ



www.mukiryani.com

# بەشی یەکەم

## نمایشە شانۆییەکانی کوردی

## لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمەوە تاك و ئێستا



www.mukiryani.com

www.mukiryani.com

## شانۆگەریی یەهودییەکەی ماڵتە ...
## لە نێوان میکیاڤێلییەت و نمایشی باشدا

**لە دەرهێنانی فازڵ قەساب:**

شانۆگەری (یەهودییەکەی ماڵتا) یەکێکە لەو کارانەی کە تیپە شانۆییەکانی شاری سلێمانی لە وەرگرتنی دەقی جیهانیدا کاریان لەسەر کردوە. لە ساڵی ـ١٩٧٨ـ وە ئەم ڕێبازە پەیڕەو دەکەن، کە سێ شانۆگەری ــ پیراندیللۆ و زۆلێهەرم فێردریکۆ و جۆرج سیۆتۆکا ـــ ی تێدا نمایش کراوە. هەروەها لە ساڵەکانی ٩٨١ و ٩٨٢ و ٩٨٣ لە نێوان شازدە دەقی شانۆییدا تەنها دوانی خۆجێیی و عێراقی پێشکەش کران کە ئەوانیش بریتی بوون (گوڵی قەنەفر)ی سمکۆ ناکام و (میرات)ی قاسم محەمەد.

لەم شانۆگەرییەدا سوڵتانی عوسمانی داوای سەرانە لە ماڵتە دەکات، حاکمە مەسیحییەکەی ــ فەرنیزیی ــ کە عەلی نوری ڕۆڵەکەی دەبینێ، بڕیار دەدات لە سامانی یەهودییەکان سەرانەکە بدات, بەلاّم یەکێك لەو سێیانە ــ پاراپاس ـــ کە شەماڵ عەبدولاّ ڕەش ڕۆڵەکەی دەبینێ، ڕازی نابێت، ئیدی حاکم دەست بەسەر سامانەکەیدا دەگرێت و کۆشکەکەی دەکاتە دێری قەشە ژنەکان. وەلێ کابرای یەهودی هەندێك لە سامانەکەی دەشارێتەوە بۆ ئەوەی بە هۆیەوە لە تۆڵەی ئەو سامانەی کە لێی سەندراوە سزای هەندێ خەڵك بدات، لە سەرڕاش دەیگوت ئێمەی یەهودی وەختێ بمانەوێ دەتوانین وەکو سەگ ڕیسوا بین، کاتێکیش کەڵبەمان گڕ کردەوە هەرچەندە بە ڕواڵەت وەك ژەهر بێگوناه دیاربین ئەوا گازی خۆمان دەگرین. ئیدی بەو جۆرە کابرای یەهودی لە نێو ئەو دەریا



www.mukiryani.com

خوێنـەی کـە ڕشـتبووی هـەوڵی خـۆی دەدات و بـە شـەڕانگێزی خـۆی خـەڵکان ئەشـکەنجە دەدا و دەیانکوژێت. ئیدی بە درێـژایی ژیـانی خـۆی شـانازی پێـوە دەکـات. شـەوانیش دزی دەکـات و ئـەو نەخۆشانە دەکوژێت کە لە بن دیواران دەناڵێنن، پاشان دەچێت ژەهر لـە بـیرە ئاوەکـان دەکـات. ئـەو کاتەی تورکەکان گەمارۆی دوورگـەی ماڵتـە دەدەن، ئـەو کـابرا یەهوودییـە قـەڵا عاسـێکە تەسـلیم دەکات، ئیدی لە پاداشی ئەوەدا تورکـەکان دەیکەنـە حـاکمی ئـەوێ، بـەڵام لـە هـەمان کاتـدا پـلان دادەڕێژێ تـا سـەرکردە تورکەکـە بکوژێـت، بـۆ ئـەو مەبەسـتە داوەتـی خـواردنی دەکـات، داوێـك دادەنێتەوە، ئیدی هەڵخەڵەتاندنە خراپە کەسوکاری خۆیشی دەگرێتـەوەو خۆیشـی دەکەوێتـە هـەمان ئەو داوەی کە بۆ خەڵکانی دیکەی ناوەتەوە.

ئەمەیان کورتەی ڕووداوەکـانی شـانۆگەری (یەهوودییەکـەی ماڵتا)یـە کـە بیرۆکەکـەی لەسـەر بنەمای میکیاڤیلییەت دەوەستێت، واتە گەیشتنە مەبەست پاسـاوە بـۆ هۆکـار کـە شـێوەیەکی بـاو بووە لەو ماوەیەی کە (مارلۆ) شانۆگەرییەکەی تێدا نووسیوە لە نێوان ساڵەکانی ١٥٨٩ـــ ١٥٩٠. ئەو ڕووداوە مێژووییە، کە ئەویش گەمارۆدانی دوورگەی ماڵتـە بـوو لـە لایـەن سـوپای تورکـەکان و دەیکاتە گۆڕەپانێك بۆ ڕووداوەکانی. ئەو شتەی کە زۆر سەیر و سەمەرە لە کەسـێتی پاراپـاس خـۆی نیشان دەدات ئەوەیە کە لە لایەن جەماوەرە ئێلیزابێسییەکان بە گەرمی پێشوازی لێ کرا بە جۆرێـك تاوانەکانی وای لێ کردن گەشتی دۆزینـەوە و شـارەزابوون بـۆ ئـەو شـوێنە بکـەن، بـەجۆرێك حـەز و ئارەزووی خۆشویستنی سامان و دروستکردنی کۆشك و تـەلاری بـەرز و پـڕ لـە مۆبیلیـاتی نایـاب و ڕایەخو مافووری نەرمی تێدا داگیرساند. هەروەها فریویدان تا جلوبەرگی ڕەنگاوڕەنگ بکـڕن و ژن و پیاوەکان بە خشڵ خۆیان برازیننەوە و لە بەرچاوان دەرکەون.

کەواتە ئەمە ئەو دەقە بـوو کـە فـازڵ قەسـاب هەڵیبـژارد تـا پێشکەشـی جـەماوەری شـاری سلێمانی بکات. هەروەها لە کەسە نمایشکارەکانی ڕا دیارە کـە زۆر بـە وردی و بـە دیقـەت وێنـەیان کێشراوە لە (پارپاس)ەوە بگرە تا دەگاتە (ئەسامۆر) و (بیلیـابۆزا)، سـەرەڕای کەسـێتییەکان و ئـەو بنچینەیەی پشـتی پـێ بەسـتاوە و ئـەو فـەزا ڕەشـاوییەی کـە دەوری شـانۆگەرییەکەی داوە. لێـرەدا دەبینین دەرهێنەر دەقێکی هەڵبژاردووە کە پێویستی بە تواناداریی و لێهاتوویی ئەکتـەرەکانی هەیـە تا بتوانن نمایشی بکەن. هەروەها پێویستی بە هۆڵێکی گونجاو هەیە کە ڕووناکی تێدا بـە شـێوەیەکی ورد و دروست بۆ ئامادەکرابێت، بۆ ئەوەی بینەرانی شانۆگەرییەکە لەگەڵ ناوەرۆکی دەقەکە تێکـەڵبن و لـە مەبەسـتەکانی حـاڵیبن. هـیچ دەرهێنـەرێك بـەبێ مەبەسـت و ئامانجێـك کـە دەیـەوێ بگاتـە بینەرانی، کار لەسەر دەقێك ناکات، جـا چ لـە ڕێگـەی شـێوازەکەی بێـت لـە دەرهێنـان، یـاخود بـە



www.mukiryani.com

بەرجەستەکردنی ڕووداوەکانی بێت, ئەگینا کارەکەی دەبێتە کارێکی کاڵ و کرچ و تێکشێواو، بۆیە ئەو وەختەی دەرهێنەر لەخۆی ڕادەبینێ دەقێکی لەو جۆرە پێشکەش بکات دەبێ چەند مەرجێکی پێشوەختی هەبێت تا لەگەڵ هزری خۆی بیگونجێنێت و لەگەڵ ئەو واقیعەش هەڵبکات کە خۆی دەیەوێت. ڕەنگە هەندێجاریش زۆر گوێ بەو دوو مەرجە نەدات، تەنها لە پێشکەش کردنیدا پشت بەوە ببەستێ کە دەقەکە پارچەیەکە لە هونەرێکی مەزن، یا لەوانەیە تەنها مەبەستی بێت دەقەکە و نووسەرەکەشی بە جەماوەر بناسێنێ.

جا ئەگەر بزوتنەوەیەکی شانۆیی پێشکەتوو مافی ئەوەی هەبێت تەنها لە پێناوی ئەو دوو مەبەستەی دوایی دەقێکی جیهانی پێشکەش بکات، ئەوا کارێکی زۆر قورسە بزووتنەوەیەکی شانۆیی کە هێشتا لە قۆناغی سەلماندنی خۆی دابێت، بتوانێت بگاتە هەمان ئەو دەرئەنجامانەی کە بزووتنەوەیەکی پێشکەوتوو پێی دەگات. چونکێ جەماوەری شانۆی ئێمە ئێستاکە ـــ کە لە ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی بیستەمین ـــ ئامادەسازیی و زانیاری پێشوەختی نییە تا لە ڕەهەندەکانی دەقەکە و چەمکەکانی تێبگات، سەرەڕای ئەوەش کەمترین زانیاریان لەسەر نووسەری دەقەکە نییە.

لە بەرنامەی تیپەکەدا هاتووە کە ئەو شانۆگەرییە پەردە لەسەر هەندێ ڕووخسار لادەدات کە نموونەی ئەو کەسێتییانەن کە مەبەست دەکەنە پاساوێك بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان، بۆ خاتری ئەوەی پەنجەی تاوانبارکردن و نەفرەتیان بۆ ڕابکێشێ لە ژیانماندا.

دەبێ تا چ ڕادەیەك ئەو دەرهێنەرە لە نیشاندانی ئەو لایەنە سەرکەوتوو بێت ؟

بەر لەوەی وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە، پێویستە هەڵوێستی (مارلۆ) لەم بارەیەوە بزانین و دواتریش بزانین داخوا سەبارەت بە کەسێتییەکانی چ هەڵوێستێکی هەیە.

دکتۆر (زاخر گبریاڵ) دەڵێت: هەڵوێستی مارلۆ لە سەر بنەمای میکیاڤیلییەتە و زۆر لایەنی ناکۆکی تێدایە و درکی کردووە کە ڕەنگە زۆرجار گەیشتن بە سامان و هۆکارەکانی دابێنکردنی هێز پووچترین ڕێگەی ژیان بن. هەروەها گومانی تێدا نییە کە لەو شانۆگەرییەدا نەفرەت لە تاوان دەکات، چونکێ لە کۆتاییدا گرەوەکە هەر کاری چاکە و شکۆداری دەیباتەوە.

لە بەرامبەر ئەوەشدا هەندێ ڕستە لە شانۆنامەکەدا هەیە کە بۆچوونی مارلۆ لە بارەی یەهودییەکانەوە دەرنابڕێت، بەڵکو مەبەستی خودی خۆیەتی، لەوانەیە دەربڕینی بیروبۆچوونە ڕاستەقینەکانی میکیاڤیلیش نەنوێنێ، بەڵکۆ لە بارەی ئەو بیروبۆچوونانە بێت کە لەسەر میکیاڤیلی حسێبێ نەك کەسی میکیاڤیلی خۆی. ئەمەش ئەو کاتەیە کە پاراپاس خۆی دەکاتە



www.mukiryani.com

جێبابەتی سەرسووڕمان لە دیدی ئەوانەی زۆریان ڕق لێیەتی و ئەوانە وەك بووکە شووشەیەکی مندالّکارانە وەسف دەکات و باوەڕی وایە کە لێرەدا هیچ گوناهێك لە گۆڕیدا نییە تەنها پێنەزانین نەبێت. هەروەها وەختێ کەسێتی پاراپاس وای بە چاك دەزانێت ببێتە مایەی ورووژاندنی سۆزی خەلّك بەهۆی ئەوەی کە مەسیحییەکی هەژارە، سەرەڕای ئەو کەشە گشتگرەی کە شانۆگەرییەکە بە ئاڕاستەی هاوسۆزی لەگەلّ پاراپاسدا دەیخولقێنێ.

دووبارە دێمەوە و لە دەرهێنەر دەپرسم کە داخوا خستنەڕووی نموونەی کەسێتییەکی میکیاڤیلییانە چ سوودێکی هەیە؟

بۆ وەلاّمی ئەو پرسیارە دەلّێم: ئەو شانۆگەرییە بۆ سەرجەم خەلّکەکەی سەردەمی ئێلیزابێس نەدەبووە بابەتێکی قبولّکراو. جا ئەگەر لەجیاتی میکیاڤیلییەت بنەکایەکی دیکەی بۆ دابنرێت، یاخود هەروەك (زاخر گەبریالّ) دەلّێت کە لەبەرخۆشەویستن ئەو بنەمایەی نەهێناوە بەلّکو لە بەرژەوەندی کۆمەلّگەیەکی دیارکراوەوە هێناویەتی. سەرەڕای ئەمانەش ئەو حەزی بە هونەری خۆکردی ڕاستەوخۆ دەکرد، واتە مرۆ توانای ئەوەی هەبێت کە هەر لە خۆیەوە بەکارێك هەلّسێت، تەنها مەبەستیشی لەمەدا تێردنی ئارەزووی خۆی بێت نەك شتێکی دیکە.

کەواتە ئایا دەرهێنەر ویستوویەتی بەهۆی وابەستەیی خۆی بە خاکی داگیرکراوی (فەلەستین)، لە ڕێگەی کەسێتییەکی یەهودی لەم چەشنە، دەولّەتی ئیسرائیل شەرمەزار بکات، هەروەك چۆن مارلۆ گوناه و تاوەنەکانی پاراپاس شەرمەزار دەکات؟

من باوەڕناکەم دەرهێنەر مەبەستی ئەوە بێت، بەلّگەش ئەوەیە کە هەولّی داوە جەماوەر وا لێ بکات کە سۆز و خۆشەویستییان بۆ پاراپاس هەبێت. هەروەها پەنای بۆ ئەوە بردووە کەسێتی میکیاڤیلی لابەرێت کە لە سەرەتای شانۆگەرییەکەدا دەردەکەوێت و پاراپاسی وەك نموونویەکی ئەو پێشکەش دەکات. لەوەش جوانتر ئەو دەقەی بە هۆی سەرسامبوونی بەو چرکەساتە هونەرییانە پێشکەش کردووە کە نووسەرەکە وێنەی کێشاون و لەوێوە دەتوانێ لە وێوە بچێتە ناوی و لە ڕووی دەرهێنانەوە گرتە و چرکەی هونەری جوانتر پێشکەش بکات.

هەلّوێستی مارلۆ لە هەمبەر بنچینەکانی میکیاڤیلییەت زۆر لایەنی ناکۆك لە خۆ دەگرێت، لە کۆتایی شانۆنامەکەشدا هەموو شتێك لە شوێنی خۆی دادەنێتەوە، بە جۆرێك شەڕانگێزی سزای دروستی خۆی هەیە. لەگەلّ ئەوەشدا دەرهێنەر بیەوێ و نەیەوێ، ئەو دەقە کەشێکی سیاسی لە شانۆگەرییەکە بلاّو دەکاتەوە. ئاخر هۆکار، واتە ئەو هۆکارەی کە دەشێ ببێتە ڕێگەیەك بۆ سەرکەوتن، ئەمەش لە ڕێگەی ئەو هۆکارانەی کە پاراپاس بەکاری هێناون بۆ ئەوەی دەستی بگاتە



www.mukiryani.com

ئەو سامانەی کە لە ئەنجامدانی هەر تاوانێك دەستی دەکەوێت، هەروەها ئەو ڕێ و شوێنانەی کە خزمەتکارەکەی (ئەسامۆر) پەنای بۆ بردووە بۆ ئەوەی پارەی لە پاراپاسەوە دەست کەوێت. دیسان ئەو ڕێگە چەوت و پیسەی کە حاکمی تورکیا پەنای بۆ بردووە بە دەست تێکەڵکردن لەگەڵ پاراپاس، بۆ ئەوەی قەلاکە بگرێت و ماڵتا داگیر بکات، ئیدی (فرێنزی)ش چاوی لەوان کرد و بە هەمان پاساو کە حاکمی تورکیا دەیهێنایەوە، ئەویش کاری خۆی ئەنجام دا. سەیر لەوە دایە ئەو کەسێتییانە بە گرتنەبەری ئەو ڕێگە پووچ و پیسانەوە دەگەنە ئامانجی خۆیان و سەکەوتووش دەبن.

کەواتە لێرەدا ئێمە تەنها لە بەرامبەر یەك کەسێتی میکیاڤیلییانەدا نین کە خۆی لە پاراپاسدا دەنوێنێ، بەڵکو لە بەرامبەر کۆمەڵێك ئەو کەسێتییانەین کە سەر بەو بنەمایەن، ئاخر سەرەڕای پاراپاس، چەندان کەسێتی وەك ئەسامۆر و فرێنزی و جاکۆ و بەرنازدی (کاوە ئەحمەد میرزا) و بەلیاد بۆرزا و ماسیاس (ماهر عەلی محەمەد) و لۆدڤیك (سالار عومەر)مان هەیە، ئیدی لەو کەسێتییانە تەنها یەکێکیان لەو بنەمایە ڕزگاری بووە ئەویش خاتوو (ئەبیجیل)ە.

بەلام مارلۆ کە شەڕانگێزیی لە چارەی نووسراوە، ئەمە هەروەك گابریاڵ دەڵێت، لەبەر ئەوەیە خۆی ئەوها نەدۆزیوەتەوە لە ئاسۆی شیعردا بەرەو بەرزایی بفڕێت لەو جیهانە ڕەشاوییە ئەنگوستەچاوەی کە هەر یەکێك لە کەسێتییەکان بۆ خۆی تێیدا دەژی، وەك چۆن شەیتان دڵنیا دەژییێت.

ڕەنگە کەسێتی فرێنزی لە هەمووان زێتر میکیاڤیلییانە بێت، وەختێ لە سەرەتای شانۆگەرییەکە دەردەکەوێ بەرگری لە خاك و نیشتمانی خۆی دەکات و لە کۆتاییشدا لە تەك کەسە خراپەکان دەوەستێ و لە پێناوی ڕزگارکردنی ماڵتە پەنا بۆ هەمان شێوازی ئەوان دەبات.

جەماوەر هاودەنگی خۆیان بۆ فرێنزی دووپات دەکردەوە وەختێ کە بەرگری لە خاك و نیشتمانەکەی دەکات و هەوڵی دەدا لە ژێر دەستی داگیرکاران ڕزگاری بکات و دەیگوت: (نەخێر ئەی کابرای یەهودی تۆ بۆیە ماڵ و سامانی خۆت دەبەی تا خەڵکان ماڵیان وێران بێت، ئاخر نەدار بوونی تاکە کەسێك لە پێناوی بەرژەوەندی گشتی باشترە لەوەی کۆمەلانی خەڵك تێکڕا لە پێناوی ئەو تاکە کەسە ماڵیان وێران بێت).

بەلام بەهۆی پێزانینی مارلۆ لە باشتردانانی ئەو بۆچوونە میکیاڤیلیانەیە یان واقیعییەتێکی ئاشکرا لە بۆچوونە ئایدیالییەکان کە خۆی لە فرێنزی دەبینێتەوە ــ بە پێی لێکدانەوەی مارلۆ ــ ئەوا کەسێتی فرێنزیی بەرەو ئەو ئاڕاستەیە گۆڕیوە کە ڕووی تێکردووە. وەلێ لەگەڵ ئەوەشدا لە



www.mukiryani.com

کۆتاییدا هەر فرێنزی بەسەر پاراپاس زاڵ دەبێت، بەڵام بە گرتنەبەری هەمان ڕێگە چەوت و نامەردانەکە.

دەرهێنەر بە پێچەوانەی ئەو ئاڕاستەیە کەسێتی فرێنزی ئاڕاستە دەکات کە نووسەری شانۆنامەکە وێنەی کێشاوە و وای لێ کردووە جەماوەر هاوسۆزی خۆیان بۆی دەربڕن نەك ڕقیان لێی بێتەوە، بە مەبەستی دیارخستنی پاراپاس لە لایەن مارلۆوە وەك نموونەیەك لە ژیری. لە بەرامبەر ئەوەشدا فرێنزی و کەسێتییەکانی دیکە نموونەیەکن ژیرایەتییان لەو کەمترە. لێرەدا دەرهێنەر مەبەستەکانی نووسەرەکەی ئاوەژوو کردۆتەوە، بەڵام نەیتوانیوە تا کۆتایی لەگەڵیدا بەردەوام بێت، ئەمەش بە سەرزەنشتنەکردنی پاراپاس و نەناساندنی وەك نموونەیەکی نێگەتیڤ، خۆ ئەگەر بەو ئاڕاستەیە کاری بکردایە کە لە سەرەتاوە دەستی پێ کردبوو، ئەوا پەنای بۆ ئەو داوە باریکە دەبرد کە جەماوەر بە هۆیەوە فرێنزییان خۆشویست، ئەویش بریتی بوو لە بەرگری کردن لە خاك و نیشتمان، هەروەها نەدەبوو ڕێگەی چەوتی پێ بگرێت و بەرەو گرێدانی هاوپەیمانی لەگەڵ پاراپاس بیبات..

جا لەبەر ئەمە ئەو پرسیارە دیسان دێتە پێشەوە: ئایا دەشێ و ڕەوایە بە هەر شێوازێك بێت بگەیتە ئامانجەکان؟ ئایا مارلۆ باوەڕی بەو بنەمایە هەبوو؟

وا پێدەچێت مارلۆ لایەنگری ئەو باوەڕە بێت هەتا ئەگەر خۆیشی باوەڕی پێ نەبووبێت، چونکێ کەشی گشتی شانۆگەرییەکە بەو ئاڕاستەیە دەڕوات, دەنا قەت ئەوها مەرامەکانی پاراپاسی لە حەزکردن بۆ خۆدەوڵەمەند کردن و هەبوونی ئارەزوویەکی بەجۆش بۆ دەستخستنی سامانی ڕۆژهەڵات لە ڕێگەی بازرگانی کردن، لە لای جەماوەری سەردەمی ئێلیزابێسییەوە بەو چارەنووسە نەدەگەیاند. بەڵام لەگەڵ ئەوشدا مارلۆ دەیزانی لەگەڵ کەسێتی پاراپاسدا مرۆڤایەتی چەند هەنگاوێك دەکشێتەوە دواوە. ئاخر پاراپاس کەسێتییەکی گەشبینە لێ مارلۆ توانی ژیانی بەبەردا بێنێتەوە.

دەرهێنەر زۆر بە وردی پابەندی ئەو تێبینیانە بووە کە لە نێو دیالۆگەکانی دەقەکەدا لە سەر زاری نووسەردا هاتوونە و زۆر دروست و زیرەکانە بەرکاری خستوونە، هەروەك لە دیمەنەکانی فانۆسەکان و پێلێنانەکانی (ئێبیگێل) لە بەرامبەر قەشەکە و دەنگدانەوەی ناقووسەکە لە کەشێکی تاریکایی و ماچەکەی (ئەسامۆر) لە لووتی پاراپاس و زۆرانبازییەکەدا دەردەکەوێت کە ئەمەی دوای زێتر پێویستی بە وردەکاری و ئامادەکاری هەبوو. هەروەها لەو دیمەنی ئەو شەڕ و دەمەقاڵێیەش ئەو حاڵەتە دەردەکەوێت کە بە شێوەیەکی سروشتی لە نێوان قەشەکاندا ڕوودەدات.



www.mukiryani.com

لەو کاتەی هەندێ ڕۆڵی ژنانە بۆ بەرژەوەندی شانۆگەرییەکە لادەبرێن، هەندێکی دیکە بە پێچەوانەی ئەوەوە دێن، کاریگەری ئەوەی دووەمیان لە دیمەنی کاترین و فرێنزیدا دیارە وەختێ لە هیکرِا خەبەری مردنی هەردوو منداڵەکەیان (ماسیۆس و لۆدڤێلێ)یان پێ دەگات.

لێرەدا تێبینی دەکرێت دەرهێنەر پەنای بۆ لابردنی ئەو هەڵوێستانە بردووە کە بە دراما بارگاوی بوونە، هەروەك ئەو حاڵەتەی کە ئاماژەمان پێی کرد، لەگەڵ ئەوەشدا مارلۆ هێناویەتی تا دەرئەنجامەکانی میکیاڤیلییەت دەربخات، لێ دەرهێنەر بۆیە لای بردووە تا بتوانێت تێکەڵاوی و هاوسەرگیرییەك لە نێوان کۆمیدیا و تراژیدیا دروست بکات، بۆ ئەوەی کەشێك لە تراژیکۆمیدیا بەرپا بکات.

ڕەنگە هەندێ لەو هەڵوێستە کۆمیدییانەی کە پاراپاس دەینوێنێ لەو سەرچاوە دروستەوە هاتبێت لە تێگەیشتنی شانۆگەرییەکە، بەلاّم گشتاندنی ئەو کۆمیدیایە هەتا لەو هەڵوێستانەش کە سەبارەت بە پاراپاس زیاتر تراژیدیانەیە، بە تایبەتی وەختێ سامانەکەی دەستی بەسەردا دەگیرێ، ئەوا ئەو کۆمیدیایە تێکەڵ بە خەمێکی سووکی وا هاتووە کە جێگەی باوەڕ نییە. هەروەها لابردنی کەسێتی (بەلامێرا) و دانانی وێنەکەی لە لە جیاتی ئەو لە سەر شانۆکە بە شێوەیەکی دروستکراو و ناسروشتیو هاتووە لە زنجیرەی ڕووداوەکان، بە جۆرێك دڵی بینەر داناخات، چونکێ بەلامێرا خۆی بزوێنەری بنچینەیی کارەکانی (بلیابۆرزا)یە کە هەمیشە هانی دەدات لە ڕێگەی لە خشتەبردنی (ئەسامۆر)ەوە لە پاراپاس سامانی دەستکەوێت.

لێرەدا فازل قەساب بەهۆی دیکۆرە سادەکەی سەرکەوتوو بووە لەوەی جولەی ئەکتەرەکان ئاسان بکات، بەتایبەتی ئەو پەنجەرەیەی کە بە شێوەیەکی چاك لەلایەن زۆربەی ئەکتەرە سەرەکییەکان بەکارهاتووە و ئەو ڕووناکییەی کە لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا دابێنکراوە. لێرەدا نابێ ماندووبوونی هونەرمەند (شەماڵ عەبدولا ڕەش)مان لە بیر بچێت کە ڕۆڵی پاراپاسی بە چاکی بینیوە، هەروەها نابێ تواناداریيەکانی هونەرمەندان (عومەر دڵپاك) و (گەشاو عەلی محەمەد)مان لە بەرچاو نەبێت کە یەکەمیان ڕۆڵی (ئەسامۆر) و دووەمیشیان هی خاتوو (ئەبیگێل)ی بینیوە.



www.mukiryani.com

# کردار و بیانۆکان لە شانۆگەری سورمەخان

**دەرهێنانی: سەفوەت جەڕاح**

پێزانین بەوەی کە کولتوور زەمەنێکی تازەکراوەیە، وا لەسەر هونەرمەندەکانمان پێویست دەکات کە تێگەیشتنی پێشوەختیان هەبێت بۆ جیاکردنەوەوە لە نێوان کامە شت هونەرە و کامە مێژووە و لە نێوان پرۆسەی داهێنان و مێژوویی. بە بێ ئەو لێ تێگەیشتن و جیاکردنەوەیە، کولتوورمان وەك هەیکەلێکی مێژوویی ئەوتۆ دەمینێتەوە، هەر دووبارە تۆماری دەکەینەوە، بێ ئەوەی هەوڵ بدەین لە دەرگا فرەوانەکانی بە شێوەیەکی سەردەمانە بچینە ژوورەوە. لەم بارەیەوە ئەرستۆ گوتەیەکی زانراوی لەسەر شیعر و مێژوو هەیە و دەڵێت:

(شیعر لە ڕووی فەلسەفییەوە لە مێژوو پایەدارترە و ناوەرۆکەکەشی لەو سامناکترە، چونکێ گوتەکانی شیعر لە سروشتی خۆیدا لە حوکمە گشتییەکان نێزیکترە. گوتەکانی مێژوو سنووردارە و هی هونەریش ڕەهایە. وەختێك شاعیر لە قەسیدەیەك یان شانۆنامەیەك كار لە سەر ڕووداوە مێژووییەکان دەکات، ناچار دەبێت نهێنییەکانی کات و شوێنی (الزمان و المكان) لێ بکاتەوە تا لە نێو دیدی تایبەتی خۆیدا ببێتە بەشێك لە کولتوورێکی گشتی وا کە بۆ هەموو کات و شوێنێك دەست بدات و بگونجێت. چونکێ کاری مێژوونووس تۆمارکردنی پارچە و بەشە بچووکەکانە، لێ کاری شاعیر ئەوەیە شتە گشتییەکان بنوێنێ، بە واتایەکی دیکە مێژوونووس ئەو ڕووداوانە تۆمار دەکات کە بەڕاستی ڕوویانداوە، بەلاّم شاعیر بە دوای ئەو ڕووداوانەدا دەگەڕێت کە ئەگەری ڕوودانیان هەیە. مێژوونووس هەمیشە ڕووداوەکان بە پێی ڕیزبەندی کاتی ڕوودانیان تۆماریان دەکات، بەلاّم شاعیر نەك بە ڕیزبەندی کاتی ڕووداوەکان تێر نابێت، بەڵکو ئەو شتەی کە بەلای



www.mukiryani.com

شاعیرەوە گرنگە بریتییە لە ڕیزبەندکردنی هەر کردارێك لەسەر ئەوی پێش خۆی، ئەو کـردارەی دوای ئەویش مسۆگەرە یـا ڕەنگـە لەگـەڵ کردارەکـەی پێشـوو ڕووبـدات. لەوانەیـە گوتـەکانی هیرۆدێـتس داڕێژرێن و ببنە مێژوویێك جا کێش بکرێن یاخود کێش نەکرێن).

شانۆگەری سورمەخان کـە لـەماوەی (١ـــ ٩ /١٠/ ١٩٨٣)دا لەسـەر شـانۆی هـۆڵی گـەل لـە شـاری هـەولێر نمـایش کـرا و لـە نووسـینی (محەمـەد عەبـدوڵا یـونس) و ئامـادەکردن و دەرهێنـانی هونەرمەند سەفوەت جەڕاحە، وەك شانۆگەرییەکانی پێش خۆی کە کاریان لەسـەر کولتـوور کـردووە، لەو شتانە ڕزگاری نەبووە کە پێشتر ئاماژەمان پێیان کرد. هـەوڵ دەدەیـن لـە ڕێگـەی شـیکردنەوەی ڕووداو و کەسێتییەکانیدا ئەو بۆچوونەمان دووپات بکەینەوە. لەم شانۆگەرییەشدا عەشق و دڵداری و شەیدایی و زوڵمی مامەی دەرەبەگ و پاشـان لێکـدابڕان بـەهۆی مردنـی یـەکێکیان، هـەروەك لـە شانۆگەرییەکانی ــ مەم و زین و شیرین و فەرهاد و محەمەد و سـێوێ و خـەج و سـیامەند و وەلـی دیوانـە و لاس و خـەزاڵ ـــ دا بەهـەمان شـێوە ڕۆڵـی بنچـینەیی دەبینـێ لـە گەشـەکردنی ڕووداوەکانی شانۆگەرییەکە و بەرەو پێش بردنی تا دەگاتە لووتکە. ئەو ڕووداوانەش لەکن جەماوەرە سادەکەش زانراون، وەختێ کە خەلیل بەگ (سەباح عەبدەڕەحمان) وای پێ چـاترە سـورمەخانی کچـی (جیهان ئەحمەد) بداتە کـوڕی مشـیراغە (خـەلیل یابـە) نـەك (نـەعمان مەجیـد)ی بـرازای، شـونکێ برازاکـەی نـەدارە و ئـەمیش ئـارەزووی لـەو سـامانەیە کـە بـەهۆی بـەمێردانی کچـەکەی دەسـتی دەکەوێت.

لـە شـەوی پـەردەدا سـورمەخان تۆڵـەی خۆشەویسـتەکەی دەکاتـەوە و ئـەمین بـەگی مێـردی (سـەعدون یـونس) دەکوژێـت کـە ئـەمی گرتۆتـە خـۆی و لەگـەڵ مشـیراغەدا دەکەوێتـە شـەڕێکی خوێناوی. بەهۆی هەڵچوونێکی مندالانەوە لەلایەن (سەنانین)ی کوڕی حوسێن بەگ کـە هـەوڵ دەدات هێـرش بکاتـە سـەر سـورمەخان و بـەهۆی دڵڕەقیـی بـاوکی، ئـەو گەنجـە دەبێتـە قوربـانی ڕەفتـارە نادروستەکانی خۆی و سورمەخان. ئیدی ئەمە وا لـە خوشـکی کوژراوەکـە (زولفـان: شـلێر ئەحمـەد) دەکات کە سورمەخان دەربکات، ئـەویش ناچـار دەبێـت لـە بەرامبـەر ئـەو ڕیسـواییەدا لـە قسـەی دەرنەچێت و شوێنەکە جێبێڵێت، ئیدی لە شوێنێکدا تووشی خۆشەویستەکەی (خورشـید) دەبێـت کـە ئەویش بەدوایدا دەگەڕێ. لە دوای گفتوگۆیەکی کورتی نێوانیـان، سـواری ئەسـپە ماندووەکـەی ئـەو دەبێت و پاشان لەسـەر پشـتی ئەسـپەکە بەردەبێتـەوە و دەمرێت. ئیـدی شـانۆگەرییەکە بـەو شـێوە تراژیدیایە کۆتایی دێت.



www.mukiryani.com

مشیراغە قاسیدێك دەنێرێتە لای خەلیل بەگ و پێی ڕادەگەیێنێت کە نیازی وایە لە جەژنی نەورۆزدا بچێتە هەرێمەکەی ئەوان ئاهەنگ بگێڕێت. ئیدی خەلیل بەگ بەوە زۆر دڵی خۆش دەبێت، چونکێ مشیراغە ماوەی دوو ساڵ بوو لەسەر یەك نەچووبووە هەرێمەکەی ئەوان. ئەو هەواڵە خێرا بڵاودەبێتەوە و وای لێکدەدەنەوە کە پێدەچێت ئەو سەردانەی مشیراغە بە مەبەستی خوازبێنی دەستی سورمەخان بێت بۆ ئەمین بەگی کوڕی. ئەو دەنگوباسە دەگاتە سورمەخان و خورشید، ئیدی ئەوانیش ناچار دەبن بە دوای چارەسەرێکدا بگەڕێن بۆ ئەو کێشەیە. دەبێ چ ڕێگەچارەیەك بگرنە بەر و چی بکەن، ئایا دەکرێ ڕابکەن و خۆیان بنبزر بکەن؟ ئەم پێشنیارە سورمەخان دەیخاتە بەردەمی خورشید ئەویش ڕەتی دەکاتەوە. پاساویشی بۆ ڕەتکردنەوەکە ئەوەیە کە نایەوێت ناوبانگی مامەکەی لە نێو خەڵکی هەرێمەکەدا لەکەدار بکات، ئیدی پێشنیار دەکات کە باشترین ڕێگەچارە بۆ پەشێمان بوونەوەی مامی لە هەڵوێستی خۆی ئەوەیە کە هەندێ پیاوی ئاینیی و شێخەکانی ئەوێ ڕەوانەی کنی بکەن، هەرچەندە دەزانێت کە زۆر زەحمەتە ئەم پێشنیارە کاری پێ بکرێت، چونکێ مشیراغە سامانێکی گەلێ زۆری لە نەختی سورمەخان دەدایە مامی، سەرباری ئەو بڕە سامانە هەندێ لە گوندەکانیشی دەخستە سەر هەرێمەکەی.

من دەڵێم سەرەڕای ئەوەی کە سورمەخان و خورشید باوەڕی تەواویان لەکن دروست ببوو، لەسەر ئەوە ڕێك کەوتبوون کە ئەگەر ئەم هەنگاوەیان سەری نەگرت و هەوڵی نێردراوەکان بێ سود بوو، ئەوا سێ و دووی لێ نەکەن و سەری خۆیان بۆ شوێنێکی نادیار هەڵگرن. ئەمەش وای لە نووسەر و دەرهێنەرەکەش کردووە کە بە هەناسەبڕکێوە بە دوای ئەو شتانەدا بگەڕێن کە لە نێو قوژبنەکانی ئەفسانە و واقیع و ڕووداوەکان خۆیان حەشارداوە و بە پێی بەدوای یەك هاتنی ڕووداوەکان گێڕانەوەیەکی مێژووییانەی بۆ بکەن، هەروەها ئەو لایەنانەش پشتگوێ بخەن کە کردارەکانی شانۆگەرییەکە ئاڵۆزکاو و شپڕزە دەکەن، چونکێ بەو ڕادەیەی کە کرداری ڕابردوو مەرجەکانی بڕوانەهێنی لەخۆگرتووە، کرداری دوای ئەویش دێت هەمان مەرجەکانی لە خۆگرتووە، ئیدی بەو جۆرە ئەو کردارەی بە دوای ئەویش دادێ بە هەمان شێوە. ئەمەیان ئەو بابەتەیە کە لەمەودوا هەوڵ دەدەین بەدرێژی باسی لێوە بکەین:

وەختێ کە سورمەخان داوا لە خورشید دەکات بۆ ئەوەی بۆ هەرێمێکی دیکە ڕابکەن، چونکێ پێشوەخت دەزانێت جگە لەم ڕێگەچارەیە هیچ ڕێگەیەکی تریان لەبەر دەمدا نییە تا پێکەوە پەیوەستیان بکات. جا بەو ڕادەیەی کە ئەو داوایە مۆرکی ڕەمەکییانەی پێوە دیارە چونکێ دواتر دووبارەی ناکاتەوە، لێ وەك هەڵوێستێك ئەم داوایە بە هەڵوێستێکی شۆڕشگێڕانە دادەنرێت ئەگەر



www.mukiryani.com

به داوایه خۆبەستدەرەکەی خورشید بەراوورد بکرێت. ئاخر خورشید لە لایەکی تر لایەنی چینی چەوساوەی گرتووە کە دژی چینەکەی خۆیەتی و داوای هەڵگرتنی باج و سەرانەی دەکرد لەسەر شانیان، ئیدی ئەو دوو هەڵوێستە لێکدژە لە کەسێتی خورشید، واتە لە نێوان ڕانەکردنی لەگەڵ سورمەخان و خۆبەدەستەوەدانی بۆ خواستی مامە دەرەبەگەکەی لە لایەك و وەستانی لە تەك جەماوەرە زەحمەتکێشەکە لە لایەکی دیکە، وای کرد کەسێتییەکەی مۆرکی ڕاڕایی و خۆڕانەگری و لاوازیی پێوە دیار بێت، کە ئەمانەش خەسڵەتێکن لەگەڵ کەسێتی خەڵکی شۆڕشگێڕ ناگونجێن.

ئەو پرسیارە مەتەڵدارە دەمینێتەوە کە پێویستە دەرهێنەر وەڵامێکی بۆ بدۆزێتەوە، بۆ ئەوەی ئەو کەسێتییە و ڕەفتارەکانی گشت کەسێتییەکانی دیکە بە پاکانەی نالۆژیکانە لە نهێنی هەڵنەهاتنی خورشید لەگەڵ سورمەخان نەپارێزێت، چونکێ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە دەرگایەکی تازە لە بەردەم دەرهێنەر دەکاتەوە، ئەویش دەرگای بەسەردەمیکردنە کە وادیارە لەگەڵ بۆچوونی دەرهێنەر خۆی ناگونجێت و ڕەنگە لەگەڵ بۆچوونی جەماوەرە ئاساییەکەش نەگونجێت کە زۆر شەیدای بینینی هەموو شتەکانی نێو ئەفسانەکەیە لە ڕووداو و کەسێتییەکان بە بێ زیاد و کەم. سەرباری ئەوەش ئەو جۆرە ئاڕاستەیە دەبێتە مایەی کۆتایی هێنان بە شانۆگەرییەکە. ئاخر کەسێتییەکانی وەك حوسێن بەگ و زوڵفان و سەنانین هیچ دیارکەوتنێکیان لە ڕووداوەکاندا نەبوو، دواجار حسێن بەگ کوڕەکەی خۆی ناکوژێت و شەڕێکی سەخت لە دژی مشیراغە بەرپا ناکات و سەرکەوتن هەر بۆ ئەوە ... ئیدی چیرۆکەکە، پاشان شانۆگەرییەکەش ئەو مەودایە وەرناگرێت.. کۆتایی دێت و جەماوەریش هەموو شتێکی نەبینی، بۆیە دووبارە دەگەڕێمەوە سەر پرسیارەکەم و دەپرسم:

بۆچی خورشید نەیویست لەگەڵ سورمەخان سەری خۆیان هەڵگرن؟ ئایا لەبەر ئەوەیە کە بەڕاستی ویستوویەتی ناوەدنگی مامی ناشیرین و لەکەدار نەبێت؟ یان لەبەر خۆشەویستی خاك و نیشتمانەکەیەتی، هەروەك لە زمانی خورشیددا وا هاتووە، یا ئەوەتا ئەو کردارە بەزۆر خراوەتە ناو کەسێتی خورشیدەوە؟

دیسان دەپرسم، ئایا خەلیل بەگی مامی خورشید ئەو ناوبانگەی هەبووە تا خورشید بەرگری لێ بکات و لە شەرمەزاریی بیپارێزێ؟ ئەمە چ ناوبانگێکە کە قبوڵی ئەوە دەکات سەرانە لە خەڵکە نەدارەکە بسێنێت کە یەکێك لەوان خورشیدی برازای خۆیەتی؟ ئەمە چ مەزنایەتییەکە جووتیارەکان بچەوسێنێتەوە و بە قامچییان مارکوژیان بکات بە برازاکەیی خۆیشیەوە؟ پاشان ئەمە چ ناوبانگێکە خورشید بەرگری لێ دەکات کە ناهێڵێت بەو کەسە بگات خۆشەویسترین بونەوەرە لە



www.mukiryani.com

ژیانی؟ ئاخر له جیاتی ئەوەی دەست لەناو دەست لەگەڵ سورمەخان بەرگری لە بەرژەوەندی و خۆشەویست و چینەکەی خۆی بکات، دەبینین زۆر بەگەرمی بەرگری لە جارێك مامی و جارێکی دیکه له خاکەکەی دەکات، وەلێ دواتر ڕووداوەکان پێچەوانەی ئەوە دەسەلمێنن و ڕوونی دەکەنەوە کە خورشید هیچ پەیوەستی بەو شتانەوە نییە، چونکێ ئەم خۆیشی بە مەبەستی بەدواگەڕانی سورمەخان، خاك و نیشتمان و خەڵکەکەش جێدێڵێت کە هێشتا لە ژێر قامچی مامەکەی دەسووتان. ئەگەر کەسێکی ڕاستگۆ بووایە دەبوو بەو دەردەسەرییانە ڕازی بێت که بە هۆی ڕەفتارە نادروستەکانی و پشتبەستن بە خەڵکانی تر و نەزانینی خۆیەوە بەسەر سورمەخانی هێنا، هەروەها دەبووایە بۆ بەرەنگاربوونەی ستەم و زۆرداری لەتەك هاوڕێکانیدا بمێنێتەوە و وەختێ کەوتە گەڕان بەدوای سورمەخان دەبووایە ئەو شتە تەواو بکات کە دەستی پێ کردبوو، (چونکێ سورمەخان بەهۆی سواربوونی ئەسپە ماندووەکەی ئەو مرد).

سەبارەت بە کرداری دووەمیش کە شەوی زاوایەتی ئەمین بەگ بوو وەختێ دەچێتە لای بووکێ، بێ ئەوەی بە پەیوەندی خۆشەویستی نێوان سورمەخان و ئامۆزاکەی بزانێت. ئەو هەر ئەوەندەی دەزانی کە سورمەخان کچێکی شۆخ و شەنگە و کچی خەلیل بەگە، مشیراغەی باوکی لە بەرامبەر بڕێکی زۆر لە ماڵ و سامان خوازبێنی بۆ کردووە. هەرکە لێی دەچێتە ژوورێ یەکسەر لێیان دەبێتە دەمەقاڵێ و هەریەکەو بە مێژووی ڕەسانەیەتی باو و باپیرانی خۆیدا هەڵدەڵێت. ئیدی هەرچەندە یەکێکیان مەدح و سەنای بنەماڵەکەی خۆی زێتر دەکات ئەوی دیکەیان هەستی بە ڕیسوابوون دەکرد. ئا بەم جۆرە لەلایەك ئاڵۆزبوونی ململانێی نێوانیان و کۆتایی هاتنی بە تاوانی کوشتن و لە لایەکی دیکە گواستنەوە بۆ ئەو کردارەی کە بەدوای ئەم کردارەدا دێت، واتە پەنابردنی سورمەخان بۆ هەرێمی حوسێن بەگ بۆ ئەوەی تاکە کوڕەکەی بەهۆی سورمەخانەوە بکوژێت.

وەختێ سورمەخان بە ئاشکرا باسی پەیوەندی خۆی و خورشیدی بۆ ئەمین بەگ کرد لە شوێنی خۆی حەپەسا، ئاخر ئەمە بۆ ئەو بابەتێکی چاوەڕواننەکراو بوو، چونکێ ئەو قسە ڕوون و بێ پێچ و پەنایە دەبووە مایەی کوشتنی خۆی یا خورشیدی ئامۆزای یاخود هەردووکیان پێکەوە، نەك کوشتنی ئەمین بەگ ــ کە لە نمایشەکەدا وا هاتووە ــ لەو کاتەی کە سورمەخان ئەو ڕاستییەی زۆر چاك دەزانی. بەڵام لەبەرچی ئەو پەیوەندییە ئاشکرا دەکات؟ لێرەدا دوو ئەگەر هەنە، یان دەبێ پێشتر بڕیاری لەسەر کوشتنی دابێت تا تۆڵەی خۆشەویستییەکەی خۆی لێ بکاتەوە بەهۆی ورووژاندن و وەڕسبوون، یا ئەوەتا مەبەستی بووە یەکێکیان یان هەردووکیان ــ خۆی و خورشید ــ بەهۆی ئەو ورووژاندن و وەڕسبوونەوە بە دەستی ئەمێن بەگ بکوژرێن.



www.mukiryani.com

جا ئەگەر لە تێگەیشتنمانەوە لە کەسێتی سورمەخان بیانۆی یەکەمان وەرگرت، ئەوا ئەو پرسیارە خۆی دەسەپێنێت.

ئەگەر بۆ سورمەخان باشتر بووایە کە باوکی لە جێگەی ئەمین بەگ بکوژێت، بەو پێیەی کە ئەوە باوکی بوو وای لێ کرد بەو چارەنووسە بگات، هەروەها لەسەر بناغەی ئەوەی کە بێگوناهی ئەمین بەگ لە پێنەزانینی ئەو بە پەیوەندی خۆشەویستیی سورمەخانەوە بووە. بە شێوەیەکی ڕوونتر لەو دوو هۆکارە ــ کوشتنی باوکی یاخود هاوسەرەکەی ــ کامەیان ئەو بیانۆیە لۆژیکانە لەخۆ دەگرن تا شو بە خورشید بکات؟

کوشتنی ئەمین بەگ باری سورمەخانی خراپتر کرد بۆ ئەوەی چارەنووسی بکەوێتە بەختی خورشید و کەوتە هەلوێستێکی لەجاران دژوارتر، چونکێ نەك لەبەر ئەوەی کە مەودای نێوانیانی دوور خستۆتەوە ( بەهۆی هەلاتنی بۆ هەرێمەکەی حوسێن بەگ )، بەڵکو لە ئەنجامی شکانەوەی لایەنە خراپەکانی ئەو هەلانەی کە تێی کەوتبوو بەسەر خۆی و لایەنە چاکەکانیشی بەسەر ئەمین بەگەوە، ئەمەش بە ئاراستەی ڕاکێشانی سۆزی گوێگر بۆ خۆی و شێوەنکردنی بۆ باوکی بوو کە لەو چۆل و دەشتاییەدا دەسووڕایەوە و بۆ بێبەختی خۆی دەگریا.

گومانی تێدا نییە، نمایشەکە لە حاڵەتی هەلاتنی سورمەخان و خورشید، یان لە حاڵەتی پەنابردنی بۆ کوشتنی باوکی، هەر کۆتایی پێ دەهات، وەلێ سەرکەوتنی نمایشی شانۆیی پەیوەست بە درێژی ئەو کاتە نییە کە دەیخایەنێت. سەرکەوتنەکەی بە پلەی یەکەم پەیوەستە بە باوەڕ پێ هێنانی وەرگر و بینەرەکانی بەهۆی ئەو ئەو شتانەی کە لەسەر شانۆکەدا ڕوودەدەن و هەڵدەسووڕێن. ئاخر کوشتنی باوك حاڵەتێکی دەگمەن و سەیر نییە، ئەگەر ئەو حاڵەتە لەگەڵ ڕەوتی ڕووداوەکان و پەرەسەندنە لۆژیکییەکەی گونجاو بێت.

ئەدی ئۆدیب لە شانۆگەری (ئۆدیب وەك پاشایەك)ی سۆفۆکلیس باوکی خۆی نەکوشت؟ ئەدی دێمیتری لە ڕۆمانی (برایانی کارامازۆف)ی دۆستۆفسکی باوکی خۆی نەکوشت؟ ئەدی لە شانۆگەرییەکەی شەکسپیردا هاملێت مامی خۆی نەکوشت کە لە هەمان کاتدا باوکیشی بوو بەو پێیەی دایکی مارە کردبۆوە؟

بە شوێنکەوتنی دەرهێنەر بەدوای ورد و درشتی بابەتەکانی نێو ئەفسانەکە بە مەبەستی بەرز گواستنەوەی کردارەکانی لە کردارێکەوە بۆ کردارێکی دیکە، وای لە کەسێتییەکانی ناو نمایشەکە کردووە کە تووشی بارێکی دژوار بێن، لە هەموو ئەو حاڵەتانەی کە کردارەکەی تێدا تازە دەبێتەوە. هەر ئەمە لە سەر ئەو کردارەش جێبەجێ دەبێ کە بە دوای کردارەکەی دواتردا دێت.



www.mukiryani.com

ئەوەش بە هۆی ئاماژە پێدانی حوسێن بەگ بۆ کوشتنی (سەنانین)ی کوڕی، چونکێ لە لایەك شەڕی بە سورمەخان فرۆشتوە و دەرکردنی سورمەخان لە لایەن زولڤانەوە لە لایەکی دیکە. هەرچەندە ئەم دوو کردارە تێکەڵ بە یەکتر بوونە، لێ هەردووکیان لە واقیعدا یەك کردارن. کرداری یەکەمیان وەك دەروازەیەکە بۆ دووەمیان، دووەمیشیان بەمەبەستی پاڵدانی کارەکەیان بەرەو کرداری دوای خۆی کە ئەویش دەرکردنی سورمەخان و هەلاتنیەتی بۆ چۆڵەوانی و گەیشتنیەتی بە خورشید. جا بەو ڕادەیەی کە کرداری دووەم وەك کاردانەویەك هاتووە بۆ کرداری یەکەم و بابەتیبوونەکەی، هەروەها لە سەر بنچینەی ئەوەی کە هەرگیز حوسێن بەگ ناتوانێ سورمەخان دەربکات بە هۆی خەسڵەتە زانراوەکانی، ئەوا شتێکی سروشتیە کە زولڤان سورمەخان دەربکات، کە ئەمەش بێگومان تێبینیەکی ژیرانەیە بۆ دەرهێنەر. بەلاّم ئەگەر کاردانەوەی ئەو کردارە بە سەر حوسێن بەگەوە بێت و وەك سزادانێك زللەیەك لە کچەکەی بدات لە کاتێك ئەو خۆی ئاماژەی دابوو بۆ کوشتنی کوڕەکەی بەهۆی ڕەفتارە مندالاّنە و سەرەڕۆکانی، ئەوا من وای بۆ دەچم ئەو بیانۆیەیە پێویستی بە چەندان مەرجی باوەڕهێنەر هەیە، ئەمەش بە پشتبەستن بە ڕەوشتە جوانانەی کە حوسێن بەگ هەیبوو لە پیاوەتی و دادپەرستی و یەکسانی بەو سیفەتەی بەهۆی سورمەخانەوە شەڕێکی سەختی لە گەڵ موشیراغا کرد. جا بە پشتبەستن بە کۆی ئەو هۆکارانە، سەرباری کوشتنی تاکە کوڕەکەی کە هەر بەهۆی سورمەخانەوە بوو، ئایا ڕێی تێدەچێ بە تاکە زللەیەك لە بناگوێی کچە لێی خۆش ببێ، لە کاتێك هەڵەکەی زولڤان لە هەڵەکەی سەنانین کەمتر نەبوو؟

وەرگر لە نێو ئەو شەڕ و ململانەیەدا زیاتر سۆزی بۆ حوسێن بەگ دەچێ، بەلاّم نە جوامێری و نە دادپەرستی نە یەکسانیش وا لە کەس ناکەن بچێت کوڕەکەی خۆی بکوژێت، گوایە ڕەفتارێکی مندالاّنەی نواندووە، ئاخر سورمەخان وەختێ داوا لە حوسێن بەگ دەکات تا ئامۆژگاری کوڕەکەی بکات، هەوڵی دەدا گفتوگۆکانی بەو ئاراستەیەدا ببات.

بەلاّم بۆ ئەوەی پێویست بێت سورمەخان دەربکرێت بۆ ئەوەی لە شوێنێکدا بە خۆشەیستەکەی بگات و لەوێ بمرێت، ئەوا پێویستە کوشتنی سەنانین بکرێتە بیانۆیەك بۆ ئەو دەرکردنە، بۆیە دەرهێنەر ناچار بووە هەمان ئەو بیانۆیە بڕوانەهێنەرانە بهێنێتەوە کە کرداری کەسێتییەکانی بەڕێوە دەبەن و ئەوەندە نابات بە مەبەستی گواستنەوە بۆ کرداری دواتر بە هەڵەشە و کەمتەرخەم ناوی دەنێت، ئەمەش بە پێداگریی سورمەخان لەسەر گوتنی ئەو ڕاستییەی کە سەنانین شەڕی پێ فرۆشتووە، هەرچەندە زۆر چاك زانیویەتی ڕاستبێژییەکەی ئەم، سەنانین باجەکەی دەدات کە ئەویش ژیانییەتی.



www.mukiryani.com

# دەرەختی دارتوو

**نواندن و دەرهێنانی: گەزیزە عومەر**

ئەرکی هونەری لە نمایشکردنی هەر شانۆگەریەکدا ئەوکاتە دێتەجێ و مەبەستەکەی لە گەیاندنی بابەتەکەی دەپێکێ، ئەگەر نمایشەکە بتوانێ سەرنجی وەرگر بۆ لای خۆی ڕاکێشێ و بەلای ئەو ئامرازانەدا گرێی بدات کە ئەکتەرەکە مامەڵەیان لەگەڵ دەکات، بە جۆرێك پاساو دەداتە بەکارخستنی ئەو وشانە لە بینایە هونەرییە بتەوەکەی نێوان هەردوو ڕەگەزی (شێوە و ناوەڕوك) بە ئاڕاستەی مامەڵە پێکردنی لە گەڵ ئامرازانەی (مفردات) نمایشی شانۆیی لەو سنوورەی کە بۆی دەلوێ. ڕەنگە ئەو سەرکەوتنەی کە شانۆگەری (دارتووەکە) بەدەستی هێنا، لەو بنمایەدا خۆی ببینێتەوە، واتە بنەمای توانینی ڕاکێشانی پردێك لە تێکگەیشتن و پەیوەندی پتەو لە نێوان کەمترین ڕادە لە بەکارهێنانی وشەکان (مفردە) بە ڕەمز و هێماگەلێك کە پەیوەست بن بە بیرۆکەی دەقەکەوە.

دەرهێنەر پێشوەخت درکی بەوە کردووە کە چارەسەری بابەتێکی هەستیاری وا دەکات، پەیوەندی بە هەڵچووترین سۆزی مرۆڤەوە هەیە. بۆیە لە مامەڵە کردنی لەگەڵ وشە سروتهێنەکاندا پەنای بۆ گەمەی شانۆیی بردووە بۆ ئەوەی بەشێك لە هەستی وەرگر بمژێت و لە ختووکەدانی سۆزی ئازادی بکات و هەڵوێستێکی دروست و ڕێك وەرگرێت، بە جۆرێ لە حوکمدانی لەسەر مەودای بەرجەستە بوونی کرداری (فعل) شانۆییەکەدا پشت بە عەقلانیەت ببەستێت و کردارە شانۆییەکان بە شێوەیەکی وا بەکار بێنێت کە لەگەڵ چاوەڕوانی دایکەکە بۆ کوڕە بزربووەکەی پاساودار و باوەڕهێن بن.

درەخت لە پێشەوەی کەرەسە بەکارهێنراوەکاندا دەوەستێ، بۆ ئەوەی بەشی هەرە زۆری فەزای شانۆگەرییەکە داگیر بکات، بەو پێیەی لە نێو دەقەکەدا پەیوەندیی بە زێتر لە مەدلولێك هەیە. ئەو درەختە وا ناسراوە کە بتەو و ڕەق و تەمەن درێژە و و بەرگەی گشت بارو دۆخێکی سەخت دەگرێت و ڕەگی لە قولایی خاکدا چەسپیوە، وەك ئەو کوڕەی ئێستاکە بزرە و لە زەینیشدا وەك منداڵێکی زیت و زیرەك ئامادەیی هەیە.

ڕووی لەیەکچوونی نێوانیان دەگاتە پلەیەك کە دەڵێی ئەو درەختە ڕووی دووەمینی ئەوە، ئەگەر کتومت خۆی نەبێت، ئەمەش بەڵگەیەکە بە درێژاییی نمایشەکە هێما بۆ ئامادەبوونی کوڕە دەکات هەرچەندە



www.mukiryani.com

لـەوێش نییـە. دەبیـنین وەك پاڵـەوانێك ڕۆڵـی ئـەو دەبینێـت، ئەمەشـیان لـە نێـو ئـەو دیالۆگـە دوو لایەنەیـە دەردەکەوێت کە ئەکتەر لەگەڵ جەماوەر و درەختەکـەدا دەیکـات. درەختەکـە نـەك هـەر تـەنیا ڕەمـزی کـوڕە بزرەکەیـە، بـەڵکو دەرهێنـەر پـەنای بـۆ بـەکارهێنانی گشـت ئامرازەکـانی نمایشـی شـانۆیی بـردووە کـە بـەو ئاڕاستەیە دێن، هەر لە جەماوەرەوە بگرە تا دەگاتە چرا و ژوورەکەی سـەرەوە و دەرگـای دەرەوەی هۆڵەکـە کـە بەسـەر شـەقام و کۆلانـەکانی شـاردا دەڕوانێـت. ئیـدی کەشـێکی شـانۆیی وای بـەرپا کـردووە کـە حاڵـەتی چاوەڕوانی بە گەڕانەی کوڕە و بەیەکگەیشتنەوەی لەگەڵ دایکی تێدا زاڵـە. ئـا ئـەوەتا کـوڕە بـەر لـە کۆتـایی نمایشەکە لە شێوەی تیشکێکی هەڵچوو لە ژێر درەختەکە بەرز دەبێتەوە و وەك فریشـتەیەکی پـاك بەسـەرماندا دەفڕێت.

لێرەدا ئامرازی درەخـت ڕۆڵێکـی بنچـینەیی لـە بەرجەسـتەکردن و گەشـەپێدان و پێشخسـتنی کـرداری شانۆیی دەبینێ تا دەیگەیەنێتە لووتکە. لـە نێـو ئـەو پرۆسـەیە لـە بەرزهەڵچـوونی درامـایی بـە دوای ئـەوەدا گەڕاوم شێوەکانی کەرەسەکانی وەك ژووری قاتی سەرەوە و چـرا و دوو پەیژەکـەی کـە بـۆ قـاتی دووەم دەچـن، بدۆزمەوە.

خـۆ ئەگـەر ژوورەکـەی قـاتی سـەرەوە سـەبارەت بـەو وەرگـرەی لـە هـۆڵی نمایشـکردندا دانیشـتووە، گێرسانەوەی منداڵێتی کوڕە بزرەکە بنوێنێ و هێمایەك بێت بۆ بەرزی و بالاییەکەی، ئـەوا هـەردوو پەیژەکـەی کە بۆ ژوورەکە سەردەکەون دەبنە ڕەمزێك بـۆ مێـژوو و درێژبوونەوەیـەك لـە نێـوان ڕابـردوو و ئێسـتادا، نێـوان منـداڵێتی و گەنجێتییەکـەی، نێـوان بێگونـاهی و خەوشـەکانی، نێـوان کاڵفامییەکـەی و پێگەیشـتنەکەی. چـراکەش تـەنها ئـەو تیشـکەیە کـە هـاوڕێی کـاروانی ژیانـە ڕوونەکـەیەتی کـە بـە جـوانترین شـێوە لەلایـەن دایکییەوە بەکار هاتووە، وەختێ لە ئامێزیدا بە سینەی خۆیـەوەی دەنـێ و ئانیشـکی بـۆ دەکاتـە بەربەسـتی سەری. ئەمەیان نیشانەیەکە بۆ هاوبەشیکردنی دوو مەدلوول پێکەوە لەو پێکهاتـە پـڕ لـە جوانییـە سـادەیە، مەدلوولێکیان هێمای گەڕانەوەمان دەداتێ بۆ لانەی منداڵێتی، ئەویدیکەشیان ئاماژەیـە بـۆ مێـژووی ڕابـردوو و ئێستاکە.

لەوانەیە نهێنی درەوشانەوەی ئەو نمایشە لەوەدا خۆی حەشاردابێت کـە توانـای ئـازادبوونی لـە پرۆسـەی ئاخافتن و دیاردەی شاراوە و سۆز هەبێت و نەخلیسکابێتە ناو ڕاپۆرتە وەرسـکار و ڕاسـتەوخۆکان. ئەمـەش لـە ڕێگەی پشت بەستن بە بەنامۆکردنی (تغریب) برێختی و پاکسازیی ئەرسـتۆیی، لـە ڕێگـەی بەزانـدنی دیـواری چوارەم و وروژاندنی مێشکی وەرگر و هاوبەشیپێکردنی لە گەمەی شانۆگەرییەکە لـە بەرنامـەی یەکەمینیـدا و بیخاتە حاڵەتێکی ناجێگیر و ڕاڕا کە بە هەناسەی سوارەوە گرێدرابێت لە بەرنامەی دووەمیندا.



www.mukiryani.com

# دادگاییکردنی جەماوەر له شانۆگەریی (سالێری و مۆزارت)

**دەرهێنانی: فوئاد جەلال و کەریم عوسمان**

ئەگەر نمایشێکی شانۆیی چاك و جیاواز و چێژبەخش هەبێت لەو حەفت نمایشەی کە لە یەکەمین میهرەجانی شانۆیی لە شاری هەولێر لە ماوەی ٦ ـــ ١٠ی/ ١٩٨٨/١١ پێشکەش کران و لە لایەن ڕەخنەگر و ڕۆژنامەنووسان و هونەمەندان و ئەوانەی بایەخ بە جولانەوەی هونەری دەدەن، گفتوگۆ و دیالۆگێکی زۆری لەسەر کرابێت، ئەوا نمایشکردنی دەقێکی نووسەری ناوداری ڕووسی (پۆشکین)ە بە ناوی (سالێری و مۆزارت) کە هونەرمەندان کەریم عوسمان و فوئاد جەلال بە دەرهێنانی هەستابوون، یەکەمیان لە ژێر ناونیشانی (ژەهراوی) و دووەمیشیان بە ناونیشانەکە ئەسڵەکەی خۆی (سالێری و مۆزارت) و هەر یەکەیان لە نمایشێکی سەربەخۆدا و بە پێی دیدێکی دەرهێنەرانەی سەربەخۆ ئەنجامدران. بینەرانی ئەو دوو نمایشە بریتیبوون لە دەستەیەکی هەڵبژاردە لە ڕۆشنبیران و بایەخداران بە بزوتنەوەی شانۆیی بە بێ بەشداریکردنی جەماوەری ئاسایی کە لە کاتی هەردوو نمایشەکەدا لە بەر دەرگای هۆڵەکە کۆبوبونەوە و وا چاوەڕێ دەکرا کە هاتنە ژوورەوەیان کۆسپێکی گەورە لە بەردەم بەردەوامبوونی نمایشەکە بخولقێنێ.

ڕەنگە ئەمە یەکەمجار بێت شانۆگەرییەك لە شاری هەولێر لە ژێر دیسپلین و ڕێسایەکی دیاری کراودا پێشکەش بکرێت و بەپێی چەند مەرجێکی پێشوەخت بەڕێوە بچێت. خۆ ئەگەر فوئاد جەلال بینەرانی شانۆگەرییەکەی ناچار کردبێت کە جلی تایبەت بە پیاوانی دادگا بپۆشن، ئەوا کەریم عوسمان ناچاری کردبوون بەسەر پەیژەکاندا سەرکەون و شوێنی تایبەتی بۆ دانیشتنیان ئامادە کردبوو.

جا بەو ڕادەیەی کە هەریەکەیان بیانۆی شاراوەی خۆی هەبوو لە هاوبەشی پێکردنی جەماوەر لە نمایشەکە یان وای لێ کردبوون ببنە بەشێکی، لە نمایشی یەکەمیندا، لە ڕێگەی دانیشاندنی جەماوەر بە شێوەیەکی نیوە بازنەیی بە شێوەیەك لەگەڵ دەنگی چەند پارچە سەمفۆنیایەك شوێنی



www.mukiryani.com

مۆزیکژەنەکانیان گرتبۆوە و پاشان لە دوای تەواو بوونی نمایشەکەش دادگاییکردنیـان بـە شـێوەیەکی ئاشـکرا و چـاوەڕواننەدەکراو. ئیـدی بـەم چەشـنە وایـان لـە بینـەران کردبـوو ببنـە بەشـێك لـە شـانۆگەرییەکە. وەلـێ لـە شـانۆگەری دووەمـدا، پاسـاوی دابەشـکردنی جـەماوەر لـەو شـوێنە تایبەتییانەی کە پێشتر بۆیان ئامادەکرابوو، تەواو پێچەوانەی بۆچوون و پێشـبینییەکانی دەرهێنـەر دەرکەوتن. چونکێ لێرەدا ئەکتەر بەدوای جەماوەردا هەناسەسوار دەبێت، لە جیاتی ئەوەی جەماوەر بە دوای ئەکتەردا هەناسەسوار بێت و لە گەمەکانیدا بەشداری بکات. جا بـڕوای فوئـاد جـەلال وایـە کـە ئـەو شـانۆگەرییە جیهانێکـە بـۆ سـەمفۆنیایەکی گشـتگر کـە بـە هـۆی سیسـتەمێکی جـەبری ئەندازانەی دروست ئاوازدار ڕێکخراوە. وەلێ کەریم عوسمان پێی وایە کە ئەوە ململانێیەکە لە نێـوان هێزی چاکەخواز و شەڕخواز. ئەم دوو بۆچوونە لەسەر بنەمای تێگەیشتنێکی ورد لە ئەدەبی شیعر و ڕۆمانی پۆشکین بە شێوەیەکی گشتی و ئەو شانۆگەرییە بە تایبەتی بونیات نەنراون.

ڕاسـتە کـە کاریگەرییـەکانی شەکسـپیر بـە تـەواوی لـەو شـانۆگەرییەی پۆشـکین و ئـەوانی دیکەشییەوە دیارە، بۆ نموونە (بۆریس گۆدۆنۆف) و (هاملێت). لەو شانۆگەرییەدا کەسـێتی سـالێری وەك کەسێتی ماکبێس وایە، لێ سالێرەکەی پۆشکین لەوەدا لە ماکبێسی شەکسپیر جودایـە کـە بـەر لە هەموو شتێك هونەرمەندە، پـێش ئـەوەی هـەنگاو بـۆ ئـەو کـردارە تاوانکارییـە چـەپەڵە باوێـت، هـەروەها لێـرە لـە دوودڵـی و ڕاڕاییەکـەی لـەوەی مـۆزارتی ژەهرخـواردی بکـات، لـە دوودڵـی و ڕاڕاییەکەی هاملێت نێزیکترە لە خۆشویستنی ئۆفیلیا نەك کوشـتنی مامەکـەی، ئەمـەیان ڕقێکـی شاراوە بۆ شەڕ و تاوانکاری لە بەرامبەر مۆزارتدا نەبوو بەقەدەر ئەوەی حاڵـەتێکی پـڕ لـە ئیرەیـی و دوودڵی بوو کە بە هۆی شکۆداریی ژیانی مۆزارت و لاوازی و بچووکی جەستەی خـۆی لـە بەرامبـەر ئەو زەبەلاحەدا دروست ببوون.

ئـەو شـانۆگەرییە لـە ناوەرۆکـدا لـە گەمەیـەکی سـازدراو نێزیکـە و پۆشـکین خـۆی بـۆ ئـەو چارەنووسە ئاڕاستەی دەکات کە هەردوو کەسێتییەکەی تووشی دەبن. ئـەوان هـەردووکیان بەشـداری گەمەکە دەکەن و پێشوەخت بـە هـۆی ئـەو ئـاوازە ماتەمبەخشـە هەسـت بـە ئەنجامـە ناخۆشـەکانی دەکەن کە مۆزارت بۆ تارماییەکەی دادەنێت، وای دادەنێ کە تا دوا چرکە لە چرکەکانی ژیـانی بـۆ خـۆی بیـژەنێ. ئـا ئـەوە سـالێرییە لێـی دەپاڕێتـەوە کـە جامـە ژەهراوییەکـە نـۆش نـەکات و لـە ڕەفتارەکانی خۆی پەشیمانە، وەلێ مۆزارت گوێ بە پاڕانەوەکەی نادات هەرچەندە هەستی دەکرد کە ئەوەی دەیخواتەوە ژەهراوە، چونکێ بـاوەڕەی وابـوو کـە مـرۆڤ دوای ئـەوەی کـارێکی مـەزن و جـوان پێشکەش دەکات شایەنی ئەوەیە بمرێت. ئاخر ژیان پارچە هونەرێکی گرانبەهایە و سەمفۆنیایەکە لـە



www.mukiryani.com

سەمفۆنیا نەمرەکانی مۆزارت. جا ئەگەر ئەو ماڵئاوایی لێ دەکات، ئەوا یەکێکی دیکە هەیە ئەو شوێنە بگرێتەوە، ئیدی بەو جۆرە ژیان بەردەوام دەبێت و بە هۆی بەرهەم و داهێنانی ئەوانی تر ناپسێتەوە. بۆیە خەڵقکردنی هەر جۆرە کەشێك هێمایەکە بۆ ئەوەی ئەو شانۆگەرییە لە چوارچێوە گشتییەکەیدا شانۆگەرییەکی ڕۆمانسییانەیەو لە دەرهێنەری تاچار کردووە کە بە هەستێکی ناسکی وا مامەڵە لەگەڵ وشەکانی نێو نمایشە شانۆییەکە بکات کە لە هونەری مۆزیك و حەدەسە هونەرییەکانی مۆزارتەوە زێتر پەیوەست بێت، وەك لە دنیای ئەدەبی پۆشکین، بە ڕادەیەك زیاتر بەدوای مۆزارتدا دەگەرێت لە پۆشکین، وەك ئەوەی خەمی ئەو بەدیهێنانی ئامانجەکانی یەکەمیان بێت نەك دووەمیان، لەگەڵ ئەوەی لە دەربڕینی داهێنانی مرۆڤ مۆزارت حاڵەتێکی گشتییە و بۆ شکۆداری و پایەداربوون و نەمریی مرۆڤی داهێنەر حاڵەتێکی گشتی نییە.

هەرچەندە لە بەرجەستەبوونی ئەو حاڵەتە هەریەکە بە پێی چۆنییەتی دەرهێنانەی خۆیەتی، یەکەمیان بە بەردەوامبوونی پەنجەکانی مۆزارت بە ژەنینی ئاوازە ماتەمگێرییەکەی و دووەمیان لە ڕێگەی لەخاچدانی مەسیح، لێ ئەو کەشە گشتییەی کە هەردوو نمایشەکە هێمای بۆ دەکەن لە یەکەمیاندا ڕووداو ڕۆمانسیانە خۆی دەنوێنێ و لە دووەمیشیاندا نارێکی و پەشێوی پێوە دیارە.

جا ئەگەر هەر یەك لەم دوو دەرهێنەرە شیکردنەوەیەکی تایبەتی خۆی هەبێت بۆ ئەو دەقە و جیاواز بێت لە دید و تێگەیشتنی ئەوی دیکە، بە تایبەتی لە بەرجەستەکردنی کەسێتی سالێری، ئەوا هەردووکیان لە زیاتر لە لایەنێك بەیەك دەگەنەوە لە چۆنیەتی مامەڵەکردنیان لەگەڵ ئەو ئامرازە هونەریانەی کە لە نمایشەکەدا بەکاریان هێناوە، وەك فەزای بەرفرەوان و زۆری ژێیە مۆزیکییەکان و بەکارهێنانی لە مۆزیکێکی نەشاز. جا بەو ڕادەیەی کە یەکەمیان لە ڕێگەی دیمەنە سەرەتاییەکە کە دەربڕی غەریزە شاراوەکانییەتی، ڕەهەندێکی سایکۆلۆژی داوەتە سالێری ، ئەوا دووەمیان بە هەمان ڕادە ڕەهەندێکی کۆمەڵاتی پێ بەخشیوە کە ڕق و کینە شاراوەکانی لەو ناوەندە وەرگرتووە کە تێیدا ژیاوە و وا دەزانێت کە ئەمە ئەو ناوەندەیە نایەڵێت بگاتە شکۆدارییەکەی مۆزارت و مەزنییەکەی. ڕەنگە ئەمەیان ئەو تێگەیشتنە بێت کە دووەمیانی وا لێ کردووە کەسێتی سالێری، بە بەراوورد لەگەڵ کەسێتی مۆزارت، بە شێوەیەکی شەڕخوازانە بەرجەستە بکات و بایەخێکی زۆرتر بەو کەسێتییە بدرێت، بەڵام یەکەمیان وای بەرجەستە کردووە وەك ئەوەی کەسێتییەکی تەواوکەری کەسێتی مۆزارت و سێبەری ئەو بێت.

تەوژمی ئەو جولەیەی کە بە سالێری دراوە و هەموو ئەو نواندنە نارێکانەی ئەنجامیداون، لە لایەن جەماوەرەوە هاوسۆزییەکی پێ بەخشی، ئیدی دووەمیان لەبیر نەما کە پێدانی ئەو ڕۆڵە بە



www.mukiryani.com

هونەرمەند (سەلام کۆیی) باڵا کورت، لە دەرئەنجامی ئەوە هاتووە هەتا بەراووردێك لە نێوان درێـژی باڵایان بکرێت، درێژی باڵای مۆزارت و سالێری، کەریم عوسمان و سەلام کۆیی. کورتەباڵایی سـالێری لە بەرامبەر مـۆزارت، بـە پێچـەوانەی ئـەو فەزایـە سـنووردارە بـوو کـە بـە سـالێری و ئـەو فەزایـە بەرفرەوانەش بوو کە بە مۆزارت درابوو، ئاخر قەبارەی فەزاکان بە شـێوەیەکی چـاك بەکارنـەهاتبوون بۆ ئەوەی یارمەتی جەماوەر بدات کە لە شوێنی خۆیەوە دیمەنەکان ببینێت. جـا دەرهێنـەر ناتوانێـت بە پێی لێکدانەوە و ئارەزووی تایبەتی خۆی هەموو ئـەو بۆچـوونانەی کـە لـە هزریدانـە و بـە نیـازە ئەنجامی بدات بیگەنێتە زەینی وەرگر، ئەگەر ئەو بۆچـوون و نیازانـە لـە ئاسـتی هۆشـیاری وەرگـردا نـەبێت. چـونکێ هونـەر، بـە تایبـەتی شـانۆ، مەتـەڵێکی شـاراوە نییـە هـەتا وەرگـر هـەوڵ بـدات نهێنییەکان و لایەنە بزرەکانی هەڵبێنێ، بـۆ ئـەوەی یەکـەمیان لـە بـەردەم ئـەو تاقیکردنـەوە گرانـە دابنێت لە دروستکردنی فەزایە شانۆییەکەی لە سەر شـێوەی ژمـارە (٨)ی ئینگلیـزی، لەسـەر ئـەو بنچینەیەی کە بەشی لای سەرەوەی بۆ جولەی سالێری و لای خوارەوەشی بۆ جولـەی مـۆزارت بێـت، بە دانانی وەرگر لە بەشی لای سەرەوەی ئەو ژمارەیە، زۆربەی ئەو دیمەنانەی کە لە دەستە چەپیەوەن لێی پەنا دەدرێت، ئیدی بەشی خوارەوەی ژمارەکە وا لێ دەکات زیاتر لە نیوەی فەزایـە شـانۆییەکە داگیر بکات.

بە هەرحاڵ، هەر چەندە لە بارەی ئەو دوو نمایشە جوانەوە بگوترێت، ئەوا هەر بـە نیشـانەیەکی درەوشاوە لە جەستەی شانۆی کوردی دەمینێنەوە و ڕووناکییەکی داگیرساون بـۆ بەرچـاو ڕوونـی ئـەو هونەرمەنـدە گەنجانـەمان کـە هـەوڵ دەدەن شـتی تـازە لـە شـانۆی کـوردی دابهێـنن و هەنـدێ لـە دیمەنەکانیان لە مێشکماندا هەر دەمینێتەوە...



www.mukiryani.com

# نمایش لە گەشتی حەسەندا

**نواندن و دەرهێنانی: کامەران ڕەئوف**

هەروەك لە گۆرانی (توم)ی چیخۆف، بە هەمان شێوە لەو شانۆگەرییەشدا کامەران ڕەئوف دەقێکی شانۆیی هەڵدەبژێرێت کە بە پلەی یەکەم پشت بە تواناداری نواندنی تاکە کەسەوە دەبەستێ و تێیدا تاکە ئەکتەرێك ڕۆڵی چەندان کەسێتی دەبینێت، ئەمەش بە پەیڕەوکردنی میتۆدی ستانسەلافسکی لە هونەری نواندندا، یاخود ئەو شتەی پێی دەڵێن حاڵەتە زەینییە خولْقێنەرەکەی ئەکتەر بنچینەیەکە بۆ نواندنەکەی، ئیدی دەرهێنەر لە شانۆگەری گەشتی حەسەندا کۆمەڵێك توخمی لەو میتۆدە بەکارهێناوە.

ئەوەی ستانسەلافسکی پێی دەڵێت (کرداری تێپەڕ)، لە پێشەوەی ئەو توخمانەوە دێت. واتە ئەکتەر بزانێت چۆن هزرێکی باو بکاتە هزری خۆی، واتە مانایەکی تێدا بدۆزێتەوە لە ناخەوە لە ڕۆحی خۆی نێزیك بێت، ئیدی بەمە پرۆسەی دۆزینەوەی هزری باو دەبێتە دەستەواژەیەك ئەکتەرەکە خۆی بە دیاریکردنی هەڵدەستێت، چونکێ ئەو دەستەواژەیە مانایەك دەبەخشێتە سەر شانۆگەرییەکە و ئاڕاستەکانی.

گەوهەری ئەو بیرۆکەیەی کە کامەران بۆ بەجێهێنانی چەند یاسایەکی دیارکراو لە میتۆدی ستانسەلافسکی لە بارەی نواندنەوە پەیڕەویی لێ کردووە، پێشتر هەمەنگوای لە ڕۆمانی (پیرەمێرد و دەریا) هێنابوویە گۆڕێ. ئەو بیرۆکەیە دەڵێت: دەشێ مرۆڤ بیدۆڕێنێت وەلێ نابەزێنرێت، ئیدی ئەو بیرۆکەیە بەسەر گشت ئەکتەرەکانی شانۆگەرییەکە پەخش دەبێت هەر لە (حەسەنی موهەڕیج)ەوە تا (عەلی دەریاوان) و (سەلامی مۆزیکژەن) و (ئیبراهیمە شێت).

هیچ هونەرمەندێك نییە ئەو بیرۆکەیە دڵخۆشی نەکات و پێی سەرسام نەبێت، بەو ئاڕاستەیەی کە حەز دەکات لە چوارچیوەیەکی هونەری وا دایڕێژێتەوە، لەگەڵ ئەو جۆرە ڕێبازەی نواندن و دەرهێنانە بگونجێت کە پێی وایە باشترین ڕێگەیە بۆ دەستەبەرکردنی سەرکەوتن و



www.mukiryani.com

تەقاندنـەوەی وزە و تواناکـانی خـۆی. بـەڵام دەسـتەبەرکردنی حـەز و نیازەکـان لـە میتـۆدی گشـتگرانەی تیۆرەکـەی ستانسەلافسـکی بـە توانادارییـەکی جیاکـار مەرجـدارە لـە نوانـدن و پەیوەستبوونی ئەکتەرەکە بە بیرۆکە باوەکە لە ڕووی سۆز و هزرەوە.

من بڕوام وایە هەڵبژاردنی کامـەران بـۆ ئـەو دەقـە لـە باوەڕهێنـانی بـەو سەرچـاوە سـۆزدار و فکرییەوە هاتووە کە ئەوساکە باو بووە و دەڵێت: دەشێ مرۆڤ بیدۆڕێنێت وەلـێ نابـەزێنرێت. تـوخمی دووەمیـان لەگـەڵ حاڵـەتی زەیـنی ئەکتـەر لـە ئـازادبوونی تـەواوی جەسـتە و خاوبوونـەوەی ماسـولکەکانییەوە دێـت. کامـەران تـا ڕادەیـەکی زۆر لـە بـەکارهێنانی نـەرمونیانیی جەسـتەی بـۆ هەڵمـژینی ئـەو کەسـێتییەی کـە نمایشـی دەکـات و گواسـتنەوەی لـە ڕۆڵێکـەوە بـۆ ڕۆڵێکـی دیکـە سەرکەوتوو بووە. هەروەها زیرەکانە سەلماندوویەتی کە نواندن بریتییە لـە کۆمـەڵێك جولـەی خـۆکرد کە ئەکتەر بە شێوەیەکی میکانیکی پێی هەڵدەستێت، بەقەدەر ئـەوەی کـە بەشـێکە لـە پاسـاودانی ناخی خۆی و لە چالاکییەکانی مێشك بـە وەرگرتنـی خـووی خاوکردنـەوەی ماسـولکەکان پەیوەسـت دەبێت بە هۆی ڕاهێنانی ڕۆژانە بە شێوەیەکی ڕێك و دروست لە سەر شانۆ و لە دەرەوەی شانۆ.

ڕەنگە کامەران لە بەرجەستەکردنی ڕۆڵەکان هەر یەکەو خەسڵەت و ڕەهەندی خۆی پێ دابێـت و لێـك جیـاواز بـن، ئەمـەش لـە ڕێگـەی پشتبەسـتن بـە جولـەی جەسـتەیی و نەرمونیانییەکەیـدا دەردەکەوێت، هەروەك لە ڕۆڵی عەلی پیرە دەریـاوان و ئیبراهیمـە شـێتدا دیـارە. هـەروەها لەوەشـدا دەردەکەوێت کە بە درێژایی نمایشەکان چەق دەبەستێتە سەر پنتێکی دیارکراوی سەر شـانۆ، هـەروەك لە سەلامی مۆزیکژەنڕا دیارە. ئیدی ئەمە باشـترین بەڵگەیـە کـە هونەرمەنـدی بـە توانـا دەتوانێـت سەرنجی وەرگر بە خۆیەوە گرێ بدات بەبێ هاوکاری ئەکتەرانی دیکە.

ستانسەلافسکی دەڵێت: ئەزموون فێری کردوومە کە ئەکتەر خۆی بە تەنیا دەتوانێـت سـەرنجی جەماوەر بۆ ماوەی حەفت خولەك بۆ خۆی ڕاکێشێت، ئـەو کاتـەی دیمـەنێکی زۆر گـرنگ پێشـکەش دەکات ــ ئەمە بەرزترین ماوەیە کە لە توانای هونەرمەندا هەبێت ــ، بەڵام لـە دیمـەنێکی ئاسـاییدا ئەو ماوەیە لە یەك خوولەك تێناپەڕێت کە بێگومان ئەمەش ماوەیەکی زۆرە.

هەروەها دەڵێت: تکایە تێبینی ئەوە بکەن کـە ئـەم حاڵەتـە تـەنها ئەکتـەرە بـەهرەدار و بلیمەتەکان دەگرێتەوە.

وەختە بڵێم ئەمەیان تەواو لەسەر گشت ئەو دیمەنە تاکە کەسیانە جێبەجێ دەبێت کە کامـەران لەو شانۆگەرییەدا بە نواندنیان هەڵساوە، لە هەوڵێکیدا بۆ ئازادبوون لەو شتەی کـە ستانسەلافسـکی



www.mukiryani.com

ناوی دەنێت (نواندنی گشتی)، ئەمەش لە ڕێگەی پیادەکردنی لۆژیك و یەکانگیری لە ڕۆڵەکانی خۆی کە بەرەو خەسڵەتی کامڵبوون بەرزی دەکەنەوە.

وەختێ کە ڕۆڵێك لە ڕۆڵەکان نمایش دەکات، زۆر کەم پەنا بۆ شێوازە ئاسانەکان دەبات، بەقەدەر ئەوەی خۆی تێدا ماندوو دەکات تا ئەو وەختەی ئەوەی لە ناخیدا هەیە دەتەقێتەوە. بۆ نموونە لە دیمەنی کوژرانی (سادق) بە دەستی (لەیلا)ی ژنی، لە کاتێکدا دیمەنێك لە شانۆگەری هاملێتی شەکسپیر نمایش دەکات، لە ڕێگەی چەند ڕستەیەك لە گفتوگۆی سواوە ناگاتە ئەو پەیوەندییە، یاخود پردی ئەو پەیوەندییەی کە لە نێوانیاندا هەیە، واتە لە نێوان سادق و لەیلا لە لایەك و هاملێت و ئۆفیلیا لە لایەکی دیکە، وەلێ بە هۆی لێهاتوویی و نەرمونیانی جەستەیی خۆی بەدوای ئەو پەیوەندییەدا گەڕاوە و ڕەمزێکی لێ دروست کردووە کە هێمای پێکهاتەیەکمان دەداتێ تا بڵێی دروست و پوختەیە، بە مەبەستی دۆزینەوەی بیرۆکە باوەکەی شانۆگەرییەکە، لە ڕێگەی پەیوەستکردنی بینەرەکانی بە یەکەوە و تەقاندنەوەیان لەو دیمەنەدا، بۆ ئەوەی سادق ببێتە ڕووی ڕاستەقینەی هاملێت، بەلام نەك هاملێتەکەی سەردەمی ئێلیزابێسی، بەڵکو هاملێتی ئەم سەردەمە، وەختێ لەژێر لێدانی چەقۆی لەیلادا دەناڵێنێ.

بەلام ئەو لایەنەی خراپەی کە لەو شانۆگەرییەدا باسی لێوە دەکرێت سەبارەت بە نواندنێك کە فرمێسك مستەفا و یاسین قادر بەرزنجی لە تەك کامەراندا هاوبەشییان تێدا کردووە ئەوەیە کە مەودایەکی یەکجار فرەوان لە نێوان نواندنی کامەران و ئەوانی دیکەدا هەیە، بەتایبەتی لە دیمەنێکدا ئاست نزمی نمایشەکەی فرمێسك بە ڕادەیەك ببووە مایەی بێزاری و دڵپەستی وەرگران، ئەمەشیان هەر بۆ تواناکانی کامەران دەگەڕێتەوە لە کارانەی کە بە تەنیا دەینواندن.



www.mukiryani.com

# شاعیرییەتی شوێن و ڕوونی ڕووداو لە شانۆگەریی (لە چاوەڕوانی سیامەند) دا

**ئامادەکردنی: شەماڵ عومەر.**
**دەرهێنانی: میدیا و نیگار.**

ئەو پرۆسە دەرهێنانەی کە هونەرمەند شەماڵ عومەر ئەنجامی داوە و تێگەیشتنی ئەو لە بایەخی ئەو تاقیکردنەوەیەی کە کاری تێدا دەکات، لە پێشەوەی ئەو هۆکارانەن کە دەبنە مایەی بالأبوونی ئەو نمایشە بۆ ئاستی ئەو نمایشانەی لە شانۆی کوردیدا پێگەیان هەیە. واتە ئەزموونی پرۆسەی ئامادەکردنی سروودێکی کەلەپووری و مامەڵە لەگەڵ کردنی بە شێوەیەکی ورد و ژیرانە، ئەمەش بە ڕێگەی سود وەرگرتن لە بەشێکی کەم لەو ڕووداوانەی کە لە شانۆگەرییەکەدا هەیە، بە تایبەتی ململانێی نێوان سیامەند و کەڵەکێوییەکە بە ئاڕاستەی گۆڕینی ئەو ململانێیە بۆ بیرۆکەی شانۆگەریەکە و بابەتە سەرەکیەکەی، بۆ ئەوەی لەو خاڵەوە زنجیرەی خەونە ڕەشە یەك بە دوای یەکەکانی (خەج) دەست پێ بکات و بە دوای (سیامەند) دا بگەڕێت کە لە لووتکەی شاخێکدا بە شێوەیەکی وا کەوتۆتە خواریَ قەدی دارە چڕەکان جەستەی گران دەکەن.

ئەو سرووده کە لە بنچینەدا لە سی کەسێتی پتر پێکهاتووە، ڕەنگە (عەبدولا ئەیوبیان) بە چڕکردنەوەی بۆ کەسێتیەك یان دووان و کۆکردنەوەی هەڵسا بێت و پاشان بەرەو دنیای خەونەکان بردبێتی، کە ئەمە کەشێکی فەنتازیای ڕوونی داوەتە نمایشەکە و بە بەراوورد لەگەڵ چیرۆکە ئەسڵیەکە و بەشانۆکردنی لەلایەن کەسانی پێش خۆی، بەرگێکی تازەی کراوەتە بەری، لە ڕێگەی گۆڕینی ڕستە ڕاستەخۆکانی دیالۆگەکە بۆ چەندان ڕەمز و هێمای قووڵ بە بەکارهێنانی کۆمەڵێك



www.mukiryani.com

ڕەگەزی سادەی نمایشکردن، ئیدی چوارچێوە تەقلیدی و باوەکانی چەمکی گۆرانییەکەی بەزاندووە و چۆتە چوارچێوەیەکی نائاسایی وا کە چەمکەکانی لە (من)ەوە بۆ (ئێمە) هەڵدەسەنگێرێت.

جا لەو دیدە سەردەمانەیە لە بەشانۆکردنی گۆرانی، وەختێ لە پارچە هونەرێکی مەزنی چامەیەك یا پارچە سەمفۆنیایەك نێزیك دەبێتەوە، پردێك لە تێکگەیشتنی بابەتیانەی جدی لە نێوان ئامادەکار و دەرهێنەر دەخولقێنێ و توانادارییان لەسەر کێشانی هێڵەکانی دەرهێنان دیاردەکات، بێ ئەوەی پەنا بۆ نووسینی دەقێکی شانۆیی تەقلیدی ببەن، بەڵکو لەجیاتی ئەوە شتێك لە چەشنی سیناریۆ دادەنێن کە تێیدا بینەران بە پێی پلانێکی دروستی دەرهێنان دابەش دەبن، دیالۆگەکانیش لە یەك حاڵەتەوە دەبنە چەند حاڵەتێك و هەمان ئەرکی جولەکانی جەستەیی و دەنگییەکان جێبەجێ دەکەن. ئاخر لەو چیرۆکەدا کەڵەکێوی نابێتە بەربەستێك لە ڕێگەی هەلاّتنی خەج و سیامەند، بەڵکو لێرەدا دەبێتە کۆسپ و ڕەمزی وەحشێکی زەبەللاحی وا کە ناهێڵێ بگەنە مەبەستەکەی خۆیان، ئەمەش بە سوود وەرگرتن لە داستانی گلگامێش لە ململانێی نێوان وەحشەکە و گلگامێشدا، بە جۆرێك هێمایەکی بەو ململانێیە داوە کە ڕەمزی بەپیتی و خێر و بەخشندەییە و بۆ کەسێتی خەجیش نیگەرانییەکی پێوە دیارە کە لە نیگەرانییەکەی گلگامێش دەچێت، وەختێ لە چاوەڕوانی ئەوە دایە داخوا چارەنووسی بەچی دەگات، ئاخرچارەنووسی ئەو بە ڕزگارکارەکەی (سیامەند)ەوە پەیوەستە کە کەڵەکێوییەکە قۆچی لێداوە و لە لووتکەی شاخەکە بەریداوەتەوە، ئیدی خەج بە تەنیا ماوەتەوە و لە نێو کابووسی خەونە ئاڵۆزەکانیدا دەژیت.

لە خەونی یەکەمیندا کابووسەکان ڕاوی دەنێن، ئەویش بە شلەژاوییەوە هەوڵ دەدات خۆی ڕزگار بکات و لەبەر دەستی قوتار بێت تا ئەو وەختەی بەخەبەر دێت. هەروەها خەون بە عەشیرەتەکەیەوە دەبینێ کە هەموویان نوستوون. خەج زۆری حەزدەکرد دووبارە بکەوێتەوە خەوێکی قووڵ، بەڵکە خەون بە سیامەندەوە ببینێ و خەونی یەکەمینی بۆ بگێڕێتەوە کە لەو خەونەدا چەندان خەڵکی بێ قاچ و دەست و بێ سەری بینیبوو، ئەویش بە دەم گریان و هاوارەوە لە شەقامەکاندا دەڕۆیشت، وەلێ ئەمجارەیان کە دەخەوێ خەون بە سیامەندەوە ببینێ کە لە خوێندا گەوزیوە.

خەونی یەکەم لە ڕێگەی بناغە ناهەرەمییەکەی چیرۆکەکە و تێکەڵبوونی ڕاستی و ناڕاستی بەرەو دنیای فەنتازیا دەڕوات و ڕەهەندێکی تازەی پێ دەبەخشێت. ئەو خەونە لەسەر چەند مەدلوول و ڕەمزێکی قووڵ لە مانای چیرۆکەکە دەوەستێ لە سەرزەنشتکردنی عەشیرەت و ئەو کۆسپانەی دێنە ڕێی خەج و ناهێڵن گفتوگۆکانی لەگەڵ سیامەند درێژە پێ بدات، وەختێ باسی ئەو کەسانەی بۆ دەکات کە لە شەقامەکان بە دەست و پێ و بێ سەر دەسووڕێنەوە.



www.mukiryani.com

خەونی دووەم بە ئاراستەی بەزاندنی سەرزەنشتکردن تا دەگاتە درێژەپێدانی بەخشش و بەردەوامبوونی خواستەکان، چەمکێکی دیکەی جیاواز لە چەمکی خەونی یەکەم وەردەگرێت، وەختێ خەج خۆی دەبینێ زۆر حەز دەکات جارێکی دیکە بخەوێتەوە بۆ ئەوەی لەو خەونە بە سیامەند بگاتەوە کە بە برینداربییەوە دیبووی. میدیا (نێو زەین) بە ئاماژەدانی بە گەڕانەوەی سیامەند بە برینداربییەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کەڵەکێوییەکە ئەو دوو چەمکە دەردەبڕێت، دەبینێ ئەوا پیر بووە و بە نێو سالاٚندا کەوتووە، دەستێکی لە پشتی گرتووە و بەوی دیکەی خۆی بە گۆپاڵەکەی گرتووە، وەلێ هەرچەندە لە کەڵەکێوییەکە نێزیك دەبێتەوە بۆ ئەوەی بەرەنگاری بێتەوە و بەسەریدا زاڵ بێت، ئەوەندە گەنجتر دەبێتەوە.

جا ئەگەر هۆکاری یەکەم لە سەرکەوتنی ئەو نمایشە، پرۆسەی ئامادەکردنی بێت لە لایەن شەماڵ عومەرەوە، ئەوا کاریگەری هۆکاری دووەم لە بەرزکردنەوەی ئاستی شانۆگەرییەکە لە هی یەکەم کەمتر نییە کە ئەویش سوودوەرگرتنی هەردوو دەرهێنەرەکەیە (میدیا و نیگار) لە دوو چەمك لە چەمکەکانی ئارتۆ لە بارەی دەرهێنان، ئەوانیش یەکەمیان چەمکەکەیەتی لە بارەی ڕەگەزەکانی دراماییی کە خەسڵەتی شانۆگەری پاکی هەڵگرتووە، واتە مەبەستی ئەو توخمانەیە کە تێیدا تەختەی شانۆ دەبێتە تاکە ئامرازێك بۆ ڕوونکردنەوەی شانۆگەرییەکە و دیارخستنی چەمکەکەی کە هەر یەك لە مۆزیك و سەما و هونەری شێوەکاری و نواندنی بێدەنگ و نواندن بە گۆرانی و تابلۆکانیش دەگرێتەوە.

لەو تێگەیشتنەوە لە شانۆی ئارتۆ، ئەو هەموو توخمانە لە شانۆگەری خەج و سیامەند بەرجەستەکران و هەردوو دەرهێنەرەکە لە نێوان خۆیان بە وردی تێکەڵ بە یەکدی بوون و ئەو شتەیان لێ دروست بوو کە ئارتۆ ناوی دەنێت (شاعیرییەتی شوێن)، ئیدی بەو جۆرە زاڵبوون بەسەر شاعیرییەتی ڕووداو دەستەبەر دەبێت. دووەمیش لەو چەمکەکەیدا کە خەڵك ناتوانن خۆیان ببینن تەنها لە خەونەکانیاندا نەبێت و توانیویانە بە هۆی خەونەکانیانەوە پەیوەندی بەو حاڵەتە بکەنەوە کە لە سەرەتای ڕابردووە لەمێژینەکەیان تێیدا ژیاون، ئەمەش وەختێ دراماکە دیاردەیەك لە دیاردەکانی نمایشکردنی ئەو کەش و ئەفسانانە دێنێتە وجوود کە لەگەڵ سەرەتای هزری مرۆیی دروستبوونە. جا بە پێی لێکدانەوەی دووەمی خەونەکە لە لایەن ئارتۆوە هەردوو دەرهێنەرەکە ئەو کەشە شانۆییە خەوندار و ڕوونەیان هێناوەتە کایەوە.

هەر کەسێك ئەو نمایشەی دیتبێت دەتوانێ منداڵێتی خۆی بێنێتەوە بەرچاو و باوك و باپیری خۆی بێنێتەوە بیر کە چۆن لەبەر ئاگردان یەکێ چیرۆکە کۆنەکانی بۆ ئەندامانی خێزانەکەی



www.mukiryani.com

گێڕاوەتەوە. هەڵبژاردنی ئەو شوێنە بە مەبەست بووە نەك بە شێوەیەکی ڕەمەکی یا بۆ دەرچوون بێت لە چوارچێوەی تەختەی شانۆکە، یاخود بۆ لاساییکردنەوەی هەر شتێکی تازە بێت لە ژێر ناولێنانی شوێنی نمایشەکە بێت بە چەندان ناوی جۆراوجۆری، وەك شانۆی ژوور یا شانۆی ئەڵقەدار و شتی لەو بابەتانە، بەڵکو هەڵبژاردنەکە بۆ ئەوە بووە کە تا لەو کەش و هەوایە کوردییە نێزیك بێت کە چیرۆکی تێدا دەگێردرایەوە، بۆ نموونە شوێنێکی وەك دیوەخان. بێگومان ئەمەش هەڵبژاردنێکی ورد و سەرکەوتووانەیە بۆ بەستنەوەی ڕابردوو بە ئێستا و بەرچاو ڕوونی بۆ داهاتوو، یا هەروەك ئارتۆ دەڵێت: دەبێ و پێویستە خۆمان لەو بەربەستە کۆنەی نێوان نواندن و بینەر ڕزگار بکەین، ئەو بەربەستەی کە بە هۆی بەربەستیی کورسییەکانی ڕیزی یەکەم دێتە کایەوە. جا هەرچەندە تەختەی شانۆکە هەر لە شوێنی خۆی دەمینێتەوە، لێ بەشێکی زۆری نواندنەکان لە شوێنی بینەران ئەنجام دەدرێن و جەماوەریش لە دەورەی ئەڵقە دەبەستن.

پێویستە بینەر لە بەرامبەر تەختەی شانۆ دانیشێت وەك حاڵەتی ئەو شانۆیانەی کە بە شێوەی تەقلیدی دروست کراون، یان دەبێ لە دەورەی تەختەی شانۆکە دادەنیشن لە حاڵەتی شانۆی ئەلقەدار، لێرە بینەران لە شوێنێك دادەنیشن و بازنەیەکی گەورە لە دەورەیاندا هەیە نمایشەکەی لێ ئەنجام دەدرێت، ئیدی بەو ڕێگەیە بینەران دەبینن لە هەموو لایەکەوە بە نواندن دەورەدراون و کاتێ لەسەر کورسییەکەی خۆیان دانیشتوونە وا هەست دەکەن ئەمانیش بەشێکن لە نواندنەکە، لە جیاتی ئەوەی وەك ئەو خوێندکارانەی کە سەیری پرۆسەیەکی نەشتەرگەری دەکەن، ئاوا گەردن هەڵکێشن.

هەروەها بەرجەستە کردنی ئەو نمایشە بە شێوەیەك ئەنجام دراوە کە جەماوەرەکە لە دوو ڕیزی بەرامبەر بە یەکتری لە سەر ڕیزە کورسییەکی درێژ دانیشتوونە کە بە قوماشێکی تەنك داپۆشراون و چاوەڕێی ئەو کەسەن کە چیرۆکی خەج و سیامەندیان بۆ بگێڕێتەوە. لە ناوەندیشدا ئەڵقەیەکی بازنەیی هەیە کە دوو پەیژەی بە سەرەوەن. بەڵام لێرەدا ئەمەیان بەشێوەی نواندن و گەمەی شانۆگەرییەکە ئەنجام دراوە نەك بە ڕێگەی گێڕانەوە. هەروەها بە پشتبەستن بە جوولە و هێما و ئاخهەڵێنان و بێ دەنگی و مۆزیك و گۆرانی و وێنەی سروتهێن، لە ڕێگەی مامەڵە کردنی ئەکتەرەکان لەگەڵ سادەترین کەرەسەی بەکارهاتوو لە پارچە قوماش و دوو پەیژەکە و دوو دەفەکە ئەنجام دراوە، سەرەڕای ئەوەش پشتیان بە تواناداری دەنگی و جەستەیی خۆیان بەستووە.

جا ئەگەر پارچە قوماشە ڕەشەکە کە هەمیشە خەج بەکاری دەهێنا، هێمایەك بێت بۆ ئاسمانە ڕەشەکەی دنیای ئەو، ئەوە پارچە قوماشە سپییەکەی (زاکیرە) هێمایەکە بۆ هێز و گەشبینی. بەڵام پەیژەکان لە چوونە سەر و هاتنە خوارەوەدا نیشانەی ناجێگیری و نیگەرانین و مەبەستی چیای



www.mukiryani.com

(سیپانە)، هەردوو ڕێڕەوەکەش هێمای دوو دنیایی جیاوازن لە جیهانی خەج و (زاکیرە) کە هەمیشە لەو دوو ڕێڕەوەی نێو بازنەکە بە یەك دەگەن و هێمایەکن بۆ ناوەرۆکی واقیعەکە. ئەو پارچە قوماشەی کە بەسەر ڕیزە کورسییەکە یاخود ڕێڕەوەکەدا ڕاخراوە نیشانەیە بۆ ئەو خەونانەی کە خەج دەیان بینێ. ڕیزە کورسییەکە یاخود ڕێڕەوەکەش نیشانەی پردێکە ڕابردوو و ئێستا بەیەکەوە دەبەستێتەوە، گۆپاڵەکەش نیشانەی بێهێزی و کەنەفتەیییە، بەلاّم دەفەکە هێمایەکە بۆ دەنگی ڕاستیی و مێژوو.

ئەو هەموو کەرەسانە بە مەبەستی زیاتر لە دەلالەتێك بەکارهێنراون لە وێنەی شێوەکاری و جوانبەخشی و بە شێوەیەکی زیرەکانە خراونەتە کار. هەر یەکێك لەمانە لە نێو یەکێ لە دیمەن و تابلۆکاندا بۆ چەمك و دەلالەتێکی ڕەمزی دەگۆڕێ و هەمان ئەو واتایە ناداتە دەست کە لە بەکارهێنانی پێشودا هەیبووە، ئەمەش لە ڕێگەی بەکارهێنانی کەرەستەکە لە وێنە و پێکهاتەیەکی تازە. بۆ نموونە گۆپاڵەکە لە یەکێك لە دیمەنەکان نیشانەیەکە بۆ شوێن پێی سیامەند، لێ لە دیمەنێکی دیکەدا دەبێتە نیشانەی دەستاڕ و لە دوا دیمەنە ئاهەنگ ئامێزەکەشدا دەبێتە دەڕاسە کە نیشانەی خێر و بەرەکەتە. پارچە قوماشە تەنکەکەش جارێك بە مەبەستی مندالّبوون و جارێك بە مەبەستی بەرەنگاربوونەوەی هێز و دوا جاریش بە مەبەستی ڕوونیی خەونەکە بەکارهاتووە.

من پێم وانییە کە بینەر لەو نمایشەدا تاوێك لە بێزاری یا خەیالّ بلاّویدا ژیابێت، بە قەدەر ئەوەی چەندان تاو هەستی بە دڵەکوتێ و سەرسوڕمان و چێژوەرگرتن کردووە، هەر لە دەست پێ کردنی دیمەنی یەکەمەوە تا دوایین دیمەنی شانۆگەرییەکە. ئاخر بینەر زۆر سادە و ڕەمەکیانە لە ڕێگەی جولەیەکی ساکار و گرتەیەکی سووك بەرجەستە دەبێ و دەبێتە کەرەسەیەکی بەکارهاتوو لە دۆخی وەستانەوە بۆ دۆخی جولان. هەروەها لە حالّەتێك بە وێنە و شێوەیەکی چەسپاو کە هێما بۆ هیچ شتێك ناکات و هیچ مانا و دەلالەتێك ناداتە حالّەتێك بە وێنە و شێوە گۆڕاوەکان کە بە حالّەتی یەکەم ناچێت و لەویان دەولّەمەندترە و ماناو و دەلالەتی خۆی هەیە وەك پێکهاتە و کەرەسەیەکی جوانیی و دروستکراوە فەزاییەکانە لە کێشانی وێنە و شێوە ئەندازەیییە ڕێکەکان، وەك چۆن لە دیمەنی یەکەمدا ڕوویدا لە کاتی بەکارهێنانی پارچە قوماشە تەنکەکە کە بەسەر دیوارەکەوە بەسترابوو و بە دەست لێدانێك بووە پردێك لە نێوان ڕابردوو و ئێستادا، ئەمەش لە ڕێگەی بەرزکردنەوەی پارچە قوماشەکە لە هەردوو تەنیشتی ڕیزە کورسییەکان بە شێوەیەکی هونەریانەی جوان و کردنی بە بەربەستێك لە نێوان ئەکتەرەکان و جەماوەر. هەروەها نیشاندانی وەك خەونێکی شەفاف کە لە تەك ئەکتەرەکانەوە یارمەتی جەماوەر دەدات بۆ ئەوەی چێژ لە



www.mukiryani.com

شانۆگەرییەکە ببینن و خۆیان لە خەونە بێزارکارەکان پاك بکەنەوە، پاشان هەمان پارچە قوماش دەبێتە چەندان شەپۆل کە هەردوو ئەکتەرەکە لە نێویدا دەکەونە ململانێ و بە لارکردنەوەی جەستەیان و گەمەکردن بە پەنجەکانیان وەك دەربڕینێکی سەرەتایی بۆ حاڵەتی نائارامی منداڵبوون، نیگەرانی ڕووداوەکان، ڕووداوەکانی ئەو شانۆگەرییە و ڕووداوەکانی ئەم جیهانە.

بەکارهێنانی گۆپاڵەکە هیچی لە پارچە قوماشەکە کەمتر نییە. خەج هەرچەند خەون بە سیامەندەوە دەبینێ و دنیای لێ تەنگ دەبێتەوە، ئەو هەر پەنای بۆ دەبا و دەیکاتە فەرامۆشی خەمەکانی خۆی و سەرینێك لە چەشنی ڕانی سیامەند تا سەری بنێتە بانی. میدیای (زاکیرە)ش وەختێ لەگەڵ گۆپاڵەکە دەدوێ، ئەوا گفتوگۆ لەگەڵ سیامەند دەکات لەگەڵ جیاوازیەك کە لێرەدا (زاکیرە) وەك کەسێتییەکی شانۆگەرییەکە نیشانەیە بۆ مێژوو و چەندان حاڵەت دەنوێنێ، واتە بە شێوە تەقلیدییەکە کەسێتییەکی شانۆگەرییەکە نییە و هەندێجار ڕۆڵی کەسێتی سیامەند دەبینێ لە کاتێکدا سیامەند لەسەر تەختەی شانۆکە بوونی نییە، چونکێ دۆخێکی مەعنەوییە و سنووری حاڵەتی تاکە کەس دەبەزێنێ و دەگاتە کۆ.

بەڵام بەکارهێنانی دوو پەیژەکە بە واتای هەردوو حاڵەتی خۆشی و داتەپین بە یەکەوە هاتووە لە مابەینی نیوەی درێژایی هەردوو ڕێڕەوەکەیە، کە کرۆکی ڕووداوەکان لەوێ دەقەومێن. جا بەرجەستەکردنی حاڵەتی یەکەمین لە خوارەوەی پەیژەکان دێن لە خاڵی بەیەکگەیشتنی هەردوو ڕێڕەوەکە، لێ حاڵەتی دووەمین لە خاڵی بەیەکگەیشتنی پەیژەکانەوەیە. بەڵام حاڵەتی دووەم لە لایەنی دیالۆگە قووڵەکانی ناوییەوە بایەخێکی گرنگتری لە حاڵەتی یەکەم پێ دەدرێت، وەك حاڵەتی هانابردن بۆ سیامەند و ئەو حاڵەتانەی کە خەج تێیدا دەگاتە لووتکەی بێئومێدی و وەڕسبوون. ئەمەش لەبەر ئەوەیە چونکە حاڵەتی ڕووخانە و چەندان دۆخی دیکەی وەك هەستراگرتن و چاوەڕوانی و هیوای لەخۆ گرتووە. جا هەروەك چۆن ئەو سێ وشەیە بەیەکەوە هاریکاربوون بۆ دروستبوونی دیمەن و وێنە و پێکهاتەی هونەری هێمابەخش. هەروەها دەنگە هارمۆنییەکانی گەرووی هەردوو ئەکتەرەکە و سەماکانیان ڕۆڵێکی گەورەیان لە دەوڵەمەندکردنی ئەو وێنە و پێکهاتانەدا بینی بە ئاراستەی پێشکەشکردنی نمایشێك کە گشت یەکەکانی لە بۆتەی بینایەکی بتەودا یەك بگرنەوە، بە پلەیەك ئەگەر تاکێکیانت لێی سڕییەوە، ئەوا ئاسەوارێکی خراپ جێدێڵی و کەموکوڕییەکی ئاشکرا دەخەیتە نێو سەرجەم کارە هونەرییەکە. هەروەها مۆزیکە وێنەگرییەکانیش کە لە باشترین سەمفۆنیا جیهانییەکان هەڵبژێردرابوون ڕۆڵێکی دیاریان بینی لە درەوشانەوەی دیمەنەکانی نمایشەکە. جا ئەوەی پێی وابێت کە باشترین و گونجاوترین هەڵبژاردن بۆ ئەو نمایشە، هەڵبژاردنی پارچە مۆزیکە



www.mukiryani.com

کوردییەکانە ئەوا بێ گومان بەهەڵەدا چووە، چونکێ ئەو نمایشە بە خستنەڕووی ناوەرۆکە مرۆڤانەکەی سنووری هەرێمچیاتی گۆرانی و چیرۆکە خۆماڵییە کەلەپووریییەکان و چوارچێوە باوەکانی بەزاندووە.



www.mukiryani.com

# شانۆگەری قەرەج لە نێوان دوو بۆچووندا

**نووسینی: پۆشکین.**

**دەرهێنانی: بەکر ڕەشید و سەلاح خۆشناو.**

بەرجەستەکردنی شانۆگەری (قەرەج)ی پۆشکین کە لەو چامەیەی ئامادەکراوە هەمان ناونیشانی هەیە، بە لێتێگەیشتنێکی هەڵە واهاتووە کە گوایە ئەمە ئێش و ئازاری نموونەیەکە لە خێڵە گەڕۆکەکان کە پێیان دەڵێن قەرەج، بە بەڵگەی ئەوەی کە ئەگەر نووسەر لەو تێگەیشتنەوە کارەکەی ئەنجامدابایە ئەوا دەبوو پەنای بۆ لابردنی کەسێتی (ئەلیکۆ) ببردایە کە کەسێکی نامۆیە و لە شارەوە هاتووە، سەرەڕای ئەوەش نەیدەکردە تەوەر و بزوێنەری بنچینەیی ڕووداوەکانی شانۆگەرییەکە و سەرچاوەی نیگەرانی ئەو خێزانە بەختەوەرە و خستنەڕووی حاڵەتێکی تایبەت بە دنیای قەرەج و ئێشو ئازاریان دوور لە کاریگەریی شارستانیەت.

ناوەرۆکی ئەو چامەیە لەوە تێناپەڕێت کە دەربڕینێکی زیندوو و ڕاستگۆیانەی هەڵویستێکی مرۆڤانەی شکۆدارە لە ژیانی کۆمەڵە کەسێکی قەرەج لە بەرامبەر ئەو کەشانەی پەیڕەوی دەکەن و ئەو عادەتە باوانەی کە لە نێویاندا هەیە لە بارەی شەیدابوونیان بۆ سەربەستی و خرۆشانیان بۆ کاری چاکە و مەردایەتی کە خۆیان لە ڕاستگۆیی و پاکیی و بێگوناهی و لێبووردەیی دەبیننەوە: جا ئەو خەسڵەتانە بە زۆربەی دێڕەکانی چامەکەوە دیارن، وەك ڕازیبوون



www.mukiryani.com

بەوەی ئەلیکۆ بە شێوەیەکی ئاسان بچێتە ناو خانەوادەی قەرەجەکان و پەیوەستبوونی (زەمگیرا) پێیەوە هەر بە ئاسانی و پاشان شوی پێ دەکات، دواتر هەرچەندە دەستی بە خوێنی زەمگیرا سوور دەبێت و دەیکوژێت، لێ پیاوانی خێڵەکە لێی دەبوورن.

ئەگەر بەراووردێکی خێرا لە نێوان نمایشەکەی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کوردی ــ لقی هەولێر ــ کە بە بۆنەی شانۆی جیهانی ساڵی ١٩٨٨ پێشکەش کرا و لە دەرهێنانی سەلاح خۆشناو بوو، لەگەڵ ئەو نمایشە بکەین کە بە هەمان ناونیشان لە لایەن لە میهرەجانی سێیەمی پەیمانگای هونەرە جوانەکان لە سلێمانی پێشکەش کرا و بەکر ڕەشید دەری هێنابوو، ئەوا دیدو بۆچوونی هەردوو دەرهێنەرەکەمان لە بارەی دەقەکەی پۆشکینەوە بۆ ئاشکرا دەبێت، کە تا چ ئاستێك لە ناوەرۆکە مرۆڤانەکەی تێگەیشتوونە.

هونەرمەند سەلاح خۆشناو هەوڵی داوە ئەو چامەیە بەرەو تراژیدیا ببات، ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە کە پۆشکین کاریگەری شانۆگەرییە کلاسیکییەکانی شەکسپیری لەسەر هەبووە، لە چەشنی ئەو کاریگەرییانەی لە نێوان هەردوو شانۆگەری (بۆریس گۆدۆنۆف و سالیێری مۆزارت)ی پۆشکین و هەردوو شانۆگەری (هاملێت و ماکبێس)ی شەکسپیردا هەیە، هەروەها لەسەر بنچینەی ئەوەی کە ئەو دوو شانۆگەرییە کۆتاییان بە ڕووداوی ناخۆش هاتووە وەك گشت شانۆگەرییە تراژیدیاکانی دیکەی ئەو نووسەرە. بەڵام ئەم خواستە کە تەنها لەگەڵ تاکە کەسێتییەك (ئەلیکۆ) گونجاوە، هیچ پەیوەندییەکی بە قەرەجەوە نییە و لەگەڵ کەسێتییەکانی دیکەدا دژوارە، ئیدی وای لە دەرهێنەر کردووە کە وێنەی کەسێتییەکانی بە شێوەیەك بکێشێك دڵت پێیان بسووتێ کە چۆن لە ژێر گرانایی ژیان و کۆسپەکانی دەناڵێنن. جگە لەوەش مامەڵەیەکی سەرکەشانە و پەراوێزانەی لەگەڵ ئەو دیمەنانە کردووە کە هەستی مرۆڤانەیان تێدا هەڵدەچێ، هەندێجار بە شێوەیەکی سەیر و تەماوییانە و هەندیجاریش سادە و ساکار بەرجەستەی کردوونە بەجۆرێك پێویستیان بە وردەکاری و ڕوونی زێتر هەیە، وەك دیمەنی پێشبینیکردنی زەمگیرا کە شو بە ئەلیکۆ دەکات، وەختێ دەچێتە دنیای قەرەجەکان و لە نێزیکی ئەوەوە لەسەر جێگەکە ڕادەکشێت. هەروەها لە دیمەنی ئەو گۆڕانەی کە بەسەر هەستی کچەدا هاتووە بەرامبەر یەکێك لە کەسەکانی خێڵەکەی کە بەدەم گۆرانییەکی نیمچە مردووەوە دێت. لەو دوو دیمەنە گرنگتر ئەو دیمەنەیە کە لە بینەری شاردۆتەوە بۆ ئەوەی ئەو هۆکارانە بزانێت کە وایان لە زەمگیرا کرد ئەلیکۆی لەبەرچاو بکەوێت و خۆشەویستییەکەی لە دڵ دەرکات. بەڵام بەکر ڕەشید ئەو دیمەنەی بە شێوەیەکی دروست و نێگەیشتنێکی ورد بەرجەستەی کردووە، ئەمەش بە دۆزینەوە زمانێکی نوێ بۆ دیالۆگ و شێوەی قسە کردنی ئەکتەرەکان لە نێوان



www.mukiryani.com

خۆیاندا. ئەوەتا شێوەی قسە کردنیان بەو زمانە ناچێت کە خەڵکی بازار قسەی پێ دەکەن بەڵکو زمانێکی تایبەتە بە خێڵەکە و خەسڵەتێکی شیرینی تایبەتی هەیە و لە نێوان پیتەکانیدا ڕستەی ئاوازدار هەنە بە جۆرێك لە یەك وشەدا ڕستەیەکی مۆزیکی دروست دەبێت لە چەشنی ئەو چامەیەی کە پۆشکین نوسیبووی و ئەو ناوەڕۆکە مرۆڤانەیەی کە دەری بڕیوە. بۆ نمونە وەختێ ئەلیکۆ وشەی (زەمگیرا) دەردەبڕێ بە شێوەیەکی ئاسایی لە نێو لێوەکانیدا دەرناچێ، بەڵکو هەوڵدەدات بە سێ قۆناغ دەری بڕێت. ئەمەش دابڕینی وشەکە بۆ سێ بڕگە: زم/ گی/ را/ بە توند کردنی بڕگەی یەکەم و درێژ کردنەوەی دوو بڕگەکەی تر.

ئەوەی لە جوانیی پێکهاتەکانی ئەو نمایشەی زیاد کردووە و لەتەك دیالۆگدا یارمەتی تەقینەوەی ناوەوەی پێکهاتەکانی داوە، بریتییە لە دروست بەکارهێنانی نواندن و مۆزیك و دیکۆرەکان. ئەو سێ توخمە شان بەشانی زمانە تایبەتەکە کەشێکی شانۆیی قەرەجانیی بەرپاکردووە کە مۆرکی ڕوونی و شاعیریەتی پێوە دیارە و پڕە لە ڕاستگۆیی و خۆشەویستی و تەبایی. هەروەها نواندنی سروشتییانەی هەردوو ئەکتەرەکە بە هۆی پشت بەستنیان بە نەرمونیانی جەستە و ئەدگاری ڕووخساریان و کەشە قەرەجانەکەیان بتەوتر پەخش کردووە، سەرەڕای ئەوەی لە جیاتی وشە ڕەمز و دەلالاتی هێمابەخشیان بەکارهێناوە. بۆ نمونە بەیەکگەشتنی زەمگیرا و ئەلیکۆ لە خوارەوەی بەر شانوکە لە ناو جەماوەر ئەنجام دراوە وەك هێمایەك هاتووە بۆ بەربوونەوەی زەمگیرا بۆ باوەشی ئەلیکۆ و چوونی بۆ دنیای بە ناو پێشکەوتووی شار، لە جیاتی ئەوەی وەك حاڵەتێکی پێشبینیکردن لە ڕستە و گفتوگۆی سواوەدا بێت. هەروەها لەجیاتی ئەوەی هاوسەرگیرییان دەربڕبرێت لە دوو قەرەوێڵەی نیزیك یەکدی، بە هەڵاتنی خۆری بەیانیان و هاتنەدەریان لەژێر پارچە قوماشێکی تەنك لە نێو گالیسکەکە ئەم حاڵەتەیان دەربڕیوە لە کاتێك لە لوتکەی نەشوەدان. دیسان لە جیاتی ئەوەی ئەلیکۆ بەخواستی خۆی لە دنیای قەرەجەکان دەربچێت و ئەو دنیایە ڕەت بکاتەوە، لەلایەن پیرە پیاوەکەوە بە تەنها وشەیەك دەردەکرێت کە وەك دەرچوونی حوکمی لەسێدارەدانە بۆی. ئەو ڕۆڵە گەورەیە لەبیر ناکەین کە گالیسکەکە دەیبینێ لە بەخشینی ئەو کەشە قەرەجانەیە بەسەر نمایشەکە، نەك تەنها لەبەر ئەوەی زۆربەی دیمەنەکان لە ناویدا ئەنجام دەدرێن، بەڵکو بەهۆی تواناداریی هەردوو ئەکتەرەکە لە چۆنیەتی بەکارهێنانیدا، جا چ بە گۆرانیەکان بێت یان بە هاژوانی گالیسکەکە بێت کە لەبەر چاوی وەرگر وا دیاردەکەوێ بە شێوەیەکی سروشتی بەڕێوە دەڕوات، کتومت وەك شریتێکی سینەمایی لەبەرچاوی بینەراندا لە شوێنێکەوە دەچێتە شوێنێکی دیکە.



www.mukiryani.com

لەلایەکی دیکە دابەشکردنی ڕۆڵی ئەکتەرەکان لـە قـەرەجی (خۆشـناو)دا سـادەترین بنـەماکانی نوانـدنی لــە خــۆ گرتــووە لــە بەرجســتەکردنی ڕەهەنــدەکانی هەرکەســێتیەك لــە کەســێتیەکانی شانۆگەرییەکە. جولـەی ئەکتـەرەکان پەشـێویەکی وا بـە هەنگاوەکانیانـەوە دیـارە کـە لـە هـەنگاوی منداڵێك دەچێت تازە بەسەر پێیان کەوتبێ. هەروەها بەختی مۆزیکە وێنەییەکان لە هی نواندنەکـە باشتر نەبوو، چونکێ بە نەشازی بەکار هێنرا بوون. حاڵی گالیسکەکەش لەنواندن و مۆزیکەکە باشتر نەبوو، ئاخر لەسەر تەختی شانۆکە وەستا بوو و چاوەڕێی دەکرد دەستێکی پاك بیخاتـە سـەر پشـتی ئەسپەکەی.



www.mukiryani.com

# له بارەی نمایشی فیستیڤاڵەکانی نەوەدەکان

ـــ شـیوەگەرایی (الشـکلانیه) لـه شـانۆی تەقلیدیـدا وەك ناشـیوەگەرایی (اللاشـکلانیه) بوونیادێکی ناجیاواز و نا پێگەیشتووی نییه، ئاخر شێوەکان له شانۆی تەقلیدیدا پشت بـه پێکـەوه بەستان و گرتنەخۆی توخمە دیارەکان دەبەستن. دەتوانین ئەمەیان له شانۆگەری (سەفەری پاکبوونەوه) تێبینی بکەین که مەهدی حەسەن کاری دەرهێنانی بۆ کردووه. ئەوەتا دەبینین مۆمەکان له هـەردوو تەنیشـت و ناوەڕاسـتی شـانۆکه دابـەش کـراون و ئـەو ناوەنـد و دەلالاتانـەی کـه شـێوەی دانانیـان هێمابەخشـه و هـەردوو جاڵجالۆکـه گەورەکـەی ڕووبـەڕووی وەرگـر بەجەسـتەکراون و ئـەو شـریته ڤیدیۆیـەی لـه ژێـر بنمیچـی هـۆڵی نمایشـەکه درێژبۆتـەوه، ئەمانـه هـەمووی ئـەو توخمانـەن کـه پەیوەندییەك له تێکگەیشتن له نێوانیاندا هەیه. خۆ ئەگەر مۆمـەکان ڕەمـزی پـاکیی و بێگونـاهی و بێگەردی بن، ئەوا هەردوو جاڵجالۆکەکه ئەو جیهانه تازەیەن که یاساکانیان تێدا بزر بـووه، چـونکێ مرۆڤ به سیستەمی ئەو شتانه نامۆیه که له دەوروبەریدا هەنه. شریتەکانی ڤیدیۆ قاچەکانی هـەردوو جاڵجالۆکەکەنه کـه خۆیـان بـۆ ڕاوکـردن مـەلاس داوه نیشـانەی بێئومێـدی و خۆبەدەسـتەوەدانه بـۆ حاڵەتی ڕێکەوت، هەر وەك کارڵ یاسپرس دەڵێت: ئێمه لەلایەن خۆمانەوه نییه کـه ئـازادین، بـەڵکو لەلایەن ئـەو کەسـەوەیه کـه لـه قـوڵایی ئازادیماندایـه و وەك خـەڵاتێك خـودی خۆمانمـان پێشـکەش دەکات. ئێمه وەختێ هەڵە دژی خۆمان ئەنجام دەدەین ئەوجا هەست بەو ڕاستییه دەکەین، ئەو کاتـه هەرچەند بمانەوێ ئازاد بین ئەوا خوازیاریمان نابێته مایەی ئازادبوونمان تـا ئـەو وەختـەی ئازادیمـان بـه لووتکەی خۆی دەگات.

جـا ڕەنگـه لـه ئـەنجامی ئـەو نائومێدییـەی کـه لـه پاڵـەوانی شـانۆگەرییەکه ئـالاوه، وای لـه پاڵەوانەکـه کردبێـت مـامەڵـەکردنی لەگـەڵ ئـەو کورسـییەی کـه لەسـەری دادەنیشـت لاسـارانه و ڕەمەکیانه بێت و به کشانەوەی بەهۆی دەنگه دوورەی که له پشت شانۆکەوه بۆی دێت، ئەو پرسیاره دێنێته پێش: ئێمه له کوێین؟ ئێره له کوێیه؟ دەمەوێ بـزانم... هاوڕێکەشـی لـەو کـەمتر نائومێـد و



www.mukiryani.com

کەمتەرخەم نییە، ئاخر هەردووکیان پێیان وایە کوشتنی منداڵ کێشەیەکی ئاساییە و کارێکی ڕۆژانەی سروشتییانەیە. بە لای ئەوانەوە دنیا کە هیوا و ئاواتی تێدا نەما بەرەو نائومێدی و تێکشکان دەڕوات، لەگەڵ ئەوەش تاکە هیوایەکیان مابوو ئەویش پارێزگاریکردنیان بوو لەسەر پێکهاتە (کینونە) زاتییەکانی خۆیان بە هۆی ئەو کردارانەی کە لەسەر سێ شێوە ئەنجامیان دەدا، بۆ ئەوەی هەر شێوازەی ڕەمزێك بێت بۆ حاڵەتی (کەینونەیەکی) دیارکراو. شێوازی یەکەمیان بە ئاوەوە پەیوەست بوو بە پێی ئەو شتەی کە باو بووە وەك نیشانەیەك بۆ پاکێتی مەسیح کە خاچێك لەسەر تەختی شانۆکە هەیە بەلای دەستەڕاستییەوە. شێوازی دووەمیان بە نائاساییبوونی (شۆڕ) سێکسییەوە دەستی پێ کرد وبە ڕشانەوە کۆتایی هات. سێیەمیشیان بە لە خاچدانی مەسیح دەستی پێ کرد و بە گەڕانەوە بۆ سەرەتا کۆتایی هات. هەرچەندە هەردوو پاڵەوانەکەی شانۆگەرییەکە زیاتر لە جارێك پرۆسەی پاکبوونەوەیان بینی، لێ گەنێتییان هەر پێوە دەمینێ لە ناخیاناندا دەمینێتەوە. ئاخر ئەو مرۆڤەی دەیەوێ خۆی لەو زنجیرە ڕزگار بکات کە دەیخنکێنێ، دەبێ بە لێدانێك بیپچڕێنێ و بەهایە تایبەتەکانی خۆی بخولقێنێ. جا لەو تێگەیشتنە میتافیزیکیانەیە بۆ یاخیبوون گەنیبوونەکە گشت دانیشتووەکانی هۆڵەکە دەگرێتەوە، ئەوانەی دەست بە پچڕاندنی شریتەکە (پێیەکانی جاڵجاڵۆکە) دەکەن کە گەمارۆی داون بۆ ئەوەی ئەوانیش لەو حاڵەتە پاکسازییەدا بژین.

مەهدی حەسەنی لە گەنجانەیە کە بە دوای شەکلانییەتدا هەناسە سوارە، هەمیشە هەوڵی داوە فەزای دەرەوەی شانۆ بەو شتە چوارچێوە بکات کە جوانییان تێدایە. هەروەها لەو هەوڵەیدا زێتر لە کەرەسەیەك بەکاردێنێت و پەنا بۆ وەرگرتنی شتی دەگمەن و نامۆ دەبات بۆ ئەوەی هزرەکەی بگەینێتە وەرگر. من لەو هەوڵ و بەکارهێنانانەدا جۆرێك لە نارەوایی دەبینم بۆ سەر شانۆی نائەقلانی. ئاخر لە بارەی وشە و گفتەوە ئەو جۆرە شانۆیە پێویستی بە کەمترین ژمارەی وشە هەیە، چونکێ ئابووری گەوهەری شانۆی تازەیە و هەموو شتێکی ناپێویست، هەروەك مارتن ئەسلن دەڵێت، چەشنی شتێکی زیادە دیارە و پاڵپشتی چوارچێوەکە ناکات و وەك توخمێکی تێکدەر دەردەکەوێت. بۆیە لەسەر دەرهێنەر پێویستە هەمیشە ئاگای لە ڕۆڵی هەموو وردەکارییەکانی نێو بیناکە هەبێت. لەو شانۆگەرییەدا مۆمەکان زێدەڕۆیی لە بەکارهێنانیاندا کراوە بە تایبەتی ئەوانەی لەسەر تەختەی شانۆکە دانرابوون ئەوها بەکارنەهاتبوون کە خزمەتی ئەو نەخشەیە بکات کە لە زەینی دەرهێنەر کێشراوە. سەرەڕای ئەوەش لەگەڵ مۆمەکانی لاتەنیشتی شانۆکە قەرەباڵغی و پەشێوییەکیان بۆ دیدی وەرگر و دروست کردبوو و ببوونە کۆسپ لە ڕێی جولەی ئەکتەر. بەلام



www.mukiryani.com

سەبارەت بە وەرگرتنە دەگمەن و نامۆكان هەروەك لە دیمەنی ماچەكەی نێوان دوو ئەكتەرەكە، ئەوا جگە لە بێتوانایی دەرهێنەر لە تەقاندنەوەی ڕووداوەكە لە باری ئاساییەوە بۆ باری تایبەت، هیچ شتێكی دیكەی لێ نابینم. ئاخر باری تایبەت ئەو بارەیە كە هەمیشە لە لوتكەی خۆی دایە، واتە لە ئاكامی هەڵچوون و تەقینەوەیەكی بەردەوام و پێویستی بەوە نییە بیخەیتە قاڵبێكی هونەری تا لە ڕێگەی دەرهێنانەوە بیكەیتە كارێكی شانۆیی.

ـــ بەرلەوەی شانۆگەری (ئەحەی كرنۆ) ببینم كە هونەرمەند عوسمان چێوار كاری ئامادەكردن و دەرهێنانی بۆ كردبوو، زۆر لە هونەرمەندەكان دەیانچرپاند كە گوایە ئەو شانۆگەرییە دەكەوێتە نێو چوارچێوەی شانۆگەریی بازرگانی، وەلێ من هیچ شتێكی وام لێی هەڵنەكڕاند كە هێما بۆ ئەو بۆچوونە بكات. بۆیە ناچار بووم لە بارەی ئەو نهێنییە شاراوەیە پرسیار لە خۆم بكەم كە لە پشت هەوڵی ناشیرنكردنی ئەو شانۆگەرییە دایە كە نمایشكردنەكەی زێتر لە چل ڕۆژی خایاند. ئەحەی كرنۆ لە شانۆگەرییە میلییانەیە (هونەری حیكایەتبێژی) كە وێنەیەكی میلییانەی درەنگوەختی گێڕەرەوەكانی ڕابردووە كە لە نێو بازاڕ و لە هەر كوێیەك خەڵكانی لێ كۆببایەوە لە نێو خۆیاندا بۆ یەكدییان دەگواستەوە، ئیدی هەر شتیكیان لە بارەی شتی سەیر و سەمەرە و پاڵەوانییەتی گوێ لێبایە و بیاندیتبایە دەیانگێڕایەوە، هەروەك چۆن چیرۆكبێژمان بە نازناوی (ئەحەی كرنۆ) بە گێڕانەوەكەی دەمانباتەوە ساڵی ١٩١٥ كە هونەرمەندێكی لێهاتوو بوو ڕۆڵی خۆی و هی ئەو كەسانەشی بەرجەستە دەكرد كە لە ڕۆژگاری ئەودا ژیابوون. چایخانە باشترین شوێن بوو بۆ نمایشی هونەری حیكایەتبێژی. دەرهێنەر بە شێوەیەكی وا ئامادەی كردووە كە لە كەشی چیرۆكی تەمسیلی دەچێت. حیكایەتبێژی لە شوێنێكی بەرز داناوە بۆ ئەوەی لە هەموو گوێگرەكان دیار بێت و بووەتە بەشێك لە دانیشتنەكە، پاشان هەلی پێداوە تا ڕۆڵی خۆی لە كەسێتییەكەوە بۆ یەكێكی دیكە بگۆڕێ و لە دیمەنێكەوە بچێتە سەر دیمەنێكی دیكە و لە زەمانێكەوە بازداتە زەمانێكی تر كە لە بەردەم ئامادەبوواندا كەسێتی ڕاستەقینەی خۆی ئەو كەسێتییانەی گەرەكییەتی ئامادە دەبن. ئەو نمایشە بە پسانی زەمەنی و دابەشبوونی شوێن دەستی پێ نەكرد وەك ئەوەی لە دەسپێكی هەر نمایشێكی تەقلیدیدا دەیبینین، ئیدی بەردەوامی و بەیەكەوە هەڵكردن و تەبایی لە نێوان ئەكتەرەكان و گوێگرەكاندا بەدی دەكەین كە بەهۆی ئینتیمای هاوبەشیان بۆ كەلەپورەكەیان دروستبووە. پاشان نواندنەكە لە مۆركێكی سەرپێیانە نێزیك دەبێتەوە كە لە ڕواڵەتدا ڕەمەكیانە و خۆڕایانە دیارە، هەرچەندە بەلای دەقێكی نووسراودا دەشكێتەوە.



www.mukiryani.com

وا دیاره ئاسوودەنەبوونی ناوەندی هونەری لە شاری سلێمانی سەبارەت بەو نمایشە لە ئـەنجامی ئەو دیمەنە کۆمیدییانـە بـووە کـە لـەخۆی گرتبـوو. هەرچـەندە هەندێجارحیکایەتبێـژ بـە مەبەسـتی خاوکردنەوەی گوێگر لەو بارە گرژییەی کە چیرۆکەکانیان لە کاتی بردنی هۆشی گـوێگر و دیلکردنـی دڵیان دروستی دەکەن، پەنا بۆ ئەو شێوازە کۆمیدییانە دەبەن.

لێـرەدا شـتێکی سوودبەخشـە گـەر بڵـێم کـە نمایشـەکانی شـانۆی حیکایەتبێـژی لـە وڵاتـە عەرەبییەکانیش لە کۆمیدیا و پێکەنین بێبەش نینە،نکیَ پێیان وایە ڕێگەیەکی ئاسانە بۆ چوونە نێو دەروونـی گـوێگران. ئـەوەتا دەبیـنین بـارە تـاڵ و ناخۆشـەکان بـە پێکـەنین و گاڵتـەی مەبەسـتدار دادەپۆشیَ. جا ئەکتەر لەو تیمە ئامادەساز و لێهاتووانەدا دەتـوانیَ بـە جولـە وێنـەی بکێشـیَ و بـە دەنگی خۆی مۆزیك لێبدا و بە بێدەنگی بنووسێت. ئەمە بەڕاستی شـانۆیەکی جددییـە و شـوێنێکی بەرزی هەیە، لیَ هێشـتا ئـەو توانایانـەی بـۆ پێشحسـتنی ئـەو جـۆرە شـانۆیە لـە وڵاتـانی عـەرەبی خراونەتە کار، کەم و لاوازن.

دەبا هەمووومان بە مەبستی ڕەسەنایەتی شانۆی کوردی پاڵپشتی ئـەو تاقیکردنـەوە دەگمـەن و ساوایە بکەین، چەشنی پاڵپشتیمان بۆ ڕەوت و بوارەکانی دیکەی هونەر.

ــ وا دیـارە لـەو ماوەیـەی دواییـدا شـەپۆلی شـانۆی سـەردەم گەیشـتۆتە دەسـتی شـانۆکارە گەنجەکانمان لە هەولێر کە ئەمەش دیاردەیەکی تەندروست و بیَ گەردە، بەتایبەتی کە ئەو شەپۆلە لە سەرەتای هەشتاکانەوە لە کوردستان لـە سەردەسـتی چـەند هونەرمەنـدێکی گـەنجی شـاری سـلێمانی دەستی پیَ کرد کە ئەوانیش لە مامۆستاکانیانەوە وەریان گرتبوو لە شـاری بەغـدا. ئـەوەی جێگـەی مەترسییە لەو جۆرە شانۆیە ئەوەیە کە بـە هـۆی بەدواکـەڕانیان بـەدوای شـێوازی جـوانیی کـە هـیچ پەیوەندییەکی بە ناوەرۆکی دەقەکانەوە نییە، ڕەنگە بە شێوەیەکی درشت و نادروست بەکاربهێنرێت، هەروەك لە نمایشکردنی شانۆگەری (حەشارگە)دا ڕوویدا کە لە دەرهێنانی ژیلوان تاهیر بوو. ئاخر لـە جیاتی سەرزەنشت کردنی جەنەراڵە بەزیوەکە، هەڵبژاردنی فەزایەکی بەرفرەوانیان لە قاتی سـەرەوە و ئەڕزەکەی هۆڵی ڕۆشنبیری جەماوەری بۆی هەڵبژاردبوو کە باشترین دیاری بـوو کـە کـاکی دیکتـاتۆر لە بەرامبەر ئەو تاوانانەی کـە ئـەنجامی دابـوون خـەونی پێـوە دەبینـی، لـە کاتێکـدا وەرگـر زللـەی سەرزەنشتی بە بناگوێی دەکەوێت وەختیَ دەرهێنەر لە قوژبنێکی سەر شانۆی دەیپەستیَ. ئـا لێـرەدا هاوکێشەی نمایشەکە بە دوو ئاڕاستەدا هەڵدەگێڕێتـەوە، ئاڕاسـتەیەکیان وا لـە وەرگـر دەکـات ببێتـە شوێنێك بۆ نمایشـەکە و ئەکتـەرێك لەسـەر تەختـەی شـانۆکە، لـە کاتێکـدا ئەکتـەرەکان دەکاتـەوە



www.mukiryani.com

جەماوەر. لە ئاڕاستەی دووەمدا وەرگر دەخاتە نێو حەشارگەکە و ئەکتەرەکانیش (جەنەراڵ و سکرتێرەکەی) لە دەرەوەی حەشارگەکەن.

دەبێ چ مەبەستێك لە پشت سەرزەنشت کردنی وەرگردا هەبێت بۆ ئەوەی لە دژی دیکتاتۆرییەت یاخی ببێت؟ ئەگەر مەبەست ئەوە بێت لەسەر ئەو هەڵوێستە بەردەوامبێت، ئەوا بەو وشانە پشتبەست نەکراوە تا ئەو مانایە ببەخشێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە جەنەراڵ تا ئەو دەمەی لە قاتی سەرەوە یاخی دەبێت هەر بەگژ خواستی گەلدا دەچێتەوە سەری پان دەکاتەوە و بە پێیەکانی بەرشولاقی دەدات. هەروەها لە لووتبەرزییەکەی دانابەزێ تا ئەو کاتەی هەست بە کۆتایی خۆی دەکات، واتە کە لە قاتی سەرەوە دێتەوە خوارەوە. بە پێی بۆچوونی من، ئەکتەر بە هێزی نواندنی خۆی و ئەو بیانۆیانەی دەبنە پاڵپشت بۆ گۆڕانی کردارەکانی، فەزای شانۆکە پڕدەکاتەوە، بەجۆرێك لەگەڵ ئەو بیانۆیانەدا جولەی ئەکتەر دەست پێ دەکات، نەك بەو هاتوچۆیانەی دەرهێنەر بۆی دیار کردووە کە بە بێ هۆکار لەلایەکەوە بۆ لایەکی تر ڕادەکات. هەروەها دەرهێنەر لەو نمایشەدا هەوڵی داوە بەو بیانۆیە فەزایە فرەوانەکەی پڕکاتەوە، سەرەڕای ئەوەش خۆ ئەوێ تەختەی سێرك نییە تا دەرهێنەر مەترسی بۆ وەرگر دروست بکات نەوەکا ئەکتەرەکە لە قاتی سەرەوە بکەوێتە خوارەوە و یەکێکیان سواری ملی ئەویدیکەیان دەبێت و دەڕۆن یا ڕادەکەن، یاخود دەخلیسکێتە ناو شوێنی هاتنە ژوورەوەی جەماوەر. ئاخر سکرتێرەکە بێ ئەوەی سواری ملی سەرۆکەکەی ببێت ئەرکەکەی ئاشکرایە کە گوێڕاڵییە، جا ئەو جولانە هیچ شتێ ناخاتە سەر زانیارییەکانی وەرگر، مەگەر تەنها خستنەڕووی هەندێ جولەی پاڵەوانیەتی نەبێت.

نایشارمەوە کە من چێژم لە دوا دیمەنی نمایشەکە وەرگرت، وەختێ دەبینیم دەروازەی دەرگا سەرەکییەکە دەکرێتەوە و ئەرزەی هۆڵەکە بە ئاردەدار داپۆشراوە کە کەمێ ئاوڕشێن کراوە، ئیدی ئەو دیمەنە پێکهاتەیەکی تا بڵێی جوانی بە شوێنەواری خوێنەکە بەخشیوە کە لە ئەنجامی کوژرانی هەردوو کەسێتیی شانۆگەرییەکە ڕژاوە، هەرچەندە درێژبوونەوەی لێدرانەکەی یەکەمینە کە وەرگر بە درێژایی نمایشەکە پێی دەکەوێ وەختێ جەنەراڵ و سکرتێرەکەی لە حەشارگەکە دێنە دەرەوە و جەماوەرەکەش هەر لە ناوی دەمینێنەوە. ڕەنگە دابەشکردنی کاغەزەکانیش بەسەر ئامادەبووان لە کاتی هاتنە ژوورەوەیان هەر لەو بۆچوونەوە سەرچاوەی گرتبێت، واتە جەماوەر بە خواستی خۆیان چوونەتە ناو حەشارگەکە، جا کە وابێت ناچارن نێنە دەرەوە، واتە کە توانایان نییە لە بەرامبەر دیکتاتۆردا بەرگری لە خۆیان بکەن دەبێ خۆیان بشارنەوە.



www.mukiryani.com

ـــ بەلاّم لە شانۆگەری (چیرۆکی خۆشەویستییەکی سەردەمانە) لە نووسینی فەلاح شاکر، ئـەوا دەرهێنەر حوسێن میسری دەقێکی هەڵبژاردووە کە باس لە بابەتەکانی ئێستا دەکات و ڕووداوەکانی لە چوارچیوەی کۆچکردن بۆ دەرەوەی ولاّت لەو ململانێیە تەوەردەگرێت کە لە نێـوان پیـاوی و ژنێـك دایە، پیاوەکە بڕیاری داوە نیشتمان بجێ بێڵێ و ژنەش حەز ناکات دەستبەرداری ئەو خەونانەی بێت کە لە نیشتمانەکەیدا لەگەڵی ژیاوە. دەقەکە وادیـارە ڕووداوی بـە چـڵ و پـۆپ ئـاڵۆزی تێـدا نییـە و تەنها لە دوو گەسێتیدا کورت بۆتەوە. کەشێکی تراژیکۆمیدیانەی هەیـە زۆر لـە ڕۆحیـەتی چـیخۆف نێزیکە.

ئەو ئامرازانەی لە نمایشەکەدا بەکارهاتوونە تا بڵێـی سـادە و سـاکارن بـە ڕادەیـەك هـەرخۆیان بیرۆکەی شانۆگەرییەکە دەردەبڕن. خۆ ئەگەر ئەو جانتایانەی لە دەستەڕاسـتی شـانۆکە لەسـەر یـەك دانراون، نیشانەیەك بێت بۆ سەرهەڵگرتنی پیاوەکە و جێهێشتنی نیشتمان، ئـەوا ئـەو شـتومەکانەی لە لای دەستەپی شانۆکەوە دانراون نیشـانەیەکن بـۆ وابەسـتەبوونی ژنەکـەی بـە نیشـتمانەکەی. جـا لەوانەیە دابەش کردنی تەختەی شانۆ بۆ دوو بەش بەڵگەیەك بن بـۆ تێگەیشـتن لـە هەڵویسـتی ژن و پیاوەکە. هەروەها چەندان نیشانەی دیکەش لەسەر شانۆکە هەنە ئامـاژە بـە بابـەتی شـانۆگەرییەکە دەکەن کە مەسەلەی کۆچکردنە، وەك ئەو کراسەی بە بنمیچی شانۆکەدا شۆڕ بۆتەوە و ئەو سێگۆشـە گەورەیـەی ناوەنـد کـە نیشـانەی پرسـیاری بـە سـەرەوەیە و هێمایەکـە بـۆ هەڵواسـینی جلوبـەرگ و مەدلوولێکە پرسیار لە بارەی هۆکارەکانی ئەو کۆچە دەخاتەڕوو.

ئەو پەشێوییەی کە دەرهێنـەر بـە ئەنقەسـت لـە نمایشـەکەدا بـەرپای کـردووە لـە ڕێگـەی ئـەو هـەموو جانتایـە پڕەکـانی سـەریەك نیشـانەیەکی ڕوونـە بـۆ نیشـاندانی بـارە سیاسـی و ئـابوری و کۆمەلاّیەتییـە ناجێگیرەکـەی کـە گـەلانی عێـراق بـە گشـتی پێـوەی دەنـاڵێنن. ئـەو حاڵەتـە وا لـە کەسـەکان دەکـات کـە گشـت هـەلێکی لـەبار بقۆزێتـەوە بـۆ ئـەوەی جانتکانیـان بپێچـنەوە و ولاّت بەجێبێڵن. هەر وەك لە دواین چرکەی نمایشەکەدا دەنگە دەنگەکە مێردەی نوستوو واگادێنن تا خـۆی بۆ ڕۆیشتن ئامادە بکات و ژنـەش بـە دڵێکـی خـەمبارەوە هـاوار دەکـات: (نـەخێر... لێیگـەڕێن بـا بنوێ..).

ـــ چیخۆف شـانازی دەکـات کـە نوسـینی شـانۆگەری (گـۆرانی تـوم) تـەنها سـەعاتێك پێـنج خولەکی بردووە، کە ئەمەش (کاتێك)ە کەمێك لە ماوەی نمایشەکەی درێژترە، وەلێ لەو نمایشەی کـە ئێمە خەریکین باسی لێوە دەکـەین و لـە دەرهێنـانی ڕزگـار ئەمینـە، لێـرەدا جیاوازکارییەکـە خـۆی حەشار داوە. ڕەنگـە ئەوەشـیان یـەکێك لـەو جیاوازکاری‌یانـە بێـت کـە نوسـەری گـەورەی ڕووسـی



www.mukiryani.com

لەگەڵیدا ژیاوە: نمایشکردنەکە وەختێکی زێتر لەو وەختە بخایەنێت کە چیخۆف دەقەکەی تێدا نووسیوە.

من پێشتر هەرگیز نمایشی ئەوها لاوازم نەبینیوە، لە بیرمە حەفت هەشت ساڵ بەر لە ئێستاکە ئەو مۆنۆدرامایەم بینی کە خوێندکارێکی زانکۆی سەلاحەدین بە نواندنی هەڵسابوو و وابزانم هونەرمەند (ئاسایش عوسمان) کاری دەرهێنانی بۆ کردبوو، لە ڕووی نواندن و دەرهێنانەوە زۆر لەو نمایشە باشتر بوو. جا ڕەنگە ئەمە یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی تری چیخۆف بێت کە لایەنێك هیچ پەیوەندی بە شانۆوە نەبێت و لەو لایەنە باشتر نمایشی بکات کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە شانۆوە هەیە کە ئەویش یانەی شانۆیە و لە ڕۆژی شانۆی جیهانی و لە فیستیڤاڵێکدا نمایشی بکات کە بۆ ئەو مەبەستە تەرخان کراوە. لە هەموو ئەو شتانە سەیرتر ئەوەیە کە دەرهێنەر لە تەك کاری دەرهێنانەکەی زاراوەی (سینۆکرافیا)ی خستۆتە سەری، هەر بەوەش نەوەستاوە ناوی جێبەجێکارەکەشی داوەتە پاڵی، وەك ئەوەی کە بەڕاستی جێدەستییەکی گەورەی کاری دەرهێنان بەسەر نمایشەکەوە هەبێت و دیکۆرساز و جێبەجێکارێك یارمەتییان دابێت بۆ ئەنجامدانی. سەرەڕای ئەوەش دیکۆری ئەو شانۆگەرییە بریتییە لە دوو پارچە ئاسنی گەمەی منداڵان کە لە باخچە گشتییەکاندا نموونەیان زۆرە و هەموو دەرهێنەرێك دەتوانێت بیانهێنێ بێ ئەوەی شتێکیان بخاتە پاڵ یان لێیان کەم بکاتەوە و لەسەر تەختەی شانۆ دایان بنێت، ئیدی بەم کارە گشت بنچینەکانی دەرهێنانی شانۆیی پشتگوێ بخات.

ئاخۆ دەبێ ئەو دوو پارچە ئاسنە بۆشە چ پەیوەندییەکیان لەگەڵ بابەتی (گۆرانی تومی)ی مۆزیك شیرین هەبێت؟ ئەو تەنە کەڕە چ پەیوەندییەکی بە گۆرانی ئەو باڵندە جوانەوە هەیە کە ناخوێنێت، گەر بشخوێنێ دەمرێت؟ ئەو دیکۆرە چ پەیوەندییەکی بە ژیانی ئەو پیرە ئەکتەرە (ڤاسیلی) هەیە کە لە ناوەندی ئەو بۆشاییە تاریکە دانیشتووە کە پێی دەڵێن تەختەی شانۆ و جلی گاڵتەجارەکەی پۆشیوە و بە گوفەکی زبڵ و پاشماوەی دیمەنەکانی نمایشی شانۆیی دەورە دراوە، نەبەردییەکانی خۆی بیردێتەوە، هی ئەو ڕۆژانەی کە گەنج بووە و ڕۆڵی ئۆتیللۆ و هاملێت و مەلیك لیر و شاکارەکەی پۆشکین (بۆریس گۆدۆنۆف) دەدیت. هەروەها ئەو کچەی بیردەکەوێتەوە کە ئەمی خۆشویستووە و پاشان کە زانیویەتی خەریکی کاری نواندنە جێی هێشتووە. لەو بۆشاییەدا وردە وردە لە سەرخۆشییەکەی تەنگە نەفەس دەبێت و لە ڕێگەی نواندنی ئەو ڕۆڵە گەورانەی کە ڕۆژانێك بینویەتی دەست بە گەڕاندنەوەی سەربەرزییەکانی خۆی دەکات. ئایا بابەتێکی هەستیاری وەك ئەمە



www.mukiryani.com

پێویستی بە گواستنەوەی ئەو هەموو کەرەسەیەی شاری یاری هەیە بۆ هۆڵی ڕۆشنبیری جەماوەری هەتا ئەکتەرەکەی پێیاندا سەرکەوێ و چەرخەکانی بسووڕێنێتەوە؟

وەختێ دەرهێنەر پەنا بۆ کەرەسە هونەرییەکانی دەبات و لە لایەن ئەکتەرەکانی بەکاریان دێنێت، دەبێ هەوڵ بدات بەو کەرەسانە جوانییەك ببەخشێتە کارەکەی بە پێی ئەو توانایەی کە ئەکتەرەکە لە باریدا هەیە بینوێنێ و ئەو نەرمونیانییەی کە جەستەی هەیەتی بە مەبەستی تەقاندنەوەی چرکە جوانییەکانی ناوی.

جا ئاخۆ ئاسن ئەو مەرجەی تێدایە؟ یا بە شێوەیەکی دیکە، ئەکتەر چۆن بتوانێ مامەڵە لەگەڵ ئاسن بکات؟ بەڕاستی ئەمە کارێکی سەیرە. ئاخر (گۆرانی توم) هەر لە بنچینەدا پێویستی بە دیکۆر نییە، بەڵکو تەنها پێویستی بە ئەکتەری لێهاتوو هەیە و بەس.

پاشان من نازانم لەبەرچی دەرهێنەر لە نێو ئەو هەموو هۆڵەی نمایشکردن هۆڵی ڕۆشنبیریی جەماوەری هەڵبژاردووە کە ڕووبەری تەختەی شانۆکەی لە هەمووان گەورەترە و لەبەرچی هەموو ڕووبەرەکەی بەکارهێنا، من نازانم بۆ؟...!

سەبارەت بەو نمایشە ناتوانم بڵێم دەرهێنەرەکەی پێش نمایشکردنەکەی بیری لەو نواندنە جوانەی هونەرمەندان (سامی عەبدولحەمید) و (کامەران ڕەئوف) لەو شانۆگەرییە نەکردۆتەوە، ئاخۆ دەبێ دەرهێنەر نیازی نمایشێکی هەبوبێت سنووری ئەوان ببەزێنێت؟!

بەر لەوەی بچمە بینینی نمایشەکە بیرم لێی دەکردەوە، بەخۆمم دەوت باشە ئەمە شێتێتی نییە هونەرمەندێك لە هونەرمەندەکان هەوڵ بدات نمایشی شانۆگەری (گۆرانی توم) بکات لە دوای نمایشە پڕ لە داهێنانەکەی سامی و کامەران؟ ئەمە نەهاتە دی.. بریا بەدیهاتبایە.. لێ ئەوەی ڕوویدا کارەسات بوو کە دەیان چێژوەرگری شانۆ شایەتی دەدەن لەوانەی ئەو نمایشە لە چێژی دان.

ــ شتێکی دڵخۆشکەرە کە بە پشت بەستنمان بە توانا سنووردارەکانی خۆمان و بۆچوونە خودییەکانمان هەوڵ بدەین ڕێگەیەکی سەخت ببڕین بۆ دانانی یەکەمین بەردی بناخەی جۆرێکی دیارکراوی شانۆ کە هێشتا نەچووینەتە ناوی، ئەویش بریتییە لە نواندنی بێدەنگ (پانتۆمیم).

لەم دوو ساڵەی دواییدا هونەرمەند (نیهاد جامی) لە گۆڕەپانی هونەریی کوردی وەدەرکەوت کە ئەو شێوازەی پەیڕەو دەکرد، ئومێدەوارم لەسەر بەرنامەیە بەردەوام بێت، مادامەکی ئەوەیان کاری دووەمینیەتی کە دەیبینین. وەلێ ئەو ئومێدەی من بەو مانایە نییە کە ببێتە مۆڵەتپێدانی ئەو هونەرمەندانەی ئەو شێوازە دەگرنە بەر، چونکێ ئەو شێوازە پێویستی بە پلان و شیکردنەوە و نەرمی ماسولکە هەیە کە دەبێ لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەیەکی سەخت لە هەردوو لایەنی کردەیی و



www.mukiryani.com

نەزەرییەوە ئەنجام بدرێت. ئاخر هەر جولەیەکی نەرمی بێ گرێ لە ئەنجامی ئەو ڕاهێنانە ڕۆژانەیە بەردەوامە دێتەدی کە ملکەچی بنەماکانی لێکۆڵینەوەیەکی هونەری سەخت بێت.

مارسێل مارسۆ کە بەڕێوەبەری قوتابخانەی نواندنی بێدەنگە لە فەرەنسا، خۆی و قوتابییەکەی (ئەمێل) بە داهێنەرترین کەسی ئەم بوارە دادەنرێن لە جیهان.

سەعدون عوبەیدی لە بارەی مارسێلەوە دەڵێت: زێتر لە بیست حاڵەتی وای پێشکەش کردووە، بە هاتنە نێو ژیانەوە دەستی پێ کردووە و بە مردن کۆتایی پێ هێناوە. بە دەستێکی دەموچاوی دادەپۆشی و پاشان لە دوای چوار چرکە دەستەکەی لادەبرد و شێوەی ئەدگاری خۆی دەگۆڕی، هەر دەستلادانێکی بە واتای بازدانێکی تەمەن بوو، ئیدی بەو گۆڕینە لە ئەدگاری دەموچاوی خۆی تەمەنە جیاوازەکان بە دوای یەکدا دەهاتن لە قۆناغی منداڵێتی و پارچەڵەیی و گەنجێتی و پیری و کەنەفتەیی پاشان بە مردن کۆتایی دەهات. هەر قۆناغێك لەمانە شێوەیەك لە دەربڕینی ئەدگارانەی ئاڵۆزی هەبوو. تاکە سەرچاوەیەك لە تیشك ئاڕاستەی ڕووخساری ئەکتەرەکە دەکرا، ئەویش بە پێی قۆناغەکانی تەمەنی مرۆڤ پلەدار بوو تا لە کۆتاییدا تیشکەکە تەماوی و کز و مەیلەو زەرد دەبوو پاشان نەدەما کە ئەمەیان هێمای هەڵوەرین و مردن بوو.

هەروەها دەیگوت: هەتا تاکە لێدانێکی مۆزیکێکیش بوونی نەبوو، ئاخر سەماکردنی ماسولکەکانی دەموچاو ئامادەبوون و دەتگوت ئاوازی مۆزێکێك دەربڕن.

ئێمە لێرەدا مەبەستمان بەراووردکردنی نمایشەکەی نیهاد (هات و نەهات) نییە بە نمایشە (پانتۆمیم)ە جیهانییەکان، چونکێ ئەو جۆرە بەراووردکردنە مەحاڵە، بەقەدەر ئەوەی دەمانەوێ ئەوە دووپات بکەینەوە کە ئەگەر بمانەوێ هونەری پانتۆمیم بە شێوەیەکی زانستی و دروست پێشکەش بکەین، ئەوا پێویستە بە پێی بنەما و ئەو بنچینانە بێت کە پێیەوە پەیوەستن، دەبێ بگەڕێینەوە سەر شێوازەکانی ئەو کەسەی تیۆرەی بۆ کردووە و دایهێناوە. هەرچەندە ئەو کارەی نیهاد دەستی داوەتێ زۆر سەرتایانەیە، لێ نابێت لە بەهاکەی کەم بکەینەوە چونکێ بنچینەیەکە لەسەر بۆچوونی خۆی دروست بووە.

دابەشبوونی ئامادەبووان بۆ دووبەش، نیوەیان لە قاتی سەرەوە و نیوەشیان لە قاتی خوارێ، دوو جۆرە بینینی جیاوازیان لە کن دروست دەکات، بە تایبەتی کە هونەری پانتۆمیم پێویستی بە بینین لە نێزیکەوە هەیە بۆ ئەوەی جیاوازی نێوان گۆڕانی ئەدگار و هەڵچوونەکان ببینێ. هەروەها ئەو بازنەیەی کە دەرهێنەر لە نێو چوارگۆشەکە وێنەی کێشاوە زیاتر لە لێکدانەوەیەکی داوەتە دەست. ئەو تێبینییە لە قازانجی نمایشەکە نییە و مەبەستەکەی تا تێپەڕینی نێزیکەی دە خولەك



www.mukiryani.com

ناگاته وەرگر. پاشان زۆربەی جولەکان بە خشین لەسەر چەنگان بەرجەستە کراون، سەرەڕای ئەوەش بەکارهێنانی ئێکسسوارەکان لە لایەن ئەکتەر لەو جۆرە هونەرە کەموکووڕییەکی گەورەیە لە گەیاندنی بیرۆکەکەی خۆی بە وەرگر لە ڕێگەی هەڵسوکەوت و دەربڕینە جەستەییەکانی، هەروەك لە بەکارهێنانی سێ تۆپەکە و بووکە شووشەکە و پارچە قوماشەکە و پەیژەکەدا دیارە.

لەگەڵ ئەو کەموکووڕییانەسدا کە نمایشەکەی شەلە کردووە، لێ دەرهێنەر توانیویەتی هەندێ وێنەی جولەی هێمابەخشی جوان بکێشێت، لە ناویاندا کە شایەنی گوتن بێت ڕۆیشتنی کچەکە بە ژێر پەنجەرەکە خشینی لەسەر چەنگان بە شێوەیەکی خێرا ڕەمزێکە بۆ کوردستان و دوا دیمەنیش کە بە خشینی مارەکە لە کۆتایی شانۆکە بۆ پێشەوە، هەردوو جولەکە سەرەڕای ئەوەی خەسڵەتی جوانییان هەبوو لە مەدلوولە سیاسییە بەهێزەکەیان بێبەش نەبوون.

ـــ برادلی دەڵێت: ئۆتێللۆ لە ڕووی پێکهاتەوە تەنها کاملترین تراژیدیای شەکسپیر نییە، بەڵکو شێوازی پێکهاتەکەشی نائاساییە، ئەو شێوازە وا دەکات ململانێکە درەنگ دەست پێ بکات، پاشان بەبێ وەستان دێتە پێش و بە پەلە بەرەو کارەساتەکە سەردەکەوێت.

ئەو پێشەکییە بۆیە دەهێنمەوە چونکێ پەیوەندییەکی بە نمایشی شانۆگەری (ئۆتێللۆ)ەوە هەیە لە دەرهێنانی (هیوا سوعاد)، مەبەستم ئەو ململانێیەی کە زوو دەستی پێ کرد ڕەنگدانەوەی ئەو شتەیە کە برادلی دووپاتی دەکاتەوە، دواتریش ئەو ڕیتمە هێواشەی هاوکات لەگەڵ نمایشەکە هاوڕێیە هەر لە سەرەتاوە تا کۆتاییەکەی.

جا ئەگەر دەرهێنەر لە ماوەیەکی کەمدا شلەژانە پڕ لە ئێشەکە دەردەخات، ئەوا هێزی کەسێتی ئۆتێللۆ دەسڕێتەوە، لەگەڵ ئەوەی کەسێتییەکی تا ڕادەیەك سادەیە بەهۆی ڕۆمانسییەتەکەی، لێ گەر بورووژێت بەهێزە. کەواتە ئەو جۆرە کەسێتییە تێکەڵاوە پێویستی بە کاتێکی زۆر هەیە تا ببێتە پیاوی (یاگۆ)، بۆیە شلەژانەکە درەنگتر دێت و نمایشەکە ڕیتمە هێواشەکەی لەو شلەژانەوە وەك پەرچە کردارێك وەردەگرێت. من پێم وایە ئەو کاری سڕینەوەیەی کە دەرهێنەر لە دەقە ئەسڵییەکە ئەنجامی داوە کاریگەرییەکی زۆر خراپی کردۆتە سەر نمایشەکە، سەرەڕای ئەو سڕینەوەیە لە بەرزکردنەوەی ململانێکە پەلەی کردووە، چونکێ ماوەی نەداوەتە وەرگر بۆ ئەوەی شارەزای خەسڵەتە پڕ لە شکۆکانی ئۆتێللۆ بێت تا لە جیاتی ئەوەی بە هۆی ڕەفتارە نابەجێ و توندەکانی ڕقی لێی بێتەوە، سۆزی لەگەڵ پەیدا بکات و دڵی پێی بسووتێ. بە واتایەکی دیکە زۆربەی وەرگرەکان پێشتر ئەو شانۆگەرییەیان نەخوێندۆتەوە بۆیە کە لە دوای نمایشەکە دەچنە دەرەوە ڕقێکی زۆر لە بەرامبەر ئۆتێللۆدا هەڵدەگرن.



www.mukiryani.com

ئیدی بەمە نمایشەکە گرنگترین توخمی شانۆی ئەرستۆیی تێدا ون دەبێ ئەویش وروژاندنی سۆزی وەرگرە.

ئەو نوێنەی کە دیدمۆنەی تێدا دەخنکێنرێ دەکەوێتە پشت پەردەکان نەك ناوەڕاستی شانۆکە، هەروەك لەو نمایشەدا بینیمان، ئاخر کارێکی زۆر وەحشییانەیە لە بەرچاوی وەرگر کارێکی وا بەرجەستە بکرێت، لەوەش ناشیرینتر ئەو دیمەنەبوو وەختێ ئۆتیللۆ دیدمۆنەی بە قەرەوێڵەکەیەوە بەسەر تەختەی شانۆکەدا بۆ هەموو لایەك ڕادەکێشا.

برادلی دەڵێت: هەندێ خوێنەر هەست دەکەن کە هەندێ بەشی شانۆگەری ئۆتیللۆ بەهۆی ناشیرینی و کارە مەترسیدارەکانی دەیانهەژێنێ. ئەوانە باوەڕیان وایە کە شەکسپیر لەو بەشانەدا هەڵەی بەرامبەر شەریعەتەکانی هونەر کردووە وەختێ لەسەر شانۆ کردارێکی پڕ لە توند و تیژی و دڕندانەی دەروونهەژێن ئەنجام دەدرێت بێ ئەوەی بیانۆیەك هەبێت بۆ ئەو کردارە. جا ڕەنگە ئەو بڕگانەی هەستیان بریندار دەکات بریتیبن لەو لێدانەی کە ئۆتیللۆ دەیسریوێنێتە دیدمۆنە و هەڵسوکەوتێکی وای لەگەڵ دەکات وەك ئەوەی مێوانێکی سۆزانی بێت و لە دواییشدا دیمەنی کوشتنی دیدمۆنە.

ئەو شتەی کە دەتوانم لە بەرژەوەندی دەرهێنەر لەو نمایشەدا تۆماری بکەم ئەوەیە کە توانیویەتی پارێزگاری لە ڕۆحی کلاسیکیانەی شەکسپیر بکات لە بەرکارهێنانی پارچەکانی دیکۆر و جلوبەرگ و ئەو مەدلوولانەی قوماشە ڕەنگ سپی و سوورەکان بەخشیویانەتە مانا فەلسەفییە گشتییەکەی شانۆگەرییەکە و ڕەهەندەکانی کەسێتییەکانی: ئۆتیللۆ، یاگۆ، دیدمۆنە.

فەیلەسوفی گەورەی شانۆ (ئەرادیس نیکۆڵ) لە بارەی شانۆگەری ئۆتیللۆوە دەڵێت: لایەنە چاکەکانی نواندنی زۆر لە لایەنە چاکەکانی شانۆگەری مەلیك لیر پترە.

بە پشتبەستن بەو قسەیە من پێم وابوو نواندنی یاگۆ پێیەوە پەیوەستم دەکات کە یوسف عوسمان ڕۆڵەکەی بینیوە، بەداخەوە بەزۆرلەخۆکردنەوە نواندنەکەی ئەنجام دا کە ڕەنگە ئەمە هۆکارێك بێت بۆ نەگەیشتنی بە ئاستی نواندنی ئۆتیللۆ کە یونس حەمە کاکە ڕۆڵەکەی دەبینی، بە تایبەتی لە دیمەنەکانی دواییدا. هەروەها سەبارەت بە دیدمۆنەش حاڵەتەکە هەر ئەوهابوو لەو دیمەنانەی کە ئۆتیللۆ خیانەتەکانی بەچاودا دەداتەوە و بە نەرمی و هێمنی و پاکی و باوەڕبەخۆبوونەوە ڕووبەڕووی دەبێتەوە. سەبارەت بە ئەکتەرەکانی دیکەش ئەوا ڕۆڵی خۆیان بە شێوەیەکی باش نەنواند.



www.mukiryani.com

دەبێ لێرەدا ئەو دیمەنەشتان بیرخەمەوە کە دەرهێنەر هەر بەلایدا نەچوو، کە ئەویش بریتییە لەو دیمەەی کە ئۆتیللۆ تێیدا دیدمۆنە دەخنکێنێ. لەو وەختەدا دەنگی لێدانی دەرگا دەبیستێ. ئەو دیمەنە کتومت ئەو دیمەنەمان بیر دەخاتەوە کە ماکبێس مەلیکی تێدا دەکوژێت و بە هۆی تاوانەکەی بەهۆش دێتەوە. واتە هەمان کردار لە هەردوو شانۆگەرییەکە دووبارە دەبێتەوە، لێدانی دەرگا کە ئاماژەیەکە بۆ دەرچوون لە خەیاڵەوە بۆ واقیع، دەرهێنەر بەو شێوەیەکی بەرجەستە نەکردووە کە هێمایەك بێت بۆ ئەو ڕووداوە. هەروەها دەرهێنەر دەیتوانی ڕووبەرێکی فرەوانتری بداتێ و شێوازێکی دەرهێنەرانەی وای بۆ فەراهەم بکات کە پڕ بە پێستی دیمەنەکە بێت.

ــ بابەتی شانۆگەری (کامە ڕەوایە و کانە ناڕەوایە) کە لە دەرهێنانی جوان سەعیدە، یەکێکە لەو بابەتە سەردەمانەیەی کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە واقیعی ئێستای ئێمە هەیە، لە هەردوو بوارە خراپەکانی ئابووری و کۆمەلایەتی، ئەمەش خۆی لەو ژنە دەبینێتەوە کە بارە ئابوورییەکەی ڕێگەی پێ نادات جووتێ پێلاو بۆ کوڕەکەی بکڕێت، ئیدی بۆ ئەو مەبەستە بە زنجیرەیەك داواکاری لە کەسانی دەوروبەری دەست پێ دەکات. جا لە جیاتی ئەوەی لە لاوازترین ئەڵقەوە دەست پێ بکات لە پایەکانی وەزیفە، پێی باشترە لە سەرەوەڕا دەست پێ بکات. یەکەمجار دەچێتە لای پاشا ئیدی بەو جۆرە دێتەخوار بۆ لای وەزیر و پاشان سەرۆکی شارەوانی و دواتر فەرمانبەرە ئاساییەکان، تا بۆی ڕوون دەبێتەوە کە هەرەمی حکومەتەکەی گشتی لە گەندەڵی بەرتیلخۆری گلاون. ئەو دەقە خۆی لە خۆیدا بۆ نمایشی شانۆیی ناگونجێت بە قەدەر ئەوەی بۆ ڕادیۆ لە بارە، جا نازانم چ شتێ وای لە دەرهێنەر کردووە پەیوەستی ئەو دەقە بێت، ئاخر زۆر زەحمەتە دیالۆگەکانی ناوی بۆ بابەتی شانۆیی چاك بگۆڕدرێت، تەنها ئەگەر بکرێتە شێوازی قوتابخانەیی کە خۆی پشتی پێ بەستووە. ئەمەش شێوازێکە لە نوێترین زارەوەکانی قامووسی جیهانی نایدۆزیتەوە، بەڕاستی ئەمە ستەم و ناهەقییە دەرهەق بە شانۆی تۆماری و شانۆی برێختی دەکرێت کە ئەو نمایشە لە ڕیزبەندی ئەوان دابنرێت، ئەمەیان بۆیە دەڵێم چونکێ دەرهێنەر و هەندێ کەس لە دانیشتنە ڕەخنەییەکە وایان لێکدەدایەوە.

ــ شانۆگەری (پارە)ش کە (تەنیا کەریم) بۆ تیمی شانۆی پۆلیس دەریهێناوە، هەروەك بابەتەکەی شانۆگەری (کامە ڕەوایە) مۆرکی سەرەڕۆیانە و ڕووداوی بێزارکەری لەخۆ گرتبوو و دەرهێنانێکی ساکارانەی وای بۆ کرابوو کە سادەترین بنەماکانی نواندنی تێدا نەبوو. ئاخر دەرهێنەر پشتی بە هەڵڵاو هاتوهاواری بێ مانا بەستاوە و هەرسێ ئەکتەرەکە لە نێوان خۆیاندا بە درێژایی نمایشەکە یەکتر دەخنکێنن.



www.mukiryani.com

ـ باشترین نمایشێك كە لەو فێستڤاڵەدا بینیم شانۆگەری (وەنەوز) بوو كە كرمانج مستەفا كاری دەرهێنانی بۆ كردبوو. ئەو نمایشە چەندان وێنە و تابلۆی هونەری زۆر جوانی لەخۆ گرتبوو و لە پێكهاتەكانیدا زۆر لەو نمایشە نێزیك بوو كە (دلێر محەمەد) لە ژێر ناونیشانی (خزمەتكارەكان) دەری هێنابوو لە نووسینی جان جینییە. هەردوو نمایشەكە هەمان خەسڵەتیان پێوە دیاربوو و تەنها پشتیان بە نواندنی ژنەوە بەستبوو بە بێ بەشداری كردنی ئەكتەری پیاو.

لە ڕاستیدا من حەزم دەكرد ئەو نمایشە زیاتر لە جارێك ببینم تا مافی خۆی بدەمێ، چونكێ بە تەنها جارێك بینینی بەس نییە بۆ ئەوەی لە بارەیەوە شت بنووسیت، بەلاّم سروشتی فیستیڤاڵەكان بەو جۆرەیە، واتە وەك دەڵێن چمان لە دەست نایێ و هەر شانۆگەرییەك تەنها جارێك نمایش دەكرێت.

ئەو ناڕەزاییییەی لە كچە شاعیرەكە و كابرای بلیمەت و جەنەراڵەكەوە دەردەكەوێ زۆرجار لە شێوەی هاوارێكی پڕ لە تووڕەیی و شێتێتییەوە دێنە دەرێ، كە لە هاواری ئەو كەسە دەچێت بكەوێتە ناو تەڵەوە و بزانێت پێوە بووە، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا نەتە بەرنادا و تا كۆتایی هەوڵ دەدات خۆی لێی ڕزگار بكات. ئەمە هاواری ئەو پووچایەتییەیە كە لە ناو بەرمیلێكی بۆگەن و نێو زبڵ تێیدا دەژین. هەروەها هاواری ئەو داخوازییانەیە كە شەرمی پێوە دەكەن و جێبەجێ نابن. ئەو هاوارە وەختێ دەگاتە پلەی بێدەسەلاّتی و بێزاری لە لایەن هەرسێ ئەكتەرەكە، یا بە شێوەی ڕستەیەك لە جوێن لە زاریانەوە دەردەچێت، یاخود لە ڕێگەی كاری سێكسییەوە دەردەبڕێت.

خۆ ئەگەر سەرنجی زیرەكانەی دەرهێنەر نەبووایە لە هاوبەشی پێ كردنی توخمی ژن بە تەنها، ئەوا هەمان ئەو ئەنجامەی لێ نەدەكەوتەوە، جگە لەوەی سوودێكی زۆری لە گورجوگۆڵی و نەرمی جەستەیی ئەوان وەرگرتووە و وەك كەرەسەیەكی جوانیی بەكاری هێناوە، لەوانەش شانەكردن و بەردانەوەی قژیان بە گەرمییەكی زۆرتر لەسەر دەستی ئەو گەنجە دەرهێنەرە، ئیدی منیش پیرۆزبایی لێ دەكەم.



www.mukiryani.com

# ڕۆژانەکانی برایان لە نێوان ڕەمز و دەستەواژەی خەیاڵاویدا

**دەرهێنانی: کامەران ڕەئوف**

ئایا دەرهێنەر مافی ئەوەی هەیە بایەخپێدانی وەرگر بوروژێنێ تا ئەو ڕادەیەی بیگەیەنێتە هەڵوێستێك فرمێسکی لە چاوان بێتە خوارێ؟

ئەگەر ئەو کەشە هاتەکایەوە، ئایا ئەو جۆرە نمایشە دەچێتە خانەی شانۆی سۆزاوی، واتە وێنەگرتنی واقیع وەك ئەوەی لە ژیانی ڕۆژانەی ئاسایی ڕوودەدات؟ دەرهێنەری ئەو شانۆگەرییەی کە ئێمە نیازمان وایە ئێستا لە بارەیەوە بدوێین، شێوازێکی گرتۆتەبەر کە تێیدا چاوەڕێی پاکبوونەوەی وەرگری لێ ناکرێت، جا ئایا نمایشەکەی مەبەستە خوازراوەکە دەپێکێت؟ بەو مانایەی ئایا هەڵوێستی ئەو بەرامبەر ئەزموونی کوردی ئەوەندە ڕوونە لەوەی لە نمایشەکەدا پێمان ڕادەگەیەنێت؟ ئایا وەرگر بە شێوەیەکی گشتی هەڵوێستی هاوسۆزیی بەرامبەر کەسێتییە چاك و خراپەکان و ڕووداوەکان وەردەگرێت؟

بە مانەیەکی ووردتر، نمایشەکە چ ئاراستەیەکی وەردەگرت گەر دەرهێنەر بۆی بکرابایە بەرەو شێوازێکی دوور لە شێوازی ڕیالیستی بیبات، ئایا ئاڕاستەیەکی هاندەرانەی وەردەگرت یاخود بە خستنەڕووی حاڵەتەکە وازی دەهێنا؟

ئەم پرسیارە و چەندانی دیکەش شانۆگەری (ڕۆژانەکانی برایان) دەیوروژێنێ کە بیرۆکەی نوسەر (بەرزان فەرەج)ە و دەرهێنان و دارشتنەوەی کامەران ڕەئوفە لە ڕۆژی پێنج شەمەی ڕێکەوتی ١٩٩٨/٦/٤ لەشاری سلێمانی نمایش کرا. چوار تیمی هونەری لە پێشکەش کردنەکەیدا هاوبەش بوون کە بریتی بوون لە: تیپی شانۆی نەتەوەیی، کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد، تیپی نواندنی سلێمانی، تیپی هونەرەکانی شار.



www.mukiryani.com

ڕووداوەکانی ئەو شانۆگەرییە لە خانوویەکدا بە ڕێوە دەچێت کە پێنج برا لەگەڵ دایکیان و ژنبرایەکیان (ژیان) کە هاوسەری ئیبراهیمە و منداڵێك (ئازاد) کە کوڕی برا شەهیدەکەیانە لەو خانووەدا دەژین.

پێنج برایەکە بریتیین لە (یاسین) کە کەسێکی سیاسی هەڵپەرستە و یاسین قادر بەرزنجی ئەو ڕۆڵە دەبینێ.

(ئیبراهیم) کۆنە سەربازە و قاچەکانی بڕاوەتەوە، ئازاد جەلال ڕۆڵەکەی دەبینێ.

(نەجۆ) قاچاغچییە، عزەت ڕەئوف دەبینێ.

(دانا) لە دەرەوەی وڵات دەژی بەشێوەیەکی کاتی گەڕاوەتەوە وڵات. (ئاشتی کەمال) ڕۆڵەکەی دەبینێ.

(شێرۆ) هونەرمەندێکی شێوەکارە، میران عەلی ڕۆڵەکەی دەبینێ.

شێوازی بیرکردنەوە و تێگەیشتنی ئەو پێنج برایە لە ژیان لەیەکدی جیاوازە، بە پێی ئەو پیشانەی هەیانە. جا لەسەر ئەو بنچینەیەدا هەڵوێستیان بۆ دوو ئاڕاستە دابەش بووە، یاسین و نەجۆ و دانا بە ئاڕاستەیەکی سلبیدا کەوتوون، ئیبراهیم و شێرۆ لەگەڵ دایکیان و خاتوو ژیان و منداڵەکە بە ئاراستەیەکی ئیجابی، ئەمەش لە بەر ئەوەیە ئەوانەی یەکەم هەوڵدەدەن ئەو خانووە بفرۆشن کە تێیدا دەژین، ئەوانەی دووەمیش لە دژیان دەوەستنەوە. جا بە بەریەککەوتنی ئەو دوو ئاراستەیە حەقیقەتی ئەو سێ کەسێتیە بە دیار دەکەوێت و لە لایەن کەسێتیە ئیجابیەکان پەردە لەسەر فێڵ و تەڵەکەبازییان هەڵدەدرێتەوە.

کاریگەرییەکانی نووسەری گەورە (چیخۆف) زۆر چاك بەسەر کەسێتییەکانی ئەم شانۆگەرییەوە دیارە، لە لایەنی ئەو تەماحکارییانەی کە لە ناخی کەسێتییەکاندا کاری خۆی دەکا و ناتوانن بە دەستیان بێنن.

جگە لە کەسێتی ژنە خزمەتکارەکە (ژیان) کە هەمیشە هەوڵ دەدات ئارامی بگەڕێنێتەوە نێو ژیانی خانەوادەکە و سەقامگیریی و دڵنەوایی لە ماڵەکەیان بێتە دی، لێ ئەویش لە کۆتاییدا بە هۆی هەوڵی شوبرایەکی کە دەیویست دەستدرێژی بکاتە سەری، ماڵەکە جێدێڵێت.

بەڵام دایکی پێنج کوڕەکە چاوەڕێی کوڕە شەهیدەکەی دەکات و بڕوای وایە نەمردووە.

یاسین بە تەمایە لە هەڵبژاردن سەرکەوێ و پلەیەکی حزبی باڵاتر وەرگرێت لە پەنای خوێنی برا شەهیدەکەی و (ئازاد)ی باوك شەهید کە دەیباتە بەردەمی بەرپرسە گەورەکان لە سەر گۆرستانە بە کۆمەڵەکە.



www.mukiryani.com

(دانا) کە لە دەرەوەی ولاّت هاتۆتەوە، لە خەیاڵی ئەوەدایە براژنەکەی مارە بکاتەوە. بەلاّم ئیبراهیم و شێرۆ دژی فرۆشتنی خانووەکەیان دەوەستنەوە. ئازادی منداڵیش لە نێو خەونە نەبینراوەکانی خۆیدا دەژی.

لە کۆتایی نمایشەکەدا ئیبراهیم دەمرێ و دانا دەگرێتەوە هەندەران، شیرۆش دەچێتە گوندێکی دوورەدەست، ئیدی دایکە بە تەنها لەگەڵ نەوەکەی (ئازاد) دەمینێتەوە، لە چاوەڕێی ئەوەدایە فریشتەیەك بێتە ماڵەکەی تا بۆی پاك بکاتەوە و بۆی فرەوان بکات و نەمامی تێدا بنێژێ، بەڵکە هەمووان بەخۆشی لە ناویدا بژین.

دەڵێم ئەو ئەو جۆرە پرسیارانە بۆیە شانۆگەری (ڕۆژانەکانی براکان) دەیان وروژێنێ، چونکە باس لە بابەتێکی ورد و هەستیار دەکات و پەیوەندی بە ئەزموونی گەلی کوردەوە هەیە لە دوای ڕاپەڕین و ئەو کارەساتانەی کە توشی هاتووە. هەر بۆیە ئەو گفتو گۆیەی هەندێك لە کەسایەتییەکانی شانۆگەرییەکە دەیکەن لەو بوارەدا خۆیان دەبینەوە، واتە کەسێتییەکی وەك شەهیدەکە کە وەرگر بە درێژایی نمایشەکە هەست بە ئامادەیی دەکات. یان کەسێتی ئیبراهیمی سەرباز کە هەردوو قاچی لە جەنگی نێوان عیراق و ئێراندا براوە هەمان هاوسۆزیی لە لایەن وەرگرەوە هەیە. دیسان کەسێتی هەر لە دایك و منداڵەکە و هاوسەرەکەی ئیبراهیم و شێرۆ هەمان شت نیشان دەدەن.

جا ئایا بیرۆکەیەکی لەو بابەتە هەستەکانی وەرگر ناجولێنێ وای لێ ناکات بێ ویستی خۆی مەیلی بۆ لای نمایشەکە بشکێتەوە و لە نێو ڕووداوەکاندا نقوم بێت، لە جیاتی ئەوەی لە شێوازە کۆنەکەدا وون بێت؟

دەرهێنەر بیەوێ یان نەیەوێ لە بەرامبەر ڕووداوێکی میلۆدرامی دایە کۆکردنەوەی کۆمەڵێك کەسێتییەکانیش هەر ئاوان.

لێرەدا من مەبەستم نیە بچمە ناو وردەکارییەکانی چەمکی دراما، هەرچەندە دانەرانی تراژیدیا کۆنەکان فەلسەفەی ئەو زاراوەیەیان لە شانۆگەرییەکاندا بلاّو دەکردەوە، لێ من دەتوانم بڵێم کە میلۆدراما لە دوای دەرکەوتنی شانۆگەرییەکانی (ئیبسن) و (چیخۆف) و (یۆجین ئۆنێل) و سەرهەڵدانی شێوازی تازە لە دەرهێنان، بەرەو دوواوە گەڕاوەتەوە، ئەمەش بە هۆی قووڵنەبوونەوەی لە مەبەستە فەلسەفییەکە و ڕوو تێکردنی کەسێتییەکانی بۆ ئەوەی ببنە کۆمەڵە نموونەیەکی چەقبەستووی وا کە بە شێوازێکی سادە و ڕوون نمایش دەکرێت و تێیدا دیالۆگ بەسەر جولەی شانۆگەرییەکەدا زاڵ دەبێت.



www.mukiryani.com

ڕەنگە گەڕانەوەیەکی وورد بۆ خوێندنەوەی دەقی (ڕۆژانەکانی براکان) ئەوەمان بۆ ئاشکرا بکات کە سەرچاوەی پەشێوییەکان هیچ پەیوەندیەکی بە دەقەکەوە نییە، بەڵکو لە نائاگایی وەرگرەوە دروست دەبێت، لە ئەنجامی وەرگرتنی هەڵوێست لەو جۆرە بیرۆکە و کەسێتییانە، ئەمەش بەهۆی ئەو ستەم چەوسانەوەیەی کە ساڵانێکی زۆر بێ هەبوونی سیستەم چەشتوویەتی و هەروەها بە هۆی ئەو شەیدابوونی بووە بۆ سەرکەوتنی ئەزموونی ساوای گەلەکەی بووە لە دوای ڕاپەڕین.

جا لێرە ڕۆڵێ دەرهێنەر لە ڕێگەی شێوازی دەرهێنانەکەیەوە دێتە پێش کە پێی وایە ئەمە باشترین ڕێگەیە بۆ ئازادبوونی وەرگر لەو حاڵەتە نائاگاییەی تێیدایە، جا بەبێ دانانی چارەسەرێکی دەرهێنەرانە بۆی، ڕەنگە ڕووچوونی نمایشەکە بۆ ناو میلۆدراما چەندجارە بکاتەوە.

ئایا کامەران ڕەئوف بەو کەرستە شانۆییانەی توانیویەتی نمایشەکەی لە زمانی میلۆدراما ڕزگار بکات؟

من پێم وایە وەڵامی ئەو پرسیارە ئیجابیانە دەبێت. ئاخر گرنگیی سەرکەوتنی دەرهێنەرەکە لەوە دایە کە زیرەکانە مامەڵەی لەگەڵ دارشتنی دەقەکە کردووە، بەتایبەتی وەختێ لە جێبەجێ کردنی شێوازی دەرهێناندا هەوڵی نەداوە بفەلسەفێنێ، کە ڕەنگە ئەمە لەگەڵ ئەو ڕێبازەدا نەگونجێت کە نووسەری بیرۆکەکە پەیڕەوی کردووە ، بەمەش بەریەککەوتن و جیاوازییەکانی لەگەڵ بۆچوونەکەی خۆی دوورخستۆتەوە و لەسەر ڕێچکەیەکی وا ڕۆیشتووە لە بنچینەدا لەسەر ئەو بنەما جەوهەریانە نووسراون کە ڕێبازی ڕیالیستی پشتی پێ دەبەستێ کە ئەویش لە شێوازەکانی هەر یەك لە (ستاسەلافسکی) کە ڕیالیستییە و (فاختانۆف) کە ڕیالیستی خەیاڵییە خۆی دەنوێنێت. هەروەك دەزانین ڕێبازی ڕیالیستی بوار بۆ نووسەر و دەرهێنەر دەڕەخسێنێت گەمارۆی بایەخپێدانی وەرگر بدات و هەندێ هەڵویست بجولقێنێ وا لە بینەر بکات فرمێسك لە چاوەکانی گیرنەبن.

دەرهێنەر کە بایەخ بەو دوو شێوازە دەدات، ئەوا لە یەکەمیاندا لە ڕاستگۆیی ناخی نواندنی ئەکتەرەکان دڵنیا دەبێت کە لە ناوەوە بۆ دەرەوە هەڵدەچن. لە دووەمیشیاندا لە دیاردەی بە شانۆبوون بەئاگا دەبێت وەختێ لە شانۆگەرییەکە بۆ چرکەیەکیش وەرگر لە بیر ناکات و بە درێژایی کات ئاگای لە وجوودی ئەکتەرە وەك ئەوەی کەسێکی پیشەکارە. بە تێکەڵ کردنی ئەو دوو شێوازە وەرگر دەگاتە دۆخی پاکبوونەوە کە دەرهێنەر مەبەستیەتی. لێرەدا پاکبوونەوە سەبارەت بە دەرهێنەر هەم کێشەیە و هەم هەڵوێستە. جا ئەگەر کێشەکەی ئەو سەرکەوتنی ئەزموونی گەلی کورد بێت، ئەوا هەڵوێستەکەی لێی هاندەرانە نابێت بۆ دنەدانی، بەڵکو تەنها بریتی دەبێت لە خستنەڕووی حاڵەتەکە بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو شتانەی کە دەشێن بڵاو بکرێنەوە وەك هەڵڕشتنی ڕق لە



www.mukiryani.com

بەرامبەر کەسێتییە خراپەکان و نواندنی سۆز لە بەرامبەر کەسە باشەکان، لە ڕێگەی ئاشکراکردنی کەسە خائینەکان و دیارخستنی ڕەوشتە چاکەکانی کەسانی خاوەن هەڵوێستی جوامێرانە.

لەو جۆرە نمایشەدا ورووژاندن تەنها بە وردبوونەوە لە پەیوەندی نێوان مرۆڤەکانەوە دێتەدی لە نێوان خۆیاندا. هەروەها ئەو حاڵەتە بە هەمان شێوە لەو بارە تراژیدییە کۆنانەدا هەیە کە مۆرکێکی دڕندانەی هەبووە. لێرەدا مۆرکی خیانەتکاری هەمان ئەو شوێنە دەگرێتەوە کە دڕندەیی لە حاڵەتە کارەساتبارە کۆنەکان گرتبوویە خۆی، ئەویش بریتی بوو لە بابەتی خیانەتکردن دەرهەق بە نیشتمان و کەوتنە نێو ڕیسوایی، لێ جیاوازیی نێوانیان لەوەدایە یان دڕندەیی حاڵەتە کارەساتبارە کۆنەکان خۆیان دەسەپاند یا ئەوەتا وەرگر خۆی دەسەپاند (جیاوازییان نییە) چونکێ بە شێوازێکی میلۆدرامی پێشکەش کرا. بەڵام خیانەتکردن لە کاتی ئێستادا، یاخود ئەو ناوەرۆکانەی کە مانایەکی گەورە لەخۆ دەگرن، ئەوا دەبێ بە شێوازێکی درامایی پێشکەش بکرێت. بە مانایەکی ڕوونتر بۆ ئەوەی دڕندەیی (هەمەجییەت) بکەوێتە حاڵەتی هێرش بردن، ئەوا پێویستی بە شانۆگەرییەکی سۆزداری جدی هەیە تا لە ڕێگەی هۆکارە سروشتییەکانەوە کارمان لێ بکات. بەڵام بۆ ئەوەی خیانەتکردن لە باریدا هەبێت هێرش بکات، ئەوا پێویستی بە هۆکارەکانی شانۆگەرییەك هەیە کە بتوانێت سنوورێك بۆ حاڵەتە سۆزدارییەکە دابنێت.

دیارترین ئەو هۆکارنەی کە دەرهێنەر لەو نمایشەدا بە کاری هێناوە، بریتییە لە ڕەمز، چونکێ ئەو هۆکارە خەیاڵ دەوروژێنێ و بابەتێکی ئامادەکراو ناداتە وەرگر، سەرەڕای ئەوەش سەرنجی وەرگر بۆ ڕووداوەکانی سەر شانۆ ڕادەکێشێت، وەك ئەوەی لە دیمەنەکەی سەرەتادا ڕوویدا بە هۆی ئەو دیکۆری کە هێمایەك بوو بۆ ئەسپەکەی تەروادە، بە دەرچوونی ڕەمزەکانی خەیاڵ لە هەناوی ئەسپەکەوە و بەهۆی ئەو پەشێویانەی کە لەسەر شانۆدا وەك دەرئەنجامی خیانەتەکە بڵاوی کردەوە. ئەمە پەیوەندیەکی تەواوی بەو کارەساتانەوە هەیە کە کوردستان دووچاری بووە لە وێرانکاری تێکچوون و پەرتەوازەیی، بەڵام خیانەت کردن وەك ئەوەی ناوکی بیرۆکەی شانۆگەرییەکەیە، بۆیە دەرهێنەر نەیوستووە لە دیمەنەکەی سەرەتادا بە دیکۆر و کۆمەڵێك ئەکتەری دەمامکدار بەرجەستەی بکات، بەڵکو بە دیمەنەکەی دوای ئەودا لەسەر زاری منداڵەکە چارەسەری کردووە کە هێما بۆ هەمان حاڵەت دەکات، تا دیمەنەکەی سەرەتا ڕوون بکاتەوە و ڕەمزەکانی بکاتەوە.

(ئازاد)ی منداڵ قسان لەگەڵ داپیرەی دەکا و دەڵێ: ئەسپەکە زۆر گەورە بوو من و تۆ و دادە ژیان لێی ترساین، مامە ئیبراهیم لەسەر کورسییەکەی ناجولێت، مامە یاسین و مامە نەجۆ و مامە داناش لە هەناوی هاتونەتە دەرێ و دەموچاویان زۆر خوێناوییە.



www.mukiryani.com

گەر بمانەوێ ئەو دیمەنانە بخەینە ڕوو کە ڕەمزاوین، ئەوا زۆربەی دیمەنەکان، وەك دەرهێنەر پێیـان دەڵێت (خەونەکان) هەر ئەوهانە. جا ڕەنگـە دەرهێنـەر بـەو نـاو لێنانـە لـە دیمەنـەکانی ویسـتبێتی شوێنپێی (ئاڕتۆ) بکەوێت وەختێ دەڵێت: خەڵکان بە تەواوی خۆیان نابینن تـەنها لـە خەونەکانیانـدا نەبێت. گرنگ ئەوەیە ئەو شانۆگەرییە پڕە لە ڕەمز، ئاخر ئەو خانووەی کە پێـنج براکـە تێدا دەژیـن ڕەمزێکە بۆ کوردستان. هەوڵدانی سێ براکەش بۆ فرۆشتنی خانووەکە ئەوە هەریەکەیان ڕەمزێکە بـۆ نیشـانەیەکی دیـاریکراو. تـەنها کەسـێتی ئیـبراهیم دەمینێتـەوە کـە بـە هەنـدێ خەسـڵەتی نادیـار داپۆشراوە، هەرچەندە من سەرنجێکی تایبەتم لەسەری هەیە.

ئەمە یەکـەمین ئـەزموون نییـە لـە پرۆسـەی ئامادەکردنانـەی کـە کامـەران ڕەئـوف پێشکەشـی کردبێت، وەك من بزانم کاری ئامادەکردن و داڕشتنەوەی بۆ دوو دەقی دیکەش کردووە کە بریتیین لـە (گەشـتی حەسـەن و کۆشـك). ئەوکەسـەی ئـەو دوو کـارەی ببینێـت دەبـێ دان بـە سـەرکەوتنی هەردووکیاندا بنێت . داواکارم خوێنـەر وا تێنـەگات کـە مـن لێـرەدا لـە ڕێگـەی ئـەو دەسـتبژێرییە هەوڵدەدەم ئەو دوو کارە بکەمە پردێك بۆ شانۆگەری ڕۆژانەکانی برایان، بەڵکو من هەوڵم بۆ ئەوەیـە دووپاتی بکەمەوە کە ناوەندی شانۆی کوردی تا ئێسـتا ئامادەکـارێکی سـەرکەوتووی وەك کامـەران رەئوفی نییە، ئەمەش کێشەیەکی سرۆشـتییە چـونکە کـاری ئامـادەکردن زۆر لـەکاری نوسـینی دەق قورسترە.

کەواتە ئێمە وەك شانۆکاری کورد و کوردستانی مافی  خۆمان نیە شـانازی بـە کامـەران رەئوفـەوە بکەین؟

لێرەدا مەبەستمان ئەوە نییە، بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە کە درەوشانەوەی نووسەرە مەزنەکان لـە ڕێگـەی ئـەو دەسـتەواژە خەیاڵییانـەوە هـاتووە کـە زیـاتر لـە هێمـاو مـەدلولێکیان لـە خۆگرتـووە، کامەرانیش سوودی لە ئەزموونە سینەماییەکەی خۆی وەرگرتووە و بۆ بواری شانۆی گواستۆتەوە بەو مانایەی  کـە درامـای سینەمایی لـە ڕێگـەی لێهـاتوویی بیـنین و چـێژی وێنـەگری هـەمان مانـای دەستەواژەی خەیالاوی دەبەخشن. ئاخر هیچ دیمەنێك نییە ئـەو جـۆرە دەسـتەواژانەی تێدا نـەبێت و ڕەنگە جوانترینی ئەو دیمەنانەش ئەو دیمەنە بیت کە مامە ئیبراهیم لە ترسی دەرکردنیان لەو خـانووە بەر لە چاکبوونەوەی هانا بۆ دایکی دەبات وەختێ لەسەر گالیسکەوە بە دوایدا دەخشێت.

کەواتە وەرگر چۆن لەو هانابردنە دەگات؟

ئایا مەلیك لیری بیرناهێنەتەوە وەختێ لەلایەن کوڕەکانی و هاوسـەرەکانیان فرێدەدرێتـە دەرەوە، ئیدی هانا بۆ بەهلولی خزمەتکاری دەبات بۆ ئەوەی لە سەرماوسـۆڵ بیپـارێزێ؟ ئایـا گـەلی کـورد و



www.mukiryani.com

کۆچە ملیۆنیەکەی بیر ناهێنێتەوە؟ ئایا ئەو کەسەی بیر ناهێنێتەوە کە لە وڵاتی خۆی دەژی و هەست بە نامۆیی دەکات؟ ئەو دابڕ دابڕەی بیر ناهێنێتەوە کە لە ڕیزەکانماندا هەنە؟ چەندان پرسیاری دیکەش...

هەروەها دیمەنی ماڵ جێهێشتنی ژیان، واتە نیشتمانەکەی، بە هۆی ئەوەی شوبراکەی هەوڵیدا دەستدرێژی بکاتە سەر بە بەهاترین شت کە هەیەتی و دەبوو بپارێزی کە ئەویش بریتیە لە شەرەف و ناموسی، باشە ئەو ژنە ڕوو لە کوێ بکات و لە پای چی؟ ئەمانە پرسیارگەلێکن دەرهێنەر دەیان ووروژێنێ، لێرەدا دەپرسین ئایا پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی ئێمە گەشیتۆتە ئەو ڕادەیەی گەنیبوون؟ کێ لێی بەرپرسیارە؟

هەروەها ئەو دیمەنەی ئیبراهیم کە چۆنیەتی پێکرانی قاچی تێدا دەگێڕێتەوە و ئەو دیمەنەی کە باڵندە هەژارەکەی تێدا گوللەباران دەکرێ و ئەو دیمەنەی کە مامە برایم تێیدا گازاندە لە (ژیان)ی هاوسەری دەکات چونکێ نانی ئێوارەی بۆ ئامادە نەکردووە و چەندان دیمەنی دیکەش کە بواری ناوهێنانیان نییە لێرە. جا ئەگەر من تێبینیم لەسەر چۆنیەتی ئامادەکردنی ئەو شانۆگەرییە و ئەوانی دیکەش هەبێت، بەتایبەتی شانۆگەری (گەشتی حەسەن)، ئەوەیە کە ئەو ئامادەکارە بایەخ بە یەك کەسێتی دەدا و ئەوانی دیکە دەکاتە سێبەری ئەو کەسێتییە.

هەروەها لەو نمایشەدا وا ڕوودەدا کە مام یاسین تەوەری سەرەکی ڕووداوەکانە و بزوێنەری گەوهەریی کەسێتییەکانە. ئاخر ئەو دیمەنانەی کە یاسینی تێدا نییە لاواز دیارن، ئەوانەی کە ئەو بەشداری لە نواندنی دەکات لە بەهێزییان دەتەقنەوە.

هەروەها ئەو ڕستە قسانەی لە دیمەناکانی کۆتاییدا بە سەر زاری دایکەکە داهات، دایکی شەهیدەکەی لە شانۆگەری (درەختە دارتووەکە) بیر هێنامەوە کە دەیگوت:

(ئەو زیندووە، نەمردووە). ئەمەیان لەگەڵ ژوورەکەی قاتی سەرەوە جووتە کە تایبەت بوو بە شەهیدەکە لە هەمان شانۆگەری و نیشانەیە بۆ شکۆداری و سەرکەوتن.

لە شوێنێکی ئەو ووتارەمدا گوتم کەسێتی ئیبراهیم بە نەختێ نادیاری و ناڕۆشنی گەمارۆدراوە، ئەگەر لە نێو ڕەفتارەکانی لە سوپای عێراقدا سەیری ئەو کەسێتییەمان کرد و لەسەر ئەو بنچینەیە ئینتیمای ئەومان بۆ ڕژێم دەست نیشان کرد و دوور لەو دیالۆگانەی لەسەر زاری ئەوەوە دەکرێن، ئەوا بەڕای من نا هەقیمان لەبارەی ئەو کەسێتییە کردووە و دواتر بە هەقی ئامادەکار و دەرهێنەری شانۆگەرییەکەش. چونکێ لەو شانۆگەرییەدا زێتر لە دیالۆگێك هەیە



www.mukiryani.com

پاساوی لۆژیکانە و تەواو دەدەنە ئەو کەسێتییە بـۆ ئـەوەی بەشـداری لـە جـەنگی ئێـران ـــ عێـراق بکات و نەکرێتە ڕمزێك بۆ ڕژێم .

دانا: بۆ خۆت خستە ئەو هەڵدێرە (مەبەستی بەشداری کردنیەتی لە جەنگی ئێران ـــ عێراق) خۆت لێی ئازاد نەکرد؟

ئیـبراهیم: وەختـی ئێـوە ڕۆیشـتن (مەبەسـتی سـەفەری دانایـە بـۆ دەرەوەی وولاّت و چـوونی یاسیینە بۆ ناو ڕیزی شۆڕشگێڕەکان ) من ناچار بووم بۆ بەخێوکردنی دایکم و ئەو منداڵە بمێنمەوە.

دانا: ئەدی نەجۆ لێرە نەبوو؟

ئیبراهیم: بە درێژایی ساڵ سێجار نەجۆمان نەبینی، ئاخر ئەو هەر خـەریکی هاتوچۆ بـوو لـە نێوان بەغدا و بەسرە (ئاماژە بۆ پەیوەندییە گومانا‌وییەکانی).

پێویستە بڵێین ئیبراهیم کە لە جەنگ گەڕابۆوە شـتی زۆر سـەیری لەگـەڵ خـۆی هێنـابوو لـە بابەتی بەرد و دار و پارچە ئاسن و پەت لە نێو کەنتۆرەکەی خۆییدا هەڵی گرتبـوون. لـە یـەکێك لـە دیالۆگەکانیدا لەم بارەیەوە دەڵێت: ئێمە زۆر زوو دوژمنمان لـە بـیر دەکـەین. ئەمـەیان ئاماژەیـەکی ترە کە ئەو دژی ڕژێم بووە.

لەو دیالۆگەی لەگەڵ دانا دووپاتی دەکاتەوە کـە هەڵوێسـتی دژی ڕژێمـە و لایـەنگری کێشـەی گەلەکەیەتی.

ئیبراهیم: ئەو پەتەم لە ملی سەگێك کردەوە لە کاتی ئەنفال کردنی یەکێك لە گوندەکان. ئـەو سەگەی بەری بە هێرشی شۆفەڵەکان گـرت و نەیهێشـت تاکـە هـەنگاوێك بێنـە پێشـەوە تـا خـانووی خاوەنەکەی بڕووخێنن، لێ ئەنفالچییەکان دەسـت ڕێـژیان لێ کـرد و بـەریان دایـەوە، ئیـدی سـەگەی بەستەزمان تا دوای ڕووخاندنی خانووەکە دوا هەناسەی نەدا.

ئەو چاویلکەیە هی پیرە پیاوێکی بەسالاّچوو بوو لێی بـەربۆوە، ڕامکـردە لای و تـا بیدەمـەوە دەستی، لێ ئەو دەستی درێژکرد و بە دەنگێکی نووساوەوە گوتی: چیدی پێویسـتم پێـی نییـە، تـازە هەموو شتێك لە ژیانی من کۆتایی پێ هات، هیچ شتێ نەماوە سەیری بکەم.

لە پێکەوتنی مام ئیبراهیم بە شێوەیەکی ڕەمەکییانە نـەهاتووە، ئـاخر لەوانەیـە ئـەو پـاکترین کەسێتی شانۆگەرییەکە بێت و لە هەمووان پتر تێر بەهاو ڕەوشت بێت، چونکێ کەسێکی خۆپەرسـت نییە و خێزانەکەی خۆی خۆشدەویست و لایـەنگری هـیچ بیروبـاوەڕێکی سیاسـیش نـەبوو، تـەنها لـە پێناوی دایکی و برازاکەی و براکانی لە وەختـی تەنگانـەدا قوربـانی دەدا. کەواتـە ئـەو یەکێکـە لـە



www.mukiryani.com

تاکەکانی ئەو گەلە بەشمەینەتەی ولاّتی عێراق، ئەو گەلەی بە هۆی جەنگە یەك بە دوای یەکەکانی ڕژێم بە تەواوی تووشی ئیفلیجی و پەککەوتن بوو، چەشنی مام ئیبراهیم.

ئەو سافیرەیەی ئاگادارکردنەوە کە لە کۆتایی نمایشەکە لێدرا لە دوای مردنی مام ئیبراهیم، وەك زللەیەکی بەهێز بوو بە ڕووی وەرگر، بۆ ئەوەی لە حالەّتی نائاگایی کە بە درێژایی نمایشەکە تێیدابوو، بەهۆش بێتەوە. جا بەو شێوە کتوپڕییە لە واقیعێکی خەیالییەوە دەربازی دەکا و دەیگەڕێنێتەوە واقیعی ڕاستەقینەی خۆی بۆ ئەوەی هەست بەو مەترسییانە بکات کەوا خەریکە دێنە ڕێی.

بەگەرمی دەستی ئەوانە دەگوشم کە لەو نمایشەدا بەشدار بوون، بە تایبەتی هونەرمەند ئازاد جەلال کە بەڕاستی لێهاتووانە لە سەر شێوازی (ستانسەلافسکی) کاری نواندنی ئەنجام دەدا. هەروەها بە نواندنی میران و سەرسام بووم کە دەمبینی ڕاستەوخۆ و بێ زۆرلەخۆکردن ڕۆڵی خۆی دەبینی. دیسان بە نواندنەکەی خاتوو ڤیان سەرسام بووم کە توانی نموونەی دایکێکی میهرەبان و خزمەتکارێکی دەستپاکمان پیشان بدات. نابێ ڕۆڵی ئەو مندالّە بەهرەدارە (کۆژین کامەران) لەبیر بکەین کە ئێسك سووکانە لەسەر شانۆ دەجولا.

هونەرمەند یاسین قادرم لەسەر شانۆ ناڕەحەت هاتە بەرچاو، جا ڕەنگە بەهۆی ئەوە بێت کە ڕۆژی یەکەمی نمایشەکەیە، هیوادارم لە نمایشی ڕۆژانی دواتر ئەو پەشێوییەی پێوە دیارنەبێت.

ئاشتی کەمال ئەوەندە خۆی بە دیالۆگەوە خەریك دەکرد کە هەمووی ئەزبەر کردبوو بەجۆرێ هیچ خۆی بە نواندنەوە خەریك نەدەکرد. عزەت ڕەئوف لە نواندنە کۆمیدییەکانی خۆی کە پێوەی ناسراوە دەرنەچوو. بەلاّم سوهەیلە حەسەن کە دایکە شەهید بوو، بە هەنگاوە گرانەکانی سەرشانۆی وەك هەر دایکێکی عێراقی ماندوو و شەکەت دیاربوو، ئەوانەی لە تەك کوڕەکانیاندا خەباتیان دەکرد.

لە کۆتاییدا دەگەڕێمەوە سەر ئەو پرسیارەی کە لە سەرەتادا کردم:

ئایا کامەران توانی سۆزی وەرگر دامرکێنێتەوە و سنوورێك بۆ نائاگاییە غەریزییەکەی دابنێت بە ئاڕاستەی نەڕشتنی فرمێسك لە چاوەکانی؟

ئەوەیان من گومانم لێی هەیە...

کارێکی چاکی کرد ....



www.mukiryani.com

# ئاهەنگسازی لە زەمبیل فرۆش

# لە نێوان کردار و پاساودانەکانی...و ناسەردەمیبوون ...

**دەرهێنانی: ژیلوان تاهیر.**

من وای دەبینم کە پرۆسەی بەشانۆکردنی فۆلکلۆر یا کەلەپور یاخود چیرۆکی میللی پێویستی بە هۆشیارییەك هەیە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی چاك مامەڵە لەگەڵ هەرسێ تۆخمە بنچینەییەکانی سەرکەوتنی نمایشی شانۆیی بکات کە ئەوانیش بریتین لە:

یەکەم ــ ئازادکردنی چیرۆکەکە لە بونیادە کۆنەکەی.

دووەم ــ ئامادەکردنی چیرۆکەکە.

سێیەم ــ بەسەردەمکردنی چیرۆکەکە.

بەڵام بە هۆی بێبەشی شانۆکەمان لەو هۆشیارییەی کە ئەو مەرجانە لەخۆ دەگرن، ئەوا زۆربەی ئەو هەوڵانەی بەو ئاڕاستەیە دەدرێن تووشی پووکانەوە دەبن و سوودێکیان نابێت، جا هەر لە شانۆگەری (مەم و زین)ەوە کە تەلعەت سامان کاری دەرهێنانی بۆ کردووە، تا دەگاتە (لاس و خەزاڵ) کە لە دەرهێنانی سەباح عەبدولڕەحمانە، دواتریش شانۆگەری (سورمەخان) کە سەفوەت جەڕاح دەریهێناوە، سەرەڕای ئەو شانۆگەرییەش کەوا لەبەر دەستمان دایە.

تاکە شانۆگەرییەك کە ناچێتە ناو ئەو قاڵبەوە شانۆگەریی (لە چاوەڕوانی سیامەند)ە کە شەماڵ عومەر ئامادەی کردووە و هەردوو هونەرمەند خاتوو میدیا ڕەئوف و خاتوو نیگار حەسیب دەریان هێناوە.

ماوەی نێوان نمایشکردنی شانۆگەریی (سورمەخان) و نمایشکردنی شانۆگەریی (زەمبیل فرۆش) شازدە ساڵە، یەکەمیان لە ساڵی (١٩٨٣) نمایشکرا. هەروەها هەردوو نمایشەکەی شانۆگەری (لە



www.mukiryani.com

چاوەڕوانی سیامەند) یازدە ساڵیان نێوانە کە یەکەم نمایشی لە ساڵی (١٩٨٨)دا بوو. بێگومـان مـن هەر ئەوها سەرپێییانە نەهاتوومەتە سـەر باسـی ئـەو دوو نمایشـە کـە پەیوەنـدییان بـە نمایشـکردنی شانۆگەری (زەمبیل فرۆش)ەوە هەیە، بە تایبەتی لە بارەی ئەو شـتەی کـە پەیوەنـدی بـە وەرگرتنـی ماددەی ئەو سێگۆشە شانۆییەوە هەیە لە کەلەپور و فۆلکلۆری کوردی، سەرباری خەسڵەتە هاوبـەش و ناهاوبەشەکان لە بۆچوونی هەرسێ دەرهێنەرەکە لە بارەی مامەڵە کردنیان بە مادەی کەلـەپوری و بەشانۆکردنی، ئەمەش بە خۆبەستانەوەی نمایشی (سورمەخان) بە ڕووداوەکانی نێو دەقـی چیرۆکەکە و پێشکەشکردنی بـە شـێوازی ئەرسـتۆیانە و چڕکردنەوەی چیرۆکی (لـە چاوەڕوانی سـیامەند) و نمایشکردنی لەسەر شێوازی ئارتۆ. لە کاتێکدا دەقـی ( زەمبیـل فـرۆش ) پەیوەسـت بـەڕووداوەکانی خۆی بووە و لەسەر شێوازی شانۆی ئاهەنگسازی نمایشکراوە.

((ڕەنگـە دیـارترین نـاڕێکی مامەڵـەکردنی شـانۆیی لەگـەڵ کەلـەپوری کوردیـدا خـۆی لـەوە حەشاردابێ کە جوولەکردنی نووسەر لە پانتایی و چوارچێوەی دیاریکراوی ماددەی کەلـەپوری دایـە کـە لە ڕووداو و کەسێتی و زمان بە ووردترین شێوە بـژار کـراوە. ئـەو جـۆرە مامەڵەکردنـە وای لێ دەکـات هەر بە ژێردەستەیی گواستنەوە و لە بەرگرتنەوە بمێنێتەوە، وەك ئـەوەی کەلـەپور تـەنها ڕووداو و زمـان بێت، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە کەلەپور بۆ داهێنەر ڕەمز و زیندەگییەکی پـڕ لـە ژیـاری و هێمایـە، بۆیە دووبارە تۆمارکردنەوەی لە پەیکەری خۆیدا هیچ سوودێك نابەخشێت، بەڵام بە دۆزینەوەیەی پڕ لـە تواناداریيە هێمابەخش و بەهرەدارەکانی مرۆڤی سەردەم دەکرێ بـە هۆشـیارییەکی تـازە خـۆی دووبـارە بکاتەوە)).

ئەمـەیان لـەو پێشـەکییەدا هـاتبوو کـە لـە سـاڵی ١٩٨٣ لـە بـارەی نمایشـکردنی شانۆگەری (سـورمەخان) نووسـیبووم. ئـەو قسـانە ئێسـتاش لەگـەڵ واقیعـی شـانۆییمان دەگـونجێن، یـا لەگـەڵ ئەوانەدا کۆکە کە لە بواری کەلەپوریدا کاردەکەن بەبێ سەردەماندنی وەك هزرێك و چوارچـێوەکردنی هزرەکە بەو شێوەیەی لەگەڵیدا دەگونجێت. ئاخر دەرهێنەرانی شـانۆی کـوردی ڕێگـە بـەخۆیان نـادەن ڕووداوەکانی چیرۆکەکە و کەسێتیەکانی لە بۆچوونێکی فکری جیاوازدا لێـك بدەنـەوە و بـە ڕەخنـە و هەڵسـەنگاندن بـەرەنگاری نەدەبوونـەوە، لەگـەڵ ئـەوەی وەك دەزانـین ئـەو چیرۆکە کۆنانـە لەسـەر بنچینەیەکی هونـەری بتـەو دانەمـەزراون و هـیچ سـەنگێك بـۆ پاسـاودانی گواسـتنەوەکان لـە نێـو کردارەکانیدا دانانێن ، هەروەك لە شانۆگەری سورمەخان و زەمبیل فـرۆش ڕوویـدا. ئـاخر وەك چـۆن نمایشی سورمەخان کەوتۆتە داوی سێ گواستنەوەی کردارەکان کە هیچ پاساوێکی هونەری دروستی نییە. هەروەها دەبینین نمایشی زەمبیل فرۆشیش کەوتۆتـە ئـەو داوە، ئەمـەش بـەزیاد کردنـی یـەك



www.mukiryani.com

کردار لەسەری، واتە کردنی بەچوار کردار، ئیدی چیرۆکەکە لەسەرەتاوە تا کۆتایی تەنها لەو چوار کردارە پێکدێت، لەکاتێکدا دەزانین کە شانۆی ئاهەنگئامێز پشت بە زنجیرەی لۆژیکانەی ڕووداوەکان نابەستێ. ئەو جۆرە ئاڕاستەیە تایبەتە بە شانۆی دراماییی. ئەو سێ کردارەی کە نمایشی (سورمەخان) کەوتۆتە داوی بریتین لە :

یەکەمیان ڕانەکردنی خورشیدە لەگەڵ سورمەخان.

دووەمیان لە ئیشارەت پێدانی حوسێن بەگە بۆ کوشتنی (سەنانین)ی کوڕی.

سێیەمیشیان لێخۆشبوونی (زولّفان)ە لە لایەن باوکی.

ئەو چوار کردارەی کە نمایشی زەمبیل فرۆش تێیکەوتووە بریتین لە:

١ ـــ میر بۆی ڕووندەبێتەوە کە مردن تەنها پیرەکان ناگرێتەوە بەڵکو گەنجەکانیش دەگرێتەوە.

٢ ـــ بڕواهێنان بە ژنەکەی کە واز لە سامان و شکۆداری بێنێت و وەك خەڵکانی دیکە بژی.

٣ ـ پێزانینی بەوەی کە ئەو ژنەی لەگەڵی نووستووە هاوسەرەکەی خۆی نییە، وەختێ پێی بەر بەلەکی دەکەوێت و دەزانێ خرخاڵی لە پا نییە.

٤ ـــ ڕازیبوونی ژنەکەی بەوەی ژنە ئەویندارەکەی مێردەکەی لە نوێنەکەیدا ببێتە هاوبەشی.

هەوڵدەدەین ئەمەیان بەدرێژی باسی بکەین:

سەبارەت بە کرداری یەکەم، سەرەڕای ئەوەی میر خۆی مرۆڤێکی ئاسایی نییە، ئاخر خەسڵەتێکی دیکەی هەیە کە زۆر حەزی لە ڕاو و شکارە. ئەم خەسڵەتەیان ئەوەی یەکەمیان پتەوتر دەکات و دووپاتکردنەوەی ئەو ژیراتییەیە کە هەیەتی، نەك نەزانینی سادەترین کاروبارەکانی ژیان وەك مردنی مرۆ لە تەمەنێکی زوودا.

لەبەرئەوەی پرۆسەی ئامادەکردن پرۆسەیەکی گرانە و پێویستی بە شارەزایی و ئەزموونێکی درێژ هەیە، ڕەنگە پێویستی بە کات و ماندووبوونێکی سەرباریش هەبێ. جا دەرهێنەر وەختێ ئەسڵی چیرۆکەکەی سادە و ئاسان دێتە بەرچاو، وای بە باشتر دەزانێ تواناداریییە کەمەکەی خۆی بشارێتەوە و پەنا بۆ دامێنی دەبات، بۆ ئەوەی بە بینینی چیرۆکەکە وەك خۆی کە هەیە لە شێوەی چڕینی گۆرانی یا بە گواستنەوەی لەلایەن گێڕەرەوە، ئارەزووی چێژ وەرگرتنی بینەر دابین بکات.

مەبەست لە دیارخستنی میر بەو نەزانینە درەنگ وەختە ئەوەیە تا بەهانەیەك بۆ کرداری یەکەمی بدۆزێتەوە و بازداتە کرداری دووەمین، ئەویش بریتییە لە وازهێنانی میر لە سامان و شکۆدارییەکەی و دەرچوونی لە چینەکەی خۆی، دواتر گەیشتنی بە خانمەمیر، ئاخر ئەو بووەتە



www.mukiryani.com

زەمبیل فرۆش لە پێناوی عەشقەکەی خۆی، لە کاتێکدا بەردەوامە لە درێژەدان بە هەڵوێستی یەکەمینی بەرنگاریشی دەبێتەوە و بەدوای سۆفیاتی و یاخی بووندا دەگەڕێ. جا لە نێو پەناگاکانی ئەو پێکگەیشتنەی میر و خانمەمیر لاوازییەکی گەورە لە وێنەکێشانی بینای هونەری هەیە کە دەرهێنەر هەوڵی نەداوە چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە، هەروەك حاڵەتەکانی گواستنەوەکانی چوار کردارەکە وایە. ئەو لاوازییە خۆی لە وەڵامی ئەو پرسیارەی خوارەوە حەشارداوە:

ـــ ئاخۆ دەبێ کامە ئاڕاستە باوەڕهێنەرتر بێت، ئاڕاستەی بەیەکگەیشتنی میر و خانمەمیر وەختێ لە هەڕەتی شکۆداریی و ساماندارى خۆیدایە، یان ئەو ئاڕاستەیەی کە تێیدا دەبێتە زەمبیل فرۆش؟

بە ڕای من لۆژیك دەڵێت ئاڕاستەی یەکەمیان پتر جێگەی باوەڕە نەك هی دووەم، چونکە ئەوانەی سەر بە ئاستێکی چینایەتی بەرزن، پەیوەندییە کۆمەڵاتییەکانیان لە نێوانیاندا بەهێزترە لەوانەی ئاستی چینایەتییان لە خوارترە. هەرچەند جیاوازی چیانەیەتی زۆر بێت ئەو پەیوەندییانە سوکتر دەبن. جا لەسەر ئەو بنچینەیە بەیەك گەیشتنی میر و خانمەمیر گەر لە پێش وازهێنانی لە چینەکەی خۆیدا بووایە ئەوا لە دیدی منەوە بنەماکانی باوەڕ پێ هێنانی زیاتر لەخۆ دەگرت.

هەروەها لە نێو هەمان بەیەك گەیشتندا، یا ئەو دیمەنەی لە بەردەم کۆشکی خانمەمیر بەڕێوە دەچێ، دەرهێنەر دەکەوێتە هەمان هەڵەوە، وەختێ میری سۆفی دەچێ لە پێش کۆشکی خانمەمیر زەمبیلەکانی بفرۆشێت، چونکە دیمەنێکی ئاوا گومان لەلای وەرگر دروست دەکات لە بارەی نهێنی ئامادەبوونی میر لەو شوێنەدا بە تایبەتی کە لە کاتێکدایە هەڵویستی نەگۆڕی خۆی وەرگرتووە و بووەتە سۆفی و وازی لە سامان و شکۆداری خۆی هێناوە. جا لەبەرامبەر ئەو هەڵویستەدا پێویستە لە شوێنێکی ئاوادا دووركەوێتەوە بۆ ئەوەی بە خۆشویستنی خانمەمیر تاوانبار نەکرێت و پەشێمانی پێوەدیار نەبێت لەو هەڵویستەی وەریگرتووە.

لێرەدا جیاوازییەکە خۆی حەشارداوە، چونکێ تەنها بە هات و چوون و بە دانیشتن لەبەرامبەر کۆشکی خانمەمیر ناوەستێ، بەڵکو ڕازیش دەبێ لەسەر داوای ئەو بچێتە ژوورەوە، واتە دووبارە دەگەڕێتەوە باوەشی ئەو چینەی کە خۆی لێ داماڵیوە.

کرداری جەوهەری لەو چیرۆکەدا بریتییە لە کرداری دووەم، چونکە ئەو هەڵوێستەی کە میر وەری گرتبوو لەوەوە دەست پێ دەکات و بیرۆکەی شانۆگەریەکەش لەسەر ئەو کارە بنیاتنراوە. لەبەر ئەوە وێنەکێشانی کردارێکی ئاوا کە ڕۆڵێکی بنچینەیی لە گۆڕینی ڕەوتی ڕووداوەکان دەبینێ و گۆڕانێکە لە ڕەهەندی کەسێتییەکان، پێویستی بە بەبینایەکی هونەری چەسپاو هەیە بۆ گەیاندنی پردێك لە



www.mukiryani.com

تێکگەیشتن لە نێوان کردارەکانی پێشو و کردارەکانی دواتر. بەڵام لەبەر ئەوەی دەرهێنەر چیرۆکەکەی لەسەر پێکهاتەی خۆی وەرگرتووە و هەوڵیٚ نەداوە بیکاتە بابەتێکی سەردەمانە، بۆیە ئەو کردارە لە لاوازترین ئەلقەی نمایشکەدا هاتووە کە خۆی لە (باوەڕپێهێنانی) میر بە ژنەکەی دەنوێنیٚ تا واز لە سامان و شکۆدارییەکەی بێنێت، یا ئەوەتا وەرگر ئەوهای دەبینیٚ چونکیٚ نمایشەکە هیچ دیالۆگێکی وای تێدا نییە هێما بۆ ڕازینەبوونی ژنەکەی بکات لەسەر هەڵوێستی مێردەکەی، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئامادەیی خۆی دەردەبڕێت تا لە ناخۆشترین بار لەگەڵیدا بژی.

ئەگەر دەرهێنەر ئاراستەی خۆی بەرەو بەسەردەماندنی ڕووداوەکانی شانۆگەرییەکە چڕ بکردایەوە، لە ڕێگەی هێڵی گشتی بیرۆکەکەی و بەستنەوەی بە دۆخی سیاسی و ئابووری ئێستا، ئەوا ئەو نمایشەی پێشکەشی کرد قەت بەو ڕادەیە ئەو هەموو بیانۆیەی پێوە دیار نەدەبوو کە ئەعقلی ئەو سەردەمە باوەڕی پیٚ ناهێنیٚ. لێرەدا مەبەستم تەنها زەحمەتبوونی باوەڕپێهێنان بە ژنەکەی نییە کە ڕازی بکات واز لە سامان و شکۆدارییەکەی بێنیٚ و ڕێگەی هەژاری و برسێتی بگرێتەبەر، بەڵکو مەبەستم ئەو سەرزەنشت کردنەیە کە ئاراستەی ژنی کورد دەکرێت لە ڕێگەی وێنەگرتنی بەو شێوە پاشکۆیانەیە (سێبەر) بۆ مێردەکەی.

هەردوو شێوازەکەی (مل پیٚ کەچکردن و گوێڕایەڵ بوون) کە لە لایەن مێردەوە بۆ ڕازیکردنی ژنەکەی پەیڕەو دەکرێن، بە هەڵبژاردنی هەر یەکێکیان هەمان ئەنجامی دەبێت. خۆ ئەگەر ڕێگەی یەکەمیان بە مانای سەرزەنشت کردنی ژنەکە بێت، ئەوا دووەمیان سەرنجێکمان لەکن دروست دەکات کە ژنەکەش هەمان ئەو ڕێگەیەی هەڵبژاردووە کە پیاوەکەی دەیەویٚ، بە بەڵگەی ئەوەی ژنی میر زۆر سادە و ساکارانە ڕێگە دەدات ژنە ئەویندارەکەی مێردەکەی لە ژوورەکەیدا هاوبەشی بێت. ئەمە بەڵگەیەکی ڕوونی ترە کە ئەویش هەمان ڕێگەی ئەوی هەڵبژاردووە، واتە وەك ئەو بۆتە سۆفی. لێرەدا بە وێنەکێشانی ڕەهەندەکانی کەسێتی ژنەکە دووبارە دەرهێنەر دەکەوێتە هەڵەیەکی گەورە، چونکیٚ پەیڕەوکردنی ڕێگەی سۆفیگەری بە مانای خۆ بە دەستەوەدان نایەت، بەڵکو بە مانای یاخیبوون دێت، وەك چۆن میر لە خۆشییەکانی ژیان یاخی بووە. خۆ ئەگەر ئەو یاخیبوونەمان لە کەسێتی ژنەکە کێشایەوە، بەو پێیەی سێبەری مێردەکەیەتی و تەواوکەری کەسێتی ئەوە، ئەوا لۆژیك ئەوە ڕەت دەکاتەوە کە ژن ڕازی بێت ژنێکی تر لە نوێنەکەیدا هاوبەش بێت، هەروەك چۆن مێردەکەی خۆشەویستی و عەشقی ئەوی ڕەت کردەوە.

سەیر ئەوەیە کە کرداری سێیەم لەگەڵ دۆزینەوەیەکدا بێت کە ژیرترین ژن و مێرد پێی نەگەیشتبن، لە ڕێگەی پێزانینی میر کە ئەو ژنەی لەگەڵیدا نوستووە ژنی خۆی نییە بەڵکو



www.mukiryani.com

خانمەمیرە، وەختێ پێی بە بەلەکی دەکەوێ بێ ئەوەی رووخساری ببینێت دەزانێ ئەویندارەکەیەتی. هەروەها سەیرتر لەوانە دەرهێنەر هەوڵی نەداوە ئەوەمان بۆ ئاشکرا بکات کە خانمەمیر خۆی هەوڵی داوە بچێتە جێگەکەی، ئاخر لە جیاتی ئەوەی ئەو دەست بۆ میر درێژ بکات، میر دەستی بۆ درێژ دەکات چونکێ وا دەزانێ ژنەکەی خۆیەتی. هەروەها لەمەش سەیرتر ئەوەیە وەختێ میر واز لە هەموو ماڵ و سامانەکەی خۆی دەهێنێت ژنەکەی هێشتا بە خرخاڵەکانی پای خۆی دەڕازێنێتەوە.

لە سەرەتادا شانۆگەری (لە چاوەڕوانی سیامەند)م لە نێو نمایشەکانی شانۆی کوردی دەستنیشان کرد کە لە بەشانۆکردنی فۆلکلۆر یاخود کەلەپور سەرکەوتوو بووە، ئەمەش بە گرتنەبەری ئەو ئەزموونە بەم شێوەیەی خوارەوە:

(( ئامادەکاری چیرۆکەکە ـ شەماڵ عومەر ـ لە بەشێکی کەمی ڕووداوەکانی چیرۆکی ــ خەج و سیامەند ـ سوودی وەرگرتووە، بەتایبەتی لە ململانێی نێوان سیامەند و کەڵەکێوییەکە بە ئاڕاستەی گۆڕینی ئەو ململانێیە بۆ بیرۆکەی شانۆگەرییەکە و بابەتە سەرەکییەکەی، بۆ ئەوەی لەو خاڵە و لەو بنەمایەوە دەست بە زنجیرەی خەونە یەك لە دوای یەك و ڕەشەکانی ــ خەج ــ بکات، وەختێ دەکەێتە گەڕان بە دوای سیامەندا کە لە لووتکەی شاخەوە بەبۆتەوە و گرانایی جەستەی بەسەر درەختە چڕەکانەوەیە. جا ڕەنگە چڕکردنەوەی ئەو گۆرانییەی کە لە بنەچەدا زیاتر لە سێ کەسێتی پێکهاتووە و کراوەتە کەسێتیەك یان دووان و پاشان لادانی بۆ جیهانی خەونەکان، ئاراستەیەکی فانتازیای ڕوونی دابێتە نمایشی شانۆگەرییەکە و بەرگێکی تازەی پۆشیوەتە بەری ئەمەش لەڕێگەی گۆڕینی ڕستە دیالۆگیە ڕاستەوخۆکان بۆ چەندان ڕەمز و هێمای قووڵ بە خستنەکاری کۆمەڵێك توخمی سادەی نمایشکردن، ئیدی چوارچێوە باوەکەی تێگەیشتن لە گۆرانی پەڕیوەتەوە بۆ چوارچیوەیەکی نائاسایی کە چەمکی گۆرانییەکە لە ــ من ــ ەوە بۆ ــ ئێمە ــ هەڵدەسەنگێنێ)).

ئاخر لەو چیرۆکەدا کەڵەکێوی نابێتە بەربەستێك لە ڕێگەی سەرهەڵگرتنی ــ خەج و سیامەند ـ بەڵام لێرەدا بۆ کۆسپ و ڕەمزی وەحشێك دەگۆڕێ کە نایەڵێ ئەو دوو کەسە بگەنە مرادی خۆیان. هەروەك لە پێشدا گوتمان ئامادەکار سوودی لە داستانی گلگامێش وەرگرتووە، وەختێ وەحشەکە و گلگامێش بەرەنگاری یەکدی دەبنەوە، ئیدی مەدلوولێکی بە ململانێکە داوە کە ڕەمزی خێر و بەخشندەییە بۆ ململانێکە و بۆ کەسێتی خەجیش نائارامییەکی لە چەشنی نائارامییەکەی گلگامێشی پێداوە لە چاوەدێری و چاوەڕوانبوونەکەی کە داخوا چارەنووسی بە چی دەگات کە بە سیامەندی ڕزگارکاریەوە پەیوەستە.



www.mukiryani.com

هەردوو دەرهێنەرەکەی ئەو نمایشە کە (میدیا و نیگار)، سوودیان تەنها لە دوو چەمك لەو چەمکانە وەرگرتووە کە ئارتۆ لە دەرهێنانی شانۆیی لێیانەوە دەردەچێت، ئەویش یەکەمیان تێگەیشتنی ئەوە بۆ ئەو توخمانەی کە سیفەتی شانۆگەری پاکیان هەیە. دووەمیشیان سەبارەت بەوەیە کە خەڵك خۆیان نابینن تەنها لە خەونەکانیاندا نەبێت. جا بەپێی لێکدانەوەی دووەم بۆ خەون لەلای ئارتۆ هەردوو دەرهێنەرەکە کەشێکی شانۆیی خەوناوی و ڕوونیان بەرپاکردووە.

بەڵام ژیلوان تاهیر شانۆگەری زەمبیل فرۆشی بە شێوازی شانۆی ئاهەنگسازی دەرهێناوە، من پێم وایە بۆیە ئەو شێوازەی گرتەبەر چونکیّ چیرۆکەکە لە بنچینەدا بە گۆرانی گوتراوە و لە سەر زمانی شاعیرەکان و خەڵکە گشتییەکە گواستراوەتەوە. هەروەها هۆڵی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی هەڵبژارد بۆ نمایشکردنی و فەزایەکەی ئەو هۆڵەی هەموو بەکارهێنا و پێشنیاری کرد جەماوەرەکە لە دوو ڕیزی بەرامبەر بە یەکتر دابنیێت، بۆ ئەوەی ڕووداوەکانی نمایشەکە لە ڕێڕەوەکەی نێو جەماوەرەکە بەڕێوە بچێت و تەختەی شانۆکەشی بۆ ماڵی میر تەرخان کرد و لاتەنیشتێکیشی بۆ تیپی مۆسیقاکە و کۆڕسەکەی. کۆشکی خانمەمیریشی لە بەرامبەر تەختەی شانۆ دانابوو ئەو شوێنەی سەرەوەی دەرگای هاتنە ژوورەوەشی بۆ ئەو مەبەستەی بەکارهێنا. دیوارەکانی هۆڵەکەی بە حەسیر داپۆشیبوو بۆ ئەوەی کەشێکی فۆلکلۆریانە بداتە نمایشەکە.

یەکەمین شتیّ کە بە بیرتدا بێت لە بارەی ئەو شێوازەی دەرهێنەر گرتبوویە بەر و ئەو ئامادەکردنەی پێی هەڵسابوو، تواناداری ئەوە بۆ بتەوکردنی بەیەکەوە گونجان لە نێوان هەردوو پرۆسەکە، واتە نێوان پرۆسەی ئامادەکردنەکەی و ئەو شێوازەی لە دەرهێناندا پەیڕەوی لیّ کردووە. بە واتایەکی دیکە ڕادەی توانـاداری ئەومان لە بارەی سەرکەوتنی پرۆسەی ئامادەکردنە ناسەردەمانەکەی بۆ ڕوون دەکاتەوە، لە کاتێکدا چیرۆکەکەمان بە هەموو خەوش و کەموکوڕییەکانییەوە پێشکەش دەکات بە ئاڕاستەی تێکەڵکردنی لەگەڵ شێوازێکی دەرهێنانەی نویّ کە ئەویش شێوازی شانۆی ئاهەنگسازییە.

پێویستە لەم بارەیەوە ئاوڕ لە ڕاگەیاندنەکەی کۆمەڵەی شەش کەسیەکەی شانۆی ئاهەسازی بدەینەوە، کە لە ساڵی ١٩٧٦ لە شاری مەراکش لەلایەن تەیب سەدیقی و عەدولکەریم ڕەشید و عەبدوڕەحمان زێدان و محەمەد باتۆلی و هەبدولوەهاب عید وەبیە و تۆریا جوبران بە بۆنەی ڕۆژی شانۆی جیهانییەوە ڕاگەیاندرا. لە برگەی سێزدەمی ئەو ڕاگەیانراوەدا هاتووە:

(( شانۆی ئاهەنگسازی لاسایی ناکرێتەوە و نادویّ، ئەو ڕووداوێکە، ئاهەنگێکە، کۆبوونەوەیەکی وەك ئەم بەیەکگەیشتنەی ئێستا پێکدێنیّ کە بەشێکە لە ئێمەی ئاهەنگگێڕ ،



www.mukiryani.com

ئەو شانۆیە ئێمەیە و دەبێ بەو شێوەیە بێت کە ئێمە دەمانەوێت و یادی دەکەینەوە، ئاخر شانۆی ئاهەنگسازی وەك دراما باس لە ڕابردوو ناکات، وەك شانۆی داستانئامێزیش باسی ئەویدیکە و کەسی نائامادە و دوورە دەست ناکات، بەڵکو باس لە خودی خۆی دەکات، ئاخر ئەو خۆی یەکەی دواین پەنا و سەرچاوەیە، چونکێ بەیەکگەیشتنمان ئێستا وا لێرەیە، کەواتە ئاهەنگە شانۆییەکە یادکردنەوەی ڕۆژگارێك نییە دواتر بەسەرچووبێت، هەروەها لە بارەی زەمەنێکی ڕابردوو و یا داهاتووەوە نادوێت، بەڵکو زەمەنێکی تازە دەخولقێنێ)).

بۆ گفتوگۆکردن لە بارەی ڕستە و دەستەواژەکانی ئەو بڕگەیە و بەراووردکردنی لەگەڵ نمایشی زەمبیل فرۆشدا، هێڵێك بە ژێر ڕستەی یەکەمدا دەکێشم کە دەڵێت: (ناگێڕێتەوە و نادوێ، بەڵکو ئەو ڕووداوێك زیندوو دەکاتەوە). واتە شانۆی ئاهەنگسازی لەسەر وەرەبەرهێنانی بابەتی هونەری و مێژوویی کەلەپوری وەستاوە و بابەتە هەنووکەییەکانی بە شێوەیەکی داستانئامێز چارەسەر دەکات لە ڕێگەی گرنگیدان بە ڕابردوو لە بەرگی ئێستا لە پێناوی داهاتوو. هەروەها هێڵێك بە ژێر ڕستەی (بەلاّم زەمەنێکی نوێ دەخولقێنێ)دا دەکێشم، بەو واتایەی کە ئەو کۆمەڵەیە بە دیدی ـــ بەخوداکردن ــ سەیری دەقەکە ناکەن، بەڵکو هەوڵدەدەن چەمکەکەی بتاوێننەوە و لە جیاتی ئەو ناوەرۆکێکی تازە لەجێی دابنێن. ڕستەیەکی دیکەش لە بڕگەکە ئەو ئاڕاستەیە دووپات دەکاتەوە وەختێ دەڵێت: (ئاهەنگەکە خۆی بەشێکە لە ئێمەی ئاهەنگگێڕ، ئەو ئێمەیە و دەبێ تەنها بەو شێوەیە بێت کە ئێمە دەمانەوێ و یادی دەکەینەوە).

ئەو سێ ڕستەیە بەقەدەر ئەوەی هێما بۆ هەمان مانا دەکەن، واتە یەك مانا، ئەوا کۆمەڵی شانۆی ئاهەنگسازی لە ڕێگەی چڕکردنەوەی بایەخیان لەسەر ئێستا و داهاتوو و زەمەنی تازە، گرنگییەکی گەورە بە مەسەلەی سەردەماندن دەدات. بەلاّم لەو نمایشەدا ئەوەمان بەدی نەکرد کە دەرهێنەر هەوڵی دابێت بەو جۆرەی بەکاربێنێت و پێموایە لەو خاڵەوە کەموکوڕییەکە دەست پێ دەکات و دەگاتە گرنگترین توخمی نمایشەکە کە ئەویش نواندنە، چونکە ئێمە هەروەك لە شوێنێکی دیکەی ئەو وتارەدا گوتمان کە شانۆی ئاهەنگسازی پشت بە زنجیرەی لۆژیکانەی ڕووداوەکان نابەستێ، بەڵکو پشت بە چنینێك دەبەستێ کە بایەخ بە چەند ڕووداوێکی هاوتەریب دەدات کە مەرجەکانی باوەڕهێنیانیان تێدایە و بە شێوەی تێکەڵەیەکی زەینی چوارچێوە کراون. جا ڕەنگە سەرنجنەدانی دەرهێنەر بۆ ئەو بابەتە جەوهەرییە لە ئامادەکردنی ووتارەکەی بۆ شانۆی ئاهەنگسازی وای لێ کردبێت ئەکتەرەکانی لەسەر شێوازی ئەرستۆیانە ــ دراما یانە ـــ ی تەقلیدی ڕۆڵی خۆیان نمایش بکەن.



www.mukiryani.com

نەبیل بەدران دەڵێت: (ئێمە وەك جاران بە ئەكتەر ناڵێین ببە بە ئۆتیللۆ ــ وەك چۆن دەرهێنەر لەو نمایشەدا بە هونەرمەند تارق ئاكرەیی گوت ببە بە میر و بە خاتوو ئۆسكاریشی گوت ببە بە خانمە میر ، بەڵكو دەڵێین ئۆتیللۆی وەك ئێستای خۆت لێ بكە. ئەكتەر لەو شانۆیەدا پێویستە هەمیشە لە خۆی بپرسێت بڵێت ئەگەر كەسێتی شانۆگەرییەكە لە شوێنی مندا بووایە چی دەكرد، ئەگەر بهاتایە بۆ ئەوەی لە هەمان واقیعی ئەو سەردەمەی ئێمە بژیابایە بەو هەموو ناكۆكی و تایبەتمەندیانەی كە هەیەتی، ئەو وەختە چۆن هەڵسوكەوتی دەكرد؟ چۆن مامەڵەی لەگەڵ ڕووداوەكان دەكرد؟).

كەواتە هەڵەی دەرهێنەر تەنها لە پرۆسەی ئامادەكردنەكە خۆی حەشار نەداوە، بەڵكو لە چۆنیەتی دارشتنەوەی ئەو پرۆسەیەش دایە لە شانۆی ئاهەنگسازی، دەنا ئایا ڕێی تێدەچێ كەسێتی سۆفیانەی میر بكەینە نموونەیەك بۆ مرۆڤی ئەم سەردەمە، یان بە پێچەوانە؟ یاخود كەسێتی ژنە گوێڕایەڵەكەی بكەینە نموونەیەك بۆ ژنی كورد؟ پاشان چ سوودێك لە هێنانە پێشەوەی كەسایەتییەكدا هەیە كە سەر بە ڕۆژگاری بەسەرچووە؟

باوەڕناكەم دەرهێنەر كەسێتییەكی وەك میر (زەمبیل فرۆش) وەك نموونە پێشكەش كردبێت بۆ وەبیرهێناوەی قارەمانێتییەكانی گەلی كورد، خۆ گەر ئەوەهای پێشكەش كردبایە ئەوا گۆڕانێكی ڕیشەیی بەسەردا دەهێنا لە ڕێگەی گۆڕینی لە ڕووی چینایەتییەوە نەك لە میرایەتییەوە بیكاتە زەمبیل فرۆش، بەڵكو بە پێچەوانەوە لە زەمبیل فرۆشەوە دەیكردە میر، هەروەها گۆڕانێكی لە كەسایەتی خانمەمیریش دەكرد و لە جیاتی ئەو ئارەزووە شەهوەتدارانەیە خۆشەویستییەكی پاكیزانەی پێ دەبەخشی، لەبەر ئەوەی ڕوودانی ئەو گۆڕانە لەو دوو كەسێتییە سەرەكییەدا دەبێتە مایەی چارەسەركردنی بابەتی چیرۆكەكە بە شێوەیەكی داستانئامێزانە، واتە بە داخوازیكردن بۆ گۆڕینی ئەو واقیعەی كە هەیە، نەك شیكردنەوەی. ئەوەی لە شانۆی ئاهەنگسازیدا مەبەستە ئەوەیە كە زەمەنێكی تازە بخولقێنین وەك ئەوەی لە كاتی ئێستادا گەرەكمانە نەك لە ڕابردوو. ئاخر تەیب سەدیقی هەبوونی كات و شوێن ڕەت دەكاتەوە، ڕووداوەكان لەكن ئەو لە جیهانێكی نامێژوویی داماڵراون. ئەوەتا لە شانۆگەری (دیوەخانی گەورەكەم)دا هەردوو سەدەی چواردەم و یازدەم پێك دەگەنەوە، ئەو بەناویەكداچوونەش لە ڕۆژگار یارمەتی وجوودی گێڕەرەوە دەدات كە ڕووداوەكان بەیەكدی دەبەستێتەوە، ئیدی وا لە بینەر دەكات لە كەسێتییەك كە ڕووداوەكانیان بۆ دەگێڕدرێتەوە بگۆڕێن بۆ هاریكارێك لە خولقاندنی.



www.mukiryani.com

تێبینییەکی ژیرانە لە لایەن دەرهێنەرەوە بەدی دەکرێت وەختێ شێوازی بەرامبەبوون و ڕووبەڕووبوونەوە بەکاردێنێت لە دۆزینەوەی ڕەهەندەکانی هەردوو کەسێتییە سەرەکییەکە لە ڕێگەی دیارکردنی شوێنی جێگیربوونی میر لەسەر تەختەی شانۆکە و خانمەمیر لە بەرهەیوانەکەی بەرامبەری. بەڕاستی پێدانی ئەو فەزایە بەرفرەوانەی نێوانیان کارێکی زیرەکانە بوو وەك نیشانەیەك بۆ پێکنەگەیشتنی ئەو دوو کەسێتییە لە کۆتایی. هەروەها لەوەش زیرەکانەتر ئەوەبوو کۆشك و بەرهەیوانەکەی خانمەمیر لە شوێنێکی نەختێك بەرزتر بوو لە تەختەی شانۆکە وەك ئاماژەیەك بۆ پێگە چینایەتییەکەی بە بەراوورد لەگەڵ پێگەی میر. ئاخر پێدانی فەزایەکی وەها جۆرە هەستێك دەبەخشێت کە ڕێککەوتنێکی پێشوەخت لە نێوان جەماوەر و ئەکتەرەکاندا هەیە بۆ ئامادەبوونیان لەو ئاهەنگە. لێرەدا کۆمەڵی شانۆی ئاهەنگسازی لە ڕێگەی ئەو شتەی ناویان ناوە ـــ گرێبەستی شانۆیی ــ ئەو ڕێککەوتنە دووپات دەکەنەوە، لەگەڵ ئەوەی پێدانی ئەو فەزایە لەلایەن دەرهێنەرەوە ڕەنگە لەبەر ئەوەبێت کە لە زەینیدا بۆچوونێکی تری لە بارەیەوە هەبێت وەك ئەوەی بیکاتە دیوەخانێك لە چەشنی ئەو دیوەخانە کۆنانەی هەموو توێژ و چینەکانی کۆمەڵگەی تێدا کۆدەبۆوە.

تێبینی دووەم لە سەر فەزای شانۆکە ئەو کاتەیە کە لە ئەکتەرەرەکانی وەردەگرێت لە کاتی جولان و گواستنەوەیان لە قوولاییەکەیەوە بۆ تەختەی شانۆ و چوونە ژوورەوە و هاتنە دەرەوەریان لە هۆڵەکە، ئەو کاتە کە تا ڕادەیەك درێژە لەوانەیە کار لەسەر بلاّوە پێ کردنی زەینی وەرگر بکات و لە کەشە ئاهەنگسازییەکە دەری بکات، بە تایبەتی گەر زانیمان گەرمی هۆڵەکە لەبارە بۆ ئەو بیربلاّوییە، بۆیە بە بۆچوونی من ئەو نمایشە سەرکەوتنێکی چاکتری بەدەست دەهێنا ئەگەر بۆ جەماوەرێکی هەڵبژاردە

لە ژوورێك پێشکەش کرابایە ڕووبەرەکەی لە ٣٥ مەتر دووجا پتر نەبووایە.

ژوورێکی لەو چەشنە یەکەمین لە دیوەخان نێزیکە، دووەمیش ئەو بۆشاییانە نەدەکەوتە نواندنی ئەکتەرەکان، سێیەمیش هاوبەشیکردنی بینەران بەهۆی نێزیکی و لێکخشانیان بە ئەکتەرەکان فەراهەم دەبوو و لە نێزیکەوە باشتر بە ڕووداوەکان ئاشنا دەبوون، چوارەمیش کە لە هەموویان گرنگترە، بەهۆی فشاری هەڵبژاردنی ئەو شوێنە دەرهێنەر ناچاردەبوو چیرۆکەکە بە شێوەیەکی دیکە ئامادە بکات و هەوڵبدات سەردەمانەی بکات و دیالۆگەکانی کەم بکاتەوە، ئیدی ئەو وەختە دەبوو پشت بە نواندنی ئەکتەر ببەستێ کە بە جولەکردن وێنەدەکێشێ و بە دەنگیش مۆزیك لێدەدا.



www.mukiryani.com

ئەو حاڵەتە پاکسازییەی کە دەرهێنەر لە کۆتایی نمایشەکە لەهیکرا بەرپای کردووە، بەهۆی ئەو ئاوەی لە سەرەوەرا بەسەر ئەکتەرە سەرەکییەکاندا دەڕژێت، تێبینییەکی زیرەکانە بوو لەوەی کە هاورێ لەگەڵ حاڵەتی یەکەم بوونە هۆی نامۆبوون (التغریب). جا هەرچەندە ئەو دوو حاڵەتە جوانییان لە خۆیاندا هەڵگرتووە، لێ شانۆی ئاهەنگسازی هەروەك شەوکەت عەبدولکەیم دەڵێ:

((بۆ تێکەڵبوونی گۆڕانکارییانە هەوڵدەدات، نەك بۆ تێکەڵبوونی پاکسازییانە)).

پێم وایە ئەگەر دەرهێنەر ئاوەکەی بەسەر جەماوەردا بڕژاندابایە لە جیاتی میر ئەوا حاڵەتە پاکسازییەکە بە شێوەیەکی جوانتر خۆی دەردەخست و باوەڕهێنتر دەبوو، چونکێ میر پێشتر کە بووە سۆفی خۆی پاك کردبۆوە و پێویستی بەو پاکسازییە نەبوو، بەڵکو ئەوانەی پێویستیان پێ بوو خانمەمیر و جەماوەرەکە بوون. هەروەها دەرهێنەر کارێکی چاکی کرد وەختێ خانمەمیری بە پێی ڕووتەوە لە ژێر ئاوە ڕژاوەکەدا جێهێشت.

شانۆی ئاهەنگسازی و برێشتی لە مەسەلەی نامۆبوون (النغریب) دەگەنەوە یەکتر، چونکە هەردوو شێوازەکە هەوڵدەدەن شتی ناباو پێشکەش بکەن.

تایرۆف دەڵێ: ئەگەر یەکێك لێم بپرسێ زەحمەتترین جۆری هونەر کامەیە، پێی دەڵێم هونەری نواندنە. ئەگەر یەکێکی دی لێم بپرسێ کەواتە جۆرەکانی هونەر کامانەن، دیسان لە وەڵامدا دەڵێم ئەوانیش هەر لە نواندندان... نواندن زۆر ئاسانە وەختێ وەك لاسابیکردنەوەیەکی ڕووت وەری دەگرین، وەلێ هونەرێکی قورسە وەختێ درك دەکەین کە پیشەسازییە.

ئەو گوتارەی دوایم لە کتێبی (ئاهەنگسازی لە شانۆی مەغریب) وەرگرتووە کە لە نووسینی ئەدیب محەمەد سەلاوییە، چونکە باوەڕم وایە کە نواندنی ئەکتەرەکان لەو شانۆگەرییەدا لە چوارچێوەی لاساییکردنەوە دەرنەچوو، یا ئەوەی پێی دەڵێن شانۆی ئەرستۆیی. ئاخر هونەرمەندان تارق ئاکرەیی و خاتوو ئۆسکار ڕۆڵی میر و خانمەمیریان بینی، لێ بەدوای کەسێتی خۆیاندا نەگەڕان، چونکە هەروەك لە ڕاگەیاندنەکەی کۆمەڵی شانۆی ئاهەنگسازیدا هاتووە (( نواندن ژیانە، کەسیش ناتوانێ لە جیاتی ئەوانی دیکە بژیت)).



www.mukiryani.com

## شانۆگەریی (بەرەو خۆر)
## نێزیك لە بازنەی تەباشیرە قۆقازییەکە... دوور لە برێشت

**دەرهێنانی: ئەرسەلان دەروێش و ژیلوان تاهیر.**

شانۆکارانی کورد بە نەداریی و نەبوونی خۆیانەوە هەر ئەوان نەبوون کە نەیانتوانی گەمارۆی شێوازی نامۆیانەی (التغريب) برێشت بدەن و لێی بزانن، بەڵکو شانۆکارانی عێراق و عەرەبیش لێی دەترسن و و زەحمەتییەکی زۆری تێدا دەبینن، بۆیە زۆر بە وریاییییەوە دەستی بۆ دەبەن، چونکە تێگەیشتن لەو شێوازە پێویستی بە زانینی چۆنیەتی کاریگەری بیری مارکسییانە هەیە لەسەری، تا ناکۆکییەکان و گۆڕانەکانی واقیع وەك شێوەیەك لە داهێنان لەوەی پێی دەڵێن دیاردەی (نادیاری ـــ الغموچ) لە یەك جەمسەر کۆبکاتەوە، بەو پێیەی ئەو دیاردەدەیە لە بنچینەدا دیاردەیەکی شارستانییە، یا وەك ئەوەی داستانی برێشتی دووپاتی دەکاتەوە کە کەڵەکەبوونی (نادیاری)ی دەبێتە مایەی ڕوونبوونەوە.

سەیر نییە گەر زانیمان هونەرمەندێکی گەورەی وەك ئیبراهیم جەلال کە یەکێکە لەوانەی لە شانۆی برێشت تێگەیشتبوو، لە دەرهێنانی شانۆگەریی (بازنەی تەباشیرە قۆقازییەکە) داوای بەخشین بکات کە بەتەمابوو لە لایەن خوێندکارەکانی خۆی لە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان پێشکەشی بکات، لە کاتێکدا ماوەی سێ مانگ ڕاهێنانیان لەسەری کرد. لە دەرهێنانی شانۆگەری (بۆنتیلا و دەستوپێوەندەکانی = بەگ و شوفێرەکە) لە هەندێ لایەنی سەرکەوتوو بوو و لە هەندێ لایەنیشی نا. هەروەها هەمان حاڵەت سەبارەت بە دکتۆر عەونی کەرومی جێبەجێ دەبێت، هەرچەندە بڕوانامەی دکتۆراکەشی لە بارەی برێشتەوە لە ئەڵمانیای دیموکراتی پێشو بەدەست هێناوە. لە شانۆگەری



www.mukiryani.com

(کشخه و نفخه) هیچ داهێنانێکی سەرباری نەخستە سەر ئەزموونەکانی پێشووی. هەروەها نابێ لە بیرم بچێت کە دەرهێنەری گەورەی ئەڵمانی (کۆرت فیت) لە دەرهێنانی شانۆگەری (بازنەی تەباشیرە قۆقازییەکان) داوای بەخشینی کرد تا ئەوە وەختەی لە دروستکردنی پانکەڵی سووڕاوی (القرص الدوار) شانۆی ئۆزبەکی بوونەوە کە ماوەی سالێکی خایاند.

بەلاّم لە کوردستاندا بە پێی زانیاری من، جگە لەو شانۆگەرییەی وا باسی لێوە دەکەین، پێشتر تەنها سێ ئەزموونی دیکە هەنە، ئەوانیش بریتین لە شانۆگەری (بازنەی تەباشیرە قۆقازییەکە) لە دەرهێنانی ئەحمەد سالار، کە من بۆم نەکرا ببینم و شانۆگەری ڕێسا و دەرهاوێشت (القاعدە والاستپناو) لە دەرهێنانی ئەیام کەریم کە خراپترین نموونەی شانۆی برێشتی بوو و شانۆگەری (بۆتێلا و ماتیی دەستوپێوەندەکەی) لە دەرهێنانی مامۆستای نەمر ئیبراهیم جەلال بوو.

ئەم پێشەکییەم بە مەبەستی دووپاتکردنەوە هێنا کە ئەو تیپە شانۆییەی باسی لێوە دەکەین بە دەرهێنەرو ئەکتەرەکانییەوە، سەرباری نەخشەکێش و جێبەجێکاری دیکۆر و ڕووناکییەکەی باشتر نەبوون لەوانەی لە پێش ئەوان کاریان لە شانۆی برێشت کردووە، لەبەر هۆیەکی زۆر سادە، ئەویش ئەوەیە کە شانۆی کوردی کادیری وایان نییە لە ئاستی ئەو وزانە بن کە شانۆی عێراقی و عەرەبی هەیانە. جا ئەگەر ئەوانەی ئیشیان لەو شانۆگەرییە کردووە بەو ڕاستییەیان زانیوە و دەزانن تواناداریان لە چ ئاستێکە، ئەدی بۆچی لە دەقێکی وادا جەربەزەیی لەگەڵ برێشت دەکەن؟

لەوەلاّمی ئەو پرسیارەدا ئەوانەی خەریکی ئەو شانۆگەرییە بوون و لە پێش هەموویاندا دەرهێنەرەکەی (هونەرمەند ئەرسەلان دەروێش) دەڵێن: ئێمە شانۆگەرییەکی برێشتییانەمان پێشکەش نەکردووە، بەڵکو تەنها سوودمان لەو دەقە وەرگرتووە کە ئەو نووسیویەتی ئەویش دەقی (بازنەی تەباشیرە قۆقازییەکە)یە.

زۆر چاکە... تا چ ڕادەیەك سوودیان لێ وەرگرتووە؟

ئەمە ئەو پرسیارەیە کە بۆ گفتوگۆ کردن لەسەر ڕای دەرهێنەر و کارکەران لە شانۆگەرییەکە خراوەتە ڕوو.

شانۆگەری (بەرەو خۆر) لە دەرهێنانی ئەرسەلان دەروێش و ژیلوان تاهیر لە بنچینە ئەفسانەییەکەیدا پەیوەندییەکی بە چیرۆکی سلێمان پێغەمبەرەوە هەیە و لە حوکم کردنی لە نێوان

بەخێوکەری (دایان)ی کوڕێك و دایکە ئەسڵەکەی. هەروەها شانۆگەرییەکەی برێشتیش ( بازنەی تەباشیرە قۆقازییەکە) لە بنچینە ئەفسانەییەکەیدا پەیوەندییەکی بە چیرۆکی سلێمان پێغەمبەرەوە هەیە، ئیدی هەردوو دەرهێنەرەکە وەختێ کێشەکە سەراوبن دەبێت ڕێڕەوی برێشت دەگرنەبەر، ئاخر



www.mukiryani.com

لە جیاتی ئەوەی کوڕەکە بداتەوە دایکەکەی خۆی دەیداتە دایەنەکەی پاش ئەوەی لە بازنەی تەباشیرەکە دەپەڕێتەوە، هەروەها وەك چۆن بووە لایەنگیری جوتیارەکە و ئەو زەویەی پێدا کە ژنەکە ڕەنجی لەسەر دەدا و دایدەیچاند، بەوجۆرە هەردوو دەرهێنەرەکە بە هەمان ئاڕاستەدا چوون.

لەبەر ئەو هۆیە و چەندان هۆکاری گرنگی دیکەش هەردوو دەرهێنەرەکە بیانەوێ و نەیانەوێ ئەوا دەقێکی برێشتانەیان هەڵبژاردووە، هەرچەندە بە مەستی ئامادەکردن و بە کورداندنی هەندێ گۆڕانی بچووکیان بەسەردا هێناوە، وەلێ ئەو بیرۆکە جەوهەرییەی کە نوسەر ویستویەتی بیلێت بە هەڵواسراوی لە ناوەرۆکیدا مایەوە کە دەلێ: پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان هەمیشە لە پێشەوە دێن بەلاّم پەیوەندییەکانی ڕەحم لە ناخەوەن، ئەمەش لە تێگەیشتنی برێشتی مارکسی ئەوە دەگەیەنێ کە پەیوەندییە کۆمەلاّتییە بۆگەنەکان دەشێ بەسەر پەیوەندییە بایەلۆژیەکاندا زاڵ بێت، بەو پێیەی کە مرۆڤ لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا بە داماڵرانی لە کەسێتی خۆی لە مرۆڤایەتییەکەشی دادەماڵدرێ، وەك ئەو کرێکارەی خاوەنکار مافی موڵکداری لێ دەسێنێتەوە کە لێساندنەوەی موڵکداریەتیش جۆرێکە لە جۆرەکانی بەنامۆبوون (تغریب).

هەردوو دەرهێنەرەکە خۆیان بتەوتر بە شێوازی برێشت دەبەستەوە، گەر زانیمان دەقەکە ئەو تەوەرە سەرەکییەیە کە بە ئەزموونەکانی بەختەوەر بوو لە شێوازە تەغریبییەکەی برێشت، واتە ئەو فکرە مارکسییەی کە برێشت پشتی پێ بەستبوو و باوەڕی پێ هێنا لەسەر دەقەکانی جێبەجێ دەکرد و لە ڕێی ئەو دەقانەوە بەها ستاتیکی و هونەرییەکانی بۆ شانۆکەی وەردەگرت، ئیدی بەمە ئەو دەرهێنەرەی کار لەسەر دەقەکانی ئەو دەکات، دەیخاتە تەنگەتاوییەکی وا کە ڕزگاربوونی بۆ نییە.

بەدواگەڕانی هەر بیانۆیەك لە مامەڵەکردن لەگەڵ برێشتدا بە ڕێگەی ئەوهایەتی (الهکڑاویە) پشت بە ڕاستییە بابەتییەکان نابەستێت، بەقەدەر ئەوەی بەهانەیەکە بۆ خۆدزینەوە لە شێوازەکەی ئەو. ئیدی بەو هەنجەتەی کە شێوازەکەی برێشت گرانە و پێویستی بە تێگەیشتن و قووڵبوونەوە و بەدواداچوون و بینینی ئەزموونەکانی هەیە، خۆیان بە شێوازە ئامادەکراو و حازربەدەستەکان دەبەستنەوە کە ئەمەش بە واتای دابەزینە بۆ ئاستی جەماوەر و تەپاندنی ئاستی نواندنی ئەکتەرەکانە. ئەو دابەزینە بە دابەزینەکەی دەرهێنەری ڕووسی (لیۆبیمۆف) دەچێت کە بە دەرهێنانی شانۆگەرییەکی برێشت بە ناوی (ژنێکی میهرەبان لە سۆزان) هەڵسا وەختێ لە بەرامبەر سروشتی سۆزدارانەی جەماوەرەکە ڕازی بوو کۆمەڵێك گیتارژەن بێنە ژوورەوە و مۆسیقاکەیان زۆر بە نەرمی دەنگی لێوە دەهات و بلاّو دەبۆوە.



www.mukiryani.com

لەم بارەیەوە کۆمەڵێك پرسیار خۆیان دەخەنە ڕوو:

ئەگەر ئەو دوو دەرهێنەرە نیازیان وا نەبووایە نمایشێکی برێشتییانە پێشکەش بکەن، ئەدی بۆچی ئەو هەموو ئەکتەرە زۆرە لە هونەرمەندانی هەولێر بەشدارییان تێدا کرد کە سەر بە چوار تیپن؟

ئەگەر مەبەست لە کۆکردنەوەی ئەو هەموو ئەکتەرە بۆ جولاندنی کەشی شانۆیی بێت، ئایا ئەو شانۆگەرییە شتێکی تازەی خستە سەر شانۆی کوردی؟!

ئەگەر دەرهێنەرەکان نیازیان وا بووایە نمایشەکەیان برێشتییانە نەبێت، ئەدی بۆ لە دیمەنە دەستپێکەکە ئەکتەرەکان داوایان لە جەماوەر دەکرد بیر بکەنەوە و بڕیار بدەن؟ بۆچی ئەکتەرەکان لە ڕۆڵی خۆیان دەردەچوون تا بە شێوەیەکی ئاسایی بینوێنن؟ بۆچی یەکێك لە چیرۆکبێژەکان قسەی لەگەڵ جەماوەر دەکرد و بە ناوی خۆیانەوە ناوی دەهێنان؟ ئایا هەموو ئەوانە شێوازی برێشتییانە نین هەرچەندە پێشکەشکردنەکەیان بە شێوەیەکی سادە و ساکارانە بوو؟

ڕەنگە ئەو پرسیارانە بۆ ئەو دوو پرسیارە گرنگە ڕامانکێشێت:

ئایا دەشێ شانۆیەکی تەقلیدی لە شوێنی شانۆی داستانئامێز دروست بکەین؟

ئەگەر ئەوەیان شیاو بێت، ئایا ئەو شانۆیە لە شانۆی داستانئامێز پێشکەوتووتر دەبێت؟ بە دیوێکی ڕوونتر، ئایا ئەو جۆرە شانۆیە دەتوانێ بەهایە ستاتیکی و هونەرییە باوەکان لە شانۆی داستانئامێز ببوژێنێتەوە و بیری مارکسییانەی تێدا بلاو بکاتەوە؟

بێگومان وەڵامی ئەو دوو پرسیارە ڕوونە، بەو پێیەی کە شانۆی داستانئامێزی لە شانۆی تەقلیدی پێشکەوتووترە و لە زۆربەی لایەنەکانی دەیسەڕێتەوە نەك بە پێچەوانە. لە حاڵەتێکی ئاواشدا پێویستە پرسیارەکە هەڵگێڕینەوە و بەم شێوەیەی خوارەوە بیخەینە ڕوو:

ئایا دەشێ شانۆیەکی داستانئامێزی لە شوێنی شانۆی تەقلیدی دروست بکەین؟

لێرەدا وەڵامی بابەتیانە خۆی حەشارداوە کە برێشت لە شانۆیە نوێیەکەیدا دەیداتەوە. بەڵام نمایشی (بەرەو خۆر) هەوڵ دەدات پرسیارێکی هەڵەمان بخاتە ڕوو و بە هەمان ڕێگەش هەوڵ دەدات وەڵامی بداتەوە، دەیەوێ شانۆی داستانئامێزی بکاتە شانۆیەکی تەقلیدی.

شانۆی داستانئامێز شانۆیەکی بێ گیان نییە هەروەك چۆن فکری مارکسیش وایە، ئاخر ئەو شانۆیە بۆ گۆڕان و نوێبوونەوە و لێکدانەوە شیاوە، وەلێ هەموو ئەمانە پەیوەستن بە ڕادەی چوونە پێشەوە و پێشکەشکردنی بە شێوازێك کە هەر تەنیا خۆی خاوەنی ناسنامەکە بێت و بە خەسڵەتە تایبەتییەکانی خۆی بناسرێتەوە. ئاخر بابەتی تازە ئەو کاتەی سنووری کۆن دەبەزێنێ، خۆی بە



www.mukiryani.com

ڕیشاڵەکانیی گرێنادا، بەڵکو لە پێناو سەقامگیریی خۆیدا بەردەوامیی بە بیناکردنی دەدات. برێشت شانۆی تەقلیدی بە تەواوی ڕەت ناکاتەوە و ئەمەیان نە لە توانای ئەو و نە لە توانی توندڕەوترین شانۆکاریش نییە بە ئارتۆوە.

شانۆی نامەعقوڵ هند هەوڵ بدات شانۆی تەقلیدی ڕەت بکاتەوە، جا چ بە داهێنانی توخم و زاراوەی تازە بێت یا بە ئازادبوون بێت لە وشە، لە بەشێکی خۆیدا هەم لە بواری نواندن و هەم لە بواری دەرهێنانەوە، هەر لە ژێر کاریگەری شانۆی تەقلیدیدا دەمینێتەوە. چونکێ پرۆسەی داهێنان بە ڕادەی گشتگری پێوانە ناکرێت، بەڵکو بە مەوداکانی تایبەتمەندێتی خۆی دەپێورێ. جا بە پێی ئەو قسەیە، ئایا عەقڵ دەیگرێ بیکێت و یۆنیسکۆ و ژان ژینییە و ئەدامۆف و بە شێوازی تەقلیدی پێشکەش بکرێن؟ کەواتە ئەم حاڵەتە چۆن لەگەڵ ئەو برێشتە دەکەوێتەوە کە یەکەم هونەرمەندە فکر لە هونەر وەردەگێڕێ؟ بۆ نموونە چۆن و بە چ ڕێگەیەك پاکسازی دەبێتە تەغریب یاخود تێکەڵبوون چۆن دەبێتە لێك جیاکردنەوە...

برێشت بەنامۆبوون (تغریب)مان بۆ پێناسە دەکات و دەڵێت:

ئەگەر تێکهەڵکێشکردن لە ڕووداوێکی تایبەت شتێکی ئاساییمان بۆ دروست بکات ، ئەوا (تغریب) شتێکی تایبەتمان لە ڕووداوێکی ئاسایی بۆ دروست دەکات. ئاخر کارە چاوەڕواننەکراوەکان ڕوودەدەن و زنجیرەی حەتمی بوونی خۆی وون دەکات، ئەکتەریش لە ڕۆڵی خۆی دادەبڕێ، نەك بە مانای ناکۆکبوونی لەگەڵ ڕۆڵەکەی خۆی، بەڵکو بە مانای نمایشکردنی ئەو ڕۆڵە لە دوورەوە وەك ئەوەی ڕووداوێکی دیاریکراو بگێڕێتەوە یان پرسیار لە بارەیەوە دابنێ تا هۆشی جەماوەر بجولێنێ بە هۆی دادگاییکردنیانەوە بوروژێن، بۆ ئەوەی خۆیان بڕیارە یەکلاکەرەوەکان وەگرن یاخود وەلامی گونجاویان بۆی هەبێت.

ئەوەندەی نەماوە بڵێم ئەو دیمەنە ئەویندارییەی کە سیامەند (محەمەد سەعید ئیبراهیم)ی لەگەڵ نێرگز (هەلاڵە سەمەد) کۆکردبۆوە تاکە دیمەنێکە لەو شانۆگەرییە کە بە ڕاستگۆیی ڕۆحیەتی برێشتی دەربڕیبێت. ئەو پێناسەیەی برێشت کە خەسڵەتی ڕاستەخۆیانە و ڕەمەکییانەی لە نواندندا هەیە. ئاخر برێشت بۆ ئەوەی ئەکتەرەکەی بگەیەنێتە قۆناغێك لە دابڕانی سۆزداری ڕێژەدار لەو ڕۆڵەی کە لەسەر شانۆ دەیبینێ، لە کاتی ڕاهێناندا وای لێ دەکات ڕۆڵەکانی لە زەمەنی ڕابردوو و لە جێناوی نائامادە (چمیرالغائب) بخوێنن، واتە لە جیاتی بڵێن (من) دەڵێن (ئەو). ئەمەیان تاکە دیمەن بوو کە بەو شێوەیە دەرهێنرا بوو، یاخود ئەکتەرەکان ئەوهایان نواند.



www.mukiryani.com

بۆ ئەوەی زێتر هەقی خۆی بدەمێ دیمەنی جەندرمەکە دەخەمە سەر ئەو دیمەنە، وەختێ منداڵەکە لە نێو دەستیاندا دەگوازنەوە تا دەگاتە دواین کەسیان (ئەیام ئەکرەم) کە کەسێك نییە لێی وەرگرێت.

شانۆی برێشت دابەشبوونی جوگرافیای شانۆ بۆ دەستە ڕاست و دەستە چەپ ڕەت دەکاتەوە، هەروەك لە دیمەنی یەکەم و کۆتایی ڕوویدا. لێرەدا بە پەیڕەوکردنی بیری مارکسی کە لەسەر بناغەی ململانێی چینایەتییە، ئاڕاستەی ئەو بنچینەیەی دەداتێ کە لە دەرخستنی ناکۆکییەکانی نێوان کوتلە و قەبارەکان لەسەر لێکدژی وەستاوە لە بەرکارهێنانی پارچە دابەشکراوەکانی دیکۆر و بەجەستەکردنی کەسێتییەکان و جێبەجێکردنی ڕووناکی و موسیقا وێنەگرتن.

سەیر لەوەدایە دیمەنی یەکەم  کە گرنگترین و درێژترین دیمەنی شانۆگەرییەکەیە و ماوەی زیاتر لە سەعاتێك دەخایەنێت، بە درێژایی ئەو ماوەیە دیمەنەکە لە چارەسەرکردنی برێشتییانە خاڵی بوو و هەردوو دەرهێنەرەکە بۆ چارەسەرکردنی لە گرتنەبەری شێوازی تەقلیدی بە گومان بوون.

ئەوە هەر تراژیدیا نییە کە پاکسازیی بە هەردوو بەشەکەیەوە (ترس و بەزەیی) دەورووژێنێ، بەڵکو کۆمیدیاش ئەو کاریگەرییەی هەیە. وەلێ نەك کۆمیدیای هەڵوێست، بەڵکو کۆمیدیای کەسێتی. وەختێ بە کەسێتییەك پێدەکەنین ئەوا لەبەر ئەوەیە کە بەزەییمان بە خەسڵەتە سادەکانی دێتەوە نەك لەسەر ئەو هەڵوێستەی دەیورووژێنێت. دەبووایە دەرهێنەرەکان بەر لەوەی ئەکتەرەکان دەستنیشان بکەن بایەخ بەو لایەنە بدەن و لە نواندنە کۆمیدییەکان ڕۆڵ بە ئەکتەرە ناسراوەکان نەدەن بەتایبەتی ئەیام ئەکرەم و ئیبراهیم حەکیم و نەوزاد ڕەمەزان.

برێشت بۆ دامەزراندنی پرۆسەی بەنامۆبوون (تغریب) هەڵوێستی کۆمیدییانە دەورووژێنێ لە ڕێگەی جیاکاری و شتە کتوپڕەکان. ئەو هەڵوێستە وا لە جەماوەر دەخوازێت بڕیاری ئایدۆلۆژییانە وەربگرن. ئاخر دیمەنی جەندرمەکە کە ئەکتەرەکانی تێدا نقومی نواندن بوونە و جەماوەرەکە بە پێکەنین دێنێت ناگاتە حاڵەتێك لە حاڵەتەکانی بەنامۆبوون (تغریب) تەنها لەو هەڵوێستەدا نەبێت کە ئاماژەمان بۆی کرد. هەموو ڕووداوەکانی دیکە بریتیبوون لە زۆربلێییەکی نادروست و نانەوەی گاڵتەجارییەکی زێتر.

ئەمەیان لەسەر دیمەنی دووەمیش جێبەجێ دەبێت لە کۆشکی عیسمەت پاشا. لەو دیمەنەدا جەماوەر بەو هەڵوێستە پێناکەنێت کە (حەکیم) ئیبراهیم حەکیم دەیورووژێنێت، بەڵکو بەو دەنگە سەیرانە پێدەکەنێت کە لێیەوە دەردەچێت، هەروەها بەهەمان ئەو ڕێگەیەی کە (فەیرۆزخانم) دیالۆگەکانی تێدا دەڵێت. ڕاستە ئەو دیمەنە بریتییە لە ڕووتکردنەوەی سروشتی سیستەمی



www.mukiryani.com

سەرمایەداری و پێکهاتەکەی کە لەسەر بەرژەوەندی زاتی دامەزراوە، ئەمەش لە ڕێگەی ئەو دووفاقیەی کە لەکەسێتی فەیرۆزخانمی هاوسەری عیسمەت پاشادا هەیە. بەلاّم ئەو خەسلّەتەی کە فەیرۆز پێیەوە ناسرابوو لەبەرامبەر (زڕتکێشانی) حەکیم و هاتنە ژوورەوە و چوونە دەرەوە گالّتەئامێزەکەی خزمەتکار کاریگەریەکەی زۆرکز و لاواز دیاربوو، مەبەستم دیمەنی بایەخدانی فەیرۆزخانە بە کوڕەکەی و جێهێشتنیەتی.

بەو ڕادەیەی کە نمایشەکە لایەنە کۆمیدییەکەی لە پرۆسەی پاکسازییدا نقووم ببوو، بە هەمان پلە لە لایەنە هەلّچوونایییە ـ سۆزاوییەکەی کەم کردبۆوە.

لێرەدا سێ حالّەت لەم بارەیەوە باس دەکەم:

* لە کۆتایی شانۆگەریەکەدا سەلام کۆیی (زەینەلّ) لەگەلّ خۆیدا گۆشەگیر دەبێ (لە پرۆسەیەکی پاکبوونەوەی ڕووندا) لە ڕەفتارە گەمژەییەکانی خۆی پەشیمان دەبێتەوە.

بەکر مەعرووف (لالۆ) وەختێ بە هەلّچوونەوە ئێش و ئازارەکانی خۆی دەردەبڕێ لە بارەی ئەو خزمەتانەی کە پێشکەشی زەوی و بیرەکەی کردووە.

* هەلالّە سەمەد (نێرگز) لە دیمەنی لە باوەشکردنی مندالّەکە بەدەم گوێ گرتن لە ئاوازی مۆسیقایەکی خۆشەوە.

* بۆ قسەکردن لە بارەی ئەو حالّەتانەوە دوو نموونە لە دەرهێنانی برێشت دینمەوە:

ـ شانۆگەری (ئۆپەرای سێ قرشەکە): لەلایەك گۆرانییەك لە بارەی خۆشەویستی و سۆزداری هەیە کەچی دیمەنەکە خەمبارە و پڕە لە کالاّی دزراو.

ـ فیلمی (زستنانێکی سارد): لەلایەك مۆسیقایەکی نەرم و ناسك لێدەدرێت و لەلایەکی دیکە گەنجێکی بێکار هەیە.

لە شانۆی برێشتدا کۆتایی خۆش یا خەمبار نییە، هەروەك ئەو نمایشە بە کۆتاییەکی خۆش و فێرکاری کۆتایی هات. شانۆگەری (بازنەی تەباشیرە قۆقازییەکە) شانۆگەرییەکی فێرکاری نییە بەلّکو داستانئامێزە، شانۆی داستانئامێزش وەك دەزانین دژی شانۆی حازربەدەست (المگبخی) کە تاقی کردنەوەیەکی خۆش یاخود پەندێکی ئەخلاقی پێشکەش دەکات کە هەرسکردنی ئاسانە. بە واتایەکی دیکە ئەو بڕیارەی لە بارەی هەردوو ژن و هەردوو پیاوەکە دەردەچێت لەلایەن جەماوەرەوە دەدرێت نەك ئەکتەر.

سەبارەت بە ئامادەکردنی ئەو دەقە و ڕادەی سەردەماندنی، ئەوا لە سالّی ١٩٨٣ وە بۆ شانۆی کوردی ئامادەکراوە و قەدەری جەماوەری هەولێر وابوو لە دوای چواردە سالّ لە دەرچوونی بە



www.mukiryani.com

هەمان بەرگ ببیینن. جا ڕەنگە بایەخ نەدان بەو گۆڕانەی کە بەسەر کۆمەڵگەکەماندا هاتووە لەو ماوە درێژەدا بەڵگەیەکی گەورە بێت بۆ ئەو خەوش و ناڕێکییانەی کە پرۆسەی ئامادەکردن دەشێوێنن. سەرباری ئەوەش ڕووداوەکان نە بە مێژووی نێزیك و دوورمان و نە بە واقیعی ئێستای کۆمەڵگەمان و نە بە هی ئەو ماوەیەش کە دەقەکەی تێدا ئامادەکراوە، نابەستێتەوە، بەڵکو بە دەوڵەتی عوسمانییان دەبەستێتەوە. وام بە خەیاڵدا دێت کە لە بۆچوونی دەرهێنەرەکان سەرباری ئەوەی بۆ پرۆسەی ئاماکردن ویستیان بە بە ئاراستەی سەردەمیبوونی ببەن لە ڕێگەی کەسێتی (قوباد) فەیسەڵ محەمەد سالحەوە کە چەند ڕستەیەکی لەزار هاتە دەرێ بۆ ورووژاندنی جۆش و خرۆشی جەماوەرەکە و ختووکەدانی هەستی خەڵکەکە. هیوادارم گەر بۆچوونێکی لەو چەشنەیان هەبووبێت وازی لێ بینن باشترە.

وەك کاری نواندن حەزم دەکرد ئەو دەموچاوە ناسراوانە لە جاران درەوشاوەتر ببینم کە ماوەیەکی درێژە لە شانۆ دابڕاون، بە تایبەتی هونەرمەندان سەباح عەبدلوڕەحمان و سەلام کۆیی، بەڵام داخی گرانم ئەو شتەم لێیان بەدی نەکرد کە ئاواتەخوازی بووم، بە تایبەت سەباح عەبدەلرەحمان کە ماندوو دیارە و ڕۆڵی خۆی لەسەر یەك تەوەر دەنوێنێ. بەڵام سەلام کۆیی هەوڵی دەدا وەك هونەرمەندێکی تەقلیدی لێهاتوویی خۆی بسەلمێنێ و بەڕاستی توانیویەتی ئەو مەبەستەی خۆی بپێکێت، بەڵام ئەکتەرێکی برێشتییانە نەبوو، لە کاتێکدا ڕۆڵی بەکر مەعروف و عەلی ئەحمەد لەگەڵ تواناکانی خۆیاندا گونجاو بوو کە نواندنی کەسێتی جووتیار و موختارەکە بوو. سەبارەت بە موحسین محەمەدیش یەکەمین جارە لە سەر تەختەی شانۆ دەیبینم، بەڕای من خۆی بۆ کاری ئەرشیفی شانۆیی تەرخان بکات چاکترە، خراپیش نییە جاروبار ڕەخنەی شانۆیی بنووسێت. هەروەها خۆشەویستیی ئەو هونەرمەندە پیرەش (قادر مستەفا) بۆ شانۆ بەرز دەنرخێنم. ئیبراهیم حەکیمیش هەمان ئیبراهیم حەکیمەکەی جاران بوو، لێ جەلال بەیار ڕۆڵی خۆی وەك پێویست بینی. بەڵام نەوزاد محەمەد ڕەمەزان و فەیسەڵ محەمەد سالح کە ڕۆڵی حیکایەتبێژیان دەبینی ئەوا هەردووکیان لە ڕۆڵی گێڕەرەوە نەگەیشتوونە لە شانۆی برێشت. ئەیام ئەکرەمیش وەك ئەوانی دی ڕۆڵەکەی بە تەواوی خستبووە نێو کۆمیدیا.

سەبارەت بەو ژنانەش کە ڕۆڵی خۆیان نواندبوو بەم جۆرە بوو:

هەلاڵە سەمەد، شیلان یاسین، فرمێسك، لەگەڵ شیلان ڕەحیم، یەکەمجارە لەسەر تەختەی شانۆ دەیانبینم. ئازایەتی ئەوانە لە بەشداریکردن لەو شانۆگەرییە بەرز دەنرخێنم. سەبارەت بە هەلاڵە و شیلان پێشبینی دەکەم لە ئایندەدا سەرکەوتن بەدەست بێنن.



www.mukiryani.com

# شانۆگەری کێ لەوێیە لە نێوان کورتکاری و شاعیرییەتی شوێندا

**دەرهێنانی: سەدیق حوسێن.**

شانۆکارانی کورد لە نمایشەکانیاندا داواکاری بڵاوکردنەوەی ئاشتی نەبوونە تەنها لەم چەند ساڵەی دواییدا نەبێت، بە تایبەتی لە دوای هەڵگیرسانی شەڕ لە نێوان دووبرایە کوردە بەشەڕهاتووەکە. کامەران ڕەئوف لە پێش هەموو ئەو کەسانەدایە کە بەرەنگاری ئەو بابەتە گەورە و هەستیارە بۆتەوە سەبارەت بەو زموونەی کە گەلی کورد پێیدا تێدەپەڕێت، ئەزموونی سەرکەوتن یا سەرنەکەوتنی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١، ئەویش لە شانۆگەریی وێرانە (الخراب) و شانۆگەریی ڕۆژانەکانی براکان (یومیات الاخوە). بەڵام ئەم بابەتە لە شانۆگەریی جیهانیدا بە کۆن دادەنرێ، ئاخر برێشت لە سییەکانی سەدەی بیستەم لە شانۆگەریی دایکە (ئازاکە و کوڕەکانی)دا کاری لەسەر کردووە.

کامەران ڕەئۆف یەکەم شانۆگەریی خۆی لە سەر شێوازی ڕیالیزمە خەیاڵییەکەی (فاختانکۆف) و بە پشتبەستن بە ڕێبازی ڕیالیزمی ستانسەلافسکی دەرهێناوە، بەڵام ئەو شانۆگەرییەی کە ئێمە قسەی لێوە دەکەین، هونەرمەندی گەنج (سەدیق حوسێن) لەسەر شێوازی (ئەنتۆنان ئارتۆ) دەریهێنا کە پشت بە سێ توخمی بنچینەیی دەبەستێت ئەوانیش بریتین لە: خەون، زاڵبوون بەسەر (شاعریە المکان)، ڕەتکرنەوەی وشە. ئەرکی ئەو توخمانە بریتییە لە کورتکردنەوەی (اختزال) لە کاری هونەری بە مەبەستی دەرخستنی پێکهاتە ستاتیکییەکانی.

هونەرمەندان میدیا ڕەئوف و نیگار حەسیب لە ساڵی ١٩٨٨ لە دەرهێنانی شانۆگەریی (لە چاوەڕوانی سیامەند)دا هەمان ڕێبازیان گرتەبەر کە هونەرمەند شەماڵ عومەر ئامادەی کردبوو،



www.mukiryani.com

بەلاّم نەك لە ڕێگەی بەکارهێنانی شانۆی ئیتالّی وەك لەم شانۆگەرییە، بەڵکو بە بەکارهێنانی شانۆی ژوور.

نمایشی شانۆگەری (کێ لەوێیە) بە هاتنە ژوورەوەی بینەر بۆ ناو هۆڵەکە دەستی پێ دەکرد، نەك لە ڕێگەی نمایشی تەقلیدییانە لە نواندنی ڕۆڵی ئەکتەرەکان، بەڵکو بە لێدانی گۆرانی بیانی و کوردی کە ڕیتمێکی هێواش و شنەیەکی خەیاڵییان هەبوو بۆ سازبوون لە خەڵق کردنی کەشی گشتی نمایشەکە و دەرخستنی ڕەوانیی ڕیتمەکەی و بەستنەوەی تایبەتمەندییە خۆجێییەکەی بە جیهانییەکانەوە، ئەمەش لە حاڵەتی یەکەم بە مەبەستی پاك کردنەوەی وەرگر بوو، لە حاڵەتی دووەم بۆ بەرجەستەکردنی بێزاریی خەڵکەکە بوو لە شەڕ و کوشتار، لە حاڵەتی سێیەمیش بۆ کارلێککردنی ئەزموون و شارەزایی بوو بە سوود وەرگرتن لەوانی دیکە.

ئەو سێ حاڵەتە کە لە سەرتای نمایشەکە بەکارهاتوون، ماندووبوونێکی زۆری لە لایەن دەرهێنەرەوە گەرەك نییە، تەنها پێویستی بە تۆمارکردنی ئەو گۆرانییانە هەیە کە بۆ ئەو مەبەستە بەکاردێن. هەموو دەرهێنەرێك دەتوانێت پشت بەو شێوازە ئاسانە ببەستێت، یاخود دەرهێنەر هەبووە پەیڕەوی ئەو شێوازەی کردووە، بەلاّم ڕۆڵی خۆی بە تەواوی نەبینیوە، وەك ئەوەی لەو نمایشەدا بینیمان بە هۆی ئەو کەموکوڕییانەی کە تێی کەوتبوون.

ڕەنگە ئەو نمایشە بەبێ دەستپێك لاواز دیارکەوتبایە و کەموکوڕییەکی تێ بکەوتایە، ئەگەر دەرهێنەر لە بیری کردبایە بەر لەوەی بەشە بچووکەکانی نمایشەکەی پێ بدات، وردەکاری کارەکەی بۆ وەرگر پێشکەش بکات بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی شێوازی دەرهێنانەکەی.

جا نموونەی ئەو جێدەستییە بچووکانە (گەورانە) تەنها ئەرکی سەرشانی دەرهێنەری شانۆیی نییە، بەڵکو یەکێکە لە ئەرکە جەوهەرییەکانی هەر کارێکی هونەری و ئەدەبی کە خوازیاری داهێنان بێت، چونکێ چڕکردنەوە و کورتکردنەوەیەکی مەزن دەداتە کارەکە. لێرەدا نهێنی سەرکەوتنی ئەو نمایشە خۆی حەشارداوە کە تەنیا بیست دەقیقەی لە کاتی بینەر برد و لەو ماوە کورتەدا وەرگر گەیشتە هەموو ئەو شتانەی کە دەیویست بیڵێ، لێ نەك بە قسەکردن، بەڵکو بە ئامرازەکانی دەربڕینی شانۆیی.

مادامەکی دەرهێنەر هەر لە سەرەتای نمایشەکەوە بە ئامرازەکانی دەربڕینی شانۆیی دەستی پێ کرد، ئەوا هیچ چارەی نییە دەبێ باجی پەیڕەوکردنی ئەو شێوازە بدات، ئیدی تا کۆتاییەکەی سەلماندی کە بە تەواوی دەزانێت بە چ ئاڕستەیەکدا بەرەو کورتکردنەوە و چڕبوونەوە دەیبات، لە ڕێگەی سوود وەرگرتن لە کاتە بەسەرچووەکانی وەرگر و پشتبەستن بە توخم و کەرەسە هونەرییەکانی



www.mukiryani.com

شانۆی پاکژ تا لە بەکارهێنانی وشە ڕزگار بێت، یا ئەوەتا بە کەمترین ڕادە بەکاری بێنێت، چونکێ هەروەك ئارتۆ دەڵێت ئەگەر بەیەکگەیشتنی فکری لە ڕێگەی قسەکردنەوە ئەو مەبەستە بێت کە شانۆ گەرەکیەتی، ئەوا هیچ مانایەك بۆ ئەو هەموو ماندوێتییە زۆرە و تێچوونە زۆرانە نامینێتەوە کە هەر شانۆگەرییەك پێویستی پێی هەیە.

ئەوەی لە بایەخی ئەو نمایشەی زێتر کرد هەموو ئەو ئامرازانە بوون کە دەرهێنەر بەکاری هێنان نەك تەنها هەر ئەو ئاڕاستەیەیان وەرگرت، بەڵکو سەرەڕای ئەوەش بە مەدلولەکانی دەوڵەمەنتری کرد و بەبێ مەرایيکردن بیرۆکەی شانۆگەرییەکەی دەردەبڕی و بەبێ ئاڵۆزیش خودی خۆی دەربڕی، جا هەر لە گالیسکەکەوە تا دەگاتە پەتەکە و مۆمەکە و دوو دەرگاکە و ژوورەکە. بەڵگەش بۆ ئەمە تێگەیشتنی وەرگرە لەو شتانەی لەسەر تەختەی شانۆ ڕوودەدەن کە پارچە دیکۆرێکی لێ نییە، هەروەها دیارکردنی کات و شوێنی ڕووداو و کەسێتییەکانی شانۆگەرییەکەیە، هەرچەندە دیالۆگەکان هیچ ئاماژەیەکی تێدا نییە بۆ ئەو سێ تۆخمەی پێشتر باسمان لێیانەوە. ئاخر دایکە دانیشتووەکەی سەر کورسییەکە ڕەمزێکە بۆ کوردستان کە تەواو پەکی کەوتووە. پەتەکەش نیشانەی ئەو پەیوەندییە بتەوەیە کە هەردوو برا شەڕکەرەکە بە یەکەوە دەبەستێت. دوو دەرگاکەش هێمای ئەو دوو ڕێگایەن کە بۆ چارەنووسی هاوبەشیان دەیانبەن. ژوورەکەش نیشانەیە بۆ کۆبوونەوەیان بە یەکەوە لە ژێر تاکە چادرێك بە خۆیان و خەمەکانیان و شادییەکانیانەوە، ئەمە تەواو ڕەمزی ماڵی کوردستانییە.

ڕاستە کە ئامرازی وەك گالیسکە و پەتەکە لە شانۆی کوردیمان تازە نینە و لە زۆربەی ئەو نمایشانەی لافی تازەگەری لێدەدەن بەبێ پاساو بەکارهاتوونە، بەڵام لەو نمایشەدا پاساوی بەکارهێنانیان هەیە بە بەستنەوەی لەگەڵ مەبەستی شانۆگەرییەکە و کەشە گشتییەکەی، چونکێ ئەگەر مەبەستی شانۆگەرییەکە شەڕی نێوان براکان بێت، ئەوا دەزووە هاوبەشەکە پەتەکەی نێوان هەردوولایە کە بە پەنابردنیان بۆی لە شەڕەکە وازدێنن. هەروەها سەبارەت بە کەشی گشتی نمایشەکە کە لە گالیسکەکە خۆی دەنوێنێ، ئەوەیە بە هۆی ئەنجامی ئەو شەڕە کوردستان پەکی دەکەوێت.

تەختە شانۆی بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیریی گشتی زۆر خزمەتی ئەو نمایشەی کرد، ئەمەش بە هۆی سود وەرگرتن لەو دوو دەرگایەی کە بۆ ژوورەوە دەچن، چونکێ کرانەوە و پێوەدانی ئەو دوو دەرگایە و داگیرسان و کوژانەوەی هەردوو گڵۆپەکە هۆکارێك بوون بۆ ڕوونکردنەوەی شتە نادیارەکان بۆ وەرگر، ئیدی بەمە جەماوەرەکە دەیزانی لە ژوورەوە چی دەقەومێت، ئەمەش بەهۆی ئەو



www.mukiryani.com

کەرەسەیەی دەرهێنەر بەکاری هێنابوو کە نیشانەیەك بوو بۆ چەندان حاڵەت، جارێك بۆ هەڵگیرسانی شەڕی نێوان براکان و جارێك بۆ سەقامگیربوونەوەی ئاشتی و جاری سێیەمیش بۆ ڕاکێشانی بەرهەمەکانی ئەو شەڕە بۆ هەموو ماڵێکی کوردستانی، ئاخر کە دوو براکە لەو دەرگایانەوە دەچوونە ژووریْ ئەوا یان بۆ شەڕکردن بوو یان بۆ پێکهاتنەوە، وەلیْ زۆرجار ڕێگەی یەکەمیان دەگرتەبەر کە هاوڵاتی ئاسایی تاڵییەکەی دەنۆشی.

دەرهێنەر بە مەبەستی گەیاندنی چرکەکانی کردارە بە کارهاتووەکە لە ڕێگەی دەرگاکە کارێکی دەرهێنانەی جوانتری پێداوە، کە ئەو چرکانە لە ژوورەکەوە نەك لە بەرامبەر جەماوەر، لە شێوەی بۆڵەی پچڕ پچڕ دەتەقێنێتەوە کە لە ناڵەناڵ نزیکترە نەك لە گریان. بە بۆچوونی من ئەگەر ئەو چرکانەی لەبەرامبەر جەماوەردا بەرجەستە بکردایە ئەوا هەمان ئەو کاریگەرییەی نەدەبوو ڕەنگە بە پێچەوانەی پێشبینیەکانی دەرهێنەر بە نەشازیش بهاتبایە، سەرباری ئەوەی تاقاندنەوەی ئەو کردارە لە ناوەوەدا مەدلولەکانی قووڵ دەکردەوە و زیاتر لە مانایەکی پیْ دەبەخشین. ئاخر ئەمە نە هاوار بوو نە خۆبەدەستەوەدان سەرنجێکی وای پێدەدای کە زۆر لە تیامان و سەرلێشێوانەوە نزیکە. کەواتە ئەمە پرسیاریکە پێویستی بە وەڵامێك و چارەسەرێك هەیە، ئەو پرسیارەی وەڵامیشی نییە لە مێشکی هەموو هاوڵاتیەك دەخولێتەوە و ئەو چارەسەرکردنەش بیری داگیر دەکات و بایەخی پیْ دەدا و چارەنووسی دیار دەکات، چارەنووسی ئەو ئەزموونە ساوایەی کە گەلی کوردستان پێیدا تێدەپەڕێت.

بە ڕادەی درك کردنی یا نەکردنی بۆ ئەو حاڵەتە پاکسازییەی کە بەسەر وەرگریدا هێناوە، لە ڕێگەی بەرجەستە کردنی ئەو کردارە لە ژوورەکە، بە تایبەتی کە زیاتر لە جارێك بەرجەستەی کردۆتەوە، ئەوا کۆتایی پێهێنانی نمایشەکەی بەو کردارە و بە بۆڵە پچڕ پچڕەکان لەلایەن هەردوو کەسێتییەکەی، لە بایەخی ئەو حاڵەتەی زێتر دەکرد و پاکبوونەوەی لە دەروونی بینەرانیدا پەخش دەکرد و پێی دەگەیشتە لووتکەی کاری هونەری.

هەروەها دەرهێنەر تەنها لە سنوورێکی تەسکدا نەبێت، دەنا پشتی بە دەقی (جان تاردۆ) نەبەستووە. دەتوانم لەمەش زێتر بڕۆم و بڵێم هەر لە بنچینەدا پەنای نەبردۆتە بەر نووسین یا ئامادەکردنی گوتارێکی شانۆیی بە مانا تەقلیدیەکەی، بە قەدەر ئەوەی پەنای بۆ بابەتێك بردووە کە لە سیناریۆ دەچێت و دیمەنەکان تێیدا دەبنە پلانێکی دەرهێنانە. لەوانەیە ئەو تێبینیەش وەك ئەوانی دی ئاراستەی کورتکارانەی (اختزالی) دەرهێنەر دووپات بکاتەوە بە پەنابردنە بەر وێنەکێشان بۆ پێکهاتە ستاتیکیەکان لە جیاتی ئەو وشە و دیالۆگانەی کە لەسەر زاری



www.mukiryani.com

کەسێتییەکان دەکرێن. ئاخر ئەو پێکهاتانە جگە لەوەی خەسڵەتی جوانییان تێدایە، بایەخی وشەش ناهێڵن، بە ڕەتکردنەوەی ڕۆڵی وشە ڕۆڵی ڕووداویش نامینێ لەو نمایشە بێ ڕووداوە، ئیدی وشەی بەکارهاتوو لە شانۆ ئەو ڕۆڵە دەگێڕێ کە لە چامەدا هەیەتی وەختێ وێنەی شیعری لێ دروست دەکرێت. بە واتایەکی ڕوونتر وشەی شانۆگەریش وشەیەکی شیعرییە وەختێ بە شێوەیەکی ورد و دروست لە وێنەکردنی پێکهاتەکان بەکاردرێت، واتە کورتی دەکاتەوە و جوانییەکەی دەردەخات، یا وەك ئارتۆ ناوی دەنێت (شاعیریەتی شوێن کە بەسەر ڕووداودا زاڵ دەبێت).

جا دەرهێنەر بەرەو کورتکردنەوە و چڕکردنەوە هەنگاوی هەڵگرتووە، هەروەك چۆن لە دیمەنی سەرەتادا بە چوونە نێو دیمەنەکان دەستی پێ کرد، هەر بە هەمان شێوازیش بۆ دیمەنەکانی دیکە درێژ دەبێتەوە تا کۆتایی نمایشەکە، بۆ ئەوەی بەسەر شاعیرییەتی ڕووداودا زاڵ بێت و بە دوای پەخشکردنی شاعیرییەتی شوێندا بگەڕێت و ئەو تۆخمەی لەکن ئارتۆ گرنگە لە نمایشەکانیدا بڵاوبکاتەوە. ئیدی بەو دیمەنە دەستی پێ کرد کە بە دوای دیمەنەکەی سەرەتا دادێت، ئەویش دیمەنی سەماکەیە کە ئاماژەکردنە لە ڕێگەی خەونەوە بۆ ئەو ئاواتانەی بە ئەزموونی ڕاپەڕینەکەی ئازار و ئەو دەستکەوتانە پەیوەستن کە جەماوەری کوردستان لێیەوە دەستیان دەکەوێت. لە جیاتی ئەوەی وێنەی ئەو خەونە بە گەڕانەوە بۆ ڕووداوەکانی ڕاپەڕینەکە بگرێت کە ئەم شێوازە تەقلیدییە ڕەنگە ماندووبوون و کات و تێچوونێکی زۆری گەرەك بێت و لە بنچینەدا هەر سوودیشی نەبێت، بۆیە پەنای بۆ یەك تاکە ئەکتەر بردووە هەتا سەمایەکی واتادار نمایش بکات، ئیدی لەو ڕێگەیەوە توانیویەتی سەرباری ئەوەی بگاتە ئامانجە خوازراوەکە کە خەونی جەماوەرە، تەوقی ئەو دیمەنەش لە دیالۆگ بکاتەوە و تابلۆیەکی هونەری جوان بەهۆی جولەی جەستەیی ئەکتەر پێشکەش بکات. هەروەها دیمەنی ململانێی نێوان دوو براکە لەسەر پەتەکە تەنها چەند چرکەیەکی کەمی خایاند و بە دەستێکی هونەری جوان جێبەجێ کرا، سەرەڕای دیمەنی گواستنەوەی تەرمی کوژراوەکە بۆ لای پێشەوەی شانۆکە کە وا دیارە ئەکتەرەکە ڕاهێنانێکی زۆری لەسەر کردووە تا توانی ئەو ڕادە زۆرەی لە نەرمی و جوانیی بداتێ.

من بڕوای تەواوم هەیە کە ئەگەر ئەو دیمەنە لە لایەن دەرهێنەرێکی تەقلیدی جێبەجێ کرابایە، قەت ئەوها ئەکتەرەکەی ڕانەدەسپارد بەو جۆرە تەرمەکە بگوازێتەوە کە ئەو ئەکتەرە ئەنجامیدا، بەتایبەتی وەختێ سەری کوژراوەکەی بە گۆشەیەکی کراوە خستە سەر تەختەی شانۆ. ئەم حاڵەتە لە دیمەنی دووەمیشدا بەدی دەکرێت، واتە دیمەنی مۆمەکان و ئەو کۆمەڵە شتەی دەورەی ڕووداوی لەخاچدانی مەسیحیان داوە. دەرهێنەر ئەو دیمەنەی بە پشتبەستن بە بیرۆکەی ئارتۆ دروست



www.mukiryani.com

کردووە کە خوازیاری گەڕانەوەیە بۆ سەرەتاییترین شێوەکانی شانۆ، چونکێ باوەڕی وایە کە کەشە درامییەکان پرۆسەیەکن مرۆڤ کەرامەت و سەربەستییەکەی تێدا دووپات دەکاتەوە، پاش ئەوەش ڕاگەیاندنێکە بۆ بەرەگاربوونەوە و دەربڕینی نارەزایی لە هەمبەر هێزە مەزنەکە. ئاخر مرۆڤ وەختێ بە نواندنی کەشە ئاینییەکان هەڵدەستێ بە تەواوی ڕۆڵی نامینێت، بەلاّم وەختێ بە دراما خودی خۆی دەردەبڕێت، دەبێتە خاوەنی سەراپای ڕۆڵەکە.

ئەگەر ئەوەی ئارتۆ بۆی چووە ڕاست بێت، ئەوا دەرهێنەر گەر لە سەرتای نمایشەکەوە بێ هەڵوێست بووایە بەهۆی تیامانی، لە کۆتاییدا هەڵوێستێکی بۆ خۆی وەردەگرت کە مۆرکی بەرەنگاری و نارەزابوونی پێوە بێت، واتە دەرهێنەر هەر لە سەرەتای نمایشەکەوە تا کۆتاییەکەی لە سەر هەڵوێستێکی نەگۆڕ جێگیر نەبووە، بەڵکو بە پێی بەرزهەڵکشانی هێڵی دراماییی و لێکەوتنی ئەو هێڵە بە لووتکەی تەقینەوەی کردارەکە پێشکەوتووە.

گەر بەراووردێك لە نێوان ئەو دیالۆگ و تەشکیلاتە پێکهاتووانەدا بکەین، دەبینین تەشکیلاتەکان بەسەر دیالۆگەکاندا زاڵبوونە و کەم نمایش هەیە بگاتە ئەو دەرئەنجامە، ئەمەش بەو مانایە دێت کە سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێناوە. گەر لە بیرم مابێت تەنها سێ ڕستە لە سەر زاری ئەکتەرەکانەوە بوو: (ئەو قەشمەرییە) و ( گەنیبوونی خانووەکە)، بەلاّم ڕستەی سێیەمیان بریتیبوو لە چەند وشەیەکی بێسەروبەر بە مەبەستی گاڵتەپێکردن بە زۆربلّێییە بێ ماناکەی. واتە دەرهێنەر لە ڕێگەی دوو ڕستە کە هەر ڕستەیەك لە دوو وشە پێکهاتووە، توانیویەتی کارێکی هونەری پێشکەش بکات کە هەموو مەرجێکی سەرکەوتنی تێدایە و بەو چەند وشە کەمە بە پشتبەستن بە پێکهاتەیەکی ستاتیکی بەرەنگاری کێشەیەکی گەورە ببێتەوە کە هێشتا لەسەر گۆڕەپانی سیاسەتی کوردستان بوونی هەیە. ئیدی بەم کارەی داهێنانێکی وای ئەنجامدا کەم هونەرمەندی شارەزا و خاوەن ئەزموون هەیە بتوانێ بگاتە ئەو ئاستە.



www.mukiryani.com

## فیلمی (پەڕینەوە لە غوبار)
## لە نێوان نمایشی ڕەمەکیانە و سەرزەنشتکردنی ڕەگەزپەرستی

دەگمەنن ئەو فیلمە سینەماییانەی کە لە تواناياندا هەیە سەرنجی بینەر بۆ خۆيان ڕاکێشن و چێژی لەو فیلمانەی کە بە دیالۆگێکی ڕوون و کورت باس لە باری ناوەوە دەکات لە ڕێگەی وەسفك ردنی ڕووداوە دەرەکییەکان.

چیرۆکی فیلمەکە سادە و ساکارە، بە جۆرێ لە پێکهاتە و چنینە هونەرییەکەی زێتر لە چیرۆك نێزیکە نەك ڕۆمان. ڕووداوە ڕاستەقینەکانی لە ماوەی چوار سەعاتدا ئەنجام دەدرێن و لە سەر شاشەش بۆ شەست و حەفت خولەك کورت دەکرێتەوە.

تەوەری فیلمەکە لە بارەی دوو پێشمەرگەیە کە لە کاتی هاتنی هێزی هاوپەیمان بۆ ناو خاکی عێراق، لە پشتەوەی بەرەی جەنگ ئازووقە دەگەیننە هێڵەکانی پێشەوە، ئیدی لە ڕێگەدا تووشی منداڵێك دەبن کە ناوی (سەدام)ە و لە دایك و باوکی دابڕاوە و چەندان گرفتیان دێتە ڕێ وەختێ بە دوای کەسوکاریدا دەگەڕێن.

ئەو کەسەی وا تێبگات ئەو فیلمە سووکایەتی بە عەرەب و نەتەوەی عەرەب کردووە، بە هەڵەدا چووە، چونکێ ڕاستییەکەی ئەوەیە کە فیلمەکە ڕەگەزپەرستیی سەرزەنشت و شەرمەزار دەکات کە لە مێشکی توێژێك لە کەسانی کورددا هەیە، هەروەك زۆربەی گەلانی دنیاش کە هەندێ



www.mukiryani.com

له توێژە کۆمەڵایەتییەکانی کە بە دەست چەسانەوەی نەتەوەیی و چینایەتی و تایفی و ڕەگەزی و ئاینییەوە دەناڵێنن.

کەسێتی (ڕەشید) عادل عەبدەڕەحمان، نموونەیەکە بۆ ئەو دەمارگرژییە کە هەر ئەوها ڕەمەکییانە و لە هیچەوە نەهاتووە، بەڵکو بەهۆی چەندان هۆکاری بابەتی و زاتییەوە هاتوونە کە لە دەوروبەریدان و لە دەرەوەی خواستی ئەون. جا ئەگەر هۆکارە بابەتییەکان لەو قوربانییە گەورانەدا خۆی بنوێنێ کە لە پرۆسەکانی ئەنفال بە مردنی ژنەکەی و کچەکەی و بڕینەوەی قاچی پێشکەشی کردووە، ئەوا بارە هۆکارە زاتییەکان لە ئینتیمایە چینایەتییەکەیەوە سەچاوەی گرتووە، چونکێ کەسێکی جووتیارە جووتیاریش وەك دەزانین خەسڵەتی ئەو خاکە وەردەگرێ کە کاری تێدا دەکات، وەك خۆڕاگری و هێز و توند و تیژی، ئیدی ئەو خەسڵەتانەش لە ناخیدا ڕیشە دادەکوتن، جا ئەگەر ناچار بکرێت لە خاکەکەی دابڕێ ئەوا وەك بەشێك لە ژیانیدا دەمێننەوە. بۆ هەموو ئەو هۆکارانە کەسێتی ڕەشید هاتووە کە کۆمەڵێك خەسڵەتی دژ بەیەکی لە خۆیدا هەڵگرتووە، واتە کەسێتیەکی ئاڵۆز و تێکەڵاوی هەیە، لەبەر ئەوەی هێز و خۆڕاگری و توندییەکەی تەنها کۆمەڵە خەسڵەتێکی دەرەکی ئەون، بەلاّم لە ناوەوەدا جوانترین سۆزی مرۆڤانەی هەیە کە ئەمانە زیاتر لە دوای شەهید بوونی ئازاد دیار دەکەون. دەرهێنەر بە ئەنقەست وێنەی ئەو دوو کەسێتییەی کێشاوە، بۆ ئەوەی تێکەڵاوی ململانێی نێوان یەکتریان بکات و ڕووداوەکە بە ئاڕاستەیەکی دیکەدا ببا و لە یەکەمین گرتەکانی فیلمەکەدا ئەو ناکۆکیەی نێوانیان ڕابگەینێت، ئەمەش لە ڕێگەی ئاماژەدان بە ئینتمای چینایەتیان کە ڕەشید پشتی بە خاك بەستوە و ئازادیش بەدرێژایی فیلمەکە ئامێری نای بە دەستەوەیە کە نیشانەی شوانکارەییە، واتە (شوان)ە.ئەو بەراووردە لە نێوان پێکهاتەی جووتیارەکە و پێکهاتەی شوانەکە سەرنجێکی زیرەکانەیە لەلایەن دەرهێنەرەوە، چونکێ یەکەمیان بەو ڕادەیەی هێمایەکە بۆ وابەستەبوون بە خاك، ئەوا دووەمیشیان بە هەمان ڕادە هێمایە بۆ وابەستە نەبوون، ئیدی بەو جۆرە زنجیرەیەکی درێژ لە لێکدژی لە نێوانیادا هەیە... شوێن و ناشوێن... فێڵبازی و بێ گوناهی... لادێ و سروشت...هتد.

فیلمەکە بە مەبەستی شلەژاندنی بینەران، بە ڕیتمێکی خێرا دەست پێ دەکات. هەروەها کورتکردنەوەی پێشەکیەکەی بۆ دەیان گرتەی (لقگە)ی خێرا تا هزرێك لە بارەی ناوەرۆکەکەیەوە دروست بێت بە مەبەستی چوونە نێو کرۆکی ڕووداوە سەرەکیەکە، ئەویش بریتیە لە دۆزینەوەی منداڵەکە (سەدام).دەبینین بە ژنێکی نانکەر دەست پێ دەکات (گرتەیەکی زۆر نزیکە)، پاشان دەبنە کۆمەڵێك ژن (گرتەیەکی مامناوەنجیە)، هەردوو کەسێتییە سەرەکییەکە ئازووقەکە هەڵدەگرن و بۆ



www.mukiryani.com

لای سەیارەکە دەچن، ڕەشید سەیارەکەی دادەپۆشێت، بەربوونەوەی پەیکەری سەدام حوسێن لەسەر شاشە، ئاهەنگێڕانی پێشمەرگە بەسەرکەوتن، سووڕانەوەی فڕۆکەیەك بە ئاسماندا، دەبابەیەکی ئەمریکی، ئاهەنگ گێڕانی خەڵك بە هۆی ئەو ڕووداوە (لە ئەرشیف وەرگیراوە)، دەرچوونی سەیارەکە، گۆرانی چرینی ئازاد و بایەخدانی بە وێنەی براکەی کە لە ئەنفالەکاندا شەهید ببوو، چەند سەربازێکی کوژراو، خێرا تێپەرینی ماتۆڕێکی یەکی لە گیانبەخشەکانی سەدام، دەنگی تەقەی تفەنگەکان..

ئەم پێشەکییە ماوەی دە خولەك دەخایەنێ لە فیلمەکە کە هەمووی حەفتا خولەکە، دەرهێنەر یەکسەر لە دەروازەی ڕووبەڕووبوونەوە دەچێتە کرۆکی ڕووداوە سەرەکییەکە، واتە ڕووبەڕووبوونەوەی منداڵەکە (سەدام) لەگەڵ ئەو سەیارەیەی کە ئازاد و ڕەشیدی تێدایە، بە جۆرێ زوومی کامێراکە لە ناو قەمەرەی سەیارەکەوە دەکەوێتە سەر دەموچاوی منداڵەکە و لە دەرەوەش دەکەوێتە سەر دەموچاوی ڕەشید و ئازاد. ئەم گرتەیە ئاماژەیەکە بۆ ئەو ناکۆکییەی لە نێوانیاندا بەرپابووە، لە نێوان ڕەشید و سەدام لە لایەك و نێوان ئازاد و ڕەشید لە لایەکی دیکە، بۆ نموونە ئازاد لە ئاهەنگی سەرکەوتنەکە بەشداری دەکات، لێ ڕەشید بەشداری ناکات.

خاڵی ناکۆکی نێوانیان لەوەوە دەست پێ دەکات کە ڕەشید ڕازی نابێت منداڵەکە لەگەڵ خۆیان ببەن و ئازادیش پێداگری لەسەر بردنی دەکات تا بیباتەوە لای کەسوکارەکەی. جا بۆ پەرسەندنی ناکۆکی نێوانیان لەسەر منداڵەکە و دەرخستنی ئەو هەستەی لە ناخیاندایە لە بەرامبەری، دەرهێنەر (ئاوێنەی سەیارەکە) بە شێوەیەکی واتادار و زۆر جوان بەکاردێنێت بۆ پێکانی ئەو دوو مەبەستەی کە باسمان لێیانەوە کرد. کامیراکە لە پێشەوەی سەیارەکەیە لە تەك نەفەرەکە نەك لێخوڕەکە، تیشك دەخاتە سەر منداڵەکە کە لە ئاوێنەکەدا دیارە بە توندی دەگریێ (گرتەیەکی زۆرە دوور و بچووکە) بۆ دەربڕینی بێئومێدی و وەڕسبوون و لاوازییەکەی و دواتریش بۆ دەربڕینی هەستی ڕەشید لە بەرامبەریدا، پاشان سەیارەکە بەرەو دواوە دەگەڕێتەوە و وێنەی سەدام لەگەڵیدا وردە وردە گەورە بێت تا دەگاتە کنی، وەك ئاماژەیەك بۆ بەزەیی هاتنەوەی ئازاد پێی و بردنی بۆلای کەسوکاری.

لە تەك ئەو ئاوێنەیەدا دەرهێنەر ئامرازێکی دیکەی بەکارهێناوە کە بایەخی لەو کەمتر نییە بۆ پێدانی جوانکاری بە فیلمەکەی، بەجۆرێ چەندان ڕەمز و هێمای بە ئاراستەی ڕێکهاتنی مانا بۆ داناوە، ئەویش بریتییە لە (نای)یەکە، نەك بە بەکارهێنانی وەك پارچە مۆسیقایەکی خۆش و دروست، بەڵکو وەك دانانی نایەکە بە دەنگێکی نەشاز کە پێویستی بە پەنجەی نایژەنێکی شارەزا



www.mukiryani.com

هەیە و ئاوازی بەجۆشی پێ لێ نادرێت، تەنها لە کۆتاییدا فیلمەکەدا نەبێت، ئەمەش لە دوای پاکبوونەوەی شەهید ئازاد، ئەوساکە ئەو خۆی نایەکە دەژەنێت.

ئەو ئامرازە (نایە) نیشانەیەکە بۆ تازە لە دایکبوونەوەی عێراق، وەلێ ئەو لەدایکبوونە ناسروشتییە و سەرکەوتنی ئەو ئەزموونە مسۆگەر نییە، بە بەڵگەی ئەوەی کە بۆ جاری یەکەم بە مەبەستی گاڵتەجاری و پێڕابواردن لە لایەن ئازادەوە بەکارهاتووە، وەختێ لە بناگوێی یەکێ لە پێشمەرگەکان فووی تێدەکا کە سەرگەرمی شایی و هەڵپەڕینە لە خۆشیی سەرکەوتنەکە. هەروەها هەوڵی داوە کەسێتی ئازاد وەك کەسێکی میهرەبان و بێگوناه و مرۆڤپەروەر بەرجەستە بکات. بە کورتییەکەی ئەم کەسێتییە لە باڵندەی (توم) دەچێت کە لە ژیانیدا تەنها جارێك دەخوێنێت پاشانەکە دەمرێت، ئازاد ئاسا کە تا زیندوو بوو ئاوازێکی خۆشی بە نایەکەی لێنەدا، لێ لە پاش مردنی ئەوسا ئاوازێکی پڕ لە غوربەتی ژەنی وەك ڕەمزێك بۆ خۆشویستنی مرۆڤایەتی. هەروەها لە شێوەی ڕەفتارکردنی لەگەڵ سەدامی منداڵ دیسان لایەنە مرۆڤپەروەرییەکەی دەردەکەوێت وەختێ پێی دەڵێت: مەڵێ من سەدامم، تۆ (ڕەشۆ)ی. بە واتای ئەوەی تۆ دیکتاتۆر نیت بەڵکو تۆ عەرەبیت.

ئەو ڕستەیە خۆی بە تەنها بەسە بۆ وەڵامی ئەو کەسانەی ئەو فیلمەیان وا پێناسە کردووە کە دژی عەرەب و نەتەوەی عەرەبە، چونکێ دەرهێنەر چاك دەزانێت کە ئەم لە بەردەم بابەتێکدایە بەشێکی گرنگ لە مێژووی خەباتی گەلی کورد و قوربانییەکانی پێك دێنێت، لە کاتێکدا ئەو خۆی هەر لە بنچینەدا سۆزی لەگەڵ ئەو بابەتەدا هەبووە بۆیە هەوڵی داوە نەکەوێتە داوی میلۆدراما، واتە بەتاڵکردنی بەشێك لە بارگە عاتیفییەکەی، ئەمەش لە ڕێگەی خستنەپاڵی هەر گرتەیەکی تراژیدی بە گرتەیەکی کۆمیدی و هەندێجاریش بە تێکەڵکردنیان، واتە تێکەڵکردنی گرتە تراژیدی و کۆمیدییەکان لە یەك گرتەدا. بەڵام دەرهێنەر مەبەستی بێت یا مەبەستی نەبێت لە تێکەڵکردنی ئەو گرتانەدا جیاوازییەك هەیە کە دەبێتە مایەی نامۆبوون (تغریب)، واتە ئەو شتەی کە باو نییە، هەروەك لە گرتەی (گۆڕە بە کۆمەڵەکان)، وەختێ یەکێ لە ژنەکان ناوی سەدام دێنێت، ئیدی منداڵەکە وا دەزانێ مەبەستی ئەمە، بۆیە ڕادەچڵەکێ و دەڵێ: ها. هەروەها ئەوە یەکەمین گرتەی بەیەکگەیشتنیان و دەورەدانیانە بە ناوی خۆی، سەرباری ئەو دەنگە نەشازانەی کە لە زگییەوە دەردەچێت و ئەو شەقە زللانەی ناوە ناوە پێی دەکەوێت و ئەو دووکەڵە جگەرەیەی ڕەشید بە داموچاویدا بەبای دەکات و گرژینەوەکەی بە تەرمە ڕاکشاوەکەی ئازاد لە پشت سەیارەکە لەکاتی بارینی بارانەکە لە کۆتایی فیلمەکە، ئەمانەش هەموویان دەبنە مایەی نامۆبوون.



www.mukiryani.com

ئەو توخمە خزمەتێکی گەورەی فیلمەکەی کردووە و بووەتە مایەی سەرکەوتنی و دەرهێنەریش لە بەکارهێنانیدا بالآدەست بووە، چونکە ئامانجی سەرەکی لە پێشکەشکردنی ئەو فیلمە تەنها دەرخستنی پرۆسەکانی ئەنفال و گۆڕە بە کۆمەڵەکان نییە بەقەدەر ئەوەی مەبەستی دەرخستنی حاڵەتە مرۆڤدۆستییەکەی تاکی کوردە.

تێبینی دەکرێت کە گشت گرتەکانی ئەو فیلمە لە شەقامەکان وێنەیان گیراوە، تەها یەکێکیان نەبێت کە لە مزگەوتەکە گیراوە، ئەمەش خەسڵەتێکی ترە دەخرێتە سەر خەسڵەتەکانی دیکەی لە دیارکردنی شێوازەکەی لە بارەی هەڵبژاردنی شوێنەوە. ئاخر هەموو فیلمێك ڕووداوەکانی لە شوێنێکی تایبەت ڕوونادەن، بەڵکو بۆ ئەوەی مەبەستی خۆی بپێکێ لە هەر کوێیەك گونجاو بێت لەوێ ڕوودەدەن تا ببنە بەشێك لە ژیانی خەڵك. هەروەها ڕستە دیالۆگئامێزەکان لە ناو فیلمەکە زۆر کەمن، ئەمەش گرنگترین خەسڵەتی فیلمی سەرکەوتووە، ئاخر سینەما بەر لە هەر شتێك بریتییە لە وێنە، یا وەك لۆی دی جانێتی دەڵێت: سینەما پشت بە مرۆڤەکان نابەستێت، بەڵکو جوانییەکانی سینەما پشت بە وێنەی فۆتۆگرافی دەبەستن.

خۆ ئەگەر دەرهێنەر گشت دیالۆگەکانی نێو فیلمەکە بسڕێتەوە، ئەوا وێنەکان پەیامەکە دەگەینن و هەمان ئەنجام دەداتە دەست. ئاخر سەدامی منداڵ تەنها سێجار بە ڕستەی زۆر کورت دەدوێ، وەك ناوهێنانی ناوی خۆی (سەدام) وەختێ ڕەشید و ئازاد پێی دەگەن و لە نێو هەڵڵاڵ و پەشێوییەکە سواری سەیارەکەی دەکەن. هەروەها ئەو دیالۆگەکانەی لە نێوان ئازاد و ڕەشیدیش ئەنجام دەدرێن زۆر کورتن، درێژترینیان ئەو گفتوگۆیەیە کە لە مزگەوتەکە لەگەڵ مەلایەکە دەیکەن، بە جۆرێك شێوەی دەربڕینی گفتوگۆکانی نێوانیان ڕیتمێکی تایبەتی هەیە و لە لێکدژی بێبەش نییە کە خۆی لە خوێندنی قورئان لە لایەن مەلاکە و ئەو زمانە عەرەبییە نارێکە دەبینێ کە ڕەشید و ئازاد پێی دەدوێن. ڕەنگە ئەو جیاوازکارییە ئەو وەختە تەواو دەرکەوێت کە مەلاکە لە خوێندنی قورئان بەردەوام دەبێت و ڕەشید و ئازادیش بەپەلە لە مزگەوتەکە دەچنە دەرێ و دەبینن سەیارەکەیان دزراوە، واتە پەیوەستبوونی ئەو دزییە بە لێکدژییەکەی ناو مزگەوتەکە کە لە نێوان خوێندنی قورئان و عەرەبییە نارێکەکەدا دروستبووە.

دەرهێنەر زۆر بەتەنگ ئەوە بووە کە توخمی نامۆ نەخاتە نێو فیلمەکەی، ئەگەر لە گرتەیەکی خێرادا ئاماژەی پێ نەکات، بۆ ئەوەی بینەر نەشلەژێ و جۆرێك لە پەشێوی و نادیاریی لەکن دروست نەبێ لە خوێندنەوەی گرتەکە، هەروەك لە وێنەگرتنی بینایەی کەنێسەکە ئەمەی کردووە بەر لەوەی بچێتە سەر گرتەی گۆڕە بە کۆمەڵەکە، بە مەبەستی ئەوەی سەرنجی بینەران بخاتە سەر



www.mukiryani.com

قەشـەکە (پـەترۆس هـۆرمز) و خوشـکەکەی (مـادلین حـەننا) کـە هـەردووکیان بـە دوای تـەرمی خزمێکیاندا دەگەڕێن، ئەویش لە پرۆسەی ئەنفالە بەدناوەکەدا لەگەڵ چەندان کەسانی دیکەدا بووەتە قوربانی.

پێدانی کورسی پێشـەوەی سـەیارەکە لـە تـەك شـوفێرەکە بـە قەشـە و خوشـکەکەی لـە لایـەن ڕەشیدەوە ڕەفتارێکی جێباوەڕ نەبوو، پاش ئەوەی لە ڕێگەی گۆڕستانەکە سەیارەکەیان تێك دەچێت، ئاخر ئەم ڕەفتارە لەگەڵ کەسێتی ئـەو گونجـاو نـەبوو، وەلـێ ئەگـەر ئـەم ڕەفتـارەی ڕەشـید لـە دوای شەهیدبوونی ئازاد بووایە ئەوا زۆر گونجاوتر دەبوو، چونکێ لەدوای گیان سـپاردنی ئـازاد گـۆڕانێکی تەواو بەسەر کەسێتیدا هات. دواجـار پێویسـتە نوانـدنی ئەکتـەرە زۆر سروشـتیانە بێـت، واتـە ئـەو جولانە بجاتە کار کە لە ژیانی ڕاستەقینەدا تێبینی دەکرێن، وەك چۆن لە نواندنی حوسـێن حەسـەن و عەبدوڵا عوەید هاتووە ئاوا. لە نوانـدنی ئەوانـەدا مـۆرکی ڕەمەکییانـە بـە هێڵێکـی تـەریب لەگـەڵ پێکهاتەی کەسێتییە پاکەکەی دەڕوات تا دەگاتە ئەو حاڵەتە مرۆڤانەیەی کە دەرهێنەر گەرەکیـەتی. لەوانەیە ئەو نواندنە ڕەمەکییانەیەی ئەو دوو هونەرمەندە هۆکارێکی گەورە بێـت بـۆ بەرزکردنـەوەی ئاستی ئەو فیلمە، دواتر دۆزینەوەی شوێنپێیەك بۆی لە فیستیڤاڵە جیهانییەکان.

ــ نواندنەکەی عـادل عەبدوڕحمانم بەدڵ بـوو، ڕۆڵەکـەی خـۆی سـەرکەوتووانە بینـی. هـەروەها پەترۆس هۆرمز بە جوانی ڕۆڵی قەشەکەی بینی. ئەیام ئەکرەمیش هەمان کەسێتییەکەی جاران بـوو و بەردەوام خۆی دووبارە دەکاتەوە.

ــ جوانترین گرتەی فیلمەکە ئەو گۆڕانەبوو کە بەسەر کەسێتی ڕەشـیددا هـاتبوو بـە ئاڕاسـتەی بەزەییهاتنەوە بە سەدامی منداڵ بە گەڕانەوە بۆ سـەرتای فیلمەکـە و بـەکارهێنانی هـەمان ئـامراز، (لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئاوێنەی سەیارەکە).

ــ داکردنی باران بەسەر تەرمی ئازاد کە لە پشت سەیارەکەوە درێـژکرابوو و سـەدامیش بـزەی بۆ دەکرد.

ــ وێنەگرتنی ئازادم لە دواوە بەدڵ بوو وەختێ لەسەر گۆڕسـتانەکە دەگریـا، ئـاخر شـاردنەوەی گریان هێزێکی کاریگەرتری هەیە لەوەی بە ئاشکرا بگریت.



www.mukiryani.com

# هەڵوەستەیەکی ڕەخنەئامێز

ئەو بۆچوونەی دەڵێت ڕەخنە لە خوار ئاستی نمایشەکانی شانۆگەریی کوردییە، بۆچوونێکی تازە نییە و ڕایەکی تایبەت بە شانۆی ئێمە نییە. ئاخر ئەو گوتەیە وەك چۆن لەسەر شانۆی عێراقیدا جێبەجێ دەبێت، دەتوانرێ هەمان شت لە بارەی شانۆی عەرەبیش بگوترێ. گەر کەمێ وردبینەوە دەبینین لە هیچ شوێنێکی ئەم جیهانەدا شانۆ ملکەچی ڕەخنە نەبووە. خۆ ئەگەر ئەم ڕایە لە سەر زاری هونەرمەندە ڕاستەقینەکان بووایە، یان ڕای ئەو کەسانە بووایە کە تۆوی چاکەیان لە جەستەی شانۆی کوردیدا چاندووە، ئەوا دەبووە ڕایەکی زۆر سروشتییانە. بەڵام گەر لە زاریانەوە دەرچێت بەو سیفەتەی کە ڕۆشنبیرن نەك دەرهێنەر، ئەوا ڕێزێکی زێتریان لێ دەگیرێت، چونکێ ئەو کاتەی بەو شێوەیەی دوایی دەخرێتەڕوو، ئەوا لە دەستنیشانکردنەکانیدا لەو نووسینە ڕەخنەییانەوە نێزیك دەبێت کە ئیشیان لەسەر نمایشە ئاست نزمەکان کردووە. گرنگ نییە ئەو بۆچوونە گشتی بێت یا تایبەت، بەڵکو هەروەك ڕەخنەگر (یاسین نەسیر) دەڵێت: (گفتوگۆیەکی لۆژیکانە لە توانایدا هەیە پووچیکاتەوە، لە ڕێگەی دانانی نمایشەکانی شانۆگەری لە ژێر پرۆسەی چەمانەوە ئەگەر بخواسترێ بخرێتە چوارچێوە ڕۆشنبیرییە فرەوانترەکان کە تەقلیدی گشتی پێکدێنێت، وەك چۆن ڕۆژێکیان دکتۆر (جەمیل نوسەیف) وای کرد، وەختێ شانۆگەری ــ درەختەکانی تاعوون ــــ ی شی دەکردەوە، یان وەختێ ڕەخنەگرە ئەوروپاییەکان ڕیزبەندی لە ڕێڕەوی کارەکانیاندا دەکەن لەسەرەتادا بە دەقەکە دەست پێ دەکەن و دواتر بەو تۆخمە هونەرییانەی کە لێی پێکدێت و لە کۆتاییش بە ئامادەبوونی ڕۆژانەیان لە ڕاهێنانەکان. پاشان بۆچوونەکانیان لە بارەی قۆناغەکانی پرۆسەی بەرهەمهێنانی هونەری لە سەر بناغەی کەڵەکەبوونی شارەزایی گشت ئەو کەسانە بونیات دەنێن کە کاریان تێدا کردووە).



www.mukiryani.com

بەلاَم لەبەر ئەوەی شانۆی ئێمە ئەو جۆرە ڕەخنەگرەی نییە و تا ئێستا ڕەخنەگری ئەکادیمی و جدی تێدا هەڵنەکەوتووە هەتا ڕەخنە بکاتە پیشەی خۆی، بۆیە ڕەخنەگر ناچار بووە لەسەر حسێبی چەشە هونەریەکەی لە بەشێك لەو پەشێویانە خۆش بێت کە دەکەونە ڕێی نمایشە شانۆگەرییەکان و ناچار چاوپۆشیێ لیێ بکات.

جا بەقـەدەر ئـەوەی هەنـدیێ کـەس ئـەو چـاو پۆشـینە لەلایـەن ڕەخنـەگرەوە بـە شـێوازێك لـە شێوازەکانی سازشی نارەوا دادەنێن بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەموکووڕیانـەی کـە پێـوەی دەنـاڵیێ، یـا بـۆ خەڵقکردنی حاڵەتێك لە هاوسەنگی ئەبستمۆلۆژی لە نێوان هەردوو لای هاوکێشەکە، واتە (ڕەخنـە و دەرهێنان)، ئەوا ڕەخنەگر بە هۆی ئـەو نەرجسییەتەی کـە هەیـەتی، وەك هـەر هونەرمەنـدێك و لـە ترسـی ئـەوەی لـە لایـەنی بەرامبـەرەوە لـەو پێگەیـە لابـدرێت کـە لـە ناوەنـدەکانی ڕۆشـنبیری و کۆمەلاَیەتی هەیەتی، هەندیێ جـار لـە نوسـینە ڕەخنەییـەکانی لـە پڕکردنـەوەی ئـەو کەموکووڕیانـە بێباکی ناکات لەوەی وای نیشان بدات کە بە سەر نمایشەکەدا تێـی پەڕانـدووە، ئەمـەش لـە ڕێگـەی تێخستنی هەندیێ بۆچوون کە هیچ پەیوەندیەکان بە ناوەرۆکەکەیەوە نییە.

ئەو نارەزاییە لە ڕەخنەی ئێمە لەوانەیە بەرەو نارەزایی دیکەمان ببات، بەلاَم مخابن تا ئێستا لەلایەن خوێنکارانی شانۆ و بایەخداران پێی بە شێوەیەکی جدی وەرنەگیراوە. لە وانەیە ئەمە یـەکێك لە هۆکارە جەوهەرییەکان بێت کـە وای دەسـتەی شـانۆی دابـەزیو کـردووە هۆکارەکـانی دواکـەوتنی ڕەخنەی شانۆیی کوردی بەدوژوارترین دوژمنیەوە بلکێـنن کـە ئـەویش ڕەخنـەگرە، نـەك لـە ڕێگـەی گفتوگۆی بابەتیانە لـە بـارەی ئـەو هۆکارنـە، بـەڵکو بـە ئاڕاسـتەکردنی جـوێن و قسـەی ناشـیرین و هەوڵـدان بـۆ وردکردنـی ئێسقانی ڕەخنـەگر، چـونکە ڕۆژی لـە ڕۆژان جەسارەتی کـردووە و خەوشـە گـەورەکانی نمایشـەکانیانی ئاشـکرا کـردووە. هـەروەها هـەوڵ دەدەن بگەڕێنـەوە سـەر دەفتـەرە کۆنەکەکانی و هەموو ئەو نووسینانەی کە لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بـلاَوی کردۆتـەوە تـا بیسـەلمێنن کە کەسێکی مشەخۆرە و هیچ پەیوەندییەکی بە شانۆ و شانۆکارانەوە نییـە، ئـەو دەسـتەیە لـەبیریان کـردووە کـە لـە نێـو ڕیزەکانیانـدا کۆمەڵـە کەسـێکی مشـەخۆری ڕاسـتەقینە هەیـە و لـە هـەلێکی غەفلەتگیرانە دزەیان کردۆتە نێو بزوتنەوەی شانۆیی کورد.

دیسان دەگەڕێمەوە و دەڵێم بەداخەوە ئەو نارەزاییە لەسەر ڕەخنەی ئێمە بە شـێوەیەکی جـدی وەرنەگیراوە و لە پێشەوەی ئەو نارەزاییانەدا پەیڕەو نەکردنی ڕێبازێکی ڕەخنەگرانەی تێرە لـە لایـەن ڕەخنەگرەوە. ڕەخنەگری عێراقیش ئـەو ڕێبازەیـان نییـە و سەرچـاوەی ئـەو هۆکـارە ڕەخنـەگر نییـە، بەڵکو نووسەری شانۆی کوردیە، چونکیێ ئەو نووسەرە نووسەرێکی دراماییی نییـە، سـەرباری ئـەوەش



www.mukiryani.com

کـە دەرهێنــەر نمایشــەکانی لــە ئاسـتێکی نزمــی هونەریـدان و شـێوازەکەی لـە بـار نییـە. ئـەو کەموکووڕییانە هەرچەندە هەر لـە دروسـتبوونییەوە تـاك و ئێسـتا لـە سێگۆشـەی بونیـادی شـانۆی کوردی ( نووسین، دەرهێنان، ڕەخنە) بوونی هەیە، بەلاّم لە بونیادی گوتاری ڕەخنـەیی زەقـتر دیـارە، چونکیّ ڕەخنە ئامـادەبوون و جـەماوەری لـە نمایشـی شـانۆیی کـەمترە. بـە بـڕوای مـن لێـرەوە ئـەو تووەمەتانە دێن کە ئاڕاستەی دواکەوتوویی ڕەخنـە دەکـرێن، لەگـەڵ ئـەوەی نمایشـەکانی شـانۆگەریی کوردی گەر بچێتە ژێربـاری پێـوەرە وردەکـانی دەرهێنـان، ئـەوا خۆمـان لـە بەرامبـەر پەشـێوییەکی ترسناك دەبینیەوە لە بواری دەرهێنانی شانۆیی. لەگەڵ ئەوەشدا ڕەخنەگری کورد خۆی لە خەوشێکی زۆر دەشارێتەوە و بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی نمایشـەکە خـۆی لـە کەموکووڕییـەکان بـەدوور دەگرێـت و نایـەوێ لـە بـەهای نمایشـەکە کـەم بکاتـەوە، بەتایبـەتی کـە پاسـاوێك هەیـە بـواری بـۆ دەرەخسێنیّ تا لە ڕێگەیـەوە تێپـەڕێت. هـەروەها خـۆی لـەوە بـەدوور دەگرێـت کـە حـوکمی ڕەهـای بەسەردا بدات، وەك ئەوەی دەڵێت: ئەو نمایشە باش نەبوو. یـا دەڵـێ ئـەو نمایشـە بـە دەگمـەن نـەبێ شێوازێکی دەرهێنانەی دیارکراوی نییـە و لـە هەنـدێ حاڵەتـدا ئاسـتی نمایشـەکە تـا ڕادەیـەکی زۆر دابەزیوە. ڕەخنەی ئێمە زۆرجار ڕایەکانی لەسەر ڕای ڕۆژنامەنووسانەی خێرا بونیات دەنـێ، چـونکیّ گۆڤارێکی تایبەت بە هونەری شانۆ نییە تا کێشەکانی بگرێتە خۆ. لە شـانۆی عێـراقیش ماوەیـەکی زۆر ڕەخنە بەو ئاراستەدا ڕۆیشت و پشتیان بە بۆچوونە کەسـێتیەکان دەبەسـت، بـۆ دەسـت خسـتنی جۆرە بیر و ڕایەك کـە دەتـوانرێ لەسـەر گشـت نمایشـەکان جێبـەجێ بکرێـت. لەسـەرەتا بووژانـەوەی بزوتنەوەی شانۆی کوردی لەحـەفتاکانی سـەدەی بیسـتەم بـۆ ماوەیـەکی زۆر لەسـەر ڕەخنـەگرتن لـە ناوەرۆك وەستا بوو، بەمەش بۆشایەکی گەورەی لە نمایشەکە دروسـت دەکـرد بـە ئاڕاسـتەی درز تـێ کردنی یەکێتیە ئۆرگانیەکەی و نێوان گرنگترین توخمەکانی کە نمایشی شانۆیی پێك دێنیّ کە بـریتیین لە شێوە و ناوەرۆك. هیچ کەسێ لـەو میتـۆدە دەربـازی نـەبوو هـەتا ڕەخنـەگرە گـەورەکانی شـانۆی عیراقی وەك دکتۆر جەمیل نەسەیف و یوسف عەبدولمەسیحیش. ماندوو بوونی ڕەخنەگری کوردی بـە دوای ئەو نمایشە شانۆگەرییانەی کە لەگەڵ ڕێیازە ڕەخنەییەکەیدا جووت دەبێـت لـە گـەورەترین ئـەو ناڕەزاییانەدایە کە دەتوانرێ لەسەری تۆمار بکرێت، بە بێ ئـەوەی ئـەو میتۆدەکـە لەگـەڵ تیۆرەکـە تێکەڵ بێت یان تێیدا بتوێتەوە یا بە پێچەوانەوە تیۆرەکە لەسەر نمایشەکە جێبەجێ بکرێت.

زۆربەی دەرهێنەرانی شانۆی کوردی ڕەخنەیان پیّ قبـوڵ ناکرێـت لێـی بێـزار دەبـن، گـەر نـەڵێین ڕقیان لێیەتی، هەر لە بنچینەدا لێی هەڵدێن و پێیان وایە ڕەخنە تەنها لایەنە خراپەکانی کارەکانیان وەردەگرێت. بێ گومان ئەو لێکدانەوەیە دەربارەی ڕەخنە هۆکاری بابەتی و زاتی خۆی هەیە، هۆکارە



www.mukiryani.com

بابەتییەکە ڕەخنەگرە، زاتییەکەش دەرهێنەرە، ئەمەش بە هۆی کارکردنی ڕەخنەگر لەسەر کارە ئاست نزمەکان و پێشکەش کردنی نمایشی وا لە لایەن دەرهێنەرەوە کە هیچ شێوازێکی دەرهێنەرانەی دیارکراوی نییە.

وەختێ دەڵێم هۆکاری بابەتی بریتییە لە ڕەخنەگر، نامەوێ لە پشت ئەوەدا بەرگری لێ بکەم، نەك لەبەر ئەوەی ڕەخنەکانی خەسڵەتی دڵسۆزانەیان پێوە نییە، واتە کار لەسەر نمایشی شانۆیی چاك ناکات، بەڵکو لەبەر بەربڵاویی نمایشە ئاست نزمەکانی شانۆکەمان، هەندێ لەو دیاردە و پێدراوانە کە ئەو جۆرە نمایشانە دەیخەنەوە حوکمەکانی خۆی لەسەر ڕەخنەگر دەسەپێنێ.

باوەڕم وایە قبووڵنەکردنی ڕەخنە لەلایەن زۆربەی دەرهێنەرەکانی شانۆیی کوردی، کێشەیەکی تایبەت نییە، بەقەدەر ئەوەی کێشەیەکی گشتییە و دەرهێنەرە عێراقیەکانیش دەگرێتەوە، هەرچەندە جیاوازی لە پلەی توندیی ئەو ململانێیەدا هەیە و لە دەرهێنەرێکەوە بۆ دەرهێنەرێکی تر بە پێی ئاستی نمایشەکە دەگۆڕێ. ململانێی نێوان ڕەخنەگر و دەرهێنەر ڕەنگە لەگەڵ نمایشکردنی یەکەم شانۆگەری دەرکەوتبێت، جا ئەو ململانێیە بەردەوام دەبێت مادامەکی ڕەخنەگر خوازیاری داهێنانە و دەرهێنەریش بڕوانامەی ڕەخنەگر ڕەت دەکاتەوە.

جا لەبەرئەوەی هەڵوێستی زۆربەی دەرهێنەرەکان ئاوایە و نمایشی شانۆیی داهێنانی تێدا نییە و ناوەندی ڕۆشنبیریش سکاڵای لێی هەیە، ئیدی بەو حاڵەتە پێویستە ئاوڕ لەلایەنی دووەم بدرێتەوە کە خۆی لەو چەند دەرهێنەرە دەگمەنە دەبینێتەوە کە لە ڕەخنەگر ناترسن و پێی ڕازین. هەروەك دەزانیین لە هەموو بوارە ڕۆشنبیرییەکان چەند کەسێکی کەم هەنە کە خاوەنی ڕووی ڕاستەقینە و گەشی پرۆسەی داهێنان بن.

جا لەبەر ئەوەی لە بەرامبەر واقیعێکی شانۆیی ئاوا کلۆڵ داین کە ئەو چەند دەرهێنەرە دەگمەنەشی نییە، ناچارین لێرەدا لەسەر لایەن بەگشتییەکان بدوێین نەك بە تایبەتەکان.

زۆرجار دەرهێنەرە شانۆییەکانی کورد ماف دەدەنە خۆیان ئەو ڕەخنەگرانە توومەتبار بکەن کە قسە لەسەر کارەکانیان دەکەن، بەوەی کە لێهاتوویی ڕاپەڕاندنی ئەرکی ڕەخنەیی خۆیان نییە، بە بیانۆی ئەوەی کە دەرهێنەر زۆرجار خاوەن بڕوانامەیەکی هونەرییە، لێ کاری ڕەخنەگر تەنها بەدواداچوونە. خاوەنی ئەو جۆرە ڕایانە لەبیریان نییە کە پەندێکی میللی هەیە دەڵێت: (هەموو خڕێك گوێز نییە)، هەندێکیان هێرش دەکەنە مافی ڕەخنەگرانەی و هەوڵ دەدەن زاراوەی ڕەخنەگری لێ بسڕنەوە، بۆ ئەوەی لە بایەخی کەم بکەنەوە و بە ناو و ناتۆرەی سەیر و سەمەرە ناوزڕای بکەن، لە کاتێکدا ئەو دەرهێنەرانە هەمان ماف بە ڕەخنەگر نادەن. کەچی ڕەخنەگر بۆ ڕێزگرتن لە پیرۆزیی



www.mukiryani.com

پرۆسەی هونەری و پێگە کاریگەرییەکەی لەکنی، هەوڵ دەدات خۆی لەو جۆرە هەڵوێستانە بەدوور بگرێت و نایەوێ ناوێك لە شتەکان بنێت کە ناوی ڕاستەقینەی خۆیان نییە، وەك ئەوەی بە دەرهێنەرێکدا هەڵبڵێت بەبێ ناوهێنانی بەو زاراوەیەی کە پێی ناسراوە، واتە زاراوەی (هونەرمەند)، کەچی ناوەندی شانۆییمان دەیان کەس لانەیان تێدا کردووە کە فڕیان بەسەر هونەر و هونەرمەندەوە نییە.

ئاخر خۆ هەموو دەرچوویەکی پەیمانگە یان کۆلێژی هونەرە جوانەکان هونەرمەند نینە و هەرکەسێکیش شانۆگەرییەکی دەرهێنا نابێتە هونەرمەند. هونەرمەندی ڕاستەقینە ئەو کەسەیە شتێکی تازە دەخاتە سەر زانیارییەکانی وەرگر و وای لێ دەکات چێژی لێ وەربگرێت، نەك لە زەوقی بدات و ئەو زانستە مەعریفییە گشتییانەش کە هەیەتی، بەتایبەتی لە بارەی شانۆوە، لێی لێڵ بکات.

پەیمانگە و کۆلێژەکانمان بە هۆی کۆمەڵێك هۆکار ناتوانن خوێندکار بە شێوەیەك ئامادە بکەن کە هەموو خەسڵەتەکانی هونەرمەندی ڕاستەقینەی تێدا بێت بۆ ئێستا و ئایندەش، چونکێ کادیرە وانەبێژەکان لە دەرسە تیۆری و ڕاهێنانەکاندا بەرنامەیەکی ڕوون لە وتنەوەی وانەکان پەیڕەو ناکەن، هەروەها خوێندکارەکان خۆشیان ئامادەنین سوود لە شارەزایی و ئەزموونی مامۆستاکانیان وەرگرن و شان بە شانی بەهرەکانیان بە ماندووبوونی خۆیان توانادارییان پێش بخەن و لە ڕێگەی ئەو توانایەی کە لە بیرکردنەوەدا هەیانە سەرچاوەی داهێنانیان بتەقێننەوە. تەواو بە پێچەوانەی ئەمە دەبینین ئەو کەسەی بواری بۆ نەڕەخساوە لە خوێندنی ئەکادیمیدا بخوێنێت، بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەوەی لە دەستی داوە زیاتر لە هاوڕێیە خوێندارەکەی خۆی ماندوو دەکات و بە دوای زانیاریدا دەچێت، لەویش ڕۆشنبیرتر و داهێنەرترە لە کارەکانی. جا کارێکی ستەم و ناهەقییە دەرهەق بە پەیمانگا و کۆلێژەکان گەر ڕۆڵێکی گەورەتر لە قەبارەی ڕاستەقینەی خۆیان لێ بخوازین، یا ڕۆڵەکەی بە شەپۆلێك دووکەڵی چڕ چەشنی ئەو دووکەڵەی لە کارگەکان بەرز دەبێتەوە، چوارچێوە بدەن، وەك ئەوەی هەندێ لە ئەکادیمییەکان دەیکەن، بۆ ئەوەی هەمان خەسڵەتەکانی خۆی بدەنێ چونکێ وا دەزانن بەو چوارچێوەدانە و لێکچواندنە بونەتە جمکانەی ئەو.

داواکارم خوێنەر وا تێنەگات کە من لە پایەی ئەکادیمییەکان کەم دەکەمەوە، یان سووکایەتی بە توانادارییان دەکەم، بەقەدەر ئەوەی دەمەوێ ڕۆڵە بەرتەسك و سنووردارەکەی لە پێگەیاندنی بەهرەی خوێندکارەکانی پەیمانگا و کۆلێژە هونەرییەکانمان دووپات بکەمەوە، ئاخر ئەو دامەزراوانە تەنها زەمینەیەکی لەبار بۆ خۆێندکاران ئامادە دەکەن تا لە ڕێگەیەوە بە دوای ئەو سەرچاوانەدا



www.mukiryani.com

بگەڕێن کە ڕۆشنبیری لێ وەردەگرن بۆ پێشخستنی توانادارییان. ئەوانە کارگەی دەرچوواندنی هونەرمەند نین، وەك هەندێ کەس وای تێگەیشتووە تا ناوی هونەرمەند لە خۆی بنێت. ئەو کەسەی خۆشەویستیی هونەر لە ناخیدا کارایە دەتوانێ بە هەوڵی تاکە کەسانەی خۆی لە ڕێگەی بەدواداچوون و بینیندا ئەو خۆشەویستییە بۆ کاری داهێنان بگۆڕێت. من لەخۆڕا ئەو قسەیە ناکەم، بەڵکو حەقیقەتێکە لە ڕێگەی ئەزموونەکانم لەگەڵ شانۆی کوردی و نێزیکیم لە شانۆکارە ئەکادیمی و نائەکادیمییەکانەوە هەستم پێی کردووە. لێرەدا ئەو پرسیارە خۆی دەسەپێنێ بەو پێیەی کە ڕەخنەگر وەك کەسێکی نائەکادیمی زەخیرە شانۆییەکەی بەهۆی ماندووبوونی خۆی پێکهێناوە:

چ نهێنییەك لە پشت هەبوونی ڕەخنەگر لە شاری هەولێر و نەبوونی لە شاری سلێمانیدا هەیە، لەگەڵ ئەوەی، شێوازەکانی دەرهێنان لە شانۆی کوردی لەسەر دەستی هونەرمەندەکانی سلێمانی دروستبوونە؟

وەڵامی ئەو پرسیارە بەم شێوەیەیە: تێرنەبوونی ڕۆشنبیری شانۆیی بەو بابەتانەی خوازیاریەتی لە نێو ئەو نمایشانەی کە لە هەولێردا دەیبینێ، وای لێ کردووە بەهۆی نووسینە ڕەخنەییەکانی دەریانبڕێت. ڕەنگە ئەم وەڵامە ئەو بەدواداچوونە جددییانەمان بیر بخاتەوە کە چوار کەس لە شانۆکارانی کوردی نائەکادیمی لە پێش ڕاپەڕین پێی هەڵسان لە بارەی ئەو فیستیڤاڵە شانۆییانەی کە لە بەغدا لەسەر حسێبی تایبەتی ئەوان پێشکەش دەکران. من باوەڕم وایە کە ناوەندی ڕۆشنبیری کوردی چاك دەزانێت مەبەستم لەو چوار کەسە کێیە، بە هۆی ئەو ڕۆڵە کاریگەرەی لە بزوتنەوەی شانۆیی کوردیدا بینیویانە، جا چ لە ڕێگەی نمایشەکانیان بێت یا لە ڕێگەی ئەو بۆچوونانەوە بێت کە ئەوان خستیانە ڕوو. لە ئەزموونی شانۆی ئێمەش نموونەی زۆر هەنە پشتڕاستی ئەو ڕایەی دەکەنەوە، لەم بارەیەوە ئەو نموونەیەی خوارەوە دەخەمە بەرچاو:

شانۆگەری (قەرەج)ی پۆشکین، دووان لە هونەرمەندانمان هەر یەکە و لە نمایشێکی سەربەخۆدا دەریهێناوە، یەکێکیان کەسێکی ئەکادیمییە و ئەوی دیکە نائەکادیمی. لەو وەختەدا وتارێکی تایبەتم لە بارەی ئەو دوو نمایشە لە ڕۆژنامەی (الجمهوریه) بلاوکردەوە، لێرەدا نامەوێ بچمە نێو وردەکاری ئەو وتارەم، چونکێ هەردوو دەرهێنەری ئەو دوو شانۆگەرییە لە هەموو کەس باشتر ڕای من لە بارەی ئەو دوو نمایشەوە دەزانن، من تەنها گەرەکمە ئەوە دووپات بکەمەوە کە نمایشی دەرهێنەرە نائەکادیمییەکە زۆر لە هی ئەکادیمییەکە باشتر بوو، نەك هەر ئەوە، بەڵکو لە فیستیڤاڵەکە خەلاتی یەکەمیشی وەرگرت. هەروەها هەمان حاڵەت سەبارەت بە نمایشی (دەروێشەکان بە دوای ڕاستیدا دەگەڕێن)ی مستەفا حەللاج ڕوویدا، وەختێ هونەرمەندێکی ئەکادیمی و یەکێکی نائەکادیمی بە



www.mukiryani.com

دەرهێنانی هەڵسان، ئەنجامەکەی وەك ئەوەی یەکەم کەوتەوە بە سەرکەوتنی نمایشی نائەکادیمییەکە و خەلاَتی یەکەمی لەو فیستیڤاڵە شانۆییە وەرگرت کە لە سلێمانی ئەنجامدرا.

کەواتە داهێنان مەسەلەیەکی زاتیی تایبەتە و بە هونەرمەندەکەوە پەیوەستە، پەیوەندی بە ڕادەی شەیدابوونی داهێنەر بۆ ئەو کردارە هەیە کە لە ناخیدا کاردەکا و تا چ ڕادەیەك توانادارییە هەیە لە ڕووی بەهرە و خەیاڵکردن و بەدواداچوون بۆ تەقاندنەوەی ئەو کردارە. ئەو کەسەی ئەو توخمانەی تێدا نەبێت هیچ پەیمانگە و کۆلێژێك ناتوانن بیکەنە هونەرمەندێکی داهێنەر. جا لەم بارەیەوە بەو پێیەی کە ڕەخنە پرۆسەیەکی داهێنانەیە وەك پرۆسەی هونەری، ئەوا ڕەخنەگر بە مەبەستی گەیشتن بەو حاڵەتە، هیچ چارەیەکی نییە جگە لەوەی کە دەبێ بە دوای گۆڕانەکان و شتە تازەکانی شانۆدا بچێت. من وا دەزانم ئەو ڕەخنەگرەی لەو ئاستەدا نەبێت لە بەدواداچوون و هۆشیاری، ناتوانێ بۆ ماوەیەکی درێژ لە کارە ڕەخنەییەکانیدا بەردەوام بێت، ئیدی ئەوەندە نابات خۆی لێ دەکێشێتەوە، وەك ئەو چارەنووسەی زۆرێك لەو ڕەخنەگرە عێراقی کوردانە پێی گەیشتن کە چوونە نێو ئەو جەنگە و بە ویستی خۆیان لێی کشانەوە.

سەرەڕای ئەو هۆکارە ڕەنگە هۆکاری دیکەش هەبن کە وای لێ کردبن واز لە کاری ڕەخنەگری بێنن. بەلاَم ئەو هۆکارانە چەندە هەمەچەشنە و جیاواز و زۆر بن، ئەوا بەڵگەیەکن لەسەر ئەوەی بە شێوەیەکی ڕاستەقینە پەیوەست بەو کارە نەبوونە کە بە هەڵبژاردنی خۆیان پەیڕەوییان لێی دەکرووە. جا لەسەر ئەو بنەمایە ڕەخنەگریش وەك هونەرمەندی ڕاستەقینە کەسانێکی کەمن لەوانەی بە دوای داهێناندا ماندوو و هەناسەسوارن.

ڕەنگە ئەو دەرئەنجامە بمانگەیەنێتە ئەو ڕایەی بڵێین ئەو ململانێیە لەدەرەوەدا ململانێی نێوان هونەرمەندی ڕاستەقینە و ڕەخنەگر نییە، بەڵکو لە جەوهەردا لە نێوان ڕەخنەگر و هونەرمەندی ناڕاستەقینەیە. جا لێرەدا جیاوازییەکە خۆی حەشارداوە، لەگەڵ ئەوەشدا هونەرمەندە ناڕاستەقینەکە بە گەورەی گۆڕەپانەکە ماوەتەوە.

لێرەدا دەگەڕێمەوە و سەر دێڕی یەکەم کە لەوێوە دەستم پێ کردبوو و دەڵێم: لەجیاتی ئەوەی ئەو دەرهێنەرە بێزارانە بەدیدێکی ڕەخنەگرانە و بە شێوەیەکی زانستی و بابەتی ئەو خەوش و کەموکوڕییانە دەربخەن کە دەکەونە نێو پرۆسەی ڕەخنەیی بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی سەرکەوتوانە بۆی، دەبینین شمشێریان لە ڕووی ڕەخنەگرەکان هەڵکێشاوە و جەنگێکی دژواریان بەسەردا سەپاندونە بە ناوزڕاندنی کەسێتی و مێژووی ڕەخنەییان، ئیدی زۆر بە ناهەق بەرگری لە نمایشە ئاست نزمەکانی خۆیان دەکەن، بە ڕادەیەکی وا کێشەی قبووڵنەکردنی ڕەخنە و وەرگرتنی هەڵوێستی توند و هەڵچوانە



www.mukiryani.com

بۆتە دیاردەیەکی باو لە ناوەندی شانۆییمان. خۆ ئەگەر ئەو دیاردەیە درێژە بکێشێ و لەو قەبارەیەی ئێستای گەورەتر بێت، ڕەخنەگر ناچارە لەبارێکی وا کە ناتوانێ پرۆسەی ڕەخنەگرتنی خۆی بەرێوە ببات، خۆی بداتە دەست ئەو دەستەیە و ملکەچی هەڵوێستەکانی ئەوان بێت، جا یا لە ڕێگەی پشتگرتن و لایەنگیری و ختوکەدانی نمایشیان بێت، یا بەدوای پیشەیەکی تردا بگەڕێ و تێیدا وەك گاڵتەجار یا دەلاڵ خۆی خەریك بکات ئیدی بۆ هەتا هەتایە واز لە هونەر و خەڵکانی هونەردۆست بێنێ.

دەرهێنەری گەورەی شانۆیی (پیتەر پرۆك) دەڵێت: (ئەو هونەرەی ڕەخنەگری نییە جێگەی مەترسیە). ئەو گوتەیەی پیتەر پرۆك هانم دەدات داوەتی شانۆکارانی خۆمان بکەم بۆ سەرژمێریەکی مەیدانی لە کوردستان تا بزانین چەند کەسمان هەیە خەریکی کاری ڕەخنەیی بن.

دەتوانم بڵێم لە کاتی ئێستادا ژمارەیان لە دوو تا سی کەس ڕەت نابێ. هەرچەندە ئەو ژمارەیە یەکجار کەمە. لەگەڵ ئەوەش هەندێ لەدەرهێنەرەکان، ئەوانەی لافی دەرهێنان لێدەدەن هەوڵدەدەن تەنگیان پێ هەڵچنن و شتی نابەجێیان بخەپاڵ بە مەستی دانانی سنوورێك بۆ نووسینە ڕەخنەییەکان.

بە بڕوای من دەرهێنەری لێهاتوو و جدی لە ڕەخنەگر ناترسێت، ڕەخنەگر چی دەیەوێ با بینووسێ، هەروەك خوالێخۆش بوو ئیبراهیم جەلال هەمیشە وای دەگوت، یا وەك پیتەر برۆك کە چۆن خوخۆری شانۆیە جا لە شوێنێك بێت، لە ترسی ئەوەی نەبادا ڕەخنەگری خۆی نەبێت، نەك وەك جارێکیان یەکێ لە دەرهێنەرە شانۆییەکانی کورد هەوڵیدا ڕەخنەگرێك لە هۆڵی نمایش دەربکات. پیتەر بۆرك دەڵێت: پێویستە پەیوەندیەکی ڕاستەقینە لە نێوان ئێمە و ڕەخنەگران دروست بێت، نەك پەیوەندیەکی درستکراوی بێ مانا، بەڵکو بە واتایەکی قووڵتر، چونکێ ئەو پەیوەندییە وەك پێویستی ئاو بۆ ماسی گەرەکمانە. هەریەکێ لە ئێمە پێویستی بە بەهرەی داهێنەرانەی ئەوی دی هەیە بۆ درێژە پێدانی ژیانمان لە ناخدا، جا ڕەخنەگر تێبینییەکانی بە پەلە بنووسێت یا لەسەرەخۆ، گرنگیش نییە ئەو تێبینییانە درێژ بن یا کورت...

لەوانە چیخۆف لە هەموو نووسەرەکان کەمتر بایەخی بە ڕەخنە دابێت، چونکێ باوەڕی وەها بوو کە پێویست ناکات مرۆ ئاوڕی لێ بداتەوە. هەروەها هەمان شت سەبارەت نووسەری ئەمریکی (ویلیام سارۆیان)ی بەڕەچەڵەك ئەرمەنی جێبەجێ دەبێت، کە ئەویش هەستی بە خۆشحاڵی دەکرد وەختێ مەدحی بەرهەمەکانی دەکرا، وەختێکیش ڕەخنەی توندی لێ دەگیرا پشت گوێی دەخست، چونکێ بە بۆچوونی ئەو ڕەخنەگر یا لەسەر ڕاستی بوو یا لە سەر هەڵە جا ئەگەر ڕەخنەکان لە سەر



www.mukiryani.com

ڕاستی بوونایە بەگەمژەیی دەزانی وەڵامی بداتەوە، ئەگەر ڕەخنەگر هەڵە بوایە ئەوا بەلای ئەو گفتوگۆ لەگەڵ کردنی کارێکی بێ مانا بوو.

خۆ ئەگەر خیانەت کردنی ڕەخنەگر لە قەڵەمەکەی بە هەقی کاری هونەری کارێکی نابەجێ بوو ، ئەوا خاوەنی ئەو قەڵەمانە پێویستە ڕەفتارە نامەبدەئییەکان ئاشکرا بکەن، ئەگەر سزایەکیش هەبێت بۆ ئەو خیانەتە ئەوا پێویستە بەسەریدا بسەپێنرێت. بەڵام بوار بە خۆم دەدەم و دەڵێم ئایا بە ڕاستی لە ناوەندی شانۆیی ئێمەدا ڕەخنەگرێکی ئاوا هەیە؟

من وەك خۆم نازانم بۆ بڕوام وایە کە ڕەخنەگر کەسێکی دادپەروەر و دڵسۆزە لە کارەکەی خۆی جا بە هەر هۆیەك بێت، بڕواشم وایە کە هونەرمەندە ڕاستەقینەکان هاوبەشی ئەو بۆچوونەم دەکەن. بە باوەڕی من ڕەخنەگر هەتا ئەگەر بەو پەشێوییەش بزانێ کە لە ناوەندی کارەکەی خۆیدا دروستی کردووە، ئەوا لە بەهای کردارەکەی کەمدەکاتەوە لە پێناوی چاکەخوازی.

هەروەها لەبەر ئەوەی ڕەخنەگر هۆشیاریەکی شانۆیی زێتری لە خەڵکانی تر هەیە و لە نێزیکەوە لەگەڵ ئەزموونەکەدا دەژی، واتە ئەزموونی سەرکەوتن و تێکشان بەیەکەوە، هەروەها لەبەر ئەوەی بەشێوەیەکی ڕاستەخۆ و ناڕاستەوخۆ لەگەڵ هونەرمەندەکان کارلێك دەکەن و ئاگای لە دواین گۆڕاکارییەکان پەخشەکانی شانۆ هەیە، بۆیە شتێکی سەیر نییە گەر بۆچوونەکانی جیاواز بن لە بۆچوونی خەڵکانی دیکە. ئاخر ئەو لەوەرگر زیاتر لەگەڵ نمایشەکە هەڵدەچێ و حوکمەکانی لە بارەیەوە قورسە وەختێ ناڕەزایی و سکاڵا دەردەبڕێ و هەڵە و لایەنە خراپەکانی نمایشەکە دەست نیشان دەکات. لەوانەیە پیتەر برۆك ناوەرۆکی ئەمەی پێکابێ وەختێ بەم جۆرەی خوارە ئاماژە بۆ مەسەلەکە دەکات:

(زۆرجار ڕەخنەگر خزمەتی شانۆ دەکات لەو کاتەی دەست نیشانی هەموو شتێکی نێگەتیڤ دەکات، جا ئەگەر زۆربەی کاتەکانی بە ناڕازیبوون بە سەر برد ئەوا لەوەدا ڕاستگۆ بووە).

بەڵام لە شانۆی ئێمەدا تەواو پێچەوانەی ئەوە ڕوودەدات، ئاخر لێرە دەرهێنەر بە دوای سەلبیاتەکانی ڕەخنەگر دەکەوێ و ناڕەزایی خۆی لێ دەردەبڕێت، وا دەزانێت ڕەخنەگر کەسێکە شایەنی ئەوە نییە ئەو ئەرکە بخاتە ئەستۆی خۆی، چونکێ وەك ئەم هەڵگری بڕوانامەی ئەکادیمی نییە، بۆیە ئاستی هۆشیاری شانۆیی ناگاتە ئاستی هۆشیاری دەرهێنەر، گەر لەوەش قووڵتر نەڕوا و وەك کەسێکی نەخوێندەوار و مشەخۆری شانۆ و هونەر و دەرهێنان و ژیان و جیهان وەسفی نەکات... و ... خاوەنی ئەو ڕایە لە بیریان نییە کە برێشت یەك حەرفانی لە نێو چوار دیوارەکانی پەیمانگە و ئەکادیمییەکان نەخوێندبوو، کەچی شۆڕشێکی ڕاستەقینەی لە شانۆی جیهانی بەرپاکرد،



www.mukiryani.com

ناحەزەکانیشی لە هەردوو جەمسەرەکەی بەرەی سۆسیالیستی (جاران) و بەرەی سەرمایەداری نەیاتوانی حاشا لە دەستکەوت و داهێنانەکانی ئەو بکەن لەو بوارەدا و بە ناچاری دانیان پێی نا. ئەمە حاڵی زۆربەی ئەدیب و هونەرمەندە گەورە و ناسراوەکانی جیهان بووە چ ڕۆماننووس بووبن یا شاعیر، چیرۆکنووس بووبن یا مۆزیکوان، شێوەکار بووبن یان شانۆکار، هەر لە هۆمیرۆسەوە بگرە تا دەگاتە دوا داهێنەری سەدەی بیستەم. سنووربەزاندنی هەندێکیان لە بەرامبەر ڕەخنەگر بە ڕادەیەکە وێنا ناکرێت، لە هەمووان سەیرتر کە مایەی پێکەنین و گریان بێت پێکەوە، ئەوەبوو یەکێ لە ڕەخنەگرەکان بەوە تاوانبار کرابوو کە لە ژیانی خۆیدا کتێبێکی نەخوێندۆتەوە! توخوا کێ هەیە بەمە باوەڕ بکات؟ ئایا ڕێی تێدەچێت کەسێك لە ژیانی خۆیدا کتێبێکی نەخوێندبێتەوە و بتوانێت وتارێك بنووسێت ... بابەتی وتارەکەشی ڕەخنە بێت؟

ئەو جۆرە سنوور بەزاندنە لە ناوەڕۆك و بنچینەدا، داواکردنێکی ئاشکرایە بۆ دەرکردنی ئەو ڕەخنەگرە لە ناوەندی ڕۆشنبیریی کوردی، وەك چۆن ئەفلاتۆن داوای کرد هونەرمەندەکان لە کۆمارەکەی دەربکرێن.

جا ئەگەر هونەرمەندەکان هێشتا شانازی بە داواکەی ئەفلاتۆنەوە بکەن کە لە کۆمارەکەی دەر بکرێن بەو پێیەی لە کاری ئەوان تێنەگەیشتبوو کە لە بونیاتنانی کۆمەڵگەدا چ ئەرکێکیان لەسەر شانە، ئەوا ئەو ڕەخنەگرەی لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم لە شاری هونەرمەندان دەردەکرێت، دەتوانێ زێتر شانازی بەو جۆرە داوایەوە بکات و لەو سنوورەدا ڕەخنەگرەکە دەزانێ خاوەنی ئەو داوایە تەنها لەوەدا هەقی بە دەستە کە شانۆی کوردی پێویستی بە ڕەخنە و ڕەخنەگر نییە. لە ناوەندی شانۆییماندا چەند دەرهێنەرێك دەناسم لە ئەنجامی فەشەل هێنانی نمایشەکانیان، بە نێو ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا دەگەڕێن بۆ ئەوەی چاو پێکەوتنێکی ڕۆژنامەییان لەگەڵ بکەن هەتا پاساوی ئەو فەشل هێنانە بهێننەوە، یا بەرگری لە نمایشەکەیان بکەن، جا ئەگەر دەرهێنەرەکە کەسێکی دیبلۆماسی بێت و زمانی هونەریی ڕەوان بێت ئەوا هەوڵدەدات باوەڕ بە سەرنووسەرەکە بێنێت گوتارێکی ڕەخنەیی لەبارەی نمایشەکەی بنووسێت، ئیدی ناچاری دەکات ئەو سەرنجانەی کە خۆی هەیەتی بیخاتە ڕوو، نەك بە پێی تێگەیشتنی سەرنووسەرەکە خۆی. کابرای سەرنووسەریش بەهۆی پێویستیی لاپەڕەکەی بۆ بابەتێکی لەو جۆرە هیچ زیانێك نابینێت لە جێبەجێ کردنی پرۆژەیەکی ئاوا نهێنی لە نێوان خۆی و دەرهێنەرەکە. بەلاّم لە حالّەتی سەرنەگرتنی ئەو هەولاّنەی دەرهێنەرەکە ئەوا خۆی بە ناوێکی خوازراوەوە گوتارێکی ڕەخنەیی لەبارەی نمایشەکەیەوە دەنووسێت.



www.mukiryani.com

له سالانی ڕابردوو ڕەخنگرەکانمان دووپاتی ئەوەیان کردەوە کە واقیعی شانۆییمان لە هەولێر بە دەست دواکەوتووییەوە دەناڵێنێ و ئەو واقیعەش پێویستە دانی پیابنرێت و هەوڵی گۆڕانی بدرێت، بۆ ئەوەی بەو دەستکەوت و گۆڕانانە بگات کە لە سالانی دواییدا شانۆ پێی گەیشتووە لە سەر ئاستی ناوەوە و جیهانیدا، بەلام هەرچەندە دەنگێکی لەو جۆرە بەرز دەبێتەوە لەلایەن دەستەی شانۆی ئاست نزم بەرەو ڕووی کردارێکی بەهێز دەبێتەوە. بەردەوام بوونی ئەو واقیعە نالەبارە هەندێك لەو قەڵەمە ڕەخنەییانە پشتگیری لێ دەکەن کە لە دەروازەی ڕۆژنامەنووسییەوە هاتوونە نێو بواری ڕەخنە.

یەکێك لە دەرهێنەرەکان ماوەی پانزە ساڵ خۆی لە ڕەخنەگرێك ڕەنجاند، یەکێکی دیکەیان ویستی لە هۆڵی نمایشکردن رشەخنەگرەکە دەر بکات، سێیەمیان جوێن و قسەی ناشرینی پێ گوت بە شێوەیەکی ئاشکرا و لە بەرچاوی خەڵك، چوارەمیان نەیهێشت لە ڕیزی بینەرانی ئاسایی دانیشێت، پێنجەمیشیان بە پەڵە هەورێکی ڕەش لە ئاسمانی شانۆی کوردی وەسفی کرد.

لێرەدا من مەبەستم دەرخستنی ئەو دەستدرێژییانە نییە کە هەندێ لە دەرهێنەرەکان دەیکەنە سەر ڕەخنەگرەکان، بەلام وەك دەڵێن شتێك شتێکی دیکەت بیر دەخاتەوە، بەقەدەر ئەوەی دەمەوێ ئەو دوورییە بەرفرەوانە دەربخەم کە لە نێوان دروستیی قسەکانی ئەو دەرهێنەرانە و ئەو تواناداریی‌یەدا هەیە کە ئەوان هەیانە، ئاخر هۆکاری سەرەکی ئەو دەستدرێژییانە بریتییە لەو تواناداریی‌یانە. لەگەڵ ئەوەشدا کەسی وا هەیە باوەڕی وایە ئەو دەستدرێژییانە لە دژی ڕەخنەگر خۆی لە خۆیدا بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوەیە دەیسەلمێنێ کە کارەکەی خۆی بە لێهاتوویی ئەنجام نەداوە. بەڵێ ئەو باوەڕە دروست دیارە گەر بە شێوەیەکی ڕووکەشانە لێی وردبووینەوە، لێ ئەگەر بچینە بنج و بنەوانی ئەوا بۆچوونێکی تەواو جیاوازمان لەکن دروست دەبێ، بۆیە من باوەڕم وایە ئەو سنوور بەزاندنانە مەدالیا و نیشانەیەکن پێویستە ڕەخنەگر بەشانازییەوە لە بەرۆکی خۆی بدات، وەك ئەو پیاوە سیاسییەی کە ڕۆژێ لە ڕۆژان لەگەڵ پیاوانی پۆلیس شانازی بە ڕووبەڕووبونەوەکەی خۆی دەکات، یان وەك ئەو ڕۆژنامەنووسەی کە بەرپرسەکان بەهۆی پرسیارە وەگیرهێنەر و هەستیارەکانی ئامادەنین چاوپێکەوتنی لەگەڵدا بکەن بەڵام ئەو هەر دەیکات.

لێرەدا ئەو پرسیارە بەتوندی خۆی دەخاتە ڕوو:

لەو دووانە کامەیان لەسەر هەقن؟

بەرلەوەی وەلامی ئەو پرسیارە بدەینەوە، پرسیارێکی دیکە دەکەین:



www.mukiryani.com

لەبەرچی فڵانە کەس کاری ڕەخنە گرتن هەڵدەبژێری؟ ئایا بۆ دەرکردنی ناوبانگیـەتی؟ ئایا لـە ئەنجامی فەشەلهێنانی پیشەیەتی وەك دەرهێنەرێك یان وەك نووسەرێك؟ ئایا حـەزدەکات پێگەیـەکی دیار لە ناوەندی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی داگیربکات؟

گەر وامان دانا کە هەموو هۆکارەکان بـە یەکـەوە هانـدەرێك بـووبن بـۆ ئـەو کەسـە تـا کـاری ڕەخنەیی بکاتە پیشەی خـۆی، ئـاخۆ ئەوانـەی پیشـەکانیان بـە شـەیدایی و عەشـق و قوربانیدانـەوە ڕادەپەڕێنن لە هەمان سەرچـاوەوە هەڵینابـژێرن؟ کەواتـە بۆچـی ئەمـە تـەنها بـۆ ڕەخنـەگر کـارێکی نابەجێیە؟

وابزانم (ئۆسکار وایەڵد) بوو کە گوتی هونەرمەند و ئەدیبە سەرنەکەوتووەکان پەنا دەبەنـە بـەر ڕەخنە. ئەگەر ئـەو ڕایـەمان بەڕاست وەرگـرت ئـەوا (ئـەلیۆت) شـاعیر و شـانۆکارێکی سـەرکەوتوو نـەبووە، ئـاخر کـێ دەتـوانی ئـەوە دەسـتەبەر بکـات بەرلـەوەی پـەنا بباتـە بـەر نووسـینی شـیعر و شانۆگەری ببێتە ڕەخنـەگر. دەشـێ هـەمان شـت سـەبارەت بـە گشـت ئـەو ئـەدیب و هونەرمەندانـە بگوترێت کە لەتەك کاری داهێنانەی خۆیان لەبواری ڕەخنەگریدا کاریان کردووە.

خەڵك بە هۆی ئەو خۆشەویستییەی بۆ شـانۆ هەیانـە دەچـنە بینینـی. دەرهێنـەری دڵسـۆز بـە شێوەیەکی دروست ناوکی ئەو تۆوی خۆشەویستییە دەچێنێت، دەبێ ڕێزی لێ بگرێت، ئـاخر شـتێکی ئاسان نییە لە پێناوی هونەرێکی لاوازدا ماوەی دوو سەعاتان لە کاتی خەڵك داگیر بکەیت. ئەو کـە داوا لە خەڵك دەکات بێن تا سوود لە ئەزموونەکەی وەربگرن، دەبا خۆیشی لەو ئاستەدا بـێ و گـوێ لە ڕایەکانیان بگرێت کە خۆی لە ڕای ڕەخنەگر دەبینێتەوە، (بەو پێیەی ڕەخنەگر پردی نێـوان وەرگـر و کارە هونەرییەکەیە). دەرهێنەری زیرەك هەوڵدەدات پەیوەندی خۆی لەگەڵ ڕەخنەگر بەهێز بکـات، چونکێ لە هەموو حاڵەتێکدا ڕەخنەگر بەهۆی سروشـت و تێکـەڵبوونی لەگـەڵ نمایشـەکە لـە هـەموو کەسێك لێی نێزیکترە، بە بەراوورد لەگەڵ هەموو ئەوانەی دەیبینن. سەیر لەوەدایە هەندێ دەرهێنـەر هێشتا ڕای وەرگری لەکن باشترە بە هۆی ئەو چەپڵەڕێزانەی لە کاتی نمایشـکردندا بـۆی لـێ دەردرێ، یان هەندێجار ڕای ئەو هونەرمەندانە وەردەگرن کە جێی باوەڕ نینـە و هـیچ بنەمایـەکی ڕەخنـەییان نییە. ئەو ڕایەی تۆمار دەکرێت تەنها ئەو دەبێتە مایەی گفتوگۆ و ئەوانی دی حسێبیان بۆ ناکرێـت. بەڵام بینەری ئاسایی لـە بەرامبـەر ئـەو ڕایـەدا بـەرپرس نییـە کـە دەیڵێـت هـەتا ئەگـەر تۆمـاریش بکرێت، چونکێ لە بنچینەدا ئەهلی شانۆ نییە، جـا بـۆ ئـەوەی دەرهێنـەر لـەو هەسـتیارییە تونـدە ڕزگـاری بێـت لـە بەرامبـەر ڕەخنـەگر و زانیارییـەکانی ڕەخنـەگر و قەڵەمەکـەی، پێویسـتە بزانێـت ڕەخنەگر وەکو دەرهێنەر دیدێکی دیارکراوی لە بەرامبەر شانۆدا هەیە و بە ئاگایە لـەوەی کـە دەبـێ



www.mukiryani.com

چی بکات. بەبێ ئەو تێگەیشتنە ڕەخنەگر وەك ئامرازێك تەنها ئەرکەکەی لەوەدا دەبێ کە بۆچوونی ئەوانی دی بگوازێتەوە و خۆیشی لە بارەی نمایشەکە هیچ شتێ نەڵێ. سەرەڕای ئەوەش ڕەخنەگر لە هەموو کەس چاکتر درك بە نهێنییەکانی کاری دەرهێنەرانە دەکات و دەزانێت کە بەرپرسیاریەتییەکەی سەبارەت بە پەیوەستبوونی واقیعی کۆمەڵایەتی و پێداویستییەکانی لە هی دەرهێنەر کەمتر نییە. لەگەڵ ئەوەش بە سێبەر و پاشینەی دەرهێنەر دادەنرێت. بە قەدەر ئەوەی لەوەدا ڕاستییش هەبێت، لێ ناتوانرێ دوور لە بزوتنەوەی شانۆیی باس لە بزوتنەوەی ڕەخنەیی بکرێت، چونکێ ئاستی ڕەخنە بە ئاستی ڕادەی پێشکەوتن و دواکەوتنی هونەرەوە پەیوەستە.

لە وڵاتە عەرەبیەکاندا بە تایبەتی لە میسر پەیوەندییەکی توند و تۆڵ لە نێوان دەرهێنەر و ڕەخنەگر هەیە و بزوتنەوەی ڕەخنەیی تێدا لە هەموو بوارەکانی دیکەی ڕۆشنبیری پێشکەوتووترە بە تایبەتی بواری شانۆ، وەلێ لە کوردستاندا دەرهێنەرەکانکمان باوەڕیان وایە کە هیچ کەس مافی ئەوەی نییە کەموکووڕی و خەوشی نمایشەکانیان بخاتە ڕوو، هەر چەندە هەر کارێکی هونەری یاخود ئەدەبی وەختێ هونەرمەند یا ئەدیبەکە بڵاوی دەکاتەوە ئیدی دەبێتە موڵکی لێکۆڵەرەکان، واتە ڕەخنە دەیبوژێنێتەوەو دووبارەی دەکاتەوە. دەرهێنەرەکانی ئێمە هەرچەندە هەندێکیان ئەو ڕاستییەش دەزانن، وەلێ نایسەلمێنن و گوێیان لە هەمبەریدا کەڕ دەکەن، ئیدی وا دەزانن ئەو بوژانەوەیە لە لایەن ڕەخنەگری نمایشەکەیانەوە لە مافی دەرهێنان بێبەشیان دەکات. جا دەرهێنەر بیەوێ یا نەیەوێ ئەوا ڕەخنەگر بەشێکی گرنگترە لەو پارچە ئیکسسوارانەی کە لە نمایشەکەیدا بەکاری دێنێت، گەر پەراوێزی بخات خۆی هەرەس دێنێت. هەروەها مامەڵەکردن لەگەڵ ڕەخنەگر نابێ وەك ئەو مامەڵەکردنە بێت کە وەرگر بێبایەخانە لەگەڵ بچووکترین بەشی ئیکسسوارەکان دەیکات، یا وەك ئەلیۆت دەڵێ:

(ئێمە چاودێریکردنی دز بە دزێك ناسپێرین بەڵکو بە پۆلیسێکی دەسپێرین ).

لەگەڵ ئەو جیاوازییەی نێوان دز و دەرهێنەر، ڕەخنەگر و پۆلیس. ئایا دزەکان پیاوانی پۆلیس پشتگوێ دەخەن؟!



www.mukiryani.com

# بەشی دووەم

# نمایش لە شانۆی سریانی



www.mukiryani.com

www.mukiryani.com

## کێ دەتوانێ شانۆی عەنکاوە لە قوڕگی شووشە دەربێنێت؟

ــ ئایا ڕێی تێدەچێت و عەقڵ دەیگرێ کە شانۆ لە سایەی ئەو هەموو تواناداریيە ماڵی و واتاییەی لەبەردەست دایە، لە بارەگا و تەلارەکان و مۆڵەت پێدانی تیپەکان بەشێوەیەکی فەرمی و نمایشکردن لە هۆڵێکی شیاوی وەك هۆڵەکەی کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کلدانی، بە بەراوورد لەگەڵ شوێنی نمایشەکانی حەفتاکانی سەدەی بیستەم و لە سایەی هەبوونی کەسانی شارەزا لە بواری دەرهێنان، هەر لە هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم و بەکالۆریۆس تا دەگاتە ماستەر و دکتۆرا، ئەوها لەوانەش دواکەوتووتر بێت کە هیچ یەکێك لەو تواناداریيەیان نییە؟

بە شێوەیەکی ڕوونتر، ئایا دەکرێ هەڵەکانی سەرکەوتنی شانۆ لە بارودۆخە نالەبارەکان مسۆگەرتر بێت لەو بارودۆخە گونجاوەی ئێستا؟!

ئەگەر وەڵامەکە بە بەڵێیە، ئەوا ئەو کێشەیە پێویستی بە هەڵوەستەیەکی درێژ هەیە... بە بڕوای من مەسەلەکە وایە...

ڕاستییەکەی بەڵێنم دابوو چیدی نەچمەوە سەر نمایشە شانۆیە ئاست نزمەکان، بە تایبەتی هی عەنکاوە، چونکێ هیچ سوودێکی نییە، وەك پەندە میللییەکە دەڵێت (ژانە سەرە) و تێنەگەیشتنی بەرامبەرە کە پرۆسەی ڕەخنەیی پێ هەرس ناکرێت.

هەروەها لێرەدا ئەو ئاڕاستەیە وەرناگرم، واتە ڕەخنە لە هیچ دەقێك ناگرم، بەڵکو هەوڵ دەدەم قسە لەسەر دیاردەیەك بکەم کە لە شانۆکەماندا بڵاو و باوە، ئەو دیاردەیەی کە خەریکە نیگەرانم دەکات و گەیشتۆتە ڕادەیەك ناتوانم لە بەرامبەریدا بێ دەنگ بم و خۆمی لێ بەدوور بگرم.

لەو کەش و بارودۆخەی کە بۆ شانۆکارانی سریانی لە دوای ڕووخانی ڕژێم بە هەردوو لایەنە مادی و مەعنەوییەکەیەوە رشەخساوە، بە تایبەتی لە هەرێمی کوردستان، دەبووایە ئەوانەی لە



www.mukiryani.com

بواری شانۆی سریانی کاردەکەن بە دامودەزگا ئیدارییەکان و نیمچە فەرمییەکان، واتە کەسە ئیداری و هونەییەکان، ئەو دوو هۆکارە پۆزەتیڤە بقۆزنەوە و لە بەرژەوەندی شانۆکەمان بەکاریان هێنابایە. بەڵام ئەو نمایشە شانۆییانەی کە حەوت ساڵی ڕابردوو پێشکەش کراون، ئەوە دووپات دەکەنەوە کە نە پیاوانی ئیدارە و نە پیاوانی هونەر خەمی ئەوەیان لەبەر نەبووە هونەر و شانۆی سریانی پێش بکەوێت، بەقەدەر ئەوەی پیاوە ئیدارییەکان بە دوو شێوە ئەم ئەرکەیان ڕاپەڕاندووە:

یەکەم ــ بایەخیان بە نواندنی چالاکی داوە، بێ ئەوەی لە ئاستەکەی ورد ببنەوە.

دووەم ــ مەبەستیان ئەو بڕە پارەیە بووە کە لە دەرهێنانی شانۆگەرییەکە پێیان دەبڕێت.

لە وەختی سروشتیدا کارکردن بە تەنها نابێتە مایەی سەرکەوتنی نمایشەکە، ئەگەر بەشێك لە خەم و گرفتەکانی خەڵك لەخۆیدا هەڵنەگرێت و دەقەکە دەربڕی داخوازییە ڕاستەقینەکانی ئەوان نەبێت، ئیدی بە عەشقەوە بۆ دەقەکەیان ڕاکێش بکات و ڕاستگۆیانە وێنەی هێڵە بەرینەکانی پرۆسەی دەرهێنان بکێشێت. لە بەرامبەر ئەوەشدا کارکردن لە بارودۆخی ناهەمواردا ئەگەر ئەو خەسڵەتانەی لەگەڵدا بوو ڕەنگە سەرکەوتن بەدەست بێنێت. باشترین نموونەش بۆ ئەمە شانۆی حەفتاکانی سەدەی بیستەمە لە عەنکاوە، چونکە شانۆیەکی جددی و دڵسۆزانە بوو، نەك بەو مانایەی کە پرۆسەی دەرهێنانەکەی لە ئاستێکی بەرزدا بووە، بەڵکو بە مانای پاکیی ئەو کەسانەی کاریان تێدا دەکرد، بەو پێیەی کە کارکردن لەو دەقە ئەرکێکی پیرۆزە. ئەو وەختە شانۆیەکی ڕاستەقینەمان هەبوو، چونکێ ئەوانەی تێیدا کاریان دەکرد ڕێزیان لە هەست و نەستی وەرگر دەگرت و هەمیشە هەوڵیان دەدا باشترین و سوودمەندترین بابەت پێشکەش بکەن، نەك شتی کاڵ و کرچی وەك ئەوانەی ئێستا پێشکەش دەکرێن. ئاخر بابەتە باش و بەپێزەکان پێویستییان بە ماندووبوون و لەخۆبووردەیی هەیە و کرچ و کاڵەکانیش حازربەدەستن و ئەرك کێشانیان ناوێت.

شانۆی حەفتاکان لە عەنکاوە شانۆیەکی جددی و ڕاستەقینە بوو، چونکێ هەڵگری پرسێك بوو و لەسەر بەهێزترین دەقی شانۆیی عێراقی و عەربی و جیهانی کاریان دەکرد و کاری دەرهێنانی پوختەی بۆ دەکرا. ئەو دەمە شانۆکاران بە دەگمەن لەسەر دەقێکی خۆجێیی کاریان دەکرد، وەك چۆن شانۆی کوردیش هەر بەو شێوەیە لە حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا بوژایەوە و پێشکەوت. من لەگەڵ ئەو بۆچوونەم کە ڕوو لە دەقە جیهانییەکان بکرێت و ئێستاش باوەڕم وایە باشترین ئاڕاستە ئەوەیە ڕوو لە سەرەتاکانی شانۆ بکرێت، ئاخر شانۆی کوردیش بە نمایشکردنی دەقی خۆجێیی شکستە خێراکەی خۆی سەلماند.



www.mukiryani.com

دیسان دەڵێم کاری شانۆیی جاران ڕەسەن بوو، چونکێ ئەوانەی کاریان تێدا دەکرد چاویان لە دەستکەوتی ماددی نەبوو و هزریان بە گیرفانیانەوە خەریك نەدەکرد، بەڵکو بە تەواوی لەسەر واتا و ناوەرۆکی دەقەکە بیریان چڕ دەکردەوە.

جاران لە تەك ئەم هۆکارانەدا هۆکارێکی دیکەش هەبوو کە سنووری بۆ ئەو لایەنە خراپانە دادەنا، ئەویش هاریکاریی نێوان ئەندامانی تیپەکان بوو بۆ ئەوەی بەسەر ئەو کۆسپەکانەدا زاڵ بن کە دەهاتە ڕێگەی کاروانی هونەرەکەیان. لەبیرمە کە شانۆیەکەی یانەی فەرمانبەران، ئەو کەسانە دروستیان کرد کە لە شانۆگەری ( کێیە دێت)دا بەشدارییان کردبوو، چونکە ئەو شانۆگەرییە کە پێشکەشی یانەکە کرا تەخی شانۆی نەبوو، ئیدی ئەکتەرەکان بە خۆیان بە چیمەنتۆ شانۆکەیان دروست کرد و شانۆگەری (فەرمانتە بەگ)یش هەر لەوێ نمایش کرا کە لە نووسینی یوسف عانی بوو.

ئیدی بەوجۆرە ئەو کاتە هەموویان لە شێوەی هەنگ کاریان دەکرد، بۆ ئەوەی بگەنە مەبەستەکەیان کە پێشکەش کردنی نمایشەکە و بەزاندنی هەر شتێك بوو کە دەبووە کۆسپ لە بەردەمیان. تەنها هەنگاوی یەکەمی کارکردن زەحمەت بوو، کە ئەو هەنگاوە دەهاوێشترا ئیدی هەنگاوەکانی تر بە شێوەیەکی ڕەمەکی و لەخۆیانەوە جێبەجێ دەبوون، وەك شوێنی پرۆڤەکردن کە زۆرجار لە ماڵی یەکێ لە ئەکتەرەکان بەڕێوە دەچوو. هەروەها لە بارەی تێچوونی نمایشەکەوە یەکێ لە یانە وەرزشییەکان یاخود کەنیسە لە ئەستۆی خۆی دەگرت. شوێنی نمایشکردنیش یا لە گۆڕەپانی قوتابخانەکان یاخود لە باخچەکەی یانەی فەرمانبەران ئەنجام دەدرا.

سەبارەت بە کاری دەرهێنانیش یەکێ لە ئەکتەرە سەرکییەکان پێی هەڵدەستا، یان ئەو کەسەی ئەنجامی دەدا کە دەیتوانی ئەو ئەرکە لە ئەستۆ بگرێت و زۆرجار ئەو کەسە پەسند دەکرا کە دەرچووی پەیمانگا یا کۆلێژی هونەرە جوانەکان بوو.

دەگەڕێمەوە سەر ئەو کێشەیەی لە سەرەتای ئەو بابەتە هێنامە گۆڕێ کە ئەو دیاردەیە کە لە شانۆی ئێمەدا لە ساڵانی ڕابردوو باو و بلاّو بووە. ئەو دیاردەیە بریتییە لە پێشکەشکردنی شتی گاڵتەجاڕی و قسەی پڕوپووچ و بێ مانا بە ناوی کۆمیدیا، ئیدی لە ژێر هەردوو باڵی ئەو زاراوەیەدا، جارێك بە ناوی کۆمیدیای مەبەستدار و جارێك بە ناوی کۆمیدیای ڕەشەوە ئەو کارانە ئەنجام دەدرێن. سەیر لەوە دایە وەك ئەوەی هەموو ئەوانەی بەو ئاڕاستەیەدا دەڕۆن بێ مەبەست هاوڕانە کە هۆڵی دادگا باشترین شوێنە بۆ پێشکەشکردنی ئەو کێشانەی پەیوەندییان بە ژیانی هاوسەرێتی و



www.mukiryani.com

قەرز و قەرزدارییی و جۆرەها مەسەلەی تر هەیە کە زۆر لە واقیعەوە دوورن و بە ئاسانی دەکرێنە کاری شانۆیی‌و لەسەر سنییەکی کون، نەك زێڕ پێشکەشی وەرگری دەکەن.

ئەوانەی ڕێگە بەخۆیان دەدەن ئەو ڕێڕەوە بگرنە بەر وبە خەڵکە سادە و ساکارەکەی عەنکاوە پێدەکەنن کە قەت بۆیان نەلواوە سەیری شانۆ بکەن، ئەوانە ئەو هونەرە بەرزەیان کردۆتە کێڵگەیەکی بەپیت بۆ نوکتەبازی و قسەی سووك و چرووك و کۆنە سەمای بێکەڵك وگۆرانی ناخۆش و کردوویانە بە مەهایەکی بچووك.

ئەوەی ئەو نمایشانە ببینێت بۆ ڕووندەبێتەوە کە ژنانی عەنکاوە نەك هەر نەخوێندەوار و دڕندەنە، بەڵکو سەرباری ئەوەش ناشیرین و زاڵە بەسەر مێردەکەی خۆی، بە شێوەیەك لە دەستی دێ بە بەرچاوی خەڵکەوە بە ڕوویدا بتەقێتەوە و لێی بدات و لەبەردەم دادوەر بە دەنگە نامۆ و زڕەکەی تێر جوێنی بکات و بە زار و بە پاشەوەی جڕتی لێ بەردا.

ئایا ئەمە ڕووی ڕاستەقینەی ژنانی عەنکاوەیە، یان ئەوە وێنەیەکی شێوێنراوی سروشتی ئەوانە؟

لە شانۆگەرییەکی تردا نمایشەکە بە گۆرانی دەستی پێ کرد و هەر بە گۆرانیش کۆتایی پێ هات. لە شانۆگەریی سێیەمدا هەموو ئەو نوکتانەی لە ناو خەڵکی عەنکاوەدا باوە لەسەر زاری ئەکتەرەکانەوە هەڵڕێژران. ئەوەی مایەی پێکەنین و گریان بوو تیپەکە بە پێچەوانەی ئەو شتەی کە وەرگر لەسەر شانۆ دەیبینی، ئەکتەرەکان دەیاندواندن. ئیدی لە جیاتی پێشکەشکردنی هونەرێکی جوان و مرۆڤدۆستانە، وەرگر هەمیشە شتی خراپ و دوور لە داهێنانی دەبینی کە چێژی گشتی تێك و پێك دەدا.

ئەو جۆرە نمایشە چ سوودێکی هەیە و چ شتێ دەخاتە سەر شانۆی سریانی؟ پرسیارێکی ڕەوایە و پێویستە تیپە شانۆییەکانی عەنکاوە و ئەوانی سەرپەرشتیان دەکەن وەڵامی بدەنەوە و بە دوای پاساوی جێی بڕوا بگەڕێن بۆ ئەو نمایشانە و کاریگەرییەکانی لەسەر وەرگر و پێشکەوتنی شانۆ لەو شارە، دەنا هەموو ماندووبوونەکان لەو بوارەدا بێ سوود دەبن.

دواکەوتنی شانۆی سریانی بە بەراوورد لەگەڵ شانۆی عەرەب و شانۆی کوردی بەهۆی ئەو بارە ناسروشتییە بووە کە بەسەر گەلی ئاسوریدا هاتووە. ئەو ڕاستییە کەسێك لاری لەسەر نییە و دەبێ دانی پێدا بنێین، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی پێشکەشکردنی نمایشی باش قەرەبووی ئەو شتانە بکەینەوە کە لە دەستمان چووە، بە تایبەتی کە ئێستا هەلێکی لەباری وا ڕەخساوە لە کڕین نایە و لەدەستدانیشی تاوانێکە لێی نابووردرێت.



www.mukiryani.com

ئەگەر هونەرمەندەكانمان بیانەوێ شانۆكەمان پێشكەوێت و لەو جغزە بەرتەسكە قوتـار بێت، پێویستە سوود لەو دوو ئەزموونەی نێزیكی خۆمان وەر بگرن، ئەوانیش ئـەزموونی شـانۆی عـەرەبی (عێراقی) و ئەزموونی شانۆی كوردییە، ئیـدی بـە ڕێبـازی ئەوانـدا هـەوڵ بـدەن پـڕۆژەی شـانۆیەكی بەهێز دابنێن.

ئەو بۆچوونە دەمانباتەوە شانۆی شەستەكانی سەدەی بیستەم لە بەغدا و سـەرەتای حـەفتاكان لە كوردستان، چونكێ سەرەتا دروستەكانی ئەو شانۆیە لەو دوو ماوەیە دەستی پێ كرد.

ئەگەر چاوێك بە پێدراوە گشتییەكانی شانۆی عێراقیدا بگێڕین دەبیـنین بابەتـەكانی لـە واقعـی كۆمەڵایەتی وەرگرتووە و كێشەكانی گەلی كردۆتە مادە فكرییەكەی خۆی، هەر لە شـانۆگەرییەكانی (كلیـل) و (وێنەیـەكی تـازە) و (تەنتـەل) و درەختـەكانی تـاعوون) و ( دارخورمـا) و (دراوسـێ) و (بستۆكە) و (كۆشكی پیرەپیاو) و (مانگا شیردەرەكە) تا دەگاتـە شـانۆگەرییەكانی (تـەمووز زەنـگ لێ دەدا) و (ماڵی نوێ) و (فانۆسەكان). بۆ نموونە شانۆگەری (دارخورما) و (دراوسێ) مـەینەتەكانی گەلی عێراق دەخەنە ڕوو لە ماوەیەكی هەستیاری مێژووی چلەكان. شانۆی كـوردیش بابەتـەكانی لـە واقعی ژیانی ڕۆژانەی خەڵك، یـان لـە چیرۆك و حیكایەتـە میللییـەكان وەرگرتـووە و دەرهێنـەر بـە هەمان شێوازی واقعیانە پێشكەشی كردوونـە لـە ڕێگـەی بـەكارهێنانی توخمـەكانی نمایشكردن وەك دیكۆر و جلوبەرگ و مۆسیقا و جولەی ئەكتەرەكان و شێوەی قسەكردنیان. ئەم حاڵەتە لە دەقـەكانی كەمال دڵشاد و نەجم مەلا دەردەكەوێت لە شانۆگەری (خەستەخانەی شێتەكان) و (مەكری ژنان) كە بورهان مەسرەف دەریهێناون. هەروەها لە شانۆگەری (خولە چەخماخە) دەردەكەوێت كە سمكۆ ناكـام نووسیویەتی و حەسەن تانیا كـاری دەرهێنـانی بـۆ كـردووە. سـەرەڕای كارەكـانی تەلعـەت سـامان و سەعدون یونس و فەرهاد و شەریف و غـازی بامـەڕنێ و سـەفوەت جـەڕاح و سـەباح عەبـدوڕەحمان و جەلیل زەنگەنە و جیهاد دڵپاك و نەوزاد مەجید و سمكۆ عەزیز و ئەوانیی دیكەش، گشتیان نموونـەن بۆ تێكەڵبوونی دەق و نمایشەكان بە واقعی ژیانی ئاسایی ڕۆژانەی خەڵك.

لێرەدا پرسیار ئەوەیە:

ئایا ئـەو تیپـە شـانۆییانەی لـە عـەنكاوە هەنـە و ئـەو دەرهێنەرانـەی لەگـەڵیان كاردەكـەن، نمایشێكی شانۆیی درامـای وایـان پێشـكەش كـردووە كـە هـەڵقولاوی واقعـی كۆمەڵایـەتی خـەڵكی عەنكاوە بێت لە ئێستا و ڕابردوودا، ئاخر ئەو هونەرمەنـدەی لـەوە ڕاهـاتووە لـە كـاری دەرهێنـان و نواندندا كار لەسەر بابەتی ئاسان بكات، زۆر زەحمەتە بتوانێت وازی لـێ بێنێـت، گـەر بمانـەوێ وازی لێر بێنێ پێویستە سەرلەنوێ دروست بكرێتەوە كە ئەمەش وەختێكی زۆری گەرەكە. بەتایبـەتی ئەگـەر



www.mukiryani.com

زانیمان ئەو هونەرمەندە ئامادە نییە بە خوێندنەوەی دەقی شانۆیی جیهانی و لێکۆڵینەوەکان خۆی ڕۆشنبیر بکات و بە دوای ئەو نمایشانەدا بچێت کە لە هەرێمی کوردستان و بەغدا پێشکەش دەکرێن، ئەو وەختە دەزانین قەبارەی و ڕادەی ئەو زەحمەتییە چەندە بۆ ئەوەی شانۆی عەنکاوە لە تەنگژەکەی قووتار بکرێت.

هەڵسانەوەی شانۆی کوردی لە حەفتایەکان لە سەدەی ڕابردوو بەهۆی ئەو بوێرییە هزرییە بوو کە دەیخستنە ڕوو، ئاخر تەنها هێمایەك بۆ گابەردێکی شاخەکانی کوردستان لە سەراپای هۆڵەکە دەبووە چەپڵەڕێزان، بەلام ئێمەی خەڵکی عەنکاوە، لە دوای تێپەڕینی زیاتر لە چل ساڵ بەسەر سەرکەوتنەکانی شانۆی کوردی بە هۆی خستنەڕووی ئەو بابەتانە، جەماوەری خۆی دروست کردووە، تازە بە تازە ئێمە لە سەردەمی بەجیهانی بوون و ئەنتەرنێت و لە سەدەی بیست و یەکەمدا دێین و جەماوەرەکەمان فێری خراپ بەکارهێنانی نەریتەکانی شانۆی دەکەین، یا ئەوەتا ناچاری دەکەین چەپڵە بۆ کارەخراپەکان لێ بدات و بە قسەی پڕوپووچی کۆتایی زەمان واگای دێنینەوە.

ئایا شتێکی سەیر نییە کە شانۆی کوردی لەسەردەمی بەعسی دیکتاتۆردا ببێتە سەکۆی کێشەی کورد؟ کەچی لەو کاتەی کە پرسە ئازادییەکان هەموو نەتەوەکانی گرتۆتەوە، بۆچی شانۆکاری عەنکاوە ناتوانێ هەتا بە شەرمەوەش لە سادەترین کێشەی خەڵکەکەی نێزیك بێتەوە؟!

ئەمە لەبەر چ هۆیەکە و کێ لێی بەرپرسیارە؟

وەلامەکەی ڕوونە: ئاخر کەڵەکەبوونی ترس و چەوسانەوەی گەلی ئاسوری لە لایەن حکومەتە یەك لە دوای یەکەکان هێشتا ڕۆڵێکی خراپ لە عەقڵی کۆی ئەو خەڵکە دەگێڕێ و وای لێ کردوونە زۆر دوورەپەرێزانە مامەڵە لەگەڵ هەر شتێك بکەن کە پەیوەندی بە سیاسەتەوە هەبێت، یا ڕاستەوخۆ پەیوەست بە حکومەتەوە بێت. جا ڕەنگە هەڵسوکەوتی شانۆکار لە هەمووان زیاتر بە ناوەندە کۆمەلاتییەکانەوە گرێدراو بێت، بۆیە ئەو دیاردەیە زیاتر بەووە دیارە، لەگەڵ ئەوەی ڕۆشنبیری ڕاستەقینە، بەو پێیەی لە ڕێگەی هونەرەکەیەوە سەرکردایەتی خەڵك دەکات، پێویستە لەسەری دڵسۆزی پەیامەکەی خۆی بێت، بێ ئەوە ناتوانێت خۆی لە گرێی ترس ڕزگار بکات و هەمیشە بە ژێردەستەی ئەو ترسە دەمینێتەوە، وەك ئەو ناوەندە کۆمەلاتییە ئاسا کە تێیدا دەژی، ئیدی لەو سنوورە ڕۆڵی ئەو هونەرمەندە کۆتایی پێ دێت، وەك چۆن کۆتایی بە ئەرکی پەیامە هونەرییەکەشی دێت.



www.mukiryani.com

دەبێ کێ ڕێگربێت لەوەی تیپە شانۆییەکان و دەرهێنەرەکانمان کار لەسەر بابەتی دابەشکردنی زەوی بکەن لە عەنکاوە کە هەر کەسە و لەلای خۆیەوە بە شێوەیەکە درامی ئەنجامی دەدات؟

ئایا ئەو بابەتە ئێستا گەورەترین و گرنگترین کێشە نییە کە هزر و خەیاڵی خەڵکی عەنکاوەی پێوە بەند بووە؟ من ناڵێم با شانۆکارەکانمان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئەو بابەتانە لە ڕێگەی هوتافکێشانی ئەکتەرەکان لە شانۆدا بەرجەستە بکەن و سۆزی وەرگر بورووژێنن، بەڵکو گەرەکمە دیالۆگ لەگەڵ عەقڵییەتی ئەو خەڵکە بکەن و کێشەکە بە شێوەیەکی هونەریانە بخەنە قاڵبی دراما و لە ڕەمز و دەلالەتی هێمابەخش تێریان بکەن.

هەروەك دەزانین عەنکاوەی کۆن پڕە لە دەیان چیرۆك و حیکایەتی میللی کە دەتوانرێ بەسەردەم بکرێنەوە. دەیان کەسایەتی وای بەرهەم هێناوە کە دەتوانرێ بکرێتە نموونەی پاڵەوانێتی لە هەموو لایەن جیاوازەکانی ژیان.

ئەگەر نەتوانین خۆمان دەقی شانۆیی بنووسین و ئامادەی بکەین، خۆ شانۆی جیهانی تژی ئەو دەقانەیە کە لەگەڵ واقعی ئێمە بگونجێت، وەرگێڕانیشیان کارێکی زۆر زەحمەت نییە، بەڵام گرفتەکەمان ئەوەیە کە ئەکتەر و دەرهێنەری بە توانا و لێهاتوومان نییە.

کەواتە چارە چییە؟

من نایزانم... ئاخر هەموو ڕێگاکان لە بەردەم شانۆکەمان گاڵەدراون، بەڵام ئەوەی کە درکی پێ دەکەم ئەوەیە کە عەنکاوە جێگەی ئەو هەموو تیپە شانۆییەی لێ نابێتەوە و تێکەڵکردنیان لە یەك تیپ ڕەنگە بۆ ماوەیەکی کاتی لە قوڕگی شووشە دەری بێنێ، وەلێ چارەسەری ڕاستەقینە بریتییە لە کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتییەك بە ناوی بەڕێوەبەرایەتی شانۆی سریانی لە عەنکاوە و ئەندامانی هەرسێ تیپەکەش بکرێنە فەرمانبەر لەو بەڕێوەبەراتییە.



www.mukiryani.com

# کرداره بێ پاساوەکان و تێکەڵکردنی دروستکراو
# لە شانۆگەری (ئازاری سەهرا)

ئەمە جاری سێیەمینە کە هونەرمەند ڕەفیق نوری کار لەسەر بابەتی کۆچ و دیکتاتۆریەت دەکات، سەرەڕای ئەوەی لە سێ کاری هونەریشدا بە نووسین و دەرهێنان و وێنەگرتن بەشداری کردووە کە لە نێوان دراما و شانۆدا دابەش بوونە. ئەم کارانەی لە ماوەی سێزدە ساڵ لە ساڵی (١٩٩٣)ەوە بە زمانی سریانی ئەنجام داوە.

یەکەم کاری درامایی ئەو دەرهێنەرە بریتیبوو لە (نیشتمانەکەم و نامۆبوون)، کە تێیدا باسی بابەتی کۆچ دەکات. دواتر شانۆگەری (خاتوو شەموونی ئازا و هەرسێ کوڕەکەی)، کە باس لە دیکتاتۆریەت دەکات. پاشان ئەو نمایشەی کە ئێستا باسی لێوە دەکەین، بە ناوی (ئازاری سەهرا)یە لە یەك کاتدا کاری لەسەر هەردوو بابەتی کۆچ و دیکتاتۆریەت کردووە.

ئەو دوو بابەتە لەبەر کۆمەڵێك مەسەلە گرنگن، هەندێکیان بە ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆرییەوە پەیوەستن، هەندێکیش پەیوەندییان بە شوێنپێی دیاردەی کۆچکردنەوە هەیە بە بەراوورد لەگەڵ سەردەمی شەڕی نێوان عێراق ـ ئێران و جەنگی کەنداو، سەرەڕای باشبوونی باری ئابووری خەڵکی عێراق. لە دوای ڕووخانی ڕژێم ئەو دوو بابەتە هەردووکیان کاریگەریی جارانیان نەما، بۆیە پەنا بۆ بردنیان بەو حەماسەتە سەیرەوە هەوڵێکی نەزۆکە و هیچ سوودێك نابەخشێت، نیشانەی ئەوەیە خاوەنەکەی تەنها کار لەسەر تاقیکردنەوەکانی خۆی دەکات، لەکاتێك دەیان دەقی جیهانی بەپێز و ناوەڕۆك بتەو هەیە لە واقعی کۆمەڵایەتی ئێمە زۆر نێزیکن. ئەزموونی شانۆیە ساواکانی لە بابەتی شانۆکەی ئێمە، ئەوەی سەلماندووە کە ناتوانێ بەرو پێش بچێت، تەنها ئەگەر پشت بە دەقە جیهانییەکان ببەستێت. ئەگەر بگەڕێینەوە سەر بەڵگەی نمایشی (ئازاری سەهرا) کە



www.mukiryani.com

لە نووسین و دەرهێنانی ڕەفیق نوورییە، دەبینین کە بە زاراوەی شێوازی (سینەما و شانۆ) ناوی نمایشەکەی دەبات، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو نمایشە ئەوها نییە، بەقەدەر ئەوەی بانگەشەیەکە بۆ لەخشتەبردنی وەرگر هەتا ئەو کەموکوڕییانە بشارێتەوە کە دەکەونە ڕێگەی کارەکەی. چونکە ئەو جۆرە شێوازە خەسڵەتی تایبەت بەخۆی هەیە، وەختێکیش ئەو خەسڵەتانە لە نمایشەکەدا ڕوون نەبوون، ئەوا پاساوی پێشکەشکردنیشی نامینێت. ئەو پاساوانە لە شانۆگەرییە مێژوویی و داستانئامێزەکان خۆیان دەنوێنن کە ناتوانرێ ڕووداوەکانی لەسەر شاشە بەرجەستە بکرێن.

بەڵام بەکارهێنانی ئەو شێوازە لەو شانۆگەرییە تەنها بۆسەرنجڕاکێشان و ورووژاندنی وەرگر بووە تا بەو دیمەنە سەیر و سەمەرانە سەری سوڕبمێنێ و وابزانێت ئەو شتانە لە بۆشەوە نەهاتوونە، بەڵکو بە مەبەستێکی داڕێژراو و دیارکراوەوە هاتوونە. هەروەها هەموو دیمەنە نمایشکراوەکانی سەر شاشەکە ئەو پاساوەیان نییە، چونکێ دەتوانرا لەسەر تەختەی شانۆ بەرجەستە بکرێن.

جا ڕەنگە ئەو هۆکارەی کە خراپ بەکارهێنانی سینەمای زیاتر کردووە، ئەوەبێت کە سەرباری نەبوونی پاساوی جێباوەڕ، جیاوازیش نەکراوە لە نێوان ئەو شانۆگەرییەی بە پلەی یەکەم پشت بە داهێنانی کەرەسە و توخمە هونەرییەکان دەبەستێت بۆ دروستکردنی پێکهاتە ستاتیکییەکان، لەگەڵ ئەو سینەمایەی کە پشت بە وێنە دەبەستێت بە هەمان پلە. ئاخر لە جیاتی کارکردن بۆ کورتکردنەوەی دیالۆگی شانۆ و لابردنی وردەکارییەکانی سەر شاشە، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی هێمادان (پانتۆمیم) وێنە و جولەی فیلمی لە جێ دابنێی، لە باتی ئەوە لە هەردوو هونەرەکەدا (شانۆ و سینەما) پەنای بۆ بەکارهێنانی دیالۆگی درێژ و ئامۆژگارئامێز و گوتارئامێزی وەڕسکەر بردووە. ئەمەش تەنها بە وێنەگرتنی وشەکان، نەك ڕووداوە دراميیەکەی پەیوەست بە شانۆ و سینەما، بووەتە هۆی بەیەکەوە هاتنی هەردوو کردارەکە.

ئەو حاڵەتە لەسەر ئەو دوو گۆڕانییەش جێبەجێ دەبێت کە دەرهێنەر هەوڵی داوە بۆ وێنەگرتنی دیمەنەکانی ئەنفال بە کاری بێنێت لە هەڵەبجە و باشووری عێراق کە لە ململانێی نێوان هێزی شەڕخواز و خێرخواز (هێلین سەهرا لەلایەك و پیاوانی ڕژێم ـ تارماییەکان ـ لەلایەکی تر)، مەبەستی ناوەرۆکەکە بەسەر ڕووداوە دراميیەکەدا زاڵ بووە. ئیدی فیلمە بەڵگەنامەییەکان هاوتەریبی هەردوو گۆرانییەکە بۆ قووڵکردنەوەی تێکەوتنی ڕووداو لە داوی میلۆدراما، لەسەر هەمان ڕێباز ڕۆیشتوونە لە ڕێگەی وشەی پووچ و گەورەترین بەڵگەنامەی ڕووداوەکە.

سەرباری ئەوەش تیۆرە تازەکانی شانۆ لایەنگری ئەوە نین کە شانۆ بکرێتە کێڵگەیەکی تاقیکردنەوەی هونەرەکانی دیکە (شانۆی گشتگر)، واتە شانۆ لە دیدی ئەو تیۆرزانانە، لە پێش



www.mukiryani.com

هەموویانەوە ئارتۆ، هەرچەند پاك بێت، واتە سەربەخۆ و خاڵی بێت لە پاشماوەی هونەرەکانی تر، ئەوەندە ئاستەکەی بەرز دەبێت.

دەرهێنەر لەسەر قسەی خۆی، هەروەك لە گوتارەکەیدا هاتووە کە (شێوازێکی تازە)ی داهێناوە، لەو تێکەڵکردنە دروستکراوەی لەو نمایشەدا پێی هەڵساوە، کە گوایە ئەوە یەکەمین جارە لە کوردستان پێشکەشی دەکات.

تێکەڵکردنی دوو جۆرە هونەر بەزۆر و بەبێ پاساو یاخود تێگەیشتن لە خەسڵەتەکانی و بنەماکانی هەر یەکەیان شێوازێکی تازە داناهێنێت، بەڵکو تێکەڵەیەکی ناجێگیر و بێ شێواز دێتە ئاراوە. هەر کاتێکیش هونەر شێوازی دیارکراوی خۆی نەبوو لە بەهاکەی خۆی ڕووت دەبێتەوە و سەنگی نامێنێت، جا چ دەرهێنەرەکە سەر بە ڕێبازی ڕیالیزم بێت یا تازەگەری، ئەوا جیاوازی لە نێوان نواندنی سینەمایی و نواندنی شانۆیی هەر بە بنچینەیی دەمێنێتەوە، بەڵام ئەگەر چاوت لەو جیاوازییانە نووقاند و لە هەردوو هونەردا بە نمایشی شانۆیی کارەکەت ئەنجام دا و ئاگاداری ئەوە نەبوویت کە چۆن دیمەنە گرنگەکانی شانۆ لەسەر شاشە بەکار بێنیت، ، بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو دیمەنانە و دڵنیابوون لێی بە مەبەستی ڕاکێشانی سەرنجی وەرگر، بەو پێیەی کە یەکەمیان پشت بە دیمەنە دوورەکان دەبەستێت و دووەمیشیان بە گرتەی نێزیك. ئەمە بەو مانایە دێت یا ئەوەتا سووکایەتی بە ڕۆشنبیریی وەرگر دەکات، یان بەو خەوش و کەموکوڕیانە نازانێت، یا ئەوەتا دەیزانێت، لێ لەبەر تواناداریيە هونەرییە بەرتەسکەکەی ناتوانێت خۆی لێی دەرباز بکات.

ئەو شێوازە پێشتر لە هەولێریش لە ساڵی ١٩٨٣ لە لایەن هونەرمەند سەباح عەبدوڕەحمان لە شانۆگەری (لاس و خەزاڵ) پێشکەش کراوە، واتە ئەو تاقیکردنەوەیە یەکەمجار نییە پێشکەش دەکرێت.

دیسان وەك چۆن بابەتەکانی کۆچ و دیکتاتۆریەت لە سێ کارەکەی دیکەشی دووبارە بۆتەوە، هەر ئاواش وشەی (ڕفاندیان) بە هەمان ژمارە و هەمان داڕشتن دووبارە بۆتەوە لە ژێر پاساوی بەدواگەڕان بە دوای شێوازێك تا نمایشەکانی پێ جیابکرێتەوە.

نمایشی شانۆیی بۆ تەقاندنەوە و ورووژاندنی کاری هونەری، لە یەك ڕەگەز یا کۆمەڵێك ئامراز دروست نابێت تا شێوازێکی تایبەتی پێ ببەخشێ، بەڵکو پێکهاتەیەکی یەکانگیرە و گشت ڕەگەز و کەرەسە هونەرییەکانی تێدا کۆدەبێتەوە و دەتوێتەوە، بە دەقەکە و نواندن و دەرهێنان و سینۆگرافیا و بینەریشەوە. بۆیە کەموکوڕی لە توخمێك لەو توخمانە دەبێتە مایەی تێکچوونی پێکهاتەکە و بەتاڵبوونەوەی یەکانگیرییەکەی.



www.mukiryani.com

وشەی (ڕفاندیان) هێمایەکە بۆ دەستدرێژیکردنە سەر (هێلین) لە لایەن پیاوانی ڕژێمی دیکتاتۆر، وەك کەسێتییەکی شانۆگەرییەکەش ڕەمزی نیشتمانێکی داگیرکراوە. وەختێ نیشتمانیش داگیردەکرێت خۆی بەدەستەوە نادات، بۆیە کارێکی هەڵەیە بخرێتە پاڵ ئەو بێ هەڵوێستییە. خۆ ئەگەر هێلین نموونەی نیشتمان بێت، ئەوا لەو حاڵەتە هەموو ئەوانەی سەربەون بێ هەڵوێست دەمینێنەوە.

ڕەنگە چڕکردنەوەی سەرنج لەسەر تووشبوونی هێلین بە نەخۆشی گرێی دەروونی و گەڕانەوە بۆ ڕابردووی پڕ لە ئازاری سەهرا و گرێدانی بە ئێستاوە، ئەمانە هۆکاری پشت ئاڕاستەکردنی بیرۆکەی نمایشەکە بن، یان وایان لێ کردبێت ئەو ئاڕاستەیە وەربگرێت، بۆ ئەوەی زەمینە خۆش بێت بۆ کۆچکردنی سەهرا و ڕۆیشتنی هێلین بە دوایدا، بەبێ بیرکردنەوە لە دروستکردنی کەسێتییەکی وا کە لە بەرامبەر ڕەشبینی بۆ ژیان کەمێك گەشبینیش لەخۆیدا هەڵگرێت، ئەو ساتە پارسەنگی هاوکێشەکە یەکسان دەبوو و لە کۆتاییدا هاوسەرگیرییان پاساوێکی دەدایە دەست بۆ گەڕانەوەیان بۆ خاکی نیشتمان.

بێگومان ئەو نیشتمانەی تووشی داگیرکردن و گرێی دەروونی دەبێت، لە نواندنی چالاکی دەکەوێت و لە وەرگرتنی بڕیاری چارەنووسازدا هزری پەکی دەکەوێت، بە پێچەوانەی هێلین کە زۆر ژیرانە هەڵسوکەوتی کردووە، مەبەستم بڕیاردانیەتی بۆ چوونە سوێد و هێنانەوەی سەهرایە بۆ خاکی نیشتمان، بەلاّم چ نیشتمانێك؟ وەلاّمی ئەو پرسیارە زۆر گرنگە... ئەو نیشتمانەیە کە دیکتاتۆر حوکمی دەکات، واتە دەرهێنەر بێ ئەوەی بزانێت نیشانەی ـــ ئێکس ـــ ی لە بەردەم نمایشەکەی داناوەو هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی سڕیتییەوە.

لەوانەیە دەرهێنەر بایەخی بەو دەرئەنجامانە نەدابێت کە لە خراپ بەکارهێنانی ئەو ڕەمزەدا دروست بووە. ڕەنگە ئەو بایەخ پێنەدانەش وای لێ کردبێت وشەی (ڕفاندیان) بە شێوەیەکی ڕەمەکی بەکاربێنێت و بە بۆنە و بێ بۆنە دووبارەی بکاتەوە، ئەمەش وای کردووە کرداری درامی بەرتەسك بێتەوە و لەگەڵ ڕەمزەکە لە پانتایی و سنووری بابەتەکەی یەکەم کە دیکتاتۆریەتە، لە حاڵەتی داگیرکردنەوە بۆ حاڵەتەکانی دیکە گەشە نەکات و لە جیاتی خۆبەدەستەوەدان، دژە هەڵویست لە بەرامبە تارماییەکان وەرنەگرێت، ئیدی لە ڕێگەی گواستنەوە لە کردارێکەوە بۆ کردارێکی تر هەڵوێستەکانی پەرە پێ نەدات تا بەهۆی کۆمەڵێك کرداری یەك بە دوای یەکدا بگاتە لووتکەی ڕووداوە جەوهەرییەکە، ئەو وەختە ناوەرۆکەکەی بجۆشێنێ و شێوە هونەرییەکەی لە بۆتەی نمایشێکی



www.mukiryani.com

شانۆیی مەبەستدار بتەقێنێتەوە، بۆ ئەوەی ڕژێمی دیکتاتۆر ڕووت بکاتەوە، نەك بە خۆبەدەستەوەدان و کڕنۆش بۆ بردن لە ڕێگەی گرێی دەروونی هێلین و هەلاّتنی سەهرا.

جا بەو پێیەی کە دووبارەکردنەوەی وشەی (ڕفاندیان) بە دراما بارگاوی بووە، نابێت دیمەنە دراماییەکان لە ناوەڕۆکەکەی بە تالّ بکاتەوە، بەلاّم ئەو بە پێچەوانەوە کاری کردووە، واتە کاتێك ئەو دیمەنانە بۆ دیمەنی کۆمیدی دەگۆڕێن وا لە جەماوەر دەکەن بە بێ هۆ پێبکەنن، وەك ئەو دیمەنەی کە سەهرا بە پارچە قوماشێکی سپی بۆ گالّتەکردن لەگەلّ هێلین خۆی دادەپۆشێ تا بیترسێنێ.

هەروەها دیمەنی دانیشتنی هەردووکیان کە پشتیان تێك کردووە و دیمەنی گورانی گوتنی بۆ هەژارەکانو بەستنەوەی بە دیمەنی لاساییکردنەوەی تارماییەکان لە کاتی لاقەکردن لەگەلّی کە چۆن دەدوێن و دیمەنی دزینی کتێبی (دەولّەتی ترس) کە جێباوەڕ نییە، ئەوانە هەمووی بۆ کۆمیدیا دەگۆڕێن.

بەلاّم ئەگەر کەسێتی هێلینمان لە ڕووی چینایەتییەوە وەرگرت، کە دەرهێنەر وێنەی کێشاوە و سەر بە چینی بۆرجوازییە، ئەوا ئەو کەسایەتییە نیشتمان نانوێنێ و نابێتە ڕەمزی ئەو، لاقەکردنەکەشی بۆ گەمژەیی دەگەڕێتەوە و لە ئەنجامی هەلّوێست وەرگرتن لە دژی ڕژێم نەهاتووە، بەلّکو لە ژێر کاریگەری لایەنی سۆزدارییەوە بووە، چونکێ بە پۆشینی جلوبەرگی نایاب و خۆڕازاندنەوەی بە خشلّ سەردانی خۆشەویستەکەی کردووە لە زیندان. ئاخر وەك دەزانین خەلّکی ئابڕوومەند سەردانی ئەو شوێنانەیان نەدەکرد و خۆیان لێ بەدوور دەگرت، چجای ئەوەی کچێکی جوانی وەك هێلین بە پێی خۆی بچێتە بەردەستیان. خۆ ئەگەر هێلین ئەو ڕاستییەی نەزانیبێت ئەوا کەموکوڕییەکە لەمدا نەبووە، بەلّکو لەو کەسە بووە کە وێنەی ڕەهەندەکانی ئەو کەسێتییە ڕاڕا و دوودلّەی کێشاوە. لەم تێگەیشتنەوە بۆ کەسێتی ئەو کچە دیارە کە ئەو گرێیە دەروونییەی پێیەوە دەینالاّند لە لاقەکردن و زۆرلێکردنی نەبووە، بەلّکو لە ئەنجامی تەنیاییەوە بووە، بە بەلّگەی ئەوەی نەیزانیوە لە زیندانەکان چ شتێ دەقەومێ. بەلاّم چونکێ دەرهێنەر ویستوویەتی بەزۆر لاقەی هێلین بکرێت جا بە هەر شێوەیەك بێت، بۆ ئەوەی بە سەهرا بگات کە لە زیندان ڕای کردبوو، تا بەیەکەوە پەیوەستیان بکاتەوە و کەسایەتییەکی وا بسازێنێ بێ کێشە لەگەلّی ڕوو لە دەرەوەی ولاّت بکەن. ئیدی بەو جۆرە گواستنەوەی چەندجارەی ئەو کردارانە پشت بە هیچ پاساوێك نابەستن لە ڕووداوەکە.

جا بە دلّنیاییەوە کەسێتی سەهرا بە نمایشەکە نامۆیە، هەرچەندە ناونیشانی نمایشەکە بە ناوی ئەوەوەیە، سەرەڕای ئەوەی لە بابەتەکەی یەکەم هیچ ڕۆلّی لە بەرتەسککرنەوەی ڕووداوەکە



www.mukiryani.com

نییە، ئاخر بە هێنانەکایەی مەسەلەیەکی تازە بە شێوەیەکی بەرچاو، خراپەکاری خستە سەر نمایشەکە کە ئەویش مەسەلەی کۆچکردنە، ئەو گواستنەوەیە بۆ مەسەلەیەکی وا داوە هاوبەشەکەی نێوانیانی بڕیوە و وای لە وەرگر کردووە ڕووداوەکانی یەکەم لەبیر بکات.

کە دەڵێم کەسێتی سەهرا بە نمایشەکە نامۆیە، لەبەر ئەوەیە سەرباری ئەوەی هاریکاری لە بەرتەسککردنەوەی ڕووداو نەکردووە لە بابەتەکەی یەکەم، بە توومەتێکیش گیراوە کە لە بنچینەدا دراوەتە پاڵ کوڕە مامە سیاسییەکەی، نەك بەهۆی دژایەتی کردنی ڕژێم، بۆیە خۆی بە بێگوناه دەزانێت و هەموو کات چاوەڕێی ئازادبوون دەکات. جا نموونەی ئەو جۆرە کەسانەی کە بڕوایان بە بێتاوانی خۆیان هەیە و ناچنە ناو کێشمە کێشمی سیاسەت، خۆیان لە وەرگرتنی بڕیاری گەورە بەدوور دەگرن، وەك ڕاکردن لە زیندان، لەوەش هەقیانە چونکێ پێشوەخت دەزانن ئەنجامەکەی بەچی دەگات.

جا ئەگەر ڕاکردنی سەهرا لە زیندان ڕاکردنێکی بەزۆر بێت و لە بڕواوە سەری هەڵنەدابێت و جێپەنجەی دەرهێنەری پێوە  دیار بێت، ئەوا ئەو جێپەنجانە لە دیمەنی بەیەکگەیشتنی هێلین و سەهرا لە هەمان گوند، زۆر چاك دیارە، چونکە هێلین دوای لاقەکردنی لە نێزیك کۆمەڵێ خۆڵەکە فڕێ دەدرێت، پاشان ماوەیەك دەڕوات و بە شەکەتییەوە پەنا بۆ نێزیکترین گوند دەبات بۆ ئەوەی خۆی گەرم بکاتەوە، ئیدی لەوێ تووشی سەهرا دەبێت کە لە زیندان ڕایکردبوو. هەروەها شتێکی لۆژیکییە کە لە هەمان ئەو زیندانە ڕایکردووە کە هێلینیان تێدا لاقەکردبوو، ئاخر هیچ زیندانییەکی دیکە لەو بیابانەدا نەبوو.

لێرەدا ئەو شتەی کە جێباوەڕ نییە ئەوەیە: کارێکی سروشتییە گەر هێلین ڕوو لەو گوندە بکات، چونکێ پاش لاقەکردنی ئازادی دەکەن، بەڵام کارێکی سروشتی نییە سەهراش پەنا بۆ هەمان ئەو گوندە ببات، ئاخر ئەو لە زیندان ڕایکردووە و دەبێ لە ئاوەدانییەکی دوور خۆی بشارێتەوە نەبادا پیاوانی ڕژێم بەدوایدا بگەڕێن و ئاوەدانییەکانی دەوروبەری زیندانییەکە بپشکنن. بەڵام دەرهێنەر بەو چارەسەرە ڕازی نابێت، چونکە نایەوێ هێلین و سەهرا بەیەك نەگەنەوە، ئاخر گەر وا بکات نمایشەکە هەر بابەتی یەکەمی دەمێنێتەوە و ئەوەی دووەم ڕوونادات، ئیدی ماوەی پێشکەشکردنەکەشی لە دوو سەعاتەوە دەبێتە یەك سەعات.

لەوانەیە ناولێنانی نمایشەکە بە (سەهرا)ش درێژبوونەوەی زنجیرەیەك لەو کەموکوڕییانە بێت کە باس کران، چونکە کەسێتی سەرەکی شانۆگەرییەکە هێلینە نەك سەهرا، تەوەری بنەڕەتی ڕووداوەکە بە دەوری ئەودا دەسووڕێتەوە کە لاقەکردنە، سەرەڕای ئەوەی ڕەمزی نیشتمانی وەرگرتووە و فریادڕەسی



www.mukiryani.com

سەهراش بووە لە تاراوگە و دەردەسەرییەکانی. جا لەبەر ئەوەی سەهرا کەسێتییەکی نامۆیە بە نمایشەکە و بە زۆرلە ڕووداوەکان خراوە، دەبووایە ناونیشانی شانۆگەرییەکەبە ناوی هێلین بێت نەك سەهرا.

لە هەوڵێکی نائومێدانەی دەرهێنەر بۆ پێدانی شتی سەیر و نائاسایی بە نمایشەکە، هیچ ڕێگەیەکی نەماوە نەیگرێتەبەر (بێگومان لەسەر حسێبی ئاستی نمایشەکە) جا چ لە ڕێگەی دووبارەبوونەوەی واتا بێت یاخود هێنانەکایەی دیمەن بێت یان هێماکردن بۆ شوێن و کەسێتییەکان بێت، وەك دیمەنە زیادەکەی فڕۆکەخانە بۆ گەمارۆدانی وەرگر بە کۆچکردنەکەی سەهرا, یان بە نیشاندانی دیمەنەکەی پێشتری کەشتییەکە و دیمەنی ئەو ئەستێرەیەی تەلە کارەباییەکانی پێدا شۆڕبۆتەوە و دیمەنی پزیشکە دەروونناسەکە کە دەبووایە زوو وەك دەستپێشخەرییەك خەبەری هێلین بداتە سەهرا کە لە سوێد گیرساوەتەوە، چونکیٚ هێلین دیتبووی و پرسیاری سەهرای لیٚ بوو. کەچی لە جیاتی ئەوە دەبینین دەستپێشخەرییەکە بە پێچەوانەوە لە لایەن (سەهرا)وە دەکرێت.

ئەگەر کەرەسەیەك لەو شانۆگەرییەدا هەبێت کە بە شێوەیەکی هونەری بەکارهاتبێت و خەسڵەتی جوانیی لەخۆدا گرتبێت، ئەوا پەیژەکەیە، کە لەلایەك وەك ئامرازێکی وێنەکێشان بەکارهاتووە و لەلایەکی دیکە بۆ دەربڕێنی حاڵەتی کەسێتییەکان خراوەتە کار، بەو پێیەی ڕەمزی هەردوو حاڵەتی شکۆداری و داتەپینە. بەڵام لێرەدا سەیر ئەوەیە، ئاخر لە جیاتی ئەوەی لە ڕێگەی ئەو دیالۆگانەی کە خوازیاری گەشبینین، لە بەرزترین پایەکانی پەیژەکە حاڵەتەکانی شکۆداری دەربڕێت، دەبینین بە پێچەوانەوە کاری کردووە و لە پایەکانی هەرە خوارەوە ئەمەی دەربڕیوە و حاڵەتەکانی داتەپینیش لە پایەکانی سەرەوە.

بەڵام لە دیمەنی پارچە قوماشەکە، کە ڕەمزی کەشتییەکەیە لەو کاتەی شەپۆلی دەریا دەبڕێت (کۆچکردن)، لەگەڵ ئەو خەسڵەتە پڕ لە جوانییەش کە هەیەتی، لیٚ من پێشتر لە دوو شانۆگەری کوردیدا ئەو دیمەنەم بینیوە: یەکەمیان شانۆگەری (باڵندەی دەریا)ی چیخۆف کە هونەرمەندی داهێنەر کامەران ڕەئوف کاری دەرهێنانی بۆ کردووە، دووەمیشیان شانۆگەری (ئەو باڵندەیەی سەما بۆ ئازارەکانی خۆی دەکات) کە هونەرمەندی گەنج سەدیق حوسێن دەریهێناوە. یەکەمیان لە سەرەتای ڕاپەڕین و دووەمیشیان لە ساڵی ١٩٩٩ لە شاری هەولێر پێشکەش کران. بۆیە دەڵێم ئەو دیمەنە لە داهێنانی خۆی نییە بەڵکو دزراوە.

ئەگەر بگەڕێینەوە سەر وتەکانی دەرهێنەر دەبینین درزێکی قووڵی تێدایە و مەودایەکی فرەوان لە نێوان ئەو زاراوە مەزن و ترسناکانە و نێوان ئاستی نمایشەکەدا هەیە، وەختیٚ ئاماژە بۆ ئەوە



www.mukiryani.com

دەکات کە ئەو نمایشە بە دەنگ و وێنە و جولەی جەستە قسان لەگەڵ عەقڵی وەرگر دەکات، وەك هێمایەك بۆ پێشکەشکردنی شێوازێکی تازەگەرییانە. بەلاّم ڕاستییەکەی تەنها نمایشێکی تەقلیدی و لاواز و نارێك بوو. من بە نێگەیشتنی هونەریانەی ئەو دوو زارەوەیە، هیچ وێنە و جەستەیەکم لەسەر تەختەی شانۆ نەبینی، بەڵکو گوێبیستی کۆمەڵێك هات و هاوار بووم کە گوێی مرۆیان کەڕ دەکرد.

دەرهێنەر بە دیدی خۆی لەو نمایشەدا هەولّی داوە ڕووخسارە فکرییەکانی داستانەکان و قارەمانێتییەکانی گەلی کلدۆئاشوری لە ڕێگەی کولتوور و فۆلکلۆرەوە وەبەربێنێ و لە قالبێکی هونەری تازەدا دایڕێژێتەوە. بە واتایەکی ڕوونتر ویستوویەتی ناسنامەیەك بۆ شانۆی سریانی بدۆزێتەوە.

ئەم ئاواتە بەقەدەر ئەوەی بۆ هەموو هونەرمەندێکی گەلەکەمان ڕەوایە، وەلێ زیادەڕۆیییەکی زۆری تێدایە، ئەمەش لەبەر هۆیەکی سادە و ئاشکرا کە بریتییە لە:

(هەرچەندە ئەو پێشکەوتنەی شانۆی عەربی و عێراقی بە دەستیان هێناوە و زۆر لە شانۆی سریانی پێشکەوتووترە، بەلاّم هێشتا بەتەواوی ڕووخساری شانۆکەیان دیار نییە و نەیانتوانیوە ناسنامەیەکی تایبەت بۆ شانۆکەیان بدۆزنەوە، لەگەڵ ئەوەی شانۆناسە عەرەبەکان و دەرهێنەر و نووسەرە گەورەکانیان هەولّدەدەن لە نسکۆی ساڵی ١٩٦٧ ئەو ئامانجە بپێکن).

دۆزینەوەی ناسنامە بۆ شانۆ لە ڕێگەی نمایشی ئاست نزم و ناوەندی هونەری و ڕۆشنبیری نیمچە مردوو نایەتە دی، بەڵکو لە ڕێگەی نمایشی چاك و بزوتنەوەی ڕۆشنبیری و هونەریی زیندوو و هەبوونی تیۆری شانۆیی و ڕەوت و ئاڕاستەی هەمەچەشنە لە بزوتنەوەی شانۆگەریی دێتە دی.

سەرەڕای ئەوەش ئەو دەرهێنەرە کاری لەسەر دوو بابەت کردووە کە هیچ پەیوەندییەکیان بە ناوەرۆکی کەلەپووڕ و مێژووی گەلەکەمان نییە.

دەرهێنەر هەندێ وشە و ڕستە و دەستەواژەی لە نمایشەکە بەکارهێناوە کە مانای ڕاستەقینەی خۆیان دەرنابڕن، بۆ نموونە وەختێ دەڵێ: (ئاواتمان لەو بەرهەمە شانۆییە ئەوەیە ئێش و ئازاری ژن و پیاوێك بە زمانێکی تازەی چێژبەخش و ورووژێنەر دەربڕین). بە تایبەتی ئەو وشەیەی دوایی کە تەنها لە قامووسی شانۆی بازرگانیدا هەیە.

ئەو خاڵە باشەی کە دەنوانین لەبەرژەوەندی شانۆگەرییەکە تۆماری بکەین ئەوەیە کە خاتوو (جاکلین) زۆر جوان ڕۆڵی هێلینی بەرجەستە کردبوو، هەرچەندە لە ژێر دەسەلاّتی دەرهێنەر سەربەستی پێ نەدرابوو و لەسەری سەپێنرابوو کە حەرف بە حەرف تەقلیدی دەرهێنەرەکەی بکاتەوە.



www.mukiryani.com

# ئایا شانۆگەری ((ڕەشەبا))
# لە تێپەڕاندنی چارەنووس بە نێو نادیارییدا سەرکەوتوو بوو..؟

ناونیشانی شانۆگەرییەکە: ڕەشەبا

نووسین و دەرهێنانی: سەرمەد عەلا

وەرگێڕانی بۆ زمانی سریانی: گۆرگیس نەباتی

شوێنی نمایشکردن: هۆڵی کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کلدانی ـ عەنکاوە ساڵی ٢٠٠٨

لە لایەن تیپی شانۆی ئووری سەر بە کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کلدانی.

گومانی تێدا نییە کە بیرۆکەی شانۆگەری ڕەشەبا (العاصفە) شتێکی جوانە، بە تایبەتی کە کاری لەسەر بابەتێکی سەردەمانەی وا کردووە شیاوی تێڕامان و لێکدانەوەیە. بەڵام بەهۆی کەمتوانایی دەرهێنەر لە پێشخستنی بیرۆکەی شانۆگەرییەکە لە ڕێگەی هۆنینەوەی شانۆیی کە یارمەتیدەرە بۆ گەشەپێدان و بەرزهەڵچوونی ڕووداو بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و نەرم و بە بێ ڕازاندنەوە و ئاسانکردنی، لە گرنگی نمایشەکە و لە جوانیی و مەبەستی نمایشەکەشی کەم کردۆتەوە کە ئەویش بریتییە لە گەیاندنی بە وەرگر بە شێوەیەکی ئاسان.

ناوەرۆکی شانۆگەرییەکە لەسەر پیاوێکی بەساڵاچووە. ئەو پیاوە بەدەست ئاسەواری ئەو وێرانییە دەناڵێنێ کە ڕەشەبا بەسەر خانەوادەکەیدا هێناوە، ئاخر سەرەڕای داڕووخانی خانووەکەی، کچەکەشی چاوەکانی لەدەستدەدا و کوڕەکەشی ماوەی بیست ساڵە بێ سەروشوێن دەبێت...

ئەو پیاوە لەبەر ئەوەی بە هۆی نەخۆشی و پیریەتی ناتوانێت خانووە ڕووخاوەکەی چاك بکاتەوە، بەدوای کەسێکدا دەگەڕێت بتوانێت بۆی چاك بکاتەوە. بۆ ئەو مەبەستە دەچێتە لای قەشە و ئەویش ڕەوانی لای گەنجێکی (دارکەر)ی دەکات لە ناو دارستانەکە. وەختێ ئەو گەنجە دێت خانووەکەیان بۆ چاك بکاتەوە، دەکەوێتە داوی خۆشەویستیی کچەکەی ئەو پیرە پیاوە، لێ دواتر بۆی



www.mukiryani.com

دەردەکەوێت کە خوشکی خۆیەتی. ئیدی شانۆگەرییەکە بە کۆبوونەوەی سەرجەمی خانەوادەکە لە ژێر سێبەری ساپیتەی خانووەکەیاندا کۆتایی دێت.

هەرچەندە نمایشەکە باسی سروشتی ئەو کارەساتە ناکات کە بەسەر ئەو خانەوادەیە هاتووە، وەلێ وەرگر دەتوانێ لە ڕێگەی کۆمەڵێك ڕەگەزی بەکارهاتوو لە نهێنی ڕوودانی ئەو کارەساتە (ڕەشەبا) تێ بگات و ئەو ڕەمزە بناسێتەوە کە هێمای بۆ دەکات. ئاخر مەبەستی ئەو ڕەشەبایە نییە کە لە ئەنجامی گۆڕانی سروشتییانەی کەشوهەوا دێتە ئاراوە، بەڵکو مەبەستی ڕەمزەکە نیشانەی شتێکی دیارە کە ئەویش جەنگە. خانووە داڕماوەکەش ڕەمزی نیشتمانی بریندار و وێرانکراوە. هەر سێ کەسێتییەکەش، باوك و کچ و کوڕە ڕەمزی گەلێ عێراقن.

نمایشەکە بە چوونەژوورەوەی خەڵکەکە بۆ ناو هۆڵەکە دەست پێ دەکات. یەکەمین شت کە لە ناو هۆڵەکە تووشی دەبیت حیکایەتبێژەکەیە، کە لە بەردەم دەرگاکە وەستاوە و لە پشت دەمامکەکەیەوە لە جەماوەر ڕامادەمینێ. باوکە پیرەکەش تیاماوە و هەر هاتوچۆیەتی و لە بازنەیەکی بۆشدا دەسووڕێتەوە، بە دەستێك فانۆسێکی هەڵگرتووە و بەوی دیکەش گۆپاڵەکەی بە ئاوازێك لە سەر ڕیتمی لێدانی دەسکە هاوەنی کچەکەی لە عەردی دەدا. لە بەرامبەریشدا خەڵوەتگەی قەشە جێگیر بووە و چوار مۆمدانی بە بانەوەیە. حیکایەتبێژ کە ڕەمزی مێژووە، لە شوێنەکەی خۆی لە بەرامبەر خەڵوەتگەکە و کەمێ بەلای خانووە ڕووخاوەکە هەڵدەستێتەوە و دەست بە گێڕانەوەی چیرۆکەکە دەکات.

دەرهێنەر سوودی لە فەزایە فرەوانەکەی شانۆکە وەرگرتووە و کردوویەتی بە چواربەش:

ـــ خانووی باوك و کچەکە.

ـــ خەڵوەتگەی قەشەکە.

ـــ شوێنی حیکایەتبێژەکە.

ـــ دارستانی گەنجە دارکەرەکە.

دەرهێنەر شانۆکەی بە شێوەیەکی بازنەیی وا هەڵخستووە و ڕووداوەکان لە ناوەندیدا ڕوودەدەن، جەماوەریش لە دەورەی پارچە دیکۆرەکان دانیشتوونە.

بەڕای من دەرهێنەرەکە بە ئەنقەست ئەو جۆرە شێوازەی بەکار هێناوە کە لە شانۆی گریکدا بەکارهاتووە، چەشنی شانۆی بازنەیی و حیکایەتبێژ و دەمامك و قەشەکە، بۆ ئەوەی پاساو بداتە ئەو چارەنووسەی کە لە کۆتایی نمایشەکەدا دێتە ئەنجام. ئەمە هاوجووتبوونێکە لەگەڵ ڕەگەزی تراژیدیایی ئەسخیلۆس و سۆفۆکلیس و یۆرۆپیدیس. ئاخر لە شانۆی گریکە کۆنەکانیشدا



www.mukiryani.com

کەسێتییەکان بەو جۆرە نمایشیان دەکرد، حیکایەتبێژەکە لە بەرامبەر کۆرسەکە و دەمامکەکەیە، قەشەش خواوەندەکەیە، بۆیە هەوڵی داوە کەرەسە سەرتاییە ساکارەکان لەلایەن ئەکتەرەکانەوە بەکاربێنێت لە بابەتی: گۆپاڵ و فانۆس و هاوەن و تەورەکە.

ڕەنگە نێزیکترین شێواز لە بیرۆکەی ئەو شانۆگەرییە، بۆچوونەکانی (ئەنتۆنان ئارتۆ) بێت کە خوازیاری گەڕانەوەیە بۆ ژیانی سەرەتایی. هەروەها ئەزموونەکانی (گرۆتۆفسکی)یش لەو شێوازە نێزیکە کە لە بەکارهێنانی ئامێرەکانی سەر شانۆ و کەرەسە هونەرییەکانی نمایشەکە پشت بە ئەکتەر دەبەستێت.

دەرهێنەر لە ڕێگەی دارستانەکە و هاواری دارکەرەکە، کە لە دەنگی گیانەوەر دەچێت، گەڕاوەتەوە بۆ کەشەکانی سروشت و بە پشتبەستنی بە ئەکتەرەکان، چوار کەرەسەکەی ــ گۆپاڵ و هاوەن و تەور و فانۆسە ــ زۆر جوان بەکار هێناوە، بەڵام لە سنوورێکی تەسکدا، واتە تەنها بۆ یەك دەلالەت. ئاخر سێیەکەی یەکەمیان (گۆپالچ و هاوەن و تەورەکە) بۆ کاریگەری مۆسیقایە و چوارەمیشی (فانۆسەکە) بۆ ڕووناکییە.

چارەسەری دراماییی بۆ ناوەرۆکی ئەو شانۆگەرییە بە پشتبەستن بە قەزاوقەدەر، بارێکی قورسی خستۆتە کۆڵی نمایشەکە و لە تەوەرە ڕاست و دروستەکەی خۆی لایداوە و خستوویەتیە نێو تەنگژە و توونێڵێکی تەسك و قووڵەوە. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە دەرهێنەر بە پشتبەستن بە ڕەمز لەسەر تەوەری نادیاریی (الغموچ) کاری کردووە لە ڕێگەی جولاندنی کەسێتییەکان بەبێ بیانۆ و دیکۆر، تا بتوانێ ڕووبەرێك لە جوانیی ببەخشێتە نمایشەکە و مۆرکێکی پڕ لە غوربەتی پێ بدات، وەك هەردوو کەسێتی قەشەکە و حیکایەتبێژەکە و دیکۆری خەڵوەتگە و شوێنی حیکایەتبێژەکە. ئاخر ئەو جۆرە چارەسەرکردنە لە بەها و بایەخی کردارە بەرزهەڵچووەکە کەم کردۆتەوە و بۆ نزمترین پایەکان سەرەولێژی کردۆتەوە، بە جۆرێك لە هەموو پاساوێکی جێباوەڕ بەتاڵی دەکاتەوە کە ئەو کچە خوشکی دارکەرەکە بێت، ئیدی ڕازاندنەوەی ناوەرۆکەکە و دواخستنی لە ڕێگەی دۆزینەوەی چارەسەرێکی بە پەلە و حازربەدەست بۆی، نایگەیێنێتە ئاستی ئەو کارەساتانەی بەسەر خەڵکی عێراقدا هاتوونە کە هێشتا وا لە ژێر گرانایی جەنگەکاندا دەناڵێنێ.

ئەگەر شانۆگەرییەکە بە هاواری باوکەکە بۆ نەهێشتنی پەیوەندی خۆشەویستیی نێوان دارکەرەکە و کچەکە کۆتایی هاتبێت کە کوڕ و کچی ئەون و ئەنجامەکەشی یەکخستنەوەی خانەوادەکە نەبوایە لە ژێر یەك ساپیتەدا، ئەو ئەو بۆچوونە عەقڵگرتر و شیاوتر خۆی دەنواند و دەبووە نیشانەیەکی ڕوون بۆ بەردەوامبوونی ئێش و ئازارەکانی گەلێ عێراق.



www.mukiryani.com

خۆ ئەگەر ناتەواوی ئەو چارەسەرکردنە وای کردبێت نمایشەکە تا ڕادەیەك توخمی نامۆی تێخرابێت، ئەوا لەبەر ئەوە بووە چونکێ خەسڵەتی نادیاریی هەبووە و تێگەیشتنی بۆ وەرگر گران بووە. ئاخر بەشی زۆری ئەو توخمانە لەو فەزایە فرەوانە دایە کە بۆی ڕەخسێنراوە و زیتر زیانی پێگەیاندووە نەك سوود، چونکە ئەو فەزا فرەوانە پێویستی بە ئەکتەری لێهاتوو و چالاك هەیە تا بە دەنگ و نەرمیی جولەی جەستەی پڕی بکاتەوە و پێویستی بە چەندان کەرەسە هەیە بۆ دروستکردنی پێکهاتەی ستاتیکی و هونەری و هێمابەخش. جا سەرباری ئەوەی نمایشەکە ئەو جۆرە پێکهاتە و ئەو لێهاتوویەی ئەکتەری تێدا نەبوو، ئەوا هێزی دەنگی باوکەکەش لەسەر یەك شێوە نەبرە دەهاتە گوێ. باوکەکە کەسێتییەکی سەرەکی بوو کە خزمەتی ئەو فەزایەی نەکرد و ڕووناکییەکەش لەلایەك ئەوها گونجاو ڕێکنەخرابوو و لەلایەکی دیکە دیمەنەکە لە ڕێگەی ڕەنگەکانی نەدەخوێندرایەوە. دیسان مۆسیقای وێنەگرتنەکەش هەر ئاوابوو کە جارێك پشتی بە سەمفۆنیای جیهانی دەبەست و جارێك بە مۆسیقای کوردی کە دەبوو تەنها پشتی بە مۆسیقای کەنێسایی ببەستایە.

بەڵام سەبارەت بە شێوەی دانیشتنی بینەران لە ناو هۆڵەکە، ئەوەشیان بە شێوەیەکی ڕێك و دروست ئەنجام نەدرابوو کە سوودی بۆ نمایشەکە هەبێت، چونکە دانیشتوانی ڕیزی پێشەوە گەرمتر لەوانی دواوە بەشداری نواندنەکەیان دەکرد. هەروەها ئەوانەی دەستەچەپی دەرگای هۆڵەکە جوانتر خانووەکەی پیرە پیاوەکەیان دەبینی.

پێدانی ڕەنگی سوور بە خەڵوەتگەی قەشەکە و تیکەڵبوونی لەگەڵ جلە ڕەشەکانی بەری، ئەو سەرنجەی دروست دەکرد کە توخمی شەڕانگێزی (قەزاوقەدەر) لە قەشەکەوە دەردەچوو، ئەمەش ئەو کاتە دەردەکەوت کە ڕێنمایی پیاوە پیرەکە دەکات بچێتە دارستانەکە و خۆیشی مۆمەکان لە دوای ڕۆیشتنی دەکوژێنێتەوە.

بەڵام ئەو خوێندنەوەیە بۆ کەسێتی قەشەکە لە ڕێگەی ڕەنگی ڕەشەوە، هەر لەو چواچێوەیەدا مایەوە و توخمەکانی تری سەرشانۆی نەگرتەوە تا ڕۆحیان بەبەردا بکات و کاریگەرییەکانی لەسەر ڕووداوەکان دەرکەوێت، وەك چۆن کەسێتی باوکەکە دەرکەوت. هەروەها لە جیاتی ئەوەی قەشەکە، لە ڕووی دراماوە، ببێتە پردی نێوان باوکەکە و دارکەرەکە نەك وەك ئامرازێکی شاعیرییەت، ئەوا زیادەڕۆیی و پشتبەستن پێی نابێتە مایەی جۆشاندنی ئەو کەسێتییە. چونکە ئەم جۆرە بەکارهێنانە بۆ دیارخستنی کەسێتی چاکە. هەر بەو بۆنەیەوە دەبینین کەسێتی قەشەکە وەك کەسێتییەکی چاکەخواز دەخوێندرێتەوە نەك خراپەکار، بەو پێیەی ڕێی دارستانەکەی بە باوکەکە نیشانداوە تا



www.mukiryani.com

لەگەڵ کوڕەکەی پێك شاد ببنەوە. بەڵام ئەو جۆرە خوێندنەوەیە هەڵەیە، چونکێ قەشەکە لە دوای ڕۆیشتنی باوکەکە بە ئەنقەست مۆمەکان دەکوژێنێتەوە، خۆ ئەگەر مەبەستی پێچەوانەی ئەوە بووایە دەبوو ئاگری مۆمەکان خۆشتر بکات تا پیرەپیاوەکە بەرپێی خۆی ببینێت.

ڕەنگە لێرەدا لە ڕێگەی خویندنەوەمان بۆ جیاوازی ئەو ڕەنگانەی لە خانووەکەدا بەکارهێنراون بە بەراوورد لەگەڵ ئەو ڕەنگانەی لە خەڵوەتگەی قەشەکە بەکارهاتوونە بگەینە ئەو ئەنجامە، واتە بەهۆی ئەو جیاوازییەی لە نێوانیاندا هەیە. خۆ ئەگەر تێکەڵکردنی ڕەنگەکان لە خەڵوەتگەکە دیکتاتۆری لێ دروست ببێ، ئەوا تێکەڵکردنی ڕەنگەکان لە نێوان چەرچەفە سوورەکەی نوێنی کچەکە و بەرگە سپییەکەی بەری، خۆشەویستیی دەخاتەوە، وەلێ ململانێی نێوان ئەو دوو جەمسەرە ناکۆکە، دیکتاتۆر و خۆشەویستی، لەبەر ئەو هۆکارانەی کە باسمان کرد، دیارناکەونە سەرەوە.



www.mukiryani.com

## یەکەمین گوناه

## لە نێوان تواناداریی سنووردار و تێکشاندنی پێشبینییەکانی وەرگر

هونەرمەندی گەنج (نەشئەت موبارەك) یەکێ لە ئالۆزترین جۆری شانۆی هەڵبژاردووە لە ڕووی دەرهێنانەوە، ئەویش (هونەری سەمای دراماییە). ئالۆزیی ئەو جۆرە شانۆیە لەوەدایە کە هیچ جۆرە دیالۆگێکی تێدا نییە و بە تەواوی پشت بە جولەی جەستەیی ئەکتەر دەبەستێت، سەرەڕای هەردوو ڕەگەزەکەی مۆسیقا و ڕووناکی.

بێگومان پێشکەشکردنی ئەو جۆرە نمایشە ناتەقلیدی و ناباوە بە کارێکی پڕ لە جەربەزەیی و سەرکێشی دادەنرێت بۆ هەموو ئەوانەی هاوبەشی تێدا دەکەن، لە دەرهێنەر و ئەکتەرە سەماکارەکەوە تا دەگاتە وەرگر کە هۆگری ئەو چەشنە نمایشە نەبووە و یەکەمین جارە دەیبینێ.

شانۆی عەرەبی تاکو ئێستاش لە سنوورێکی تەسکدا نەبێت، نەوێراوە خۆی لە قەرەی نمایشێکی لەو جۆرە بدات، ڕەنگە باشترین نموونەی لە وڵاتانی عەرەبی ئەو تاقیکردنەوەیەی وەلید عەونی بێت لە ڕێگەی نمایشکردنی (هونەری تازەی سەمای شانۆیی).

هونەرمەند ویستوویەتی تاقیکردنەوەیەکی تازە و کارێکی هونەری بێ هاوتا پێشکەش بکات کە ئەمەش ماف و خواستێکی ڕەوای خۆی و هەر هونەرمەندێکی دیکەیە. لەو تاقیکرنەوەیەدا گەرەکی بووە سنووری گشت ئەزموونەکانی تری کاری دەرهێنان بشکێنێت کە لە شارەکەیدا ئەنجام دراون.، بەڵام لەبەر ئەوەی پێشکەشکردنی ئەو جۆرە نمایشە لەو ئەنجامەوە هاتۆتە دەست کە لێکۆڵینەوە لە بارەی گشت لایەنەکانی پەیوەست بەو شانۆیە نەکراوە و دەرهێنەرەکەش کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئەو هونەرە و زۆر پێی سەرسام بووە، سەرەڕای ئەوەی کەم ئەزموونی ئەو کەسانەی کاریان تێدا کردووە، ئیدی کۆی ئەم هۆکارانە بوونە مایەی خلیسکانی نمایشەکە و وایان لێی کرد ڕاستەوخۆیانە ناوەرۆکەکەی بخاتە ڕوو و توخمە هونەرییەکان بە شێوەیەکی دووانەیی بەکاربێنێت.



www.mukiryani.com

هـەر کەسـێك گوتارەکـەی تێپـی شـانۆ و وتارەکـەی دەرهێنەرەکـە بخوێنێتـەوە و بـە یەکـەوە بەراووردیان بکات، بۆی ڕوون دەبێتەوە کە تیپی ناوبراو لە دەرهێنەرەکـە زێتر بایـەخی بـەو شـێوازە داوە کە شانۆگەرییەکە پشتی پێ بەستاوە. ئاخر لەو کاتەی کـە تیپەکـە گرنگـی بـە تاقیکردنـەوە و هونەری سەمای درامـایی دەدەن، دەبیـنین دەرهێنەرەکـە لـە هـەوڵی ئەوەدایـە ئامـاژە بـۆ بیرۆکـەی چیرۆکەکە بکات، لە ڕێگەی تاقیکردنەوەکەی ئادەم.

جا ئەگەر ئەمە ڕاست بێت کە ئـەو ئاڕاسـتەیە بـە ڕێککـەوتنی هـەردوولا بـووە، ئـەوا تـەنها ئاماژەیەکی شەرمنانە بووە لە لایەن دەرهێنەرەوە و بووەتە مایەی جێبەجێنەبوونی ئـەو مەبەسـتەی لە نمایشکەدا وێنەی بۆ کێشراوە.

ئـەو دەرهێنـەرەی هـەوڵ دەدات سـنووری شـانۆی (تەقلیـدی ـــ ئەرِسـتۆیی) و (شـانۆی پـاك) ببەزێنێ، بۆ ئەوەی بنەما و بنچینەکانی شانۆی سەمای درامایی دابین بکات کە لە ئاسـتی هـەردوو جۆرەکەی تر پێشکەوتووترە و خۆی لە شتی ڕاسـتەوخۆ و ڕاپۆرتکـاری و ڕووکەشـی دووردەخاتـەوە و هەوڵ دەدات توخمەکانی نمایشەکەی بە زمانی دەلالاتی شانۆیی پێشکەش بکات کە پـڕن لـە هێمـا و ڕەمز.

شانۆکاری جددی و دڵسۆز، لە نێو وتارەکەی دەرهێنەر لە فۆرمەکەوە دەزانێـت کـە تواناکـانی ئەو دەرهێنەرە و ئەو کەسانەی کاری تێـدا دەکـەن و بـارودۆخی دەروبـەری نمایشـەکە، نابنـە مایـەی سەرخستنی ئەو تاقیکردنەوەیە بە ئاڕاستەی نمایشە پێشکەوتووەکان.

ناونیشانی نمایشەکە (یەکەمین گوناه) ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ ئادەم، ئـاخر ئـەو وشـەیە لـە نێـو پێکهاتە هەرەمییەکە دەلالەتی خۆی وەرنەگرتووە بۆ بیناکردنی ئـەو تـوخم و ئـامرازە هونەرییانـەی کە پێکەوە لە ناو پێکهاتەی نمایشەکە کارلێك دەکەن، هەتا ئەو مانایە ببەخشێت، (بەو پێیەی پـەنا نەبردن بە نووسینی دەقێکی شانۆیی تەقلیدی و لە جیاتی دانانی نووسینێکی چەشـنی سـیناریۆ کـە تێیـدا تابلۆکـان دەبنـە پلانێـك بـۆ دەرهێنـان)، بـەڵکو ئـەو ناونیشـانە بـە پشتبەسـتن بـە نائاگـایی دەستەجەمعییەوە هاتووە، واتە لە دەرەوەی پرۆسەی هونەرییە.

لەوانەیە ئـەو ڕاسـتەوخۆبوونە لـە ناونیشـان ڕامانکێشـێتە سـەر مەسـەلەیەکی دیکـە ئـەویش ختووکەدانی سۆزی گشتییە لە ڕێگەی ئاماژەکردن بە چیرۆکی دروستبوونی بوونەوەرەکان بە تایبەتی ئادەم و حەوا و پاشان ئاینە ئاسمانییەکان و قابیل و هابیل و شەیتان و مار ... و ... . لەم بارەیەوە شـانۆگەری (دارتـوو)م بـەبیر دێتـەوە کـە لـە نووسـین و دەرهێنـانی گـەزیزە عومـەرە، ئـاخر بـەهۆی پەیوەستبوونی بابەتەکەی بە هەڵچووترین سۆزی مرۆڤانە، کـە بریتییـە لـە ڕازدەبڕینـی دایکەکـە بـۆ



www.mukiryani.com

کوڕە شەهیدەکەی، ئەو هونەرمەندە بە مەبەستی هەڵمژینی بەشێك لە هەستەوەرەکانی وەرگر، پەنای بۆ ناونیشانێك بردووە کە هیچ پەیوەندی بە ناوەرۆکی شانۆگەرییەکەوە نییە، تەنها دەلالەتە ڕەمزییەکانی لەخۆگرتووە، چونکێ چوارچێوەدانی ڕەگەزەکانی نمایشە شانۆییەکە بە ڕەمز چەندان دەلالەتی پێ دەبەخشێت کە شایەنی لێکدانەوە و شیکردنەوەنە.

بەکارنەهێنانی میتۆلۆژیا و بەسەردەمنەکردنی وامان لێ دەکات هەست بکەین کە ڕابردوو هێزێکی فشارهێنە هیچ سوودێکی نییە، لە کاتێکدا ئێمە لە نێو فەزایەکین کە بە زەمەنێکی دیارکراو و هزری ئامادەساز و دیدی بەرتەسك حوکم کراوە. لێردا پێویستە ئەو ئالۆزییە تێپەڕێنین و وەرگر لە (ڕابردوو) ئازاد بکەین، چونکە (ئێستا) گرنگە، ئاخر خستنەکاری میتۆلۆژیا بە شێوەیەکی سەردەمانە بە یەکێ لە کێشە گەرمەکانی سەردەمی ئێمەوە بەندە، ئەویش مەسەلەی (تێرۆر)ە کە نێزیکترین بابەتە بۆ شانۆگەرییەکەمان، باشترین ڕێگە ئەوەیە زمانێکی هاوبەش لە نێوانیاندا خەڵق بکرێ و پرۆسەی هونەری پێ بخرێتە جۆش و لە کارێکی داهێنانەدا بتەقێنرێتەوە

ڕۆبێرتۆ چۆلی دەڵێت: من بۆ ئەوە ناچمە شانۆ تا ئەو دەق و ڕۆڵە نووسراوانە ببینم کە پێشتر خوێندومەتەوە، من دەمەوێ ببینم کە مرۆڤ چۆن لە چرکەیەکدا و لەهیکرا ڕەفتار دەکا و چۆن نمایش دەکا و چۆن ڕووداوەکان بەرجەستە دەکات.

دەرهێنەر نە تاکە پارچەیەکی لە چیرۆکەکەی پالاوتووە و نە پارچەیەك لە خەیاڵی خۆی کردۆتە بەری، ئەمەش لەبەر دوو ئەگەر، یا لە ترسی ئەوەی نەبادا نەتوانێ بە مۆرکە ئاینییەکەی بیهێڵێتەوە، یا ئەوەتا لەوە ترساوە نەبادا جەماوەر پەنجەی تاوانی بۆ ڕاکێشن و بڵێن دەستکاری ناوەرۆکەکەی کردووە و لە دەقە ئەسڵییەکە چۆتە دەرێ.

ئەو جۆرە بۆچوونە لە شانۆی کوردیدا باو بووە، بە تایبەتی لە لایەن ئەوانەوە کە لە نمایشەکانیاندا شێوازی دەرهێنانی تەقلیدییان دەگرتە بەر، بەلام لەگەڵ هاتنی تازەگەری لە ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی بیستەم وردە وردە پووکایەوە.

ئەگەر پێویستی کردبێت چینەکانی ڕۆمان و چیرۆکی تایبەت بە ڕابردوو (الماچی) بایەخیان لە ئێستای (الحاچر) تراژیدیادا هەبووبێت هەروەك جۆرج سافۆنا دەڵێت: ئەمەیان لەبەر ئەوە بووە چونکە ئەو چیرۆکەی پشت بە میتۆلۆژیا دەبەستێت زۆرجار ڕووداوەکانی سنووردار و داخراو و زانراون بۆ وەرگر. باشترین هەنگاو بۆ ڕزگاربوونمان لەو گرفتە سەردەماندنی چیرۆکە بە شێوەیەك ڕووداوەکانی وایان لێ بکرێت نەزانراوبن بۆ وەرگر، چونکێ هەرچەند بە ڕووداوەکانی زانی ئەوەندە توانای جیاکاری لەکن پتر دەبێت. وەرگر هەموو ڕووداوەکانی سەر شانۆ بە ئاسانی دەخوێنێتەوە و



www.mukiryani.com

هەندێجار بە پێش ڕووداوەکانیش دەکەوێت و قسەی لەسەر دەکا و بە شێوەیەکی ساکارانە شییان دەکاتەوە بە پێی ئەو زانیاریانەی لە کتێبی پیرۆزەوە پێی گەیشتووە.

لە نمایشێکی لەو بابەتەدا پێویستە هەموو ڕەگەز و ئامرازە هونەرییە چالاکەکان بە شێوەیەکی ناباو لە ناویدا بەکاربهێنرێت بۆ ئەوەی ببێتە بینایەکی هەرەمی وا یارمەتی دەستخستنی مانا بدات. چونکە ڕووداوەکان بە شێوەی زنجیرە بە دوای یەکدا نایەن و کۆتاییەکەشی نادیارە بۆ لێکدانەوەی وەرگر جێدەهێڵرێت. هەروەها بە ململانێی دراماییی نایەتە پێش، بەڵکو بە هەڵوەشانەوەی پێشبینییەکانمان هەڵدەستێت بە شێوە دراماییەکە و بونیادێکی بازنەیی پێشکەش دەکات، واتە گێڕانەوەی ڕووداوەکان لەو چوارچێوە تەقلیدییە نایەن کە ڕووداوەکانی تێدا بەرز و نزم دەبێتەوە، وەك ئەوەی لەو نمایشەدا بینیمان.

فیلتەر وێسکی دەڵێت: کە دەقێك پێشبینییەکان تێکدەشکێنێ ڕەنگە سوودبەخش بێت بۆ واگاهاتنەوەی پێزانینمان بە بنەمای ئەدەبی و بۆ ئەو هۆکارانەش کە لەسەری دەوەستێت.

یەکێ لە ئەرکە بنچینەیییەکانی دەرهێنەر ئەوەیە بزانێت کە ئەو ڕەگەز و ئامرازانەی لە نمایشدا دەخرێنە کار، هەر بە تەنها کاری خۆیان ئەنجام نادەن، بەڵکو وەختێ لەگەڵ ڕەگەز و ئامرازانەکانی تر کۆدەبنەوە ئەوسا چالاکییەکی تەواو دەدەنە دەست. وەلێ دەرهێنەر لەو نمایشەدا شاشەی سلایدی بە شێوەیەکی زۆر خراپ بەکارهێناوە، چونکێ یەکەم: ئەو ئامرازە بەزۆر خراوەتە نێو توخمەکانی شانۆی پاك (المسرح الخالص)، دووەمیان: ئەوهای کار پێ کردووە وەك ئەوەی دیارترین توخمی نمایشەکە و جێگرەوەی توخمە بنچینەیییەکانی شانۆی پاك بێت، وەك ئەکتەر و ڕووناکی و مۆسیقا بۆ گەیاندنی مانا بە وەرگر.

بێتوانایی دەرهێنەر لە نەگەیاندنی مانای چیرۆکەکە بە وەرگر لە ڕێگەی کەناڵەکانی هونەری شانۆیی و درێژکرنەوەی ماوەی نمایشەکە بۆ سەعاتێك، ناچاری کردووە پەنا بۆ شاشە ببات، نەك لە پێناوی بەهێزکردنی ڕەگەزەکانی دیکەی نمایشەکە، بەڵکو تەواو لە دژی ئەو مەبەستە هەڵدەگەڕێتەوە و سروشتێکی بەراووردکارانە لە نێوان شاشەکە و شانۆکە وەردەگرێت لە ڕێگەی نمایشکردنی هەمان گرتە و دیمەنی هەردوو هونەرەکە، ئیدی بەمە دەرهێنەر نائاگایانە ئاستی کارەکەی خۆی و ئاستی کاری هونەرەکەی تر لەسەر سینییەکی زێڕ پێشکەش بە وەرگر دەکات.

لێرەدا مانای چیرۆکەکە بەهۆی توخمە جەوهەرییەکانی نمایشەکە نەگەیشتۆتە وەرگر کە دەبوو ئەکتەرە سەماکارەکە ئەنجامی بدات لە شێوەی نواندنی سەما و گۆڕینی ئەدگاری دەموچاوی و جولە جەستەیییەکان، بەڵکو بە شێوەیەکی غەریزییانە و سروشتییانە پێی گەیشتووە، چونکێ پێشتر



www.mukiryani.com

زانیاری لە بارەی ڕووداوەکان هەبووە. هەروەها تا ڕادەیەك هێما وەسفکارەکانی ئەکتەریش وەك جولەی دەستەکانی بە ئاراستەی ڕاست و چەپ و لاتەنیشتەکان یارمەتی وەرگری داوە.

بافێس دەڵێ: هەرکە هێما بووە بابەتێك بۆ گوتاری وەسفکردن، ئەوا هەموو تایبەتمەندییەکانی خۆی ون دەکات و دەچێتەوە ئاستی دەقەکە، ئیدی قەبارە و تواناداریی هێمابەخشین و پێگەی خۆی لە پەیامی شانۆی گشتگر دەرنابڕێت.

لێرەدا چەند پرسیارێك لە بارەی سوودی پێشکەشکردنی ئەو جۆرە شانۆیە هەیە کە زەحمەتترین جۆری شانۆیە، لە سایەی بارودۆخ و کەشێکی ماددی و هونەری نالەبار و پێنەگەیشتوو کە ئەمانەن:.

ــ ئایا دەرهێنەر ویستوویەتی خەڵکی شارەکەی بەو جۆرە شانۆیە گەمارۆ بدات، گەر وابێت ئایا لە کارەکەی سەرکەوتوو بووە یان نا؟

ــ ئایا وەرگر ڕووداوەکانی چیرۆکی خەڵقبوونی بوونەوەرەکان نازانێت، یاخود ئەو نمایشە شتێکی تازەی خستە سەر زانیارییەکانی؟

ــ گریمان دەرهێنەر ویستوویەتی بە ڕووداوەکانی چیرۆکەکە گەمارۆی وەرگر بدات، ئاخۆ ئەرکی شانۆ ئاڕاستەکردنی ڕێنمایی و ئامۆژگارییە؟

ــ گەر وانییە وەرگر لە دوو ڕێگەیە لە کامەیان ڕووداوەکانی چیرۆکەکە زیاتر وەردەگرێت، لەو نمایشە یا لە خوێندنەوەی کتێب؟

ــ پاشان ئایا دەرهێنەر پێشبینیەکانی وەرگری تێك شکاندووە تا ئەوەی زانراوە ببێتە نەزانراو.؟!

ئەو پرسیارانە سەبارەت بە نمایشەکە گران دێنە بەرچاو، چونکێ هیچ نیشانەیەکی ڕەمزیی خوێندنەوەی وەرگری تێدا نییە بۆ ڕووداوەکان هەتا بەر لەوەی ئەکتەرەکانیش بە نواندنی هەڵسن. ئەمە ئەوە دەگەینێ کە شتە زانراوەکان وەك خۆیان ماونەتەوە و وەرگر پێی نەورووژاوە و لێی وەڕس نەبووە بەڵکو وای لێ کردووە چێژ لە دەقەکە ببینێ لە جیاتی ئەوەی ئامرازەکانی نمایش کردن بۆ کۆدی دەلالەتەکان بگۆڕێت بەجۆرێ وەرگر پێی بێزار و نائارام بێت بۆ ئەوەی خوێندنەوەیەکی تازەی دەقەکە و نمایشکەی پێکەوە پێ بدات. ئەمە وای لە وەرگر کردووە کە زیاتر پەیوەستی خۆی بێت لەوەی خۆی بداتە دەست نمایشەکە بۆ تاقی کردنەوەی توانای خۆی لە گەمارۆدانی چیرۆکی خەڵقبوونی بوونەوەرەکان لەڕێگەی کێبڕکێ کردنی لەگەڵ ئەو بینەرانەی لە تەنیشتیەوە دانیشتوونە لە هۆڵی نمایشەکە.



www.mukiryani.com

www.mukiryani.com

# بەشی سێیەم

# تەكنیك لە شانۆگەرییە درێژەكانی چیخۆفدا



www.mukiryani.com

www.mukiryani.com

# ساردیی ڕووداو
# لە شانۆگەریی خاڵە فانیا

خاڵە فانیا یەکێکە لەو چوار شانۆگەرییە درێژانەی کە نووسەری گەورەی ڕووسی (ئەنتوان چیخۆف) نووسیویەتی لەتەك سێ شانۆگەرییە ناسراوەکەی تری: باڵندەی دەریا، بێستانی دارگێلاس و سێ خوشکەکە.

ئەو شانۆگەرییە لە بیست و پێنجی مانگی تەشرینی یەکەمی ساڵی ١٨٨٩ لە شاری مۆسکۆ پێشکەش کراوە و قوستەنتین ستانسەلافسکی کاری دەرهێنانی بۆ کردووە.

مەکسیم گۆرکی کە یەکەم جار ئەو شانۆگەرییە دەبینێ دەڵێت: هەمیشە خاڵە فانیا.. هەمیشە، دووبارە دێمەوە بینینی وەختێك کە کورسییەکم بۆ خۆم دابین کرد... شانۆگەرییەکە هزر و ڕەمزی لێ دەبارێت، شێوەکەی وای لێ دەکات ببێتە کارێکی ڕەسەن و لە بەراووردکردن بەدەر بێت.

لە بەرامبەر ئەوەشدا تۆلستۆی ڕقی لێی دەبۆوە و وەك چۆن ڕقی لە شانۆگەرییەکانی شەکسپیریش دەبۆوە و ڕەخنەی لە خاوییەکەی و بێ ڕەوشتییەکەی دەگرت، چونکێ بەڕای ئەو ڕووداوی کارەساتباری تێدا نییە و ڕووداو لە شوێنی خۆیدا بۆ شوێنێکی تر ناجولێتەوە.

جا دوور لە ڕای ئەو دوو نوسەرە مەزنە، شانۆگەریی خاڵە فانیا مەزنترین بەرهەمی چیخۆفە، چونکێ شیاوە بۆ ئەوەی لە هەموو کات و شوێنێکدا نمایش بکرێت و لە هەموو کۆمەڵگە و سەردەم و ڕۆژگارێك پێشکەش بکرێت، لەبەر هۆیەکی زۆر سادە، ئەویش بریتییە لە زاڵبوونی نموونە خراپەکانی مرۆ بە سەر نموونە مەزنەکانیدا و تێکشکاندنی مرۆڤایەتی و جوامێرییەکەی. ئەم دۆخە وا ئێستاش ڕوودەدات و لە ماوەی سی ساڵی حوکمی سەدامیش ئەوها بوو و لە هەموو سەردەمە مێژووییەکانی کە بەسەر عێراق و ڕووسیادا تێپەڕیوە هەر بەو شێوەیە بووە.



www.mukiryani.com

ئەگەر زانیمان نێزیکبوونەوە و دڵ پێداچوونی (ئەستەرۆف)ی پزیشك بە خاتوو (یەلینا) لەو شانۆگەرییە، بەشێکە لە ژیانی چیخۆف کە لە ماوەیەکی دیارکراوی نەخۆشییەکەی تێیدا ژیاوە و ناوە ڕاستەقینەکەی ئەو ژنە (لیدیا ئەفلۆفا)یە، ئەوا خوێندنەوەی شانۆگەرییەکە و بینینی لەسەر تەختەی شانۆ چێژدارتر دەبێ.

ئەو شانۆگەرییە لە چوار بەش پێك هاتووە و درێژی هەر بەشێکیان لە بیست لاپەڕە تێناپەڕێت. ڕووداوەکانی لە نێو کێڵگەکانی (سەربر یاکۆف) دەقەومێن کە لە ژنە مردووەکەی (دایکی سۆنیا) بە میرات بۆی بەجێمابوو. بە تایبەتی ڕووداوی گواستنەوەی ئەو ڕۆشنبیر و مامۆستایەی زانکۆ لەگەڵ (یەلینا)ی هاوسەری بۆ ئەوەی لەوێ بژین، چونکێ چیدی بەرگەی ژیانی ناو شاری نەدەگرت.

لە بەشی یەکەمدا دەردەکەوێ کە (فانیا)ی خاڵی (سۆنیا)، واتە برای دایکە مردووەکەی، کەیفی بە (سەربر یاکۆف) نایێ چونکێ سبەینێ تا ئێوارە لە نووسینگەکەی دادەنیشێ تا لە بارەی هونەرەوە بنووسێت، لەکاتێك هیچی لێ نازانێت و ماوەی بیست ساڵان هەر بە هزری خەڵکانی تر لە بارەی ڕیالیزم و ڕێبازی سروشتی و ئەو شتە بێ مانایانە بیری کردۆتەوە، لەگەڵ ئەوەی لە ساڵانی ڕابردوو زۆر بە کارەکانی سەرسام دەبوو بە جۆرێك لە دەمی خۆی دەگرتەوە و بۆ ئەوی ڕەوان دەکرد، ئێستاکێ دەزانێت کە ساڵەهایە فریودراوە.

ئەگەرچی خاڵە فانیا ڕقی لە سەربر یاکۆف دەبۆوە، بەڵام ژنە جوانەکەی (یەلینا)ی خۆشدەویست و جارێکیان ئەو خۆشەویستییەی بۆ ئاشکرا کرد، لێ ژنە بەرپەچی دایەوە، ئاخر ئەو ئەستۆڤی پزیشکی خۆشدەویست و زۆر بە قسە ڕێکەکانی لە بارەی کارەکەی و بایەخدانی بە سامانی ڕووەکی و ئاژەڵی سەرسام ببوو. (سۆنیا)ش کەوتبووە داوی خۆشەویستی ئەستۆف بەڵام قەت هەستی نەدەکرد ئەو پیاوە ئەمی خۆشبوێ.

لە ماوەی مانەوەی (سەربر یاکۆف) و ژنەکەی لە ناو کێڵگەکەدا، هەموو دەستیان لەکار هەڵدەگرت و سەرنجیان دەکەوتە سەر (یەلینا)، هەر لە دکتۆرەکە کە ئیشەکانی خۆی پشتگوێ دەخست، تا دەگاتە خاڵە فانیا کە بەدوایدا دەگەڕا، هەتا سۆنیاش کارەکەی خۆی جێدەهێشت بۆ ئەوەی قسانی لەگەڵ بکات. ڕۆژێکیان (سەربر یاکۆف) بڕیار دەدات ئەو موڵکە بفرۆشێت، ئیدی خاڵە فانیا بەو هەواڵە ڕادەچڵەکێ، چونکێ نەیدەزانی دوای فرۆشتنی کێڵگەکە بە خۆی و دایکی و سۆنیا ڕوو لە کوێ بکەن. لە ئەنجامی چەند قسەیەکی توند سەربر یاکۆف بە تووڕەیی دەچێتە دەرێ و فانیا بە دوایدا دەچێت، لەو دەمە سەربر یاکۆف گوێی لە دەنگی تەقەیەك دەبێت و دەزانێت



www.mukiryani.com

بەتەمابوونە بیکوژن، لەگەڵ ژنەکەی بڕیار دەدەن ئەوێ جێبێڵن بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان، ئیدی دواتر ژیان لە ناو کێڵگەکەدا وەك جاران باری ئاسایی خۆی وەردەگرێتەوە.

ئەوەی وا زەن ببات کە ڕووداوی شانۆگەرییەکە لە شوێنی خۆی دەخولێتەوە، ئەوا بەهەڵەدا چووە، ڕاستتر ئەوەیە ئەو دەقە نادیاریی (الغموچ) لە خۆ لوولداوە و زەحمەتە بە جارێك یا دووجار خوێندنەوەی هەرس بکرێت، چونکە گواستنەوەی ڕووداوی ئاسایی بۆ ڕووداوی نائاسایی پێویستی بە کەرەسەی شیعری هەیە تا لە بایەخی کەم بکاتەوە یان ببێتە مایەی ساردکردنەوەی. ئەو ئەرکە ئاسان نییە و لە نووسینی دەقێکی شانۆیی تەقلیدی زەحمەتترە، لەبەر ئەوەی پرۆسەیەکی هونەری ڕووتە و لە ڕەگەزە ئەدەبی و هونەرییەکانی دیکە دوورە کە ناچنە نێو پرۆسەی شانۆگەری، زیاتر لە نووسینی سیناریۆوە نێزیکە کە تێیدا لق و دیمەنەکان بۆ پلانێکی دەرهێنانەی ورد دابەش دەبێت. جا بۆ دەستخستنی ئەو ئامانجە چیخۆف لەو شانۆگەرییەدا ئەو سێ ئامرازەی بەکارهێناوە:

ـــ ئەو وشانەی کە هێمان بۆ کەشوهەوا.

ـــ وروووژێنەرە دەنگییەکان.

ـــ لە هەڵوێستە گرژ و بارگاوییەکان کەسێتی لاوەکی دێنە ناو ڕووداوەکان.

ئەو وشانەی کە هێمانە بۆ کەشوهەوا زیاتر لە دە جار لە سێ بەشەکەی یەکەمیندا هاتوونە، واتە تەنها لە بەشی چوارەمدا نینە. بەشی یەکەم سێ جاری بەرکەوتووە، دووەمیش چوار جار و سێیەمیش پێنج جار کە بریتین لە : هەواکەی گەرمە، ئای لەو ڕۆژە خۆشە، لە ڕۆژێکی ئەوهادا، با هەڵیکرد، ئێستا دەبارێت، زریانێك بەڕێوەیە، ڕەشەبایەکەی شکاند، هەورەکان، خۆر، پایز، زستان، ڕەشەبای بروسکەدار.

ڕستەی (هەواکەی گەرمە) لە زاری فانیاوە دەکرێت، بۆ ئەوەی لەیەك کاتدا دوو مانا ببەخشێت: مانای یەکەم ئاماژەیە بۆ بێزاربوونی لە (سەربر یاکۆف). مانای دووەمیش ئاماژەیە بۆ سەرسامبوونی بە یەلینای ژنی سەربر یاکۆف.

فانیا: هەواکەی گەرمە و هەناسە تەنگ دەکات، کەچی پیاوە مەزنەکەی مەعریفەت پاڵتۆیەکەی لەبەرکردووە و پێلاوە لاستیکەکانی لەپێ کردووە و سەیوانەکەی هەڵگرتووە و دەستکێشەکەشی لە دەستە.

ئەستڕۆف: وا دیارە کە بایەخ بە خۆی دەدات.

فانیا: چەندە جوانە، لە ژیانمدا ژنێکی ئەوها جوانم نەبینیوە؟!



www.mukiryani.com

بەلاّم ڕستەی (ئای لەو ڕۆژە خۆشە) لە زاری (یەلینا)وە دێت بۆ ئەوەی بابەتی قسەکەی نێوان سۆنیا و فانیا و مارینا بگۆڕێت و سەرنجی فانیا بۆ بۆ خۆی ڕاکێشێت، ئیدی فانیا بە هەمان نەبرە وەلاّمی دەداتەوە: (مایەی شادییە لە ڕۆژێکی ئاوادا مرۆ خۆی بکوژێت)، مەبەستی کوشتنی خۆیەتی لە پێناو یەلینا.

لە وانەیە قوولّبوونەوەی چیخۆف بەو ڕەمزانە لە بەرزهەلّچوونی زمانەکەی لە دیالۆگەکانی دواتر, دوو ئاڕاستە بداتە ئەو دیمەنە: ئاڕاستەیەکی شاعیری و ئاڕاستەیەکی گالّتەجاڕی.

ئاڕاستە شاعیرییەکە لەو دیالۆگە خۆی دەبینێتەوە کە لە نێوان یەلینا و فانیا بەڕێوە دەچێت.

ئاڕاستە گالّتەجاڕییەکەش خۆی لە لێکچوونی مریشکەکە و جوجکەکانی بە یەلینا و لێکچوونی کۆلارەکەش بە فانیا دەنوێنێ.

(تەلیگین) ژێی گیتارەکەی دەلەرانەدەوە و ماریناش لەبەر دەم مالّەکەیدا هاتووچۆی دەکرد و بانگی مریشکەکەی کرد: تی.. تی .. تی..

سۆنیا: ئەوە بانگی کامە مریشك دەکەی؟

مارینا: ئەوی بەلّەکەکە، لەگەلّ جوجکەکانی چۆتە شوێنێك نەوەکا کۆلارە بیان ڕفێنێ.

لە بەشی دووەم پاش ئەوەی یەلینا هەست دەکات مێردەکەی لەو پەڕی بێزاری دایە، پەنجەرەکە قایم دادەخا و دەلّێت: ئەوا با هەلّی کرد: ئێستا باران دایدەکا.: خۆ هیچ کەس مافەکانت پێشێل ناکات.

هەروەها بۆ ئاماژە کردن بۆ حەز نەکردنی (سەربر یاکۆف) هەتا فانیا لەگەلّی نەمینێتەوە ، فانیا دەست پێشخەری دەکات و بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ڕستەی (دەلّێی بە تەمایە بیکاتە ڕەشەبا)وە واتاکەی بداتە وەرگر بەر لەوەی سەربەر یاکۆف داوای ڕۆیشتنی لێ بکات.

فانیا: دەلّێی بە تەمایە بیکاتە ڕەشەبا و هەورە بروسکە، ئەرێ هلێین و سۆنیا سەیرتان کردووە؟ بڕۆنەوە مالّی من شوێنتان دەگرمەوە.

سەربەر یاکۆف: توخوا مەڕۆن، مەڕۆن! بە تەنیا لەگەلّ ئەوم بەجێمێلّن، ئەو کارە مەکەن، دەنا بە قسەکانی ڕوحم دەردەکات.

هەروەها فانیا لە دیالۆگێك لەگەلّ خۆیدا (مۆنۆلۆجی ناوەوە) هەردوو وشەی ڕەشەبا و بروسك بەکاردێنێت، پاش ئەوەی یەلینا پێی ڕازی نابێت و بە تەنها جێیدێلّێت: ڕەنگە ئەو ڕەشەبایە بە ئاگامان بێنێت، هەرچەند لە بروسك بترسابایە، من لە باوەشی خۆم دەگرت و بە چرپە پێیم دەگوت مەترسە من لێرەمە، ئای لەو خەیالّە، چەندە سیحراوییە.



www.mukiryani.com

لەوانەیە قسەکەی یەلینا وەختێ پەنجەرەکە دەکاتەوە: ڕەشەباکە لێی کردەوە، ئای بەو ڕۆژە جوانە، وەك نیشانەیەك بێت بۆ هاوبەشیکردنی سۆفیا لە خۆشویستنی (ئەستروٚف)ی پزیشك، لەگەڵ ئەوەی ئەستروٚف سۆنیای خۆشنەدەویست.

لە یەکێ لە دیالۆگەکانی ئەستروٚف لە بەشی سێیەمی شانۆگەرییەکە، زیاتر لە پێنج وشە دێن کە حاڵەتی کەشوهەوا دەردەبڕن: کەش، هەور، خۆر، پایز، زستان، بۆ دەرخستنی کێشەی نێوان فانیا و سەربر یاکۆف لەسەر کێڵگەکە و دواتریش حەلکردنی: ئەمڕۆکە کەشەکەی زۆر ناخۆش نییە ئازیزەکەم، سەرلەسبەینەکەی هەور بەری ئاسمانی گرتبوو، بەلاّم ئێستا وا خۆر بە دەرەوەیە، دەبێ بزانیت کە پایز داهاتووە و وەرزێکی زۆر جوانە و دەبێ بزانیت کە وەرزی زستانیش بەڕێوەیە (نەخشەکەی دەپێچێتەوە)، بە کوورتییەکەی ڕۆژەکان کورت دەبنەوە.

هەروەها ئەو ڕستانەی:( سەما بکە ئەی کوخەکەم، سەما بکە ئەی ئاگرەکەم، ڕەشەبا و هەورەبرووسکە بە ئاگایان هێنام، ئای لەو دلۆپە بارانە پاك و بێگەردە!، ئێستا سەعات چەندە؟) کە لەسەر زاری ئەستروٚفی سەرخۆشەوە دێن، درێژبوونەوەی دیمەنەکەی ڕابردووە.

ئەگەر ئەو وشانەمان هێنایەوە و دووبارە لە چەند ڕستە و دەستەواژەیەك دامانڕشتنەوە بۆ ئەوەی لە مەبەستەکەی تێبگەین، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ناوەرۆکی چیرۆکی شانۆگەرییەکە پێك دێنن، بەم شێوەیە:

هەواکەی گەرمە:

نائومێبوونی فانیا لە سەربر یاکۆف و سەرسامبوونی بە یەلینا.

ئای لەو ڕۆژە خۆشە:

یەلینا سەرنجی فانیای ڕادەکێشا و بە هەمان نەبرەوە وەلاّمی دایەوە.

ڕەنگە ڕەشەباکە ئێمەی واگا هێنابێت: گەڕانەوە بۆ ڕابردوو.

ڕەشەبایەکەی شکاند: ئەستروٚف خۆشەویستی سۆنیای ڕەتکردەوە و پەیوەستبوونی یەلینا بە خۆشەویستییەکەی.

بەلاّم ئامرازی دووەم کە پەیوەستە بە وروژێنەرە دەنگییەکان، ئەوا بە چوار شێوە بەکاری هێناوە:

فیکەلێدان، مۆسیقا ژەنین، گۆپاڵ لە زەوی دان، دەنگی زەنگوڵی ئەسپەکان، کە بۆ یەکەم و سێیەم هەر یەکە و دوو جار، دووەم حەفت جار، چوارەم سێ جار، واتە بە هەمووی دەکاتە چواردە جار لە چوار ئامرازەکە. فیکەلێدانەکە جارێك لە لەبەشی یەکەم لێدراوە و جارێکی تریش لە بەشی



www.mukiryani.com

دووەم، بە مەبەستی دەرخستنی نائۆمێدی و سەرسوڕمان لە بەشی یەکەمین و لێکچواندنی سەربر یاکۆف بە سەگەکە لە بەشی دووەمدا.

-١

ئەسترۆف: ئایا ماوەیەکی زۆر لێرە دەمێننەوە؟

فانیا: (فیکەیەك لێدەدا) ڕەنگە بگاتە سەد ساڵ! ئەو مامۆستایە بڕیاری داوە لێرە بگیرسێتەوە.

-٢

یەلینا: گۆپاڵەکەت لە عەردی مەدە، ئاخر ئەو ڕێزدارە حاڵی باش نییە.

دەنگی پاسەوانەکە: من ئامادەی ڕۆیشتنم (فیکەیەك لێدەدا) تۆ لەوێی! سەگێکی باشە وەرە سەگێکی باشە.

لە کۆتایی هەر بەشێك و لە نێوانەکانی دەنگی مۆسیقا دێت بۆ دەربڕینی حاڵەتی خەمباری و شادی، تەنها یەك نموونە دێنمەوە کە لە دیمەنی دووەمدا هەیە:

ئەسترۆف: ئاوازێکمان بۆ بژەنە.

تەلیگین: ئاخر هەموویان چوونەتە نێو جێگا.

ئەسترۆف: دەیاڵڵا بیژەنە.

(تیلیگین دەست بە ژەنین دەکات)

ئەسترۆف: (ڕووی لە فانیایە): ئەرێ تۆ بەتەنێ لێرەی؟ هیچ ژنێکی تر نابینم (دەستەکانی لە کەلاکەیەوە گرتووە و بە هێواشی گۆرانی دەڵێت: ئەی کوخەکەم سەما بکە، ئەی ئاگرەکەم سەما بکە، ئەو بەڕێزە لە هیچ شوێنێك نییە تا بحەسێتەوە.

لێدانی گۆپاڵەکە لە زەوی، جاری یەکەم بۆ دەرخستنی خۆپەرستی سەربر یاکۆف و وەڕسبوونی ژنەکەی هاتووە:

سەربر یاکۆف: ئەگەر قسەیەکت لە دەم بێتە دەرێ هەموویان هەست بە نائومێدی دەکەن، هەتا دەنگی منیش وەڕسیان دەکات، دیارە من کەسێکی خۆپەرست و وەڕسکارم....

یەلینا: کەس نییە مافەکانی تۆ پێشێل بکات (پەنجەرەکە بە توندی پێوەدەدا)... ئێستا دایدەکاتە باران... کەس مافەکانت پێشێل ناکات. (وەستانێکی کورت، پاسەوانەکە گۆپاڵەکەی لە زەوی دەدا و دەست بە گۆرانی گوتن دەکات).

جاری دووەم بۆ دەربڕینی خۆشی و هیوایە.



www.mukiryani.com

سۆنیا: من زۆر دڵخۆشم.

یەلینا: دەبێ ئاوازێك بژەنم...

سۆنیا: (دەستیان لە ملی یەکدی کردووە) ... ناتوانم بخەوم..

یەلینا:....

سۆنیا: وا دەڕۆم...

(پاسەوانە گۆپاڵەکەی لە زەوی دەدا).

دەنگی زەنگوڵی ئەسپەکان جارێك بۆ خەمباری و جارێك بۆ شادیی بەکارهێنراوە و جاری سێیەمیش بۆ گێرسانەوە و سەقاگیریی.

١ ـــ

فانیاـ فلێر جوانە بەلاّم من جوان نیمە، ناتوانم، من خەمبارم، پێویستە خۆم بە کارێکەوە خەریك بکەم، هەر وەختێك پێم کرا...

(وەستانێکی کورت، پاشان دەنگی زەنگوڵی ئەسپەکان دێت)

٢ ـــ

ئەستڕۆف: کەشوهەوا چەند هێمنە، فلّچەکانی نووسین بە عەستەم خشەیان دێ، زیك زیکە دەنگیان دێ، دنیا گەرم و وزەدارە، حەزناکەم ئێرە بەجێبێڵم.

(گوێی لە دەنگی زەنگوڵی ئەسپەکان دەبێت)

٣ ـــ

فانیا: (دەنووسێ) ڕۆژی دووەمی مانگی شوبات، ڕۆنی تۆوی کەتان، بیست پاوەند، شازدەی مانگی شوبات، دیسان ڕۆنی تۆوی کەتان، بیست پاوەند، .. جۆ ..

(وەستانێکی کورت گوێی لە زەنگوڵی ئەسپەکان دەبێت)

دابەشکردنی وورووژێنەرە دەنگییەکان بەسەر هەر چوار بەشەکەدا کە لەگەڵ بەرەوپێشچوونی درامای شانۆگەرییەکە بگونجێت، بە شێوەیەکی تێپەڕ نەهاتووە، بەڵکو بە شارەزایی و تێگەیشتنێکی قووڵ هاتووە بۆ بناخەدانانی تەلاری هونەری شانۆیی بە شێوەیەکی دروست. ئەمە لەو حاڵەتانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

ـ لە فیکەلێدانەکەی بەشی یەکەم و دووەم دەردەکەوێ، وەختێ بێئومێدی دەست پێ دەکات.



www.mukiryani.com

ــ له لێدانی گۆپاڵ له بەشی دووەم دەردەکەوێت کە هەموو ڕەوشتە باش و خراپەکانی مرۆڤی تێدا کۆ دەبێتەوە.

ــ له ژەنینی مۆسیقاوە دیارە لە هەرچوار بەشەکە تا مرۆڤ لە ژیانی خۆیدا بە هەردوو حاڵەتی شادیو خەمباریدا تێپەڕێت.

ــ لە دەنگی زەنگوڵی ئەسپەکان دەردەکەوێ لە بەشی چوارەم کە شادی و خەمباری و ناجێگیری و نەگیرسانەوە هەموو لایەك دەگرێتەوە.

کردنەوەی شفرەی هەر وشەیەك لەو وشانە دەمانگەیێنێتە ئەو دەرئەنجامە: هەریەکەیان ڕێڕەوی دروستی خۆی وەرگرتووە و شوێنی سروشتی خۆی داگیرکردووە بۆ بەرزهەڵچوونی کرداری درامایی بە شێوەیەکی پلە پلە و بە ئەوپەڕی ساردیی تا دەگاتە کۆتاییەکە.

چیخۆف دانی پیادەنێت کە ئەم ئەو شێوازەی داهێناوە، وەختێ دەڵێت:

نووسەر هەرچەند سارد و سڕتر بێت، چیرۆکەکانی هەستیارتر و کاریگەرتر دەبن، دەبا خوێنەران لە کاتی خوێندنەوەی شانۆگەریدا بگریێن، ئاخر ئەوەیە هونەر).

هەروەها مەکسیم گۆرگی لە بارەی شانۆگەری خاڵە فانیاوە بۆی دەنووسێت و دەڵێ:

تۆ بە ساردییەکی شەیتانانەوە مامەڵە لەگەڵ خەڵك دەکەیت، تۆ چەشنی بەفر، چەشنی ئازار لاساریت.

بەشی یەکەم لە ڕێگەی وەڕسبوونی گشت کەسێتییەکان لە سەربر یاکۆف دەست پێ دەکات و وردەکاری ململانێ و ئازارەکانی ئەو کەسێتییانە لەگەڵی لە بەشی دووەم و سێیەم ڕووندەبێتەوە. لە بەشی چوارەمدا گرێیەکە لە ڕێگەی لێدانی زەنگوڵی ئەسپکانی سەربر یاکۆف دەکرێتەوە، ئەو وەختەی خۆی و ژنەکەی کێڵگەکە جێدێڵن، وەك ئاماژەیەك بۆ ناجێگیری بارودۆخی ژیان بۆ ئەوان. فانیا و مارینا و سۆنیاش لەوێ دەمێننەوە وەك نیشانەی ئارامی و جێگیری سەبارەت بەوان.

لە حاڵەتی سێیەم لە کاتی هەڵوێستە بارگاوییەکان پشت بە کەسێتییە لاوەکییەکان دەبەستێت، وەك کەسێتی تیلیگین و مارینا و سۆنیا، بۆ ئەوەی بارگرژییەکە بڕەوێنێتەوە و لە بایەخی ڕووداوەکان و ساردییەکەی کەم بکاتەوە و ناهێڵێت بە شێوەیەکی ڕوون دەرکەون و زیاتر لە دە جار بەکاری هێناون، جارێك بۆ ئەوەی سۆنیا خاڵە فانیا بوەستێنێ تا چیتر باسی کێشەکانی خۆی بکات و پێی دەڵێت: (ئەمە بێزارکەرە)، جاری دووەم قسە لەگەڵ داپیرەی و خاڵی دەکات و دەڵێ: (تکاتان لێ دەکەم).

ئەو وشەیە حەفت جار لە بەشی سێیەم بەکارهاتووە بەم شێوەیە:



www.mukiryani.com

ــ ماریا بەرپەچی فانیا دەداتەوە تا چیتر سەرزەنشتی سەربر یاکۆف نەکات و بە ناوی جان بانگی نەکات!

ــ تیلیگین دەپاڕێتەوە و دەڵێ: ئەوەی مەکە، من خۆم پێ ناگیرێ.

ــ یەلینا ئاگاداری دەکاتەوە کە واز لە سەربر یاکۆف بێنێت: ئیڤان پەترۆڤیچ پێت دەڵێم بوەستە، گوێت لێمە؟

ــ تیلیگین دەڵێ: چیتر پێم قبوڵ ناکرێت.

ــ ماریا دەڵێت: بە گوێی ئەسکەندەر بکە.

ــ سۆنیا لە دایەنەکەی دەپاڕێتەوە تا کێشەی نێوان فانیا و سەربر یاکۆف چارەسەر بکات، ئەویش هاوار دەکات: هەی خۆپەرست خۆپەرست!

ــ لە دیالۆگێکی دیکەدا بە باوکی دەڵێت: دەبا تۆزێ بەزەییت هەبێ، من و خاڵە فانیام بێتاقەت بووینە.

ئەگەر سەرنج بدەینە ئەو وشە شعرییانەی کە لەو شانۆگەرییە بەکارهاتوونە و ژمارەیان لە سی وشە پترە و بە سەر چوار بەشی دەقەکە دابەش بوونە و هەر یەکە و حەفت یا هەشت وشەیان بەردەکەوێت، دەبینین ئەو وشانە شوێنی ئەو دیالۆگانەیان گرتۆتەوە کە لە نێوان کەسێتییەکانی شانۆگەرییەکە دەکرێن، واتە شوێنی زمانەکە بە کەمترین ژمارەی وشە ئەنجام دراوە. ئەمە بەو مانایە دێت کە شانۆی چیخۆف سەرباری بە کارهێنانی ڕەمز، سیفەتی دابڕین و چڕکردنەوەشی تێدایە، کە ئەوە دیارترین خەسڵەتەکانی ئەدەب و هونەرە.

جا ڕاڤەکردنی ڕووداوەکان لە لایەن ئەسترۆفەوە بۆ فانیا لە چوار دێڕ لە بەشی سێیەمی شانۆگەرییەکە کە تەنها بە پێنج کورتەڕستە باسی بارودۆخی کەشوهەوا کراوە، باشترین بەڵگەیە بۆ ئەمە.

هەرچەندە شانۆگەرییەکە لە کۆتاییەکەیدا دەگەڕێتەوە سەر سەرەتایەکەی، لە ڕێگەی ئەو دیالۆگانەی لە نێوان مارینا و ئەسترۆفدا دەکرێن لە بارەی چا خواردنەوە:

سەرەتای بەشی یەکەم:

مارینا: (پیاڵەیەك چای تێدەکات) ها بیخۆوە ئازیزەکەم.

ئەسترۆف: (پیاڵەکە بە هێواشی وەردەگرێت) ئارەزووم لە خواردنەوەی چا نییە.

مارینا: ڕەنگە ئارەزووت لە خواردنەوەی بەرداخێك ڤۆدگا بێت؟

بەشی چوارەم:



www.mukiryani.com

مارینا: ئایا حەزدەکەی پێش ئەوەی چا بخۆیتەوە بڕۆی؟

ئەستڕۆف: ئەی دایەنی بەڕێز، من هیچم ناوێت.

مارینا: ڕەنگە ئارەزووت لە خواردنەوەی بەرداخێك ڤۆدگا بێت.

بەلاّم ئەمەیان بە دەقی بازنەیی دانانرێت، بەڵکو سەربە دەقی کراوەیە، چونکە دەنگەکان پڕن لە ڕەمز و شیاوی لێکدانەوەنە:

ــ کەسێتی سەربر یاکۆف کە تووشی جۆرەها نەخۆشی بووە و هەموویان ڕقیان لێیەتی، نیشانەیە بۆ قەیسەرەکانی ڕووسیا کە هەموو گەلی ڕووس نەفرەتیان لێی دەکرد.

ــ یەلینا کە هەموو خۆشیاندەویست، ڕەمزی ئەو نیشتمانەیە کە سەربر یاکۆف داگیری کردبوو.

ــ ئەستڕۆفیش کە شەیدای جوانییەکەی یەلینا ببوو و خۆشی دەویست، ڕەمزی ڕزگارکەرە

ــ فانیا نوێنەری ڕاستەقینەی گەلی ڕووسیایە و ڕۆشنبیر و میهرەبانە.

ــ سۆنیا و تیلیگین و مارینا خەڵکە گشتییەکەنە.

لێرەدا پرسیارێك دێتە ڕوو:

لەبەرچی چیخۆف مەیلی ئەستڕۆفی لە بەرامبەر یەلینا لە سنووری سەرنجڕاکێشان هێشتەوە و نەیکردۆتە خۆشەویستییەکی ڕاستەقینە؟ ئایا لەبەر ئەوەیە کە بەو ئاڕاستەیە کەسێتییەکی شۆڕشگێڕی دروست کردووە؟ بە تایبەتی کە هێنری ترۆیا دەڵێت: چیخۆف لە نووسین و قسەکانیدا ڕەخنە لە پرۆسەی سەرکوتکردنی وەحشییانەی حکومەت دەگرێت.

لەوانەیە ئەو پرسیارە بۆ پرسیارێکی دیکە بمانبات کە لەو کەم بایەختر نییە:

ئایا ڕێی تێدەچێ فانیا پۆزش بۆ سەربر یاکۆف بێنێتەوە؟!

سەربر یاکۆف: پەشێمانییەکەتم لە دڵەوە قبوڵە منیش داوا لە تۆ دەکەم لێم ببوری، خواحافیز (دەست لە ملی یەکدی دەکەن) و سێ جار یەکتر ماچ دەکەن.

ڕۆماننووسی مەزن هێنری ترۆیا دەڵێ: ناودەنگی بێپایانی چیخۆف وای لە نووسەرە نەناسراوەکان کردبوو پەنای بۆ ببەن، نەك هەر تەنها لە پێناوی پارە، یا ئامۆژگاری لە بارەی شێواز و ڕاسپاردنی بلاّوکەرەوەیەك، بەڵکو لە بارەی کێشەکانی ئەو سەردەمەشەوە پرسیاریان لێی دەکرد، بەلاّم ئەو جۆرە پرسیارانە قلّسیان دەکرد، چونکێ چیخۆف لە ژیانی خۆی قەت هەڵوێستی لە بەرامبەر ڕووداوە سیاسی و کۆمەلاّیەتییەکان وەرنەگرتووە.



www.mukiryani.com

لـە شـوێنێکی تـردا دەڵێـت: (ئـەو سـەربە سۆسیالیسـتییە خەباتگێڕییەکـەی گـۆرگی نییـە، بزوتنەوە جەماوەرییەکان دەیانترساند، ئـەو کەسـێکی لیـبراڵ بـوو و دژی تونـد و تیـژی بـوو، جـا چ لەسەرەوە بهاتایە یا لە خوارەوە. ڕای وابوو کە پێشکەوتنی ڕووسـیا ئـەرکی جـەماوەر نییـە، بـەڵکو ئەرکی پیاوە ڕەسەنەکانە..).

پۆزشهێنانەوەی فانیا بۆ سەربر یاکۆف دیسـان دەمانباتـەوە سـەر پرسـیاری یەکـەم لـە بـارەی پەیوەندی بتەوی نێوانیان، ئایا چیخۆف ویستوویەتی ئەو پەیوەندییە نەبێتە پەیوەندی خۆشەویسـتی، چونکێ ئەو خۆیشی لەگەڵ (لیدیا ئەفیلۆفا) وا ژیاوە؟

بـەر لـەوەی وەڵامـی ئـەو پرسـیارە بدەمـەوە، بـە پێـی خوێندنەوەیـەی مـن بـۆ ڕەمزەکـانی شـانۆگەرییەکە و شـیکردنەوەی، نـەك لـە دیـدی چـیخۆفەوە، پـێم وایـە پۆزشـهێنانەوەی فانیـا وەك ملکەچکردنی ڕۆشنبیری ڕاستەقینەیە لە بەرامبەر ڕۆشنبیری نا دروست، نەك هەر ئـەوە بـەڵکو وەك ملکەچکردنی گەلی ڕووسیایە بۆ حکومەتی قەیسەری.

دیسـان دەیڵێمـەوە کـە ئایـا چـیخۆف ویسـتوویەتی ئـەو پەیوەندییـە نەبێتـە پەیوەندیـەکی خۆشەویستی، چونکە ئەو خۆیشی وا ژیاوە؟

هێنری ترۆیا وەڵام دەداتەوە و دەڵێت: (لە شـانۆگەری نـەورەس، چـیخۆف پێشـنیاری کـرد کـە هەندێ گۆڕانکاری لـە نواندنەکـە بکرێـت و داوای کـرد کـە دەرهێنـەر ستانسەلافسـکی خـۆی ڕۆڵـی کەسێتی تریگۆرین ببینێت، چونکێ ئەو زۆر بە وردی لە هونەرەکەی دەگات. هەروەها نیـازی وابـوو هەندێ بۆق بێنێ و لە کون و قوژبنەکان دایان بنێت تا بقیڕێنن و چەند سەگێکیش بێنێت بـۆ ئـەوەی بحەپن تا کەشی لادێیەکە ڕاستەقینە دیار بێت).

ئەو پێداگرتنەی چیخۆف لە سەر واقعییەت زۆر جار چیخۆفی دەخستە پێکەنین و بە دەنگێکی بەرز دەیگوت: ــ شانۆ خەسـڵەتی تایبـەتی خـۆی هەیـە و دیـواری چـوارەمی تێدا نییـە، سـەرەڕای ئەوەش شانۆ هونەرە، کرۆکی ژیان پێچەوانە دەکاتەوە، بۆیە دەبێ هیچ شتێکی دەسـتکاری نەخرێتـە ناوی ـــ.

بۆ گەڕانەوەمان بۆ پرسیاری یەکەم دەبینین یـەلینا کەسـێتی ڕاسـتەقینەی (لیـدیا ئەفلۆفا)یـە، هەروەك ترۆیا دەڵێت: چیخۆف نەیدەویست خۆشەویستییەکەی قبوڵ بکـات و بـە تـەوایش وازی لێـی نەدەهێنا. ئەوەتا پاش سـەردانەکەی بـۆ عیـادەی دکتـۆر ئۆسـترۆمۆف کـە چـیخۆف لـەوێ نـەخۆش دەبێت، ئەو ژنە گەنجە بەردەوام داوای لێی دەکرد داوەتی بکات بـۆ ئـەوەی بیبینێـت و بـە دڵـمردوو تاوانباری بکات.



www.mukiryani.com

له ١٠ی تەمووزی ساڵی ١٨٩٨ نامەیەکی بۆی نووسیوە و دەڵێت: ئەگەر نامـەکانم هەنـدێجار زۆر توند و ساردن، ئەوا لەبەر ئەوەیە کە بایەخدار نیمە.

له شانۆگەرییەکە ئەو بایەخنەدانەی لـە سـەر زاری تیلیگین دەربڕیـوە وەختـێ گفتوگـۆ لەگـەڵ ئەستڕۆف و فانیا دەکات لە بەشی یەکەمی شانۆگەرییەکە بەم شێوەیەی خوارەوە:

ئەستڕۆف: ئایا یەلینا بۆ مامۆستا وەفادارە؟

فانیا: بەداخەوەم کە دەبێ بڵێم بەڵێ ئەوهایە.

ئەستڕۆف: بەلاّم بۆچی دەبێ داخی بۆ بخۆی؟

فانیا: چونکێ ئەو جۆرە وەفایە ڕاست نییە... ئاخر ئەگەر بۆ مێردە پیرەکەی دڵسۆز نەبێت کە خۆشی ناوێت، ئەوا دەبێتە ڕەفتارێکی بەدڕەوشتی، بەلاّم کە بەوپەڕی توانای گەنجییەتی و زینـدوێتی و توانای هەستکردنی خۆی لە دەروونی خۆیدا دەتخکێنێت، ئەوەیان نابێتە ڕەفتارێکی بەدڕەوشتانە!

تیلیگین: (بەچاوی پڕ لە فرمێسکەوە).. فانیا من لەگەڵ ئەو قسـەیەی تـۆدا نیمـە..! چـونکێ هەرکەسێك بتوانێ خیانەت لە ژنەکەی یا مێردەکەی بکات، ئەوا نابێتە کەسێك شایەنی متمانە پـێ کردن بێت، ڕەنگە خیانەت لە نیشتمانەکەشی بکات!

بەلاّم ئەو دیالۆگەی لە نێوان یەلینا و ئەستڕۆف دەکرێت لە بەشی سێیەم هـەر ئـەوە ناگـەینێت کـە چـیخۆف بـەو ژنـە سەرسـامە، بـەڵکو پێیـەوە دیـارە کـە خۆشیشـی دەوێـت. ئەمەیـە کـە ستانسەلافسکی لە دەرهێنانی شانۆگەرییەکە تێی دەگات و چیخۆفیش لە نامەکەیـدا بـۆ (ئۆلگـا)ی هاوسەری بە هەڵەی دادەنێت، بەڵگەشی ئەوەیە کە ئەو دیالۆگەی نێوان یەلینا و ئەستڕۆف تـەنها بـۆ کات بەسەر بردنە.

بەلاّم بە پێی ئەو ڕایەی کـە لـە بەشـی کۆتاییـدا دەری دەبڕێـت کـە بـە ئاشـکرا جوانییەکـەی سەرنجی ڕادەکێشێت و بە شێوەزارێك قسانی لەگەڵ دەکـات کـە زۆر لـە شـێوەزاری یـەلینا دەچـێت، وەختێ باسی گەرمایە باوەکەی کیشوەری ئەفریقای بۆ دەکات و بە بیربلاّوییەوە ماچی دەکات.

ئەو زانیارییەی ترۆیا دروستە کە لە بەشی کۆتـایی شـانۆگەرییەکە ئەسـتڕۆف بـە بیربلاّوییـەوە یەلینا ماچ دەکات، بەلاّم قسەکردنی بە شێوەزاری ئەو، وەختی باسی گەرمای ئەفریقای بۆ دەکـات، ئەمەیان ڕاست نییە، ئاخر ئەو لێکچوونە وەك لە دەقەکەدا هـاتووە، لەگـەڵ مارینـا و فانیایـە، بـەم جۆرە:

مارینا: ڕەنگە زۆر ئارەزووی خواردنەوەی بەرداخێك ڤۆدگا بکەیت.

ئەستڕۆف: (بە دوودڵییەوە) لەوانەیە.



www.mukiryani.com

ئەسترۆف: (پاش هەڵوەستەیەکی کورت)، یەکێ لە ئەسپەکانم بە هۆیەك شەلە بووە، دوێنێ کە پەترۆشکا بردی ئاوی بدات تێبینی ئەوەم کرد.

فانیا: دەبێ ناڵی کەیتەوە.

ئەسترۆف: پێویستە بانگی ناڵبەندەکە بکەم. ناکرێ خۆت لەوە بەدوور بخەیتەوە ـــ بەرەو لای نەخشەکەی ئەفریقیا دەچێت و سەیری دەکات ـــ وابزانم ئێستاکە لە ئەفریقیا گەرمایەکی زۆر توندە!



www.mukiryani.com

# باری دەروونی کەسێتییەکان

# لە شانۆگەری نەورەسدا

چیخۆف شانۆگەری (باڵندەی دەریا ــ نەورەس)ی سی ساڵ بەر لە شانۆگەری (خاڵە فانیا) نووسیوە، ئەو شانۆگەرییە دووجار نمایش کرا، جاری یەکەم لە ١٧ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٨٩٦زۆر خراپ شکستی هێنا، جاری دووەم ستاسەلافسکی دەریهێنا و سەرکەوتنێکی بێ وێنەی بە دەست هێنا لە ٢١ ی تەشرینی یەکەمی هەمان ساڵ.

چیخۆف لەو شانۆگەرییەدا کەوتۆتە ژێر گاریگەرییە سروشتییەکەی، ڕەگەزە بنچینەییەکانی شانۆگەرییەکەی لەو خەڵکە وەرگرتووە کە لەگەڵیاندا دەژی و هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکات، وەك چۆن لە شانۆگەری خاڵە فانیا سوودی لە چیرۆکی خۆشەویستی نێوان خۆی و (لیدیا ئەفلۆفا) وەرگرتووە و لە کەسێتی (یەلینا) بەکاری هێناوە، کە هەموو کەس خۆشیاندەویست، لەو شانۆگەرییەش بەشێکی ئەو خۆشەویستییەی بەکارهێناوە، سەرەڕای چیرۆکی خۆشەویستی لەگەڵ (لایکا) کە لە کەسێتی (لینا)دا بەرجەستەی کردووە.

ئەو شانۆگەرییە کە لە چوار بەش پێکهاتووە و شەش ڕۆڵی لەخۆ گرتووە، سێ پیاو و سێ ژن. ڕووداوەکانی لە باخەکەی ناو موڵکەکەی (سۆرین) بەڕێوەدەچێت کە لەگەڵ خوشکە ئەکتەرەکەی (ئەرکەدینا) و کوڕە گەنجەکەی (تەربلیۆف) لەو خانووەدا دەژین. خوشکەکەی سۆرین ژیانی خۆشدەویست و حەزی لە پەیوەندی ئەویندارى دەکرد. کوڕەکەشی نە پارەی هەبوو و نە بەهرەیەکی ڕاستەقینەی لە نووسینی چیرۆك و دەقی شانۆیی هەبوو. (نینا)ی پاڵەوانی ئەو شانۆگەرییەی خۆشدەویست کە ئامادەی کردبوو، پاشان دایکی لێی تووڕە دەبێت، چونکە ئەو ڕۆڵەی پێ نادات و لە کاتی نمایشکردنەکە گاڵتە بە شانۆگەرییەکە دەکات، ئیدی بەم ڕەفتارەی هەستی کوڕەکەی بریندار دەکات کە زۆربەی کاتەکانی لە نێزیك دەریاچەکە بەڕێ دەکرد دوور لە دایکی.



www.mukiryani.com

دوودڵـی و نیگـەرانی (نینـا) لـە خۆشەویسـتنی (تـەربلیۆف) لـە شـانۆگەرییەکەی تـەربلیۆف دەردەکەوێت لە کاتی دەربڕینی ڕای خۆی لە بەرامبەر (ماشا)ی کیژی (شامر ئەییف) کـە سـەرکاری کێڵگەکەی سۆرینە و ڕۆڵی تێدا دەبینێت، بەڵام لەبـەر ئـەوەی ڕۆڵبینینەکـەی سـەرنجڕاکێش نـەبووە، کـوڕە هـەمان هەسـتی لـە بەرامبەریـدا نابێـت، ئـەوجارە (تریگـۆرین) کـە نووسـەرێکی ناسـراوە و ئەزموونێکی دوور و درێژی هەیە، سەرنجی ڕادەکێشێت و وادەزانێت لەگەڵ ئەو نووسەرە و بە نوانـدن لەسەر تەختەی شانۆ دەتوانێ ئاواتەکانی خۆی بپێکێ و بگاتە لووتکەی شکۆداری، بۆیە شـووی پـێ دەکات و دەبنە هاوسەر، پاشان دوای ئەوەی منداڵێکی لێی دەبێت و دەمرێت، مێردەکەی وازی لـێ دێنێت. لە دوا بەیەك گەیشتنی لەگەڵ تەربلیۆفدا دانی پێدادەنێت کە هێشتا تریگۆرینی لەو خۆشـتر دەوێ، ئیدی تەربلیۆف بۆ جاری دووەم خۆی دەکوژێت کە لە جاری یەکەمدا شکست هێنابوو.

چـیخۆف ئـەو ڕووداوەی لـە فەشـەلهێنانی ڕووداوی خۆکوشـتنی (بۆتـا نـەبکۆ)ی وێنـەکێش وەرگرتووە کە دواتر لە دوای هەوڵی خۆکوشـتنەکەی تووشـی بێتاقـەتی دەبێـت, ئـەویش بـە هـەمان شێوە (لایکا)ی خۆشویستووە، پاشان غەدری لێی کردووە و وازی لێی هێناوە، وەك چۆن تریگۆن لەو شانۆگەرییە وازی لە لینا دەهێنێت.

ئەگەر چیخۆف لە شانۆگەری خاڵە فانیا کاری لەسەر کەرەسەی شـیعری کـردووە کـە خـۆی لـە کەشوهەوا و وروژێنەری دەنگ دەبینێ، ئەوا لەو شانۆگەرییەدا هەمان شێوازی گرتۆتـە بـەر، وەلـێ نەك بە قەبارە و چڕی شانۆگەری خاڵە فانیا، ئیدی بـە شـێوازێکی دیکـەش پشتبەسـتی کـردووە کـە ئەویش لە ڕێگەی پشتبەستن بە نەبرەی دیالۆگی نێوان کەسێتییەکانە، ئەو نەبرەیـەی کـە لـە ڕێگـەی گەمەی چاوداگرتن و نیگا بەخشینەوە دەتوانێ لە جێگەی ڕووداو، کەشێکی دەروونـی بێنێتەکایـەوە لە شانۆگەرییەکە. یاخود وەك هێنری ترۆیا دەڵێت: (گرنگی شانۆ زیاتر لە نەبرەی ئەو دیالۆگانەدایـە کـە بـە وردی دەنووسـرێن و هێمـادان و مەبەسـتی وای تێدایـە پێشـتر دەرنـەبڕاون، نـەك لـە چـنینە ئاساییەکەی).

لـەو شـانۆگەرییە کەشـی دەروونـی شـوێنی ڕووداوی گرتۆتـەوە و هەڵچـوونەکان لـە جولـە و هاوارکردندا نینە، بەڵکو لە نهێنییەکانی دڵدانە. ئاخر هەر پەرەسەندنی هەستەوەرە بێدەنگەکانە کە هەناسەی بینەران دەگرێت، نەك گۆڕانی هەڵوێستەکان.

بە کورتی نووسەر هەوڵی نەداوە بینەر داخورپێنێ، بەڵکو ویستوویەتی سیحریان لێ بکات.



www.mukiryani.com

ڕەنگە سەرنەکەوتنی (کاربۆف)ی دەرهێنەر لە نمایشکردنی یەکەمی ئەو شانۆگەرییەدا بۆ تێنەگەیشتنی لە مەبەستی دەقەکە بگەڕێتەوە. لەم بارەیەوە چیخۆف دەڵێت: خەون دەبینم کە ئەوان ژنێکم بۆ دێنن خۆشم ناوێت و لە ڕۆژنامەکانیش جوێنم پێ دەدەن).

کاربۆفی بەڕێوەبەری شانۆ کە کاری دەرهێنانی بۆ کردووە، لە وردەکارییەکانی شانۆگەرییەکە تێنەگەیشتووە. ئەو ئەکتەرانەی کە کاربۆف نەیتوانیوە چاکیان هەڵسووڕێنێ و بە دەم پانکردنەوە قسان دەکەن، چیخۆف تووشی حەپەسان دەکەن، بۆیە زۆرجار قسەیان پێ دەبڕێت و داوایان لێ دەکات کە ئاسایی و سروشتی بجولێنەوە، بەلاّم وەختێ لە پرۆڤەکردنی نمایشی دووەمی ئامادە دەبێت کە ستانسەلافسکی کاری دەرهێنانی بۆ کردبوو، هەست دەکات ئەکتەرەکان لە شانۆگەرییەکەی تێگەیشتوونە. کە جاری دووەم چۆوە بینینی پرۆڤەکەیان پێشنیاری هەندێ گۆڕانکاری لە نواندنەکە دەخاتەڕوو و داوا لە ستانسەلافسکی دەکات شوێنی ئەو ئەکتەرە بگرێتەوە کە ڕۆڵی تریگۆرین دەبینێت.

جا بۆ ئەوەی شانۆگەرییەکە لە سەر ئەو ئاڕاستەیە بڕوات کە پشت بە دیالۆگی ناوەوە دەبەستێ، نەك دیالۆگی دەرەوە، بۆ ئەوەی بتوانێت لە نهێنیدا زێتر قسان بکات لە ئاشکرایی، یا وەك ترۆیا دەڵێت: (خەڵك لێرە لە جیاتی ئەوەی ڕەفتار بنوێنن، لە ڕۆحیان دەگەڕێن قسان بکەن).

بۆیە یەکەم دەستپێکردنی شانۆگەرییەکە بەو ڕستانە دەست پێ دەکات کە هێماداری بێزارین و (ماشا) لە گفتوگۆی لەگەڵ (مەدفیدینکۆ) دەیکات و دەڵێ: (من بەدبەختم)، تا ئاگاداری بکاتەوە کە خۆشی ناوێت، دواتر بە مەبەستی لەبیرکردنی خۆشەویستیی (تەربلیۆف) شووی پێ دەکات. ئیدی ئەو نەبرەیە لە دیالۆگی گشت کەسێتییەکان بەردەوام دەبێت، بەلاّم لە هەموویان ڕوونتر لە دیالۆگەکانی (سۆرین)ی خاڵی (تەربیلۆن) دەردەکەوێ، جارێك کە باسی نارێکی ژیانی لادێ دەکات و جارێکی دی کە لەدەست حەپینی سەگ سکالاّ دەکات و جاری سێیەمیش داننانییەتی بە خولیابوونی بۆ خوێنەدنەوەی کتێب.

١ ــ سۆرین: ژیانی لادێ تاڕادەیەك بۆ من نەگونجاوە کوڕەکەم، وادیارە قەت لەگەڵی ڕانایەم.

٢ ــ سۆرین: مانای وایە ئەو سەگە بە درێژایی شەو هەر دەحەپێ، سەیر لەوە دایە کە من هەرگیز بە خۆشی لە لادێدا نەژیاوم... بەلاّم هەر وەختێ دەگەمە ئێرە یەکسەر خەڵکەکە بە قسەی پڕوپووچ بێزارم دەکەن.

٣ ــ سۆرین: کوڕەکەم، دەبێ دانی پێدابنێم کە من هۆگری خوێندنەوەی کتێب بوومە، ئایا ئەمە دەزانیت؟ سالاّنێك دوو شت هەبوون بە زەوقەوە ئارەزووم بۆیان دەچوو، یەکەمیان حەزم لە



www.mukiryani.com

ژنهێنان بوو، دووەمیش حەزم دەکرد ببمە ڕۆماننووس، وەلێ لە هیچیان سەرنەکەوتم، بەڵێ، کە هەموو شتێك گوترا و جێبەجێ کرا، ئەگەر نووسەرێکی خراپیش بیت هەر باشە.

کەسێتییەکانی ناو ئەو شانۆگەرییەش ئەوهایان بەسەردێت، ئاخر هەموو کەسێتییەکان لە خۆشەویستی هونەر شکست دێنن.

ئەو نەبرەیە هێمایەکە بۆ بێئومێدی کە لەگەڵ هەر هەنگاوێك لە چوونەپێشەوەی شانۆگەرییەکە، وردە وردە بەرزهەڵدەچێ، تا لە دیالۆگی نێوان تەربلیۆف و لینا بە تەواوی ڕووندەبێتەوە:

لینا: ئەوە دارە چ درەختێکە؟

تەربلیۆف: ئەوە دارەڕەشە.

لینا: ئەدی بۆچی ئەوها تاریکە؟

تەربلیۆف: وەختەکەی درەنگە و هەموو شتێك ئێستا تاریك دیارە... مەڕۆ ...تکات لێ دەکەم...

بەیەکەوە هاتنی ڕستەی (وەختەکەی درەنگە) لەگەڵ (هەموو شتێك ئێستا تاریك دیارە)، هێما نادەن کە نمایشەکە پاش کەمێك دەست پێ‌دەکات، بۆیە گڵۆپەکانی ناو هۆڵەکە دەکوژێنەوە و دەبێتە تاریکەستان، بەڵکو دەبێتە وڕێنەی پیاوێکی خەونبینی وا لە خەودا کابووسێك دەبینێ لە دوارۆژە تاریکەکەی ئاگاداری دەکاتەوە. بەڵام تەربلیۆف چۆن پێشبینی ئەمەی کردووە، ئەوا نووسەر ئەوەمان پێ ناڵێت، چونکە هەر کەسێتییەك وەختێ دەکەوێتە گفتوگۆ، هیچ بایەخ بەو قسانە نادات کە بەرامبەرەکەی دەیکات، بە قەدەر ئەوەی گرنگی بەو دیالۆگانە دەدات کە لەگەڵ خۆیدا دەیانکات. جا لەوانەیە وەڵامی تەربلیۆف بۆ پرسیارەکەی لینا، کە بە ئاڵۆزیی نواندن لە شانۆگەرییەکانییەوە پەیوەستە، باشترین نموونە بێت بۆ ئەوە، وەختێ دەڵێت:

تەربلیۆف: کەسێتی زیندوون، ناچار نین ژیان چۆنە یان چۆن دەبێ ئەوها وێنەی بگرین، بەڵکو دەبێ لە خەونەکانمان چۆنی دەبینین ئاوا وێنەی بگرین.

لینا: بەدەگمەن ڕووداو لە شانۆگەرییەکەت هەیە، هەمووی هەر قسەکردنە...

هەروەها ئەو دێڕانەی کە ئەرکەدینا لە شانۆگەریی هاملێتدا دەیڵێ و تەربلیۆف تەواوی دەکات، هەمان مانا دەبەخشن و دووپاتی دەکاتەوە کە ئەو شانۆگەرییە بە دوای نهێنیی دڵەکاندا دەگەڕێت نەك گۆڕانی هەڵوێستەکان.



www.mukiryani.com

ئەڕکەدینا: ئۆی هاملێت دە چیدی قسان مەکە، تۆ وام لێ دەکەی بە چاوەکانم سەیری ناخی ڕۆحی خۆم بکەم و لەوێ شوێنی ڕەش و وەڕسکار دەبینم، (وەك ئەوەی نەیەوێ واز لە ڕەنگەکەی بێنێت).

تەربلیۆف: لێمگەڕێ با دڵت ڕام بکەم، چونکێ من لەمەودوا وا دەکەم، گەر لە بەربەستی وا پێکهاتبێت کە شایانی بڕینن بێت.

ئەمە سەرەڕای ئەوە هێمایەکە بۆ پەیوەندی نێوان هاملێت و دایکی لە شانۆگەری (هاملێت)ی شەکسپیر، کە مێردی بە مامی کردەوە، لە بارەی خیانەتکردنە زانراوەکەی لە پیاوەکەی و نیگەرانیی هاملێت بە هۆیەوە. ئەو نیگەرانییەی وای لێ دەکات گومان لە هەموو کەسەکانی دەوروبەری خۆی بکات بە (ئۆفیلیا)ی خۆشەویستیشیەوە کە بە ڕستە بەنابانگەکەی پێی دەڵێت: (بڕۆ بۆ کەنیسە و ببە بە قەشەژن)، وەك ئاماژەیەك بۆ نیگەرانیی تەربلیۆف و خیانەتکردنی لینا. جا ئەگەر ئەو نەبرە هێمادارە لە زیاتر لە شوێنێك دووبارە دەبێتەوە، ئەوا ناو لەخۆنانی لینا بە (نەورەس) لە گفتوگۆیەکەی کە لەگەڵ تەربلیۆفدا دەیکات، لە هەموو دیالۆگەکان زیاتر نیشاندەری ئەو بارە دەروونییەیە کە ئەو کەسێتییە لە لایەك تێیدا دەژی و لە لایەکی دی نیشانەی ئەو چارەنووسەیە کە تێی کەوتووە، ئەمەش لە ڕێگەی لێکچواندنی عاشقبوونی لینا بۆ شانۆ بە عەشاقبوونی نەورەس بۆ دەریاچە، وەك ئاماژەیەك بۆ بەستنەوەی ژیانی خۆی بە ژیانی نەورەسەکە، ئاخر هەردووکیان بە دەستی تەربلیۆف دەکوژرێن، نەورەسەکە بە گوللەیەکی ئەو و لیناش بە بێبەهرەییەکەی.

لینا: باوکم و هاوسەرەکەی لێناگەڕێن بێمە ئێرە. ئەوان دەڵێن ئەو شوێنە (بوهیمییە)...لەوە دەترسن بچمە سەرتەختی شانۆ، لە کاتێك من ئەو شوێنەم زۆر پێ خۆشە و ئەو دەریاچەیە بۆ خۆیم ڕادەکێشێت وەك ئەوەی منیش نەورەس بم.

تەربلیۆفیش بە هەمان ئەو شێوەیە دەدوا کە لێنا قسەی پێ دەکرد و بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، ژیانی خۆی بە چارەنووسی نەورەسەکەوە گرێدەدا کە خۆکوژییە:

تەربلیۆف: کەسێکی زۆر کەم بووم دەنا چۆن ئەو نەورەسەم دەکوشت، من لەبەرپێی تۆی دادەنێم.

لینا: ئەوە چیتە؟ (نەورەسەکە لە دەست دەگرێ و سەیری دەکات).

تەربلیۆف: (پاش وەستانێکی کورت)، بە هەمان شێوە خۆشم دەکوژم.



www.mukiryani.com

هەروەها (ماشا) هەرچەندە پەنای بۆ خۆکوژی نەبردووە، لێ شووکردنی بە مەدفیدینکۆ کە خۆشی ناوێت و چیدی نازانێت خەڵکی کوێیە و هیچ ئامانجێکی لە ژیاندا نییە، ئەویش بە شێوەیەکی دیکە خۆی دەکوژێت کە ڕەنگە لە خۆکوژییەکەی لینا و تەربلیۆف سەختتر بێت.

ماشا: بەم زووانە شوو بە مەدفیدینکۆ دەکەم.

تریگۆرین: مەستت مامۆستاکەیە؟

ماشا: بەڵێ.

تریگۆرین: هیچ مەبەستێك لە دوای ئەو شووکردنە نابینم.

ماشا: مەبەستی خۆشەویستی بەبێ هیوا چییە ... چاوەڕێی ڕوودانی شتێك بکەیت.. مرۆ نەزانێت ئەو شتە چییە.. بەڵام وەختێ هاوسەرگیری دەکەیت هیچ کاتێك بۆ خۆشەویستی نامینێتەوە و بایەخدان بە شتی تازە دێتە پێشەوە... بە هەرحاڵ ئەمە بە گۆڕان دادەنرێت.

شێوەی ئەو زمانە کە خەسڵەتی بێئومێدی و خەونی پێوەیە، بەرزهەڵدەچێ تا دەگاتە کەسێتی ئەرکەدینا، وەختێ لەگەڵ تریگۆرین دەدوێ: با بێنە ژوورەوە، شەرمم پێ نییە کە تۆم خۆشدەوێ ئەی خۆشەویستە ئازیزە بەرەڵاکەم... (دەستەکانی ماچ دەکات)، تۆ بۆ منی.. بۆ من.. ئەو نێوچەوانە هی منە، ئەو دوو چاوە و ئەو پرچە ئارمووشییە جوانە هەمووی هی منن. تۆ زۆر بەهرەدار و بیرتیژی، لە نێو نووسەرە هاوچەرخەکان تۆ لە هەموویان باشتری و تاکە هێوای ڕووسیای...

چیخۆف لەو شانۆگەرییەدا بە قەبارەی شانۆگەریی خاڵە فانیا، ئەو زاراوانەی بەکارنەهێناوە کە نیشانەی بارودۆخی کەشوهەوا و ورووژینەرە دەنگییەکانن، لێ لەگەڵ ئەوەشدا لەبەر دوو هۆ پشتی پێ بەستوونە:

- دووپاتکردنەوەی ئەو شێوازە تایبەتییەی کە هەیەتی.
- هێمادان بۆ پەیوەندییەکانی خۆشەویستی.

ماشا: ئەو لێرە نێزیکە، وابزانم ئەو شەو دەیکاتە ڕەشەبا و هەورە برووسکە، تۆ هەمیشە یا دەفەلسەفێنی یا باسی پارە و سامان دەکەیت.

ئەو ڕستەیە لە لایەك نیشانەیە بۆ ئەوەی کە مەدفیدیکۆی خۆشناوێ، نیشانەیەکیشە بۆ ئەو دژایەتییەی کەوتۆتە نێوان ئەرکەدینا و تەربلیۆفی کوڕی.

بەڵام وشەی کەشوهەوا لە زاری پۆلیناوە دەردەچێت بەهۆی وابەستەبوونی (دۆرین)ی پزیشك پێیەوە: لە دەرەوە هەواکەی تەڕ و شێدارە ، تکا دەکەم بگەڕێیتەوە پێلاوەکانت لە پێ بکەی.



www.mukiryani.com

ئەویش وەڵامی دەداتەوە کە هەست بەگەرمی دەکات، وەك نیشانەیەك بۆ پشت گوێ خستنی تکایەکەی. گەرمبوونی هەوا بۆ ئەرکەدینا نیشانەی بێزابوونیەتی لە لادێ. کەشوهەوای ترسناکیش لە لایەن مەدفیدنیکۆ نیشانەیەکە بۆ خۆکوشتنی تەربلیۆف.

تریگۆرین کە باسی کەش و باو بۆران دەکات دەیەوێ بۆ ڕابردوو بگەڕێتەوە و ئاماژە بۆ دوو لایەن بکات:

ــ کۆتایی خەفەتئامێزی ژیان بە شێوەیەکی تایبەتی .

ــ کۆتایی کەسێتییەکانی شانۆگەرییەکە بە شێوەیەکی گشتی.

١ــ ئەو ڕستانەی کە نیشانەی کەشوهەوان.

تریگۆرین: کەشوهەواکە جێی متمانە نییە، ئاخر بایەکی بەهێز هەڵیکردووە، گەر بەیانی سبەینەکەی بیشکێنێ دەچمە ڕاوەماسی لە دەریاچەکە. هەروەها دەمەوێ چاوێك بە دەوری باخەکەدا بگێڕم و ئەو شوێنە ببینم کە شانۆگەرییەکەتی تێدا نمایش دەکرێت، لە بیرتە؟ بابەتی چیرۆکێکم لە کنە، تەنها دەمەوێ لە بارەی دیمەنەکە مێشکم ببوژێنمەوە، کە هەر دەبێ بقەومێ.

بەڵام وشەی کەشوهەوا لە زاری پۆلیناوە نیشانەی مرۆڤی بێهێزە کە ناتوانێ سواری پشتی ئەسپ بێت: لە کەشوهەوایەکی لەو جۆرە دەڕوات...(لە بەردەم مێزەکەی یاری کاغەزێن دادەنیشێ)، تکایە خوشك و برایە بەڕێزەکان بفەرموون.

٢ ــ ورووژێنەرە دەنگییەکان.

لە دیالۆگی نێوان سۆرین و ئەرکەدینا دووجار بە دوای یەکدا فیکەلێدانەکە هاتووە کە نیشانەی سەرسووڕمان و وەڕسبوونە.

ــ سۆرین: (فیکەیەك لێدەدات).. وابزانم باشترین چارەسەر ئەوەیە هەندێ سامانی بدەیتێ...

ــ سۆرین: (فیکەیەك لێدەدات).. ئاوا، کەواتە بمبوورە و دڵت گەورەبێ، من بڕوات پێ دەکەم.. تۆ ژنێکی بەڕێز و میهرەبانی.

تەختەدارەکە لە کۆتایی شانۆگەرییە بەو شێوەیە باسی کراوە: پێشانەکە عادەت وابوو پیاو بە دەوری موڵکەکەیدا بسووڕێتەوە و بە گۆپاڵ لە تەختەدارێك بدات بۆ ئەوەی ئەگەر دز لە دەوروبەری هەبوون بیانترسێنێ.

ماشا: (بانگ دەکات).. قوستەنتین کەس لێرە نییە (سەیرێکی دەوروبەری خۆی دەکات)، دەپرسێ ئەدی کۆستیا لە کوێیە؟ ... ئاخر ناتوانێ بەبێ ئەو بژیت.



www.mukiryani.com

جاری دووەم بۆ دڵنیابوون لە مانای یەکەم لە سەرزاری ماشاوە هاتووە: قوستەنتین بەو کارە زیاتر خۆشحاڵ دەبێت، دەتوانێ هەردەمێ ویستی بچێتە ناو باخەکە و لەوێ بیر بکاتەوە.

ئەو شانۆگەرییە وەك ترۆیا دەڵێت: (شایەتی لەسەر بێمانایی ژیانی مرۆڤ دەدات، چونکە سۆرین کە دەترسا بۆنی ناخۆشی لێ بێت، وەك بۆنی ئەو قونکە جگەرەیەی لە گۆشەیەك فڕێدەدرێت، ئێستا تەنها کەسێکی داتەپیو و بێ تاقەتە.

ماشا کە تەربلیۆفی خۆشدەویست بە نهێنی شووی بە مامۆستایەکی بێکەڵك کرد، ئێستا هەر دەخواتەوە تا خەمەکانی لەبیر بکات.

تریگۆرین ئێستا لە هەموو کاتێك پتر تووشی بێئومیدی بووە.

لینا کە مێردە نووسەرەکەی دەستی لێ بەردا، ئەو منداڵەشی ونکرد کە لەوی پەیدا کردبوو، لەبەر ئەوەی هیچ سەرکەوتنێکی لە شانۆ بەدەست نەهێنا، ئێستا وا لەگەڵ تیپێکی بچووك کار دەکات، ئەو ئاسۆیە فرەوانەی خەونی پێوە دەدیت لە بەرچاوی تەسك بۆتەوە، لێ شکستخواردنی خۆی ناسەلمێنێ. ئەو کاتەی تەربلیۆف سەرلەموێ دەیبینێ، پێی دەڵێت کە هێشتا خۆشیدەوێت، بەڵام لە بەر ئەوەی لینا ڕەتی دەکاتەوە، ئەویش لە داخان خۆی دەکوژێت.



www.mukiryani.com

## دواهەمین هەنسکی سارد
## لە شانۆگەریی سیٚ خوشکەکە

ئەگەر شانۆگەریی (باڵندەی دەریا ــ نەورەس) سیٚ ساڵ بەر لە شانۆگەری (خاڵە فانیا) نمایشکرابیٚت، ئەوا ئەو شانۆگەرییەی ئیٚمە خەریکین باسی لیٚوە دەکەین، دوو ساڵ دوای خاڵە فانیا نمایشکراوە، واتە لە ساڵی١٩٠١ کە ئەو وەختە لە یەکەم نمایشکردنی بەهوتافکیٚشانی پڕ لە هەڵچوونەوە پیٚشوازی لیٚ کرا و ئەو کاتەی بینەران نووسەرەکەیان لەسەر تەختی شانۆ بینی تووشی واقوڕمان هاتن.

ئەو ئەکتەرانەی چیخۆف لەگەڵیان کۆبۆوە، لە یەکەم خویٚندنەوەی دەقەکە گوتیان نواندن لەو شانۆگەرییەدا لە هەموو دەقە شانۆییەکانی دیکەی نووسەر زەحمەتترە و تەنها چەند ئاماژەیەکە، بەڵکو هەر شانۆگەریش نییە. ئیدی چیخۆف کۆبوونەوەکە جیٚدیٚڵیٚ و ناتوانیٚ قسەی زیٚتر ببیستیٚ، بەڵام ستانسەلافسکی چووە کنی و توانی هیٚوری بکاتەوە و وەی بیٚنیٚتەوە بەر کە ئەو وەختە لە ژووری ئوتیٚلیٚك گۆشەگیر ببوو. هەردوو بەشی یەکەم و دووەمی بە تەواوی چاك کردەوە... بەشی سیٚیەم تەنها چەند دەستکارییەکی بچووکی گەرەك بوو، وەلیٚ بەشی چوارەمی دووبارە بە وردی نووسییەوە.

ڕووداوەکانی ئەو شانۆگەرییە لە شارۆچکەیەکی لادیٚ لە ماڵی بڕۆزۆرۆف بەڕیٚوە دەچیٚت کە ژەنەراڵیٚکی سەربازی بوو لە دوای مردنی سیٚ کچ و کوڕیٚکی لە پاش بەجیٚما ناوەکانیان (ئۆلگا، ماشا، ئیٚرینا، ئەندریە) بوو. ئەو سیٚ خوشکە و براکەیان لە مۆسکۆ لە دایك ببوون و شەیدای گەڕانەوە بوون بۆ ئەو شارە، بەڵام جیٚگیربوونی تیپە سەربازیٚك لەو شارۆچکەیە و هاتوچۆی هەندیٚ لە ئەفسەرەکان بۆ ئەو ماڵە بە هۆی ئەو پەیوەندییەی لەگەڵ باوکیان هەیانبوو، وای لیٚکردن سنووریٚك بۆ هەندیٚ خەیاڵ دابنیٚن کە تیٚیدا دەژیان. ئیدی ماشا و ئیٚرینا پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ دوان لەو ئەفسەرانە دروست دەکەن و ئۆلگای خوشکە گەورەشیان تووشی خەمۆکییەکی هەمیشیی دەبیٚت. هەرچەندە ماشا شووی بە (کۆلیگین) کردبوو کە مامۆستا بوو لەویٚ، بەڵام دڵی



www.mukiryani.com

بە (فەرشنین)دا دەچێت. ئێریناش دەست لەگەڵ (تۆزبناش) تێکەڵ دەکات بە مەرجێ لەگەڵ خۆی بیباتە مۆسکۆ، لێ لە دڵەوە خۆشی ناوێت و تۆزبناشیش ئەو ڕاستییە دەزانێت کە ئەو کچە کەسێکی دیکەی خۆشدەوێت و وێنەی ئەوی لە خەیاڵدا نەخشکراوە. بەلاّم پاش ماوەیەکی کەم تیپە سەربازییەکە لەوێ دەگوازنەوە بۆ شوێنێکی تر و دەستگیرانەکەی ئێریناش لە زۆرانبازیێك لەگەڵ (سۆلینی)دا دەکوژرێت، ئیدی لەبەر ئەو دوو هۆکارە کچەکان لە دوای نەشوەیەکی سۆزدارانەی کورت دێنەوە هۆش و دەگەڕێنەوە سەر ژیانەکەی جارانیان.

شانۆگەری (سێ خوشکەکە) وەك چۆن زەحمەتترین شانۆگەری چیخۆفە بۆ نواندن، کەمترین ڕووداویشی تێدایە، نەك تەنها لەبەر ئەوەی پڕە لە ڕەمز و دەلالەتی هێمادار و لە شانۆگەرییەکانی خاڵە فانیا و نەورەس زێتر بە وشە و کەرەسەی وا ڕازاوەتەوە کە نیشانەی بارگرژی دەروونین، وەك حاڵەتی کەشوهەوا و وورووژێنەرە دەنگییەکانن، بەڵکو سەرباری ئەوەش لە بەرزهەڵچوونی کردارە درامییەکانیدا شێوازی مۆنتاجی سینەمایی گرتۆتەبەر، بۆ ئەوەی ڕووداوەکان بە شێوەیەکی هێدی و لەسەرەخۆ بچنە پێشەوە و بە هەناسە ڕاگرتن لە ڕێگەی بایەخدان بە کاروبارە باو و ئاساییەکانی ڕۆژانە لە ژیانی مرۆڤەکان، شتە شاراوەکانی ناوەوەی بدۆزرێتەوە و بکرێتە ئێش و ئازارێکی گەورە، دواتریش ببێتە تراژیدیایەکی ڕاستەقینەی وا کە مرۆ نەتوانێ چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە.

## ١- ڕەمز و دەلالەتە هێماداره‌كان:

نووسەر لەسەر ژمارەیەکی لەوانە کاری کردووە، بەلاّم ئەوەی من توانیومە ئاشکرای بکەم نێزیکەی سی ڕەمز و نیشانەن، بەشی یەکەم پێنج و بەشی دووەم حەفت بەشی سێیەم شەش و بەشی چوارەمیش دەی بەردەکەوێت.

لە پێشەوەی ئەو ڕەمزانە، ئەو جلوبەرگانە دێت کە سێ خوشکەکە دەیپۆشن بۆ دەرخستنی کەسێتییان. ئۆلگا جلێکی ڕەنگ ڕەشی کلاوی لەبەر دەکات کە هی مامۆستایەکی دواناوەندییە، وەك نیشانەیەك بۆ پەیوەستبوونی بە پیشەکەی خۆی لەلایەك و وەك دەرخستنی خەمۆکییەکەی بەهۆی قەیرەبوونی لە لایەکی دیکە. ماشا جلی ڕەش دەپۆشێ وەك نیشانەیەك کە لە مێردەکەی یاخییە و دڵی بە ئەفسەر (فەرشنین)دا چووە. ئێریناش جلی سپی دەپۆشێ کە نیشانەی سروشتی ڕەمەکیانەی و خەیاڵەکانی و خۆشویستنی ژیانە.



www.mukiryani.com

بەلاّم ڕستەی (درەختی بەتولا هیچ گەلاّیەك نادا) كە لەسەر زاری ئۆلگاوە دێت هەر چەندە كەشوهەواكەشی گەرمە، ئەوا نیشانەی دیارخستنی ناشیرینی ئەو گوندەیە كە لێی دەژین. كە باسی مۆسكۆش بە هەمان مەبەست دووپات دەبێتەوە:

(باوكمان ماوەی پازدە ساڵە بە فەرماندەی لیوا دامەزراوە، پاشان مۆسكۆی بەجێهێشت و ئێمەی لەگەڵ خۆی هێنایە ئێرە، تەواو لە بیرمە كە چۆن لەو وەختانەی ساڵ هەموو شتێك لە مۆسكۆ جوان و ڕازاوە بوو).

وشەی مۆسكۆ بە درێژای شانۆگەرییەكە دووبارە دەبێتەوە و ڕەمزی خەونی سێ خوشكەكەیە، وەك لەم ڕستانەدا دیارە:

ئۆلگا: هەستم بە ئارەزوویەكی بەجۆش كرد بۆ ئەوەی بگەڕێمەوە مۆسكۆ.

ئێرینا: ئای ئەگەر بمانتوانیبایە بگەڕێینەوە مۆسكۆ...

ماشا: شتێكی سەیرە لە پڕێكا لەگەڵ پیاوێك كۆببینەوە كە خەڵكی شاربێت، (مەبەستی مۆسكۆیە)..

هەروەها وەختێ تۆزنباش بە سۆلیۆنی دەڵێت: لە بیرم نەبوو پێت بڵێم كە (فەرشنین)ی فەرماندەی تازەی تیمی تۆپەكەمان بە تەمایە ئەوڕۆكە سەردانت بكات. (لە تەك پیانۆیەكە دادەنیشێ). ئەمە نیشانەیەكی ڕوونە بۆ دوو مانا:

ــ كەسی سێیەم لە كنیانە لە ژوورەوە كە یەكێ لە كچەكانە.

ــ بۆ ئەوەی كچەكان پێشتر بەو سەردانە بزانن.

جا ڕەنگە شادبوونی ئۆلگا بە بیستنی ئەو هەواڵە و پرسیاركردنی ئێرینا لە بارەی تەمەنی ئەفسەرەكە باشترین بەڵگە بێت بۆ ئەمە.

ئۆلگا: من زۆر دڵخۆشم بە بیستنی ئەو خەبەرە.

ئێرینا: ئایا تەمەنی گەورەیە؟

دیارە كە ماشا نەیدەویست لە ئاهەنگی ئێرینای خۆشكی ئامادە ببێت، بەلاّم كە زانی فەرشنین لەوێ ئامادە دەبێت كلاّوەكەی لەسەری دەكاتەوە و دەڵێ: (بۆ نانخواردنی نیوەڕۆ دەمینێمەوە). ئەمە نیشانەیەكی ئاشكرایە كە كەوتۆتە بەردڵی.

بەلاّم كە دەچێتە سەر كورسییەكە تر دادەنیشێ و دەڵێ: ئێرە زیاتر ڕووناكیی هەیە، بێ ئەوەی ئەو ڕستەیە بدركێنێ دیارە كە خۆشەویستییەكەی ئەوی قبوڵە.



www.mukiryani.com

ماشا (لەسەرەخۆ پێدەکەنێ): وەختێ بەو شێوەیە قسانم لەگەڵ دەکەیت خۆم پێ ناگیرێ و ناتوانم پێنەکەنم، هەرچەندە لە هەمان کاتیشدا دەترسم. توخوا چیدی وا مەڵێ (بە دەنگێکی کپەوە) باشە.. نەخێر ... بەردەوامبە ... پێم ناخۆش نییە (بە دەستەکانی ڕووخساری دەشارێتەوە) پێم ناخۆش نییە.. ئەوا یەکێك هات با باسی شتێکی دیکە بکەین.

(فدۆتیك) لە گفتوگۆیەکەی لەگەڵ ئێرینادا کە دەڵێت: (مەچووە مۆسکۆ) دوای ئەوەی ئێرینا پێی دەڵێت (بەم زوانە دەگەینە مۆسکۆ)، ئاماژەیەك بێت بۆ دروستی ڕایەکەی فدۆتیك، ئاخر شانۆگەرییەکە بە گەڕانەوەی سێ خوشکەکە بۆ گوندەکە کۆتایی دێت، دوای ئەوەی ژیانیان گۆڕانێك بەخۆیەوە دەبینێ.

لەوانەیە هەڵچوونی ماشا بە ڕووی (ئەنفیسا)ش بەهۆی بێزابوون لەو پیرێژنە نەبێت، بەڵکو لە حەژمەت ڕۆیشتنی فەرشنین بێت لەماڵەکە.

فەرشنین: (بەدەنگێکی نەرم) ژنەکەم دیسان ژەهری خواردۆتەوە، دەبێ بگەڕێمەوە، دەڕۆم بێ ئەوەی ئەو ناشیرنە ببینێ (دەستی ماشا ماچ دەکات) ئەی خۆشەویستە ئازیز و میهرەبانەکەم... بە هێمنی لێرە دەڕۆم...(دەچێتە دەرێ).

ئەنفیسا:بۆ کوێ دەڕوات، ئاخر چایەم بۆی سازکردووە؟ ئای لەو پیاوە سەیر و سەمەرەیە!

ماشا: (لە تووڕەییان هەڵدەچێ) توخوا دە لێمگەڕێ، خۆم و حاڵی خۆم! بۆ ئەوەندە بێزارم دەکەیت بۆ وازم لێ ناهێنیت... ئاخر لێت وەرس بووبمە هەی پیری گەمژە!

پاشان ڕوو لە ئێرینا و (چبوتیکن) دەکات و بە ئێرینا دەڵێت: ئەگەر تەبیعاتم خراپە قسەم لەگەڵ مەکە و هەقت بەسەرکدا نەبێت!

پاش ئەوە پێدەکەنێ بە چبوتکین دەڵێت: لەوانە تەمەنت شەست ساڵ ببێت، کەچی هێشتا قسەی وا بێمانا دەکەیت هەر دەڵێی منداڵیت.

تۆزنباچ بە سۆلیۆتی دەڵێت: تۆ هەمیشە وا هەستم دەبزوێنی کە شتێك لە نێوانمامدا هەیە، تۆ کەسێکی زۆر سەیری، گومانی تێدا نییە. ئاماژەیەکە کە بە ڕکابەری خۆی دەزانێت لە خۆشەویستی ئێرینا.

هەروەها کە سۆلیۆنی قسان لەگەڵ ئێرینا دەکات لەسەر کوشتنی ئەو کەسەی ڕکابەرییەتی لە خۆشویستنی ئێرینا، دووپاتکردنەوەی دیالۆگەکەی پێشوویەتی کە لەگەڵ تۆزنباچدا کردوویەتی و قسەی ناو دڵییەتی کە دەڵێت: قەت ڕۆژێك لە ڕۆژان باسی خۆشەویستی خۆمم بۆت نەکردووە، ئەو کابرایە وام لێ دەکات کە هەست بکەم وەك ئەوەی لە هەسارەیەکی بژیم (نێوچەوانی دەخورێنێ)



www.mukiryani.com

گوێ بەو شتانە مەدە. ڕاستە کە من ناتوانم ناچارت بکەم منت خۆش بوێ، وەلێ ناشمەوێ ڕکابەری سەرکەوتووم هەبێ لە خۆشویستنی تۆ، سوێندت بۆ دەخۆم بە هەموو ئەو شتانەی لای من پیرۆزن کە ئەگەر کەسێکی تر هەبێت دەیکوژم...

دیسان لەدیالۆگی نێوان تۆزنباچ و کۆلیگین و ئێرینا، لە بارەی سازکردنی ئاهەنگێك کە تێیدا ماشا مۆزیك بژەنێ، تۆزنباش پێشنیار دەکات و کۆلیگینیش پاڵپشتی دەکات کە ماشا مۆزیکژەنێکی لێهاتووە، لێ ئێرینا بەرپەچی دەداتەوە و دەڵێت: ماشا مۆزیکژەنینی لەبیرچۆتەوە و ماوەی سێ چوار ساڵە وازی لێ هێناوە.

ئەم وەلاّمە ئاماژەیە بۆ ئەو بارە سستییەی کە باڵی بەسەر گوندەکەدا کێشاوە و نیشانەیەکە کە ماشا کاتی خۆی لە مۆسکۆ فێری مۆزیژەنین بووە. پێداگرتنی تۆزنباش لە سەر ڕایەکەی پێشتری کە دەیگوت: (لەو شارۆچکەیە تاکە کەسێك نییە لە مۆسیقا ناگات، دڵنیاتان دەکەمەوە کە ماشا بە شێوەیەکی جوان مۆزیك دەژەنێ)، ڕەنگە ئەو ڕایە بە شێوزەبەکی روون لەسەر زاری ئەندرێیە هاتبێت لە کۆتایی بەشی چوارەمدا کە دەڵێت:

(دروستبوونی ئەو گوندە بۆ دووسەد ساڵ بەر لە ئێستا دەگەڕێتەوە و سەد هەزار کەسی لێ دەژیت. کەسیان جیاوازی لەگەڵ ئەویدیکەیان نییە! قەت وا ڕووی نەداوە زانایەك یا هونەرمەندێك یا قەشەیەکی هەبووبێت، پیاوێکی وای تێدا هەڵنەکەوتووە وات لێ بکات حەزبکەیت ڕکابەری لەگەڵدا بکەیت. خەڵك لێرە هیچ ناکەن تەنها دەخۆن و دەخۆنەوە و دەخەون پاشا دەمرن، ئیدی ئەوانی تر شوێنیان دەگرنەوە و ئەوانیش دەخۆن و دەخۆنەوە و دەخەون، ئیتر بەو جۆرە... گە بیانەوێ کەمێك گۆڕانکاری لە ژیانیاندا بکەن تا لە بێزاریدا بە تەواوی نەبنە گەمژە، جلەوی قسە پووچە دەروونبڕکێنەکانیان بەرەلاّ دەکەن و خەریکی قومار و خواردنەوەی ڤۆدگا و داوایە قەزاییەکان دەبن...).

ئەمە سەرەڕای ئەو شتانەش، بیانۆیەکە بۆ سێ خوشکەکە کە لەو شارۆچکەیە نەمینێنەوە و بگەڕێنەوە مۆسکۆ. ڕەمزی چیخۆفانە کە نیشانەن بۆ کارەساتەکان لە چەشنی مردن، زۆر بە ئاسانی دەخوێندرێتەوە، چونکە نووسەر ڕووبەرێکی فرەوانی داوەتێ و کەرەسە و وشەکانی بە وردی هەڵبژاردووە. یەکەمین دەلالەت بە کوشتنی تۆزنباچ دەست پێ دەکات کە لە زۆربازی لەگەڵ سۆلیۆنی گیانی لەدەست دەدا. وەختێ تۆزنباش لە خەو هەڵدەستێ و دەڵێ (زۆر ماندوومە). پاشان وەك ئەوەی خەون بە ئێریناوە ببینێت دەڵێ: (ڕەنگت لەبەر نەماوە).. کۆتاییەکەی بەو ڕستەیە دێنێت: (دەبا دوور بڕۆین و پێکەوە کار بکەین).



www.mukiryani.com

لە دیالۆگی دووەمدا لە ڕستەی (خواحافیز ئەوا من ڕۆیشتم) دەست پێ دەکات و پاشان دەڵێ: (چاوەکانت فرمێسکیان تێدا زاوە)، تا بە ڕستەی (ئاخ خۆزگە دەمتوانی تەنها ژیانی خۆمت پێشکەش بکەم!) کۆتایی دێت، کە ئاواشی کرد.

ژیرایەتی چیخۆف لە قسەکانی ماشا بەڕوونی دیاردەکەوێت وەختێ لە مێردەکەی دەپرسێ کە بۆچی نەچۆتەوە ماڵێ، تا بە ئاسوودەیی لەگەڵ فەرشنین بمینێتەوە.

لەوانەیە گەڕانەوەی کۆلیگین لە ماڵەوە و گەڕانی بەدوای ماشا ئاماژەیەك بێت بۆ گومانکردنی لێی وەختێ بە تووڕەییەوە دەڵێت: ماشا لە کوێیە؟ ئەدی ماشا لێرە نەبوو؟

تارمایی مردنی تۆزنباش لە بەردەم ئێرینا بۆ دیمەنەکانی دواتر درێژ دەبێتەوە و دەبێتە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر، نەك لەبەر ئەوەی بە دەنگێکی بەرز دەگرییێت و داوا لە خەڵکەکە دەکات لە ژوورەکەی بچنە دەرەوە، بەڵکو لەبەر ئەوەی مردنەکەی لە جێهێشتنی شارۆچکەکە و گەڕانەوەی بۆ مۆسکۆ بێبەشی دەکات:

(من تەمەنم بیست و سێ ساڵە، بە درێژایی ئەو ساڵانە هەر کارم کردووە، هەست دەکەم دەڵێی مێشکم تێکچووە. دەزانم من زۆر لاوازتر و ناشیرینتر و بەتەمەنتر بوومە، من ئێستا بەهیچ شتێك دڵم ناگیرسێتەوە و کاتیش دەڕوات. هەست دەکەم من لە هەموو ئاواتێکی ڕاستگۆیانە و خۆشی ژیان دوور دەکەومەوە. من هێدی هێدی دوور دەکەومەوە و لە دەریایەکدا نقوم دەبم، هەست بە نائومێدی دەکەم و نازانم بۆچی ناك و ئێستا لە ژیاندا ماوم، نازانم بۆچی خۆم نەکوشتووە...).

نیشانەکانی مردنی تۆزنباش بە دوای یەکدا دێن:

فدۆتیك: مەڵێ بۆ بەیەکگەیشتنەوەیەکی تر(واتە ئێرینا بە تۆزنباش دەڵێت)، بڵێ خواحافیز، چونکە جارێکی دی یەکتر نابینینەوە!

ڕۆدە: (دەست لە ملی تۆزنباش دەکات)، وا دیارە ئێمە چیتر یەکدی نابینینەوە...

هەروەها لە گفتوگۆی ئێرینا لەگەڵ چبۆتیکن، کە پێیەوە دیارە بەهۆی شتێکەوە نائارامە، پێی دەڵێت کە سۆلیۆنی تەنگی بە تۆزنباش هەڵچنیبوو و ئەویش سەبری نەما و قسەی ناشیرینی پێی گوت، بۆیە لە گفتوگۆی دواتریان ئێرینا پێیەوە دیارە کە خەون بە شووکردن بە تۆزنباش و چوونە ناو خانووە بەردەکان دەبینێ. پاشان لە هیکڕا لە خۆشییان دەست بە گریان دەکات و دەڵێ: (پاش کەمێکی تر کرێکارەکان دێن و کەلوپەلەکانم دەگوازنەوە).

ئەو خەونە، یاخود ئەو هورێنەیە شێوازێکە لە شێوازە فڕوفێڵەکانی چیخۆف بۆ ئەوەی پێچەوانەی ئەنجامەکان بداتە دەست، ئەمەش لە ڕێگەی بەقسەهێنانی کەسێتییەکان لە ناوەوەی



www.mukiryani.com

خۆیاندا، بۆ دوورخستنەوەیان لە کاریگەری کردارە دەرەکییەکان کە سروشتێکی تەواو واقعییانەیان هەیە و نێزیکخستەوەیان لە هەست و سۆزە داهێنەر و جوانەکان، تا ڕاستگۆیانە و بەبێ دەستکاری و زۆرلەخۆکردن دەریانبڕێت.

گفتوگۆی نێوان ماشا و چبۆتیکن لە بارەی زۆرانبازییەکەی تۆزنباچ و سۆلیۆنی ڕاستیی گومانی ئێرینا لە کوژرانی دەستگیرانەکەی و نەگواستنەوەی کەلوپەلەکانی دووپات دەکاتەوە، بە پێچەوانەی ئەو شتەی خەونی پێوە دەبینی، ئاخر ئاماژەدانی چبۆتیکن بۆ سێیەمین زۆرانبازیی سۆلیۆنی و وەلاّمنەدانەوەی لەسەر تاقیکردنەوەکەی تۆزنباچ لەو بارەیەوە، ئەو ئەنجامە دووپات دەکاتەوە:

چبۆتیکن: سۆلیۆنی خۆی وەك لرمەنتۆف حسێب دەکات. ڕاستییەکەی ئەو شعران دەنووسێت، لێ ئەگەر بە تەواوی قسان بکەین ئەوە سێیەمین زۆرانبازییە دەیکات.

ماشا: سێیەمین زۆرانبازیی هی کێ؟

چبۆتیکن: هی سۆلیۆنی.

ماشا: ئەدی بارۆنەکە؟

چبۆتیکن: باشە، ئەو چییەتی (وەستانێکی کورت).

ماشا: بیر و هۆشم شپرزە بووە... بەلاّم مەبەستم ئەوەیە بلّێم کە پێویست ناکات لێبگەڕێن شەڕی یەکدی بکەن، ڕەنگە بارۆن بریندار بێت یا دەیکوژێت.

شێوازی فڕوفێلاّوی چیخۆف لە وەلاّمدانەوەی تۆزنباچ بۆ پرسیارەکەی ئێرینا دووبارە دەبێتەوە لە بارەی هوڕێنەکردنی، ئاخر ئەمیش دەست بە هوڕێنە دەکات: سبەی لەگەلّ خۆم دەتبەمە شوێنێکی دوور، ئەوجا پێکەوە کار دەکەین و دەولّەمەند دەبین، سەرلەموێ خەونەکانم دێنەدی، تۆش خانمەکەم بەختەوەر دەبیت.

ئەو نەبرەیەی لەسەر شێوازی چیخۆف هێما بۆ مردن دەکات لەو دیالۆگانە درێژەی هەیە:

ــ تۆزنباچ: بەڕاستی من تەواو دلّخۆشم، وا هەست دەکەم بۆ یەکەمجار درەختی تەنوب و دارکەوت و بەتولا دەبینم لە ژیانم، ئای لەو درەختە جوانانە، چەند جوانە وەختێ کە بیری لێ دەکەیتەوە، لە ژیاندا پێویستە چێژ لەو جۆرە درەختانە ببینی! (دەنگی هاوارێك دێت، ئای! های هو!)، کاتی ئەوە هاتووە بڕۆم... سەیری ئەو درەختە بکە تەواو وشك بووە کەچی هێشتا بە تەوژمی با لەگەلّ درەختەکانی دی لار دەبێتەوە، منیش بەهەمان شێوە پێم وایە ئەگەر مردم بە شێوەیەك لە



www.mukiryani.com

شیچوەکان بەشێکم لە ژیان بۆ دەمینێتەوە، خواحافیز ئازیزەکەم (دەستەکانی ماچ دەکات)، ئەو ئەوراقانەی داتە من وا لەسەر مەکتەبەکەمە لە ژێر ڕۆژنامەکە.

## ٢- ئەو ڕستە و ئامرازانەی نیشانەی بارگرژی دەروونین:

نووسەر حەڤدە لە حەڤدە ڕستەدا ئەو وشانەی بەکارهێناوە کە نیشانەی کەشوهەوایە، یازدەی لە بەشی یەکەمی شانۆگەرییەکە و شەشیش لە بەشی دووەم:

- لەبیرمە کەشوهەواکەی ساردبوو.
- بەفریش دەهاتە خوارێ.
- باران بە لێزمە دەباری.
- دایکردە باران.
- ئەمڕۆکە هەواکەی زۆر گەرمە.
- ئای لەو کەشوهەوا خۆشە.
- ئایا دەزانی لە کەشی گەرمدا چەندم حەز لە شەرابی ساردە.
- هەورێکی بروسکەداری هێناوەتە سەرمان و خەریکە دایکاتە باران.
- ڕەشەبایەکی بەهێز بەڕێوەیە بمانبووژێنێتەوە
- ئێرە هەواکەی ساردە و مێشولەیەکی زۆری لێیە.
- ئەمڕۆ کەشەکەی خۆشە.
- بایەکە ئەوها لە زۆپاکەی دا.
- سەیری دەرەوە بکە وا بەفری تێدەکات.
- ئای لەو بایە!
- چ وەرزێك بوو، هاوین بوو؟
- یا زستان؟
- وا دەزانم ئەگەر لە مۆسکۆ بامایە گوێم پێ نەدەدا کە چ وەرزێکە.

## ٣- ورووژێنەرە دەنگییەکان:

لەسەر بیست و پێنج ئامراز کاری کردووە کە هەندێکیان لە نێوان (فیکەلێدان) و (مۆزیك ژەنین) و (پێ لە عەرددان) و (گۆرانی) دابەش بوونە.



www.mukiryani.com

له بەشی یەکەمدا دووجار فیکەلێدان بە دوای یەکدا هاتووە لە لایەن ماشاوە. دووجاریش مۆزیك ژەنین و جارێك گۆرانی گوتن و پێ لە عەردیدانیش جارێك هاتوونە. بەڵام لە بەشی دووەم و سێیەم و چوارەمیشدا گۆرانی گوتن و مۆسیقالێدان و لە پێ لە عەردیدان لە هەریەکەیان یەکجار هاتوونە.

گەر تێبینی بکەین دەبینین نووسەر لە بەشی سێیەم و چوارەمدا بە قەبارە و چڕییەکەی پێشتر کاری لەسەر ئەو ئامرازانە نەکردووە کە نیشانەی بارگرژی دەروونی و ورووژێنەرە دەنگییەکانن، چونکە تەرکیزی لەسەر ڕەمز و دەلالەتە هێماداراەکان کردووە و پەنای بۆ دوو وشەی شعری بردووە کە لە ڕاستیدا هەردووکیان یەك وشەنە لە ژێر دوو ناودا، ئەوانیش بریتین لە: (کەساس، و ماندوو)، بەو مەبەستەی ئەو دوو وشەیە ڕووداوەکە لە حاڵەتی وەستان دەربێنن و بیخەنەوە سەرەوە. لە بەشی سێیەمدا دەجار و لە چوارەمیش چوارجار هاتووە:

ــ ئۆلگا:... ئەو هەمووە چەند ترسناکە! چەندە ماندووم.

ــ ئۆلگا:... هەمووی دابەشکە.. من زۆر ماندووم.

ــ تۆلگا:... کەمێ لێرە دانیشە نەنەکەم... تۆ زۆر ماندووی.

ــ ناتاشا: ماشا خەوتووە.. ئاخر ئەو داماوە زۆر ماندووە.

ــ کۆلیگین: من زۆر ماندوومە ئەی ئۆچکای ئازیز.

ــ تۆزنباچ: (لە خەو هەڵدەستێ) دیارە زۆر ماندووم.

ــ ئێرینا: ئەو ژنە زۆر ماندووە، توخوا نیدیا لێی گەڕێ با کەمێ بحەسێتەوە.

ــ ماشا: من زۆر بێزار بوومە، بێزارم بێزار.

ــ کۆلیگین: تۆ ماندوو دیاری، لێرە پشووبدە و کەمێ بحەسێوە.

ــ ئێرینا: ئاخ کە زۆر کەساسم.

ــ ئێرینا: هەست بە نائۆمێدی دەکەم.

ــ تۆزنباچ: بەڵێ زۆریش بێزارە.

ــ چبۆتیکن: من زۆر ماندوومە.. من زۆر هیلاکم.

٤ ــ مۆنتاج:

ئەگەر کرداری بڕین لە هونەری سینەما دواترین شت بێت کە دەرهێنەر جێدەستی خۆی پێ لەسەر شریتەکەی دابنێت، ئەوا لە شانۆدا تەنها لە چوارچیوەی ڕێڕەوەی نووسینی کۆمەڵێك ڕەگەز ئەو کردارە ئەنجام دەدەرێت کە پرۆسە هونەرییەکە لەخۆی گرتووە و هەندێ



www.mukiryani.com

کەس بە بەردی بناغەی سەرکەوتنی شریتە سینەمایەکەی دادەنێن، بەو پێیەی لە ڕەگەزەکانی تری سینەما بایەخەکەی کەمتر نییە گەر زێتریش نەبێ. لەبەر ئەوە بەشێکی کەم لە شانۆکاران ئەو بایەخە بە مۆنتاج دەدەن لە دەقەکانیان کە بە هونەری سینەما دەدرێت. چیخۆف یەکێکە لەوانەی بایەخی بە مۆنتاج داوە لە دەقەکانی و لە پێش هەموویانەوەیە و کە شێوازانەی بەکار هێناوە: گواستنەوەی دیالۆگ لە کۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی دیکە، بڕینی دیالۆگ بە ڕستە و دەستەواژەی گاڵتەئامێز ، لێدانی زەنگ، فیکەلێدان، پێ لە عەرددان، هەڵوەستەی کورت، بێدەنگی، مۆسیقالێدان، سەرەڕای چوونەدەرێ و هاتنەژوورەوەی ئەکتەرەکان.

لە پێش هەموویانەوە لە سۆلیۆنییەوە دەست پێ دەکات کە دیالۆگی نێوان هەرسێ خوشکەکە دەبڕێت لە بارەی هاوبەشیکردنی ماشا لە جەژنی ئێرینای قەشەژن و نەچوونی بۆ ماڵەوە، ئەمەش بە ڕستە و دەستەواژەی وا کە هیچ پەیوەندییەکیان بە ناوەڕۆکی دەقەکەوە نییە، بەڵکو تەنها مەبەستی دواخستنی ماشایە بۆ ئەوەی نەڕوات تا ئەو وەختەی فەرشنین دەگاتە جێ، ئاخر ئەو بەیەکگەیشتنەی ئەوان گرنگی خۆی هەیە و دەبێتە مایەی دڵ بەیەکداچوونیان بە یەکدی و یاخیبوونی ماشا لە مێردەکەی.

جا ئەگەر گرنگیی بڕینی ئەو دیالۆگە خۆی لە دواخستنی ماشا حەشاردابێت تا لەگەڵ فەرشنین بەیەك بگەن، ئەوا لەوەش گرنگتر ئەوەیە کاریگەریی لەسە هەرسێ خوشکەکە داناوە چونکە دڵتەنگییەکەیانی بە دڵخۆشییەکی وا گۆڕی کە وەسف ناکرێت و زۆر لە شادییە گەورەتر بوو کە لە ئاهەنگی قەشە ئێرینا پێی شاد دەبوون و ڕووبەرێکی فرەوانتری پێدان لە ئومێدی جێهێشتنی شارۆچکەکە و گەڕانەوەیان بۆ مۆسکۆ، چونکە فەرشنین لەوێوە هاتبوو، واتە تەنها چرکەیەکی بەئاگاهێنانەوەیە بۆ وەرگر بۆ دەستحستنی چرکە گەورە و بایەخدارەکان:

تۆزنباچ: فەرشنین لە مۆسکۆوە هاتووە.

ئێرینا: لە مۆسکۆ؟ توخوا لە مۆسکۆوە هاتووە؟

فەرشنین: بەڵێ لە مۆسکۆ، باوکت لەوێ فەرماندەی تیپی تۆپەکان بوو، منیش لە هەمان لیوا ئەفسەر بووم (ڕووی لە ماشا کردووە)، دیارە من کەمێ ڕووخساری تۆم بیردێتەوە.

ماشا: من قەت هیچم بیرنایەتەوە.

ئێرینا: ئۆلیا، ئۆلیا (بە ئاراستەی هۆڵی سەماکردن بانگ دەکات) ئۆلیا ... وەرە (ئۆلگا دەچێتە ژوورێ)، وا دیارە فەرشنین لە مۆسکۆوە هاتووە.

ئۆلگا: ئەرێ تۆ لە مۆسکۆ هاتووی؟



www.mukiryani.com

فەرشنین: بەڵێ لە مۆسکۆ خوێندوومە.

ئێرینا: تۆش لە مۆسکۆ هاتووی! دەی باشە، ئای لەو ڕێککەوتە!

ئۆلگا: لەوێ دەژین.

ئێرینا: هیوارین لە هاتنی وەرزی پایز لـەوێ بـین، ئـەوێ شـوێنی لەدایکبوونمانـە، ئـاخر لـەوێ هاتینە دنیا لە شەقامی ستارایابا سمانایا.

ماشا: بەڕاسـتی شـتێکی سـەیرە بـە شـێوەیەکی چاوەڕواننەکراو لەگـەڵ پیـاوێکی شـارەکەمان کۆبووینەوە.

ئێرینا: ئەوە یازدە ساڵە... ئێستاکە بۆچی دەگریت .. ئاخر منیش دەگرییێنی.

ماشا: من ناگرییێم... ناوی ئەو شەقامە چی بوو کە لێی دەژیای؟

فەرشنین: شەقامی ستارایابا سمانایا.

ئۆلگا: ئێمەش هەر لەوێ دەژیاین.

سێ لاپەڕە لە دوای ئەو دیالۆگە بۆ جاری دووەم بڕینەکە لەسەر زاری سۆلیۆنی بـە گاڵتەیـەکی بچووك دێتەوە کە ئەویش ڕستەی (هۆیەکەی دەزانم)ە، بەڵام خوشکەکان لە گفتوگـۆی خۆیـان لەگـەڵ فەرشنین بەردەوام دەبن: دایکی ئێوەم دەناسی.

چبۆتیکن: ژنێکی میهرەبان بوو، خودا یادی پیرۆز کات!

ئێرینا: لە مۆسکۆ ناشتمان.

ئۆلگا: لە کەنیسەی نونو دێڤچیە.

ماشا: لە بیرم چۆتەوە کە چۆن بوو. وابـزانم خـەڵکیش ئـاوا ئێمـەیان لـەبیر دەچـێتەوە، ڕۆژێـك دادێت لەبیرمان بکەن.

بڕینێکی تر بەهۆی لێدانی زەنگی دەرگایە، لە دیالۆگی کە ناتاشا لەگـەڵ ئێرینـا دەیکـات لـە بارەی ژوورەکەی ئۆلگا بۆ ئەوەی (بۆبك)ی کوڕی ناتاشا ژوورەکەی پێ بـدرێت. خزمەتکارەکـە دێتـە پێشێ و بە گوێی ناتاشادا دەچرپێنێت کـەپرۆتۆ بۆبـۆف داوای لـێ دەکـات لەگـەڵی بچـنە دەرەوە و پیاسەیەك بکەن. دووبارە زەنگی دەرگاکە دەنگی دێت، ناتاشا بە خزمەتکارەکە دەڵێـت: (پێـی بڵـێ پاش چەند چرکەیەکی دی دێمە خوارێ)، بێ ئەوەی بزانین داخوا وەڵامی ئێرینا بۆ ناتاشا چییە، لـێ لە دیالۆگەکانی دواتر دەیزانین. ئەو بڕینە تەنها بۆ ئەوە نەهاتووە تا گەمـژەیی ناتاشـا دەربخـات کـە گوایە گێچەڵی بە هەردوو خوشکی مێردەکەی کردووە تا ناچاریان بکات یـەکێ لـە دوو ژوورەکـەیان



www.mukiryani.com

بۆ کوڕەکەی چۆڵ بکەن، بەڵکو بۆ ئاشکرابوونی خیانەتکردنەکەشییەتی لە مێردەکەی. سەرەڕای ئەو ڕستە ودەستەواژە ڕەشبینانەی دواتر لەسەر زاری کەسێتییەکان دێن.

کۆلیگین: ئەرێ ماشا ڕۆیشت؟ بۆ کوێ چوو و بۆچی پرۆتۆ بۆبۆف لە دەرەوە چاوەڕێ دەکات؟ چاوەڕێی کێیە؟

(سەرنجی پەیوەستکردنی کۆلیگین بدە لە دوای ڕۆیشتنی ماشا و چاوەڕوانی گومانئامێزانەی پرۆتۆ بۆبۆف لە ژنەکەی لە لایەك و ناتاشا لە لایەکی دی).

ئێرینا: تکایە هیچ پرسیارێکم لێ مەکە، زۆر بێزارم.

ئۆلگا: تەواو هیلاك بوویمە... سەرم دێشێ ... ئاخ سەرم..

کۆلیگین: منیش هیلاکم، برشواناکەم بڕۆم، ماندوومە، ئەرێ هاوسەرەکەم چۆوە ماڵێ؟

ئێرینا: بڕوا ناکەم.

ناتاشا: پاش نیو سەعاتی تر دێمەوە، دەچم پیاسەیەکی کورت دەکەم.

ئێرینا: (بەتەنیا و بە شەیداییەوە) مۆسکۆ! مۆسکۆ! مۆسکۆ!

لە سەرەتای بەشی چوارەمدا کۆلیگین دیالۆگی نێوان سۆلیۆنی و تۆزنباچ دەبڕێت کە دەبینێ سۆلیۆنی تەنگی پێی هەڵچنیوە و ڕیسوای دەکات، وەك ڕێخۆشکردنێك بۆ هەموو دیمەکانی دواتر تا ناوە ناوە بخرێنە ڕوو و کەسێتییەکان نائومێدیی خۆیان لە شێوەی هات و هاوار و پچڕ پچڕ دەربخەن، وەك ئەو قیژەیەی ئێرینا لە کۆتایی گفتوگۆیەکەی لەگەڵ کۆلیگین دەیکات کە هیچ پەیوەندیەکی بە دەقەکەوە نییە، هەروەها ئەو هاوارەی (های هۆ) لە پشتەوەی شانۆ دەیکات و دەڵێ: ئەمڕۆکە هەموو شتێك تووشی حەپەسانم دەکەن (هەڵوەستەیەکی کورت)، هەموو شتێکم ئامادەکردووە، کەلوپەلەکانم دوای نانی نێوەڕۆ دەنێرم، من و بارۆن دەبینە هاوسەر...

دیسان هاوارەکەی ماشا کە دروستی ئەو بۆچوونەمان دووپات دەکاتەوە لە بارەی دەرخستنی نائومێدییەکانی لە شێوەی پچڕ پچڕ و چەند کەرەتێکی بچووك: وەختێ ناچاردەبیت شادییەکەت بە شێوەی پچڕ پچڕ و چەند کەرتێکی بچووك وەدەستبێنی، وەك ئەوەی من دەیکەم و پاشان دەیدۆڕێنییەوە وەك چۆن من دۆڕاندم، ئەوساکە ورده ورده دڵڕەق و تووڕە دەبیت (ئاماژە بۆ سینەی دەکات)، شتێك لێرە لە ناخمدا دەجۆشێت... ئەوە ئەندرێیەی برای ئازیزمانە، هەموو هێوایەکمان لێ ون بووە. بارودۆخەکە بەو کاتە دەچێت کە تێیدا هەزاران کەس پێکەوە زەنگێکی زەبەلاح هەڵدەگرن و دەیبەنە سەر تاوەرێك، ئەو کارە ژمارەیەکی زۆر کرێکار و پارەی تێ بچێت و پاشان لە هیکرا زەنگەکە بەربێتەوە و تێکبشکێت. بەربوونەوەیەکی کتوپڕ و نالۆژیکانە.



www.mukiryani.com

ئۆلگا: بەیانی تاکە ئەفسەرێك و سەربازێك لەو شارۆچکەیە نامینێت، هەموو ئەوانە دەبنە بیرەوەرییەکی ڕووت، بێگومان ژیانێکی تازە دەست پێ دەکاتەوە (هەڵوەستەیەکی کورت)، هیچ شتێك بە ئارەزووی ئێمە ڕوونادات، نەمدەویست ببمە بەڕێوەبەر لەگەڵ ئەوەشدا وا من یەکێکم، ئەمەش مانای وایە کە ئێمە لە مۆسکۆ ناژین...

**سەرچاوەکان:**

چیخۆف

نووسینی: هێنری ترۆیا.

وەرگێڕانی بۆ زمانی عەرەبی: خەلیل خۆری

پێداچوونەوەی: دکتۆر عەلی جەواد تاهیر.



www.mukiryani.com

# شانۆگەری بێستانی دارگێلاس و
# شێوازی فێڵبازانەی چیخۆف

نووسینی شانۆگەریی (بێستانی دارگێلاس) هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ نووسینی سێ شانۆگەرییەکە درێژەکەی دیکەی چیخۆف نییە تەنها لە ڕووی بچووك کردنەوەی قەبارە و چڕیی ئەو ئامرازانە نەبێت کە تێیدا بەکارهاتوونە، لە چوارەوە بۆ دوو، ئەوانیش بریتین لە:

ـــ ڕەمز و نیشانە هێمادارەکان و ئەو ئامرازانەی نیشانەی باری دەروونین.

ـــ نەبوونی باقی ئامرازەکانی تری وەك ورووژێنەرە دەنگییەکان و مۆنتاج.

ڕووداوەکانی ئەو شانۆگەرییە لە ناو کێڵگەی خاتوو (لیۆبۆف ئەندریفنا) بەڕێوە دەچێت کە لە دوای پێنج ساڵ لە دووره ولاتی، لەگەڵ (ئەنیا)ی کچی و (شارلۆتا)ی دایان و (یاشا)ی کارەکەری لە پاریس دەگەڕێنەوە و وا خۆی نیشاندەدات کە ناتوانێت قەرزە سوودی موڵکەکەی بداتەوە کە بۆ فرۆشتن ئامادەکراوە.

(لۆباخین) کە بریکاری کارەکانیەتی و ئارەزووی وایە ئەو موڵکە لە ڕێگەی زیادکردنی ئاشکرا بفرۆشێت، بۆیە پێشنیاری بۆ دەکات بێستانەکەی دارگێلاس و زەوییەکانی تەنیشتی بۆ چەند پارچەیەکی بچووك دابەش بکات بۆ ئەوەی خانووی هاوینەی لەسەر دروست بکەن، بە مەرجێ هەموو درەخت و خانووەکانی ناوی تێك بدرێن، بۆ ئەوەی پارچە زەوییەکان بە کرێ بدرێن و قازانجێکی ساڵانەیان بێتە دەست، ئیدی بریکارەکە بەڵێنی دانەوەی قەرزەکانی پێ دەدات. بەڵام لیۆپۆف ئەو پێشنیارە جێبەجێ ناکات و بەو هیوایەی پوورەکەی کە لە دەرەوە دەژی، یارمەتیان بدات، وەلێ ئەو بڕە پارەیەی کە چاوەڕێی دەکرد بە دەستی ناگات، خۆ ئەگەر بەدەستیشی بگەیشتایە بەشی دانەوەی قەرزەکانی نەدەکرد، بۆیە لە ئەنجامدا لۆباخن دەیکڕێ و دەبێتە خاوەنی کێڵگەکە.

لە سەرەتاتادا چیخۆفی نووسەر و ستانسەلافسکی دەرهێنەر لەسەر مانای ئەو شانۆگەرییە کۆك نەبوون، یەکێ لە بنچینەکانی ئەو جیاوازییە وەك ترۆیا دەڵێت: (ناکۆکی سەرەکییان لەسەر لێکدانەوەی کاریگەرییەکەیەتی لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە). هەرچی چیخۆفە بێستانی دارگێلاسی وا داناوە و نەخشەی



www.mukiryani.com

بۆ کێشاوە کە شانۆگەرییەکی کۆمیدییە. بەڵام ستانسەلافسکی وای دەبینێت کە تراژیدیای کۆمەڵایەتی تێدایە و مەسەلەی نەمانی چینی نەجیبزادەکانی لادێیی لە بەرامبەر دەوڵەمەندە نوێیە ڕەقەکار و جەربەزەکانی ناو خەڵکە ڕەشۆکییەکەی خستۆتەڕوو.

ئەوەی کۆمیدیبوونی ئەو شانۆگەرییە دووپات دەکاتەوە ئەو نامەیە کە چیخۆف بۆ (ئۆلگا)ی هاوسەری دەنێرێت و تێیدا دەڵێت: ((بەشی کۆتایی شانۆگەرییەکە دڵخۆشکەر دەبێت، بە واتایەکی دی شانۆگەرییەکە هەمووی شادیهێن و گاڵتەئامێز دەبێت)).

هێنری ترۆیا پێی وایە: ((ئەو هەڵچوونەی کە بێستانی گێلاس دەینێتەوە لە ناکۆکی نێوان تراژیدیای بێدەنگ و لایەنی گاڵتەجاڕانەی کەسێتییەکانەوە سەرچاوە دەگرێت)).

ئەو جیاوازییەی نێوان نووسەر و دەرهێنەر پێشتر لە سەر شانۆگەری (خاڵە فانیا) سەری هەڵدا، ئاخر زۆر لە ئەدیب و هونەرمەندەکان بەر لەوەی شاکارەکانیان بڵاو بکەنەوە، بە ناو و زاراوەی ئەوتۆ وەسفی کارەکەیان دەکەن کە هیچ پەیوەندی بە ناوەرۆکەکەیەوە نییە، بیگومان ئەو قسەیە چیخۆف ناگرێتەوە، چونکێ ئەو کەڵە نووسەرە پێویستی بەو ڕیزبەندییە نییە.

ئەو پیاوە مەزنە کە زۆر لە ئێمەمانان گەورەترە، بەڵام نازانم بۆچی زیاتر حەزم لە خوێندنەوەی ستانسەلافسکییە نەك چیخۆف. من هەمان خوێندنەوەم بۆ شانۆگەری خاڵە فانیا هەبوو، ڕەنگە ئەمەیان بۆ پرۆسەی تێکەڵاوکردنەکە بگەڕێتەوە نەك بۆ لێکدژییەکەی، وەك ئەوەی ترۆیا دەیڵێت: لە نێوان تراژیدیای بێدەنگ کە بابەتەکە دەیگرێتەخۆی و لە نێوان لایەنی گاڵتەئامێزانەی کەسێتییەکان، بە جۆرێك لایەنە گاڵتەئامێزەکە لە تراژیدیا بێدەنگەکە تراژیدیاترە. دەتوانین ئەو لایەنە لە زۆربەی کەسێتییە لاوەکییەکان هەست پێ بکەین، وەك دۆنیاشا و بیهۆدۆف و بەشچیك. ئاخر عەقڵ و لۆژیك نایگرێ کە دوو چینی کۆمەڵایەتی بەرەنگاری بابەتێکی گەورەی وەك خیانەتکردن لە نیشتمان ببنەوە و ئەو مەسەلەیە بە شێوازی کۆمیدیانە چارەسەر بکرێت.

لێرەدا پرسیار ئەوەیە:

ـ ئایا دەشێ ئەو شانۆگەرییە شۆڕشێك بێت لە دژی چینی نەجیبزادەکان، یان بۆ گواستنەوەی نەوەی تازە بێتبۆ شوێنی نەوەی کۆن، یاخود خیانەتکردنی هەردوولابێت لە نیشتمان؟

هەوڵ دەدەم بەو تەکنیکەی کە نووسەر لەو شانۆگەرییە بەکاری هێناوە، وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە:



www.mukiryani.com

### ١- ئەو ئامرازانەی کە نیشانەن بۆ باری دەروونی:

بریتییە لە بیست ئامراز، هەژدەیان بە یەکسانی بەسەر بەشەکانی یەکەم و دووەم و چوارەمدا دابەشکراوە و بەشی سێیەمیش دووانی بەرکەوتووە.

یەکەم:

ئامراز لە سەر زاری (بیهۆدۆف) هاتووە، وەك یەکەمین لێدان لە هێنانەگۆڕێی مەسەلەی فرۆشتنی بێستانەکە و ئارەزوونەبوونیان لە مانەوەیان لە ناو کێڵگەکە: لە دەرەوە شەختە گەیشتۆتە سێ پلە، دارگێلاسەکان بە گوڵ داپۆشراون، ناتوانم لەگەڵ ئەو کەشوهەوایە هەڵبکەم ... (ئاخ هەڵدەکێشێ) نەخێر ناتوانم، بۆ من هیچ کەڵکێکی نەماوە...

ئامرازی دووەم کە چوار وشەیان لە یەك ڕستەی (دۆنیاشا)دا دێت، بریتییە لە: بەفر دەبارێ، کەش، سارده، بەهار، کەسێتییە گەشبین و شادمانەکەی دەردەبڕێت کە (ئانیا)یە: لە کاتی ڕۆژووە گەورەکەدا گەشتم کرد، بەفر دەباری. ئەو وەختە کەشوهەواکەی ساردبوو، بەڵام ئێستا وەرزی بەهارە.

بەڵام لە دیالۆگی نێوان ئانیا و (فاریا)ی خوشکی، وشەی کەشوهەوا دووجار دێت و بەفربارینیش یەکجار، وەك نیشانەیەك بۆ بێزاربوونی لە (شارلۆتا) لە جاری یەکەم و ژیانی دایکی لە پاریس جاری دووەم:

(هەواکەی گەرم بووە) فاریا هێدی پەنجەرەکە دەکاتەوە، ڕۆژەکە بەدەرەوەیە: دایکە سەیرکە، ئای لەو هەوایە خۆشە، باڵندەی ڕەشۆڵە لە عەشقی جوانیی بێستانەکە وا دەخوێنن.

هەروەها گەڕانەوەی (لیۆبۆف ئەندرێفنا) بۆ منداڵێتییەکەی، وەختێ کە لە پەنجەرەکەوە سەیری بێستانەکە دەکات: پێشانەکە ئەوها وەك ئێستا لە خەو هەڵدەستام، هیچ شتێ نەگۆڕاوە (بە شادییەوە پێدەکەنێ)، هەموو شتێ سپی دەچێتەوە، ئاخ ئەی بێستانەکەم! پاش وەرزی زستانەی تار و ڕەشەبا، پاش زستانی سارد و سۆڵە، سەرلەنوێ گەنج و شاد دەبیتەوە، فریشتەکان وازت لێ ناهێنن...

وشەی ڕەشەبا لە لایەن (بیهۆدۆف)ەوە نیشانەی بەدبەختی ئەوە:

(بەڵام هەست دەکەم کە پێویستە لەسەرم ئەو چارەنووسە لێك بدەمەوە، بێگومان بێبەزییانە هەڵسوکەوتم لەگەڵ دەکات وەك چۆن ڕەشەبا بەلەمێکی بچووك هەڵدەسوڕێنێت).

دۆنیاشا ڕستەی (کەشوهەوا لێرە تا ڕادەیەك سارده) لە ئەنجامی شلەژانەکەی دەریدەبڕێت و وەڵامێکە بۆ بیهۆدۆف کە دەڵێت: ئایا دەتوانم قسەت لەگەڵ بکەم؟

ڕستەی (هەواکەی زۆر سارده) لە سەر زاری (فێرز) دێت وەك نیشانەیەك بۆ دڵسۆزیی بۆ (ئەندرێفنا) و (گایف)ی برای: ئەدی پاڵتۆکەت لەبەر ناکەیت گەورەم.



www.mukiryani.com

بەلاّم ئاوارەکە دەڵێ: ئەمڕۆکی کەشوهەوایەکی خۆشە.

چونکە ئەندرێفنا پارچە پارەیەکی زێڕی دەداتێ: گەورەم من زۆر خەمی تۆم لەبەرە (دەکۆخێ) ئەمڕۆکە هەواکەی زۆر خۆشە، ئاخ ئەی برایە ئازارچەشتووەکەم! وەرە کن دایکە ڤۆلگا...

پاشان لەگەڵ فاریا دەدوێت: ئایا هاولاّتییەکی ڕووسی بۆی هەیە وەڕست بکات هەر لەبەر ئەوەی کەمێ پارەی زێوینی داوە.

لۆباخن توڕە دەبێت: ڕاستە هەموو شتێك سنووری خۆی هەیە.

ئەندرێفنا:(لە حاڵەتی تیاماندایە و نازانێت دەبێ چی بکات)، بگرە.. ئەوەی بگرە..(ناوجانتاکەی دەگەڕێت) پارەی زیوینم پێ نییە.. گوێی پێ مەدە، ها ئەو پارە زێڕە بۆ تۆ...

ڕستەی (هەواکەی خۆشە) دووجار لە لایەن (ئانیا) و (تەرفمۆف) دووبارە دەبێتەوە وەك نیشانەی دڵەخورپەیان بۆ یەکتری.

ئەرینا: قسەکانت چەندە خۆشە (کەمێ دەوەستێ)، ئەمڕۆکە هەواکەی زۆر خۆشە.

**تەرۆخمۆف:** بەڵێ هەواکەی زۆر جوان و خۆشە.

ترۆخمۆف بۆ دەربڕینی ئەو ناخۆشییانەی چەشتوویەتی دەڵێت (زستانیش دادێت).

هەروەها جارێك لەسەر زاری شارلۆتاوە دەگوترێت: ڕاستە هەواکەی خۆش و دڵگیرە، وەك نیشانەی شادمانیی.

**لۆباخن:** ئەوا مانگی ئۆکتۆبەریش هات، لێ کەشوهەوا هێشتا هێمنە و خۆر بە دەرەوەیە، هەر دەڵێی وەرزی هاوینە، بەڕاستی کەشوهەوا جوان و خۆشە، (سەیرێکی سەعاتەکەی دەکات، پاشان تەماشای دەرگاکە دەکات)، خوشك و برایان، لەبیر مەکەن کە تەنها چل و شەش دەقیقە بۆ دەرچوونی شەمەندەفەر ماوە، واتە دەبێ هەتا بیست دەقیقەی تر لێرە بەڕێکەوین پەلە بکەن.

هەروەها کە ئەندرێفنا دەڵێت: خواحافیز ئەی ماڵی ئازیز، ئەی ماڵی باپیرەم، وەرزی زستانیش دەڕوا و سەرلەنوێ بەهار دێتەوە، ئەو وەختە لێرە نامینێت و دەڕووخێنن.

ئەمە هێمایەکی ڕوونە بۆ هەڵوەشانەوەی چینی نەجیبزادەکان کە خۆی یەکێکە لەوان و نیشانەی جێگرتنەوەی چینێکی تازەیە لە شوێنی چینە کۆنەکە، ئاخر زستان لە بری چینە کۆنەکەیە و بەهاریش لە بری نەوەی تازە.

بەلاّم بەکارهێنانی وشەی کەشوهەوای جوان کە لە زاری (بەشچیك)ەوە دێت، ژێرایەتیی چیخۆفی تێدایە، ئاخر بەشچیك زۆری پێناخۆشە کە ئەندریفنا کێڵگەکە بەجێدێڵێ، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا، چونکێ



www.mukiryani.com

هێزی نییە بەرەنگاری بێتەوە، دەیڵێت بۆ ئەوەی لەبەردەمیدا بێ هێز دیارنەکەوێت: وەختێ دەبیستی کە کۆتاییم نێزیك بۆتەوە، تەنها بیر لە ئەسپێك بکەوە و بڵێ ڕۆژانێك پیاوێکی وەك تۆ هەبوو.

بەڵام دیالۆگی نێوان لۆباخین و فاریا کە لۆباخین تێیدا دەیباتەوە سەر ساڵی ڕابردوو کە بەفری تێدا دەباریێ و بە بەراوورد لەگەڵ ئەم ساڵدا کە کەشوهەوا سافە و خۆر بەدەرەوەیە، ئەمە وەك نیشانەیەکی ئاشکرایە بۆ شادمانییەکەی بە بەراوورد لەگەڵ ساڵی پێشو، ئاخر لەلایەك بێستانەکەی کڕیوە و لە لایەکی دیی ئەو موڵکە تەنها بۆتە هی ئەو، سەرباری ئەوانەش لەگەڵ فاریا هاوسەرگیریی نەکردووە. بەڵام فاریا بە شێوازی ژیرانە و فێڵبازانەی چیخۆف لە ڕستەیەکدا وەڵامی دەداتەوە: سەیر ناکەم (کەمێ دەوەستێ) سەرەڕای ئەوەش گەرمیپێوەکەشمان شکاوە (وەستانێکی کورت).

لێرەدا کەسێتی لۆباخن ئاشکرا دەکات کە گومانی تێدا نییە مرۆڤێکی بێ بیروباوەڕە، ئیدی هەموو پەیوەندییەکی سۆزداری و کۆمەڵایەتیێ لە نێوانیاندا بە جارێك کۆتایی پێ دێت.

ئەندریێفنا دەڵێت: وەختێ کە دەڕۆین تەنها ڕۆحێکیش لەو شوێنە نامینێت.

لۆباخن وەڵامی دەداتەوە: هەتا وەرزی بەهاریش.

ئەمە لەیەك کاتدا دوو مانای هەیە:

ــ یا ئەوەتا مەبەستی کێڵگەکەیە کە چۆل دەبێ و ژیانی تێدا نامینێت.

ــ یا ئەوەتا مەستی ئەوەیە کە ئەم وەرزی داهاتوو دەگەڕێتەوە و ژیانی تێدا دەبووژێنێتەوە.

## ٢- ئەو ڕەمز و نیشانانەی کە هێمادارن:

ئەو شانۆگەرییە زیاتر لە سی ڕەمزی تێدایە کە بیستیان لە بەشی یەکەم دایە و بەشی دووەم و سێیەمیش هەر یەکەو پێنج ڕەمزی لەخۆ گرتووە و بەشی چوارەمیش تەنها یەك ڕەمز. ئەو ڕەمزانە هەر لە گەیشتنی ئەندریێفنا و کچەکەی و کارەکەرەکەی بە شەمەندەفەر دەست پێ دەکات و بە جێهێشتنی موڵکەکە لەگەڵیان بە شەمەندەفەر کۆتایی دێت. ئەو ڕەمزانە وەك هێمایەکن بۆ دەست پێ کردنی ژیان بە بەختەوەری و کۆتایی هاتنی بە ئێش و ئازار. ئیدی لەو شانۆگەرییە چەندان ڕووداو لە ناو ئەو بێستانە دێنە پێشێ کە ڕەمزی هەموو ڕووسیایە و بە یەکەم ڕستەی لۆباخن کۆتایی دێت کە لە بارەی ئەندریێفناوە قسان دەکات و سەرنجێکی جوان لەسەر ئەو ژنە لەکن وەرگر جێدێڵێت، وەختێ بە مرۆڤێکی سادە و باش و هێمن وەسفی دەکات، بەڵام دواتر پاشەگەز دەبێتەوە و دەڵێت: (ئەم نازانێت کە ئێستاکە چۆنە)، ئەمەش ڕستەیەکی چیخۆفانەیە، مەبەستی ڕامالێنی دەمامکی سەر ڕووی دووەمی لۆباخنە. هەروەها ئەو دیالۆگەی لۆباخن پێشەکییەکی پێویستە بۆ تێگەیاندنی وەرگر کە هەردووکیان سەر بە چ چینێکن.



www.mukiryani.com

خۆ ئەگەر ئەندریێفنا سەر بە چینی نەجیبزادەکانی لادێ بێت، ئەوا لۆباخن سەربە چینی دەوڵەمەندە تازەکانە. جا هەرچەندە سامانیشی هەیە لێ هەر بەجووتیار ماوەتەوە، وەختێ کتێبێکیش دەخوێنێتەوە خەوێ دێت و هیچی تێناگات.

دواین ڕستە هەمان مانای یەکەمین ڕستەی چیخۆفانە لەخۆ دەگرێت کە نیشانەی لادانی دەمامکە لە ڕووی دووەمی لۆباخن، بەهۆی هەڵوێستی هەڵپەرستانەی جووتیار و بەکارهێنانی هەموو ڕێگە نادروستەکان، بە تایبەتی کە ئەو بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی لە پەیدا کردنی پارە و سامان، کەیفی بە کتێب نایێ.

**لۆباخن:** ئەندریێفنا پێنج ساڵە لە دەرەوەیە، ئێستاکە نازانم ڕەفتاری چۆنە. لەبیرمە باوکم ئەو وەختە دوکانێکی بچووکی هەبوو لە گوندی، شەقە زللەیەکی لێدام و کەپووم دارِسا، ئەندریێفنا کە ئەو وەختە هێشتا گەنج و باریکەڵە بوو، بردمیە سەر سەرشۆرگەکە پێی گوتم مەگریێ ئەی جووتیارە بچکۆڵەکە. لەگەڵ ئەوەش ئێستا من دەوڵەمەندم و سامانێکی زۆرم هەیە، بەڵام هەموو کەسێك دەتوانێ تێبینی ئەوە بکات کە من تەنها جووتیارێکی ڕووتم و دەتوانێ بە ئاسانی تێم بفکرێ و بێزارم بکات. من ئەو کتێبەم دەخوێندەوە و هیچ وشەیەکی لێ حاڵی نەبووم، ئاخر لەگەڵ خوێندنەوەی خەوم دەهاتێ.

پەسندنەبوونی کەشوهەوای بێستانەکە لەلایەم بیهۆدۆفەوە لۆباخنی پەست دەکرد و داوای لێی دەکرد وازی لێ بێنێت، چونکە ئەو جۆرە هەستە هەموو دانیشتوانی گوندەکەی وا لێ دەکرد چۆلی بکەن و بە تەنێی بهێڵنەوە، کە ئەمە لە کۆتایی شانۆگەرییەکە بە ڕاستی ڕوودەدات.

**بیهۆدۆف:** هەموو ڕۆژێك شتێکی خراپم بەسەر دێت، وەلێ نائومێدیم پێ قبوڵ ناکرێت، من لەسەر ئەوە ڕاهاتوومە، هەتا گاڵتەشم پێی دێت.

کە لۆباخن لە وەڵامی دۆنیاشا دەڵێت (ئاخ)، وەختێ کە حەز دەکات نهێنییەکی لەکن بدرکێنێ سەبارەت بەوەی کە بیهۆدۆف خوازبێنی کردووە و دەیەوێ بیهێنێ، ئەمە نیشانەیەکە بە پەیوەستبوونی ئەو هاوسەرگیرییە بە هاوسەرگیرییەکەی لەگەڵ فاریا و ڕەتکردنەوەی ئەو.

ئەو گۆڕانەی کە بە سەر نەبرەی دەنگی ژنە دادێت، نیشانەیە بۆ ئەوەی کە فانیا لۆباخنی خۆشدەوێت، بەڵام شووی پێ ناکات، چونکە لۆباخن سەرقاڵە و کاتی ئەوەی نییە بیری لێ بکاتەوە. ئەمەش هێمایەکی ترە کە لۆباخن تەنها بیر لە یەك شت دەکاتەوە ئەویش کۆکردنەوەی سامانە.

هەروەها لەبەر ئەوەی فانیا لە هەموو کەسێتییەکانی شانۆگەرییەکە بێگوناهتر و پاکترە و لە هەمووان خۆشەویستترە، دەگاتە بڕوایەك کە شوو بە لۆباخن نەکات. ئەوەتا خەیاڵی بۆ ئەوە دەچێت



www.mukiryani.com

ئانیای خوشکی بداتە پیاوێکی دەوڵەمەند و خۆیشی بچێتە شوێنە پیرۆزەکانی ڕووسیا و لەوێ ببێتە قەشەژن.

**فاریا:** ئازیزەکەم، کاتێك کە لە ماڵەوە هەڵدەسوڕێم و بە کارە سەیرەکانی خۆم هەڵدەستم، هەر خەیاڵم لەسەر ئەوەیە شوو بە پیاوێکی دەوڵەمەند بکەیت... منیش ئەو وەختە دوور دەڕۆم و دەچمە کەنیسەیەك، پاشان دەچمە کییێف و لەوێ دەچمە مۆسکۆ، لەوێش ڕوو لە شوێنێکی پیرۆز دەکەم و درێژە بە ژیانی خۆم دەدەم، ئای کە ژیانێکی خۆش و جوانە.

هەروەها قسەکەی لۆباخن کە دەڵێت: (کاتەکە بەسەر دەچێت)، و وەڵامەکەی گایف کە خۆی لە گێلی دەدات و دەڵێت (چیی)، ئیدی دواتر لەگەڵ ئاینا و ئەندریێفنا بابەتەکە دەگۆڕن، وەك نیشانەیەك بۆ بێتواناییان لە دانەوەی قەرزەکان.

لەوانەیە وەڵامنەدانەوەی ئەندریێفنا لە ستایشکردنەکەی لۆباخن سەبارەت بەو شتانە بێت کە لە ڕابردوودا بۆی کردووە و وەك خوشکی خۆی ئەمی خۆشویستووە.

ئەمە ئاماژەیەکی چیخۆفانەیە، چونکە ئەندریێفنا متمانەی بە لۆباخن نەبووە دەڵێ: تاکە شتێك کە لێتی داوا دەکەم ئەوەیە وەکو جاران متمانەم پێ بکەیت، ئەی خودای میهرەبان، ئاخر باوکم وەك کۆیلەیەك لەکن باوك و باپیرت کاری دەکرد، بەڵام تۆ لە ڕابردوو زۆرت کردووە و لە هەموو شتێکت دەبوورم، هەر وەك خوشکی خۆم خۆشم دەوێیت، بگرە زێتریش.

**ئەندریێفنا:** ناتوانم دەستەوەستان دانیشم، من سادە و ساکار ناتوانم ئەوەی بکەم! ئەو بەختەوەرییە بۆ من زۆرە، ئێوە دەتوانن گاڵتەم پێ بکەن .. ئاخر من گەمژەم... ئەی کتێبخانە ئازیزەکەم (ماچی دەکات)، ئەی مێزە بچکۆڵەکەم.

گایف پێشنیارەکەی لۆباخن سەبارەت بە دابەشکردنی موڵکەکە بۆ چەند پارچەیکی بچووك بە کارێکی دروست نازانێت. هەروەها تێنەگەیشتنی ئەندریێفنا لەو پێشنیارە و هەردوو وەڵامەکە نیشانەی ئەوەنە کە بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانیان پشت بە کەسانی تر دەبەن و ئەمە هێمایەکە بۆ پەشێوی ژیانیان. ئاخر وەختێ فیرز هەوڵ دەدات بەرگری لە پێشنیارەکەی لۆباخن بکات، گایف بە ڕستەیەکی توند وەڵامی دەداتەوە و پێی دەڵێت: فیرز تۆ قسان مەکە.

**فیرز:** جاران، واتە چل پەنجا ساڵ لەمەوبەر گێلاسیان وشك دەکردەوە و دەیانڕشاند و مورەبایان لێ دروست دەکرد، هەندێجاریش گالیسکەی پڕ لە گیلاسی وشککراوەیان دەناردە مۆسکۆ و خارکۆف...

**ئەندریفنا:** ئەدی ئەو پیشەسازییە ئێستا چی بەسەر هاتووە؟.



www.mukiryani.com

ئەو ڕستەیەی کە لۆباخن دەیڵێت (ئەوڕۆکە بەختەوەر نیم) لەر ئەوە نییە کە شارلۆتا نەیهێشتووە دەستی ماچ بکات، بەڵکو لەبەر ئەوەیە نەیتوانیوە باوەڕ بە ئەندریفنا بێنێت تا قەرزەکانی بداتەوە و بێستانەکەی دابەش بکات.

هەروەها خەونەکەی ئەندرێفناش کە لە خەودا دایکی دەبینێ کراسەکی سپی پۆشیوە و بە ناو بێستانەکەدا دەڕوات، وەڵامێکە بۆ گایف کە دەڵێت: بەڵێ، ئێستاکە بێستانەکە دەفرۆشێ و تا قەرزەکانی پێ بداتەوە، ئەمە بۆ سەرزەنشتکردنی فرۆشتنی کێڵگەکەیە لە لایەن دایکییەوە و وەبیرهێنانەوەی خۆشەویستییەکەیەتی بۆ بێستانەکە. جا بۆ زیترکردنی ئەو سەرزەنشتییە و قووڵکردنەوەی ئەو خۆشەویستییە، ڕۆیشتنەکەی دایکییەتی لەو خەونە لە تەك درەختێکی سپی و بچووك کە لە چەشنی ژنێکە و لاربۆتەوە.

**گایف:** ئێستاکە بە تەمایە بێستانەکە بفرۆشێت تا قەرزەکانمانی پێ بداتەوە.

ئەندرێفنا: سەیرکە ئەوە دایکمە وا لە ناو بێستانەکە دەڕوات، جلێکی سپی لەبەردایە (بە شادییەوە پێدەکەنێت) بەڵێ ئەوە خۆیەتی.

**فاریا:** پیرۆزبێت دایکی ئازیزم.

**ئەندرێفنا:** کەس لەوێ نییە، تەنها وام بە خەیاڵدا هات، لەوێ دەیانبینی لە لای ڕاستەوە، لە پێچەکەی کن خانووە هاوینییەکە، درەختێکی بچووکی سپی هەیە لاربۆتەوە، وەك ژنێك خۆی نیشان دەدا.

(ئەمە هێمایەکی جوانە بۆ کوشتنی ئەو ژنە بە بڕنەوەی درەختەکە).

ژیرایەتی لە شێوازی چیخۆف لە زیتر لە شوێنێك دەردەکەوێت لەو شانۆگەرییە، وەختێ گایف پاش بیرکردنەوەیەکی قووڵ دەگاتە ئەو بڕوایەی کە هیچ ڕێگەچارەیەك بۆ دانەوەی قەرزەکان نییە، تەنها ئەگەر یەکێك نەختێ پارەیان بداتێ، یا ئەگەر ئانیا شوو بە پیاوێکی دەوڵەمەند بکات، یاخود یەکێکیان بچێتە یارۆسلافل و بەختیان لەگەڵ پوورە کۆنتیسەی پیر و دەوڵەمەند تاقی بکاتەوە.

لێرە فانیا وەڵامی دەداتەوە: (خودا هەر خۆی یارمەتیمان دەدات) وەك نیشانەیەك بۆ بێمانایی ئەو قسانەی کە گایف دەیکات.

نووسەر هەر بەوە ناوەستێ کە گایف وەك کەسێکی بێئابڕوو دەربخات، بەڵکو وای لێ دەکات کە سوێند بە شەرفی خۆی بخوات کە موڵکەکەی دەفرۆشێت، لێرەدا چیخۆف دەیسەلمێنێ کە گایف شەرفی نییە و هەرچەند گرەو لەسەر نەفرۆشتنی موڵکەکە بکات، درۆ و دووڕوویی زیتر ئاشکرا دەبێت: سوودەکەی دەدەین من دڵنیام لەوە (پارچە حەلوایەك دەخاتە دەمی)، بەشەرەفم چۆنتان دەوێ ئاوا، موڵکەکە



www.mukiryani.com

دەفرۆشین و دەست لە خۆشی ژیانم هەڵدەگرم! ئا ئەوەتا دەستم، ئێوە دەتوانن بە پیاوێکی درۆزنم دابنێین ئەگەر هێشتم ئەو موڵکە بە زیادکردنە ئاشکرا بفرۆشێت، بە سەری خۆم!

دەتوانین ڕەمز و دەلالەتەکانی ئەو شانۆگەرییە بەکورتی بخەینە ڕوو بەم شێوەیە:

- لە دیالۆگی نێوان لۆباخن و گایف و پێداگرتنی یەکەم لەسەر ڕازیبوون یا ڕازینەبوونی ئەندریفنا لە دواخستنی زەوییەکەی بۆ کۆتکردن و وەڵامدانەوەی بە شێوەیەك هیچ پەیوەندی بە پرسیارەکەی گایفەوە نەبوو.
- هێنانی تیپی مۆسیقا بۆ ماڵێ لە لایەن ئەندرێفناوە لەو کاتەی کە پارەی نەوو بیداتەوە قەرزەکانی، وەك نیشانەیەك بۆ پەشێوی و ئاڵۆزی ژیانیان.
- لە دیالۆگی نێوان ئەینا وترۆخمۆف، هێمایەکی ڕوون دیارە بۆ نەمانی چینی نەجیبزادەکانی لادێ، لە ڕێگەی نەمانەوەیان لە ناو کێڵگەکە و کۆچکردنیان.
- شێوازی چیخۆفانەی شاراوە لە پشت قسەکانی بەشچیك کە دەیڵێتە ترۆخمۆف: دەتوانی ئەسپێك بفرۆشیت... بەڵام ڕستەکە تەواو ناکات کە لە ڕاستیدا دەیەوێ بڵێت: دەتوانی ئەسپێك بفرۆشیت، بەڵام ناتوانی بێستانێك یا پارچە زەوییەك بفرۆشی.
- خۆشەویستی ئەندرێفنا بۆ ماڵەکەی و نەتوانینی بەسەربردنی ژیانی بەبێ بێستانی درەختی گیلاس و فرۆشتنی کە ئەمە خۆشویستنی جێگەکەی و گەڕانەوەیەتی بۆ منداڵێتی خۆی.
- داواکردنی یاشا لە ئەندرێفنا تا لەگەڵ خۆیدا بیباتە پاریس، وەك نیشانەیەك بۆ حەزکردنی هەموویان لە جێهێشتنی موڵکەکەیان.
- گفتوگۆیە درێژەکەی لۆباخن پاش ئەوەی موڵکەکە دەکرێت کە نیشانەی فرت و فێڵی ئەوە.
- (لە دوورەوە گوێبستی دەنگی تەورێك دەبێت دارێك دەبڕێتەوە) ئەندرێفنا هێشتا لە ناو بێستانەکەیە، کە ئەمەش نیشانەی ئەوەیە لۆباخن ڕێز لە خانمەکەی ناگرێت.

ئەرادیس نیکۆڵ لەم بارەیەوە دەڵێت: (ناچێتە عەقڵ کە قسەیەکی وەك ئەوەی ترۆفیمۆف دەیکات شانۆگەرییەکە بکاتە دەقێکی مەبەستدار کە نووسەر وای دادەنێ، ئاخر هیچ بوارێك بۆ هزر و عەقڵ یا بیری ڕووت نەماوەتەوە، بەڵکو شتێکی سۆزاوی و بەرجەستەی خەیاڵ دەبینین).

گومانی تێدا نییە کە ئەو شانۆگەرییە شاعیرییەتی لێ دەبارێ، بەڵام کە دەڵێین بێ مەستە و بواری بیر و عەقڵی تێدا نییە، ئەوا ئەو جۆرە بۆچوونە لەگەڵ ئەو سەرکەوتنە نایەتەوە کە ئەو شانۆگەرییە بەدەستی هێناوە و ستاسەلافسکی دەرهێنەر وای لە ئەکتەرەکان کردووە کە بە ئاڕاستەی گریاندنی بینەر



www.mukiryani.com

کار بکەن لە بەرامبەر داڕووخانی جیهانی سیحراوی کە مەحکومە بە پێداویستە ئابوورییەکانی ئێستا، نەك بزەیان بێتێ و پێبکەنن.

چیخۆف لەم بارەیەوە دەڵێ: هیچ شوێنێك وەك ڕووسیایەکەی ئێمە سوڵتانی تێکشکێنەری نییە، ئێمە بە کۆیلەتییە بێپایانەکەی خۆمان و بەوانەی لە سەربەستی دەترسێن ڕیسواکراوین.



www.mukiryani.com

# بەشی چوارەم

# هەڵسەنگاندنی چەند دەقێکی ئەدەبی عەرەبی و جیهانی



www.mukiryani.com

www.mukiryani.com

# دەقی شانۆیی و بەکارهێنانی ڕەمز و هێماکان
# لە شانۆگەریی (پاسەوان)

هەرچەندە دەقی شانۆگەریی (هاوشێوە = پاسەوان)ی چیرۆکنووس محێدین زەنگەنە، لە دەقە شانۆییە کورتەکانە، یا وەك چیخۆف ئەو جۆرە چیرۆکە ناو دەنێت فۆدفێلات. وەختێ وەرگر لە خوێندنەوەی ئەو جۆرە چیرۆکە تەواو دەبێت یەکسەر کۆمەڵێك پرسیار لە هزریدا سەرهەڵدەدەن کە وەڵامدانەوەیان گرانە، چونکە بە هۆی ئەو نادیارییەی کە پاڵنەرەکانی کرداری هەر سێ کەسێتییەکەی گەمارۆی داوەو بە پشتبەستن بە ڕووی ئەودیوی وشە بۆ بەخشینی مانا و بە پەیڕەوکردنی ئاڕاستەیەك کە چەند وێستگەیەکی کورتی بۆ کرۆکی بیرۆکەکە جێهێشتووە، ئەم هۆکارانە پێکەوە وایان کردووە ڕەگەزەکانی بنەچینەی سەرکەوتن بۆ نمایشەکە فەراهەم بکەن، چونکە گشت خەسڵەتەکانی بونیاتنانی ڕەگەزە درامییە ناسراوەکانی وەك گرژبوون و شادبوون و دواکەوتن تێدایە کە سەرنجی وەرگر بە خۆیانەوە گرێدەدەن و لە سەرەتاوە تا کۆتایی هەستەوەرەکانی دەورووژێنن.

هەروەها تەکنیکی چاك لە شێوازی نووسینی ئەو دەقە شانۆییە و لە ناوەرۆکەی، لە سەرەوەڕا شتێکە و لە ژێرەوەش شتێکی دیکەیە. چونکە هەندێجار لەسەرڕا وادیارە کە بیرۆکە جەوهەرییەکەی ئەودەقە لەوەدایە کە (مەحموود) حەز ناکات وەك یاریدەری (مەسعوود) کار بکات، بە بیانۆی ئەوەی لە شۆڕبوونەوە بۆ ناو چاڵی گۆڕەکان دەترسێت، وەلێ ڕاستییەکەی ئەو بیرۆکەیە لاوەکییە و بیرۆکە سەرەکییەکە، کە نادیارە و ڕانەگەیاندراوە، خۆی لە خەڵقکردنی کەش و هەوایەکی پڕ لە تاریکی و ڕەشایی دەبینێتەوە، بۆ دەستخستنی بەڵگەیەك کە ببێتە مایەی مردنی (مەسعوود) و پاسەوانەکە، ئەمەش لە ڕێگەی بەکارهێنانی کۆمەڵێك توخمی ئاماژەدەر و هێمادار بۆ ئەو مانایە.



www.mukiryani.com

هەڵبـژاردنی شـوێن لـە پێشـەوەی ئـەو توخمانـە دێت کـە گۆڕەکەیـە، کـە بەڕاسـتی باشـترین هەڵبژاردنە کە نیشانەی مردنـی پێوەیـە. پاشـان ورووژێنـەرە دەنگییـەکان دێـن بـە هـەڵکردنی بـا و گـەردەلوول کـە نیشـانەنە بـۆ خـەمۆکی، سـەرەڕای ئـەوەی کەسـێتی هـەر یـەکێك لـەو سـێیانە بـە خەسڵەتێکەوە پەیوەستە کە ئاماژە بۆ هـەمان مانـا دەکـەن، وەك تونـدی خەسـڵەتی (مەسـعوود) و کۆکە توند و بەردەوامەکەی و دابڕانی پاسەوانەکە لە دنیای دەرەوە و تووشبوونی سەری مەحموود بە نەخۆشییەك.

جا لێرە دا پرسیار ئەوەیە:

ئایا لەبەرچی دەرهێنەر هەرسێ کەسێتییەکەی بـەرەو مـردن دەبـات، بـە مەحموودیشـەوە. ئـاخر هەرچەندە لە دەقەکە نەمردووە، بەڵام هەر بە مردوو دادەنرێت، لەبـەر هۆیـەکی زۆر سـادە و ئاشکرا، ئەویش ئەوەیـە کەسـێتی مەسـعوودی کردۆتـە گیـانی خـۆی: ئـا ئـەوەتا جلـی مەسـعوود دادەکـەنێ و دەپۆشێت. وەکوو ئەو دەکـۆخێ و ئـاو دەخواتـەوە و دەموچـاوی دەشـوا و لـە پاکەتەکـەی ئـەو جگـەرە دەکێشێ. کە هەڵدەستێتەوە وەکو ئەو شتی کۆم دەکاتەوە و بە هیمەت و گورجییـەوە بـیر هەڵدەکـەنێ. لە کۆخەکۆخ ناوەستێ بە دەنگێکی چەشنی دەنگی مەسعوود دەڵێت: بەخت هەمیشـە لـە دەرگـات٤٤ نادات.

مەبەست لە بردنـی کەسـێتییەکانی بـەرەو مـردن ئـەوە دەگـەینێت کـە عێـراق لـە سـەردەمی حوکمی سەدامدا، بە تایبەتی لە کـاتی جـەنگی ئێـران ـــ عێراقـدا ببـوە گۆڕسـتانێك و گەلەکەشـی ببوونە مردوو، هەتا زیندووەکانیش هەر بە مردوو حسێب بوون، مەحموودیش نموونەی ئەوانە.

نووسەر ئامرازە هونەرییەکانی خۆی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئاشکرا ناکـات، بـەڵکو بـە پێـی پێوانەیەکی هونەریی دروست پێشکەشی دەکات، چونکێ ئەو بابەتێك دەورووژێنێ کـە شـیاوی قسـە لەسەرکردن و لێکدانەوەیە، دەنگەکان تێیدا هەمەچەشنەن و لە دەقێکـی کـراوەش خراوەتـە ڕوو کـە باس لە دەردەسەری و نەهامەتییەکانی گەلێ عێراق دەکات لە هەشتاکانی سەدەی بیسـتەم. جـا بـۆ پێکـانی ئـەو ئامانجـە و جووتبـوونی بوونیـاتی دەقەکـە لەگـەڵ گوتارەکـەی، ئـەوا لـە بابەتەکەیـدا هەنگاوێك ناچێتە پێشەوە، وەك ئـەوەی لـە دەقـە تەقلیدییـەکان پـەیڕەو دەکرێـت، بـەڵکو لـە چـەند وێستگەیەك بەجێیدێڵێ و ناوە ناوەش بەسەری دەکاتـەوە. هـەر جـارێکیش کـە دەگەڕێتـەوە سـەری، هێزی قازمەکەی لە هەڵکەندنی گۆڕەکە بە گوڕتر دەبێت.

تارمایی مردن لەو دەقە لە سەرتاوە لە دوو ڕستەی پاسەوانەکە خۆی دەردخات کە دەڵێت:

ـــ ئای خودایە جگە لە تۆ کەسێك لەسەر کارە خراپەکانی ستایش ناکرێت... لاپەڕە ٢٣٩.



www.mukiryani.com

ـــ بریا چەند بستێکم لێی هەبووایە تا جەستەمی تێدا بشارمەوە ئەوجا با خودا ئەمانەتەکەی لێم وەربگرتایەوە، خۆ ئەوها لەو ڕووتەنییە نەدەکەوتم سەگەبەرەڵڵا بمخوات... لاپەڕە ٢٣٩.

مەسعوود پاش ئەوەی سەیرێکی دەکات وەڵامی دەداتەوە: من جێگەت دەکەمەوە.

لەو دیالۆگەی نێوان ئەو دوو کەسە و لە دوای لاپەڕەیەك لە دیالۆگەکەی پێشتر، مەسعوود لێی دەپرسێت:

ـــ بەڵام پێم بڵێ داخوا تۆ لە گۆڕ دەترسیت؟

تێبینی دەکرێت کە مەسعوود لەکاتی ئەو دیالۆگەی لەگەڵ پاسەوانەکە لە بارەی مردن و ئەو بابەتە کێشانە دەکات، ناوە ناوە کۆخە دەیگرێ. ئەمەش سەرنجێکی ژیرانەیە لە لایەن نووسەرەوە دەیەوێ نیشانمان بدات کە مەسعوودیش دەزانێت ئەمیش وەك پاسەوانەکە دەمرێت.

لە سەر دێڕەکانی لاپەڕە ٢٤٢ وێنەی مردن زیاتر ڕووندەبێتەوە، وەختێ مەسعوود لە دواوەڕا لە پاسەوانەکە ڕادەمینێت و ئاماژە بە درێژی بالای دەکات بێ ئەوەی بهێڵێ پاسەوانەکە هەستی پێ بکات، ئیدی بە پەلە دەگەڕێتەوە و جێی گۆڕێکی تازە دیاردەکات و دەست بە هەڵکەندن دەکات:( بەخت هەمیشە لە دەرگا نادات، بەڵام وەختێ هەڵە دەکا و لە دەرگا دەدا، دەبێ یەکێك هەبێت خێرا دەرگاکە بکاتەوە و بەخێری بێنێت، بەرلەوەی بەئاگا بێتەوە و هەڵەکەی چاك بکاتەوە).

ئەو ڕستەیە نووسەرەکە نەیگوتووە، لێ مانای ئاماژەکەی مەسعوود بۆ درێژی بالای پاسەوانەکە بەسە بۆ ئەوەی لە مەبەستەکەی بگەیت، ئەویش هەڵکەندنی گۆڕێکە بەقەت درێژی بالای ئەو.

لە لاپەڕە ٢٤٣ مەحموود سەیرێکی دەوروبەری خۆی دەکات و بە دوای تەرمێکدا دەگەڕێت بیشارێتەوە:( ش..ش شاردنەوەی مردووەکان. ئە.. ئە ئە ئەوان لە کوێنە؟). پاشان دەڵێت: باشە، باشە یا بەکەیفی تۆبێت.

لە لاپەڕە ٢٤٥ هەرچەندە دیالۆگەکە لە بارەی (هادی)یەوە دەکرێت کە خاوەنی گۆڕێکی ترە، بەڵام مەبەستەکەی پاسەوانەکەیە، چونکە لە بەرچاوی مەسعوود هەردووکیان جیاوازییان نییە، ئاخر هەردووکیان وەك دوو سەگی برسی وانە.

مەسعوود: ئەو سەگە تۆپیوە هەر دەبێ بە دەستی خۆم بیشارمەوە. ئەوە گۆڕەکەیەتی، بە تەرمە نەفرەتییەکەی ئەو نەبێت پڕی ناکەمەوە... ئینشەڵڵا بەم زووانە دەمرێت.

پاشان دەچێتە سەر گۆڕێکی دیکە و سەرەکەی لەسەر لادەدات، نۆبەتە کۆخەکەی دەیگرێت و دەڵێت: پەنا بەخوا، ئا.. ئەلێرانە دەیشارمەوە.



www.mukiryani.com

زەنگەنە بە داکشان و بەگشتیکردنی نیشانە و ڕەمزە هێمادارەکان بۆ کەسێتییەکان، گەمەکەی خۆی تەواو دەکا و زمانە شانۆییەکەی خۆی ئاشکرا دەکات. هەروەها گەرەکیەتی بە کارکردن لەسەر دەق لە ڕێگەی یەکخستنی خەسڵەتەکان (نیشانەکانی شانۆگەری) بونیادی شانۆنامەکە لەگەڵ گوتارەکەی پێکەوە جووت بکات. بونیادەکەش ئەو نیشانە و ڕەمزانەن کە لە سێ توخمەکەی دەقەکە بەکارهاتوونە و بریتین لە:

ــ گۆڕەکە.

ــ وێستگەکانی بیرۆکەی شانۆگەرییەکە و کەسێتییەکان.

ــ گوتارەکە کە مردنە.

ئەمانە هەمووی لە ڕێگەی بەکارهێنانی شێوازی نادیارەوەیە کە کرداری پاڵەوانەکان دادەپۆشێت. ئاخر مەحموود حەز ناکات لە هەڵکەندنی گۆڕ کار بکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەچێتە ئەوێ، هەرچەندە نەختێکیش دوادەکەوێ. کەواتە بە چ فشارێك چۆتە سەر گۆڕستانەکە؟ ئایا بۆ ئەوە چووە تا بە مەسعوود بڵێت کە ناوێرێ بچێتە ناو گۆڕە هەڵکەندراوەکە، بۆیە بڕیاری داوە بە دوای کارێکی دیکەدا بگەڕێت؟

لە دەرەوەڕا کارەکە وا دیارە، بەڵام لە ژێرەوە هۆکارێکی (مەبەستێکی) دیکە هەیە وای لێ کردووە بچێتە گۆڕستانەکە. ئەو پاڵنەرە (مەبەستە) پاش ئەو وەختە دیاردەکەوێت کە مەسعوود سۆز و خۆشەویستی بۆ نیشان دەدات، هەرچەندە هەر لە بنەڕەتدا سۆزی بۆی هەبووە، لێ ئەوها بە ئاشکرایی نا. مەحموودیش هێنانی ئازووقە بۆ مەسعوود بە باشترین ڕێگەی دانا بۆ جێبەجێکردنی ئەو پاڵنەرە (مەبەستە)، واتە بۆ ئەو مەبەستەی کە بۆی هاتووە کە ئەویش کوشتنی پاسەوانەکەیە.

پاسەوانەکە: مەگەر .. ئەو مەحموودە منداڵەم بنێریتە لا... کە هات.

مەسعوود: ئەو نایێ (دەکۆخی)، پاشانەکە ئەو منداڵ نییە، مەحموود پیاوە، (دەست بە کۆخەکۆخ دەکاتەوە).

پاسەوانەکە: مەبەستم ئەوە نییە کە....

مەسعوود: ئەو تەمەنی بیسا ساڵە، ئەگەر وای بەسەر نەهاتبایە ئێستا ئەندازیارێکی ناودار بوو.

ڕەنگە ئەو ڕستەیەی دوایی ئاماژەیەك بێت بۆ بریندداربوونی لە جەنگی ئێران و عێراق.

پاسەوانەکە: ڕاستە، خودا ئەو و دایك و باوکیشی پاراست.. ئەوان چەندان کارەساتیان بە جارێك بەسەرهات، بەتایبەتی ئەو کلۆڵە (ئاماژە بۆ سەری مەحموود دەکات).



www.mukiryani.com

مەسعوود: (بەتووندییەوە) مەحموود شێت نییە، چیت لێی دەوێ؟

پاسەوانەکە: (بە دوودڵییەوە)، هیچ .. هیچم لێی ناوێ. تەنها دەمویست پاکەتێك جگەرەم بۆ بکرێت.

مەسعوود: خۆ مەحموود خزمەتکار نییە.

وەك لەو دیالۆگەدا ئاشکرایە کە مەسعوود گومانی لە ڕەفتاری پاسەوانەکە بەرامبەر بە مەحموود هەیە کە ڕەنگە بیەوێ کاری سێکسی لەگەڵ بکات، بەڵام مەحموود ئەو گومانە بۆ دڵنیابوون دەگۆڕێت وەختێ پرسیار لە بارەی هۆکاری هاتنی بۆ سەر گۆڕستانەکە دەکات بەو پاش نێوەڕۆیە، بە ئاوڕدانەوە لە دەوروبەری خۆی و قسان دەکات: شاردنەوەی مردوو.. شاردنەوەی مردوو.. ئەوان لە کوێن؟ (وەك ئەوەی بە دوای پاسەوانەکەدا بگەڕێت تا بیکوژێت).

هەروەها نادیاری (االغموچ) دەوری کەسێتی مەسعوودیشی داوە، بەوەی کە لەلایەك زگی بە مەحموود دەسووتێ و لەلایەکی دی لە گۆڕستانەکە دەری دەکات و پێی لێنانێت کە ئەو هاتووە و ڕەوانی لای پاسەوانەکەی کردووە، وەك چۆن پاسەوانەکە کە لە سەرەتای دەقەکە بە مەسعوود دەڵێت کە ئەو خۆی دەزانێ لە ڕێگەی کڕینی جگەرەوە چی لێ دەکات، لە کۆتایی هەرواشی کرد، داوای لە مەحموود کرد ئەو داخوازییەی جێبەجێ بکات.

جا بە گرێدان لە نێوان نەهاتنی مەحموود لەسەر قسەکەی مەسعوود و هاتنی بۆ ئەوێ و لە نێوان گوێ پێنەدانی پاسەوانەکە بە نەچوونی مەحموود بۆ کڕینی پاکەتە جگەرەکە بۆی و بایەخدانی پێی، کردارە درامییەکە گەمارۆ دەدرێت و لە نێو ئەو ناوەندە پڕ لە ناکۆکییەدا بۆ مراندنی هەرسێ کەسێتییەکە دەخولێتەوە. چونکە مەبەست لە کرداری یەکەم ئەوەیە پاسەوانەکە چیدی بیر لە مەحموود نەکاتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش مەسعوود خۆی مەحموود ڕەوان دەکات تا پاسەوانەکە لەوێ بکوژێت. کرداری دووەم کە خۆی لە هاتنی پاسەوانەکە دەنوێنێ لە کۆتاییەکەیە و بە پێچەوانەی هەڵوێستەکەی یەکەمینیەتی، هەر ئەوە بووە هۆکاری مردنی خۆی و مردنی مەسعوود، واتە پاڵنەری کردارە نادیارەکانیان بووە مایەی ئەوەی بەو چارەنووسە هاوبەشە بگەن و مەحموودیش بووە قوربانییەکەی.

دیالۆکی درامایی تەنها لەو قسانەدا نییە کە دەگوترێن، ئاخر ئەوەی ناگوترێت بایەخی لە گوتراوەکە کەمتر نییە، بەڵکو گرنگیی زیاتریشی هەیە، ئەوەیان لە مردنی مەحموودا ڕوویدا کە نووسەرەکە نەیگوتبوو.



www.mukiryani.com

# یاخی بوون و نادیاریی
# لە چیرۆکی (پەناگە)دا

خوێنەر هەرچەند خوێندنەوەی چیرۆکی (پەناگە)ی سەرگۆن تۆڵس دووبارە بکاتەوە زیاتر تێی دەگا و هزری تازەی تێدا دەدۆزێتەوە چونکێ ئەم چیرۆکە لە جۆری چیرۆکە ئاڵۆزەکانە، ئەو جۆرە چیرۆکەی شێوازەکەی ئاسان دیارە و ناوەرۆکەکەشی پڕە لە نادیاری.

ئەمە لەبەر ئەوەیە چیرۆکنووس لەو دەقەدا بە شێوەیەکی ئاشکرا کەوتۆتە ژێر کاریگەری نووسینە عەبەسییەکان، لە وێنەکێشانی پاڵەوانە سەرگەردانەکەی کە خۆی بە بەرپرس نازانێ لەو ڕەوشت و ڕەفتارانەی کە دەینوێنێ. هەروەها لەبەرئەوەیە کە نووسەر هەموو شتێك بۆ هۆکارە سروشتییەکان دەگێڕێتەوە کە لە دەرەوەی خواستی مرۆڤن و توانای کۆنترۆڵکردنیانی نییە.

کۆکردنەوەی ئەو دوو ئاڕاستە ناکۆکە پێکەوە، واتە لە نێوان ئاسانی لە ڕووکەش و نادیاریی لە ناوەرۆك، کارێکی ئاسان نییە، بەڵکو پێویستی بە چیرۆکنووسێك هەیە بزانێت چۆن بیرێکی قووڵ لە بەرگی بیرێکی سادەدا بخاتە ڕوو و بەیەکەوە بیانگونجێنێت.

نووسەری ئەو چیرۆکە زانیویەتی کە چۆن ئەو سادەکارییە بۆ سادەکارییەکی لەخشتەبەر بگۆڕێت و بیکاتە ڕێگەیەك بۆ چوونە نێو بابەتە نادیارەکان، بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجی سەرەکی بیرە عەبەسییەکە و بە ئەنجام گەیاندنی لە (یاخیبوون لە ڕێگەی لێکدژەکان)دا، لەبەر ئەوە خۆی لە بەکارهێنانی ڕێبازی شیکردنەوە بەدوورگرتووە کە بە نێو بابەتە تەقلیدییەکاندا ڕوودەچێت، چونکە دواتر لە ناخی کەسێتییەکانیدا ئاشکرایان دەکات. هەروەها پشتی بە ڕێبازی وەسفی دەرەکی بەستووە و لەسەرەتای چیرۆکەکەدا بایەخی بە ئامانجە بنچینەییەکەی ئەو بیرە داوە کە بە وردی وێنەی کێشراوە کە ئەویش یاخیبوونە لە ڕێگەی بابەتە لێکدژەکان، ئیدی وێنەی ئەو کەشە دەکێشێت کە لە یەکەم وشەوە پاڵەوانەکەی دەیدرکێنی: (وەختێ گەیشتمە پردەکە، لە پایسکلەکەم دابەزیم و بە ڕۆخ بەرزاییەکاندا شۆڕبوومەوە، پایسکلەکەشم بە بازووم هەڵگرتبوو تا پێم لە سەر هێڵە ئاسنینەکە گیرسایەوە ... ).



www.mukiryani.com

وەك ئاشـكرایە چـیرۆكنووس پێمـان ناڵێـت كـە شـارەكەی جێهێشـتووە و ڕووی لـە چـۆلی و پێدەشتەكان كردووە، بەڵام لە ڕێگەی ئەو ئامرازانـەی بـەكاری هێنـاوە لـەوە دەگـەین، واتـە بـەهۆی پایسكلەكە و پردەكە و هێڵە ئاسنینەكە و كاولە ئاشەكە و بۆقەكان ... هتد. جا ئەگـەر پایسـكل و هێڵی ئاسـن هیمایـەك بـن بـۆ شـار، واتـە جێنەهێشـتنی شـار لەلایـەن پاڵـەوانی چـیرۆكەكە، ئـەوا چـیرۆكنووس لـە دوای چـوار دێـڕ لـە چـیرۆكەكەی وا دێنێتـە بەرچـاوی خوێنـەر كـە پاڵەوانـە شـاری جێهێشتووە و چۆتە ناو گوندەكـە كـە لـەو ڕستەیەدا دەیڵێـت: (بـە تەنیشـت ئـەو كاولـە ئاشـەكەدا ڕۆیشتم كە گۆمە ئاوێكی باراناو دەروری دابوو.....).

بەڵام لەبەرچی بڕیاری داوە بۆ هەتا هەتایە شارەكەی جێبێڵێت و لە دەشت و لادێكانـدا بـژی! چیرۆكنووس ئەو هۆكارانـەمان پـێ ناڵێـت، بـەڵكو هـەر ئەوەنـدە دەڵێـت بـەهۆی پەیوەسـتبوونی بـە ڕستەكەی ــ ئەناتۆل فرانس ــ كە كورتكراوەی ژیانن، لە سێ وشـەدا چـڕی كردۆتەوە:(لـەدایكبوون ، ئازار، مردن).

جوان بەكارهێنانی ئەو ئامرازانە و ورد خستنەكاریان، لە جوانیی یەكێتی بنـەما هونەرییەكـەی زیاد كردووە بە هۆی دەستاودەست پێ كردن و دابەش كردنیان بەسەر هەردوو تەوەرەكەی ــ شـێوە و ناوەرۆك ــ و یەكەیەكی هونەری بتەوی لێ دروست كردووە. ئەگەر هەر یەك لـە ئامرازەكـانی پـرد و سكە و پایسكل ڕەمزێك بن بۆ شارستانییەت، ئەوا لە هەمان كاتدا ڕەمزی پەشێوی و ترسی شـارن. كاولە ئاش و بۆق و كارگەی بەردەكەش هێمای غەریبایەتی و هێمنی و ژیانی سەرەتایینە.

پێكەوە نەگونجانی ئـەو ئامرازانـە لەگـەڵ یەكـدی و بەرامبـەربوون لـە دەستاودەسـت كردنیـان، پرۆسەی یاخیبوونمان دەست دەخات كە چیرۆكنووس لـە ڕێگـەی دەقـە كراوەكـەی بـە دیقـەت وێنـەی كێشاوە و شایانی لێكدانەوەیە. ئاخر پرد و پایسكل و شەمەندەفەر نیشانەی شارنشـینی و پەشـێوی و ترسن، لە بەرامبەر ئەوانەشدا پاكی و بێگوناهی و میهرەبانی هەیە. وەلـێ ئـەو یاخیبوونـە تـەنها سەرەتای دوا لێدانـە، ئـاخر لـەجیاتی خـۆی بكوژێت پارچـەیەك لـە بنمیچـی ئەشـكەوتەكە بەسـەر پاسەوانی وێستگەی ئاوەكەدا بەردەداتەوە: ( پاشان لایەكی بنمیچەكە بە سەر شانیدا بەربۆوە، ئیدی بە ترسەوە هەوڵیدا بەرەو دەروازەكە بچێت، لێ دیوارەكە بەسەریدا ڕووخا ..).

جـا لـە جیـاتی ئـەوەی لـە لادێـدا بمێنێتـەوە دووبـارە بـۆ شـار دەگەڕێتـەوە، لێـرەدا گرنگـی جیاوازكـاری لـەو چـیرۆكەدا خـۆی حەشـارداوە، ئـەو جیاوازكارییـەی كـە تـەنها لـە چـیرۆكە پـڕ لـە داهێنانەكانی چیخۆف و بیراندیللۆدا هەیە.



www.mukiryani.com

لەوانەیە سێبەرە زۆر درێژەکەی کە لە خوارەوەیدا لەگەڵ سێبەری پایسکلەکە تێکەڵبووە، درێژبوونەوەی کەسێتی پاڵەوانە بەزیو و بێئومێدەکەی بێت، کە هاوڕێی بوو لە چوونە لادێ و گەڕانەوەی بۆ شار بە داڕووخانێکی گەورەترەوە، تا لە ڕێگەی ئەو جیاوازکارییەدا بڵێت: نەبوونی سەقامگیری و بێزاری و نیگەرانیی ئەو توخمانەن کە دۆخی مرۆڤی تێکەوتووە لەو کەونەدا.

دەنا لەبەر چ هۆیەکی ڕاستەقینە پاسەوانی وێستگەی ئاوەکەی کوشت؟ ئایا لەبەر ئەوەبوو کە دەیویست شوێنی ئەو بگرێتەوە؟

چیرۆکنووس بە ئەنقەست وای کردووە خوێنەر سۆزی بۆ پاسەوانەکە بجولێ نەك ڕقی لێی ببێتەوە، جا لە ڕێگەی وێنەکێشانی بێت یا دیالۆگەکانی: (پێستەکەی وشك و لووس بوو، سمێڵێکی پڕی هەبوو، لە بەرچاوك تەمەنی لە چل ساڵیدا بوو)، (شادییەکی ستەمهێن چاوەکانی لێڵ کرد)، (ئەی کوڕەکەم بگەڕێوە شارەکەت)، (بەڵام زۆرم پێ خۆشە ساتە وەختێ لێرە دانیشم)، (بە تێڕامانەوە زەردەخەنەی دەهاتێ).

نووسەر لە ڕێگەی ئەو دڵ پێ سووتانەوە ویستوویەتی خوێنەریش ڕاچڵەکێنێ، وەك چۆن بە مەبەستی هاندانی بۆ یاخیبوون و خۆنەدانەدەستی ئەو واقیعە خەڵەتێنەرە، پاسەوانەکەشی ڕاچڵەکاند.

ئەو دیمەنانەی زیاتر عەبەسییەتی پاڵەوانەکە دووپات دەکەنەوە و پەرۆشیی ئەو بۆ گەڕانەوەی بۆ سەر ژیانی سەرەتایی نیشان دەدات، دیمەنی هەڵگرتنەوەی پاشماوەی میوەجاتاکانە کە لە ڕۆژەکانی ڕابردوو بەدەم ئیشکردنەوە خواردبووی، هەروەها دیمەنی کۆکردنەوەی ئێسقانی ئەو ماسییەیە کە لەوێ خواردبووی بۆ ماوەی چەندان سەعات پێیانەوە خەریك بوو، ئیدی بەمە توانی ڕۆژێکی تەواو لە بێزاری تێپەڕێنێت. ئاخر ئەو ژیانە سەرەتاییە، ئەو ساختەکارییە ناهێڵێت کە شار دەیسەپێنێتە سەر سروشتی مرۆڤەکان، چونکێ بنەمای سروشتی مرۆڤایەتی، یاخود ئەو شتەی بە توخمە بنچینەییە جەوهەرییەکانی وەسف دەکرێت، بە هۆی دەمامکە بێگیانەکان بە نادیاریی ماونەتەوە. ئەو دەمامکانە خۆیان لەو جۆرە ڕەفتارانە دەنوێنێنیت کە کۆمەڵگە بۆی دیارکردووە و داب و نەریتەکان بەزۆر دەیسەپێنن.

لە کۆتاییدا دەڵێم چیرۆکنووسەکەمان توانیویەتی لە نووسینی کورتە چیرۆك، زەحمەترین ڕێچکە بگرێتەبەر و ئەو تاقیکرنەوەیە بە سەرکەوتوویی تێپەڕێنێت کە ئەمەش بەرزترین شتە کە داهێنەرەکان پێی دەگەن، لە وێنەی سەرگۆن پۆلس.



www.mukiryani.com

# ڕۆمانی (دوا فریشتەکە) و
# میتا - ڕیالیزمی سیحری

وەك چۆن کافکا بۆ بلاّوکردنەوەی ڕەشایەتی (السوداویە) لە چیرۆکەکانیدا پشتی بە فەنتازیا بەست و مارکیز بۆ جۆشاندنی ڕیالیزمی سیحری لە ڕۆمانەکانی ئەفسانەی بەکارهێنا ، هەر ئەوها (فازل عەزاوی)ش لە ڕۆمانی (دوا فریشتەکە) لە ڕێگەی تێکەڵکردنی واقیع و خورافە، کە لە نەستی مرۆڤی ڕۆژهەلاّتیدا هەیە، هەوڵی داوە شێوازێکی تازە بگرێتەبەر کە هەم خەوناوی و هەم سیحراوییە، یاخود دەتوانین بڵێین شێوازی (میتا ــ ڕیالیزمی سیحری)یە. ئەمەش لە ڕێگەی ئاوڕدانەوە لە شێوازی کافکا و مارکیز، بەلاّم بێ ئەوەی بکەوێتە ژێر کاریگەرییان و ڕێبازی ئەوان پەیڕەو بکات، بەڵکو بە سوودوەرگرتن لە پرۆسەی تێکەڵکردنی تەکنیکی ئەوان و داهێنانی تەکنیکێکی تازە.

فازل لەسەر ئەم بنچینەیەدا کەسێتییەکانی لە بۆتەی واقیعەوە وەردەگرێت و لەگەڵ گەورەبوونی قەبارەی ڕۆمانەکەی بەریان هەڵدەدا تا پێش بکەون و ڕەهەندێکی ناباو وەرگرن. ئەمەش لە ڕێگەی تێکردنی کەسێتییەکانی لە شوێنە سەیر و نامۆکان و ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ بوونەوەری لە عەقڵ بەدەر، وەك جنۆکە و فریشتە و شەیتانەکان و جولانەوەیان لە نێو ڕووداوەکان بە وردترین شێوە.

بۆ دەستەبەرکردنی ئەو ئامانجە پەنا بۆ وروژاندنی ڕووداوێکی بچووك دەبات، ئیدی لەوێوە چەندان ڕووداوی دیکەی لێ دەبنەوە کە هەندێکیان ڕووداوی زۆر گەورەنە، وەك ئەوەی لە (حەمید نایلۆن) ڕوویدا لە بەشی یەکەمی ڕۆمانەکە، وەختێ لەسەر کارەکەی دەردەکرێت لە کۆمپانیای (ئای. پی. سی)، ئەو ڕووداوە ئاساییە دەکاتە هۆکارێك بۆ خۆپیشاندانێکی گەورەی دانیشتوانی گەڕەکی (جقوور) بۆ دەربڕینی نارەزایی، ئیدی خۆپیشاندانەکە فرەوان دەبێ و دەگۆڕێ، دەورەی شار دەگرێتەوە و ئیدی ئەوجارە خەڵکەکە دەپاڕێنەوە و داوای باران بارین دەکەن.

هاوڕێك لەگەڵ ئەو ڕووداوە درامییە لە بەشی یەکەمدا، کە لە سەرەتادا ڕووداوێکی ئاساییە پاشان دەبێتە ڕووداوێکی نائاسایی و ناباو، نووسەر پەنا بۆ ئەو ئەفسانانە دەبات کە لە نەستی



www.mukiryani.com

مرۆڤە سادەکاندا بـوونی هەیـە و دەیکاتـە دەروازەیـەك بـۆ هـەموو بەشـەکانی ڕۆمانەکـەی، وا لـەو بوونەوەرەی نێو عـەقڵی ناوەوەی ژنەکەی حەمید دەکات منـداڵ نەبوونەکـەی بکاتـە نموونەیـەکی ئـەو حاڵەتە. هەروەها ئەو ڕووداوە وا دەکات ئەحمەدی سابوونچی بـە دوای ئـەو دوو پشـیلەیەدا بگـەڕێت کە بوونەتە دوو پیاو ــ هارون و ئیحسان دەلی ـــ بـۆ ئـەوەی خەسـڵەتی پاشـایەتییان بـداتێ و ئـەو سیفەتانەیان بخاتە پاڵ کە هی مرۆڤی ئاسایی نین. ئەگەر هەر دوازدە بەشـەکەی ئـەو ڕۆمانـە بەسـەر بکەینەوە دەبینین یازدەیان ئەو ئاڕاستەیەیان وەرگرتووە.

لـە بەشـی دووەمـدا ئـەو کێشـەی هـەژاری و شـەیتانەکان دەورووژێـنێ کـە خـەڵکی گـەڕەکی (جقوور) پێیانەوە دەناڵێنن. هەروەها دۆزینـەوەی سـەندووقە دارەکـە لەلایـەن بوڕهـانی منـداڵکار و دەرچوونی سێ پیرە پیاوەکە لە ناوی، پێشـبینی کردنـی باوکەکەیـە بـە پێغەمبەرایـەتی کوڕەکـەی و پەیوەستبوونی ئەو پێغەمبەرایەتییە بە کۆتایی ڕۆمانەکە، وەختـێ لەسـەر زەوی بـەرز دەبێتـەوە، ـــ وەك چۆن پاڵەوانەکەی مارکیز لە ڕۆمانی (سـەد سـاڵ لـە تـەنیایی)دا دەفڕێت لـە کاتێـك کـە جلـە شۆڕاوەکان هەڵدێخی ــ. ئامـادەبوونی ئـەو شـتانەی لـە هەسـتی نـاوەوەی خەڵکەکـە، ڕووتێکردنـی نەفرەت بۆ گەڕەکی (جقوور)، گواستنەوەی (هیدایە)ی دایکی خـزر موسـا بـەهۆی پشـکنینی مـاڵی حەمید نایلۆن لە لایەن پیاوانی پۆلیسەوە بە توومەتی چوونە نێو ڕیزی شوعییەکان، گیرانی عـەباس عەلوان بە توومەتی کوشتنی ئەو سەماکەرەی لە مەلهەی کەواکب کاری دەکـرد و پاشـان داخسـتنی مەلهەکە لە دوای هێرشی ژنەکانی گەڕەکی جقوور، بەربوونی عەباس عـەلوان و نـەبردنی بـۆ بـەردەم دادگا و پێشوازی لێ کردنی بە تـەپڵ و دەفـە و چەپڵەڕێزان. ئەمانـە هـەمووی بەڵگـەی ئـەوەن کـە ڕۆماننووس بەو ئاڕاستەیەدا ڕۆیشتووە.

لـە بەشـی سـێیەمدا ڕووداوەکـە لـە گیرانـی مـەلا زەیـن عابـدینی قادرییـەوە بـە توومـەتی شوعیایەتی بۆ مانگرتنەکـەی گاوربـاخی، ئـەو مانگرتنـەی کـە حەمیـد نـایلۆن ئازایەتییـەکی بـێ وێنەی تێدا دەنوێنێ و دواتر دەچێتە ڕیزی دەستەکەی خولە پیزە، بۆ ئـەوەی بـاوەڕی پـێ بێنێـت بـە شۆڕش هەڵسێت لە چەشنی شۆڕشەکەی ماوتسی تۆنگ.

لە بەشی چوارەمدا خدر موسا لە کڕیاری مەڕ و ماڵاتەوە دەبێتە قاچاغچی چـەك و فیشـەك، پاشان ڕوو لە نوێـژکردن دەکـات و لـە کـۆڕی زیکـری دەروێشـەکان ئامـادە دەبێـت. دواتـر بـە دوای هەردوو بـرا ونبووەکەیـدا دەگـەڕێ کـە لـە شـەڕی عوسمانییـەکان بزربـوون و دابـەزینی لەگـەڵیان بـە بالۆنەکەی لە ڕووسیاوە هاتبووە گەڕەکی جقوور، پێشوازی لـێ کردنیـان لـە لایـەن موتەسـەڕیفەوە و وەرگرتنی مەدالیای ڕافیدەین لە لایەن مەلیك فەیسەڵی دووەم.



www.mukiryani.com

لە بەشی پێنجەمدا پرۆژەی شارەوانی بۆ بردنی ڕێگا بە نێو گۆڕستانەکەی نێزیک گەڕەکی مەسلاّ، دەبێتە هۆی وەرگرتنی هەلّوێست بە خۆپیشاندان یاخود داواکاری بۆ دیتنی موتەسەڕیف، پاشەگەزبوونەوە لە هەلّوێستی یەکەم و پێکهێنانی وەفدێك بۆ ئەوەی کێشەکە بخەنە بەردەمی موتەسەڕیف، لێ لەبەر ئەوەی مەتەسەڕیف لە مالّ نەبووە وەفدەکە بە تەلەفۆن پەیوەندی بە مەلێك فەیسەلّەوە دەکات کە ئەویش پرسەکە دەنێرێتە بەردەمی سەرۆکی وەزیران.

لەخشتەبردنی وەفدەکە لە بەشی شەشەمدا و بە هێرشی خەلّکی گەڕەکی جقوور بۆ سەر فەرمانبەرەکانی شارەوانی دوای گەڕانەوەی وەفدەکە بە دەستبەتالّی، شەڕکردنیان لەگەلّ پیاوانی پۆلیس و کوژرانی قەرەقۆلّ، بەرزبوونەوەی تەرمەکەی بۆ ئاسمان و گۆڕانی بۆ ڕەوە بالّندەیەك، بەرەنگاربوونەوەی پۆلیس و دەرهێنانی لاشەکەی لە نێو گۆڕ و بەخاکسپاردنی لە کۆڕەوێکی شکۆدار، سەربڕینی بکوژەکەی لەلایەن دوو کوڕەکەی، دروستکردنی ژوورگۆڕێکی تایبەت بۆی.

لە بەشی حەفتەمدا خەلّك دەستە دەستە دەچنە زیارەتی گۆڕی قەرەقۆلّ کە بەسەر پشتی ئەسپێکی بالّدارەوە بە نێو هەورێکی نوورانی چووبووە ئاسمان، بەخشینی مالّ و سامانیان بە گۆڕەکەی کە شای ئێران و پاشای سعوودیەش گالیسکەیەك زێڕیان بەخشییە گۆڕەکەی، مەلا زەین عابدینیان کردە قورئانخوێنی تایبەتی گۆڕەکە و هەر لەوێش دەنووست، خەلّك کارەکانی خۆیان پشتگوێ خست و خوێندکارە هەرزەکارەکان وازیان لە خوێندن هێنا و بە دەوری گۆڕەکەدا دەسووڕانەوە بۆ ڕاوکردنی ئەو ژنانەی بۆ پاڕانەوە دەهاتنە سەر گۆڕەگەی قەرقۆلّ، تێکچوونی نێوان مەلایەکە و ژنەکەی قەرەقۆلّ لەسەر مالّ و سامانی گۆڕەکە.

لە بەشی هەشتەمدا مەلا قادری لە کونی دەرگاکەیان سەیری دەرەوە دەکات یەکسەر زمانی دەسترێ و توانای قسەکردنی نامینێت، چونکێ وا دەزانێ قەرەقۆلّی مردوو لە ناو حەوشەکەیانە، شەڕی نێوان مەلا و ژنەکەی قەرەقۆلّ و مندالّەکانی و وازهێنانی لە دەوام و نوێژی عیشایان، وەختێ دەیبەنە لای پزیشك لەبەرخۆیەوە ئەو ڕستەیەی دەگوتەوە (ئا لەوێ بینیم) و پاشان ڕۆیشتنی بەرەو لای گۆڕەکە و هەموو بە دواوەیەوە بوون، ئیدی بەدەم قسەکردنەوە دەستی لە ملی هەموویان کرد و دەیگوت: دەمەوێ شەوەکەی لێرە لە نێزیك قەرقۆلّ بەسەر بەرم، لە نێو تابوونەکەدا درێژ دەبێ و داوا دەکات چراکان بکوژێننەوە، چونکێ دەیەوێ بخەوێ، پاشان چاوەکانی دادەخا و دەبۆرژێ.

لە بەشی نۆیەم دەستخستنی سامانی سەر گۆڕەکە دەکاتە بیانۆیەك بۆ گەڕانەوەی حەمید نایلۆن لە شۆڕش کە ئەو بە مەستی بەدواگەڕانی سامان بلّێسەکەی لە لادێکانی کەرکوك



www.mukiryani.com

هەڵگیرساندبوو لە ڕێگەی بوڕهان عەبدوڵا کە سێ فریشتەکە ڕێنوێنییان کردبوو بۆ دۆزینەوەی شوێنی خۆشاردنەوەیان.

لە بەشی دەیەم بەهۆی دەستبەسەراگرتنی سامانی سەر گۆڕەکە لەلایەن حەمید نایلۆنەوە، ژیان لە گوندەکانی دەوروبەری کەرکوك دەبووژێتەوە و ئاغەکان و عەشیرەتەکان دەبنە لایەنگری و کتێبێك بە ناوی ئەنوەر مستەفا دەنووسێتەوە. وەختێ حەمید نایلۆن دەبینێ کە حکومەت بە ئەنقەست خۆی لە سامانەکەی گێل دەکات ئەو ژنە دەرفێنێ کە لەگەڵ مێردە ئینگلیزەکەی لە کۆمپانیا دەردەکرێت. دوای ئەوەی حکومەت بە مەرجەکانی ڕازی دەبێت، بە خۆی بیست کەس لە پیاوەکانی دەچنە نێو شاری کەرکوك و داوەتی موتەسەڕیف دەبن، ئیدی هەر لەوێ دەست بەسەر دەکرێن دوای ئەوەی مادەیەکی سکڕۆیینیان دەدەنێ.

لە بەشی یازدەم حەمید نایلۆن زیندانی نوگرە سەلمان ئازاد دەکرێ. خدر موسا لەسەر پێشنیاری دەروێش بەهلول تاوەرێك لەسەر تەکیەکە دروست دەکات. لە ڕۆژی شۆڕشی چواردەی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨ دەروێش بەهلول دەچێتە بەغدا و چاوی بە مەلیك دەکەوێ و پێی دەڵێت کە مردنی نێزیك بووەتەوە. خدر موسا پەنا بۆ ناو تاوەرەکە دەبات پاش ئەوەی بەرگە سەربازییەکەی دادەکەنێ، ئیدی خۆی لە ژیانی دنیا دادەبڕێ و ئەو ژیانەی ماویەتی لە خواپەرستی بەڕێی دەکات لەگەڵ دەروێش بەهلولی کۆنە هاوڕێی و دەدە هیجری کە هەردووکیان بەهۆی ئەو وێرانییەی توشی شار هات خۆیان گەیانبووە کنی.

لە بەشی دوازدەمین بوڕهان عەبدوڵا لە دوای چل و شەش ساڵ دوورکەوتنەوە لە شارەکەی بە پیری دەردەکەوێتەوە، کەس ناناسێتەوە و ڕوو لەو شوێنە دەکان کە سێ فریشتەکەی لێ نێژراوە، بالیفی سپییان داوەتە بن شانیان و خەریکی جگەرە کێشانن بازەکان سو، لەبەردەم سەمای یاجوج و ماجوج دەکەن و پاشان دەبنە شەیتان بە شاخی قیت و کلکی درێژیان بە دوایانەوە دەخشێت، لە کۆتاییدا لە گۆشەیەکدا تەنگەتاو دەبێت پاشانە ئەوەندە نابات بەرەو ئاسمان بەرز دەبێتەوە...

سەبارەت بە کەسێتی مەلا زەین عابدین لە ڕووداوی گیرانی باوکی یوسف سەعیدی شاعیر بە توومەتی شوعیبوون وەرگیراوە لە ساڵی ١٩٥٦، هەروەك نوسەر لە کتێبەکەی خۆی (نەوەی شەستەکان لە شاری کەرکوك)دا باسی کردووە. هەروەها بڕوام وایە کە (دەدە هجری)ی شاعیری تورکمانەکان یەکێك لە پاڵەوانەکانی ئەو ڕۆمانە بووە کە لەو ماوەیەدا لە کەرکوك ژیاوە.



www.mukiryani.com

# بەکارهێنانی ئەفسانە
# لە ڕۆمانی شلۆمۆی کوردی

سەمیر نەقاش یەکێکی دیکەیە لە نێو ئەو دوو یەهودییە عێراقیانەی ڕۆمانیان نووسیوە، ئەوانیش بریتین لە نەعیم کەتان کە ڕۆمانی (خوداحافیز ئەی بابل)ی نووسیوە و سامی میخائیل کە ڕۆمانی (ڤیکتۆریا)ی نووسیوە، وەلێ ئەو لەوە لێیان جیاواز بوو کە بە زمانی عەرەبیش دەینووسی و بە تەمەنیش لەوان بچووکتر بوو، لە دایکبووی شاری بەغدا بوو لە ساڵی ١٩٣٨ .

شان بە شانی ئەو ڕۆمانەی کە ئێمە ئێستا خەریکین باسی لێوە دەکەین، سێ ڕۆمانی دیکەشی نووسیوە کە ئەمانەن:

ـــ هاتنەخوارەوەی شەیتان ١٩٨٦.

ـــ پیس و پۆخڵی ١٩٨٧ .

ـــ گەڕانەوەی فریشتە ١٩٩١

هەروەها ڕۆمانی (ڤیکتۆریا)ی سامی میخائیلی لە زمانی عیبرییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی.

ڕۆمانی (شلۆمۆی کوردی و من و ڕۆژگار) لە نووسینی سەمیر نەقاش، ڕووداوەکانی لە ساڵانی جەنگی جیهانی یەکەم بووە، لە شارۆچکەیەکی وڵاتی ئێران بە ناوی (سابلاغ) کە لە سنووری هەردوو دەوڵەتە شەڕکارەکەی ڕوسیا و تورکیا نێزیك بوو و ببووە ئامانجێکی ئاسانی تۆپباران کردن و مەیدانی هێرشە سەربازەکانیان، ئیدی لە ئەنجامدا خەڵکێکی زۆر لە دانیشتوانەکەی دەکوژرێن و ناچار دەبن شارۆچکەکە بەجێبێڵن، هەرچەندە ئێران لایەنێکی شەڕەکەش نەبوو..

لەو شارۆچکەیەدا هەوادارانی هەرسێ ئایینە ئاسمانییەکەی لێ دەژیا کە خۆشەویستی و لێبووردەییەوە لەگەڵ یەکتر دەژیان. هەر ئاینزایەك شوێنی خواپەرستی خۆی هەبوو و لە هەموو لایەنەکانەوە ڕێزی لێ دەگیرا و سەربەستانە پەیڕەوییان لە داب و نەریت و کەشە ئاینییەکانی خۆیان دەکرد، تەنانەت هەندێکیان پەیوەندی دۆستایەتی و متمانەکردنیان لەگەڵ یەکتر ئەوەندە بەهێز بوو



www.mukiryani.com

بە جۆرێك مامەڵەی كڕین و فرۆشتن و بوارەكانی دیكەی وەبەرهێنیانیان پێكەوە ئەنجام دەدا، هەروەك تێكەڵبوونەكەی بەرژەوەندی نێوان شلۆمۆی یەهودی و میر عەلی موسڵمان.

ئەو ڕۆمانە لە كەسێتی سەیر و سەمەرە و ڕووداوی نائاسایی بەدەر نییە و پێیەوە دیارە كە ڕۆماننووس كەوتۆتە ژێر كاریگەری كازانتزاكی و گابرێل گارسیا ماركیز و لۆركا.

ئەو كەسێتییانەی كە خەسڵەتی سەیر و سەمەرەیان هەیە بریتین لە:

یەكەمیان شلۆمۆی كوردی كە لە جوامێری و مەردایەتی و میهرەبانی و هەستیاری و جەربەزەیی و خزمەتكارییەوە زۆر لە كەسێتی زۆربا نێزیكە.

دووەمیان هاوسەرەكەی شلۆمۆ كە ئەویش ژنێكی میهرەبان و خۆنەویست و ڕووخۆشە.

سێیەمیان حەسەن چەخماخەیە كە زۆر بە سادەیی و ڕەمەكییانە باوەڕی بە بەلشەفیكەكان هەبووە. سەرباری كەسێتییەكانی وەك ئەستێر و حەسەن بۆزوك و ئەڵماس و ڕەزا و هەردوو براكە وەلی و مورتەزا.

ڕووداوە نائاساییەكانیش بریتین لە:

ـ پێشبینی كردنی ناحوم پێغەمبەر بەوەی كە لە دوو ڕۆژەكەی جەژندا یەهودییەكان لە بەغدا دەكوژرێن و خوێنڕشتنیان تەنها ئەو وەختە دەوەستێ كە ژن و پیاوێك لە خواپەرستەكان گیانی خۆیان بكەنە قوربانی.

ــ ڕەزا عەلیَ بە دزی سەیری (فاتیمە)ی براژنی دەكات، وەختێ ژنە لە گەرماوەكە سەری خۆی دەشوات.

ــ كوژرانی كوڕەكانی شلۆمۆ و هاوسەرەكەی.

ــ خۆكوشتنی ڕەزا.

ــ بەیەكگەیشتنی حەسەن بۆزوك لەگەڵ ئەڵماس، حەسەن چەخماخە لەگەڵ ئەفسەرە ڕووسییەكە.

ــ سڕبوون و ڕەقبوونەوەی هەردوو پێی شلۆمۆ كە لە ناچاری دەیانخاتە ژێر تەپاڵەوە.

ــ دەركەوتنی ژنە شومەكە.

ڕۆمانەكە وەك چۆن دەست پێ دەكات ئەواش كۆتایی دێت، ڕووداوەكانی لە ساڵی ١٩١٤ەوە دەست پێ دەكەن لە سابلاغ و لە ساڵی ١٩٨٥ كۆتایی دێت لە (ڕمات كان).

شلۆمۆی كوردی تەمەن سەد ساڵە لە جێگەدا پاڵكەوتووە و باسی ئەوە دەكات كە چۆن وابەستەی داب و نەریتی سەردەمی كۆنە و ورەی چەندە بەرزە و نەتە بەرنادات، بە ڕادەیەك بە



www.mukiryani.com

درێژایی ژیانی تەنها دووجار گریاوە، جارێکیان ئەو کاتەی هاوسەرەکەی سەردەبڕن و جارێکی دیکەش ئەو ڕۆژەی ئەستێری بچووك و ناحومی کوڕیان کوشت.

بەشی یەکەمی ڕۆمانەکە بە پێشەکییەکی هەمەچەشنە و خێرا و کورت دەست پێ دەکات و هێما بۆ ئەو ڕووداوانە دەکات کە دواتر تێیدا ڕوودەدەن، بە تایبەتی نووسەر ڕووبەرێکی زۆری بۆ دوو ڕووداو لەوانە تەرخان دەکات، بە تایبەتی لە ڕووی ئەو جۆرە شێوازەی کە لە گێڕانەوەیان پەیڕەوی دەکات.

ئەو دوو ڕووداوەش بریتین لە:

یەکەمیان سەفەرکردنی شلۆمۆ لە بەغداوە بۆ بۆمبای بە مەبەستی بازرگانی لە ساڵی ١٩٢٤.

دووەمیان کۆچپێکردنی یەهودییەکانی عێراق و ئێران لە سەرەتای حوزەیرانی ١٩٤١.

لە ڕووداوی یەکەمدا سوودی لە بەکارهێنانی کولتووری عەرەبی وەرگرتووە لە (هەزار و یەك شەوە)، بە تایبەتی چیرۆکی سەندباد.

لە دووەمیشیاندا لە ڕێگەی بەکارهێنانی میتۆلۆژیای ئایینی.

بەراووردکردنی سەفەرەکەی بەو چیرۆکە لەوەدایە کە شلۆمۆ وەك سەندباد گیانبازی دەکات و ڕووبەڕووی کارەسات دەبێتەوە، هەموو جارێکیش لێی دەرباز دەبێت. شێوەی جەربەزەییەکە لەو گەشتەی کە بە کەشتی لە بەسرەوە ڕوو لە هندستان دەکات، لەوە خۆی حەشار داوە کە زمانی هندی نازانێت، لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵدەدا تێی بگات و کەمێك پارەخەرج دەکات. هەردوو داخوازییەکەی دێنەجێ وەختێ لەسەر پشتی کەشتییەکە کابرایەکی یەهودی دەناسێ بە ناوی (یەهودا بەحر) کە بۆ سەردانی کەسوکاری هاتبووە عێراق و بۆ هندستان دەگەڕایەوە. ئیدی لە ماڵەکەی خۆیدا چەند ڕۆژێك مێوانداری دەکات پاشان لە کەنیسەی (نەکبارا) دەگیرسێتەوە. ئیدی بەهۆی برادەرە یەهودییەکەی کە دەبێتە وەرگێڕ لە نێوانی خۆی و بازرگانە یەهوودییەکان، کێشەی زمانی نامینێت، بارێك جلوبەرگی لەنگەیان بە نرخێکی زۆر هەرزان لێ دەکڕێت، بەجۆرێك بێ ئەوەی فلسێك لەو پارەیەی گیرفانی لە خواردن و نووستن خەرج بکات، دەگەڕێتەوە و قازانجێکی زۆری پێ دەبڕێت، پاشان بە پارەکەی خانووێك لە گەڕەکی کەڕادەی بەغدا دەکڕێت.

ئەو جۆرە جەربەزەییانە بە درێژایی ڕۆمانەکە دووبارە دەبنەوە، وەك کڕینی چل پارچە چەك لە تاران و فرۆشتنەوەی بە خەڵکی سابلاغ، پاشان بەهۆی ئەو ڕەفتارەی بانگ دەکرێتە بەردەم شای ئێران بە پەنجا لێدان بە حەیزەرانی شلك و سەد لێدانیش بە هی وشك سزای دەدەن، ئیدی بە



www.mukiryani.com

هەڵگەڕاوە لە دژی حکومەت توومەتباری دەکەن و دەیخەنە زیندان. پاشان جەلال ڕافزی کە یەکێک بوو لە دەستوپێوەندەکانی شا، ڕزگاری دەکات، بە بیانۆی ئەوەی وەختێ باوکی تووشی نەداری و برسێتی دێت، شلۆمۆ ڕزگاری دەکات، ئیدی پاشانەکە شلۆمۆ بە سەلامەتی دەگەڕێتەوە سابلاغێ.

لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشێ:

ــ شلۆمۆ کە بەئاگاترین پیاوی سابلاغ بووە، چۆن نەیزانیوە بازرگانی کردن بە چەك تووشی دەردەسەری دەکات؟!

سەرەڕای ئەوەش وەختێ بۆ تاران دەچوو، سواری ئەسپەکەی ببوو و سێ هێستری بە باری مازووەوە بە پێش خۆی دابوو و بە نێو شاخ و بەرزاییەکاندا دەڕۆیشت تا بیانفرۆشێت، هەردوو برایە پیاوکوژەکە (جەعفەر و حوسێن)، ڕێ لێ دەگرن و داوای لێ دەکەن ئەسپ و هێسترەکانیان بداتێ و بە دەستی بەتاڵ بگەڕێتەوە، وەلێ کە دەیناسن کێیە داوای لێبووردنی لێ دەکەن، دواتر بۆ ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییان مامەڵەی کڕینی مازوو و ماڵاتەکانی لەگەڵ دەکەن بە بیانۆی ئەوەی کە هەردووکیان قەرزاری باوکینە و پێشتر ملیانی لە پەتی سێدارە ڕزگار کردووە.

نووسەر ئەم دووپاتکردنەوەیە لە دەرخستنی بەڵگەکە چارەسەر دەکات، لە ڕێگەی بەکارهێنانیان لە کۆتایی ڕۆمانەکە، یەکەمیان بە ئاگادارکردنەوەی شلۆمۆ لە لایەن جەلال ڕافزی تا سابلاغ بەجێبێڵێت. دووەمیان لە ڕێگەی بەکارهێنانی یەکێ لەو دەمانچانەی کە شلۆمۆ فرۆشتبوویە خەڵکی ئەوێ، لەلایەن حەسەن بۆزوکەوە تا خواردنی پێ بدەن.

جوانترین شت لەو ڕۆمانە بەکارهێنانی میتۆلۆژیای ئاینییە لە پێشبینی کردنی کوژرانی یەهودییەکانە لە عێراق، کە ئەوهابوو، چونکێ ئێمە مەبەستمان شیکردنەوەی ڕووداوێکی مێژوویی یا سیاسی نییە کە هەزاران ساڵی بەسەردا تێپەڕیبێت، بەڵکو مەبەستمان خوێندنەوەی ڕۆمانێکی هونەرییە. ئاخر نووسەر بە ئەنقەست ئەو شوێنەی هەڵبژاردووە کە بە زوومی وەرگر وێنەی دەگرێت، ئەویش ڕووداوی دیلە یەهودییەکەیە لە شاری ئەلقۆش، بەو پێیەی کە شارێکی ئاشوورییەکانە، دەبینین هەمان ڕووداو لە بەغدا لە دووری ٦٠٠ کیلۆمەتر لە ئەلقۆش دووبارە دەبێتەوە، یاخود کارەساتەکەی سابلاغی تێدا دووبارە دەبێتەوە، چونکێ ئەو مانایە دووجاران لەسەر زمانی شلۆمۆ دێت و دووبارە دەبێتەوە، جارێکیان لە لاپەڕە هەژدە و جارێکی تر لە لاپەڕە چل و شەش، بەم جۆرەی خوارەوە:

ــ ئارامییە شاخاوییەکان (ئەمە زمانی یەهودییەکانە لە شەرمەی ئاسوورییەکان داگیریان کردووین).



www.mukiryani.com

ـــ سابلاغ له بەغدا دووباره دەبێتەوه؟ ئینگلیزەکه دەڕوا و به نازییەکه دەڵێت فەرمووو؟!

وەك دەبینین وشەی (ئاسوورییەکان)ی بەکارهێناوه نەك (ئاشوورییەکان)، جا ڕەنگە بە پێچەوانەی تێگەیشتنی ئێمە، مەبەست لە هەڵبژاردنی شاری ئەلقۆش کە زەوییەکانی بەرزن و شاخی تێدایە، ئەوەبێت تا لە ڕێگەی ئەو شارەوە شکۆداری بداتە ئاشوورییەکان.

هەروەها دیارکردنی شوێن، کە گۆڕەکەیە لە تەك ئێکسسوارەکانی ناوی لە چرایە داگیرساوەکان کە ڕەنگی ئاوەکانی بۆ سوورێکی خوێناوی دەگۆڕێن و ئەو ترسەی لە کوژانەوه و داگیرسانیان دروست دەبێت و ئەو مەودایەی دەکەوێتە نێوان هەردوو شوێنەکە و جیاوازی نێوان بەرزایی ئەلقۆش بە بەراوورد بە شاری بەغدا، هەموو ئەوانە جەوێکی پڕ لە سیحر و پیرۆزی پەخش کردووه. پاشان بەیەکەوه دیتنی مردنی ژن و پیاوەکەش لەو شوێنە زێتر دیمەنەکەی جۆشاندووه، بەتایبەتی پاش ناسینەوەی ژنەکە.

پێشبینییەکە بە خوێندنەوەی مۆنۆلۆجەکانی ناوەوه و دیالۆگی خزمەتکاری گۆڕەکە لەگەڵ ناحوم پێغەمبەر دەست پێ دەکات کە لەوێ ئامادەیە و ئاماژەی بۆ دەکات تا سەرنجی خۆی بداتە بەغدا وەختێ لێی نێزیك دەبێتەوه، ئیدی وەك ئەوەی لەسەر دەستەکانی خۆی بێت ئەوها دێتە بەرچاوی و هەموو ئەو ڕووداوانەش دەبینێت کە تێیدا ڕوودەدەن: چۆن ژن و پیاو و پیر و منداڵەکان تێکڕا سەردەبڕێن و ماڵەکان تالان دەکرێن و دووکانەکان فەرهود دەکرێن، چۆن خوێن جۆگەلەی بەستووه و هەرچی و پەرچییەکان لەسەر تەرمی قوربانییەکان سەما دەکەن و خەنجەر و شمشێرەکانیان خوێنیان لێ دەتکێ.

دیالۆگی نێوان خزمەتکاری گۆڕەکە و ناحوم پێغەمبەر و وەسفکردنی ئەو قەسابخانەیە، وەك شریتێکی سینەمایی دێن و وەرگر کە ڕووداوەکانی دەبینێت، وا دەزانێت خۆیشی تێدا بەشدار بووه و لە ناو گەرمەی ڕووکاندایە.

دوایین کەس کە لەو قەسابخانەیە دەکوژرێت ژن و پیاوێکن. هەرچەندە خزمەتکاری گۆڕەکە وەسفی ژنەکە دەکات، لێ وەرگر نازانێت کە ئەوه ئەسمەری ژنی شلۆمۆیە تا ئەو وەختەی دەبینێ ژنە لە ماڵەوه دەردەچێ و بەدوای ئەودا دەگەڕێ.

وێنەی یەکەم:

(موراد حای ـ خزمەتکاری گۆڕەکە ـــ سەیرێکی دەوروبەری خۆی کرد و دیتی پیرە پیاوێکی ڕیش سپی بەغدایی لە سەر کورسییەکەی دانیشتووه و سەرقاڵی خوێندنەوەی مەزامیرەکانی داوودە، لە هیکڕا بە گیزەی گوللەیەك منگە منگە ئاوازدارە شیرینەکەی



www.mukiryani.com

دەبڕێت، بڵێسەی ئاگر و تەقینەوەیەك بە دوایدا، چۆڕاوگەی خوێن لە نێوچەوانە پڕ لۆچەکەی ڕژایە سەر مەزامیرەکە و گۆمی بەست، ئیدی سەری پیرە پیاوە یەهودییەکە دەکەوێتە سەر لاپەڕەی زەبوورەکە و ڕیشی لە خوێنەکە نقوم دەبێت). لاپەڕە ٥٠ .

وێنەی دووەم:

(ئەمجارەیان پیرێژنێکی عەبا ڕەشی بینی لە شەقامەکەدا دەڕۆیشت، وەك شێت هەر ئاوڕی لەملا و ئەولای خۆی دایەوە، دەترسا، گوێبیستی هاوارێك بوو، وەلێ تێی نەگەیشت، ژنەکە لەخۆی دەدا و دموچاوی خۆی دەڕنییەوە، ئا لەو کاتە کۆمەڵێك کەس دەورەیان دا، بە چەقۆ و خەنجەر و شمشێریان لە دەستدابوو، ئیدی بەربوونە گیانی ژنە و خستیانە ناوەندی شەقامەکە و لە خوێنی خۆیدا گەوزی). لاپەڕە ٥٠ ــ ٥١.

بەڵام ئەو دەستپێکانەی کە لە بەشی یەکەمی ڕۆمانەکەدا هێناویەتی بریتین لە دوو جۆر:

جۆری یەکەمی بۆ دەستخستنی وردەکارییەکانی ڕووداوەکە بەکارهێناوە. بەڵام جۆری دووەمیان کە گرنگتریانە، بۆ حاڵەتی پێشبینیکردن (التنبوو) بەکاری هێناوە کە هەندێ لە کەسێتییەکان لێیان ڕوودەدات.

دەستپێکەکانی جۆری یەکەم بریتیبوون لە:

ــ زیندانیبوونی شلۆمۆ لە تاران.

ــ داواکردنی ئەسمەر لە شلۆمۆی مێردی بۆ ئەوەی داخوازی دەستی ئەستێر بکات.

ــ ڕزگارکردنی ماڵی میر عەلی لە تالانکردن لە لایەن شلۆمۆوە.

ــ شلۆمۆ داوای لە جەعفەر و عەلی کرد لە پەناگەکەیان بێنە دەرێ تا لەگەڵیان ڕێك بکەوێ.

جۆری دووەمیش ئەمانەن:

ــ پێشبینی کردنی مردنی ئەستێری ژنی شلۆمۆ و ناحۆمی کوڕی و ئەستێری کچە گچکەی.

ــ دیارکەوتنی ژنە شومەکە ....

لە هەموو ئەو دەستپێکانە گرنگتر کە ڕووبەرێکی فرەوانی لە ڕۆمانەکە داگیر کردووە، پێشبینی کردنی مردنی ئەستێری ژنی شلۆمۆ و ناحۆمی کوڕی و کچەکەیەتی. ئاخر ئەو دەستپێکە هەر لە سەرتای کردارە درامییەکەوە تا دوا چرکەی تەقاندنەوەی، نێزیك دووسەد لاپەڕەی گرتووە، واتە لە لاپەڕە هەژدە تا لاپەڕە دووسەد و بیست و دوو، بەم جۆرە:



www.mukiryani.com

ـ ئەسمەر گوتی: ئەستێر بەمێردت دەدەم. (ئەستێر مرد و هەردوو منداڵەکەش مردن) لاپەڕە ١٨.

ـ گولله تۆپەکان بەبان سەری ئەستێر دابارین و ناحومیش لە ترسانا هاواری لێ هەستا لاپەڕە١٦٠.

ـ ئەدی پێم نەگوتی کە چوونەدەرێ لە دۆخێکی ئاوادا کارێکی مەترسیدارە، ئایا دەتەوێ لە فەرمانم یاخی بیت و ناحوم و ئەوەی لە زگتایە بیانفەوتێنی. لاپەڕە ١٦٨ .

ـ ئەستێر و دوو منداڵەکەم نەبینیوە، پرسیارم لە ئەسمەر کرد: ئەدی ئەستێر لە ماڵە باوانی نەگەڕایەوە؟ لاپەڕە ١٩٩ .

ـ به ئەستێرم گوت کە لە ماڵەکەی بمینێتەوە و ئاگادارم کردەوە کە بە تەنها یا لەگەڵ هەردوو منداڵەکەی لە ماڵەوە دەرنەچێت. لاپەڕە ٢٢٢ .

ئەگەر پێشبینیکردنی مەرگی ژنەکەی شلۆمۆ و منداڵەکانی ڕووبەرێکی زۆری لە ڕۆمانەکەدا داگیرکردبێت، ئەوا دەرکەوتنی ژنە شومەکە و کوڕەکەی و حەسەن بۆزوك بۆ خەڵکی ئەوێ بێگومان نیشانەی ئەو ماڵوێرانییەیە کە چاوەڕێیان دەکرد. چونکێ (دێو) سەبارەت بە مرۆڤی میللی و لادێیی بە بەشێك لە کولتووری عەقلی دەستەجەمعی دادەنرێت و بەشێکی گەورە لە هۆشی داگیر دەکات. هەرچەندە خەڵکی سابلاغ بە مەترسییە نادیار و نەزانراوەکانی دێویان باوەڕ نەدەکرد، لێ نووسەر توانیویەتی بە دوو تابلۆ ئەو بابەتە دەرببڕێت: لە یەکەمیاندا پشتی بە گۆڕین و ناشیرنکردنی مرۆڤ بەستووە، بە سوود وەرگرتن لە شێوەی گێڕانەوەی کافکایی کە لە ڕۆمانەکەی (مەسخ) لە ڕێگەی گۆڕینی دێوەکە لە کچۆڵەیەکی منداڵ بۆ کچێکی جحێڵ، کە لە گشت قۆناغەکانی تەمەن بازدەدا و دەبێتە پیرێژنێکی بەساڵاچوو. لە دووەمیشیاندا خۆدەرخستنی بۆ حەسەن بۆزوك لە شێوەی ژنێکی شۆخوشەنگ و پێشبینی کردنی مردنی بۆزوك بەرلەوەی ئەو منداڵەی خۆی ببینێت کە هێشتا لە زگی ئەڵماس دابوو.

تابلۆی یەکەم:

(لە بەرچاویدا هەر گەورە دەبوو تا لە چەند چرکەیەکدا لە کچۆڵەیەکی منداڵەوە بووە کچێکی جحێڵ... قۆڵ و بازووی درێژدەبوونەوە تا وای لێ هات لە پێشیدا بوونە بەربەستێك و نەیان هێشت ڕابکات... بێ دەستی خۆی کچەی دەبینی کەوا گەورە دەبێت و بە شێوەیەکی سەیر قۆناغەکانی تەمەن دەبڕێت، ئا ئەوەتا بووەتە ژنێك لە پایزی تەمەنی، بەڵکو پیرێژنێکی بەساڵاچووی پێست چورچ کە چەند چرکەیەك پێشتر تەڕ و ڕەنگخۆش بوو کەچی وا پووکایەوە، ئیدی وردە وردە دەلەرزی



www.mukiryani.com

و هەڵدەوەشایەوە، پاشانەکە کەوتە سەر زەوی، ئەوەی لە کۆتاییدا مایەوە تەنها کەللە سەرێك بوو بە بان پەیکەرێکی ئێسقانەوە...). لاپەڕە ٢٥٢ .

دیمەنی دووەم:

(لەهیکرا ڕووناکییەکی کز کەوتە بەرچاوی حەسەن بۆزوك، ژنە شومەکە لە ناخی ئەو ڕووناکییەوە دەرکەوت کە لە شێوەی ژنێکی شۆخ و نازدار بوو، وەك مانگی چواردە لێی نێزیك بۆوە و بە تریفەکانی گەمارۆی دا، بۆی خەنییەوە و بە دەنگی پیرێك بە گوێیدا چرپاندی، وەك ئەوەی لە نێو گۆڕێکدا قسە بکات: (گۆڕەکە ناترشێنێتەوە و هەتیوەکەش ناتناسێتەوە). لاپەڕە ٣١٢.

ئەو پێشبینییە (ئەڵماس)یش دەگرێتەوە، بەڵام بە پلەیەکی کەمتر، بە تایبەتی سەبارەت بە لووتبەرزییەکەی و ئەو شتە ناخۆشانەی دواتر بەسەری دێن.

(شلۆمۆ، ئەڵماس دەبینێ و دەڵێ چ سوودێکی هەیە کە لەو دنیایەدا جگە لە خواردن و نووستن شتێك ناکا و بە ئاوێنەیەك لە خۆی دەڕوانێت گەورەی دەکا و خەڵکیشی لە بەرچاوان بچووك دەکاتەوە، بە شێوەیەك کە بە تەنیشتیاندا ڕەت دەبێت وا دەزانی میرووڵەنە. ئیدی لە بەرخۆیەوە دەڵێت ئەو ژنە لەخۆباییە شوو ناکات و ناچێتە ناو کوڕی خەڵکان، وەلێ ئەم دنیایە ڕەحم بە کەسانی وەك ئەڵماس ناکات. لاپەڕە ١٢٤ .

هەروەها کە تورکیا و ڕووسیا بە نۆبەت هێرش دەکەنە سەر سابلاغێ، ئیدی خەڵکی ئەوێ تووشی گرفتی وا دەبن کە پێشتر بەسەریان نەهاتووە، تەنها هەندێکی لابەلایی نەبێت کە لە هەموو شوێنێك ڕوو دەدەن. ئەو کێشانە سێ جۆر بوون و بەرەنگاری سێ خانەوادە ببوونەوە: خانەوادەی شلۆمۆ و هی میر عەلێ و هی ئەڵماس:

ـ یەکەمیان لە گوێنەدانی ئەستێر بە ئامۆژگارییەکانی مێردەکەی کە داواکاربوو لێی ناحوم و ئەستێری بچووك لەگەڵ خۆی نەباتە نێو باخەکە.

ـ دووەمیان ئارەزووچوونی ڕەزا بە (فاتیمە)ی براژنی.

ـ سێیەمیان ئەو لەخۆڕازیبوونەی ئەڵماس بە جۆرێ هەموو گەنجەکانی ئاوایی پشت گوێ خستبوو.

نووسەر ئەو شەڕەی چاك قۆزتۆتەوە و وەك گەمەیەکی ژیرانەی لێ کردووە بۆ بەکارهێنانی ئەو کێشە بچووکانە و گەورەکردنیان لە ڕێگەی تێکەڵکردنی ڕووداو بە کەسێتییەکان و دروستکردنی واقعێکی تازەی وا کە بە شێوەیەکی قووڵ هۆکارەکانی ئازار و ئەشکەنجەی پاڵەوانەکانی ڕۆمانەکەی دیاردەخات، وەختێ ڕووبەڕوویان دەبنەوە یەك بە دوای



www.mukiryani.com

یەکدا دەکەونە هەڵدێرێك کە ڕزگاربوونی تێدا نییە، ئەمەش لە دوای ڕۆیشتنی شلۆمۆ لەو شارۆچکەیە و خۆکوشتنی ڕەزا و لە برسامردنی حەسەن بۆزوك و خواردنی کوڕە لەلایەن دایکییەوە و خیانەتکردنی ژنە لە مێردەکەی و کوژرانی شلۆمۆ منداڵەکانی و ئەو شەڕەی لە نێوان مورتەزا و عەلی هەڵدەگیرسێ لە پێناوی دەستکەوتنی غەنیمەی جەنگەکە.

نووسەر زۆر شارەزای دروستکردنی ڕووداو و چۆنیەتی بەکارهێنانی و بەرەوپێش بردنی بووە، زۆرجار ڕیتمێکی هێواش دەگرێتەبەر و لە کردارێکەوە دەچێتە سەر کردارێکی دیکە تا پەیژە دراميیەکە ڕێڕەوی خۆی وەرگرێت و ورووژانەکان لە شێوەی بەرزهەڵچوون و بەدواداهاتنی یەکتری وەك زنجیرەیەکی نەپچڕاوە دێنێتە پێشەوە، واتە نووسەر ئەو چرکەیە بە ڕێگەیەکی ئاسان و حازربەدەست ناداتە وەرگر، بەڵکو بە بڕینی بێنی هەناسەی، بۆ نموونە لە گواستنەوەی خانەوادەی میر عەلی هەتا لەگەڵ خانەوادەی شلۆمۆدا بژین بیانۆیەکی باوەڕهێن دەدۆزێتەوە، بە مەبەستی بەرزهەڵچوونی ڕووداوە دراميیەکەی کۆتایی ئەو کارەساتە بێت کە بەسەر ڕەزادا هاتووە: ژوورەکەی ڕەزا لە بەرامبەر ژووری براژنەکەیەتی، ئەمەش بە مەبەستی زێتر ورووژان و هەڵچوونی ڕەزا هەتا ئەو دیوارە نەهێڵێت کە لە نێوانیان دایە. بەخەیاڵ ئەندامەکانی جەستەی دێنێتە بەرچاوی خۆی کە لە نێو ئەو دیوارەدا لێی دەبووە سۆزانییەکی ڕووت و پیاوێکی لەگەڵ دایە هەرچی ئارەزوو بکات لەگەڵی دەکات، ئیدی زیاتر دەشلەژێ و ئارەزووی سێکسی تاو دەسێنێ و لە چرکەیەك لەو چرکانە پەلاماری براکەی دەدات و دەست لە خنخنۆکەی دەنێت، ئەویش هاوار دەکات: فاتیمەم گەرەکە. پاش پێنج شەش خولەك لە دەرچوونی لە ماڵەوە گوێی لە دەنگی تەقەیەك دەبێت.

ئەو ڕووداوە، یاخود حەزلێکردنی ڕەزا لە براژنەکەی بە سێ قۆناغدا تێدەپەڕێت تا دەتەقێتەوە، ئاخر لەسەرەتا هەوڵ دەدات دەست بە دەستیدا بێنێت، پاشان لەماڵنەبوونی براکەی دەقۆزێتەوە و دەچێتە ژووری نوستنی، دواتر وەختێ براژنەکەی خەریکی سەرشۆرینە لە گەرماوەکەیان، بە دزی لە کونێکەوە سەیری دەکات، پاشان بە خۆکوشتن کۆتایی دێت.

جا وەك چۆن بە ڕیتمێکی هێواش ئەو ڕووداوە دەتەقێنێتەوە، هەر ئاواش چاوی بینەر بۆ وەرگرتنی ڕووداوەکە بەکاردێنێت تا وەك کامێرایەکی سینەمایی وێنەی کەسێتییەکانی پێ دەگرێت لە هەموو گۆشەکانەوە.

نووسەر ئەو شێوازەی لە دیمەنە گرنگەکانی ڕۆمانەکەی بەکارهێناوە، بە تایبەتی لە دوو دیمەن یەکیان دیمەنی پێشبینی کردنی ناحوم پێغەمبەر کە یەهودییەکانی عێراق دەکوژرێن، ئەویدیکەشیان دیمەنی فاتیمەی هاوسەری میر عەلییە وەختێ لە گەرماوەکە بەڕووتی سەری



www.mukiryani.com

خۆی دەشوات. ئەم دیمەنە زۆر لە دیمەنی خۆشوشتنی (ڕیمیدیس) دەچێت لە ڕۆمانی (سەد ساڵ لە تەنیایی)ی گارسیا مارکیز، وەختێ کەسێکی نامۆ قەرمێدی سەر گەرماوەکەی لادەبات و لە بەرامبەر جەستەی ڕووتی بە واقوڕمایی تێی ڕادەمینێ و داوای لێ دەکات شووی پێ بکات. ئیدی نێزیکەی سەعاتێك كات بە فیڕۆ دەدات تەنها بۆ ئەوەی ژنەی بە ڕووتی ببینێ. لەگەڵ مردنی هەردوو پیاوەکە، واتە مردنی پیاوە نامۆکەی ڕۆمانی سەد ساڵ لە تەنیایی، کە قەرمیدەکە دەخشێ و بەردەبێتەوە و لەبەر پێی دەشکێ و دەیخاتە سەرزەوییەکە، هەروەها مردنی ڕەزا لەو ڕۆمانە، دەبینین دیمەنی ئەو ڕۆمانەی لە بەردەستمان دایە بە هۆی ڕاستگۆییەکەی، جا چ لە ڕێگەی هەڵچوونەکانی پاڵەوانەکە و هەستەوەرەکانی بێت یا بەهۆی وەسفکردنی ڕوتبوونی ژنەکەوە بێت زیتر خوێنەر ڕازی دەکات و دیمەنەکە پێگەیشتووتر دیاردەخات: لێرەدا وەسفکردنی جەستەی ژن بە ڕووتی بە شێوەیەکی بێ مانا نەهاتووە، وەك ڕۆمانەکانە سێکسییەکان:

(بنهەگڵەکانی سپی و لووسن هیچ ئاسەواری مووی تاشراوی پێوە دیار نییە. ملی چەشنی لوولێکی لە عاج دروستکراوی نەرم و ناسکە، گەردنی ئاسکێك لە ڕەنگی کۆتر، هەڵبەزینەوەی جووتێ مەمکی قیت دەیجولێنێ کە دەڵێی مەمکی کچۆڵەیەکن تازە هەڵیان داوە، هیچ داکەوتنێکیان پێوە دیار نییە بە قەد ئەگوستێکیش، وەك ئەوەی قەت ڕۆژێك پڕ لە شیر نەبووبن، وەك ئەوەی قەت منداڵی نەبووبێ و دوو منداڵی شیر نەدابێت... دەمەوێ چەشنی گوللەیەك بەرەو لای تۆ بێم تا لە ئامێزت بگرم، بەڵام لەسەر زەوی پێیەکانم شل دەبن، بەلادا دێم خۆم بە دیوارەکەوە دەگرم، هەموو شتێ لە جەستەمدا بە تواوەیی دەڕژێ، تەنها شوێنێکم نەبێت... دەستەکانت گەمە بە مەمکەکانت دەکەن، ئەو زگەت چەشنی بالیفێکی سپییە و چاڵێکی لە ناوەڕاستدایە، بەرداخێکی بچووکە، لیکاوم دەڕژێ و چەند بە حەسرەتم ئەو بەرداخەی لێ پڕکەم... دەڵێن هەموو کچانی دنیا لە جەستەیاندا ئەندامێك هەیە لەوەی تۆ دەچێت، لێ درۆی کردووە ئەو کەسەی ئەوەی فەرمووە!. سوێند دەخۆم من جگە لەوەی تۆ هی هیچ ژنێکم نەبینیوە. هەروەها سوێند دەخۆم ئەو ئەندامەی لەشی تۆ وەك هی هیچ ژنێك نییە لەو دنیایە.. گەر بێت و لە پشترا بازووم تێئالاندی و دەستم بە نێو مەمکەکانتدا بۆ بەرزگ و گەرمییەکەی خوارتر شۆڕکەمەوە، ئەوساکە دەمتوانی چیرۆکی شەو گەشتی خۆم بۆ بەهەشت بگێڕمەوە...) لاپەڕە٢٠٧ .

جا ئەگەر ڕووداوە درامییەکەی ڕەزا بە سێ قۆناغدا تێپەڕیبێت، ئەوا سەبارەت بە ئەستێر و ئەڵماسیش بە هەمان قۆناغدا دەڕوات. یەکەمیان جارێك خۆی لە کەوتنە خوارەوەی



www.mukiryani.com

گوللەتۆپەکان بەسەریدا و جارێکیش بە ئاگادارکرنەوەی کە نەچێتە ناو باخەکە و دواتر بە کوژرانی دەبینێتەوە. دووەمیان بریتییە لە تفکردنی ئەڵماس بە ڕووی شلۆمۆ و مردنی باوکی و سکپڕبوونی لە حەسەن بۆزوك.

لێرەدا کارکردنی نووسەر لە سەر گرێدانی ئەو حاڵەتانەی کە پاڵەوانەکانی بەیەکەوە کۆی کردۆتەوە ڕەهەندێکی قووڵتر و تێگەیشتنێکی فرەوانتری پێ بەخشیوە و خوێنەر بە ئاسانی لێکیان جیا دەکاتەوە، وەك لێك گرێدانی خیانەت کردنی هەردوو براکە ــ عەلی و مورتەزا ـــ بە خەڵکی ئاوایی و خیانەتکردنی ڕەزا لە براکەی، لاپەڕە ١٣٠. هەروەها چێژ وەرگرتنی مورتەزای بە هاواری خەڵکەکەوە گرێداوە لە لاپەڕە ١٥٩. لە لاپەڕە ١٧٤دەنگی تەقەی عوسمانییەکانی بە منداڵبوونی ئەستێر پەیوەست کردووە، دۆخی کەشوهەواکەی بە جەنگەکە و جەنگەکەشی بە ڕەزا و ئەڵماس و بۆزوك گرێداوە لە لاپەڕە ٢٢١. دەستدرێژی ڕەزا بۆ سەر فاتیمەشی بە کارەساتی بە داگیرکردنی ئەو شارۆچکەیە بەستۆتەوە کە لەلایەن ڕووس و عوسمانییەکان ئەنجام دراوە و کردوویانەتە سەرەڕێی بەدیهێنانی ئامانجە گڵاوەکانیان.

هەموو پاڵەوانەکان لەو ڕۆمانەدا سەرەکینە، وەلێ شلۆمۆ، بەو پێیەی بە ڕۆڵی حیکایەتبێژ هەڵدەستێت و ئەو ڕووداوانە دەگێڕێتەوە کە تێیایاندا ژیاوە و بەسەر خەڵکی شارۆچکەکەیدا هاتوونە، پێگەی یەکەمی داگیرکردووە، سەرەڕای ئازایەتییەکەی و ئەو ورە بەرزەی کە هەیبووە، یا وەك خۆی لە بارەی خۆیەوە دەڵێت: بەو گایە هەڵچووە دەچووم کە دنیای لە سەرپشتی خۆی هەڵگرتووە و لە قۆچێکەوە بۆ قۆچەکەی دیکەی دەیگوازێتەوە، هەروەها بەو سەوڵە دەچووم کە ترسەکان لێك دەکاتەوە و قامچی لە زەمەن دەوەشێنێ و ناشکێ، بەڵکو لە لەگەنێك دەچووم کە گەرمەی مەترسییەکانی دەڕەواندەوە بە ڕێی خۆیدا دەڕۆیشت

ڕووداوەکانی نێو ئەو ڕۆمانە زۆرن، وەلێ گرنگترینیان ڕووداوی ڕزگارکردنیماڵی میر عەلییە لە دزی و تاڵان کردن، ئەمەش لە ڕێگەی پێدانی وێسکی بە سەربازە ڕووسییەکان. هەروەها سڕبوون و گیان تێنەمانی پێی شلۆمۆ بوو وەختێ بە شەو بە نێو بەفردا دەگەڕایەوە ماڵەکەی بۆ ئەوەی فەرمانی ڕووسەکان بە خەڵکی سابلاغ ڕابگەیێنێت، ئیدی پێیەکانی دەخاتە ژێر تەپاڵە و لە تەویلەی ماڵاتەکان لە نێو تەرسدا دەمینێتەوە.

هەروەها کەسێتی حەسەن چەخماچە کە بڕوای وایە ئەو شەڕە کابووس نییە، چونکێ چارەنووسەی بە دەست ڕووسەکانەوەیە. ئاخر بە باوەڕی ئەو لە ململانێی نێوان کۆنەپەرستەکان و بەلشەفیکەکان لە ناو سوپای قەیسەریدا، سەرکەوتن هەر بۆ بەلشەفیکەکانە، بۆیە چووە کن



www.mukiryani.com

ئەفسەرە ڕووسەکە و داوای لێ کرد ئاگای لە موسڵمانەکان بێت و نەیانکوژێت، چونکە ئەم کارە دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوەی لایەنگرانیان، ئەوەبوو ئەفسەرەکە لە کاردانەوەی ئەوەدا خەریك بوو بیگرێ، لێ یەکێك سەربازەکان کە لە ژێرەوە بەلشەفیك بوو، بە هانایەوە دەچێت و ڕزگاری دەکات.

دیسان کەسێتی ئەڵماس کە لووتبەرز و لەخۆڕازییە و ڕووبەڕووی قۆزترین گەنجانی شارەکەی دەبێتەوە و بە تایبەتی حەسەن بۆزوك بە هیچ نازانێت، کەچی ئەویش لە دوای مردنی باوکی شێت دەبێ و حەسەن بۆزوك سکی پڕ دەکات، وەختێ لە خانووە داتەپیوەکەیدا لێی بە ژوورێ دەکەوێ و لەگەڵی جووت دەبێ.

کەسێتی حەسەن بۆزوك زۆر لە کەسێتی ئەڵماسی هەرزەکار دەچێت لە بارەی هەڵسووکەوتی لەگەڵ خەڵکدا، چەنکێ هەردووکیان سەر بە یەك چینی کۆمەڵاتین، کە هەر لە منداڵییەوە لە مانای دەسەڵات گەیشتبوو و وای بە خەیاڵدا دەهات کە دنیا هەمووی هی ئەوە، بە جوانترین جلوبەرگ خۆی دەڕازاندەوە و کەیفیشی بە خەنجەرە دەسك زێڕەکەی بەرپشتی نەدەهات، ئاخر بە دەمانچەی باوکە بازرگانەکەی خۆی نمایش دەکرد و سەرنجی کچانی بۆ خۆی ڕادەکێشا، بەتایبەتی ئەڵماس، بەلاّم هیچ هەلێکی بۆ نەڕەخسا هەتا دوای شێتبوونی. وەلێ دواتر پاش ئەوەی لە برسان دەمانچە لە شلۆمۆ ڕادەکێشێ تا خواردنی پێ بدات، دەمرێت.

کەسێتی ڕەزا لە هەموو کەسێتییەکانی دیکەی ڕۆمانە سەیروسەمەرەترە و مایەی بەزەیی پێهاتنە، چونکە بە هۆی ئەو کەبتە سێکسییەی کە پێوەی دەناڵێنێ و ئەو کۆت و بەندانەی کۆمەڵ بەسەریدا دەیسەپێنێ و شەیدابوونی بۆ براژنەکەی، هەمیشە حەزی لە تەنیاییە. هەموو شتێکی لە مێشکی خۆیدا فڕێدابوو تەنها بیری لەو ژنە دەکردەوە، لە فاتیمە، ئەو میوەیەی خواردنی حەرام بوو و هەر لە حەژمەتی ئەویش خۆی کوشت.



www.mukiryani.com

# ڕۆمانی باڵەخانەی یەعقوبیان و سینەما

ئەو ڕۆمانە کە لە نووسینی (عەلا ئوسوانییە)، لە سەر شێوازی گێڕانەوەی ڕیالیزمیی ڕووداوەکان دەخاتەڕوو کە پڕە لە گاڵتەی سەرزارانە و هەندێجاریش مەبەستدار، سەرەڕای ئەوەش ئەو دەقە دەربڕینێکی بوێرانەیە کە هەموو چین و توێژە کۆمەلایەتییەکانی ولاتی میسری لەخۆ گرتووە و باڵەخانەی یەعقوبیانی کردۆتە نموونەیەکی بچووکی ئەو کۆمەڵگەیە، یا وەك نووسەر خۆی دەڵێت: شوێنەکە خۆی پاڵەوانی ڕۆمانەکەیە!، ئیدی لە چینی بۆرجوازییە گەورەکانەوە دەستی پێ کردووە بە بالاترین پایەکانی پەیوەست بە دەسەلاتەوە کە هەردوو کەسێتی (کەمال فۆلی) و (حاجی محەمەد عوزام) دەینوێنن، لەوێوە بۆ هەردوو کەسێتی (زەکی دەسووقی) و (حاتەم ڕەشید) کە ڕۆڵی بۆرجوازی بچووك دەگێڕن تا دەگاتە چین و توێژە کۆمەلاتییە هەژارەکان کە ( تەها شازلی) و (قوتەیبە) و (عەبد ڕەببە) و (ئەبسخەرۆن) و (مەلاك) ڕۆڵەکانی دەبینن، سەرەڕای پیاوە ئاینییەکان.

لە ڕێڕەوی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە و پەرەسەندنی بونیادە درامابییەکەیدا ئاڕاستەی ئەو کەسێتییانە بۆ سێ تەوەر دابەش دەبن کە ئەمانەن: ئاین، سێکس، ژیان...

جا ئەگەر چین و توێژە کۆمەلاتییە هەژارەکان تەوەری یەکەم و سێیەم، واتە ئاین و ژیانیان هەڵبژاردووە، ئەوا چینە بۆرجوازییە گەورەکان و بچووکەکان تەوەری دووەم، واتە سێکسیان هەڵبژاردووە. ئەم جۆرە هەڵبژاردنەش بۆ سێ هۆکارە دەگەڕێتەوە: دەوڵەمەندی و ڕەبەنی و نائاساییبوون (شژوژ) لە سێکس.

کەسێتیی دەوڵەمەندەکە (محەمەد عەزام) ڕۆڵەکەی دەبینێ و کەسێتیی ڕەبەنەکە (زەکی دەسووقی) و نائاسییەکەش (حاتەم ڕەشید) ڕۆڵەکانیان دەبینن. لە لایەنەکەی دیکەشدا، واتە دینداری و ژیان هەر یەك لە (تەها شازلی) و (قوتەیبە) ڕۆڵەکان دەبینن.



www.mukiryani.com

نووسەر ڕۆمانەکەی دابەش نەکردووە بۆ چەند بەشێك، هەروەك لە ڕۆمانە تەقلیدییەکاندا وا باوە، هەتا ڕووداوەکانیشی ژمارەبەند نەکردووە، بەڵکو بۆ چەند یەکەیەکی بچووك دابەشی کردووە کە هەر یەکەیەك لە چوار تا پێنج لاپەڕە پتر نییە کە سەرجەمی یەکەکان دەگاتە (٧٣) یەکە و زەکی دەسووقی بە تەنها نۆزدەی بەرکەوتووە و لە دوای ئەویش تەها شازلی و قوتەیبە هەر یەکەیان چواردە یەکەی بەرکەوتووە و بە پلەی سێیەمیش حاجی محەمەد عەزام و سوعاد جابر دێن، پاشان ژمارەی یەکەکان کەم دەبنەوە و بەسەر پاڵەوانەکانی دیکەی وەك حاتەم ڕەشید و عەبد ڕەببە و کەمال فۆلی و کریستین و دەولەت و مەلاك و ئەبسخەرۆن دابەش دەبێت و هەر یەکەو دوان سێیانەکیان بەردەکەوێت.

بەکارهێنانی شێوازی (یەکە) کە نووسەر بۆ گەیاندنی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەی و ڕەهەندی کەسێتییەکانی بە وەرگر پەنای بۆ بردووە، زۆر لە شێوازی گرتەی سینەمایی نێزیکە، چونکە ئەو شێوازە وەختێ کە سەربەستی گواستنەوەی تێدا لە ڕووداوێکەوە بۆ یەکێکی تر پێ دەدات، ئەوا بە هۆی ڕیتمی لەسەرەخۆیانەی ئەو ڕووداوەی کە لە گواستنەوەکە دروست بووە و بۆشاییەکەی نێوانیان، یارمەتی بەرزهەڵچوونی گرژیی بارە درامایییەکە دەدات، وەك چۆن لە نێوان یەکەکانی دووەم و شەشەم و لە نێوان هەشتەم و حەڤدەمدا ڕوویداوە. ئاخر وەرگری شەیدا لە هەردوو یەکەکەی یەکەمیندا هەتا پاش تێپەڕینی بیست لاپەڕە لە وردەکارییەکانی بە پێك گەیشتنی ڕەباب و زەکی دەسووقی نازانێت، واتە لە لاپەڕە (٤٠) تا لاپەڕە (٥٩)... بەم جۆرە بەو ڕستە کورتە گرتەکە دەبڕێت: (ڕەباب خانم گەیشت گەورەم)، ئیدی دەچێتە سەر یەکەی سێیەم کە باسی چۆنیەتی دروستکردنی باڵەخانەی یەعقوبیان دەکات. لە یەکەی چوارەمدا لە بارەی تەها شازلی دەدوێت و لە پێنجەم لە بارەی ئەبسخەرۆنی خزمەتکاری زەکی دەسووقی دەدوێ و لە هەردوو یەکەکانی دیکەش، واتە لە نێوان هەشتەم و حەڤدەم وەرگر چیوای نامینێ کەسێتی حاتەم ڕەشید لە بیر بکات پاش چل لاپەڕە لە قسەکردن لە بارەی کەسێتییەکانی تر لە لاپەڕە (٧١) تا (١١١).

ڕەنگە هەردوو تەوەری (سێکس و نائاسییبوون لە سێکس) و (سێکس و دەوڵەمەندی) باشترین نموونە بن لەسەر سەربەخۆبوونی ڕووداو و کەسێتییەکانیان لە یەکدی و لە تەوەرەکانی تر، ئەوەندە تەریبی یەکتری بن هیچ داوێکی هاوبەش پێکەوە گرێیان نەدات. ئاخر وەك چۆن تەوەری یەکەم بۆ خۆی هەیە و دوو کەسێتی پێکەوە کۆدەکاتەوە تا کاری نێربازی پێکەوە ئەنجام بدەن کە ئەوانیش حاتەم ڕەشید و عەبد ڕەببەیە، هەر ئەوها تەوەری دووەمیش هەمان ئاراستە وەردەگرێت، واتە پەیوەندی حاجی محەمەد عەزام تەنها لە نێوان کەمال فۆلی و ژنەکەی (سعاد جابر) گیری



www.mukiryani.com

خواردووه. لەوانە ئەو جۆرە سەربەخۆییە تەها شازلیش بگرێتەوە، کە لە دوای بڕانی پەیوەندی لە نێوان خۆی و قوتەیبە تەنها پەیوەندییەکانی لە سنووری ڕێکخستنی ئاینی دەمینێتەوە کە لایەنگریانە.

ئەگەرچی تەوەری پەیوەندیی زەکی دەسووقی بەهۆی کەسێتییە فۆلکلۆرییە سەرنجڕاکێشەکەی، لە پەیوەندیی تەوەرەکانی دیکە فرەوانترە، وەلێ لە چێژوەرگرتن لەگەڵ ئەویندارەکانی تێناپەڕێت ، جگە لە کریستین نەبێت کە پێشتر خۆشیویستووە و نێزیکترین هاوڕێی بووە. سەرەڕای ئەوەی لەگەڵ (دەولەت)ی خوشکی دەژیا کە دواتر بەهۆی ئەو پەیوەندییە ئەوینداریە دەری کرد و (ڕەباب)ی سەماکاریش لە نووسینگەکەی خۆی لە باڵەخانەکە ئەنگوستیلەکەی لێ دزی.

تاکە تەوەر کە لەو چوارچێوەیە بەدەر بوو ئەو تەوەرە بوو کە لە کەسێتی قوتەیبە خۆی دەنواند کە پاش ئەوەی پەیوەندی لەگەڵ تەها نەما، ئیدی لە دوای مردنی باوکی، لە پێناوی بەخێوکردنی خانەوادەکەی بووە نیمچە سۆزانییەك، لە ژێر ئارەزووی دایکیدا تەلاڵ و مەلاك هاتوچۆیان دەکرد، پاشان بووە دۆستی دەسووقی و شووی پێ کرد.

ئەو ڕۆمانە لە ڕووداو و کەسێتییەکانی تژی ڕەمز و دەلالەتی هێمابەخشە کە شایانی لێکدانەوەنە، چونکێ دەنگەکانی هەمەچەشنەن و بەسەر دەقەکەدا کراوەتەوە. خۆ ئەگەر کەسێتی زەکی دەسووقی کە بە تەمەنی شەست ساڵییەوە شەیدای ئەوینداریيە لەگەڵ ژنان، ڕەمزێك بێت بۆ دڵسۆزیی خەڵکی میسر لە پێش شۆڕشی ساڵی ١٩٥٢ و نیشانەی سەربەرزی و پێشکەوتنی بێت، ئەوا کەسێتی هەلپەرستانەی حاجی محەمەد عەزام و حەزکردنی لە سەروەت و سامان و گەیشتنی بە بالاترین پایەکانی دەسەلات، ڕاستگۆترین دەربڕینە لەسەر واقعییەتی ڕژێمی فەرمانڕەوایی ئێستای میسر.   کەسێتی تەها شازلی و قوتەیبەش نموونەی ئەو نەوە سەرگەردان و لە بەین چووەنە کە لە ئەنجامی سیاسەتە پڕ لە هەڵەکانی سیستەمی سیاسی میسر و پەیڕەونەکردنی بنەماکانی دادوەری و یەکسانی لە نێوان دانیشتوانی ئەو ولاتە هاتۆتە ئەنجام. بەلاّم کەسێتی حاتەم ڕەشید و عەبد ڕەببە ئەوا ناشیرینترین شتی ئەخلاقینە کە فکری بۆرجوازی ڕۆژئاوایی بە میرات بۆ خەڵکی میسری بەجێهێشتووە.

بەڵگەی سەربەخۆبوونی ئەو کەسێتییانە ئەوەیە کە هەر ڕووداوێك لە ناو تەوەرەکەی خۆیدا ئەنجام دەدرێت نەك لە دەرەوەی، ئەوەتا تەوەری (سێکسی ــ نائاسایی) بە وازهێنانی عەبد ڕەببە لە حاتەم ڕەشید کۆتایی دێت، هەروەها لە تەوەری (سێکس ـــ سامان) بە جیابوونەوەی نێوان حاجی محەمەد عەزام و سوعادی هاوسەری کۆتایی دێت و پێکگەیشتنیان لەگەڵ کەمال فۆلی دووبارە



www.mukiryani.com

نابێتەوە. ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە یەکەمیان ئاواتەکانی جێبەجێ دەبێت و دەگاتە لووتکەی پەرلەمان. تەها شازلی لە نێو ڕێکخستنە ئاینییەکەی شەهید دەبێ و دەسووقیش واز لە خوشکەکەی و ژنە ئەویندارەکانی دێنێت و لەگەڵ قوتەیبە هاوسەرگیری دەکات.

ڕۆمانەکە ئەوەندە جورئەتی تێدایە بەجۆرێك دەچێتە ناو وردەکارییەکانی ژیانی گەلی میسر و هەموو چینە کۆمەڵاتییەکان ڕووت دەکاتەوە، دەتوانرێ بەو چەند وشەیەی خوارەوە کورتی بکەینەوە کە لە زاری قوتەیبەوە هاتوونە و دەڵێ: ئەی تەها ئەو وڵاتە وڵاتی ئێمە نییە، ئەوە وڵاتی ئەو کەسەیە کە پارەی هەیە... لاپەڕە ٩٥ .

کەسێتی و ڕووداوەکانی ئەو ڕۆمانە بەڕادەی ئەوەی شیاوی بەرەمزکردن و تێڕامانن، بە هەمان ئەو ڕادەیە خەسڵەتی سەیروسەمەریان بەخۆوە گرتووە. لەوانەیە توانادارییەکەی بۆ کۆکردنەوەی ئەو دوو ڕەگەزە وای لێ کردبێت کەبۆ خوێنەر چێژدار بێت و لە ڕووی تەکنیکەوە جیاواز بێت. ئەمەش لە ڕێگەی تێکەڵکردنی ئەو ڕەگەزە لە لایەك و تێکەڵکردنی خەیاڵ و واقیع لە لایەکی دیکە، بۆ ئەوەی سیفەتێکی نێزیك بە ئەفسانەییبوون بداتە کەسێتییەکانی و ڕووداوەکانیشی دید و کابووسی وا بگرنەخۆ کە هەر لە فیلم ڕوودەدەن نەك لە شتێکی تر.

ئەو خەسڵەتە سەیر و سەمەرانە لە نموونە سێکسییەکان بەدیار دەکەون بە هەرسێ جۆرەکەیەوە، بە تایبەتی لە نموونە نائاساییەکەی حاتەم ڕەشیدی ڕۆژنامەنووس و سەرنووسەری ڕۆژنامەی (لۆکێر) کە بە زمانی فەرەنسی دەردەچێ، چونکێ دایکی هەموو کاتی خۆی بە وەرگێڕ بەسەر برد لە سەفارەتی فەرەنسا و باوکە یاساناسە ناسراوەکەشی ڕاگری کۆلێژی ماف بوو لە پەنجایەکان. بۆیە منداڵەکەیان بەتەمای خزمەتکارەکان لەماڵەوە جێدەهێشت: حاتەمی بچووکیش لە نێو هەموو خزمەتکارەکان ئیدریس سەفەرچی خۆشدەویست، پەیوەندیان ئەوەندە بتەو ببوو وای لێ هات هەموو ڕۆژێك چەندان سەعاتیان پێکەوە بەسەردەبرد، وەختێ ئیدریس ڕوومەت و گەردنی ماچ دەکرد، حاتەم پێی سەخڵەت نەدەبوو و لێی نەدەترسا، بەڵکو لە ژێرەوە پێی دەورووژا، ئیدی وردە وردە ڕەفتارەکەی ئیدریس بەرەو ئەو ئاقارە ئاڕاستەی وەرگرت کە جلەوی کەوتبووە دەست هەوەسە سێکسییەکانی، ئەوەبوو داوای لێ کرد جلەکانی داکەنێت. ئەو کاتە حاتەم تەمەنی نۆ ساڵان بوو، شەرمی دەکرد و ڕاچڵەکی، لێ دواتر خۆی دایە دەست ئارەزووی هاوڕێکەی. ئیدریس کە چاوی بە جەستەی نەرم و سپیی ئەو منداڵە نۆ ساڵییە دەکەوێ سەرمەستی زەوق و وورووژان دەبێ و بە هەناسەبڕکێوە بە دەنگێکی نەرم بە حاتەمی گوت ئەگەر هەستت بە کەمترین ئازار کرد پێم بڵێ.... لاپەڕە ١١٤.



www.mukiryani.com

له دوای مردنی باوکی حاتەم، ئیدریس ئەو ماڵە بۆ یەکجاری جێدێڵێ و هیچ هەواڵێکی نامینێت. حاتەمیش پێرادەگا و دەبێتە گەنج، لێ ناتوانێ واز لەو ڕەفتارە بێنێت کە لە نۆ ساڵییەوە لەگەڵ ئیدریس فێری ببوو، بۆیە بە دوای یەکێکی دیکەدا دەگەڕێت تا شوێنی ئیدریسی بۆ بگرێتەوە. ئەوەبوو شەوێکیان بە درەنگەوە دەستی دەکەوێت: (لەکاتی ئاڵوگۆڕی نۆبەتی پۆلیسەکانی پاسەوانی کە هەموو نێربازەکان لە ناوەڕاستی شار دەیزانن و هەوڵ دەدەن لە نێو پۆلیسەکاندا یەکێ بدۆزنەوە ئەو کارەیان لەگەڵ ئەنجام بدات، ئیدی حاتەم ئەو شەوە عەبد ڕەببە دەبینێ کە زۆر لە ئیدریس دەچێت، لەگەڵ خۆی سواری سەیارەکەی دەکات و پارەی دەداتێ، وردە وردە دەستگەمەی لەگەڵ دەکات تا لە خشتەی دەبات). لاپەڕە ١١٥ ــ ١١٦.

نموونەی دووەم لەو جۆرە کە خۆی لەڕەگەزی دەوڵەمەندی دەبینێتەوە، لە کەسێتی حاجی محەمەد عەزام دەردەکەوێ، کە بەهۆی ئەو خەسڵەتە خۆپەرستییەی هەیەتی لە پێشەی بۆیەچی پێڵاوەوە دەبێتە پاککەرەوەی نووسینگەکان و پاشان بە توومەتی مامەڵەکردن بە مادەی هۆشبەر حوکم دەدرێت و دواتر دەبێتە ئەندامی پەرلەمانی میسر، ئەمەش لە ڕێگەی کەمال فۆلییەوە کە دوای وەرگرتنی ئەو پۆستە ملیۆنێك جونەیهی دەداتێ.

نموونەی سێیەم زەکی دەسووقییە کە زۆری حەز لە ژنانە و بە شێوەیەکی تایبەت هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکات، بۆ ئەو مەبەستە بەردەوام بایەخ بە دیمەن و پۆشتەیی خۆی دەدات و لەگەڵ خەڵك هەمیشە ڕووخۆشە، لێ لەگەڵ دەولەتی خوشکی کێشەی هەیە، دواتریش لە هیکرا و بێ بەرنامە هاوسەرگیری لەگەڵ (بوسەینە) دەکات کە زۆر لەم بچووکتر دەبێت.

(سەبارەت بە خەڵکی شەقام کەسێتییەکی فۆلکلۆرانەی ڕووخۆشی هەیە، وەختێ بە هاوین و زستانان جەستە ڕەقەڵەکەی لە نێو جلە بەرینەکەیدا دەردەکەوێ و دەستسڕە ئوتووکراوەکەی کە لە ڕەنگی ملپێچەکەیەتی بە سەر گیرفانییەوە دیارە و بە جگەرەی دەستی و ڕووخسارە پڕ لۆچ و پیرەکەی و چاویلکە پزیشکییەکەی و ددانە لێنراوە بریقەدارەکانی و پرچە بۆیەکراوە تەنکەکەی دەناسرایەوە کە تاڵە مووەکانی لای چەپی بۆ ئەو پەڕی لای ڕاستەی سەری هەڵداوەتەوە بۆ ئەوەی قانە ڕووتەکەی تەوقی سەری بشارێتەوە. بە کورتی زەکی دەسووقی کەسێکی ئەفسانەیی دیار بوو...).

کەم وا دەبێ فیلمێکی سینەمایی بگاتە پایەی ئەو ڕۆمانەی کە بیرۆکەکەی لێی وەرگرتووە یاخود لێی تێپەڕێنێت، بە تایبەتی ئەگەر ڕۆمانەکە دەوڵەمەند و بەهێز بێت چەشنی ئەو ڕۆمانانەی کە لە ئەدەبی جیهانیدا ناسراون لە بابەتی ڕۆمانی (جەنگ و ئاشتی)ی تۆلستۆی. ئەو ڕۆمانە لە



www.mukiryani.com

ڕوسیا و ئەمریکا کراوەتە فیلمی سینەمایی، بەلاّم فیلمەکان زۆر لە ئاستی ڕۆمانەکە نزمترن. سەبارەت بە ڕۆمانەکانی دۆستۆفسکی وەك (تاوان و سزا) و (برایانی کارامازۆف) و ئەدیبە جیهانییە ناسراوەکانی دیکەش هەر بەو جۆرەیە.

بەلاّم (مەروان حامید) کە دەرهێنەری فیلمی باڵەخانەی یەعقوبیانە، هەوڵی داوە ئەو ڕێسایە تێپەڕێنێت، ڕێسای هاوتانەبوونی سینەما لەگەڵ ڕۆمان، ئەمەش لە ڕێگەی سوودوەرگرتن لەو یەکانەی لە ڕۆمانەکەدا بەکارهاتوونە، بەو پێیەی کۆمەڵێك گرتەی سینەمایی ئامادەکراون بۆ ئەوەی بە زمانی زومی کامیرا وێنەیان بگیرێت و لە بیرۆکەی ڕۆمانەش دەرنەچێت، لە هەمان کاتدا لەسەر هەر پێنج هێڵە سەرەکییەکەی ڕۆمانەکە بمێنێتەوە. بۆ ئەو مەبەستە پەنای بۆ ئەکتەرە لێهاتووەکان بردووە لە وێنەی عادل ئیمام و نور شەریف و ئیسعاد یونس و یوسرا و هند سەبری و ئەحمەد بەدیر و ئەحمەد ڕاتب و خالید ساوی و سامر عەبدولمنعیم و عەباس ئەبو حەسەن و یوسف داود و ئەحمەد سەعدەنی.

لەو فیلمەدا دەرهێنەر ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکەی زۆر بە وردی گواستۆتەوە هەر لە گرتەی یەکەمەوە دەست پێ دەکات کە لە ڕێگەی گێڕەرەوە وەسفی باڵەخانەکە دەکات و بە گرتنی وێنەی سەر بانی باڵەخانە پاڵپشتی گێڕانەوەکە دەکات کە لە ڕۆمانەدا دەڵێت ئەو شوێنە بووەتە نموونەیەك لە گەڕەکە هەژارنشینەکانی میسر. ئەو شێوازە سینەماییە بە درێژایی فیلمەکە لە چەندان گرتە دووبارە دەبێتەوە، لە گرتەیەکدا دەبینین دەولەت خانم و دەسووقی ناخۆشییان کەوتۆتە نێوان، لە کاتێك دەسووقی بە ڕووخاوییەوە لەسەر جێگەکەی ڕاکشاوە و چاوی بڕیوەتە بنمیچی ژوورەکە. هەروەها بە گرتەی (لە خوارەوە بۆ سەرەوە) هەمان شێواز بەکاردێنێت، وەلێ بۆ ئەوەی مانایەکی پێچەوانەت بداتێ، نیشانە بۆ خۆشحاڵی و سەرکەوتن، هەروەك لە گرتەی سەرکەوتنی بە عەبد ڕەببە کە بە پەلە و گورجییەوە بە پەیژەکەدا سەردەکەوێت و لە گرتەی سەرکەوتنی پیاوانی پۆلیس بۆ دەستگیرکردنی تەها شازلی.

بەم سەرەتایە کەسێتییە سەرەکییەکان بە شێوەیەکی زنجیرەیی و یەك بە دوای یەکدا دەچنە نێو ڕووداوەکان، هەر لە زەکی دەسووقییەوە بگرە کە لە مەلهاکە خەریکی فریودانی ڕەبابە، تا دەگاتە تەها شازلی و قوتەیبە کە یەکەمیان باڵەخانەکە پاك دەکاتەوە و دووەمیش سەیری تەلەفزیۆن دەکات و کۆتاییش بە محەمەد عەزام دێت کە لە خەو هەڵساوە و دەبینێ جلی ژێرەوەی تەڕبووە.

لە دیمەنی پێنجەمدا کەسێتی و وێنەی ڕووداوەکان وردە وردە بەجەستە دەبن، بە تایبەتی لەو گرتەیەی کە دەسووقی و دەولەتی خوشکی لە ئاوێنەکە بە یەکەوە کۆدەکاتەوە، دەولەت لە



www.mukiryani.com

شەوڕابواردنەکان و درەنگهاتنەوەی بۆ ماڵەوە ئاگاداری دەکاتەوە. ئەو دیمەنە بۆ گرتەیەکی دیکەی دەسووقی درێژ دەبێتەوە لە سەر شەقامەکە کە گەنجێك ڕێی پێ دەگرێت تازە ژنی هێناوە، بۆ ئەوەی ئەو ڕێگە دروستانەی نیشان بدات تا لە ساردیی سێکسی دوورکەوێتەوە.

دەرهێنەر لەو گرتەیەدا هەمان ئاڕاستەی نووسەرەکەی وەرگرتووە لە دیارخستنی کەسێتی دەسووقی وەك کەسێکی ڕووخۆش. بە دوای ئەوەدا دیمەنی شەشەم دێت بە گرتەیەکی خێرای حاتەم ڕەشید لە کاتێك کە خەریکی هاژوانی سەیارەکەیەتی، پاشان دووبارە دەگەڕێتەوە لای حاجی محەمەد عەزام و جارێکی تر بۆ سەر قوتەیبە، تا حاتەم ڕەشید لە دیمەنی نۆیەم وەك سەرنووسەری ڕۆژنامە دەردەکەوێ کە بە پێش چەند ڕۆژنامەنووسێك کەوتووە و قسەیان بۆ دەکات.

لێرەدا ئەو پرسیارە خۆی دەخاتە ڕوو: ئایا وەرگر تەنها بە داواکردنی یەکێك لە ڕۆژنامەنووسەکان بە نووسینی لێکۆڵینەوەیەکی ڕۆژنامەگەری لەسەر ئەو کەسانەی لە ڕووی سێکسەوە نائاسایین لە میسر، دەتوانێ بزانێت کە حاتەم شازلی لە ڕووی سێکسەوە نائاساییە؟ ئاخر مەبەستی ڕۆمانەکە ورووژاندنی حاتەمە لە لایەن ڕۆژنامەنووسەکە لە ڕێگەی ئەو پرسیارەوە، لە کاتێك وەرگر بە حەقیقەتی حاتەم نازانێت، لەبەر ئەوە ئەو دیمەنە ئەگەر لە دوای بەیەك گەیشتنی حاتەم و عەبد ڕەببە بهاتبایە ئەوا مەبەستەی خۆی دەپێکا کە بریتیبوو لە ورووژانی حاتەم.

لەو فیلمەدا دیمەنی درێژ یا دیمەنی کورت لە قامووسی دەرهێنەرەکەدا نییە، ئاخر هەموو دیمەنەکان بایەخی خۆیان هەیە، بەڵام گرنگییەکی زێتر بە گرتە دەدات لە ڕێگەی وێنەگرتنی ڕووداوەکان لە هەموو لایەك و پێدانی مەودایەکی گەورەتر بە گرتەی گشتی و گرتەی لە نێزیکەوە، ئیدی لە یەکەمیاندا جوانیی دەبەخشێ و لە دووەمیانیش سەرنجی وەرگر بۆ گرنگیی ڕووداوەکە ڕادەکێشێت وەك ئەو گرتەکەی تەها شازلیێ کە هەوڵدانی بۆ وەرگرتنی کارەکەی باوکی بە دەرگاوانی وەك زللەیەکی بەهێز حسێب دەکات لە لایەن لیژنەی قبوولکردنی کۆلێژی پۆلیس. هەروەها دەبینین زۆر بایەخ بە گرتەکانی ئەو دیالۆگانەش دەدات کە لە نێوان عەزام و فۆلی دەکرێن و سەرباری گرتەی شیرینی خواردنەوەی سعاد جابر و عەزام و گرتەی دەسووقی وەختێ بانگی خزمەتکارەکەی دەکات و لە بارەی ناردنی جانتاکانی بۆ دەولەتی خوشکی پرسیاری لێ دەکات.

هەروەها ڕووناکیش لە بەخشینی جوانیی بە گرتە گشتییەکان ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت، وەك وێنەگرتنی باڵەخانەکە و شەقامەکانی شار و زۆربەی ئەو گرتانەی کە لە گازینۆی کریستین وێنەگیراون، ئەمانە هەمووی هەمان ڕۆڵیان لە دەرخستنی سایکۆلۆژییەتی کەسێتییەکان دیتووە. جا لەوانە گرتەی بەیەکەوە نووستنی عەزام و سوعاد لە نوێنەکەدا باشترین نموونە بێت لە



www.mukiryani.com

دیارخستنی ماندوێتی بە ڕووخساری عەزام و بێزبوونەوەی سوعاد لە کردەوەکەیان. هەروەها لە گرتەکەی دەسووقی وەختێ لە خەو هەڵدەستێ لە جزدانەکەی و ئەنگوستیلەکەی دەولەتی خوشکی دەگەڕێت و زۆربەی گرتە سێکسییەکانی نێوان حاتەم ڕەشید و عەبد ڕەببە، بە تایبەتی هی دوا پێک گەیشتنیان کە لە زۆرلێکردن نێزیکە، ئەمانە هەمووی ماندوێتییان پێوە دیارە. لە بەرامبەر ئەوەشدا ئەو گۆرانییەی کریستین (یوسرا) دەیچڕێ ڕۆڵێکی زۆر گەورە لە هەڵمژینی بەشێکی بەرچاو لەو کەشە ڕەشاوییە دەبینێ کە سەراپای فیلمەکەی داگرتووە و کەسێتییەکانی لەخۆ لوولداوە، بە تایبەتی لە ڕووداوی دەرکردنی دەسووقی لە لایەن دەولەت خانمی خوشکی و فێرە سەمابوونی قوتەیبە لە سەر ئاوازی ئەو گۆرانییە و پاشانەکە دەرچوونی بۆ شەقام بەخۆی و ئاوازە خەمبارەکەی بۆ ئەوەی ئەو ئازارانە دەربڕێت کە ئەو خەڵکەکە و دەسووقی و قوتەیبە لە ژیانیاندا پێیەوە دەناڵێنن.

جا ئەگەر دەرهێنەر بە تەواوی پەیوەستی گواستنەوەی زۆربەی ئەو شتانە بووبێت کە لە ڕۆمانەکەدا هاتووە، ئەوا لە بەرامبەردا لە هەندێ شوێنی دەگمەندا لەو پەیوەستبوونە دەرچووە، وەك لە گوێ پێنەدانی دەسووقی بە دزرانی جزدانەکەی و ئەنگوستیلەکەی خوشکی لە ڕۆمانەکە، کەچی لە فیلمەکەدا زۆر گرنگی بەو کێشەیە دەدات کە دەچێتە مەلهاکە و بە دوای ڕەبابدا دەگەڕێت تا جزدان و ئەنگوستیلەکەی لێ وەرگرێتەوە. هەروەها هەمان حاڵەت سەبارەت بە تەلەفۆنکردنی بۆ کریستن بۆ دەولەت دووبارە دەبێتەوە، بەجۆرێك دەولەت لە ڕۆمانەکە زۆر دلڕەقە لە بەرامبەر کریستین، بەڵام لە فیلمەکەدا بەپێچەوانەی ئەوەیە.

دەرهێنەر بە زمانی سینەما سەرزەنشتی کەسێتییە خراپەکانی کردووە بە بێ ئەوەی پەنا بۆ ڕستەی دیالۆگانە ببات، بەڵکو جارێك لە ڕێگەی بەکارهێنانی ڕووناکی و جارێکی تر بە مەکیاج یاخود هەردووکیان پێکەوە. سەرەڕای ئەوەش بە وروژێنەرە دەنگی و بایەخدان بە گرتە نێزیکەکان، وەك گرتەکەی قوتەیبە کە لە ژێرزەمینەکەوە تەلال بۆی دێت و دەترسێت، پاشان بە گریانەوە کراسەکەی پاك دەکاتەوە. هەروەها خۆشۆرینی سوعاد نیشانەیەکی ڕوونە بۆ پاك کردنەوەی جەستەی لە پیسێتی حاجی محەمەد عەزام، سەرەڕای گرتەی بەزۆرجووتبوونی عەبد ڕەببە لەگەڵ ژنەکەی، وەختێ پێی دەڵێت کە حەز لە چارەی حاتەم ڕەشید ناکات. هەروەها ڕووتێکردنی کامێراکە بۆ سەر ڕووخساری مناڵە گریاوەکە و گرتەکەی عەزام وەختێ شارەزایانە پێڵاوەکانی بۆیە دەکات، بۆ دیارخستنی پیشە کۆنەکەی خۆی و سەرزەنشتکردنی پایەکەی ئێستای لە دەوڵەت وەك ئەندام پەرلەمانێك.



www.mukiryani.com

هەروەها بە هەمان ئەو ڕادەیەیەی کە بایەخی بە سەرزەنشتکردنی کەسێتییە خراپەکان داوە، هەر ئەوهاش بایەخی بە هەڵویستە پڕ لە کارەساتەکان داوە، وەك ئەو دیمەنەی کە دەولەت خان تاکە پێلاوێك دەگرێتە دەسووقی برای، ئاخر ئەو هەڵوێستە وەك مردنێکی ڕاستەقینەی دەسووقی وایە و دیارخستنی ئەوپەڕی دلڕەقییە لە لایەن دەولەت خان و خوێندنەوەیەکی ڕوونە بۆ وەرگر. هەروەها گرتەی بەیەك گەیشتنی تەلاڵ و قوتەیبە لە ژێرزەمینەکە کە ژنە چەماوەتەوە و نەلاڵیش لە پشتی وەستاوە، ئەمە نیشانەی سەرشێتی ژنەیە جا چ لە ڕووی پەلەکردنەوە بێت یا لە ڕووی شێوەی جووتبوونەکەی بێت. گرتەی سێیەمیش کە گریانی ژنەکەی عەبد ڕەببەیە وەختێ خەبەری منداڵەکەی پێ دەگات، ئەو مردنە هەناوی عەبد ڕەببە دەهەژێنێ و لە گەمژەییەکەی بەهۆش دێتەوە لە بارەی ئەو شێوە پەیوەندییەی لەگەڵ حاتەم ڕەشید هەیەتی.



www.mukiryani.com

## بونیاتنانی کەسێتی
## لە ڕۆمانی ((توێکڵی باینجان))
## هەڵوێست لە سیستەمی سیاسیی ڕابردوو و ئێستا

دەگمەنن ئەو ڕۆمانانەی کە دەتوانن لە یەکەم دێڕەوە تا دوا دێڕ خوێنەر بەخۆیانەوە گرێ بدەن. ڕۆمانی توێکڵی باینجان کە لە دامەزراوەی عەرەبی بۆ لێکۆڵینەوە و بلاّوکردنەوەی کتێب لە ــ بەیروت ــ دەرچووە لە ساڵی ٢٠٠٧ و لە نووسینی چیرۆکنووسی ناسراوی عێراقی عەبدولستار ناسرە، یەکێکە لەو نموونانە.

ئەو گرێدانە لە بناغەدا لە سەر ئەو شێوازە باوەڕهێنە دامەزراوە کە نووسەر لە گێڕانەوەی بیرۆکەکەی هەیەتی لە ڕێگەی جێناوی قسەکەرەوە (چمیر المتکلم)، بۆ ئەوەی ئەو جێناوە ببێتە لقێك بۆ ئەو وردەکارییانەی کە کەسێتییەکانی دیکەی لێ جیا دەبێتەوە، وەك خوشکەکەی (سەلافە) و هاوڕێکەی (حەیران) و هاوسەرەکەی حەیران (ئەنیسە) و دۆهان جەللاد کە بە نازناوی بۆنکاری خوێن (شمام الدم) ناسراوە.

بە گرتنەبەری ئەو ڕێچکەیە، واتە بە کرانەوە بەسەر کەسێتییەکانی تر و پێدانی ئازادی بۆ دەربڕینی ڕای خۆیان، شێوازی گێڕانەوەی واقعیانەی (فرەدەنگ)ی کردۆتە ڕێبازی ئەو ڕۆمانەی.

هەرچەندە کۆتاییەکەی بە گەڕانەوە بۆ خاڵی سەرەتا تەواو دەکات و ڕووداوەکانی لە شێوەی زنجیرە و پلە دوای پلە دێن، وەك ئەوەی لە زۆربەی ڕۆمانە تەقلیدییەکان پێڕەو دەکرێت. ئەو دوو مەسەلەیە هەریەکە پاساوی خۆی هەیە کە بریتین لە:

ــ پەیوەستبوونی شێوازی بازنەیی یەکەم بە بیرۆکەی ڕۆمانەکە کە لەسەر ڕەشایەتی وەستاوە.

ــ ڕەشی ژیانی مرۆڤی عێراقی کە لە توێکڵی باینجان دەچێت، واتە هەم لە ڕەنگی و هەم لە تامەکەی، ئاخر هەروەك چۆن لە سەردەمی حوکمی سەدام دەچەوسایەوە، ئێستاش وا هەر



www.mukiryani.com

دەچەسێتەوە و دەردەسەرییەکانی بەردەوامە و بڕانەوەیان بۆ نییە. جووتبوونی مەسەلەی دووەم بە هەڵسەنگاندنی ڕابردوو (فلاش باك) و ئامادەکردنی، بۆ ئەوەی زنجیرەی ڕووداوەکان شێوە تەقلیدییەکەی خۆی ون بکات و شێوازێکی دیکەی لە بەراووردکردن لە نێوان ڕابردوو و ئێستا و بە پێچەوانەشەوە پێ بدات.

ڕووداوەکانی ئەو ڕۆمانە حەفت مانگ بەر لە ڕووخانی حکومەتی سەدام دەست پێ دەکات، دۆهانی جەللاد لە بەردەم ماڵی گێڕەرەوە (یاسر عەبدولواحێد) دەوەستێ و بە چاوی پڕ لە فرمێسك و پەژارەدارییەوە داوای لێبووردن لە یاسر دەکات و مافی ئەوەی پێ دەدات کە هەرچی بیەوێ لەگەڵی بکات هەتا ئەگەر سەریشی ببڕێت. دوای ئەوە ئەو جۆرە سەردانانەی دووبارە دەبێتەوە و لە یەکێ لە سەردانەکانی کیسەیەك دەداتە ئەنیسەی خوشکی یاسر کە شەش ملیۆن دیناری تێدایە و پێی دەڵێت بە درەنگەوە دێمەوە، ئیدی خۆی بزر دەکات.

لە نێو ئەو ڕووداوە نائاساییەی کە لە سروشتی کەسێتی جەلادێك و پێکهاتە ئاڵۆزەکەی ناوەشێتەوە، هەتا کڕنۆش بۆ قوربانییەکەی خۆی بەرێت و خۆی بداتە دەستی، وەك ئەوەی لە بەردەم پیاوێکی پیرۆز بێت و مافی ئەوەی بداتێ سەری ببڕێت و ئەو بڕە پارە زۆرەی بداتێ لە بەرامبەر لێبووردنی.

پاڵەوانی ڕۆمانەکە دەست بە گێڕانەوەی چیرۆکی خۆی دەکات بە گەڕانەوە بۆ بیست ساڵی پێشتری، واتە ساڵی ١٩٨٤. (بە هاوڕێبوونی لەگەڵ ڕۆمانێکی جۆرج ئۆروێل بە هەمان ناونیشان کە ئەویش بەرەنگاری سیستەمی دیکتاتۆرییەت دەبێتەوە)، ئەو وەختەی تەمەنی نۆزدە ساڵ دەبێ و بە توومەتی شوعیبوون دەست بەسەر دەکرێت بۆ ئەوەی خاوەنی ئەو دەنگەی وەبیر بێتەوە کە سەرپەرشتی ئەشکەنجەدانی ئەوی دەکرد لە زیندان: بە تەواوی زانیم ئەو ئێسك قورسەیە کە چێژ لە لێدانی من دەبینێت، منی تەمەن نۆزدە ساڵەیان دایە دەست ئەو، هەر خۆی بە تەنیا بە کێبڵی دڕی دداندراری چەشنی بزمار لێی دەدام، هەر خۆی بە تەنیا بەزەیی پێم دەهاتەوە گەر بیویستبایە، هەر خۆی دەسەلاتی هەبوو بمباتە بەهەشت یا دۆزەخی ئاگر، سەبارەت بە جەستەی من خاوەنی هەموو شتێك بوو، هەر خۆی خودا و شەیتان بوو پێکەوە.

ڕۆماننوس ئەو دەروازەیەی کردۆتە سەرچاوەیەك بۆ دەرخستنی ئەو تاوانانەی دەرهەق بە مرۆڤی عێراقی کراون لە سەردەمی ڕژێمی سەدام و ئەو ڕۆڵەی لە شێواندنی کەسێتی ئەو مرۆڤەدا بینیویەتی، تا بەهۆی ناکۆکییەکانی نێوان خواستە دیارەکانی و خواستەکانی ناوەوەی، لە حاڵەتێکی



www.mukiryani.com

نامۆبوونی ڕاستەقینەدا بژیت، بۆیە هەموو کەسێتییەکانی ناو ڕۆمانەکەی کردۆتە نموونەیەك بۆ ئەو شێواندنە.

بۆ بلاوکردنەوە و دەرخستنی حالەتێکی لەو جۆرە و چوارچێوەدانی کەشە گشتییەکەی ڕۆمانەکە پێی، بە ئەنقەست چەند نموونەیەکی لە واقعی لە ژیانی خەلکی عێراق لە سەردەمی پاشایەتی وەرگرتووە، ئەمەش بە گەڕانەوە بۆ ڕاپۆرتەکانی مردن لە حالەتی یەکەم و گەڕانەوە بۆ ژیانی بێگوناهانەی منداڵێتی لە حالەتی دووەم.

لە حالەتی یەکەمدا باوکێك تاکە کوڕەکەی خۆی دەکوژێت بە بیانۆی ئەوەی بەشداریی لە جەنگی دژی ئێران نەکردووە، ئەگەرچی لە ڕاستیدا لە بەر ئەوە دەیکوژێت هەتا بواری بۆ برەخسێت پەیوەندی لەگەڵ ژنە ناسك و تەڕەکەی ببەستێت، ئیدی ئەو کابرایە بێ ویژدانە بەو ڕەفتارەی دوو چۆلەکە بە بەردێك دەکوژێت. سەیر لەوە دایە سەرۆکی ولات ئەو تاوانە خەلات دەکا و بە پێدانی خانوویێك و سەیارەیەکی مارسیدس ڕێز لە بکوژەکە دەنێت.

حالەتی دووەم منداڵەکان دەچنە چایخانە تا سەیری تەلەفزیۆن بکەن کە تازە هاتبووە عێراق. ئەو کاتە نرخی چایەك لەگەڵ سەیرکردنی تەلەفزیۆن تەنها بە دە فلس بوو، وەلێ ئەم نرخە سەبارەت بە منداڵێکی تەمەن نۆ یا دە ساڵی زۆر بوو. جا ڕەنگە ئەو واقیعییەتە بە گوێرەی ناوەکان زێتر پیاوەکانی ڕژێم بگرێتەوە و ببێتە واقعییەتێکی گاڵتەجاڕی.

ئاخر ناوی ئەو کەسانەی لە زەمانی شەڕ لەدایکبوونە هیچ بەو ناوانە ناچن کە لە زەمانی ئاشتی و خێر و بەرەکەت لەدایك دەبن. کەسێکمان نەبوو ناوی وەتبان و مزبان و زربان و عاسی و جەززام و ڕەوواز و سەرمان کەسساری لێ بێ. ناوەکانی ئێمە دەربڕی خۆشەویستی و زەردەخەنە و شیرینی و باوەڕ بوون.

خۆ ئەگەر نووسەر شێوازی گێڕانەوەی واقعییانەی گرتبێتە بەر بۆ دەرخستنی تێکشێوانی کەسێتی مرۆڤی عێراقی، ئەوا پەتای بۆ ڕەمز بردووە بۆ هێماکردن بە چاکە و خراپە، هەروەها شێوازی خۆئامادەکردنی پەیڕەو کردووە بۆ ڕووداو، سەرەڕای وێنەکردنی ئەو نموونانەی کە کەسێتییەکی دووفاقانەیان هەیە.

ئاخر قیڕەی قەلەڕەشکە ڕەمزی ئەو شەڕخوازییەیە کە خۆی لە جەللادەکە دەبینێتەوە.

ئەوە بۆ بیست ساڵ دەچێت لە سەربانی ماڵەکەی خۆم گوێم لە دەنگی قەلەڕەشکە نەبووە. هەموو بەغدا قەلەڕەشکەیەکی لێ نەبووە، ئەدی ئەو قەلەڕەشکەیە لە کوێ هات لەسەر بانەکەی من قیڕاندی وەختێ ئەو پیاوە شەڕانگێزە سەردانی کردین؟



www.mukiryani.com

گمەی کۆتر نیشانەی خێر و بەرەکەتە.

ئەمە چ خۆشییەکە؟ ئەوە منم بۆ دنیا گەشت دەکەم و دەریا و شاخ و ژن بەجارێك دەبینم؟ ئەوە منم گوێم لێیە لەسەر بانەکەم کۆتر دەگمێنێ؟....

هەروەها ئەو حاڵەتەی لە ڕێکردنی گامێشەکانیش بەکارهێناوە کە تاکە سەگێك لە دواوەیان پێیان دەحەپێ و نازانێت ئەگەر لێی هەڵگەڕێنەوە پارچە پارچەی دەکەن، لێ لە حەپینەکەی و لە ستەمەکەی دەترسێن و چۆنی بوێت ئەوهایان ڕادەدات... لێرەدا ڕەمزەکە ئاشکرایە، سەگەکە سەرۆکی وڵاتە و گامێشەکانیش عێراقییەکانن.

نووسەر لە ڕێگەی خەونبینینی گێڕەرەوە (یاسر) بە سەگەکەوە شێوازی خۆسازدان بۆ ڕووداوی بەکارهێناوە، کە لە خەودا دەبینێت سەگەکە تێنووە و بۆ هەرکوێیەك دەچێت بە دواوەیەتی. سەلافە ئەو خەونەی وا لێکدایەوە: سەگەکە ئەو جەللادەیە کە خوازیاری لێبووردنی یاسرە و تۆبەکردنەکەشی لە دڵەوەیە، بۆیە یاسر ئەو پارەیە قبوڵ دەکات کە جەللادەکە پێشکەشی کردووە.

خۆسازدان بۆ ڕووداوی دووەم پەیوەستە بەو پەیوەندییەی کە دواتر لە نێوان یاسر و (ئەنیسە)ی ژنی حەیرانی هاوڕێی دروست دەبێ، وەختێ کە یاسر دەڵێت:

لە یەك شت سەرم سوڕماوە، وەختێ لە ماڵی حەیران بووم هەستم کرد (ئەنیسە)ی ژنی هەر سەیرم دەکات، کە زانی پیاوەکەی ئاگای لێی نییە چاوی چەپەی لێ داگرتم.

خۆسازدانی سێیەم لە گریانەکەی حەیران دایە:

حەیران هەر دەگریا، خودایە چەند سەیرە، نەمدەزانی حەیران لەبەر چی دەگریێ، پەرداخەکە لە نێو پەنجەکانی خلیسکا و پڕووشکی بیرە پەڕییە چاوەکانی، ئەمە کورتەی ڕووداوەکە بوو.

ڕاستییەکەی ئەو لە ترسی ئەوە نەدەگریا کە سەلافە شووی پێ نەکات، بەڵکو گومانی لە ژنەکەی هەبوو کە خیانەتی لێی دەکرد کە ئەمە دواتر زیاتر ڕوون دەبێتەوە.

جا ئەگەر کۆکردنەوەی دوو خەسڵەتی لێکدژ لە یەك کەسێتیدا پێویستی بە یەکێك هەبێت لەو بوارە شارەزا بێت، ئەوا عەبدولستار زۆر لێهاتووانە ئەنجامی داوە، ئەمەش لە ڕێگەی گشتاندنی ئەو دووڕوویییە بەسەر هەموو کەسێتییەکاندا. ژیرایەتی ئەو گەمەیە سۆزی وەرگری بەرامبەر کەسێتییەکان زیاد کردووە، هەرچەندە دەبوو ڕقی لێیان بێتەوە، بونیاتنانی ئەو کەسێتییانە بەم شێوەیە هاتووە تا سەرزەنشتی ڕژێمی ڕابردوو بکات لەسەر ئەوەی کەسێتی مرۆڤی عێراقی شێواندووە کە پێشتر پاك و میهرەبان بووە.

نووسەر بۆ هاوسۆزی لەگەڵ کەسێتییەکانی سێ شێوازی بەکارهێناوە کە بریتین لە:



www.mukiryani.com

ـــ دیارخستنی زاڵبوونی لایەنی چاکەخوازی لە کەسێتییەکە بەسەر لایەنە شەڕخوازییەکەی.

ـــ کەمکردنەوە لە بایەخی خراپەکاری.

ـــ دواخستنی لایەنی خراپەکاری کەسێتییەکان و هێنانە پێشەوەی لایەنی چاکەخوازی جەللادەکە بە تەنها.

ئاخر گێڕەرەوە یاخود حیکایەتبێژ بە هۆی گیران و ئەشکەنجەخواردن و قسەکاتی لە بارەی منداڵیتی خۆی، هەمیشە وەرگر لەگەڵیدا هاوسۆز دەبێت، چۆن دەبێ خیانەت لە نێزیکترین هاوڕێی خۆی دەکات و دەست لەگەڵ ئەنیسەی ژنی حەیران تێکەڵ دەکات. هەروەها سەلافەی خوشکی یاسر کە بێوەژنێکی عاقڵ و بە حیکمەت ناسرابوو و ئەنیسەی بە ژنێکی باش وەسف دەکرد و ڕازی نەدەبوو مێرد بە حەیران بکات، چونکێ بە لای ئەو حەیران پەنجەیەکی مێردە شەهیدەکەی (ئیبراهیم) نەدەهێنا، کەچی دەبینین ئەوجارە هەڵوێستێکی جیاوازی هەیە و مێرد بە حەیران دەکات. هەروەها دەردەکەوێت کە ژنێکی باشیش نەبووە بەڵکو سۆزانی بووە.

ئەنیسەی قوربانی دەستی مێردە سەرخۆشەکەی، هەمیشە لە گەڕان و سەفەرە و مێردەکەشی قوربانی ناوەندە ڕۆشنبیرییە یاخییەکەیە.

لەوانەیە وەرگر لە هەموو کەسێتییەکان زێتر هاوسۆزی لەگەڵ کەسێتی حەیراندا هەبێت لەو ڕۆمانە بەهۆی بێگوناهی و پاکییەکەی. ئەوە نێزیکترین نموونەیە لە کەسێتی خەڵکی عێراق. بەدووری نازانم کە عەبدولستار ناسر لە ڕێگەی ئەو کەسێتی حەیران و حیکایەتبێژەکە (یاسر) ویستبێتی بڵێت کە سیستەمی سیاسی پێشو کەسێتی خەڵکی عێراقی تێکشێواند و سیستەمی ئێستاش زۆری لێ دەکات.



www.mukiryani.com

# وەسفکردنی شوێن و شێوازی ڕیالیزمی گاڵتەجاڕی
# لە ڕۆمانی (بابا سارتەر)

هەرکەسێ ڕۆمانی (بابا سارتەر) لە نووسینی عەلی بەدر بخوێنێتەوە دەگاتە دەرئەنجامێك کە ئەو ڕۆمانە سەربە هیچ یەکێك لە شێوازە ناسراوەکانی نووسینی ڕۆمانی جیهانی نییە وەك شێوازی ڕیالیزمی و ڕەوتی هۆشیاری و ڕیالیزمی سیحری. هەروەها لە شێوازەکانی گێڕانەوەش دەرچووە کە لە ڕۆمانەکانی ستاندال و پاولۆ کۆیلۆ پەیڕەو کراون، بەڵکو شێوازێکی گێڕانەوەی تایبەت و یاخیبووی بۆ خۆی وەرگرتووە، گەر بشێ ناوی لێ بنێین: ڕێبازی گێڕانەوەی گاڵتەجاڕانەی تێکەڵ بە فەنتازیا.

لەوانەیە توانادارییی نووسەر لە موتربەکردنی ڕۆمانەکەی بە ڕووداوی سەیر و تێکردنی کەسێتی نائاسایی، وای لە شێوازی گێڕانەوەکەی کردبێت کە ئاڕاستەیەکی تەکنیکی تازەی بۆ خۆی بەرجەستە بکات، ئەو تەکنیکەی لە دەرئەنجامی تێکچوونی هاوسەنگی نێوان کەڵەکەبوونی ڕووداوەکان و نێوان ژمارە کەمەکەی کەسێتییەکان دروست بووە و بووەتە شێوەیەك لە شێوەکانی فەنتازیای پەیوەست بە واقعی کۆمەڵگەی عێراق کە لە ڕێگەی زلکردنی ڕووداو و کەسێتییەکانی پشتەوەی بەرەو گاڵتەجاری چووە.

گرنگیی ئەو شێوازە لە ئازادبوونی ڕۆمانەکەدایە لە کاریگەری شێوازەکانی دیکەی نووسینی ڕۆمان و دەقەکەی لە پێکهاتە کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی و ڕۆشنبیرییەکان نێزیکتر کردۆتەوە، چونکێ گێڕانەوەکە زۆر واقعیانەیە، بەو پێیەی پێچەوانەی نەکران (اللاممکن)، دەشێ ڕووبدەن.

هەرچەندە نووسەر ناونیشانی بۆ ئەو قۆناغانە دانەناوە کە پاڵەوانی ڕۆمانەکە پێیدا دەڕوات و دابەشی نەکردوونە کە سێ قۆناغن:



www.mukiryani.com

ــ ژياننامەی خۆی لە بەغدا و پاريس.

ــ قۆناغی منداڵی.

ــ دەرخستنی حەقيقەتی ئەو كەسانەی هەڵسوكەوتی لەگەڵيان كردووە.

لە سی و چوار لاپەڕەی يەكەميندا بە نووسينەوەی ژيانی فەيلەسووفی عێراقی (بابا سارتەر) دەستی پێ كردووە كە لە ژێر كاريگەريی سارتەر و بيرە بوونگەراييیەكەيدا بووە. نووسەر لە شەستەكانی سەدەی بيستەم لە گەڕەكی سەدرييەی شاری بەغدا ژياوە و لەگەڵ حەننا يوسف يەكدی دەبينن كە ڕێنمايی گێڕەرەوە دەكات بۆ لای ئەو كەسانەی كە زانياری و بەڵگەنامەيان سەبارەت بەو فەيلەسووفە لەكن هەيە، وەك پەترۆس سەمحيری و عەباسی فەلسەفە و سادق زادە كە ئەمەی دوای زانياری و بەڵگەنامەی دەداتێ.

ژياننامەی پاڵەوانی ڕۆمانەكە كە (عەبدەلڕەحمان)ە لە ژێر ناوی (قۆناغی نووسين)ەوە دێت. بەشيی يەكەمی بە گەڕانەوەی فەيلەسووف لەگەڵ هاوسەرەكەی لە پاريسەوە بۆ بەغدا دەست پێ دەكات بێ ئەوەی هيچ بڕوانامەيەكی لە بواری فەلسەفە هەبێت. هەروەها باسی يەكەم بەيەك گەيشتنی لەگەڵ ئەو ژنە دەكات كە شەوێكيان وەختێ لە مەلهاوە بەسەرخۆشی بۆ ماڵەكەی دەگەڕێتەوە و لە يەكێ لە كۆڵانە تاريكەكانی پاريس لە تەك باڵەخانەيەكی بەرز دەيبينێت. لەگەڵ (ئيسماعيل حەدووب)ی فرۆشياری وێنە ڕووتەكان برادەرە كە هەميشە لەسەر پاشماوەی مەتبەخی كۆشكە بەرزەكان دەژيت دوای ئەوەی فڕێدەرێتە ناو زبڵدانەكان و لە هەر كوێيەك بۆی بلوێ لێی دەخەوێ. هەروەها پەيوەندی هاوڕێتی لەگەڵ شائوولی يەهودی هەيە كە كەسێكی ماركسيی دەوڵەمەوندە و بە مەبەستی ئيستغلال كردنی لەو بارە چەوتەی ژيان ڕزگاری دەكات.

كەسێتی (ئيسماعيل حەدووب)يش وەك كەسێتی عەبدولڕەحمان كەسێتييەكی سەرەكييە گەر لە ڕووی بونيات و پێكهاتنيەوە وەك سێبەری ئەو نەبێت، بەڵام تاكە جياوازی لە نێوانيان ئەوەيە كە يەكەميان لە خانەوادەيەكی هەژارەوە هاتووە و دووەميان لە خانەوەدەيەكی دەوڵەمەند. بەڵام باقی كەسێتييەكانی تری وەك شائوول و ناديە خدێوی و ئەدمۆن ئەلقۆشی و جاسبە كوێر و دەلالی سەماكار و ڕێجينيياى كارەكەر و سەعدون سايس هەموويان كەسێتی لاوەكينە.

كەسێتی ئيسماعيل حەدووب زۆر لە كەسێتييەكانی مەكسيم گۆركی دەچێت لە شانۆگەری چلپاو (الحچيچ). هەروەها ئەو ميوانخانەيەی كە لێی دەژی زۆر لەو ميوانخانەكەی ئەو شانۆگەرييە نێزيكە.



www.mukiryani.com

عەلی بەدر بۆ ئەوەی شێوازەکەی زێتر واقعیانە بێت، پەنای بۆ بەکارهێنانی ناوە ڕاستەقینەکان بردووە لە بواری ئەدەب کە لەو ماوەیەدا ژیاون، وەك فوئاد تەکرلیی چیرۆکنووس و غائیب توعمەی ڕۆماننووس و هەندێ جاریش بە ئاماژەکردن بە شوێنی دانیشتنی و یان بە ناوهێنانی ناوی یەکەم یا دووەمی هیمای بۆ کردووە، وەك عەباس فەلسەفە و فازل عەزاوی شاعیر و ڕۆماننووس و سەرگۆن سالح کە سەرگۆن پۆلسی شاعیرە.

بەشی دووەم بەوە دەست پێ دەکات کە فەیلەسووف ئەسڵی پەیوەندی نێوان باوکی و دایکی دەدۆزێتەوە، ئەمەش لە ڕێگەی چاوەدێری کردنی ژووری نووستنیان بە دزی، ئیدی لە ئەنجامدا دەبێتە مایەی ڕقهەڵگرتنی لە دایکی و لێنەبووردنی. هەروەها لەو بەشەدا باس لە پەیوەندی فەیلەسوف و ڕێجینای کارەکەر دەکات کە پێشتر پەیوەندی سێکسی لەگەڵ سایس سەعدون و باوکی هەبووە.

بەشی سێیەم ئاشکراکردنی حەقیقەتی ساختەکاری و ڕیاکاری حەنا یۆسف و سادق زادە لەخۆ دەگرێت کە هەردووکیان بایەخیان بە ژیاننامەی ئیسماعیل حەدووب دەدا نەك عەبدولڕەحمان، چونکە ئیسماعیل حەدووب و سادق زادە هەردووکیان هەر یەك کەسن.

بۆ ئەوەی ئەو شێوازە گێڕانەوەیەی خەسڵەتی تایبەتی خۆی هەبێت، حیکایەتبێژ پەنا بۆ دوو توخم دەبات، بۆ ئەوەی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی ساڵانی شەستەکان لە عێراق بخاتە ڕوو، ئەوانیش بریتین لە وەسفکردن و گاڵتەکردن، وەسفکردنی شوێن بە هەموو وردەکارییە دروستەکانەوە، گاڵتەکردن بە گەورەکردنی ڕووداوەکان و ڕەخنەگرتن لە کەسێتییە ڕۆشنبیرەکان.

ئەو دوو توخمە وەسفکردنەکەی شوێنم لە چیرۆکی (پەناگە)ی سەرگۆن پۆڵس و زلکردنەکەی فازل عەزاوی لە ڕۆمانی (دواهەمین فریشتە)م بیر دێننەوە.

لە چیرۆکی (پەناگە) خوێنەر دەتوانێ زۆر بە وردی ئەو شوێنانە بناسێتەوە کە پاڵەوانەکە بە سواری پایسکلەکەی پێیدا تێدەپەڕێت، وەختێ لە باخچەی (ام الربیعین) بەرەو ڕەحیماوای ئێستا دەڕوات، (ئاخر ئەو شوێنە لە پەنجاکان ئاوەدان نەبووە). بەڵام (دوا فریشتە)ی فازڵ عەزاوی تەنها لە ڕووی گەورەکردنی ڕووداوەکان و کەسێتییەکان بە بابا سارتەری عەلی بەدر دەچێت، ئاخر ئەو ڕۆمانە پشت بە بە بەکارهێنانی چیرۆکی ئەفسانەیی دەبەستێت، لێ ئەو ڕۆمانەی بابا سارتەر تەنها پشت بە واقیع دەبەستێ.

بە درێژایی ڕۆمانەکە دووبارە بوونەوەی شوێنەکان لەگەڵ جولەی پاڵەوانەکان و هاتوچۆیان هاوڕێکە وەك ئەوەی لەو ڕستەیەدا هاتووە:



www.mukiryani.com

(بەیانییەکەی ڕۆژی یەکشەممە لە باڵەخانەی بەریدەکە سوڕامەوە و بەرەو گەڕەکی مەسیحییەکان دەڕۆیشتم کە بە باخچەکانی پارکی سەعدون دەورە دراوە، لە کۆتایی شەقامەکە ژنە میوە فرۆشە ئاسورییەکەم بینی).

هەروەها ئەوەشیان:

( ئەو ژنە لە شەستەکان دەلالێك بوو مەلهەیەکی خۆشی هەڵدەسووڕاند، کە ئەویش مەلهەی (جەریف ئەدەب) بوو لە نێزیك سینەما ڕۆکسی لە شەقامی ڕەشید...).

بەڵام سەبارەت بە زلکردنی ڕووداوەکان، ئەوەیان مۆرکێکی گشتییە کە ڕۆمانەکە بە بتەوی لەخۆی دەگرێت وەك:

ــ ڕووداوی گەڕانەوەی فەیلەسووفی عێراقی (عەبدولڕەحمان) بۆ عێراق بە خۆی و ژنەکەیەوە کە ڕۆماننوس لاوازیی قەد و بالای بە قامکی پەنجە دەچوێنێت.

ــ ڕووداوی نووسینی سوهەیل ئیدریس کە نامە بۆ عەدولڕەحمان دەنووسێت تێیدا داوای لێ دەکات کە گوتار لە بارەی بوونگەرایی بۆ گۆڤاری (الادب) بنووسێت، لێ عەبدولڕەحمان ڕەتی دەکاتەوە، بە بیانۆی ئەوەی کە ئەو تەنیا بە زمانی فەڕنسی دەتوانێ بیر بکاتەوە، بۆیە ناتوانێت بیروبۆژوونەکانی بە زمانی عەرەبی دەربڕێت.

ــ ڕووداوی ڕووداوی هاوسەرگیریی لەگەڵ ژنە فەڕەنسییەکە بەو پێیەی خەڵکی ولاتی سارتەرە. پاشان چوونی بۆ کن نوری سەعید لەگەڵ باوکی بەو نیازەی پۆستی فەیلەسووفی بۆ دابهێنێت.

ــ ڕووداوی هێڵجهاتنێی لە دوای هەر جووتبوونێك بە مەرجێك ئەو هەستکردنەی بەتەنێ نەبێت، بەڵکو دووقۆڵی بێت، واتە بە بەشداری لایەنەکەی دیکە لەگەڵی.

ــ ناولێنانی هەردوو منداڵەکەی بە (عەبەس) و (سەدا).

ئەگەر بوورانەوەی (عەبدولڕەحمان)ی بوونگەرا دروستکراو و ناڕاست بێت، وەك ڕۆشنبیریی نەوەی شەستەکان تەنها بۆ خۆدەرخستن و بەخۆنازین بێت کە گوایە لە ڕێگەی ڕۆمان و شانۆگەرییەکان لە فەلسەفەی سارتەر تێدەگەن و ئەو هێڵنجە سەرزەنشتکردنی نەوەیەکی تەواو بێت، ئەوا لەلایەکی دیکە بەکارهێنانی ئەو توخمە کە گرنگترین لایەنە، کاریگەریی لەسەر خوێنەر جێدێڵێ و تووشی بوورانەوەیکی ڕاستەقینەی دەکات، ئیدی سەرزەنشتکردنەکە تەنها ڕۆماننووسەکە ناگرێتەوە، بەڵکو خوێنەریش بەشداریی تێدا دەکات.

نووسەر بۆ گەیشتن بەو مەبەستە پەنای بۆ سێ سیناریۆ بردووە:

ــ عەبدولڕەحمان کە بە منداڵی بە دزی چاوەدێری دایك و باوکی دەکرد لە ژووری نووستنیان.



www.mukiryani.com

ــــ ئیسماعیل حەدووب و پاککەرەوەکانی ئاوەڕێیەکان لەگەڵ سۆزانییی وا جووت دەبوون کە لە خۆیان کلۆڵتر بوون.

ــــ هەڵاتنی فەیلەسووفی بچووك بە ڕووتی لە بەرچاوی دایك و باوکی لە ژوورەکەیان.

سیناریۆی یەکەم و سێیەم هەوڵ دەدەن ئەو پەیوەندییە لاوازە ئاشکرا بکەن کە لە کۆمەڵگەی بۆرجوازیدا باوە، هەتا لە ناو یەك خانەوادەش، بگرە هیچ هەست و سۆزێکی مرۆڤانەی تێدا نییە. سیناریۆی دووەم دووپاتکردنەوەی کلۆڵی ڕۆشنبیریی شەستەکانە کە بە شێوەیەکی ناسروشتی لە دایك بووە لە سەردەستی کەسانی بە ناو ڕۆشنبیر....



www.mukiryani.com

# ژیاننامە و نەهێشتنی جیاوازییەکان
# لە ڕۆمانەکانی عەبدولستار ناسردا

چەندەها بیرەوەری پیاوانی سیاسەتمەدار و ئەدیبم خوێندۆتەوە، بەلاّم هیچ بیرەوەرییەکم نەخوێندۆتەوە لە بوێریدا بگاتە ئاستی بیرەوەرییەکانی نووسەری عێراقی عەبدولستار ناسر کە لە ساڵی ٢٠٠١ لە بەیروت لە ژێر ناونیشانی (ژیانم لە چیرۆکەکانم دایە) بلاّوکراوەتەوە. بۆ نموونە چێژوەرگرتنم لە خوێندنەوەی گەلێ لەو چێژە پتربوو کە لە خوێندنەوەی بیرەوەرییەکانی گارسیا ماکیز و پابلۆ نیرۆدا و کازانتزاکی و ئەرسێل کلۆدێل وەرم گرتبوو.

خۆ ئەگەر ئەرکی ئەدەب و هونەر بەر لە هەموو شتێك چێژپێدان و سوودبەخشین بێت، ئەوا ئەو بیرەوەرییانە ئەرکێکی دیکەشی پێ بەخشیم کە لە هەردووانەکەی دیکە بایەخدارترە، کە ئەویش گەڕاندنە دواوەمە بۆ پێش شەست ساڵ بۆ ئەوەی دووبارە گوناهشۆرم بکاتەوە، جارێك لە کەنیسە لە بەردەم ڕێزدار مار یوسف لە کەرکوك و لەسەر دەستی قەشە یوسف زۆرا وەختێ کە منداڵ بووم، جارێکیش لەسەر دەستی عەبدولستار ناسر و حەفیزە فارسی دایکی و کۆلاّنەکانی گەرەکی تاتران.

ئەو بیرەوەرییانە لایەنی شاراوەکانی ژیانی نووسەر و خانەوادەکەی و هاوڕێ و خۆشەویستەکانی و ئەوانەی بە بێ ترس و خۆشاردنەوە لەگەڵی ژیاون، ئاشکرا دەکات. لە ساڵی ١٩٨٥دەستی بە نووسینەوەی کردووە و ساڵی ٢٠٠٠ تەواوی کردووە. زۆر خۆشحاڵە بەوەی کە ژیان و ئەزموونەکانی دەگاتە دەست خوێنەران و بە چاوی خۆی ببینێت کە لە سەر ڕەفەکانی هزر لە نێو پەنجەکانیان لاپەڕەکان ئاودیو دەکەن و دەزانێت کە بەمە ڕۆژەکانی و ساڵانی منداڵێتی و هەرزەکاری و گەنجی و سەرکێشییەکانی و پیرێتی دەجولێننەوە کە قەت ئامادە نەبوو دانیان پێدا بنێت.

نووسەر ئەو بیرەوەرییانەی پێشکەشی دایکی دەکات کە بە پۆزشهێنانەوە داوای لێبووردنی لێ دەکات و سەری لە بەرامبەردا دادەنوێنێت، چونکێ تەنها هەر ئەو بووە کە هەڵە و تاوانەکانی ئەمی هەڵگرتووە و لە پاش مردنیشی هەر ئەوەندەی بۆ ماوەتەوە کە دوای لێبووردنی لێ بکات.

بە منداڵی سێ شت هەبوون لێی دانەدەبڕان، ئەوانیش بریتیبوون لە: هەژاری و جوانی و ترس. لە لایەکی دیکە سێ شتی تر هەبوون بە ژیانیان دەبەستایەوە: نووسین و ژن و گەشتکردن. ئەو خەسڵەتانە وایان لێی کردبوو تا ئاستی شێتێتی یاخی بێت. ئاخر لە میان خانەوادەکەی ئەو یەکەم



www.mukiryani.com

کەس بوو ئەو شووشەیەی شکاند کە لە پشتەوەی نووسرابوو (قەناعەت گەنجینەیەکە لەناو ناچێت). باوکیشی بە کەسێکی بێ هەڵوێست وەسف دەکرد.

جوانترین کوڕی گەڕەکەکەیان بوو، بۆیە دەیان کەس بە دوایدا دەگەڕان، بەڵام ئەو بەدواگەڕانە بووە یارمەتیدەرێك بۆ ئەوەی یەکەم ڕۆمانی بنووسێت لە ژیانیدا. هەروەها بە قسەی خۆی دایکیشی جوانترین ژنی بەغدا بوو، ئاگرێك بوو لەسەر دوو پێیان دەڕۆیشت، پشکۆیەك لە ئارەزوو لە نێوان ڕانەکانی دەسووتا.

لە سەرەتادا گوتم کە هیچ بیرەوەرییەکم نەخوێندۆتەوە لە بوێریدا لەو ئاستەدا بێت، جا ڕۆمانیش لە هەموو ڕەگەزەکانی دیکەی ئەدەبی پتر پێویستی بەو توخمە هەیە بۆ ئەوەی ئاسۆیە فرەوانەکەی خۆی خەڵق بکات، هەروەها لەبەر ئەوەی نووسەرەکە هەموو ژیانی سەرکێشییە و کەسێکی بە جەسارەت بووە، ئەوا هیچ گرێیەك لە بەردەمی نەماوەتەوە تا ژیانی خۆی بە دروستی لە ڕۆمانەکانیدا بهۆنێتەوە، تەنها یەك کۆسپی لە پێش بوو کە ئەویش چۆنییەتی خستنەکاری بوێرییەکەی بووە.

ئێمە لەو نووسینەمان هەوڵ دەدەین بگەینە ئەو چۆنیەتییە لە دوو ڕۆمان: یەکەمیان ڕۆمانی (لەسەر دۆشەکی مۆز) کە ساڵی ٢٠٠٦ دەرچووە، دووەمیشیان ڕۆمانی (تویکڵی باینجان) کە ساڵی ٢٠٠٧ دەرچووە.

با لە لاپەڕە ٢١ ی ژیاننامەکەی دەست پێ بکەین، کە باسی ئەو کەسانە دەکات بە منداڵی بەهۆی جوانییەکەی بەدوایدا گەڕاون و چۆن ئەو بەشەی ژیانی لە ڕۆمانی (لەسەر دۆشەکی مۆز) لە لاپەڕەکانی (٣٠ ، ٨٧ ، ٨٨ ، ٨٩ ، ٩٠ ، ٩٥) بەکارهێناوە و بە شێوەیەکی کورت ئەو کەسێتییە هەوەسباز و دەوڵەمەند و ئەوانەی لە ئەبدا چکیان کردووە بە پووچترین نموونەی ئەوروپایی چواندووە لە کەسانی نێرباز و ناکەس و نائاساییەکان.

ژیاننامەکە: ( من پێی لێ دەنێم دەیانجار ئەو کەسانە دوام کەوتوون کە خەیاڵیان لەسەر جوانییەکی بێ ژیرییە، هەوەسبازەکان بەدوامدا گەڕاون، ئەوانەی لە ئەدەب هیچیان پێ نەماوە ئارەزوویان بۆم هەڵساوە و ناو و ناوبانگی وایان بۆ دەتاشیوم کە زۆر لە قەبارەی ئەو کاتەم گەورەتر بوو! کێ بوو ئەو گەمژەیەی ویستی نیو دینارم بداتێ تا خۆمی بدەمە دەست بۆ مەبەستێك کە ئەو وەختە تێی نەدەگەیشتم؟ ئەو گێلە کێ بوو کە چاوی لێم هەڵنەدەگرت و لێی دادەگرتم و چاوەکانی بەرەو شەو دەجولاند و شەوان ڕەفتاری گەمژانەی وای دەکرد نەمدەزانی مەبەستی چییە؟...). لاپەڕەکانی ٢١ و ٢٢.



www.mukiryani.com

ڕۆمانەکە: (تەنها هەرچی و پەرچییەکی کڵۆڵ خۆی لێم نێزیك دەختەوە، وای دەزانی کەسێکی دەستەپاچەم، ئەوەندەی نەمابوو بەردێك لە نێوچاوانی بدەم، لێ یاسای ڕۆما لە یاسای بەغدا ناچێت، بۆیە هەر بە قسان سووك و ڕیسوام کرد کە بێگومان تێم نەدەگەیشت، ئیدی زیاتر لێم دەهاتە پێشێ و پەیوەستم دەبوو..)، لاپەڕە ٣٠ .

لە لاپەڕە ٨٧ تا شارێکی دوور لە بوخارێست دوای دەکەوێت. لە لاپەڕە ٩٥ ناوەکەی دەزانێت کە (مارکۆ)یە و دەزانی جیاوازی نێوان ئەو و سابری کوڕە خوشکەکەی (مەدیحە) چییە... (هەردووکیان زۆر چەپەڵ و ناتەواون، هیچ جیاوازییەکیان نییە، وەلێ ئەوەی دووەمیان پیستر دیارە، ئەوەیان هەوڵ دەدات سەدان کەس فریو بدات، بەڵام (مارکۆ) ڕەفتارەکانی تەنها دژی خۆیەتی..).

ئەو کوڕە خوشکەی (بووە شێخێك لە خزمەتی قادری گەیلانی، بێ سەواد و بێ ویژدان و بێ قەڵەم، درۆزن و بەرتیلخۆر و حەشیشەکێش و توخمە سەگێکی ڕاستەقینەی وا لە هیچ شتێ نەدەگەیشت، هەتا دەیزانی کەی فێڵ لە پەککەوتە و نەدارەکان بکات وەختێ وەك دەروێشەکان لە ناو تەکییەی گەیلانیدا سەری خۆی بۆ دەلەقاندن)، لاپەڕە ٩٥ و ٩٦ .

لە لاپەڕە ١٥٤ی ژیاننامەکەی وەختێ باسی گیروگرفتەکانی خانەوادەکەی دەکات کە لە ژێر چەتری باوکە پڕ گەشتەکەیدا بوون، ئەو سیفەتە لە ڕۆمانی (لەسەر دۆشەکی مۆزەوە) بۆ باوکی دەگەڕێنێتەوە، لە لاپەڕە ٢٣. هەمان ئەو ئامانجەی بۆ دیاردەکات کە باوکی لە پێناویدا سەفەری دەکرد، ئەویش بریتیبوو لە ژن.

ژیاننامەکە: (ژیانی خانەوادەکەمان لە ژێر چادری باوکی گەورە بوو کە هەمیشە بێ پرس و نارەزایی هیچ کەسێك بۆ تاران و ئەستەنبۆل گەشتی دەکرد، بەو جۆرە لە هیکرا گوێمان لێی دەبوو دەیگوت: بەیانی سەفەر دەکەم... ئیدی بەڕاستی سەفەری دەکرد و باکی بە مندالێ نەخۆش و ژنی سکپڕی نۆمانگە نەبوو... لەوێ لە تاران یا لە ئەنقەرە لە گەڵ ژنێك کە بێگومان لە دایکی ئێمە جوانتر و باڵابەرزتر بوو و لە کۆی ئەو ژنە ئەویندارانەشی کۆکتر بوو کە بە درێژایی ژیانی لە ڕۆژهەڵات و لە ڕۆژئاوادا هەیبوون).

ڕۆمانەکە: (قەت ڕۆژێك بایەخم بەوە نەدا کە داخوا خانەوادەکەم چی دەکەن، ئەوە منم بە بیانۆی خوێندن بۆ ڕۆژئاوا هەڵدێم و بۆ باکوور ئاوارە دەبم، ڕەنگە خۆشەویستی ژنان منیان دزیبێت و فیزای هەندەرانیان پێ بەخشیبم. نازانم چەند جەستەی مێیینە لەسەر سەرینەکەم نووستووە، چەند کەفەڵ لێرە خلیسکاوە و چەند قاچ و بەڵەك لەوێ لە سەر دۆشەکە مۆزەکە سەمای کردووە).



www.mukiryani.com

بەلاّم لە لاپەڕە ١٠٨ی ژیاننامەکە کە باسی تامی عەمبە و سەموون و کیسە شامی و نۆك دەکات بە دەرهەمێك لە سینەما فیردەوس، لە لاپەڕە ٣٤ ی ڕۆمانی (لەسەر دۆشەکی مۆز) بۆ موغازەلەکردنی کچێك دەگۆڕێ کە لەو خانووە خۆشیویستووە.

ژیاننامەکە: (کێ سینەما فیردەوسی وەبیردێتەوە لە گۆڕەپانی (الوصی) کە پاشان بووە گۆڕەپانی ڕاپەڕین (النهچە)، ــ دوو فیلم بەجارێك عەرەبی و بیانی ــ. ئەو دەربڕینە بە دشداشەکەی بەرمەوە ڕایدەکێشام بۆ ئەو وەختەی کە تەمەنم هەشت سالاّن بوو. ئێستاش بۆ تامی ئەو سەموون و کیسە شامی و نۆکە دەگرییێم کە نرخەکەی تاکە دەرهەمێك بوو، کەچی ئەوەندە خۆشی و بەختەوەریی پێت دەبەخشی ئەوڕۆکە بە هەزاران دیناریش بە دەستت ناکەوێ).

ڕۆمانەکە: (ڕۆژانێك بوو لە کۆلاّنەکانی (تاتران)دا دەژیام، کچێکی جوانم لە کچەکانی گەڕەکێ خۆشدەویست و توانیم جارێك بیبەمە سینەما فیردەوس ـــ دوو فیلم بەجارێ، عەرەبی و بیانی ــ. وەختێ زەینم کەوتبووە سەر پاڵەوانەکە کاری موعجیزەداری دەکرد، هەستم بە ترسێکی سەیر دەکرد، دەیکوشت و دەفڕی و بەدوای کۆمەڵێك تاوانبار دەکەوت، هەتا لەبیرم کرد لە تاریکایی ناو هۆڵەکە دەستگەمەیەك لەگەڵ کچە بکەم... بەدزی سەیرێکیم کرد و بەهۆی ئەو هەموو تەرمە زۆرەی سەر شاشەکە خەجاڵەتبار ببووم، بڕوام نەدەکرد جوانیلکەکەم سەری بەشانم کردووە و لێی خەوتووە... هەروەها نازانم چۆن وێرام پەنجەم بخەمە سەر ڕانی و لە تامەزرۆییبیان هەموو جەستەم دەلەرزی وەختێ لە قولاّیی نێو هەردوو ڕانی بەدوای ئەو چێژەدا دەگەڕام کە لە برادەرەکانم گوێبیستی ببووم قەت ڕۆژێکیان بە چاوی خۆم نەمدیبوو).

دیسان لە ژیاننامەکەیدا ئەو پەیوەندییەی کە لە نێوان دایکی و مامۆستای زمانی عەرەبی هەبووە، لە ڕۆمانی (لەسەر دۆشەکی مۆز) بۆ پەیوەندی دایکی لەگەڵ مامۆستای وەرزش دەگۆڕێت، هەرچەندە بە شێوەیەکی تێپەڕ باسی کردووە لە لاپەڕە ٢١٧ و بە ئاڕاستەی گاڵتەپێکردنی خوێندکارەکان بە مامۆستاکە بەکاری هێناوە.

ژیننامەکە: (لە سەرەتادا نەمدەزانی بۆچی مامۆستای عەرەبیمان ئەو جۆرە پرسیارانە لە بەرامبەر منداڵێکی بێگوناهی وەك من هەڵدەڕێژێت.).

ـــ عەبدولستار دایکت حاڵی چۆنە؟

پێم گوت: زۆر باشە.

ـــ ئەو جلەی دایکت لە ژێر عەباکەی دەیپۆشێ چ ڕەنگێکە؟

بە شادییەکی سەیرەوە گوتم: مامۆستا ئەو ڕەنگی ڕەش دەپۆشێت.



www.mukiryani.com

ــ جلەکەی کورتە یان شۆڕە؟

گوتم: بەخوا مامۆستا لەبیرم نییە، ئەمڕۆکە کە گەڕامەوە دەیبینم.

ــ قەت لە بارەی منەوە پرسیارت لێ دەکات؟

بە ڕێز و ڕەمەکیانە گوتم: ئەو قەت پرسیارانم لێ ناکات.

لە وەختی ئەو پرسیارە شلەژێنانەدا، مامۆستای ناسك و دڵپاك کاغەزێکی پێچراوەی دایە دەستم و گوتی: ها ئەو کاغەزە بگرە کە چوویتەوە بیدە دایکت...

لە گەڕانەوەدا تێپەکەم هەڵپچڕاند، کاغەزەکەم کردەوە، بە یەکەم سەرسووڕمانم هەژانی ویژدانی منداڵێتیم خوێندمەوە: تکایە بەیانی سەعات هەشت و نیوی سەر لە سبەینە وەرە ماڵمان، ماڵەکەمان چۆلە هیچ مەترسە، ژنەکەم بۆ سەردانی گۆڕە پیرۆزەکان چۆتە نەجەف.

ڕۆژی دواتر مامۆستاکە تا سەعات یازدە نەهاتە قوتابخانە، دەبێ زۆر چاوەڕێی دایکمی کردبێت. هەرکە هاتە پۆلەکەمان یەکسەر دەستی گرتم و بە تووڕەیی لێی پرسیم: وا دیارە کاغەزەکەت نەداوەتە دایکت..؟

بە کەمێ ترسەوە گوتم: مامۆستا دایکم خوێندەواری نییە و کاغەزەکەم دایە باوکم.

تەماشایەکی مامۆستایەکەم کرد و نازانم بۆچی هەستم کرد کە میزی بە خۆی داکردوو، پێش ئەوەی لێم بپرسێ: باوکت چی گۆت؟

کەمێك بە ترسەوە گوتم: باوکم گوتی ئەو سەگەی دەکوژم ناشهێڵم کەس پێ بزانێ.

ڕۆمانەکە: (بایەخم بەو شتە نەدا کە لەوێ بینیم لەگەڵ ئەوەی تاوانەکانی قەسابەکە و مامۆستای زمانی عەرەبیم دەزانی، ئاخر خەیاڵ بردمیەوە سەر دەریایەکی گەورە کە هێشتا نەمبینی بوو.. من لە منداڵەکانی کۆڵانەکەی خۆمان نەدەچووم، لە ناویاندا دەژیام و دەمبینی کە پەنجەی گەمژەکان لە پشت مامۆستای وەرزشەوە یاری دەکات و سووکایەتی پێ دەکەن و گاڵتە بە شەرواڵەکەی دەکەن، مامۆستاکەش لە پێشمان بەدەم هاوار کردنەوە ڕای دەکرد، ئەو پەنجانە چەندەیان دەترساندم وەختێ دەمبینی دەچنە ناو هەموو شتێ، ناو کونە دیوار و ناو پاشەڵەکان .... کەسێك ڕایان ناگرێت یاخود ناوێرێ بیان بڕێت ... ) لاپەڕە ١٦

لە ژیاننامەکە ڕووداوی بەرزکردنەوەی باوکەکە لەسەر شانی شەش کوڕەکەی بۆ ئەوەی لافاوی ئاوی کۆڵانێ جلەکانی تەڕ نەکەن، لە ڕۆمانی (تویکڵی باینجان) دەبێتە چاکردنەوەی ئاوەڕووی کۆڵانەکە تا بە پاکی و گونجاوی ئاوە زۆرەکەی پێدا بڕوات.



www.mukiryani.com

ژیاننامەکە: (ئەو شەوە زستانییەم لە بیرە کە باران بە لێزمـە دەبـاری، وەختـێ گـەڕەکی تـاتران نقومی ئاو و لێتە ببوو و باوکم بۆ سبەینەکەی ویستی بچێتە سەرکارەکەی بـەلاّم نـەیتوانی لـەماڵی بچێتە دەرێ، سەیرترین شت کە ئەو شەش برایە کردمان ئەوەبوو باوکمان تـا سـەری کـۆڵانی بەسـەر شانمانەوە هەڵگرت و بە خۆشمان بـە جلـی تـەڕ و پیسـەوە گەڕاینـەوە، ئیـدی هـەر لـەو ڕۆژەوە زانـیم جیاوازی گەڕەکی تاتران کە هەژارنشینە لەگەڵ گەڕەکە پاك و دەوڵەمەندنشینەکان چییە).

ڕۆمانەکە: (لە بیرمە ئێوارەیەکی باراناوی، ئێمە لەگـەڕەکی بـازاڕی حـەمادە دەژیـاین، ئـاوی کۆڵانەکە زیادی کرد. وەختێ کە باوکم بۆ ماڵەوە هاتـەوە خـۆی تـا سەرچۆکان هـەڵکردبوو، مانـای وایە دەبێ بۆ بەیانییەکەی ئێمە هەر شـەش کوڕەکـەی دەبووایـە بەسـەر شـانمانەوە هـەڵی بگـرین تـا بچێتە شوێنی کاری خۆی و نەدبوو تەڕ بێت. ئیدی باوکم وەك ئەوەی لە خۆپیشاندا بێـت، تـا سـەری کۆڵانی لەسەر شانمان بوو. ئەم کارە سێ ڕۆژان دووبارە بۆوە تا ئاوەکە وشکی کرد. بڕیارماندا نهێنی ئەو ئاوەڕۆیە بدۆزینەوە کە لە بەردەم ئاوی باراناو دەگیرێ... هەر ڕۆژێك سێ سەعات کارمـان تێـدا دەکرد ... زیاتر لە پێنج بەرمیل پیساییمان لـە نـاوی دەرهێنـا، پاشـان ئاوەڕۆیەکـە خـاوێن بـۆوە و کیشەی ئاو ڕۆیشتنی نەما. بەلاّم سەیر لەوەدا بوو پاش چـەند ڕۆژێکـی کـەم بـارانێکی زۆر بـاری و ئێمە هەستمان بە شلەژاوی دەکرد، ئاخر دیمەنی ئاوەکـە و خۆهـەڵکردنی خەڵکەکـە لـە کـۆڵان و لـە بەرچاوان نەما، ئای لەو چێژەی کە لە دەستمان چوو؟!).

لە ژیاننامەکە کـە بـاس لـە ترسـی عـەرەبان دەکـات دەیـەوێ وڵاتـە عەرەبییـەکان بـە وڵاتـە ئەوروپییەکان بەراوورد بکات، بەلاّم لە ڕۆمانەکە بە تەواوی ناوی وڵاتە عەرەبیەکە دێنێت کـە ئـەو ترسە پەیڕەو دەکات، لاپەڕە ٦١.

ژیاننامەکە: (برایان هیچ ترسێك نییە تەنها ترسی عەرەب نەبێت، دووبـارەی دەکەمـەوە لـەو دنیایە فرەوانەدا تەنها ترسمان لە عەرەب هەیە هێرشمان بکاتە سەر و ڕووتمان بکاتەوە و تێمانکوتن و هەموو کونێکی جەستەمان و خوێنبەری دڵمان لێ بگرێت..).

ڕۆمانەکە: لە سەر سنوور لە پاسەکە دابەزین، ئەوجارەیان لەسەر خاکی شـام، جـۆرە مـۆرێکی دیکە و هەستێکی جیاوازم لە ڕووخساری حـەیران بینـی، بـەلاّم جەندرمـەکان لـە هـەموو بستێکی جیهانی عەرەبیمان لێك دەچن کە پڕە لە ئاگر و شەرمەزاری. ترس تۆویەکە بە چاکی ناڕوێت ئەگـەر زەوییەکەی عەرەبی نەبێت، لە باوکێکی عـەرەب و دایکێکـی دامـاوی ملکـەچ نـەبێت. شـینبوونی ترس لـە پـاریس و سـتۆکهۆڵم و نەمسـا و گشـت ئـەو شـوێنانە قەدەغەیـە. تـرس عـەرەبییـە کـوڕی



www.mukiryani.com

گەورەیە، بیر دەکاتەوە و قەت بەرەنگاری دەسەلاّت و ستەمی باوك نابێتەوە و نازانێت بڵێت نەخێر...).

لە لاپەڕە ١٠٢ی ژیاننامەکەی ڕووداوی لێدانەکەی لە لایەن باوکییەوە بە هۆی یاری کاغەزێنی لەگەڵ مندالاّنی کۆلاّنەکەیان، بۆ سواربوونی سەر سمتی کچە پوورەکەی دەگۆڕێت لە ڕۆمانی (لەسەر دۆشەکی مۆز) لاپەڕە ١٤٦.

ژیاننامەکە ( لە بیرمە ئەو ڕۆژەی باوکم منی بینی لەگەڵ لە گەڵ مندالاّنی تاتران یاری کاغەزێنمان دەکرد، کە چۆن بە دەستەکانی وەك بەرخێك بەرزی کردمەوە و بە ستوونێکی دارین لە ستوونەکانەکانی ماڵە یەهودییەکە بەستمیەوە..).

ڕۆمانەکە: (تەنها جارێکیان زۆر دڵڕەقانە لەگەڵم جولایەوە، وەختێ لەگەڵ پوورەکەم بە ڕووتی ئێمەی بینی یاری بووك و زاوایەتیمان دەکرد، ئەو ڕۆژە بە پەتێك لە قەدی دارخورماکە بەستمیەوە و تا ئێوارێ بێ نان و ئاوی بەجێهێشتم. ئاخر فێریان کردبووم کە دەبێ لە پاشەوە بچیتە کن بووکێ، کە ماوەیەکی درێژ لەسەر سمتی مامەوە کچە پوورەکەم هەر هاواری دەکرد و دەیگوت ـ دایە دایە ـ ، ئیدی باوکم هات و بینی کە چەند گەمژانە ڕەفتار لەگەڵ بووکێ دەکەم..).

ئەو هەڵلاّ و پەشێوییەی ماڵەوەی لە ژیاننامەکە وا بەکارهێناوە کە لە هەموو ماڵەکانی بەغدا هەڵچووتر و تێکۆشەرتر و بێئابڕووتر و ڕێزدارتر و هەژارترە و هەستی نیشتمانی لە هەموویان بەهێزترە و لە ڕژێم و خواپەرستی دوورترە.

ژیاتننامەکە: ( باوکم چۆن ناوی کچ و کوڕەکانی بیردێتەوە کە سەری ئەمەیان لە هی ئەویدیکەیان دەچێت، ئەو پێلاّوەی عەبدولواحێد لە فاتیمەی دەگرێت زۆر لەو پێلاّوە دەچێت کە حەسەن بە سەری نوورییەی دادا، وەختێ کچەی وەك پەیکەرێك لە بەردەمی خۆی دانابوو تا قسانی بۆ بکات..).

ڕۆمانەکە: (ژیان بەرواژ دەڕوات، پێلاّو لە شوێنی سەردایە و سەریش لە شوێنی پێلاّو، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا هیچ شتێ نەبوو ناوی ترس بێت، مانەوەمان بە زیندوویێتی لە بەرامبەر بارە سەختەکان گرنگترین شت بوو کە بیرمان لێی دەکردەوە، خانەوادەیەکی نالەبار، ئاخر ئەگەر بەخێوکەری ماڵ بترسێت دەبێ خەڵکی ئەو ماڵە چییان بەسەربێت؟ کەس لەو ماڵە سەما ناکات، ئێمە لە ناو کەڵلەسەری خۆمانەوە سەمامان دەکرد و لە گەمژەییياندا پێدەکەنین. بۆچی ڕۆیشتن لەخۆم قەدەغە بکەم لەکاتێکدا بۆنی گۆشتی حەرام بلاّوبۆتەوە، بۆنی شتێ کە لە داوێن پیسی و بێ ئابڕوویی دەچێ، بۆنی لە کۆلاّنەکاندا بلاّوبۆتەوە..).



www.mukiryani.com

ئەو بوێرییەی لەو دوو ڕۆمانەدا خراوەتە کار بە پشتبەستن بە ژیاننامە، لایەن قەشەنگەکانی نەك هەر جوانی دەبەخشێتە سەر کارە هونەرییەکە، بەڵکو تۆخمێکی دیکەش دەخاتە سەر جوانییەکەی کە ئەویش جیاوازکارییە. ئەو جیاوازکاری‌یانەی نووسەر لە هەردوو ڕۆمانەکەی بەکاری هێناوە، سەرباری ژیاننامەکەشی، بە سووکی ناکەوێتە سەر شانی وەرگر، بەڵکو بزەیەکی کزی دەنێتە سەر لێوان، پاشان لە هیکرا بە توندی دەیهەژێنێ بە جۆرێ ئەو بزەیە لە ناخیدا دەبێتە ئازارێکی ڕاستەقینە و لە هەموو ئەو شتانەی بە درۆ و دەڵەسە ڕیاکاری و فێڵبازی لە دەوری ئەنجام دەدرێن بە ئاگای دێنێ. جا ڕەنگە باشترین نموونە بۆ ئەو جیاوازکارییە بریتیبێت لە پەیوەندی نێوان مامۆستاکەی زمانی عەرەبی و حەفیزە فارسی دایکی نووسەر. ئاخر جیاکاری لە پەیوەندی نێوان ئەواندا خۆی حەشار نەداوە و لە پێدانی نامەکەشدا نییە بە باوك لە جیاتی دایکەکە، بەڵکو لە پێزانینی مامۆستاکەیە کە باوکەکە دەیکوژێت، پاش ئەوەی بە سەگی دەچوێنێت و نایەڵێ کەس بیبیستێ.

ئەگەر ئەو ڕستەیە زەردەخەنە بخاتە سەر لێوی وەرگر، ئەوا ڕستەی دوای ئەوە کە منداڵەکە بە بەدییەوە پرسیار لە مامۆستاکەی دەکات:

ـ مامۆستا کامە سەگ باوکم دەیەوێ بیکوژێت؟

بەڵێ ئەو ڕستەیە زللەیەکە بە بناگوێی وەرگر دەکەوێت و سەرنجی بۆ هەڵدێرە دەورووژێنێ کە مامۆستاکە بە ویستی خۆی بۆی چووە و ئەو هەڵدێرانەی بۆ خۆی هەڵبژاردووە.

عەبدولستاری منداڵ بە تۆڵەسەندنەوە نەوەستاوە لە مامۆستاکەی، بە تایبەتی کە ماوەی زیاتر لە سێ ساڵ هەر بیری لێ کردۆتەوە و لە ژیاننامەکەیدا وێنەی پیاوێکی ژنانەی پێداوە کە هەموو کەس ڕقی لێیەتی، وەختێ لە بەرچاوی منداڵەکان وەك ژن خۆی دەڕازاندەوە و پرچی شانە دەکرد و بە موکێش مووە زیادەکانی ئەبرۆ و دەموچاوی دەردەهێنا. جارێکیان هەوڵیدا ماڵەکەی ئاگر تێبەردا، لێ کاتێ نەوێرا وا بکات، لەسەر بانی خانووەکە پیسایی بەخۆی داکرد. لە نێوان مانگێك یا دوومانگ جارێك شووشەیەکی پەنجەرەی ماڵەوەی دەشکاند.

لەوانەیە ئەو مامۆستایەی وەرزش کە لە ڕۆمانەکەدا باسی کردووە هەمان ئەو مامۆستایەی زمانی عەرەبی بێت کە ژیاننامەکە باسی دەکات، کە بە پەنجەی منداڵەکانی گەڕەکێ تۆڵەی لێ دەکاتەوە کە لە دواوەڕا سووکایەتی و گاڵتەی پێ دەکەن و ئەویش ڕادەکات.

جیاوازکاری دووەمی لە ژیاننامەکەیدا هاتووە لە بەگژاچوونەوەی بۆ ئەو هەوەسبازانە خۆی حەشارداوە کە بە منداڵی بە دوای دەکەوتن و بووە هۆی ئەوەی یەکەمین ڕۆمانی خۆی بە ناوی (ئەو خۆرە



www.mukiryani.com

بوو کە خۆشم دەویست) بنووسێت و تێیدا باسی بەدواکەوتنی کوڕێکی جوان دەگێڕێتەوە و دەڵێت: (تەنها زللەیەکی بچووك بوو بۆ ئەو لایەنەی ژیانە تاڵەکەی منداڵێتی من).

لێرەدا ئەو پرسیارە خۆی دەخاتە ڕوو: ئەو منداڵە لە ناوەندێکی وەك گەڕەکی تاتران، بەبێ لادان و ڕەفتاری نائاسایی، بە ساغی دەرچێت و سەختترین ڕێگە دەگرێتەبەر کە ئەویش هەڵبژاردنی ڕێگەی دوور و درێژی ئەدەبە؟

ئایا دەبێ ویستبێتی بیسەلمێنێ لەو کەسانە پایەدارترە کە بەدوای دەکەوتن؟ بڕوام وایە ئەم چەند دێڕەی خوارەوە وەڵامی ئەو پرسیارە دەدەنەوە:

(گەڕەکی تاتران زۆر شتی فێرکردم، هزر ناتوانێ لە نێو دەستدا کۆیان بکاتەوە، وەختێ منداڵێکی بێ دەست و دیاری و بێ بەخشش و بێ پارەبووم، فێری کردم کە سۆسیالیستی تەنها خەونێکە و ساڵ لە دوای ساڵ دووبارە دەبێتەوە و ژمارەی دزەکان لە ژمارەی ماڵەکان پترە، فێری کردم ئەوەی بە شێوەیەکی مرۆڤانەی ڕەسەن کار بکات، بە درێژایی ژیانی بە ڕەسەنی دەمێنێتەوە و هەمیشە برسێتیی و هەژاری و شەرەفمەندی هاوڕێی دەبن. سروشتی ئەو پیرە گەڕەکە فێری کردم کە کەسانی بێ ئابڕوو و بەدڕەوشت خۆشی لە ژیان وەردەگرن و کەسیش ناتوانێ ئەو چێژەیان لێ قەدەغە بکات تەنها ئەگەر لەوان بێ ئابڕووتر و بەدڕەوشتتر بێت..). لاپەڕە ١٣٨.

نووسەر وەك چۆن لە ژیاننامەکەدا تۆڵە لە مامۆستاکەی دەکاتەوە، هەر ئەوهاش لە ڕۆمانی (لەسەر دۆشەکی مۆز) تۆڵە لەو کەسانە دەکاتەوە کە بە دوای دەکەوتن، دەبینین کۆمەڵێك جوێن و قسەی ناشیرین بە (مارکۆ) دەڵێت وەك: هێستر و میکرۆب وسەگ و کەر...).

خوازبێنی کردنی باوکی بۆ دەستی ئەو کچەی کە جەعفەری کوڕی خۆشیدەویست بۆ خۆی، لە ڕۆمانی (لەسەر دۆشەکی مۆز) لە هەموو جیاوازکارییەکانی دەقی عەرەبی سەیرترە، وادەزانم ئەمەیان لە کولتووری ئیسلام وەرگیراوکە. ئەو هەر ئەوەندە لە جیاوازکارییەکەی زیاد کردووە و کردوویەتی بە دوو قۆناغ:

ــ لە قۆناغی یەکەم داخوازی دەستی کچەکە بۆ خۆی دەکات.

ــ لە قۆناغی دووەم دەبینین ئەو کچە حەفیزە فارسی دایکی عەبدولستار ناسرە، لە ڕۆمانەکە ناوی (زیو)یە.

هەرچەندە ئەم مەسەلەیە لەگەڵ باوکی لە هەندێ حاڵەت زۆر زەحمەت دیارە بەتایبەتی کە باس لە ڕەفتارە خراپەکانی دەکات، وەلێ کردارە باشەکانیشی لەبیر ناکات کە ئەمە نیشانەی ئەوەیە لە بەرامبەریدا ڕقی هەڵنەگرتووە، بەڵام غەدری لە برا و دایکی کردووە  کە بە منداڵی شووی پێی کردووە،



www.mukiryani.com

جا ڕەنگە ئەو هەڵوێستە لەبەر ئەوە بێت کە ماوەیەکی دوور و درێژ لەگەڵی ژیاوە و لە حەز و ئارەزووەکانیشی تێگەیشتبێت.

سەیرترین جیاکاری لەو ڕۆمانەدا ئەوەیە کە ئەو ژنە هەرچی بیویستبایە دەیدایێ، بەڵام زۆرتر لە کاتی خەوتنی نەك لەو کاتەی کە واگایە:

(تەمەنم تەنها دە ساڵ دەبوو ئەو کاتەی لەگەڵ ژنی خزمێك بەجێیان هێشتم مێردەکەی لە ماڵ نەبوو و دەیانگوت بە تەنیا لە ماڵەوە دەترسێت، کابرا بارهەڵگرێکی گەورەی نەوتی هەبوو لە ڕێگەی بیاباناوی نێوان بەغدا و دیمەشق کاری دەکرد. یەکەم شەوم لەگەڵ ئەو ژنە هەستم بە بۆنی مێیینەی ئەو کرد. پاش نیوە شەوێ بە نیمچە ڕووتی بینیم وەختێ جلە ئەرخەوانییە تەنکەکەی بەری بە جەستەیەوە ئاڵابوو لەو زرخەوی ئەو شەوەی، تا سبەینێ خەو نەچووە چاوەکانم و هەر لەو جەستە ناسك و سپییە ڕادەمام... چەندجار دەستم پێیداهێنا و چەندجار ئەندامە بچووکە نەرمەکەی خۆمم لە نێو ڕانەکانی دەنا... چەندجار بە زمان دەملێستەوە، لەگەڵ ئەوەش هەرگیز خەبەری نەبۆوە. لە دوای ساڵێك پاش ئەو شەوە، ئەوجا زانیم کە ئەو ژنە بە هەموو ڕەفتارەکانی منی زانیوە، بەڵگەش ئەوەبوو ئەوەندەی لە خەودا دەیدامێ زۆر زیاتر بوو لە بەئاگابوونی). لاپەڕە ٢١٠.

ئەو جیاوازکارییە وەك ئەوانی دی بە دوو قۆناغدا تێدەپەڕێت، واتە دوا لێدان بە زانینی وەرگر دەست پێ ناکات کە ژنەکە بە ئەنقەست خۆی دەخەوێنێ، بەڵکو بە پێزانینی کە منداڵەکە لە پاش ساڵێك گومانی نامینێت کە هەموو شتێکی دەزانی، جا بەقەدەر ئەوەی جیاوازکارییە مەستی شعرییەت بووە، لێ مەبەستی شتێکی دیکەیە، لە ڕێگەی شاردنەوەی هەستەوەرەکان لەلایەن ژنی ڕۆژهەڵاتی لە ترسی زوڵمی داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان بۆیە هەوڵ دەدات بەراووردێك لە نێوان ئازادبوونی ژنی ئەوروپایی و کۆت و بەندەکانی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی بکات. ئاخر لە وڵاتانی ڕۆژئاوا ژنەکان خۆیان داوا لە پیاو دەکەن بۆ ئەوەی کاری سیکسی بکەن، ئەوەتا لە لاپەڕە ١٧٦ی ڕۆمانەکە (کاسی) دەڵێت:

ـ ئایا بیرت کردۆتەوە لەگەڵم بنوێت، یان پێویستت بە کاتێك هەیە بیر بکەیتەوە؟

یا لە بەرامبەر جووتبوون لەگەڵی پارە بە پیاوەکە دەدات، وەختێ دەڵێت:

ـ پارەکەم لە بانقە، جاری داهاتوو (٥٠٠) دۆلارت دەدەمی، ڕەنگە هەزاریشت بدەمێ ئەگەر تا سبەینە لەگەڵم مایتەوە.

لەوانەیە ئەو جیاوازکارییە ڕووبەرێکی فرەوانتر وەرگرێت وەختێ بە ڕووداوی ئەو کچە پشتبەند دەکرێت کە لە ئەنجامی با لێ بەربوونێك لە پاشەوەی خۆی کوشت، بە بەرواوود بە (کاسی) کە هیچ لە



www.mukiryani.com

خۆی تەریق نابێتەوە و شەرم ناکات وەختێ لە گەرماوەکە یان ژوورەکەی بای لێ بەردەبێت، هەتا ئەو کاتەش کە لەسەر نوێنەکەی لە ژێرمدایە.

بەلاّم دوا جیاوازکاری لە ڕۆمانی (توێکڵی باینجان)دا هاتووە لە یەکەم دێڕی دەست پێ دەکات، ئەو کاتەی جەللادەکە پێش نۆی مانگی نیسان ٢٠٠٣ دەچێتە ماڵی یاسر عەبدولواحێد و داوای بووردنی لێ دەکات:

ـــ من شەرمەزارم بەرامبەر ئەو کارەی لەگەڵ تۆدا کردوومە، پۆزش هێنانەوەم بەس نییە و هەر شتێکت بدەمێ ئەو قەرزە بەمن نادرێتەوە، داوات لێ دەکەم لێم ببووریت خوا پشتیوانت بێت، تۆ مافی خۆتە هەرچییەکم لێ بکەیت هەتا سەریشم ببڕیت.

وەك دەزانین کە جەللادەکان هەمیشە کەسێکی دڵڕەق و بێویژدانن و دڵیان بە نێزیکترین خزمی خۆیان ناسووتێ. ئەو جۆرە کەسانە لەسەردەمی ڕژێمی سەدام ڕەوانەی دەرەوە دەکران و لە سەربازگەی تایبەت ڕادەهێنران بۆ ئەوەی لە هەموو هەستێکی مرۆڤایەتی ڕووتبێتەوە و دڵیان بەو کەسانە نەسووتێت کە ئەشکەنجەیان دەدەن.

جا ئەگەر کەسێکی وا لە جۆرە خوە دڵڕەقانەیە دابەزێت و سەرزەنشتی ڕەفتارەکانی خۆی بکات و بەرامبەر قوربانییەکەی دەستی خۆی بەشەرمەزار بزانێت، ئا لێرە لەو لایەنەی هەڵوێستی جەللادەکە جیاوازکاری سەر هەڵدەدات، دواتر پەرە دەسێنێ وەختێ بڕێ پارەشی بۆ جێدەهێڵێ و یاداشتەکانی پێ دەدات کە بەنرخترین نهێنی و لایەنی شاراوەی ژیانی ئەون.

بەلاّم لێرەدا تێبینی دەکرێت کە ئەو جیاوازکارییە نابێتە مایەی هەژاندنی وەرگر تا ئەو وەختەی یاداشتەکانی جەللادەکە دەخوێنێتەوە، ئەوساکە دەزانێت کە ئەو جەللادە بە کەمێ دڵپێسووتان و نەرمییەوە زیندانەکانی ئەشکەنجە دەدا.

هەرچەندە ئەو تومە وا لە وەرگر دەکات سۆزی بۆ جەللادەکە بجولێت، وەلێ نووسەر ئاگای لەو حاڵەتە هەیە و خۆی بە کەسێکی بێ ئابڕوو دەزانێت چونکە زۆر بیانۆی داوەتە دەست جەللادەکە بۆ ڕەفتارەکانی، وەك ئەوەی ئازارەکانی جەستەی خۆی هی پێش بیست ساڵی لەبیر کردبێت.

هەولێر

گەڕەکی بەختیاری

هاوینی ٢٠١٠



www.mukiryani.com